# لێکەوتەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاسایشی ناوچەیی

**نووسینی**

**حوسێن ئێحسانی**

**وەرگێڕانی**

**محەمەد کەریمخان**

هەولێر

٢٧٢٢ کوردی

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینیسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

**ناسنامەی کتێب**

ناوی نووسەر: ئێحسانی، حوسێن، ١٩٩٠ ئەفغانستان، ماستەر لە زانستەکانی سیاسی زانکۆی تاران. hussainehsani٩٧٨@gmail.com

ناوی کتێب: لێکەوتەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاسایشی ناوچەیی

ناوی کتێب بە زمانی فارسی: پیامدهای استقلال اقلیم کردستان بر امنیت منطقه ای

وەرگێڕان: محەمەد کەریمخان mohamad.karimkhan@gmail.com

بابەت: سیاسی، سەربەخۆیی‌خوازیی کوردستان، ئاسایشی ناوچەیی، خۆرهەڵاتی ناوین.

دیزاینی بەرگ: کەریم کاوە tishki.hetaw١٩٧٧@gmail.com

ناو و نیشانی چاپخانە: دانیشفەڕ

چاپی یەکەم:٢٠٢٢

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٧٨٢) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.**

ناو و نیشانی توێژینەوە بە زمانی فارسی


دانشگاه تهران

دانشکده حقوق و علوم سیاسی


# عنوان: پیامدهای استقلال اقلیم کردستان بر امنیت منطقه‌ای


نگارش: حسین احسانی

استاد راهنما: دکتر جعفر حق‌پناه

استاد مشاور: دکتر محمدصادق کوشکی


شهریور ۱۳۹۷

**پێشکەش بە:**

**نەتەوەی خۆڕاگر و دانبەخۆداگرتووی کوردستان بە تایبەتی خەڵکی ستەملێکراوی هەڵەبجە.**

نووسەر

## سوپاس و پێزانین

تـا ئەم بەرهەمە گەیشـتۆتە مەنـزڵگەی ئامـانج زۆرێـک لە خۆشەویسـتان یارمەتییان داوم، بۆیە لێرەدا پێمخۆشە ناویان بێنم. پێزانینی تایبەتیم هەیە بۆ بەڕێز کاک فوئاد حەسەن (ڕەوەند) کە یارمەتیەکانی ئەو هیچ کات لە بیر ناکرێن؛ دیـارە وەرگێڕانـی ئەم بەرهەمەش هەر بیـرۆکەی بەڕێزیـان بـووە. سوپاسـی بەڕێـز کاک محمدسدیق ئەحمەد مەحمود (د. جگەرخوێن)، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردسـتان لە تـاران، دەکەم. هەروەهـا سوپاسـی ڕاوێژکـاری بـاڵای سـەرۆک کۆمـاری ئەفغانسـتان بەڕێـز مـحەمەد هۆمـایون جەریـر و هاوکـاریی بەڕێزیـان، محمەمەد ڕۆستەمی، دەکەم. هەروەها سوپاسی بەڕێزان دکتۆر جەعفەر حەقپەنا، سەرکار محێدین، ڕەشید عەلی سلێمان، خاتو مەهفام شەریعەتی، دکتۆر ئەحمەد ئەبومەجید مامۆستای زانکۆ بەغدا و محمد کریمخان دەکەم.

**پوختە**

بە کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و بە نێودەوڵەتی بوونی بابەتگەلی نەتەوەیی، ڕەوتی سەربەخۆیی‌خوازیی و ویستی لێکجیابوونەوە لە جیهاندا بەرز بۆتەوە. ئەکتەرانی نەتەوەییش وەک ئەکتەری نوێی نادەوڵەتی لە ناو مەیدانی ئاسایشیدا دەرکەوتن و ڕۆڵی گرینگیان لە ئاسایشی ناوچە جیاکانی سیستەمی نێودەوڵەتی گێڕا. بە دەرکەوتنی ئەکتەرە نادەوڵەتییە نوێیەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، خوێندنەوەی ئاسایشیی لە ڕوانگەی کلاسیک بەرەو ڕوانگەی ڕەخنەیی ڕۆییشت و دەرکەوتنی ئەکتەری نوێی ئاسایشیی، ڕوانگەی ئاسایشیی ڕەخنەییان پان و بەرین کرد. ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین وەک بەشێکی جیهانی سێیەم تووشی چاڵی ئاسایشیی جۆراوجۆر بۆتەوە. دەرکەوتنی گروپگەلی مەزهەبی وەک گەمەکەری نادەوڵەتی، لەوانە ئەلقاعیدە و داعش، لە خۆرهەڵاتی ناویندا پرسی ئاسایشیان تووشی کێشە کردووە. هەرێمی کوردستانیش ئەکتەرێکی ئاسایشیی نادەوڵەتیترە کە لەم ناوچەیەدا ڕۆڵ دەگێڕێت. کوردەکان لە سەرەتای دروستبوونی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ تا ئێستا وەدوای پرۆسەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق کەوتوون. پرسیاری سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەدا ئەوەیە کە دەرکەوتە و لێکەوتەی سەربەخۆیی‌خوازی و جودایی‌خوازیی هەرێمی کوردستان لە سەر بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین چیە؟ جۆر و شێوەی ئەم لێکەوتانە چین؟ گریمانەی سەرەکی ئەوەیە کە سەربەخۆیی‌خوازیی لە هەرێمی کوردستان لێکەوتەی وەک کاریگەری جیۆپۆلۆتیکی لە خۆرهەڵاتی ناوین، پەرچەکرداری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامگەرایان و ئەکتەرانی نادەوڵەتی، بە نێودەوڵەتی‌بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی، بنەجێ‌بوونی نموونەی فەرهەنگی بەشداریی سیاسی و کاریگەریی دەرونی و زەینی لە سەر ئەکتەرانی دیکەی نادەوڵەتی لە پانتایی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناویندا دەبێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هەوڵی ئەوەدایە چۆنیەتی دەرکەوتنی سەربەخۆیی‌خوازیی و جودایی‌خوازیی بەپێی میتۆدی ڕەوتتوێژی شی بکاتەوە و دواتر لێکەوتەکانی دەربووی هەر ڕەوتێک باس بکات.

**وشە سەرەکیەکان**

هەرێمی کوردستان، سەربەخۆیی، عێراق، ئاسایش، ئاسایشی ناوچەیی، خۆرهەڵاتی ناوین.

# پێڕست


وتەی وەرگێڕ ........................................................................ ١
وتەی نووسەر........................................................................ ٤
**بەشی یەکەم: پایەکانی توێژینەوە................................................ ٧**
پێشەکی و ڕوونکردنەوە .................................................... ٨
پرسیارەکانی توێژینەوە ................................................... ١٧
گریمانەکانی توێژینەوە................................................... ١٨
گۆڕاوەکان.............................................................................. ١٨
ئەدەبیاتی توێژینەوە ........................................................ ٢١
میتۆدی کاری توێژینەوە..................................................... ٣٢
ڕێکخستنی توێژینەوە ....................................................... ٣٣
**بەشی دووەم: باسە تیۆرییەکان ............................................. ٣٦**
پێشەکی .................................................................................. ٣٥
تەوەری یەکەم: لە ریالیسمەوە بەرەو هاوسەنگیی هێزی گشتگیر.............. ٣٧
بە نێودەوڵەتیبوونی کێشەی دینی و نەتەوەیی ...................................... ٤٧
بە ئاسان بەرینبوونی کێشەی نەتەوەیی ...................................... ٤٩
سەربەستی هێزەکانی ناوچەیی بۆ چارەسەری گرفتی ئاسایشی ناوچەیی ........ ٤٩
هاوسەنگیی هێزی گشتگیر ڕوانگەیەکی تۆکمە بۆ شرۆڤەی هەڕەشەی سەر وڵاتانی جیهانی سێیەم........................................................................ ٥١
هاوسەنگیی گشتگیر .................................................................... ٥٤
تەوەری دووەم: ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی و بەسیاسیبوونی پرسی نەتەوە............ ٦٧
گۆڕانی نەتەوە بۆ کارێکی سیاسی ................................................ ٧٠
هاوسەنگیی گشتگیر و هەڕەشەی نوێ ........................................... ٨٠
کۆبەند.................................................................................... ٨٧
**بەشی سێیەم: شرۆڤەی بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین...................... ٨٩**
پێشەکی .................................................................................. ٩٠
تایبەتمەندییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین ................................................ ٩٠
چییەتی ئاسایشی ناوچەیی.................................................................. ٩٣

کۆمەڵەی ئاسایشی و نموونەی ئاسایشی ناوچەیی ........................ ٩٤
شرۆڤەی کۆمەڵەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین؛ ئاستی شرۆڤەی ناوچەیی ........... ٩٩
خوێندنەوەی ئاسایشی ڕەخنەیی ........................................................ ١١٠
شرۆڤەی سیستەمی ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین........................................ ١٢٠
چۆنیەتی کاریگەری وەرگرتنی سیستەمی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوین لە ناو پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی............................................................................. ١٢٤
تاوتوێی پێکهاتەی نیزامی نێودەوڵەتی و کاریگەریی لە سەر خۆرهەڵاتی ناوین...... ١٣٠
سیستەمی تاکەجەمسەری و لێکەوتەی ١١ی سێپتامبەر لە سەر خۆرهەڵاتی ناوین ١٣٥
سیاسەتی هاوسەنگیی دەریایی........................................................ ١٣٨
نێوان شوناس و ئاسایش، شرۆڤەی ئاسایشی شوناسە نەتەوەییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوین.......................................................................................... ١٤٢
پۆلێنبەندیی نەتەوایەتی لە خۆرهەڵاتی ناوین؛ خستنەڕووی چوارچێوەیەکی دیار بۆ پێناسەی نەتەوایەتی............................................................................. ١٤٤
پرسی شوناس لە خۆرهەڵاتی ناوین ................................................... ١٤٨
پرسی شوناس لە ئاستی نەتەوەیی ...................................................... ١٤٩
پرسی شوناس لە ئاستی ناوچەیی ....................................................... ١٥٢
پرسی شوناس لە خۆرهەڵاتی ناوین لە سەر ئاستی شرۆڤەی ستراکچەری .......... ١٥٥
ئاستی شرۆڤەی ناونەتەوەیی ............................................................ ١٥٧
شوناس و ئاسایش؛ شیکاری ئاسایشی خود و ئەویتر .................................. ١٥٨
شوناس و ئاسایش ....................................................................... ١٦٣
کۆبەند.................................................................................... ١٦٦
**بەشی چوارەم: مێژووی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ١٩٢٠ تا ٢٠١٧**............................................................................................. ١٧٠
پێشەکی ................................................................................... ١٧١
دروستبوونی دەوڵەتی عێراق............................................................... ١٧١
دەرکەوتنی ڕێبەرانی کورد و سەرەتای خەبات بۆ سەربەخۆیی ........................ ١٧٨
مردنی فەیسەل و وەرزی نوێی بزوتنەوەی جوداخوازی.................................. ١٨٣
دەرکەوتنی ڕێبەرایەتی کوردستان ...................................................... ١٨٥

کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ی تەمووز و شۆڕشی عێراق ............................ ١٨٨
نەتەوەگەرایانی عەرەب و چارەنووسی خەباتی کوردی ................................. ١٩٨
حاکمیەتی حزبی بەعس و گۆڕانی پرسی کوردستان ....................................... ٢٠٣
ڕێککەوتنی ١١ی مارس و بە فەرمی ناسینی خۆسەریی کوردستان ..................... ٢٠٦
جەنگی عێراق و ئێران ..................................................................... ٢١٢
جەنگی عێراق و کوێت و سەرەتایەک بۆ گۆڕانکاریی جیۆپۆلۆتیکی ..................... ٢١٧
بەرەو هەرێمێکی خۆسەر .................................................................. ٢٢٣
هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و هاتنەدی خەونی خۆسەریی کوردستان ............ ٢٢٧
پەیدابوونی داعش، لەرزینی عێراق و ڕێگەخۆشبوونی سەربەخۆیی کوردستان ...... ٢٤٤
ڕیفراندۆمی ٢٥ی سێپتامبەری ٢٠١٧ ................................................. ٢٤٧
کۆبەند ...................................................................................... ٢٥٣
**بەشی پێنجەم: لێکەوتەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە سەر بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین ...................................................... ٢٥٦**
پێشەکی ..................................................................................... ٢٥٧
گۆڕاوی ناودەوڵەتی، کوردی، عێراقی: سنوورداربوونی جیۆپۆلۆتیکی سەربەخۆیی کوردستان .................................................................................. ٢٥٨
شوناسخوازیی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازیی کورد ...................................... ٢٦٣
پشتبەخۆبەستن و سەربەخۆیی ئابووری .................................................. ٢٦٦
هێزی سەربازیی یەکپارچە، سەربەخۆ و ستراتیژی ....................................... ٢٦٧
کێشەی ڕێبەرایەتی ناوخۆی کورد ........................................................ ٢٦٨
کەسایەتی و حەزی ڕێبەرایەتی کوردستان ................................................ ٢٦٩
سەرکەوتنی کورد لە مەیدانی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە .......................... ٢٧٠
گۆڕاوی دەوڵەتی لە عێراق ................................................................ ٢٧٠
شرۆڤەی ئاستی کۆکبوونی ناوخۆیی ....................................................... ٢٧٠
پێکهاتەی فیدرالیستیی عێراق ............................................................. ٢٧٤
گۆڕاوی بانده‌وڵەتی، تێبینی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتانی دەوروبەر لە سەر سەربەخۆیی ............................................................................... ٢٧٦
ڕکابەرایەتی ناوچەیی لە نێوان دەوڵەتەکانی دەوروبەر ................................... ٢٨٧

هەڵوێستی هێزەکانی نێودەوڵەتی لە سەر سەربەخۆیی کوردستان ............................. ٢٨٨
ڕەوایەتی نێودەوڵەتیی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بەرانبەر ماددەی پاراستنی سنوورەکان.............................................................................................. ٢٩٤
پرۆسەکان؛ ڕێگای سەربەخۆیی لەگەڵ کێشەی گرژاوی.......................................... ٢٩٦
لێکەوتەکان؛ چوونەژێر کاریگەریی بەستێنی ئاسایشی لە خۆرهەڵاتی ناوین........... ٢٩٩
پرسی کۆچکردن .................................................................................... ٣٠٠
هەمیشەییبوونی سووڕی توندوتیژی لە خۆرهەڵاتی ناوین ................................ ٣٠٠
ڕێگای سەربەخۆیی بە میکانیزمی ئاشتییانە...................................................... ٣٠١
لێکەوتەکان؛ پەرچەکرداری دەوڵەتەکانی عەرەبی ............................................ ٣٠٣
دژایەتی ئیسلامگەرایان ............................................................................. ٣٠٤
ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی عەرەب.................................................................. ٣٠٦
کاریگەریی جیۆپۆلۆتیکی............................................................................ ٣٠٨
کاریگەریی دەروونی و زەینی لە سەر ئەکتەرانی نادەوڵەتی ............................... ٣٠٩
هەڵکشان و بنەجێبوونی مۆدێلی فەرهەنگی بەشداریی لە وڵاتانی هاوسێ............ ٣١١
کۆبەند .................................................................................................. ٣١٢
**دەرئەنجام و زمووندنی گریمانەکان........................................................ ٣١٤**
**سەرچاوەکان.......................................................................................... ٣٢٦**

## پێڕستی وێنەکان

وێنەی ١: گۆڕاوەکان.................................................................................. ١٩
وێنەی ٢: دەوڵەتانی جیهانی سێیەم و جۆرەکانی هەڕەشە.................................... ٦٧
وێنەی ٣: بە سیاسییبوونی کێشەی نەتەوەیی .................................................. ٨٠
وێنەی ٤: کاریگەریی نێوان گروپە نەتەوەییەکان و بازنەی ناوچەیی..................... ٨١
وێنەی ٥: پەیوەندیی بزوتنەوەکانی نەتەوەیی و ئاسایشی ناوچەیی....................... ٨٦
وێنەی ٦: جوڵانەوەی نەتەوەیی و کاریگەریی هێزی دەرەکی لە سەر سەقامگیری دەوڵەت...................................................................................................... ٨٦

وێنەی ٧: پەیوەندیی گروپەکانی نەتەوەیی و ئاسایشی ناوچەیی.............................. ٨٧

## پێڕستی هێلکارییەکان

هێلکاری ١: ڕێژەی کێشەی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٤٥ تا ٢٠١٦ لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی.................................................................................................... ٤٦
هێلکاری ٢: گەشەی هەناردەی نەفتی کوردستان بە ڕێژەی هەر بەرمیلێک............٢٤٣
هێلکاری ٣: کاریگەریی هێزە دەوڵەتی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە سەر پرسی کوردستان.......................................................................................................٢٥٣
هێلکاری ٤: کاریگەریی گۆڕاوی جۆربەجۆر لە سەر عێراق و دۆزی کورد............٢٩٤
هێلکاری ٥: کێشەی گرژاویی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان ............................٢٩٨
هێلکاری ٦: ڕەوتی ئاشتییانە.....................................................................٣٠٢

## پێڕستی خشتەکان

خشتەی ١: ڕێژەی دەستوەردانی وڵاتانی دەرەوە لە کێشەی نەتەوەیی................. ٦٤
خشتەی ٢: دەرئەنجامی دووەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ساڵی ٢٠٠٥...............٢٣٣
خشتەی ٣: دەرئەنجامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی.........................................................٢٥١

## پێڕستی نەخشەکان

نەخشەی ١: مەیدانەکانی نەفت و گاز لە هەرێمی کوردستان.....................................٢٦١
نەخشەی ٢: پێگەی ڕێگاکانی گەیاندن و تڕانزیتی و ڕووبارەکانی کوردستان ........٢٦٣

## وتەی وەرگێڕ

پڕۆسەی سەربەخۆیی کوردستان ڕەوتێکە کە بە کەوتن و هەستانەوە چەندین قۆناغی گرینگی بڕیوە. دوای ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی ئەم پرسە بۆتە گۆتارێکی گرینگی دانیشتنە زانستی و ئاکادیمییەکانی وڵاتان. ئێستا ئەم پڕۆسەیە لە قۆناغی دیپلۆماسیی زانکۆیی و ناوەندەکانی توێژینەوەیی دایە؛ لەم قۆناغەدا پێویستە هەرێمی کوردستان ڕەوتی دیپلۆماسی لەگەڵ بژاردە فەرهەنگی و زانستییەکانی وڵاتان بە هێزتر بکات بۆ ئەوەی دۆزی ڕەوای کورد ببێتە گوتارێکی زانستیی جیهانی. یەکێک لەم کارە زانستیانە ئەم کتێبەیە کە بە قەڵەمی گەنجێکی ئەفعانستانی نووسراوە.

لەبارەی ئەم وەرگێڕانە پێویستە بڵێین، ئەگەرچی وەرگێڕان کاری وەرگێڕە نەک کاری کەسێک کە تەنیا دوو زمان بزانێت و لە زاستەکەدا شارەزا بێت. وەرگێڕان فەن و فووتی گۆزەگەریی خۆی هەیە بۆیە کاری کارزانانە. تەنانەت ئەوەی دوو زمان زۆر بە چاکی بزانێت و زاستەکەشی خوێندبێت دەبێ هونەر، تەکنیک و ئەزموونی وەرگێڕانیشی هەبێت و لە هەمووی گرینگتر، ئەو زمانەی کە دەقەکەی بۆ وەردەگێڕێت دەبێ باشتری بزانێت لە زمانە سەرەکییەکە. بەو باوەڕەی کە وەرگێڕان کەسێ پوختە و کوڵاوی گەرەکە، وەرگێڕی ئەم کتێبە خۆی پێ پێوەستاو نیە، بەڵام گرینگی بابەت و کاتەکە وای دەخواست شان بدرێتەبەر وەرگێڕانی ئەم کتێبە. هەروەها لە بەر تیۆرمەندیی بابەتەکە و بەڕۆژبوونی ئەم کارە پێویست بوو ئەم بەرهەمە زووتر بە کوردزمانەکان بناسێنرێت. بێ گومان کاری ئەم وەرگێڕانە کاڵە و بێ هەڵە و پەڵە نییە و هیوادارم بە ڕەخنە و تێبینیی خوێنەرانی بەڕێز خێچ و خوارییەکانی کارەکە ڕاست بکەینەوە.

شایانی باسە ئەم کتێبە کاری یەکەمی نووسەرە و لە بەر زۆر هۆکاری دیکە ئاساییە ئەگەر هەندێک جار خۆی لە قووڵبوونەوە و بێ‌پەروایی پاراستبێت. ئەگەرچی وەرگێڕ دیدی جیاوازی لە سەر زۆر بۆچوون و تەنانەت میتۆدی توێژینەوە و کاری تیۆری لەگەڵ نووسەر هەیە، بەڵام ئێرە جێی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی کتێبەکە نییە و ویڕای تێبینییەکانیش کارێکی شایانە و ماندووبوونی پێوە دیارە و هەروەها لە کاتی وەرگێڕاندا زووزوو ئۆخژنی ئەوەم دەهاتێ کە دۆستێکی ئاکادیمی لە وڵاتێکی‌تر بۆ کورد پەیدا بوو و قەڵەمی ویژدانی لە سوێی مافی گەلێکی ستەملێکراو دەسوێ.

بە کورتی لە ڕووی زانستییی، نووسەر هەوڵی داوە کارەکەی بە چوارچێوەیەکی تیۆری پتەو بکات و بە ناو پاڕادایم و میتۆدگەلێکدا وەئەزمان بێت. ئەم توێژینەوەیە بە ئامرازی تیۆری و بە نموونەی هەرێمی کوردستان چەمک و پێناسەی ئاسایشی لە قالبی دەوڵەتدا هێناوەتە ژێر پرسیار و دەیەوێ بڵێ زۆرێک لە پێناسە کلاسیکییەکانی ئاسایش ئیتر وەڵامدەری دۆخی ئێستای جیهان نین. توێژەر پێی‌وایە چەمک و واتای ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناویندا کە بە شێوەیەکی ساختەیی ساز بووە هەمیشە لە ترکزەیە بۆ گلار بوونەوە و گلۆلەی ئاسایشی وڵاتانی دەستکرد بە زوویی دەکەوێتە لێژی. کەواتا چەمکی ئاسایش لە دەوڵەتی‌بوون ڕەنگە ببێتە بابەتێکی ناوچەیی، بۆ ئەوەی هەموو ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتیەکان ڕۆڵیان لە ئەهوەن‌بوونەوەی خۆرهەڵاتی ناویندا هەبێت. ئەم ئەهوەنی و بە ناوچەیی بوونەی ئاسایشیش تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی مافی نەتەوە و پێکهاتەی وەک کورد دێتەدی.

نووسەر هەر بەم ئامرازە تیۆرییانە و بە پاڕادایمی زانستیی دەڵێت کێشەی کورد تەواو بۆتە پرسێکی جیۆپۆلۆتیکی و ئاسایشیی و بۆتە کاکڵی ناوەندی بابەتگەلی سیاسی. تەنانەت خەریکە کاریگەریشی لە سەر پێناسەی چەمکێکی وەک ئاسایش دەبێت و لە سیاسەتی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا لە کارتێکی

فشاری جاران بۆتە گۆڕاوێکی گرینگی گرینگی ناو گۆڕانکارییەکان. نووسەر هەوڵی داوە بە میتۆدی گێڕانەوە و بە پشت بەستن بە داتا و شیکاری مێژوویی باسێکی مێژوویی هەرێمی کوردستان بکات و تێدا باسی پرۆسەی سەربەخۆیی بکات کە چۆن لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینی دەستی پێکردووە و ڕۆژبەڕۆژ بەرەو بەرزبوونەوە دەڕوات تا گەیشتۆتە دانانی دامەزراوەی سیاسی، زانستی و دیمۆکراسی.

لە کۆتاییدا نووسەر سیناریۆی مامناوەندماوەی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی پێشبینی کردووە و بە داتا و زانیاری لە سەر دۆخی عێراق و ناوچەکە و بە پشتبەستن بە تیۆرەکانی بەشی یەکەم ڕێکاری بۆ ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین داناوە و پێیوایە کە دەبێ ئەکتەری نوێی وەک کورد، کە خاوەن مافی ڕەوایە، بگاتە ئاواتی لەمێژینەی خۆی بۆ ئەوەی ناوچەکە سەقامگرتوو بێت. نووسەر پێیوایە کورد بە شێوەی ئاشتیانە یا بە شێوەی گرژاوی پرۆسەی سەربەخۆیی تەواو دەکەن و هەر یەک لەم شێوانە ئەگەر و لێکەوتەی ئەرێنی و نەرێنی خۆی لە سەر ئاسایشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین دەبێت. ناکرێت پێشەکی وەرگێڕ لەوە درێژتر بکرێت بۆیە درێژەی بابەتەکە بە قەڵەمی نووسەر دەسپێرین... . بەو هیوایەی کە بتوانین زیاتر پرسی کورد بە زمانێکی زانستی بە زانکۆ و ناوەندگەلی ئەکادیمیکی جیهان بناسێنین و بتوانین دەرگای دیپلۆماسی زانستی بەرفرەتر بکەین.

محەمەد کەریمخان
٢٠١٩/٣/١٦

**وتەی نووسەر**

لەگەڵ نێودەوڵەتیبوونی پرسی نەتەوەیی و بەرینبوونی خێرای کێشەی نەتەوەیی بۆ ناوچەکان و ئازادی هەڵوێستی هێزەکانی ناوچەیی لە دوای جەنگی سارد، گروپە نەتەوەییەکان توانیان خۆیان لە بازنەی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی نزیک بکەنەوە. گروپە نەتەوەییەکان بە بەکارهێنانی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی بۆ بزواندنی گروپی نەتەوەیی و ڕاکێشانی هاوکاری و پشتیوانی سەربازی - سیاسی وڵاتانی دەرەکی، توانیان لە پەنا دەوڵەتەکان ببنە ئەکتەرێکی دیار و دواتر پێبەپێی دەوڵەت وەک ئەکتەرێکی ئاسایشی دەربکەون. ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتییانە توانای گرفت نانەوەیان بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت و کۆکایەتی دەوڵەت هەبوو. لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوە هەبوو سیستەمی ناوچەییش بخەنە ژێر کاریگەری چالاکییەکانی خۆیان.

هەرێمی کوردستان بە ئەکتەرێکی نادەوڵەتی لە ناو کەشی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین دەناسرێ. لە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە لایەن هێزەکانی کۆلۆنیالی لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینی دۆزی کورد وەک پرسێکی ئاڵۆز مایەوە. کێشەی نێوان گروپە کوردییەکان و دەوڵەتی عێراق هەمیشە بەردامی هەبوە. ساڵی ١٩٩١ی زایینی کە کوردستان وەک هەرێمێکی ناوچەیی لە چوارچێوەی عێراق دروست بوو، ڕێبەرانی کورد بەردەوام لە سەر پرسی مافی چارەنووسی خۆیان و خۆسەری و دواتر سەربەخۆیی کێشەی دوور و درێژیان هەبوە. دیدگای نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لە لایەک و مل نەدانی بەغدا بۆ پارچەبوونی عێراق لە لایەکی دیکە بۆتە هۆی بەردەوامی کێشە لە عێراق و ناوچەکە.

هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوور و درێژی خەباتی بۆ سەربەخۆیی تووشی زیان بووە، بەڵام هیچ کات نەسرەوتووە. ڕێفراندۆمی سێپتامبەری ساڵی

٢٠١٧ لە هەرێمـی کوردسـتان جـارێکی دیـکە پرسـی ئاشـتیانە و بـزوتنەوەی ئاشـتیخـوازانەی کۆمەڵگـای کـوردی لە لایەک و لە لایەکـی دیـکە تەواوکردنـی پرۆسـەی سـەربەخۆیی ئاشـتیانەی کـوردی وەدەرخسـت. ڕیفرانـدۆمێک کە بە هێرشی هێزەکانی حەشدی شـەعبی عێراقی و داگیرکردنی کەرکووک نەگەیشتە بەرهەم و کۆسـپێکی ئەسـتەم و نـویێ لە لایەن حکـوومەتی بەغـدا لە بەردەم هەرێمی کوردستان دانرا. لەو کاتەوە کۆمەڵگەی بژاردەکانی کوردی لە هەوڵی دۆزینـەوەی ڕێگـایەکن بـۆ گەڕانـدنەوەی خـاکە داگیرکراوەکەیـان و گەیشـتنەوە دۆخـی پێشـتر کە فیلیـپس بە خۆبەڕێـوەبەری نـاوی بـردووە. کتێـب، وتـار و شیکاری زۆر لە سەر خۆسەری هەرێمی کوردستان چاپ کراون. زۆربەی ئەم بەرهەمانە تـاوتویێ و شـیکاری دۆخـی ڕابردوویـان کـردووە و تەنیـا پشـتیان بە گێڕانەوە بەستووە.

ئەم بەرهەمە کە نـامەی قۆنـاغی ماسـتەرە لە زانکـۆی تـاران، بەرهەمـی تێکۆشـان و تـوێژینەوەی نووسـەرە. ئەم بەرهەمە نـایەویێ تەنیـا باسـی دۆخـی ڕابردووی خەباتی پارتەکانی کوردی بۆ گەیشتنە سەربەخۆیی بکات. هەروەک لە بەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا هـاتووە، هەوڵ دراوە تـا بە خستنەڕوی دوو سیناریۆی ئەگەریی، داهاتووی مامناوەندماوە تا ساڵی ٢٠٣٠ پێشبینی بکرێت. هیوادارم بەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەیە ببێتە بەشێک لە ستراتیژی مامناوەند- ماوەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.

ڕەنگە هەر ئەوەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم بەرهەمە بە زمانی کوردی و فارسی لە هەرێمی کوردستان بڵاو بکرێتەوە. فارسیەکەی لە لایەن دەستەی باڵای ئەنسکلۆپێدیای پارتی دیموکراتی کوردستان هەر بە فۆرمەتی ماستەرنامە بـۆ هەنـدێ شـوێنی تـایبەت چـاپ دەکرێـت. وەرگێـڕانە کوردییەکەشـی، لە چوارچێوەی کتێب، هەر لە لایەن ئەم دامەزراوەیە چاپ دەکرێت.

وەک کەسـێکی ئەفغانسـتانی قـاڵبوو لە نـاو فەرهەنگـی کـوردی و خولیـای دیـداری وڵاتـی کوردسـتان، هەوڵـم داوە لە دانیشـتنەکانی زانکـۆیی و ئاکـادیمی

ئەفغانستان، لە سەر خەباتی سەربەخۆییخوازانەی گەلی کورد وێنەیەکی ڕوون و دیار نیشان بدەم. بەو پەڕی خاکەڕایی، من ئەم بەرهەمە پێشکەش دەکەم بە شەهیدانی ستەم لێکراوی هەڵەبجە و خەڵکی خۆڕاگر و ئازای کوردستان. هیوادارم ئەم بەرهەمە هەنگاوێکی زۆر بچوک بێت بۆ پێشبردنی پڕۆسەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. پێم خۆشە پشکێکی زۆر بچوکم هەبێت لە وەدی هاتنی ئارەزووی لەمێژینەی گەلی کورد، کە دانانی دەوڵەتێکی سەقامگیر و سەربەخۆیە لە کوردستان لە ناو بازنەی ناسەقامگرتوو و ترسناکی خۆرهەڵاتی ناویندا.

کەریم یەڵدیز لە بارەی تەنیایی گەلی کورد، لە کتێبەکەیدا بەشێکی بەم واتایە تەرخان کردووە: *کورد هیچ دۆستێکی جگە لە چیاکان نیە*... بەڵام من بەو پەڕی خاکیبوونەوە دەمەوێ ئەم ڕێسایە بەتاڵ بکەمەوە و ڕێسایەکیتر بخەمە ڕوو و بڵێم: کوردەکان دۆستی وەک ئەفغانستانیان هەیە. ڕاستە ئەم بەرهەمە بە هەموو خاڵە کز و لاوازەکانی بەرهەمی تویژینەوەی زانکۆیە، بەڵام زیاتر بەرهەمی حەز و ئارەزووی نووسەرە بۆ دیتنی دەوڵەتی کوردی و کردنەوەی سەفارەتی ئەفغانستان لە هەولێر و کردنەوەی سەفارەتی کوردستان لە کابۆل و دامەزراندنی پەیوەندیی مێژوویی و فەرهەنگی و هەروەها بە یەکەوە ڕوح وەبەر بۆنەی پیرۆزی نەورۆز بێنینەوە.

حوسێن ئێحسانی
کابۆل
٢٠١٩/٢/٧

# بەشی یەکەم:

# پایەکانی توێژینەوە

### ١- پێشەکی و ڕوونکردنەوە

هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، لێکەوت و دەرکەوتەی زۆری لە سەر بازنەی نیودەوڵەتی دانا. بە کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، زۆرێک لە گوتار و پاڕادایمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی تووشی شکان هاتن. تیۆریسیەنەکان هەوڵیاندا بە ڕەهەندی نوێ تیۆری دیکە گەڵاڵە بکەن و لەگەڵ پێکهاتەی نوێی سیستەمی نێودەوڵەتی بیگونجێنن. یەکێک لەو پرسانەی کە لە دوای دارمانی جەمسەری خۆرهەڵات بە تەواوی و سەرلەبەر تووشی وەرگەڕان[١] هات پرسی ئاسایش[٢] بوو. لەگەڵ ڕووخانی بلۆکی خۆرهەڵات ئەو وڵات و ناوچانەی کە جۆرێک نەزم و سیستەمیان هەبوو تووشی گۆڕان بوون. ئاسایشی ناوچەیی ئەو کۆمەڵە وڵاتانەی کە لە ژێر کاریگەری سیستەمی دوو جەمسەری دابوون تووشی قەیران و چاڵ بوون. لەم نێوەدا خۆرهەڵاتی ناوین، وەک ناوچەیەک کە زۆرترین کاریگەرگری لە کەشی نێودەوڵەتیدا هەیە، ڕووبەڕووی گرفت بۆوە.

ئاسایشی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی ناوین هەمیشە لە ژێر کاریگەری کەشی نێودەوڵەتیدا بووە؛ چونکە وا وێنا دەکرێت کە لانی کەم هەموو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین، جگە لە ئێران، دروستکراوی[٣] دەستی هێزەکانی نێودەوڵەتی بوون و پانتایی خۆرهەڵاتی ناوین لە دەرئەنجامی ململانێی هێزە گەورەکان (ڕووسیا [سۆڤیەت]، بەریتانیا و ئەمریکا) دروست بووە. بۆیە تەواوی بەشەکانی خۆرهەڵاتی ناوین گرێدراو و هاوگری[٤] سیستەمی نێودەوڵەتین. ڕوانگەکانی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوینیش یەکێکن لەو بابەتانەی کە گرێدراوی سیستەمی

---

[١] Change
[٢] Security
[٣] Concoct
[٤] Correlated

نێـودەوڵەتین. سـەرچاوەی ڕوانـگە زاڵەکـانی ئاسایشـی نـاوچەیی بـۆ ئامـانجی ئەهـوەنی و بەرژەوەنـدیی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا، بە تـایبەتی ئەمریکـا، دەگەڕێـتەوە. لـێکەوتەی ئەم مەیـلە ڕۆژئـاواییە لە سـەر هـزری ئاسایشـی نـاو بەسـتێنی خۆرهەڵاتی ناوین ئەوە بووە کە بەشێکی سەرەکی هزری ئاسایشی ناوچەیی لە سەر بنەمای هەڵگرتە و تێگەیشتنی ڕۆژئاوایی لە سەر ئاسایش ساز بووە. واتا پرسی ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین پرسێکی ناوخۆیی و خۆماڵی نیە و بە پێی تایبەتمەندیی خۆرهەڵاتی ناوین، ئاسایش لەم ناوچەیەدا شێوەیەکی ڕۆژئاوایانەی هەیە و لە ژێـر کـاریگەری ڕوانـگە کەلانەکـانی ئاسایشـی لە نـاو پێکهـاتەی نێودەوڵەتیـدا دروسـت بـووە. ئامـانج و جەمسـەری ئاسـایش کـێن و چـین و هەڕەشـە لە لایەن کێ سـەر هەڵدەدات، بە بـابەتگەلی ڕیشـەیی ئاسـایش هەژمـار دەکـرێن. ڕەگ و بنەمـای ڕوانگەکـانی ئاسایشـیش لە سـەر بنەمـای هەڵگـرتە و تێگەیشتنی ڕۆژئاواییەکان لە سەر ئاسایش یا ئامانجی هەڕەشە داڕژاوە.

دوای شـکڵ گرتنی خـۆرهەڵاتی نـاوین، سێ قۆنـاغی ئاسایشـی نـاوچەیی بۆ خۆرهەڵاتی ناوین وێنا کران کە لەگەڵ کەشی سیستەمی نێودەوڵەتی دەگونجان. ڕوانگەی کلاسیک، کە تایبەتمەندیی سەرێ بۆ خـوارێ، سیسـتەمی ناوەندایەتی و سەرنج بۆ دەرەکیبوونی هەیـە. ڕوانینـی کلاسـیک بـۆ ئاسایشـی نـاوچەیی کە لە کاتی جەنگی سارد ڕێکخرابوو، بابەتی ئاسایشی بە شێوازێکی کلاسیک پێناسە و ڕوون دەکـردەوە. زۆربەی هەڕەشـەکانی ئاسایشـی لە زاری هێزەکـانی دەرەکـی پێناسـە دەکـران نەک لە دیـدی وڵاتـان و خەڵکـی نـاوچەکە. لە قۆنـاغی یەکەم، لە دیدی ئەمریکا، هاتنی سـۆڤیەت لە کـاتی جەنگـی سـارددا بە گەورەترین هەڕەشـە بـۆ سـەر ئاسـایش لە خـۆرهەڵاتی نـاوین هەژمـار دەکـرا. لە قۆنـاغی دووەم، لە دەیەی ١٩٩٠ی زایینی و لە دوای جەنگی سارد، ڕوانینی ئەمریکا بۆ ئاسـایش لە خـۆرهەڵاتی نـاوین هەروا ڕوانینێکـی سـتوونی و لە سـەرێ بـۆ خـوارێ بـوو. سیاسەتدانەرانی ئەمریکی، بە گرتنەبەری سیاسەتی کۆنترۆڵی دوولایەنە، ئێران و عێراقیان وەک هەڕەشە بۆ ناوچەکە دانا؛ هۆکارەکەشیان بۆ توانـای سـەربازی

و تایبەتمەنـــدی پێـــداچوونەوە بە دیـــدگاکانی[1] ئەم دوو وڵاتە لە بەرانـــبەر بەرژەوەنـدی ویـلایەتە یەکگرتووەکـان لە خـۆرهەڵاتی نـاوین دادەنـا. لە دوای ڕوداوی ١١ی سـێپتامبەر، ویـلایەتە یەکگرتووەکـان تیرۆریسـمیان بە واتـای هەڕەشەی ڕاستەقینە لە خۆرهەڵاتی ناوین دیاری کرد.

ویـلایەتە یەکگرتووەکـان بـۆ چـارەی ئەم هەڕەشـانە، بە دەستهاویشـتن بـۆ ئامرازی سـەربازی هەوڵیدا ئاسـتی هەڕەشـەکان لە خـۆرهەڵاتی نـاوین بگەیێنێتە نزمترین ئاست. بەڵام دوو ڕەهەندی ئابووری- کۆمەڵایەتی بە هەند وەرنەگرت و لە سـەر ئـامرازگەلی سـەربازی (وەک جەنـگ لەگەڵ عێـراق) پێـداگری کـرد. خـاڵەکە لێـرەدایە کە ڕوانگەکـانی سـەریێ بـۆ خـواریێ لەو کـاتەی کە ڕەهەنـدی دیـاری نـائەهوەنی[2] ئاشـکرا دەکـات، هاوکـات ڕێـگە لە دیتنـی ڕەهەندەکانی دیکە دەگرێت. بۆ نموونە کێشەی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی کە بە هۆی کەمیی سەرچاوە دروست دەبن، نەک هەر هەڕەشەنە بۆ سەر ئاسایشی یەکەیەکەی مرۆڤ، بەڵکو کێشـە بەردەوامەکـانیش تیژتـر دەکەن. بـۆ وێـنە کەمبـوونی ئـاو لە ئیسـرائیل – فەلەسـتین ئاسـتێکی کێشـەی، لە سـەر بنەمـای هەڕەشـەی ژینگەیـی، دروسـت کردووە. (Sosland, ٢٠٠٢)

لە سـەردەمی جەنگـی سـارددا، ڕوانگەکـانی سـەریێ بـۆ خـوارێی ئاسایشـی نـاوچەیی لە خـۆرهەڵاتی نـاوین لەگەڵ تێگەیشـتنێک لە ئاسـایش لێکـدران کە تایبەمەنـدی سـەرنجدانی «دەرەکـی»ـیان هەبـوو. واتـا هەڕەشـەکانی ئاسـایش لە سـەر ئەو گریمـانەیە وەسـتا بـوون کە لە «دەرەوە»ی نـاوچەکە هەڵـدەقولێن لە کاتێکدا «ناوەخۆ» وەک قەڵەمڕەوی ئاسایش دەناسرا. (بیلگین، ١٣٩٣: ١١) ئەوە بەو مانـایەیە کە ئامـانجی ئاسـایش دەوڵەتە و جەمسـەری هەڕەشـە، وڵاتـانی دەرەکین.

---

[1] Revisionist
[2] Regional Insecurity

بە گۆڕانکارییەکانی بەرهەمی جەنگی سارد و بە نێودەوڵەتیبوونی کێشەی ئەتنیکی و گرینگییەکەی لە ناو پێکهاتەی نێونەتەوەدا، شێوەی هەڕەشە گۆڕا. ڕوانگەکانی ڕەخنەیی ئاسایش، ئیتر هەڕەشەیان تەنها بە دەرەوە نەدەبەستەوە، بەڵکو هەڕەشەی ناوخۆییش[1] دەیتوانی دەوڵەت ڕاکێشێتە ناو چاڵگە. ئەم پرسە لە ناو جیهانی سێیەمدا بە هۆی دەستکردبوونی وڵاتان و شلبوونەوەی سنووری دەوڵەت - نەتەوە و هەروەها چەنەی مۆزاییکی و پلورالبوونی نەتەوەیی لە ناو دەوڵەتەکان زیاتر خۆی نواند؛ لە بەر ئەوە گۆڕانکاری زۆر لە ڕوانگەکانی ئاسایشی لە ناو وڵاتانی جیهانی سێیەم دروست بوون. هەڕەشەکان زیاتر دابەشی پلەی یەکەم و دووەم بوون و سەرەکیاتی دەوڵەت، لەکۆڵکردنەوەی هەڕەشەی ناوخۆیی لە ئاست هەڕەشەی دەرەکی[2] بوو. تەنانەت وڵاتانی جیهانی سێیەم بە دوای هاوکێشەسازی[3] لە بەرانبەر هەڕەشەی ناوخۆیین و بەم جۆرە لەگەڵ ناحەزانی دەرەکی یەک دەگرن و هەوڵ دەدەن سەرچاوەی توانای خۆیان بۆ ناحەزانی ناوخۆیی بەکار بێنن. ستیڤن دەیڤید[4] (٢٣٥ :١٩٩١) بە پرۆژەی تیۆری هاوکێشەی گشتگیر،[5] هەوڵیدا کەشی ناوخۆیی وڵاتانی جیهانی سێیەم وەک هەڕەشەی ئەگەریی[6] وێنا بکات.

ڕوانگەکانی ڕەخنەیی وەک تیۆری هاوکێشەی گشتگیری ستیڤن دەیڤید سەریان هەڵدا. هۆکاری جیاوازیی سەرەکی ئەوان لەگەڵ خوێندنەوەی کلاسیکی، دژایەتی لەگەڵ ڕوانینی سەربازیی ئاسایشی و گرینگیدان بە توخمی ناسەربازی وەک ئابووری، ڕەوایەتی ناوخۆیی و سەرچاوەکانی ژێرزەمینی بوو. لێکۆڵەرانی وەک لینۆر مارتین[7] و بەسام تەیبی[1] بە ڕەخنەگرتن لە شرۆڤەی تاک هۆکاریی

[1] Internal Threat
[2] External Thread
[3] Balancing
[4] Steven R. David
[5] Omni Balancing
[6] Potentially Threat
[7] Martin G. Lenore

ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین، بابەتی ئاسایشی ناسەربازییان هێنایە بەر باس؛ لە هەمان کاتدا کاری سەرەکی دەوڵەتیش لە ناو دەستووری کاری نۆڕمی و شی کردنەوەیی دەپارێزێت.

بە نێودەوڵەتیبوونی پرسگەلی نەتەوەیی و فراوانبوونی ئاسانی کێشەی ئەتنیکی بۆ ناوچەکانی دیکە و دەستکرانەوەی هێزەکانی ناوچەیی لە دوای جەنگی سارد، گروپی قەومی[٢] و گەلانی دیکە توانیان لە جغزی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی نزیک ببنەوە. گروپگەلی نەتەوەیی بە کەلک وەرگرتن لە ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی بۆ جوڵانەوەی لایەنەکانی نەتەوەیی و ڕاکێشانی هاوکاری و پشتیوانی سەربازی- سیاسی وڵاتانی دەرەوە، توانیان وەک ئەکتەری دیار لە تەنیشت دەوڵەتەکان دەرکەون. گروپگەلی نەتەوەیی بە وێنەی ئەکتەرانی نادەوڵەتی[٣] ئاسایشی توانیان لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا دەرکەون و دواجار پێبەپێی دەوڵەت وەک گەمەکەرێکی ئاسایش ببزوون. ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتیانە توانای کێشە نانەوەیان بۆ دەسەڵات و نەزمی دەوڵەت هەیە و لە هەمان کاتدا ڕەنگە سیستەمی ناوچەییش[٤] بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان.

بەم تێڕوانینە، هەرێمی کوردستان[٥] بە کارەکتەرێکی نادەوڵەتیی ئاسایش لە ناو کەشی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین دەژمێردرێ. لە کاتی دروستبوونی عێراقی دەستکرد لە لایەن هێزە کۆلۆنیالییەکان لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینی دۆزی کورد وەک پرسێکی ئاڵۆز مایەوە و کێشەی نێوان لایەنەکانی کوردی و دەوڵەتی

[١] بەسام تەییبی، سووری – ئەڵمانی، مامۆستای پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی.

[٢] Ethnic Groups

[٣] Non State Actors

[٤] Regional Order

[٥] Kurdish Regional Government (KRG)...

...هەرێمی کوردستان نیشتیمانی مێژوویی کوردە؛ بەوپێیە کوردەکان ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان بۆ ناوچەی باشووری کوردستان هەڵبژاردووە، لەم لێکۆڵینەوەدا مەبەست لە وشەی هەرێم، حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

ناوەندی بە بەردەوامی هەبوو. تا ساڵی ١٩٩١ کە کوردستان وەک حکوومەتێکی هەرێمیی ناوچەیی لە عێراق دروست بوو. دواتر لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی بە پێی دەستووری[١] عێراق وەک دەوڵەتێکی خۆماڵی ناوچەیی بە فەرمی دانی پێنرا. ڕێبەرانی کورد بەردەوام لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی بەغدا لە سەر پرسی مافی چارەنووس و خۆسەری و دواجار سەربەخۆیی کێشەی دوور و درێژیان هەبوو. ڕوانینی نەتەوەیی کوردی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لە لایەک و نەبوونی مەیلی بەغدا بۆ پارچەبوونی عێراق لە لایەکی دیکە بۆتە هۆی بەردەوامیی کێشەی نیوانیان. هەروەها پشتیوانی جارجار و لەناکاوی هێزەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە سەر دۆزی کورد لە عێراق، ئاڵۆزی و توندیی ئەم کێشەیەی زیاتر کردووە. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی خوێناویی پشتیوانی هێزەکانی ناوچەیی لە لایەنە کوردییەکانی عێراق، بۆمبارانی کیمیایی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لە کاتی جەنگی ئێران و عێراق (١٩٨٨-١٩٨٠) بوو. کورد لە دوای هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق و کەوتنی بەعس، توانیان ژیانی نوێی سیاسی بە دەست بێنن و ڕۆڵێکی گرینگ لە پێشنووسی دەستووری دەوڵەتی گوازەر بگێڕن کە لە ٨ی مارسی ٢٠٠٤ گەیشتە ئەنجام. ئەم پێشنووسە وەک دەستوری کاتی عێراق بە پارێزگاری کردن لە دیمۆکراسی، فیدرالیسم و ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵگا خرایە ڕوو. لەم پێشنووسەدا زمانی کوردی و عەرەبی وەک دوو زمانی فەرمی عێراق چەسپان و بەپێی ویستی کورد دەستووری عێراق ڕاگەیێندرا.

لە جولای ٢٠٠٣ وێڕای دروستکردنی حکوومەتێکی فیدرال و دیموکراتیک لە عێراق، بەشێکی زۆری کورد جولانەوەی ڕێفراندۆمیان لە هەرێمی کوردستان دەست پێکرد. دوای ماوەیەک ئەم جولانەوەیە لە هەموو شوێنێکی کوردنشینی [عێراق] بەرین بۆوە و نوێنەرایەتی ئەم جولانەوەیە، هاناناماەیەکیان لە سەر

---

[١] (قانون اساسی) یاسای بنەڕەتی لە عەرەبیدا بە دەستوور ناو دەبرێت و وشەی دەستوور وشەیەکی کوردی - فارسییە. و

بنەمای داوای مافی سیاسی بۆ گشت پرسییێکی فەرمی بۆ داهاتووی سیاسی ڕێک خست. بەم پێیە، گشت پرسییەکی نافەرمی سەربەخۆییش لە ٣٠ ژانڤییەی ٢٠٠٥ ڕێک خرا. دەنگدەرانی بەشداربوو لەم گشت پرسیەدا، کە لە هەموو شوێنێکی کوردستان لەوانە کەرکووک، خانەقی و ناوچەکانی کوردنشینی پارێزگای نەینەوا ئەنجام درا، دەنگی ئەرێیان بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا. کوردەکانی دانیشتووی بەغدا و شوێنەکانی دیکە و ئەعرابی[1] ناوەوە نەکەوتنە ناو بازنەی ئەم گشت پرسیە. سەرئەنجام ئەو کوردانەی لایەنگری سەربەخۆیی بوون ٩٩/٨٪ دەنگیان بەدەست هێنا.

کورد لە ساڵی ٢٠٠٥ پشکێکی باشی لە هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق بەرکەوت. لەم هەڵبژاردنەدا، هاوپەیمانی عێراق بە ڕێبەرایەتی ئەحمەد چەلەبی ٤٨٪ دەنگی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. هاوپەیمانی دیمۆکراسی - نیشتیمانی کوردستان بە ٣٦٪ دەنگەکان مانۆڕێکی بەهێزیان نواند. لیستی ئەلعەراقییە بە ڕێبەرایەتی ئەیاد عەلاوی ١٤٪ دەنگەکانی دەست کەوت. لە بەرانبەردا کوردەکان پۆستی گرینگیان بە دەست هێنا. یەکەم جار بوو لە مێژووی عێراقدا، لە ساڵی ١٩٢٠ تا ساڵی ٢٠٠٥، کوردێک بگاتە پۆستی سەرۆک کۆماریی ئەم دەوڵەتە. جەلال تاڵەبانی سکرتێری[2] گشتی حزبی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەک سەرەک کۆمار هەڵبژێردرا. هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە وەزیری دەرەوەی عێراق و بەرهەم ساڵح کرا بە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق. هەروەها شەش پۆستی سەرەکی کابینە لە لایەن کورد وەرگیران. بەشێکی گرینگی خواستی کورد لە ناو پێشنووسی

---

[1] مەبەست لە وشەی ئەعراب، عەرەبی ناشارستانیە و بە عەرەبی پێشکەوتوو ناگوترێت ئەعراب. پێدەچێت عەرەبەکانیش بەم مەبەستە وشەی ئەکرادیان بۆ کورد بەکار هێنابێت. و

[2] نووسەر بە سەرۆکی حزبی ناو بردووە، بەڵام بەپێی پەیڕەوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سکرتێری گشتییە.

دەستووردا پەیوەندی بە دۆخی وزە و پشکی هەرێمی کوردستان لە سەرچاوەکانی وزە لە عێراق بوو. کورد لە چوارچێوەی پێشنووسی دەستووری عێراق بەوە ڕازی بوو کە دەبێ سەرچاوەکانی وزەی عێراق بۆ هەموو عێراقییەک[1] بێت. بەڵام کورد خوازیاری کۆنترۆڵ و بەهرە وەرگرتن لە بەرهەمی نەفت و گازی داهاتوو بوو لە هەرێمی کوردستان. عێراقیەکان، ویستی کوردیان لە بارەی ئایندەی وزە ڕەدکردەوە و لە جیاتی چارەسەری ئەم شتە گرینگە ئاسۆی پەسەندکردنی دەستوور لێڵ و تار بوو.

هەروەها پرسی کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان، لە ئەنجامی سیاسەتی عەرەباندن، پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی ناوەندیی[2] بەغدا و هەرێمی کوردستانی خەشاوی کرد. (کاکحمد، ١٣٩١: ٢) هاوتەریب لەگەڵ ئەوەی کە کورد لە هەرێمی کوردستان گەیشتە گەشەیەکی سەرنج ڕاکێش، ئارامی و بنەجێبوون هاتەوە ناو سنوورەکانی هەرێم، لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی لە عێراق جەنگی مەزهەبی[3] و هێرشی تیرۆریستی گەیشتە لوتکەی خۆی. لە ساڵی ٢٠١٤ عێراقی لاواز لە بەرانبەر داعش تووشی شکست هات و هەموو هێز و توانای عێراق بۆ شکستدانی داعش هەدەر درا. کورد لە عێراق باڵادەستتر بوو و سیاسەتی عێراقیان لە بەرانبەر هەرێمی کوردستان لا پەسەند نەبوو. کاتێک مەسعود بارزانی[4] سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتە ئەوەی کە عێراق تەواو

[1] کوردی باشووری کوردستان بە یاسایەکی ستەماوی و سەپاو بۆنەتە عێراقی و ناسنامەی عێراقی بۆ کورد شتێکی نامۆیە و سەریش ناگرێت. و

[2] کورد نابێ لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا وشەی دەوڵەتی ناوەندی بۆ عێراق بەکار بێنێت چونکە بەغدا لە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا ناوەندە و بۆ کورد بە ناوەندێکی سروشتی و ڕاستەقینە هەژمار ناکرێت. هەرچەندە لە ڕووی یاسای سەپاو ناوندیش بێت بەڵام لە ناو فەرهەنگی سیاسی کورد بە ناوەند ناو نەبرێت باشترە. و

[3] Sectarian

[4] مەسعود بارزانی ڕێبەر و مەرجەعی نەتەوەییە لە ناو کوردەکانی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا. ئەو لە بنەماڵەیەکی ناسراوە کە بە درێژایی مێژووی کوردستان ڕۆڵی بەرچاویان لە

لاواز بـووه کـاتی ڕیفرانـدۆمی بـۆ سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان لە عێـراق ڕاگەیانـد. عێـراق کە خەریکـی جەنـگ لەگەڵ داعـش بـوو سـتراتیژێکی دیـاری لە بەرانبەر ئەم سـەربەخۆییەدا نەبوو و تەنها ئەو کارەی بە هەڵوەشانەوەخوازی، ناسەقامگیری[١] و نائەهوەنی لە خۆرهەڵاتی ناوین دادەنا. هەڵوێستی ئیسـرائیل لە بەرانـــبەر ســــەربەخۆیی کوردســــتان دیـــار و ڕوونە و پشـــتیوانی لێـــدەکرد. عەرەبستان لە بەرانبەر سـەربەخۆیی کوردسـتان سیاسـەتێکی نادیار و دووڵایـی هەبوو. ویلایەتە یەکگرتووەکان کاتی گشت پرسییان بە باش نەدەزانی و زیاتر لە ســەر یەکپارچەیـی عێـراق پێـداگرییان دەکـرد؛ ســەرئەنجام چەنـد ڕۆژ دوای ڕاگەیانـدنی دەرئەنجـامی گشــت پرســی هێزەکـانی حەشـدی شــەعبی[٢] بەرەو کەرکووک چوون و ناوچە بەنەفتەکانی هەرێمی کوردستانیان گرت و ئەم نـاوچە پڕنەفتەیـان دیسـان تەعریـب[٣] کـردەوە. لە دەرئەنجامـدا سـەربەخۆیی کوردسـتان کەوتە لێڵایی یا لانی کەم دوا کەوت.

بە سـەرنجدان بەو بابەتـانەی بـاس کـران ئەو پرسـیارە دێـتە پـێش، ئایـا سـەربەخۆیی نـاوچەیەکی خۆسـەر لە خـۆرهەڵاتی نـاوین گرینگتـرین سـەرچاوەی ناسـەقامگیری و نـائەهوەنییە؟ جگە لەوەی کە سـەربەخۆیی نـاوچەیەک دەتـوانێ دەسـەڵاتی دەوڵەتێک تووشی گرفت بکات ئایا دەتوانێ لە سەر بـازنەی ئاسـایشـی

---

گۆڕانکارییەکاندا هەبووە و ڕابەرایەتی ڕێگای ئازادیخوازیی کوردیان لە کوردستانی گەورەدا کردووە.

[١] Instability

[٢] Hashd Al-Shabi…

...زۆر لە وڵاتانی ئیدۆلۆگ هەوڵ دەدەن دوو هێزیان لە ناو وڵاتدا هەبێت؛ یەکێکیان پارێزگاری ئایدۆلۆژیایە و دەتوانێ ڕێگری لە کۆدەتا و ڕووخانی دەسەڵات بکات. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە خاوەنی دوو هێزی سەرەکی، سوپای پاسدارانی ئینقیلابی ئیسلامی و ئەرتەشی ئێرانە؛ سوپا پارێزگاری لە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیی دەکات. پێدەچێت ئێران ئەم مۆدێلە سەربازییەی بۆ دەسەڵاتی شیعەی عێراقیش دانابێت. و

[٣] پلانی گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان لە لایەن حکوومەتەکانی عێراق لە سەرەتای دروست- بوونی عێراق تا ٢٠١٧ دەدیترێت کە هەندێک جار جینۆسایدیشی لەگەڵدا بووە.

شوێنێکی وەک خۆرهەڵاتی ناوین کاریگەری دابنێت؟ ئایا گروپە نەتەوەییەکان وەک ئەکتەرانی نادەوڵەتی توانای گۆڕانی ناوچەییان هەیە؟

ئەم تــوێژینەوەیە بە دوای ئەوەدایە تــاکو بە ســوودوەرگرتن لە ڕوانــگەی ڕەخنەیــی ئاســایش، ســـەرەتا شـــرۆڤەیەکی ڕوون و ڕۆشـــنی ڕوانـــگە جۆراوجۆرەکــانی ئاســایش لە نــاو جیهــانی ســێیەم بکــات؛ دواتــر بە شــی-کردنەوەیەکـی گشـتگری بـازنەی ئاسایشـی خـۆرهەڵاتی نـاوین ڕۆڵـی هۆکـاری نادەوڵەتی لە سەر کەوڵ و بازنەی ئاسایشی کۆمەڵەیەکی ناوچەیی لێکبداتەوە. هەروەهــا بە شــێوەیەکی بــابەتی وەڵامــی ئەم پرســیارە بــداتەوە کە ئایــا ئەگەر هەرێمـی کوردسـتان سـەربەخۆ بێـت دەتـوانێ کـاریگەری لە سـەر ئاسایشـی نــاوچەیی هەبێــت؟ بــۆ ڕوونبــوونەوەی وەڵام بە نەرمەئــامرازی شــیکردنەوەی داتـای «پریسـم[١]» ڕۆڵـی هەر یەک لە گۆڕاوەکـان لە سـەر پرسـی کوردسـتان لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؛ دواتر کـاریگەریی پرسـی کوردسـتان لە سـەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین شی دەکرێتەوە. هەروەها وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە کە ئایا ئەم کاریگەرییە ئەرێنیە یا نەرێنی؟ لە کۆتاییدا بە ناساندنی دوو ڕەوت[٢] لە مامناوەنــدمــاوەدا، تــا ٢٠٣٠ی زایینــی، داهــاتووی کوردســتان و ئاسایشــی خۆرهەڵاتی ناوین شی دەکرێتەوە. ناساندنی ئەم ڕەوتانە بە واتای پێشنیار بۆ داهـاتووی کوردسـتان و هـیچ شـوێنێکی دیـکە نـیە و لە ڕاسـتیدا ئامـاژەدان بەم ڕەوتانە پێشبینی هاتنەکایەی تەواوی دەوڵەتی کوردستان نیە لەم ماوەیەدا.

### ١-١- پرسیارەکانی توێژینەوە

**پرســیاری ســەرەکی:** لێکەوتەکــانی ســەربەخۆییخــوازی - هەڵوەشــانەوە-خوازیی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاسایشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین چین؟

**پرسیاری لاوەکی**

[١] PRISM
[٢] Trend

- ڕوانگەی جۆراوجۆری ئاسایشی ناوچەیی کامانەن؟
- تایبەتمەندییەکانی بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین چین؟
- لێکەوتەی سەربەخۆییخوازیی هەرێمی کوردستان بۆ سەر بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین چین؟

### ١-٢- گریمانەکانی توێژینەوە

**گریمانەی سەرەکی:** سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لێکەوتەی جۆراوجۆری لە سەر بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناویندا دەبێت؛ لەوانە دەتوانین ئاماژە بە نێودەوڵەتیبوونی پرسی نەتەوەیی،[١] هەڵوێستی گەمەکارانی ناوچەیی، هەڵوێستی ئەکتەرانی نادەوڵەتی، کاریگەری زەینی و دەروونی لە سەر ئەکتەرانی دیکەی نادەوڵەتی بکەین.

**گریمانەی لەدژ:** سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە سەر بازنەی خۆرهەڵاتی ناوین لێکەوتەی نابێت و هیچ کام لە ئەکتەرانی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی ناویندا ناکەونە ژێر کاریگەری پرۆسەی سەربەخۆییخوازیی هەرێمی کوردستان.

### ١-٣- گۆڕاوەکان

لەم توێژینەوەیەدا ئاسایشی ناوچەیی گرێدراوی گۆڕاوی سەربەخۆی وەک کاریگەری هێزەکانی جیهانی، هێزەکانی ناوچەیی و گروپەکانی بانەتەوەییە. بە سەرنجدان بە گۆڕاوی خێرای سیاسەتەکان و زۆری جۆری گۆڕاوەکان دەبێ بڵێین کە گۆڕاوی کاریگەر و نیوەنجی لەو نێوەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. بۆیە

---

[١] نووسەر بەپێی سەرچاوەکان لە زۆر شوێندا لە جیاتی نەتەوە وشەی قەومی بەکار هێناوە؛ بەڵام مەبەستی لە قەوم نەتەوەیە بۆیە لە وەرگێڕاندا لەو جێیانەی کە مەبەستی لە قەوم نەتەوە بێت وشەی نەتەوە بە کار هاتووە. و

پرسی هەڵوەشانەوەخوازیی لە سەر بنەمای دوو ڕەوتی توندوتیژی و ئاشتیانە وەک گۆڕاوەی نێوانیی ئەنجام دەدرێت.

وێنەی ١: گۆڕاوەکان

**گۆڕاوی سەربەخۆ:**

کاریگەری هێزەکانی جیهانی، ناوچەیی و گرووپەکانی بان نەتەوەیی

**گۆڕاوی نێوەنجی:**

پرسی هەڵوەشانەوە خوازی لە سەر بنەمای دوو ڕەوتی توندوتیژی و ئاشتیانە

**گۆڕاوی گرێدراو:**

ئاسایشی ناوچەیی

## ١-٤- گرینگی توێژینەوە

بە گرینگبوونی پرسی قەومی - نەتەوەیی و کێشە نەتەوەییەکان لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا و گرینگبوونی پرسی مافی مرۆڤ و مافی کەمینە، سەربەخۆییخوازیی گرووپەکانی نەتەوەیی، لەو وڵاتانەی کە چنینێکی مۆزاییکی نەتەوەییان هەیە، گرینگی خۆی پەیدا کردوە. سرشت و ماکی داواکاری وەک مافی چارەنووس و سەربەخۆییخوازیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاسایشی کۆمەڵگاکان بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم پرۆسەیە. سەربەخۆییخوازیی یا جیابوونەوەخوازیی دەتوانێت ئاسایشی دەروون سیستەمی و ئاسایشی پانتایی دەوروبەری خۆی بخاتە ژێر کاریگەری و شێوەیەکی نوێی نەزمی ناوچەیی

بێنێتە کایەوە. هەروەها بابەتی ئاسایشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین وەک یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و بابەتی ناوچەیی لە بەر باسە و زۆربەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و ستراتیژیکی، وەک سەرەکیاتێک، خەریکی پرسە جۆراوجۆرەکانی خۆرهەڵاتی ناوینن.

لە دیدگای ئابووریی سیاسی، ئیسلامگەرایی، ئیسلامی سیاسی و تیرۆریسم، خۆرهەڵاتی ناوین بەردەوام جێی سەرنج بووە. لەو ناوەدا، کێشە و پێکداهەڵچوون هەمیشە سەرچاوەی ناسەقامگیری بووە لە ناو دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین. ئەم ناپایەداری و نائەهوەنیە گەیشتۆتە شوێنی دیکە و ناوچەکانی دیکەش کەوتونەتە ژێر کاریگەری کەشی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین. کێشەی نێوان دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوین بەشێکی گرینگی ناسەقامگیری لەخۆدەگرن؛ بەڵام بە گرینگبوونی بابەتی نەتەوەیی و مەزهەبی و گرینگی پەیداکردنی ڕۆڵی گروپی نەتەوەیی و مەزهەبی لە ناو جغزی سیاسی و ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین بابەتی ئاسایش لەم ناوچەیەدا ڕەهەندی دیکە وەردەگرێت. بە دەرکەوتنی لایەنەکانی نەتەوەیی و مەزهەبی وەک یاریکەری نوێی نادەوڵەتی لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا و بۆ ئەوەی بزانین کە ئەم گروپە نەتەوەیی - مەزهەبیانە چۆن دەتوانن لە ناو کۆمەڵەیەکی ئاسایشییدا کاریگەری دابنێن، بابەتی ئاسایش لەم ناوچەیە پێویستە. چۆنیەتی کاریگەری ئەم یاریکەرە نادەوڵەتیانە لە سەر بابەتی ئاسایش یەکێکە لە باسە گرینگ و پێویستەکان. بە تایبەت لە بارەی خۆرهەڵاتی ناوین کە پرسی ئاسایش لە ژێر کاریگەری بابەتگەلێک دایە. بۆیە پێویستی پرژانە سەر پرسی کاریگەری گروپگەلی بان-نەتەوەیی لە سەر ئاسایشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین و پشتیوانیی نێونەتەوەیی و ناوچەیی لێی، دەتوانێ تێگەیشتنێکی زۆری ئاسایش لە ناو کۆمەڵەی ئاسایشیی بە تایبەت لە ناو کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین بێنێتە کایە و مەتەڵی ئاسایش لەم ناوچەیە زیاتر ڕوون بکاتەوە.

**١-٥- ئەدەبیاتی توێژینەوە**

ئەگەرچی لێکۆڵینەوە و کاری زۆر لە بارەی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی دەوڵەتی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان کراون؛ بەڵام لە سەر لێکەوتەکانی سەربەخۆیی - جوداییخوازیی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاسایشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین کەمتر کار کراوە. نوێتی و تازەبوونی ئەم بابەتە لە خۆرهەڵاتی ناوین هۆکاری سەرەکی کارنەکردنە لە سەر بابەتی چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین. هەرچەندە کە لە بارەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین توێژینەوە کراون، بەڵام بە شێوەی بابەتییانە، لێکۆڵینەوەکانی پێشتر کاریگەری گۆڕاوی ناونەتەوەیی و بان-نەتەوەییان لە سەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین نیشان نەداوە. ئەگەر چی لێکۆڵینەوەیەکی ڕوون لە سەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناویندا کراوە، بەڵام ڕووی نەتەوەیی - دەوڵەتی یا ڕووی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەبووە. واتا لێکۆڵەران تەنها باسی هەندێ شێوەی ئاسایشییان لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا کردووە کە ماکێکی دەوڵەتی یا باندەوڵەتییان هەبووە. هەروەها، بەوپێیەی کە بزوێنەری بزوتنەوەکانی نەتەوەیی، ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی و باسی شوناسن کەمتر توێژینەوە لە سەر پرسی شوناس و پرسی پەیوەندیی نێوان شوناس و ئاسایش ئەنجام دراوە؛ بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێ پرسی شوناس و ئاسایش بداتە بەر باس و هەروەها لە دۆزی کورد وەک گۆڕاوێکی باننەتەوەیی و قەومی لە سەر ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین بدوێ. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێ لێکۆڵینەوە دراوە:

**١) جیۆپۆلۆتیکی هەرێمی کوردستان**

کتێبی جیۆپۆلۆتیکی هەرێمی کوردستان، نووسینی دکتۆر حەمیدڕەزا محەمەدی و حوسێن خالیدی، کتێبێکی کاریگەرە بۆ ناسینەوەی پانتایی

جیۆپۆلۆتیکی و پۆتانسێل و تەنگاییەکانی جوگرافیی هەرێمی کوردستان.[1] ئەم پەرتوکە، خۆسەری کورد لە هەرێمی کوردستان و کاریگەریی کەلتوری - رامیاریی هەڵقولاوی ئەم دۆخە لەو دەوڵەتانەی کە خاکی کوردیان تێدا، بە تایبەت ئێران، شی دەکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی جیۆپۆلۆتیکی پرۆسە ئاڵۆز و لێکەوتە ئەگەرییەکانی هەڵقولاوی خۆسەری هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە دەخاتە ڕوو. نووسەرانی ئەم کتێبە لە سەر ئەو بڕوایەن کە هەلە ڕەخساوەکانی دۆخی ئەم دوو دەیەی دوایی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران زۆر زیاترن لە هەڕەشەکان. نووسەران بە ڕووخستنی پوختەیەکی جیۆپۆلۆتیکی هەرێمی کوردستان و پرژانە سەر پرسە چالاوییەکانی هەرێمی کوردستان دەیانەوێ توانای کاریگەری عێراق لە سەر دەوروبەر و کاریگەری حکوومەتی ناوچەیی هەرێمی کوردستان لە سەر دەوروبەر بدەنە بەر باس و کۆڵینەوە. بۆ وێنە ئەوان کاریگەری دەستووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە یەکێک لە تواناکانی گرینگی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر دەوروبەر دەزانن. ئەم دەستوورە خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانەیە: دیموکراتیک و گەلمەداربوون، ڕێزگرتن لە مافی ژن، ڕێزنان لە مافی پێکهاتەکان، گرینگیدان بە سیمبول و هێمای نەتەوەیی، گرینگیدان بە فێرکردن و پەروەردە و زانکۆ، گرینگیدان بە دۆخی کەلتوری - شوناسیی کورد لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین. ئەم تایبەتمەندییانە کاریگەرییان لە سەر وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین هەیە. ئەم کتێبە، لە بەشی کاریگەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر دەوروبەر، ئاماژە بەوە دەکات کە دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە هۆی بەهێزبوونی فەرهەنگی کوردی. کاریگەری زەینی و دەروونی لە ئەنجامی سەقامگیریی حکوومەتێکی ناوچەیی لە هەرێمی کوردستان پەلی بۆ کوردەکانی خۆرهەڵاتی ناوین هاویشتووە. یەکێک لەو کاریگەرییانە بەرزبوونەوەی ئاستی

[1] ژئوپلیتیک اقلیم کردستان، حمیدرضا محمدی.

باوەڕبەخۆبوون و هیوایە لە نێو کوردەکانی خۆرهەڵاتی ناوین. کاریگەرییەکانی دیکە بریتین لە بەهێزبوونی ئایدۆلۆژیای هەڵقوڵاوی ناسیۆنالیسمی کوردی، بەرزبوونەوەی داخوازیی لە دەوڵەتی ناوەندی، پشتیوانیکردنی کوردەکانی وڵاتانی دەوروبەر و گەشبوونی بازەرگانی کە لەم کتێبەدا بە شێوەیەکی تێروتەسەل ئاماژەی پێدراوە. (محمدی، ١٣٩١)

## ٢) سەربەخۆیی سیاسیی هەرێمی کوردستان؛ تەنگایی و توانای جیۆپۆلۆتیکی

ئەم توێژینەوەیە[١] نامەی قۆناغی ماستەری ئەحەد محەمەدییە کە بە شێوەی کتێب ڕێکخراوە. لە سەرەتادا پێناسەی چەمکی جوگرافی و سەرەکیات و پێکهاتەی سەرەکی جوگرافی هەرێمی کوردستانی کردووە؛ لە درێژەدا لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی هەرێمی کوردستانی وەک دانیشتووان، ئایین، نەژاد و زمانی کوردی دواوە. دواتر باسی چۆنیەتی دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تایبەتمەندییەکانی ئەم حکوومەتە دەکات. ئەم لێکۆڵینەوە لە سەرتای ستراتیژی ناوچەی قەدەغەکردنی فڕین لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست پێ دەکات و دواتر باسی جەنگی ناوخۆیی لایەنەکانی کوردی لە ساڵانی (١٩٩٨-١٩٩٤) دەکات. محەمەدی لە تەنگایی و توانای جیۆپۆلۆتیکی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەدوێت. ئەو خاڵە گرینگەی کە لەم پەرتوکەدا ئاماژەی پێدراوە ئەوەیە کە هەموو تەنگایی و پۆتانسێلەکان بە شێوەیەکی بەرین لە ئاستی ناونەتەوەیی، نەتەوەیی و بان-نەتەوەیی باس کراون. جگە لەوە کێشەی جۆراوجۆری نێوان وڵاتانی گرێدراو بە هەرێمی کوردستانیش بە شێوەیەکی ڕوون باس کراوە. بۆ نموونە کێشەی ئێران و تورکیا، کە بەشێکی کورد و خاکی کوردستانیان لە ناوە، و کاریگەریان لە

---

[١] استقلال سیاسی اقلیم کردستان؛ تنگناها و پتانسیلهای ژئوپلیتیکی، احد محمدی.

سەر هەرێمی کوردستان هەیە. هەروەها لە هەڵچوونی نێوان ئێران و ئیسرائیل، کە چۆن کاریگەری دەنێتە سەر ڕەوتی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، دەدوێت. (محمدی، ١٣٩٤)

### ٣) کورد لە نێوان جەنگی ئێران و عێراق؛ تاوتوێی کاریگەریی جەنگ لە سەر جوڵانەوەی خەباتی کورد

ئەردەشێر پەشەنگ لەم کتێبەدا[١] لە سەر پەیوەندیی نێوان لایەنەکانی کوردی ئێران و عێراق لە دوای شۆڕشی[٢] ١٩٧٩ی ئێران لە ماوەی جەنگی ئێران - عێراق (١٩٨٨-١٩٨٠) ورد بۆتەوە. دوای شرۆڤەی بنەماکانی تیۆری و باسی مێژوویی پەیوەندار بە کورد لە خۆرهەڵاتی ناوین، جوڵانەوەی خەباتی کوردی عێراق (١٩٧٩-١٩١٩) شی دەکاتەوە. لە درێژەدا ڕامانی سەرەکی نووسەر لە سەر پرسی هاوکارییەکانی ئێران و لایەنەکانی کوردی لە ماوەی جەنگی ئێران-عێراقە. ئەو بە وردبوونەوە لە سەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٨٠ و گۆڕانکاری ناوخۆیی ئاستی ناوسیستەمی عێراق، خەریکی هەڵسەنگاندنی دۆخی کورد دەبێت. دواتر زۆر بە وردی هەڵوێستی سەربازی لایەنی کوردی [عێراق][٣] بە درێژایی جەنگی ئێران - عێراق دەداتە بەر باس. بۆ نموونە سەرنج دەداتە بەر هەموو چالاکییەکانی سەربازی هاوبەشی ئێران و

---

[١] کردها در میانەی جنگ ایران و عراق؛ بررسی تأثیر جنگ بر جنبش مبارزاتی کردها، اردشیر پشنگ

[٢] ڕەنگە وشەی شۆڕش نەتوانێ واتای ئینقیلاب بدات. بەڵام چونکە تازە وشەکە جێکەوتووە لێرەش هەروا دانراوەتەوە. و

[٣] هەندێک جار بۆ ڕوونتر قسەکردن، وشەی زیاتر خزاونەتە ناو وەرگێڕانەکە و وشەکانیش خراونەتە ناو [...].

پێشمەرگەکانی کوردی باشووری کوردستان[1] و دواتر باس لەوە دەکات کە جەنگی ئێران - عێراق بووە هۆی زیندووبوونەوەی بزوتنەوەی خەباتی کورد. ئەم زیندووبوونەوە لە سێ ئاست کەوتۆتە بەر کۆڵینەوە:

ئەلف: ئاستی ناوخۆیی کە ئەمانە لە خۆ دەگرێ:

١. ڕێکخستنی لایەنەکان و هێزە بڵاوەکان؛

٢. زیندووبوونەوەی توخمی ڕێبەری لە ناو بزوتنەوەی خەباتی کورد؛

٣. بەرزبوونەوەی توانای سەربازی لایەنەکانی کوردی لە [عێراق]؛

٤. یەکگرتنەوە لەگەڵ گروپەکانی دیکەی کورد؛

٥. گشتگیری جوڵانەوە لە نێو گەل.

ب: لە ئاستی نەتەوەیی (پەیوەندی و پرسی نیوان کوردەکان لەگەڵ دەوڵەت و گروپەکانی دیکەی ناکوردی) کە بریتین لە:

١. کێشانە سەر چاڵی دەسەڵات و نفووزی عێراق لە کوردستان؛

٢. وەرگرتنی ئیمتیازی زۆر لە دەوڵەتی بەغدا؛

٣. کوردەکان بوونە لایەنی سەرەکی نەیاری عێراق.

ج) لە ئاستی ناوچەیی:

١. بە دەست هێنانی پشتیوانی ناوچەیی (ئێران و سوریا)؛

٢. بوون بە ئەکتەرێکی کاریگەر لە جەنگی ئێران و عێراق؛

٣. بەرزبوونەوەی سەنگی ڕێبەرانی سیاسی کوردستان.

د: لە ئاستی نێونەتەوەیی:

١. بە نێونەتەوەییبوونی دۆزی کورد.

### ٤) کوردەکان؛ ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو

---

[1] نووسەر لەم ڕستەیەدا هەرێمی کوردستانی بەکارهێناوە بەڵام لە وەرگێڕاندا باشووری کوردستان بە کار بێت باشترە؛ چونکە ئەو کات هەرێمی کوردستان بە واتای سیاسی دروست نەببوو. ناوی هەرێمی کوردستان ناوێکی سیاسیە و دوای ساڵی ١٩٩١ی زایینی دانراوە. و

کەریم یەڵدیز توێژەری مافی مرۆییە و لە دەلاقەی مافی مرۆڤ ئەم کتێبەی[1] داناوە. لە بەشی یەکەمدا باسی ڕابردووی کورد دەکات هەر لە پەیمانی سیڤەر[2] و دروستبوونی عێراق تا جەنگی دووەمی کەنداوی فارس بە شێوەیەکی مێژوویی. لە بەشی دووەم لەبارەی عێراق و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەمبەر عێراق، بە تایبەتی کورد، زیاتر دەدوێ. هەروەها پرسی مافی مرۆڤ و دادگاکانی تاوانی جەنگی و پرسی مرۆڤ دۆستانە خاڵی جێ سەرنجی یەڵدیزن. لە بەشی سێیەمیش دێتە سەر داهاتووی هەرێمی کوردستان و بە پشتبەستن بە مافی سروشتی و مافی چارەنووس و خۆسەری، داوای کورد بۆ چارەنووس و پرسی ئابووری هەرێمی کوردستان دەداتە بەر باس. باسێکی گرینگتر کە یەڵدیز هاتۆتە سەری پرسی دادگاکانی تاوانی دژ بە مرۆڤە و دەوڵەتی عێراقی تاوانەکانی حکوومەتەکانی عێراقیان لە دژی کورد چۆن داناوە و داهاتووی ئەم دادگایانە چۆن دەبێت. هەروەها یەڵدیز بە شرۆڤەی چەمکی عەرەباندنی[3] نیشتیمانی کورد، بە دیدێکی مافپەروەرانە، ڕێکاری ئاشتیانەی خاوەندارێتی ئەو زەویانەی کە دراونەتە عەرەبەکان دەخاتە ڕوو.

### ٥) بەهاری کوردی؛ نەخشەی نوێی خۆرهەڵاتی ناوین

ئەم کتێبە[4] لە لایەن دەیڤید فیلیپس[5] نووسراوە. شرۆڤەی خاڵبەخاڵی دۆزی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوین و داهاتووی خۆرهەڵاتی ناوین لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی کوردی تێدایە. ئەم کتێبە بە وردی دۆزی کورد لە

---

[1] کردها؛ گذشته، حال و آینده، کریم یلدیز

[2] Treaty of Sèvres

[3] Arabization

[4] بهار کردی؛ نقشه‌ی جدید خاورمیانه

[5] David Phillips

خۆرهەڵاتی ناوین دەپشکنێتەوە. بێرنارد کۆشنێر[1] وەزیری پێشووتری فەرەنسا، پێشنیاری کردبوو کە لە کاتی سەر لێشێوان لە سەر ڕەوتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ دەیڤید فیلیپس بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بتوانن جیاوازیی نێوان ڕەوتە گرینگ و لاوەکیەکان ببینن. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٦) فیلیپس لەم کتێبەدا دۆخی کوردەکان لە ناو سێ وڵاتدا شی دەکاتەوە. دوایێ لێکدانەوە بۆ دۆخی پێشکەوتن و دەستکەوتیان لە هەر سێ وڵاتدا دەکات. بۆ نموونە دەستکەوتی کوردەکان لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ی زایینی بە خۆبەڕێوەبردن دادەنێت. لە تورکیا وەپێشکەوتنی پرۆسەی ئاشتی ئیمراڵی و لە سوریا، لە دەستهاتەکانی کورد لە دوای جەنگی داعش دەدوێ. دواتر هەندێ هەل بۆ کوردەکانی عێراق دەخاتە ڕوو. فیلیپس پێی وایە کە کوردەکان لە عێراق دوای لاوازبوونی دەوڵەتی بەغدا بەرەو پرۆسەی سەربەخۆیی ڕۆیشتن و تا کاتی گشتپرسی لە ساڵی ٢٠١٧ی زایینی مەترسی و هەلگەلێک بۆ کوردەکان دەکێشێتەوە. تەنانەت فیلیپس پێی وایە کتێبەکەی داستانی هیوای پێشکەوتن و گۆڕانکارییە بۆ کورد تا بەرەو گەیشتن بە ئارەزوو و خەونی نەتەوەییان بگەن.

## ٦) تاوتوێی پرسی کەرکوک لە ناو گۆڕانکارییەکانی سیستەمی فیدراڵیی عێراق لە دوای ڕووخانی سەدام

ناوونیشانی سەرەوە[2] ماستەرنامەی محمد کاکحمدە بە زمانی فارسی کە لێکۆڵینەوەی قەیرانی کەرکووکە لە چوارچێوەی تیۆری کێشەی جیۆپۆلۆتیکی. ئەو بە سەرنجدان بە پۆتانسییڵەکانی بە هێزی جیۆستراتیژی و جیۆئیکۆنۆمیکی هەرێمی کوردستان، گۆڕانکاری جیۆپۆلۆتیکی هەڵقولاوی مەیدانی موگناتیسی کەرکووکی لە لایەن هێزەکانی دژەجیۆپۆلۆتیک وێنا کردووە. هەروەها

---

[1] Bernard Kouchner

[2] بررسی مسألەی کرکوک در تحولات نظام فدرال عراق بعد از سقوط صدام، محمد کاکحمد.

کاریگەری و چوونە ژێر کاریگەری قەیرانی کەرکووکی لە ئاسایشی ناوچەکە بە تایبەتی کێشەکانی عێراقی دوای ڕووخانی حزبی بەعس لێک داوەتەوە. لەم توێژینەوەیەدا جگە لە تایبەتمەندییەکانی جوگرافی، مێژوویی، ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان، پرسی کەرکووکی بە خاڵی سەرەکی کێشە لە عێراق و هۆکاری گۆڕانکاری جیۆپۆلۆتیکی داناوە. لە ڕاستیدا، دۆخی هەرێمی کوردستان و ناوچەی گرێداوە بە قەیرانی ناوچە نەفتییەکانی کوردستان کە ڕاستەوخۆ لە سەر ئاسایشی ناوچەکە کاریگەریان دەبێ. بۆیە ڕۆڵی ئەکتەرانی ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و بانناوچەیی شی دەکاتەوە. (کاکحمد، ١٣٩١) هەرچەندە نووسەر لە کۆڵینەوەی پرسی کوردستان و بە تایبەتی کەرکووک هەندێ سیناریۆی پێشبینی کردوون و لەوانە بەرچاوترینیان ئەگەری گۆڕانی جیۆپۆلۆتیکی بە نزیک دادەنێت؛ بەڵام ئەوەی کە نووسەر لە قەڵەمی خستووە بابەتی لێکەوتەکانی ئەم گۆڕانە جیۆپۆلۆتیکەن کە یەکێکیان سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە.

**٧) Kurdistan rising?**

ئەم کتێبە کاری میشێل ڕۆبینە[١] کە لە بۆنگای لێکۆڵینەوەکانی ئەمریکان ئینتەر پرایز[٢] چاپ کراوە. ئەمە یەکێکە لەو کتێبانەی کە لە بارەی داهاتووی کوردستان لە دوای سەربەخۆیی بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە. سەرهەڵدانی کوردستان کتێبێکە کە پێش گشتپرسی سێپتامبەری ٢٠١٧ نووسراوەتەوە و نووسەر لەم پەرتوکەدا چۆتە سەر دۆزی کورد لە عێراق و تێبینیەکانی وڵاتانی هاوسێی هەرێمی کوردستان و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین. نووسەر دەیەوێ وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بداتەوە:

١- کوردەکان کێن؟

---

[١] Michael Rubin
[٢] American Enterprise Institute

٢- ئایا ئەم ساتە مێژووییە بۆ کورد دەبێت؟

٣- کوردەکان چییان دەوێت؟

٤- ئەو وڵاتـــانەی کوردســـتانی دوای ســـەربەخۆیی بە فەرمـــی دەناســـن کامانەن؟

٥- ڕێژەی کاریگەری ئابووری کوردستان چەندەیە؟

٦- ئایا دەوڵەتی داهاتووی کوردستان بە دەوڵەتێکی یاسایی دادەنرێت؟

٧- کوردستان کامە خزمەتگوزاری دەداتە شارمەندانی خۆی؟

٨- ئایا دەوڵەتی کوردستان دەتوانێ بەرگری لە هەڵوێستەکانی دیپلۆماتیکی و سەربازی خۆی بکات؟

٩- ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی ڕێکی لە بارەی کورد هەیە؟

نووســـەر بە نمـــوونە هێنـــانەوە بە ســـنووردارییی هەڵقـــوڵاوی نـــاوچەگەرایی خۆرهەڵاتی ناوین، دۆخەکە بۆ کوردستان لە دوای سەربەخۆیی پڕ لە مەترسی و ئاڵۆز دادەنێت. ئەو دەڵێ هێشتا کۆگری ناوچەیی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دروست نەبووە و ڕەنگە کوردستان تووشی چاڵی جۆراوجۆری ناوخۆیی و دەرەکی ببێتەوە. هەندێ لە پارتەکانی کوردی ڕێگرن لەبەردەم سەربەخۆیی و لە ڕووی ناوچەییش وڵاتانی ئێران و تورکیا لە گەڕانەوەی ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردی بۆ سەر کوردستان هەراسان بوونە. بۆیە بەپێی ڕەهەندی ناوچەییش کوردستان ڕووبەڕووی ڕێبەندی زۆر دەبێتەوە. کۆسپێکی دیکە لە سەر ڕێگای سەربەخۆیی ئەوان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک زلهێز و هێزێکی جیهانی، سیاسەتێکی ڕێکوپێکی لە بارەی کوردەکان نیە. یەکێک لەو ئاستەنگە سەرەکیانەی کە لە پڕۆسەی سەربەخۆیی تووشی کوردەکان بۆتەوە، ناڕوونی هەڵوێستێکی دیار و پێویستی سیاسەت دانەرانی ئەمریکییە.

## Regional Implications of an Independence Kurdistan ٨)

ئەم وتارە کە لە لایەن بۆنگای توێژینەوەی ڕاند[1] بڵاو بۆتەوە، لە لایەن عەلیڕەزا نادر توێژەری سەرەکی بۆنگای توێژینەوەی ڕاند و توێژەرانی دیکە نووسراوە. لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵی نادر و هاوکارانی بۆ ئەوەیە تا لێکەوتە ناوچەییە بەهێز و چاوەڕوانکراوەکانی کوردستانێکی سەربەخۆ لە سەر خۆرهەڵاتی ناوین شی بکەنەوە و بە تایبەتی پەرچەکرداری ئەگەری سێ هاوسێی سەرەکی ئێران، تورکیا و عێراق لە بارەی سەربەخۆیی کوردستان بدەنە بەر باس. هەروەها ئەو سیناریۆ جۆراوجۆرانەی وڵاتانی ئێران، تورکیا و عێراق کە ئەگەریان هەیە بیگرنە بەر هەڵسەنگێنن. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی مێژوویی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان - ئێران، هەرێمی کوردستان - تورکیا و هەرێمی کوردستان - عێراق لێکداوەتەوە. دواتر کاریگەری ناسیۆنالیسمی کوردی لە سەر هەر سێ وڵات باس کردووە. دواتر بۆ هەر وڵاتێک پەرچەکردارێکی ئەگەری پێناسە کردووە کە لە کاتی ئەگەری دروستبوونی سەربەخۆیی کوردستان هەر یەک لەم وڵاتانە دەیگرنەبەر.

دەکرێ خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە بە بەراورد لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشتر بە چەند خاڵ باس بکرێت: یەکەم: ئەم توێژینەوەیە بە دوای لێکەوتە ئەگەرییەکانی سەربەخۆیی کوردستانە لە سەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین. هیچ کام لە توێژینەوەکانی پێشوو کاریان لە سەر کاریگەریی سەربەخۆیی کوردستان لە سەر ئاسایش نەکردووە. ڕاستە محەمەدی لە پەرتوکی "*جیۆپۆلۆتیکی هەرێمی کوردستان*" چۆتە سەر کاریگەرییەکانی هەرێمی کوردستان لە سەر پانتایی دەوروبەر، بەڵام ئەو هەرێمی کوردستانی تەنها لە ناو دەوڵەتی عێراق دیوە و هەورازتری (واتا دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان)ی نەدیوە و دۆخێکی بۆ پێشبینی نەکردووە.

---

[1] Rand Corporation

دووەم: توێژینەوەکانی ڕابردوو تەنها هەندێ لە وێستگەی مێژوویی هەرێمی کوردستانیان شی کردونەتەوە. بۆ نموونە ئەردەشێر پەشەنگ لە بەرهەمەکەی خۆیدا تەنها باسی پەیوەندیی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانی لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق کردووە و تەنها ڕووی شیکاری گێڕانەوەیی لە بەرچاو گرتووە. بەڵام ئەم توێژینەوە دەیەوێ لە مەودایەکی ماوەییدا واتا تا ساڵی ٢٠٣٠ دۆخی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی ئەم هەرێمە لەگەڵ وڵاتانی ناوچە لێکداتەوە.

سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو ئاستگەلی شیکاری دیاریان بۆ شیکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین لێک نەداوەتەوە. تەنانەت لە بارەی ناسیۆنالیسم و بابەتەکانی شوناسیش بە ڕێبوار تێپەڕیون. لە کاتێکدا خوێندنەوە ئاسایشییەکان لە سەر شوناس یەکێکن لە واتا سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە کە چۆن شوناس دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی هەرەشە و جەمسەری ئاسایش و شوناس چۆن کاریگەرییان لە سەر کەشی ناوچەکە دەبێت. هەروەها ئەگەر ئاستی شیکاری دیاریکراویشیان لە بارەی کورد و خۆرهەڵاتی ناوین گرتبێتەبەر، پەیوەندیی نێوان ئەم ئاستانە لەبەرچاو نەگیراون. ڕاستە کە محەمەدی لە پەرتوکی "*سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و تەنگاییەکانی جیۆپۆلۆتیکی و پۆتانسیێلەکان*" ئاماژەی بە ئاستی شیکاری (ناونەتەوەیی، نەتەوەیی و بانەتەوەیی) داوە، بەڵام پەیوەندیی نێوان ئەم ئاستە شیکارییانەی لە بارەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو نەگرتووە.

چوارەم: لەبەرچاو نەگرتنی ڕێژەی چوونەژێر کاریگەری و کاریگەریدانانی گۆڕاوی سەربەخۆ، نیوانی و گرێدراو لەگەڵ یەکتری. ئەم توێژینەوەیە ڕێژەی کاریگەریوەرگرتن و کاریگەریدانانی سێ گۆڕاوی سەربەخۆ، نێوانی و گرێدراو لە سەر هەرێمی کوردستان بە خستنەڕووی هێلکاری شی دەکاتەوە و ڕێژەی کاریگەری هەر یەک لە گۆڕاوەکان شرۆڤە دەکات. لە کاتێکدا

توێژینەوەکانی پێشتر نەیانتوانیوە ڕێژەی کاریگەری وەرگرتن و کاریگەربوونی هەر یەک لە گۆڕاوەکان و تەنانەت یەک گۆڕاویش شرۆڤە بکەن.

پێنجەم: کاتی ئەم توێژینەوەی هاوکاتە لەگەڵ دوای ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ی زایینی. لێکۆڵینەوە و نووسینەکانی پێشووتر زیاتر پەیوەندییان بە ڕابردووە هەبووە یا پێش گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون. بۆیە ئەوان ئایندەیەکیان پێشبینی کردووە کە ڕەنگبێ لەگەڵ کەشی ڕاستەقینە جیاواز بێت و لە سەر بنەمای هەست و گومان بووبێت. چونکە هەر یەک لە وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی نێودەوڵەتی هەڵوێستی جیاوازیان نیمایش کرد. خاڵی براوەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بە هەڵسەنگاندنی هەموو وڵاتانی گرێدراو بە دۆزی کورد نووسراوەتەوە و یەک بە جۆری نیگا و سیاسەتی وڵاتانی ناوچەییە. لە ڕاستیدا ئەم توێژینەوە بۆیە جیاوازە چونکە تێگەیشتنێکی ڕوونتر و بەرینتری لە کەشی ناوچەکە خستۆتەڕوو و بە زموونندنی گریمانەکان ڕێژەی کاریگەری هێزەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی شی دەکاتەوە.

### ١-٦- میتۆدی کاری توێژینەوە

میتۆدی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لە سەر داهاتووبینی و ئایندەتوێژی[١] ورد بۆتەوە. چونکە توێژینەوەکە بە دوای لێکۆڵینەوەی لێکەوتەکانی ڕووداوێکە کە لە داهاتوودا ڕوو دەدات. شێوازەکە کۆکردنەوەی زانیاری، کتێبخانەیی و دیکیۆمێنتییە. بۆ شیکاری گۆڕاوی پەیوەندیدار بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان، سوود لە نەرمەئامرازی[٢] شیکاری داتای «پریسم» وەرگیراوە و سەرەتا لێکۆڵینەوە بۆ کاریگەری هەر یەک لە گۆڕاوەکان دەکرێت و ڕێژەی پەیوەندیی هەر یەک لە گۆڕاوەکان لەگەڵ یەکتر بە وێنەی هێلکاری نیشان دەدرێت. هەروەها بۆ تێگەیشتنی ڕوونتر لەبارەی دۆخی ئاڵۆزی کورد لە

---

[١] Futurologi
[٢] Software

هەرێمی کوردستان و داهاتووەکەی، لەگەڵ کارناس و شارەزایان و کۆمەڵگای بژاردە[١] و دانستەی عێراق و هەرێمی کوردستان چاوپێکەوتن دەکرێت.

### ١-٧- ڕێکخستنی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەش پێک دێت: بەشی یەکەم پوختەی توێژینەوەیە. بەشی دووەم لە ژێر ناوی باسە تیۆرییەکان، بە تیۆری هاوسەنگیی گشتگیری ستیڤن دەیڤید کار دەکات. بەڵام لەبەر گرینگی ئاسایشی ناوچەیی، سوود لە تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشیی باری بوزانیش وەرگیراوە. تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشیی باری بوزان ڕۆڵی تەواوکەری لەگەڵ هاوسەنگیی گشتگیر هەیە. بەشی سێیەمی توێژینەوەکە پانتایی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین شی دەکاتەوە. ئەم شیکارییە لە سێ ئاستی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی و دواتر ناونەتەوەیی و شوناسی ئەنجام دراوە. بەشی چوارەمیش بە ڕەوتتوێژی ورد پرسی کوردی لە هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٢٠ی زایینی تا دوای گشت پرسی ٢٠١٧ لە سێ ئاستی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی لێکداوەتەوە. بەشی پێنجەم لێکەوتەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی داوەتە بەر باس. سەرەتا گۆڕاوە دەست نیشان کراوەکان بە زموونەنی گریمانە دەزموونەدرێن و دواتر بە کێشانەوەی دوو ڕەوت، لێکەوتەی ئەگەریی سەربەخۆیی کوردستان لە سەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین شی دەکرێتەوە. لە کۆتاییدا دەرئەنجام و دەستهاتەکانی بەرهەمی توێژینەوەی نووسەر دەخرێتەڕوو.

[١] Elite

# بەشی دووەم:

# باسە تیۆرییەکان

**٢-پێشەکی**

چنەی مۆزاییکی نەتەوەکان، نەرمبوونەوەی سنوورەکانی دەوڵەت لە پاش گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی سارد و بەرینبوونی پرۆسەی جیهانیبوون،[١] دەستکردبوون و ناسروشتیبوونی سنووری دەوڵەت - نەتەوەکان لە جیهانی سێیەم و ناکامی پرۆژەی دەوڵەت - نەتەوەسازیی[٢] هۆکارگەلێکن بۆ ئەوەی بزاوتی گروپە نەتەوەییەکان بەرەو سەربەخۆییخوازیی[٣] و وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بچن. لە دوای ڕووخانی سۆڤیەت وەک گرینگترین ئاوەژووبوونەوە لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی و دواتر کۆتایی جەنگی سارد، توخمی نەتەوایەتی[٤] یەکێک لە گرینگترین سەرچاوەی گۆڕان و ناسەقامگیری بووە لە ناو پێکهاتەی نێودەوڵەتیدا. دەوڵەتەکان چیتر بە تەنهایی ئەکتەری سەرەکی سیستەمی نێودەوڵەتی نین و لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، هاوسەنگی هێز[٥] لە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا لە نێوان دەوڵەتان نابێتە هۆی سەقامگیری یا هەڕەشە. گۆڕانکاریگەلی وەک ڕووخانی سۆڤیەت، هەڵوەشانەوەی یۆگوسلاڤیای جاران، هەڵوەشانەوەی خێرای چیکۆسلۆڤاکیا ڕەهەندی نێودەوڵەتیبوونی بەخۆوە گرت و ڕوون بوویەوە کە پرسی شوناس[٦] و نەژاد بۆتە هۆکارێکی گرینگ و کاریگەر بۆ ناسەقامگیری و نائەهوەنی لە ناو کەشی نێونەتەوەییدا. هەڵوەشانەوەی یوگوسلاڤیای جاران و چیکۆسلۆڤاکیای پێشوو، گرینگترین نموونەی هەڵوەشانەوەخوازین لە ناو جیهانی نێونەتەوەدا و

---

[١] Globalization
[٢] State Building and Nation Building
[٣] Nationalism
[٤] Ethnicity
[٥] Power Balancing
[٦] Identity

گەواهی دەدەن کە زیاتر لە دەلاقەی پرسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی ئەگەری ڕوودانی هەڵوەشانەوەخوازیی هەیە.

ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی بە سوودوەرگرتن لە هەڵوەشانەوەخوازیی[١] بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کۆمەڵەی ئاسایشی[٢] خۆی دەخاتە ژێر کاریگەری. شرۆڤەکارانی کێشەی نەتەوەیی[٣] لەو بڕوایەدان کە نەتەوەکانی ناو دەوڵەتێک بە ویستنی جودابوونەوە خوازیاری دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆن. کارێک کە لێکەوتەی جۆراوجۆری لە سەر کۆمەڵەی ناوچەیی دەبێت. کێشەی نەتەوەمەدارانە کە بە گشتی بەرەو جوداییخوازیی دەڕۆن، بە سوودوەرگرتن لە ئیلهامبەخشی، شێوازی بڵاوکردنەوە و گەیاندن[٤] سەرمەشقی جوداییخوازیی خۆیان دەگەیێننە گرووپی دیکەی نەتەوەیی و نەک هەر دەبنە هۆی گرفت لە ناو شێوە سیستەمەکانی ناوچەیی، بەڵکو لە ناو مەیدانی سیستەمی نێودەوڵەتیشدا دەبنە هۆی فراوانبوونی ئەم گرفتانە.

لەم بەشەدا هەوڵ دراوە بە شێوازی ڕەوتتوێژیی لێکدانەوە بۆ گۆڕانکاریی تیۆری لە ریالیسم بەرەو هاوسەنگیی گشتگیر بکرێت؛ دواتر ڕوانگەی تیۆری ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی بدرێتە بەر باس. بەپێی خوێندنەوەکان، زۆربەی کێشە نەتەوەیی و بزوتنەوەکانی سەربەخۆییخواز لە لایەن وڵاتانی دەرەکی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی پشتیوانیان لێدەکرێت و دەستوەردان لە تێکهەڵچوونی نەتەوەیی لە لایەن دەوڵەتەکانی ناوچەی کێشەدار ئەنجام دەدرێت. بۆیە پێویستە تێگەیشتنێکی ڕوون لە کۆمەڵەکانی ئاسایشی بێتە ئارا بۆ ئەوەی بتوانرێ وێنەیەکی ڕاست و ڕوون لە کێشەی نەتەوەیی و کاریگەری پشتیوانی ناوچەیی

---

[١] Separatist
[٢] Regional Complex
[٣] Ethnic Conflict
[٤] Generalizing

و نێودەوڵەتی لێی وەدەست کەوێت. هەر بۆیە لێرەدا ڕوونکردنەوەی تیۆریی کۆمەڵەکانی ناوچەی ئاسایشیی باری بوزان بە گرینگ دادەنرێت.

**٢-١- تەوەری یەکەم: لە ریالیسمەوە بەرەو هاوسەنگیی هێزی گشتگیر**

بە لاوازبوونی قوتابخانەی لیبرالیسم کە لە سەر بڕوای پاراستنی ئاشتی لە ڕێگەی دامەزراوەی نێودەوڵەتی بە تایبەت کۆمەڵەی نەتەوەکان، مافی نێونەتەوە، ئاسایشی گشتی، جیهانی ئارام بۆ دێمۆکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان، دیپلۆماسیەکی ئاشکرا چنرابوو، ریالیسم وەک ڕوونکەرەوەی جیهانی نێودەوڵەتی سەری هەڵدا.

لەگەڵ قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٢٩، ڕوحی ئەو هاوکارییە نێودەوڵەتییانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٩-١٩٢٥ی زایینی لە نێو وڵاتاندا دروست ببوو نەما. هەر دەوڵەتەی بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندیی خۆی ئامادەبوو هەندێ شت بکات کە لە دیدی ئاشتیی جیهانی و ئامۆژگاریی لیبرالیسم قەرەبوو نەدەکرانەوە. هەروەها، دیکتاتۆرە هەوسار بەرهەڵبووەکان لە ئەڵمان، ئیتالیا و ژاپۆن گەشەیان کرد و ئاواتی پێداچوونەوە بە دیدگای بەشینەوەی زەوی و سەروەتیان بە پشتبەستن بە زۆرداری هەبوو. (نقیبزادە، ١٣٦٨: ٢٠٦)

هەروەها سیاسەتی پەرەخوازانە و ڕووەو گەشەی ئەڵمانی نازی و ژاپۆنی کۆلۆنیال هۆکارێکی گرینگ بوون لە بەرەو شکستبردنی ئاشتیی جیهانی. سیاسەتی شەڕانگێزانەی ئەڵمانی نازی و ژاپۆنی کۆلۆنیال دەریانخست کە ئیتر لیبرالیسم و هاوکاریی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕاستییەکانی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی وێکناچن و تەواوی سیستەمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەتانی مۆدێرن بۆ جەنگێکی تەواو ئامادە بوونە. بە ناچار نەوەی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، سیاسەتی نێودەوڵەتییان بە خەباتکردن بۆ وەدەست-هێنانی دەسەڵات لە قەڵەم دا؛ وڵاتانی دیکەش بۆ کۆنترۆڵکردن و پێشگرتن لە بەردەوامبوونی جەنگ هەوڵیان دەدا و میکانیزمی وەک گفتوگۆ و سازش کەوتە ناو دەستووری کاریان. (مشیرزادە، ١٣٩٤: ٨١) وردەوردە گۆڕانکارییەکانی ناو

سیستەمی نێودەوڵەتی وایکرد تا لە کۆتایی دەیەی ١٩٤٠ی زایینی ریالیسم[١] ببێتە قوتابخانەی زاڵی هزری و هەروەها ڕێدۆزی دەسەڵات لە ناو خوێندنەوەی نێودەوڵەتیدا ببێتە ڕێدۆزی سەرەکی.

خۆی ریالیسمی نوێ[٢] دیاردەیەکی نوێ نەبوو؛ دەرکەوتنی ریالیسمی نوێ لە سەدەی بیستەم زیاتر وەک زیندووکەرەوەی بۆچوونە کلاسیکییە زاڵەکان لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا بوو. بۆ نموونە پرۆژەی بەرژەوەندیی نیشتیمانی دەوڵەتەکان مێژوویەکی کۆنی هەیە. ئەکتەرانی سیاسی لە سەرەتای سەدەی شانزدەیەم لە ئیتالیا و سەدەی حەڤدە لە ئینگلیستان[٣] ویستی خۆیان لە بارەی بەرژەوەندیی نیشتیمانی خستبوە ڕوو. ئەو کات ئەم خواستانە بە ناوی «ویستی میر»، «بەرژەوەندی پادشایی» یا «بەرژەوەندی دەوڵەت» خرانە ڕوو؛ ئەم کارە لە بارەی هاوسەنگی هێزیش هەر ڕاستە. ئەم چەمکە لە لایەک بە کلیلی ڕێنمایی سیاسەتی دەرەوەی زۆرێک لە وڵاتانی وەک بەریتانیای مەزن دەژمێردرا و لایەکیتر وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی ئاشتیی نێوان وڵاتان کەوتە بەر سەرنجی هزرمەندانی سیاسی. (Dougherty and Pfaltzgraff, ١٩٧١:١٢-١٣) ریالیسمی نوێ کە هەڵقوڵاوی دڵی ناسەقامگیری و قەیرانەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بوو دیاردەیەکی نوێ نەبوو و لە سەر بنەمای ئەو ریالیسمە کلاسیکیەی کە بە هەناردەی ئەورووپا ناو دەبرا، سەری هەڵدا.[٤]

جەوهەری گرینگی ریالیسم بریتییە لە: دەوڵەت ئەکتەری سەرەکییە لە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا؛ ئەو بازنە و پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی کە

---

[١] Realism
[٢] Neorealism
[٣] وشەی بەریتانیا زیاتر ئاماژەیە بە بەریتانیای مەزن؛ ئێستا کە بەریتانیای مەزن وەک خۆی نەماوە زیاتر ناوی ئینگلیز و ئینگلستان بۆ ئەم وڵاتە بەکار دێت. و
[٤] ریالیسمی نوێ لەگەڵ نەوریالیسمی دەیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ی زایینی جیاوازی هەیە و تایبەتمەندیی تەواو جیاوازی لەگەڵ ریالیسمی کلاسیکدا هەیە.

دەوڵەتەکان تێیدا دەژین بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئانارشیکن؛ دەکرێ ئەگەری ڕوودانی جەنگ کەم بکرێتەوە بەڵام ناکرێ جەنگ بسڕێتەوە؛ ڕێچارەی کۆتایی بۆ جەنگ نییە؛ دەوڵەتەکان لە چوارچێوەی هیچ هاوپەیمانییێکدا ناتوانن ئاسایشی خۆیان مسۆگەر بکەن و تەنها خودی دەوڵەتە کە دەبێ ڕووبەڕووی هەرەشە ببێتەوە؛ ئامانجی دوایی هەموو دەوڵەتێک مانەوەیە؛ باشترین ڕێگا بۆ پاراستنی ئاشتی، بنەجێبوونی هاوسەنگیی هێزە. (Spainer, ١٩٩٠:١١)

بۆیە ریالیسم سێ ڕێچکەی گرینگ و سەرەکی پێوەیە:

- **دەوڵەتگەرایی:** لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەوڵەت ئەکتەری سەرەکییە و دەسەڵاتی تەواوی ناوخۆیی هەیە؛
- **مانەوە:** تێکۆشین بۆ پاراستنی بوونایەتی و مانەوە بە هەر جۆرێک و بە هەر ڕێگایەکی ئەگەریی بەردەست؛
- **پشتبەشتن بە خۆی:** هەوڵی دەوڵەت بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆی بە بێ پاڵپشتی کردنی دەوڵەتان.

ریالیسم قوتابخانەیەکی هزرییە و ئەوڕۆکە زۆرێک لە شیکەران بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی دۆخی سیستەمی نێودەوڵەتی سوودی لێوەردەگرن. لە ڕاستیدا، [ریالیسم] قوتابخانەیەکی هزری داخراو و تاک نیە، بەڵکو لە ناو دڵی ئەم تیۆرە تیۆرگەلێکی جۆراوجۆری دیکە هەن کە: یەکەم، ریالیسمخوازان دەوڵەت و حکوومەتی ناوەندی وەک گرینگترین ئەکتەری پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی دادەنێن و شیکەران زیاتر بۆ لای شیکردنەوەی ڕەفتاری ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتی ناوەندی دەچن نەک شیکردنەوەی ڕەفتاری ئەکتەرانی ناونەتەوەیی، وەک گروپی ئایینی و نەتەوەیی. دووەم: هەڵاتن لە دەسەڵات لە ناو پێکهاتەی نێودەوڵەتیدا بنەمای سەرەکی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیە. لە ئەجامی نەبوونی حاکمیەتی گشتی و ڕێسای ڕەفتاریی لە ئاستی نێودەوڵەتی، دەوڵەت بە ئەرکی خۆی دەزانێت تاکو بە گرتنەبەری ڕوانگەی جۆراوجۆر بە دوای دابینکردنی بەرژەوەندی و مانەوەی

خۆیدا بێت. سێیەم: ریالیسمگەرایان بە دوای دەسەڵاتی زۆرتر یا زۆرترکردنی دەسەڵاتی خۆیانن. زۆرێک لە ریالیسمگەرایان بڕوایان بە ئامانجداربوونی دەسەڵاتە و هەندێکی دیکەشیان دەسەڵات وەک ئامرازێک بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی ستراتیژی و مانەوە دەزانن. چوارەم: بە هیچ شێوەیەک یەکگرتن و هاوپەیمانێتی لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا مانای نییە. بەو پێیەی دەوڵەت تەنیا ئەکتەری سەرەکییە، هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ ئاگاداری کار و مەبەستی دەوڵەتێکی دیکە بێت؛ لە بەر نەبوونی متمانە لە مەبەستی دەوڵەتانی دیکە یەکگرتن و هاوپەیمانێتی دروست نابێت. لە کۆتاییدا دەوڵەتەکان بە پشتبەستن بە خۆیان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی و مانەوە سوود لە هەموو کەرەستەکانی خۆیان وەردەگرن. (حقپناە، ١٣٨٧: ٤٧) شەشەم: هاوسەنگیی هێز گرینگترین خاڵی ڕوانگەی ریالیسمە. وۆلفێرز[١] وەک ریالیسمگەرایانی دیکە لە سەر هاوسەنگی هێز لە ناو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێداگری دەکات. ئەو «هاوسەنگیی هێز وەک هاوکێشە یا جۆرێک لە بەشینەوەی تاڕادەیەک یەکسانی دەسەڵات لە نێوان دوو لایەنی دژیەک دادەنێت و لە بەرانبەر چەمکی هەژموون یا پێکهاتنی دادەنێت» . (مشیرزادە، ١٣٩٤: ٩٠) هانس جی مۆرگێنتاو[٢] لە وتارێکدا زیاتر شرۆڤەی چەمکی هاوسەنگیی هێز دەکات. لە دیدی ئەودا، هاوسەنگیی هێز چوار واتای هەیە: سیاسەت هەڵقولاوی دۆخێکی تایبەت، دۆخی لەباری کاروبار، بەشینەوەی تا ڕادەیەک یەکسانی دەسەڵات و هەر جۆرە بەشینەوەیەکی دەسەڵات. مۆرگێنتاو لەو پێناسەیە گشتیەی هاوسەنگیی هێزدا پێیوایە کە «هاوسەنگیی هێز دۆخێکە کە تێیدا دەسەڵات کەم و زۆر بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا بەشراوەتەوە» (Morgenthau, ١٩٨٥:١٨٧) بەڵام پێ دەچێت سەرەکیترین شت هاوسەنگیی هێز بێت کە بە واتای جۆرە نموونەیەکی

[١] Arnold Wolfers
[٢] Hans Joachim Morgenthau

پەیوەندیی نێوان وڵاتانە و تێیدا هیچ کەس ئەوەندەی هێز نییە بۆ ئەوەی بە تەنیایی بتوانێت ئەوانی دیکە بخاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆی. (مشیرزادە، ١٣٩٤: ١٠١) بەم شێوەیە بە هۆی نەبوونی تاکە هێزێکی ناوەندی بۆ دیاری-کردنی هەڵسوکەوتی ئەکتەران لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا، هەڵاتن لە دەسەڵاتی ئەکتەران و کەشی ئانارشیکی سیستەم، دەوڵەتەکان بۆ مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتیمانیی خۆیان پشت بە ئامرازی سەربازی دەبەستن. سوودوەرگرتن لە ئامرازی ڕقاوی بۆ پێشگرتن لە زیان و کەمکردنەوەی ئەگەری هەڕەشە لە لایەن ئەکتەرانیتر لە ناو کەشی ئانارشیکدا بە کارێکی ڕەوا دادەنرێت. لە ناو وەها کەشێکی دەسەڵاتڕەوی پڕ لە گلان، هاوسەنگیی هێز باوترین پڕۆسەیە کە لە چوارچێوەی سیستەمی پڕ کێشەدا ڕوودەدات. هاوسەنگیی هێز پێداگریی لە سەر ئەوە دەکات کە شێوازی ڕێکخستن و دینامیسمی سیستەمی نێونەتەوەیی هۆکاری کاریگەر و دیاریکەری دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکانی سیاسەتی دەرەکی وڵاتێکن. (میرفخرایی، ١٣٦٦: ٤٨٢)

لە ناو کەشی شڵەژاوی نێودەوڵەتی و سوودوەرگرتنی ڕەوای دەوڵەتەکان لە ئامرازی ڕقاوی و پڕ تێچووی وەک جەنگی سەربازی، هاوسەنگیی هێز یەکێکە لە پێنج شێوازی سەرەکی پاراستنی نەزم و ئاشتیی نێودەوڵەتی. مۆرگێنتاو، جگە لە مافی نێودەوڵەتی، دامەزراوەی نێودەوڵەتی، حکوومەتی جیهانی و دیپلۆماسی، هاوسەنگیی هێز بە کاراترین ئامرازی پاراستنی ئاشتی ناو دەبات. پێداگری مۆرگێنتاو لە سەر هاوسەنگیی هێز وەک کارێکی گرینگ بۆ دروستبوونی سەقامگیریی ئاشتی لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا لە بەر دوو شتە:

– هاوسەنگیی هێز بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و حاکمیەتی دەوڵەتەکان گرینگە؛

– لە سایەی هاوسەنگیی هێزدا پێش بە داگیرکاری و سیاسەتی پێداچوونەوە، کە دەبێتە هۆی نارێکی یا زاڵبوون یا سەرکەوتنی دەوڵەتێک بە سەر ئەوانی دیکەدا، دەگیرێت.

بەم شێوەیە لە دۆخی هاوسەنگیی هێزدا سیستەمی نێودەوڵەتی دەگاتە سەقامگیری و هاوکێشەیی. بەڵام ئەم سەقامگیرییە هەندێک کێشەی پێوەیە. مۆرگێنتاو ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم سەقامگیری[١] و هاوکێشەیەی[٢] کە لە لایەن هاوسەنگیی هێز دروست دەبێت لە بەر دوو هۆکار زۆر لەرزۆکە:

– دەوڵەتەکان بەپێی هەست و لێکدانەوەی خۆیان لە سەر هێزی خۆیان و ئەوانیتر کاردە کەن بۆیە هەمیشە جۆرێک لە نەبوونی ئیرادە هەیە؛

– لە ڕوانگەی هاوسەنگیی هێزدا ئەم نەبوونی ئیرادەیە دەبێتە هۆی هەوڵدان بۆ بەرەو زیاترکردنی دەسەڵات و هیچ کات هاوسەنگی نایێتە کایەوە.

هاوسەنگیی هێز بە تەنیایی بۆ چەسپانی سیستەمی دەوڵەتەکان و پاراستنی سەربەخۆیی ئەندامان کارایی نییە و جۆرێک لە کۆدەنگی ئەخلاقیش بۆ سنووردانانی[٣] دەسەڵاتخوازیی دەوڵەتەکان پێویستە. (مشیرزادە، ١٣٩٤: ١٠٣) هەروەها ستیڤن واڵت[٤] لە پەنای هاوسەنگیی هێزدا، هاوسەنگیی هەڕەشە[٥] بە تەواوکەری هاوسەنگیی هێز دادەنێت. لە دیدی واڵت هەڕەشە بریتیە لە تێکەڵەیەکی هێزی هێرشئاسای دەوڵەت، توانای سەربازی، نزیکی جوگرافی و ئەگەری تەمای پەل هاویشتن. لە دیدی ئەودا هاوسەنگیی هەڕەشە بەو مانایەیە کە توانا و هێزی سەربازی لایەنی بەرانبەر لە ناو پەیوەندی وڵاتاندا گرینگ

[١] Stability
[٢] Balance
[٣] Limitation
[٤] Stephen Walt
[٥] Threat Balancing

نەبووە؛ بەڵکو تێگەیشتن لە بۆچوون و تەمای دەوڵەتەکان لە سەر یەکتر وەک هەڕەشە گرنگی خۆی هەیە. بە واتایەکی سادەتر دەوڵەتەکان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە دەست بە هاوسەنگی دەکەن کە هەڕەشەی خێرایان لە سەر بەرژەوەندیەکانی ئەواندا هەبێت. دەکرێ ئەو هاوسەنگییەی هەڕەشەیەی کە لە کاتی جەنگی سارددا لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت هەبوو بەم پێوەرە باس بکرێت. بەم شێوەیە کە هەر دوو جەمسەر زانیارییان لە تەمای پەلهاوێژی یەکتر هەبوو و لە هەڵگیرسانی جەنگی پڕچەکبوون لە ناو پانتایی نێودەوڵەتیدا ئاگادار بوون. بۆیە خەریکی هاوسەنگی لە دژی یەکتر بوون. (حق-پناه، ١٣٨٧: ٤٧)

بە کۆتایی جەنگی سارد و داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت، ریالیسم وەک قوتابخانەی زاڵ لە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا کەوتە بەر ڕەخنەی زۆرێک لە شیکەران. فەرید زەکەریا[١] لە وتاری ڕەخنەیی خۆیدا لە ژێر ناوی "*ریالیسم و سیاسەتی ناوخۆیی*"[٢] ڕەخنە لە ریالیسم دەگرێت. خاڵی ناوەندی ڕەخنەی زەکەریا لە سەر بابەتی بێئاگایی دەوڵەتەکانە لە سەر پرسی ناوخۆیی[٣] وڵاتان. ئەو پێی وایە لە ناو تیۆری ریالیسمدا هیچ کات نەچوونەتە سەر پرسی ناوخۆیی وڵاتان. لە دیدی زەکەریا ریالیسم بە شێوەیەک چۆتە سەر پەیوەندیی دەوڵەتان کە ئەکتەرانی سەرەکی لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا پرسی ناوخۆییان وەک پرسی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە بیر کردووە؛ لە کاتێکدا ئەم پرسانە کاریگەی بەرچاویان لە سەر سیاسەتی دەرەوە هەیە. (Zakarya, ١٩٩٢: ١٧-١٧٨)

داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت، هەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤی و چیکۆسلوڤاکی گۆڕانکاریی بەرچاوی دوای جەنگی سارد بوون کە کارایی تیۆری ریالیسمی تووشی کێشە کرد. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دەوڵەتەکان ئیتر ئەکتەری سەرەکی

---

[١] Fareed Rafiq Zakaria

[٢] رئالیسم و سیاست داخلی، فرید زکریا.

[٣] Domestic issues

مەیدانی سیستەمی نێودەوڵەتی نین و هاوسەنگیی هێز لە نێوان دەوڵەتان بە تەنها نابێتە هۆی ناسەقامگیری و هەڕەشە لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا. دەوڵەتەکان جێگەی خۆیان داوەتە گروپە ناونەتەوەییەکانی وەک قەوم و مەزهەب؛ ئەو قەومانەی کە سیستەمی نێودەوڵەتی تووشی کێشە و هەڕەشە دەکەن. گۆڕانکاریی وەک ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، هەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤیا، هەڵوەشانەوەی چیکۆسلۆڤاکیا بە خێرایی ڕەهەندی نێودەوڵەتییان بەخۆوە گرت و دەرکەوت کە لە ناو کەشی نێودەوڵەتیدا پرسی شوناس و نەژاد هۆکاری گرینگ و کاریگەرن. بە شێوەیەکی گشتی ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی توانای ئەزموون و گۆڕانی هەیە. تەنانەت لە دوای جەنگی سارد ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی و پرسی شوناسی بە یەکێک لە گرینگترین پایەکانی قەیران لە ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەژمێردرێن. بە واتاییێکی دیکە قەڵشی نەتەوەیی یا کێشەی قەومی بە ناوەندی سەرەکی کێشەی نێودەوڵەتی دادەنرێت و ئیتر دەوڵەتەکان بە تەنها هۆکاری ناسەقامگیری و هەڕەشەی نێودەوڵەتی نین.

لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکان و پاشەکشەی تیۆری ریالیسم لە شێوازی وەسف، شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی گۆڕانی سیستەمی نێودەوڵەتی، ئیتر هاوسەنگیی هێز لە نێوان دەوڵەتەکاندا بەستێنی سەرەکی قەیران و ناسەقامگیری لە ناو سازەی نێودەوڵەتیدا نەبوو. گروپگەلی ناونەتەوەیی و ناسیۆنالیسمی نەتەوایەتی، وەک ئەکتەری دیکە هاتنە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی. هەر بۆیە هاوسەنگیی هێزی گشتگیر بە پشتبەستن بە ناسینی هەڕەشەی دەرەکی و ناوخۆیی بووە تیۆری سەرەکی پەیوەندیی نێودەوڵەتی. هەر لەم بارەوە، مایکل براون[١] شیکەری نەتەوەیی، شیکاری پەیوەندیی نێوان مەتەڵی ئاسایش و کێشەی نەتەوەیی و گروپەکانی ناونەتەوەیی لە دوای جەنگی سارد دەکات و نەتەوە بە

---

[١] Michael E. Brown

ناوکی بنچینەیی هەڕەشە لە وڵاتانی ئاسایی و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین دادەنێت. (حق‌پناه، ١٣٨٧: ٤٧)


ئەگەر چی براون سوورە لە سەر ئەوەی کە زۆرێک لە توێژەران تەنها چوونەتە سەر لێکەوتەی دراماتیکی کێشەی نەتەوەیی؛ بۆ نموونە دەڵێ ڕووداوەکانی یۆگۆسلاڤیا و سۆڤیەت ڕەهەند و لێکەوتەی دراماتیکیان لەگەڵ خۆیان هێنا. بەڵام لە تەنیشت ئەم لێکەوتە خەمینانە، لە لێکەوتەی ئەرێنی کێشەی نەتەوەیی چیکۆسلۆڤاکیا و جودابوونەوەی چیک و سلۆڤاکی دەدوێت. بە بڕوای براون ئەم ڕوداوانە نەک هەر لێکەوتەی تێکدەریان نەبوو بەڵکو ئەم نموونەیە بە جیابوونەوەیەکی ئەرێنی و ئاشتیانە دادەنێت. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو پێی‌وایە کێشەی نەتەوەیی دەتوانێت ببێتە هۆی هەڕەشەی وڵاتانی دەوروبەر و ناوچە، بەڵام ڕەهەندی ئەرێنی و ئاشتیانەی ئەم جۆرە جیابوونەوەیەش دەبێ شی بکرێتەوە. ئەڵبەتە براون ڕێکارێکی بۆ وڵاتانی چەند نەتەوەیی خستۆتەڕوو تا پێشگیری لە ڕۆچوون بۆ ناو کێشەکان بکات و ئەویش پشتگرتنی حکوومەتی ناوەندییە لە لایەن وڵاتانی دەرەوە و زلهێزان. بە باوەڕی براون، هێزی دەرەکی دەتوانێت دیمۆکراسی بە بێ توندبوونی کێشەی نەتەوەیی، بە گرتنەبەری سیاسەتی دادپەروەرانەی نێوماڵ و سزادانی ئەو گروپانەی کە توندڕەوی بڵاو دەکەنەوە، بچەسپێنن. (Stavkakis, ١٩٩٥: ٥٤٦-٥٤٧)

جاناتان فۆکس[١] وەک شرۆڤەکارێکی واری نەتەوەیی بە خوێندنەوەی مەیدانی و کۆکردنەوەی ئامار و زانیاری لە سەر ٣٢٧ گروپی نەتەوەیی، کە لە ململانێدا بوون، گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ژماری گروپەکانی نەتەوەیی کە لە ناو کێشە و گرفتدان لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی ڕووەو هەڵکشانە و لانی‌کەم ٢٧٥ گروپی نەتەوەیی لە ناو کێشە و پێکداهەڵچووندان. پێداگری فۆکس لە سەر کێشەی نەتەوەیی ناوخۆییە کە پۆتانسێل و توانای زۆری هەیە بۆ بە نێودەوڵەتی‌بوونی کێشە. (Fox, ٢٠٠٤: ٢٢) هەروەها ناوەندی ئاشتی

[١] Jonathan Fox

سیستەمیک، بە خستنەڕووی هەندێ ئامار، لە ساڵی ١٩٤٦ تا ٢٠١٦ باسی ڕێژەی کێشەی نەتەوەیی لە جیهاندا کردووە و بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ڕەوتی کێشەی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٤٦ تا ١٩٩١، کە هاوکاتە لەگەڵ دارمانی یەکێتی سۆڤیەت، ڕووەو هەڵکشانە.

هێلکاری ١: ڕێژەی کێشەی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٤٥ تا ٢٠١٦ لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی




Source: Center for systemic peace/ conflict trends

ڕودۆڵفۆ ستێڤن هاگن[١] شرۆڤەکاری پرسی نەتەوەیی لە شیکارێکی مەیدانیدا لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینی زیاتر لە ١١١ کێشەی چەکدارانەی[٢] لە جیهان دۆزیەوە کە لە نێوانیاندا ٦٣ دانەیان کێشەی نەتەوەییانە بوون لە سەر بنەمای خۆسەری یا هەڵوەشانەوەخوازیی. هاگن بڕوای وایە کە لە ساڵانی ١٩٨٨ کێشەی نێوان دەوڵەتەکان نیشتۆتەوە؛ بەڵام کێشەی نەتەوەییانەی ناوخۆیی ڕووەو هەڵکشان

[١] Rodolfo Staven hagen
[٢] Armed Conflict

دەچن. (Stavenhagen, ١٩٩٨: ١٥٧-٤٣٣) هاگن لە وتارێکی خۆیدا لە ژێر ناوی *"لێکەوتەکانی نێودەوڵەتیی کێشەی نەتەوەیی"*[١] دەڵێ لێکگیربوونی نەتەوەیی تایبەت نییە بە وڵاتێک بەڵکو لێکەوتەی ئەم لێکگیربوونانە بە زۆری دەچنە دەرەوەی سنووری دەوڵەت و دەبنە هۆی ناسەقامگیری لە نێو پێکهاتەی نێودەوڵەتیدا. «باشترین نموونەی کاریگەری کێشەی نەتەوەیی لە سەر ژیانی دەوڵەتەکان لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا پارچەبوونی یەکێتی سۆڤیەت و یۆگۆسلاڤیایە.» (lipset, ١٩٩٣: ١٠٧-٥٨٦) لە ڕاستیدا زۆر هۆکار و بەڵگە هەن کە کاریگەرییان هەیە لە گەڕانەوەی گۆڕاوی نەتەوەیی لە پەراوێزەوە بۆ دەقی هاوکێشەی نێودەوڵەتی – ناوچەیی. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە "نێودەوڵەتی بوونی کێشەی نەتەوەییانە، سەربەستی هێزەکانی ناوچەیی بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی ناوچەیی" بکەین.

### ٢-١-١- بە نێودەوڵەتیبوونی کێشەی دینی و نەتەوەیی

بە کۆتایی هاتنی جەنگی سارد کێشەی نەتەوەیی – دینی بەرەو بەرز بوونەوە ڕۆیشت و بە خێرایی ڕێگەی هەڵکشانی لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا گرتەبەر. نەک هەر لە ناو جیهانی سێیەمدا، بەڵکو وڵاتانی پیشەسازیش بەرۆکیان کەوتە دەست پرسی نەتەوەیی. دیارە زنجیرەی جوڵانەوەی خۆسەری[٢] و جوداخوازیی لەساڵی ١٩٩٢ بەرەو هەڵکشان چوو و لە وڵاتی کانادا، ئینگلیز و فەڕانسە تا دەگاتە وڵاتانی خاوەن سیستەمی فیدرالی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای گرتەوە. توندی و سنووری ئەو شەپۆلە جودایی-خوازییە لە ناو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا پترە. لەم کەلێنەوە کێشەی نەتەوەیی لە نێو پێکهاتە بچوکەکانی خۆرهەڵاتی پاکستان و لە نێو گروپە نەتەوەییە بچوکەکانی ویلایەتی نیپاڵی هیندوستان سەری هەڵدا و پەرەی سەند. (lipset, ١٩٩٣: ٥٨٧) ئەم بابەتە ئەوە دەگەیێنێت کە کێشەی ناوخۆیی نەتەوەیی هەر

---

[١] پیامدهای بین‌المللی منازعات قومی

[٢] Self-determined Movement

یەکەو ڕەهەندی نێودەوڵەتییان بەخۆوە گرتووە. ڕیشەی پەرەگرتنی ئەم کێشەیە لە سەر ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتی و لە نێوان وڵاتاندا چەند هۆکارێکی بنچینەیی هەیە:

– یەکەم، کێشەی ناوخۆیی بەزۆری لە سنوورەکان تێدەپەڕن و دەتوانن تەواوی ناوچە تووشی ناسەقامگیری بکەن، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە کێشەی قەومی و نەتەوەیی یۆگۆسلاڤیا بکەین؛

– دووەم، سەرکەوتنی گروپەکان لەم سەرەی دونیا دەتوانێ ودمدەری گروپی دیکە بێت لەو سەری دونیا؛

– سێیەم، هەبوون و ئامادەبوونی زۆری میدیاکانی نێودەوڵەتی، ئەم کێشانە لە تەواوی دونیادا تیژتر دەکەن؛

– چوارەم، لە کاتی تەواوبوونی جەنگی سارد، ئەگەری دەستوەردانی نێودەوڵەتی لە دژی زلهێزاندا زیاتر بڵاو بۆتەوە؛

– پێنجەم، ئەوانەی کە دەست لە ناو کێشەی ناوخۆیی وەردەدەن زیاتر بە دوای سوودوەرگرتنن لە کۆبوونەوەکانی نێودەوڵەتی و فشار بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانیان.

– شەشەم، کێشەکان زیاتر ئاوارەبوونی نێودەوڵەتییان لێدەکەوێتەوە.

– حەوتەم، گروپەکانی گیرۆدەی کێشە زیاتر پەیوەندیی قەومی، دینی و نەتەوەییان لەگەڵ گروپی دانیشتووی دەوڵەتیتردا هەیە. (حقپـنـاه، ١٣٨٧: ٦٩)

لە چاخی ئێستادا بە بەرینبوونی پرۆسەی جیهانیبوون و بەرینایی پەیوەندی و تەکنیکی زانیاری و سوودوەرگرتنی زیاتر لە میدیای گشتی، ڕێژەی جیهانیبوونی کێشەکان گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی خۆی. بە جۆرێک کە شێوەی نەرمەئامرازی – ڕەقەئامرازیی[١] مۆدێرنیزەبوو و گواستنەوەی زانیاری

[١] software-hardware

بە خێراییترین شێوە لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان ئەنجام دەدرێت. بۆیە کێشەکان بە بێ ڕاوەستان بۆ شوێنی هاوشێوە تەشەنە دەکەن.

**٢-١-٢- بە ئاسان بەرینبوونی کێشەی نەتەوەیی**

تێد ڕابێرت گۆر،[١] شرۆڤەکاری واری نەتەوەیی بە دەرخستنی دوو شێوەی بەرینبوون و نێودەوڵەتیبوون، کێشەکانی نەتەوەیی شی دەکاتەوە. ڕابێرت گۆر پێی وایە کە کێشەی نەتەوەیی بە گشتی بە دوو شێوەی گواستنەوە و بڵاوبوونەوە بەرین دەبن و پەرە دەستێنن. ڕوانگەی گواستنەوە زیاتر لە کاتێکدا ڕوودەدات کە گرووپێکی نەتەوەیی لە پەراوێزی سنووری وڵاتێک یا چەند وڵاتێکی یەکگرتوو یا دژبەیەک دابێت. ئەم گرووپانە، بەبێ گوێدانە کەمینەبوون[٢] و زۆرینەبوون،[٣] کاتێک دەکەونە ناو کێشە کە گرووپێکی نەتەوەیی پشتیوانی لێبکرێت یا ببێتە ودمدەری گرووپگەلی وڵاتانی دیکە بۆ هەڵایسانی کێشە. بە دەرکەوتنی کێشە و گرفت بۆ گرووپێکی نەتەوەیی لە وڵاتێکدا، ڕوانگەی بڵاوبوونەوە لەگەڵ گرووپی دیکەی هاوشێوە لە وڵاتی دیکەدا دروست دەبێت. تێکەڵەیەک لە شێوەی گواستنەوە و بڵاوبوونەوە بەشێکی زۆری کێشەی نەتەوەیی گرتۆتەوە و ئەم دوو شێوەیە لەگەڵ یەکتر هاوتەریبن. جگە لەوە، بەشێکی زۆری هەڵگیرسانی کێشەی نەتەوەیی لە وڵاتانی هاوسێ یا وڵاتانی دیکە بە گرتنەبەری یەکێک لەو دوو شێوەیە دەکرێن.

**٢-١-٣- سەربەستی هێزەکانی ناوچەیی بۆ چارەسەری گرفتی ئاسایشی ناوچەیی**

تەواوبوونی جەنگی سارد بووە هۆی ڕزگاربوونی ناوچەکان لە ژێر دەسەڵات و پابەندی و مەرجی سەپاوی سیستەمی دوو جەمسەری و بە

---

[١] Ted Robert Gurr
[٢] Minority
[٣] Majority

سەربەست کارکردنی زۆرتری ناوچە و وڵاتانی ناوچەیی کۆتایی پێهات.[1] خۆی هێزەکانی ناوچەیی لە نەبوونی دژایەتی زلهێزان مەودای مانۆڕی زیاتریان هەیە. لە دەیەی ۱۹۹۰ی زایینی زلهێزەکان واتا ئەمریکا و هێزە گەورەکانی دیکەی وەک چین، ڕووسیا و ئەورووپا حەزێکی وایان بۆ دەستوەردانی پرسە ئاسایشییەکانی دەرەوە لە خۆیان نیشان نەدەدا و لە کاتی پێویست و ناچاریش پانایی دەستوەردانیان سنووردار دەبوو.

نەمانی دەروەستیەکانی سیستەمی دووجەمسەری و دەستکراوەیی دەسەڵاتە ناوچەییەکان، لە جێی ڕێسای پێکهاتەی جیهانی کە ناکۆکییە ناوچەییەکانی کردبووە جەنگی نیابەتی و لەباتی[2] لە نێوان ئەو حکوومەتانەی کە هەر کامیان پاشکۆی یەکێک لەو دوو جەمسەرە بوون، تایبەتمەندیەکی دیکەی بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبەخشی کە لە پێویستیە ناوخۆییەکانی ناوچەوە سەرچاوەی دەگرت. کێشەکانی ڕووەو هەڵکشاوی ناوچەیی کە ناسەقامگیرییەکی تەواوی لە پانتایی ئاسایشیی جیهاندا لە دوای جەنگی سارد دروست کردبوو، ڕەگی لە ناو هۆکارگەلێک هەیە کە گرینگترینیان ناسیۆنالسیمی نەتەوەیی ڕادیکاڵە. لە ئاکامدا ئەو دەوڵەتانەی کە پێشتر دەیانتوانی لە ڕێگەی گرێدراوبوون بە یەکێک لەو دوو زلهێزانە لە بەرانبەر ئەو دەوڵەتە دژانەی کە گرێدراوی جەمسەرەکەی دیکە بوون خۆیان بپارێزن، تووشی کێشەی ئاسایشی بوونەوە. وەک پێشتر باس کرا، دەوڵەت لە مەیدانی ناوخۆییشدا تووشی کێشە

---

[1] لە کاتی سیستەمی دووجەمسەریی خۆرئاوا و خۆرهەڵات و جەنگی سارددا، هەندێک وڵات هاوپەیمانێتیەکیان لە ساڵی ۱۹٦۱ لە بێلگراد لە ژێر ناوی (بزوتنەوەی بێ پەیمان NAM: Non- Aligned Movement) دروست کرد. واتا پەیمانییان نە لەگەڵ بلووکی سەرمایەداری هەبوو نە لەگەڵ ئۆردوگای کۆمۆنیسم. بەڵام نەیاندەتوانی بە تەواوی سەربەست بن و بە یەک ئەندازە لە هەردوو جەمسەر دوور بن. لە دوای تەواوبوونی جەنگی سارد سەربەستیی سیاسی لە نێو وڵاتانیتر زیاتر دەرکەوت... . و

[2] Majority

بۆوە؛ بە تایبەت لە لایەن پێکهاتەکانی نەتەوەیی - دینی. پێویستە بگوترێ، کاڵ بوونەوەی سنوورەکان و جەوهەری حاکمیەتی نەتەوەیی لەبەر تیریژی ڕەوتی ڕووەو هەڵکشاوی جیهانیبوون بە تایبەت لە بواری میدیاییدا، زیانی ناوخۆیی زیاتر دەکات. (حقپناه، ١٣٨٧: ٥١) لە هەلومەرجێکدا کە یەکێتی و هاوپەیمانەتی بۆ سەرکوتکردنی ئەو کێشانەی کە هەڕەشە لە مانەوەی دەوڵەت و کەشی ناوچەیی دەکەن، دروست دەبن، دەوڵەتەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم هەڕەشانە و پێشگرتن لە زیان لە لایەن گروپەکانی نەتەوەیی، ڕوو دەکەنە تیۆری هاوسەنگیی هێزی گشتگیر.

## ٢-١-٤- هاوسەنگیی هێزی گشتگیر ڕوانگەیەکی تۆکمە بۆ شرۆڤەی هەڕەشەی سەر وڵاتانی جیهانی سێیەم

بە ناوبانگترین تیۆریسیەنی هاوسەنگیی هێزی گشتگیر، ستێڤن دەیڤیدە؛ ئەو لە وتاری خۆیدا بە ناوی *"شرۆڤەی هاوئاستی*[1] *لە ناو وڵاتانی جیهانی سێیەم"*[2] کە لە گۆڤاری زانکۆی کامبریج بڵاو بۆتەوە، شرۆڤەی زیاتری چەمک و هۆکارەکانی دیاریکردنی هاوسەنگیی هێزی گشتگیر دەکات. ستێڤن دەیڤید ئەو پرسیارە دەخاتە ڕوو کە بۆچی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە واری سیاسەتی دەرەوە، بە شێوەیەکی یەکسان و هاوئاست و وێکچوو ڕەفتار دەکەن؟ ئەمە پرسیارێکی گرینگە کە هێشتا بە شێوەیەکی ڕوون درک نەکراوە. دواتر دەیڤید بۆ تەواونەبوون و تێرنەبوونی تیۆری هاوسەنگیی هێز وەک تیۆرێکی سەرەکی لە جیهانی سێیەمدا و هەروەها لەبەر ئەوەی کە بۆچی هاوسەنگیی هێز تایبەتمەندییەکی جیای بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم نییە، بەڵگە دێنێتەوە. ئەو بە وێناکردنی هەندێک جەوهەری هێز و خستنەڕووی شێوەیەکی دروستی توخمە سەرەکیەکانی هاوسەنگیی هێز، دەڵێ بە هیچ شێوەیەک هاوسەنگیی هێز لەگەڵ جیهانی سێیەمدا یەک ناگرێتەوە و جێبەجێ ناکرێت. ئەگەرچی دەیڤید لەگەڵ

[1] Balancing

[2] تشریح همترازی کشورهای خاورمیانە، استیون دیوید.

هەندێ جەوهەری سەرەکی هاوسەنگیی هێز دایە؛ بۆ نموونە دەیڤید لەگەڵ پایەداربوونی هەڕەشە لە بەرانبەر ئەکتەرانی دەوڵەتی[1]دایە. بەڵام ئەو خاڵەی ئەو خستوویەتییە سەر تیۆری خۆی ئەوەیە کە ڕێبەرانی دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم دەبێ هەموو ئاستەکانی هەڕەشە لەبەر چاو بگرن. واتا هاوسەنگیی هێز ئاستێکی هەڕەشەی دەرەکی بۆ دەوڵەتان وێنا دەکات و دەڵێ مانەوەی دەوڵەتان بە هۆی لایەنی دەرەکی لە ژێر هەڕەشەدایە؛ بەڵام دەیڤید پێی وایە کە هەڕەشەکان جگە لە لایەنی دەرەکی لە ناوەوەش مانەوەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم دەبەنە ژێر هەڕەشە. لێرەدا دەبێ بڵێین، لە سەر بنەمای دیاریکردنی ئاستی هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی لە سەر مانەوەی دەوڵەتان، ڕێبەرانی جیهانی سێیەم لە سنووری ناوچەیی چ جۆرە ڕەفتارێک دەگرنەبەر. دەیڤید لە چوار بڕگەدا شرۆڤەی تیۆری هاوسەنگیی گشتگیر دەکات:

١) کۆڵینەوەی هەمەلایەنەی تیۆری هاوسەنگیی هێزی گشتگیر، بە پێداگری لە سەر خاڵی ئەرێنی و نەرێنی؛

٢) کۆڵینەوەی تایبەتمەندییە دیارەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە بەرانبەر وڵاتانی جیهان؛

٣) کۆڵینەوەی بابەتیانە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە چۆن هاوسەنگیی هێزی گشتگیر، هاوئاستی وڵاتانی جیهانی سێیەم پێشبینی دەکات؛

٤) تێگەیشتنێکی بناوانی بۆ جیهانی سێیەم لە سەر بنەمای هاوسەنگیی گشتگیر بۆ ناسینی هاوئاستی وڵاتانی جیهانی سێیەم و سیاسەتی نێودەوڵەتی.

---

[1] State actors

### ٢-١-٤-١- هاوسەنگیی هێز لە دیدی ستێڤن دەیڤید

هاوئاستی یا دەستەبەندی کاتێک ڕوودەدات کە دەوڵەتێک سیاسەتی خۆی لە سەر بنەمای هاوکاری و نزیکی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی هاوبەشی ئاسایشی دابڕێژێت. لە دیدی دەیڤید، دەستەبەندیی وڵاتان بۆ مانەوەی خۆیان لە بەرانبەر هێزەکان یا هەڕەشەی دەوڵەتانی دیکە بە هاوسەنگی هێز دەناسرێت. نیگەرانی زۆرتری ئەو دەوڵەتانەی کە هاوسەنگن لەبەر ئەوەیە کە چۆن پێشگری لە باڵادەستی دەوڵەت یا کۆمەڵە دەوڵەتێک بکەن. هەروەها، ڕەفتاری گشت دەوڵەتەکانی گەمەکەری مەیدانی نێودەوڵەتی هەر بەم شێوەیە دەڕواتە پێش، چونکە ئەوان دەزانن کە سەرهەڵدانی هێزێکی زاڵ و هەژموون دواجار دەبێتە هۆی هەڕەشە لە سەر مانەوەی دەوڵەت. بە شێوەیەکی گشتی هاوسەنگیی هێز بەری هەلومەرجی ئانارشیکی سیتسەمی نێودەوڵەتییە و گرینگترین هەڕەشە کە دەبێتە هۆی هەڕەشەی مانەوەی دەوڵەتان، هەڕەشەی دەرەکییە. بەڵام تایبەتمەندیی ناوخۆیی دەوڵەت بۆ شرۆڤەی هاوئاستیی دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکتری، کارایی نیە. لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا تایبەتمەندیی ناوخۆیی دەوڵەتەکان ناتوانێت ببێتە هۆکاری دیاریکەر بۆ دەستەبەندیی دەوڵەتان. تەنیا هۆکارێک کە هاوکاری ئەم هاوئاستییە دەکات، هەڕەشەی دەرەکییە. بۆ نموونە، یەکێتی فەڕەنسای دیموکراتیک و ڕووسیای تەزاری لە دژی ئەڵمان لە جەنگیی جیهانی یەکەم، نموونەیەکی باشە بۆ شرۆڤەی ڕۆڵی هۆکاری دەرەکی لە سازبوونی هاوئاستیدا. بۆ پەیوەندیدارنەبوونی ناوخۆییش، دەتوانین ئاماژە بە شکانی هاوپەیمانی سۆڤیەت و کۆماری گەلی کۆمۆنیستی چین بکەین. لەگەڵ ئەوەی کە دۆخی ناوخۆیی لە ڕووی کۆمۆنیستیبوون هاوشێوە بوو، هەروەها هەڕەشەی دەرەکیش بوونی نەبوو بۆ ئەوەی ئەم یەکێتییەی نێوان سۆڤیەت و چین ڕابگرێت، دواجار هاوپەیمانی نێوان سۆڤیەتی کۆمۆنیستی و چینی کۆمۆنیست شکستی خوارد. (David, ١٩٩٣: ٢٣٥ Vol ٤٣)

هاوسەنگیی هێز لەبارەی باڵادەستی تیۆری خۆی لە سەر تەواوی دەوڵەتەکان و نیزامی نێودەوڵەتی دەدوێت. واڵت[1] باوەڕی وایە کە تەنانەت لە خۆرهەڵاتی ناوینیش دەکرێت لە هاوسەنگیی هێز بکۆڵدرێتەوە، لەبەرئەوەی هەر کات دەوڵەتێک بە دوای مانەوە و پەرەسەندنی دەسەڵاتی خۆی بێت، دواجار ئەم کارە لە سیستەمێکی ئانارشیکدا ڕوو دەدات و دەوڵەت یا کۆمەڵە دەوڵەتێک بە هاوسەنگیی بەرانبەر، هەوڵی دەستەمۆکردنی دەوڵەتەکە دەدەن. ئەوە هەر ئەو باڵادەستییە کە واڵت لە بارەی هاوسەنگیی هێز لێی دەدوێ. (Walt, (fn.٢): ١٣) بەڵام ستێڤن دەیڤید لەگەڵ باڵادەستی هاوسەنگیی هێز لە سەر هەموو دەوڵەتێک هاوڕا نییە. دەیڤید بە خستنەڕووی پاڕادۆکسی نێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم و دەوڵەتانی دیکە، پاڕادۆکسی نێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم و کەشی سیستەمی نێودەوڵەتی، پێی وایە کە هیچ کات هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکی یەکسان لە سەر هەموو وڵاتانی جیهان جێبەجێ ناکرێت. ئەو بە خستنەڕووی هاوسەنگیی هێزی گشتگیر لە هەوڵی دانانی وێنەیەکی سەرلەبەر و دیاری هاواستیی وڵاتانی جیهانی سێیەم دایە. (David, ١٩٩٣: ٢٣٦ Vol ٤٣)

### ٢-١-٥- هاوسەنگیی گشتگیر

ئەگەرچی هاوسەنگیی هێز دیدێکی گرینگ لە بارەی سیستەمی نێونەتەوە دەخاتە ڕوو؛ بەڵام ریالیسم بە شێوەیەکی دروست لەبارەی دەستەبەندی یا هاوئاستیی وڵاتانی جیهانی سێیەم نادوێت. لە کاتێکدا هاوئاستی و دەستەبەندی لە جیهانی سێیەمدا بەو هۆکارە گرینگە دادەنرێت کە ڕێبەرانی جیهانیسێیەم بە ڕەفتاری ژیرانەی خۆیان دەپرژێنە سەری. گرینگترین هۆی دیاریکردنی ڕەفتاری ئاراستەدار لە ناو جیهانی سێیەمدا لێکدانەوەی ژیرانەی ڕێبەرانی ئەم وڵاتانەیە لە سەر ئەوەی کە کام دەوڵەتی دەرەکی کارێک بۆ بەهێزبوونی پایەی

---

[1] Stephen Walt

دەسەڵاتی ئەو ڕێبەرانە دەکات. ئەمە خۆی یەکێکە لە بەهێزترین تایبەتمەندییەکانی جیهانی سێیەم. بەم شێوەیە، جیهانی سێیەم لە دیدی دەیڤید تایبەتمەندیی ستراکچەری و ناوەخۆیی هەیە. تایبەتمەندیی ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی بریتین لە ناسەقامگیری، مەترسی و بازنەی کوشندەی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی و هەروەها بازنەی ناوخۆییش مەترسیدارترە. (David, ١٩٩٣: ٢٣٦)

لە ڕاستیدا، پێشگیری[١] تەنیا لە بەرانبەر هەڕەشەی "دەرەکی" نییە، بەڵکو بەدەستهێنانی ڕەوایەتییە بۆ ڕژێم لە "ناوەوە" و لە بەرانبەر دژبەرانی "ناوەخۆ"شەوە. ستیڤن دەیڤید پێی وایە کە بنەجێبوونی هاوسەنگیی هێزی گشتگیر، لە نێوان فشاری "ناوەوە" و "دەرەوە" و شوێنی سەرەکی هەڕەشە، بەستێنی سەرەکی بڕیاردان لە لایەن بڕیاردەران دروست دەکات. هەر کات هەڕەشەی سەرەکی،[٢] "ناوەخۆیی" بێت، ڕەنگە ڕژێمێک لەگەڵ هێزێکی "دەرەکی" یەک بگرێت بۆ ئەوەی توانای تەواو بۆ ڕام کردنی هەڕەشەی "ناوەخۆیی" بە دەست بخات. هەر کات هەڕەشە سەرەکییەکە "دەرەکی" بێت، ڕەنگە ڕژێم ئەکتەرەکانی "ناوەخۆیی" نوێ کۆ بکاتەوە و بیانهێنێتە سەر سەکۆی سیاسەت تاکوو دەسەڵاتی "ناوخۆیی" خۆی پەرە پێبدات و بە دوای هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتانێکدا بێت کە هەڕەشەی هاوشێوەیان لەسەرە. شوێن و کاتی ئەم هەڕەشە و هەلانەی کە ڕووبەڕووی ڕێبەران دەبێتەوە گرێدراوی کاتە و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە و ناکرێت لە پێشدا دیاری بکرێت. بەڵام کەمتر وڵاتێکی جیهانی سێیەم هەیە کە بۆ مانەوەی خۆی ناچاری هاوکێشە ئاڵۆز نەبووبێت. (هینەبوش و احتشامی، ١٣٩٠: ٤٤)

ئەم دۆخە مەترسیدارە تێگەیشتنی ئێمە لە سەر جیهانی سێیەم دەگۆڕێت و دەڵێ بۆچی ڕێبەرانی جیهانی سێیەم خەریکی دەستەبەندی یا نوێکردنەوەی

---

[١] Deterrence
[٢] Main threat

هاوئاستی دەبن. ستێڤن دەیڤید لەو باوەڕەدایە کە ڕێبەرانی جیهانی سێیەم بە گرتنەبەری ڕوانگەی هاوسەنگیی هێزی گشتگیر ڕەفتارێکی ژیرانە دەگرنەبەر و ئەو ڕەفتارەش یەک بەپێستی ولاتانی جیهانی سێیەمە. جیهانی سێیەمێک کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نەگونجانی هاوسەنگیی هێزە لە دژی یەکتر. بەو واتایەی کە ولاتان بۆ پێشگرتن لە چارەسەری هەڕەشەی هاوبەش، دەست بۆ هاوئاستیی هاوبەش دەبەن.

یەکێک لە تەوەرەکانی دیکەی هاوسەنگیی هێز خستنەڕووی هەڕەشەی یەکەمین و دووەمینە. دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لە چاو دەوڵەتەکانی دیکە هەڕەشەی پۆلێنکراوی یەکەم و دووهەمیان هەیە. هەڕەشەی یەکەم هەڕەشەی ناوخۆیین و هەڕەشەی دووەم هەڕەشەی دەرەکین. ڕێبەرانی جیهانی سێیەم زۆرترین سەرچاوەکانیان بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشەی ناوخۆیی بەکار دێنن. بۆ هەڕەشەی یەکەم، ڕێبەرانی جیهانی سێیەم وەک دەوڵەتەکانی دیکەی سیستەمی نێودەوڵەتی کار دەکەن. بەڵام لە جیهانی سێیەمدا هەڕەشەیەک بە گرینگ دادەنرێت کە خێرایی و مەترسی زیاتری هەبێت. (David, ١٩٩٣: ٢٣٨) بە واتایەکی سادەتر جەوهەری تیۆری دەیڤید لە سەر ئەو بناغەیە دانراوە کە دەوڵەتەکان لە دۆخی شڵەژاودا بۆ دوورکردنەوەی هەڕەشەی یەکەم و سەرەکی، لە جیاتی هەڕەشەی لاوەکی و دووەم هەوڵ دەدەن سەرچاوە و تواناکانیان زیاتر بەکار بێنن. (حق‌پناه، ١٣٨٧: ٥٢)

لە بەرانبەر هەموو چەمکێکی تیۆری ریالیسم، هاوسەنگیی هێزی گشتگیر ڕێگایەکی سەرەکی دەپێوێ کە لە بۆچوونی واڵتز و مۆرگێنتاو جیاوازە. ئەو جیاوازییە جەوهەرییەش کە هاوسەنگیی گشتگیر پێداگری لە سەر دەکات گرینگی و پێداگرتنە لە سەر هەبوونی هەڕەشەی ناوخۆیی. دەیڤید لە شی کردنەوەکەدا دەڵێ لەو کاتەی دەوڵەتێک لە لایەن دەوڵەتێکی دیکە دەکەوێتە بەر هەڕەشە، هۆکاری ناوخۆییش لە جیهانی سێیەمدا هەڕەشە لە مانەوەی دەوڵەت دەکەن. لە

لایەک لە ناو هاوسەنگیی هەڕەشەدا بە هۆی ئانارشیکبوونی دۆخی ناوخۆیی و بوونی نەزم لە لایەن ڕێبەری دیکتاتۆر، پێش ئەوەی شیکاری بۆ دەوڵەت بکرێت دەبێ لێکۆڵینەوە و شرۆڤە بۆ ڕێبەرانی دەوڵەتەکان بکرێت. لە لایەکیتر بە نێودەوڵەتیبوونی کێشەگەلی نەتەوەیی و کاریگەرییان لە سەر بازنەی نێودەوڵەتی، دەیڤید ڕەخنە لە گریمانەی واڵتز و مۆرگێنتاو دەگرێت و دەڵێ بە تەنیا دەوڵەتەکان ئەکتەری سەرەکی و بەدواداگەڕی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت نین. (David, ۱۹۹۳: ۲۳۹)

لەم بارەوە هینەبۆش و ئیحتیشامی بە خوێندنەوەی سیاسەتی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕۆڵی دەوڵەت و هەڵوێستی کۆمەڵەکانی ناوچەیی دەڵێن تێگەیشتنی ریالیسم لە سەر وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین لاوازە. یەکەمیان لەبەر ئەوەیە کە ریالیسمی نوێ لەو بڕوایەدایە کە نەبوونی ئاسایشی سیستەماتیک دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نموونەگەلی یەکسانی ڕەفتاری و بە تایبەتیش دەبێتە هۆی هاوسەنگیی هێز لە بەرانبەر هەڕەشەکان. ئەم دۆخە کاتێک دەبێتە ڕاستی کە سیستەمی دەوڵەتێکی تا ڕادەیەک یەکدەست و زاڵ دروست بێت. بەڵام لە خۆرهەڵاتی ناوین سیستەمی دەوڵەتی هێشتا لە ناو پڕۆسەی دروست بووندایە. (هینەبوش و احتشامی، ۱۳۹۰: ۱۸)

لە بنەڕەتدا دوو پرسیاری دیار دەتوانن جیاوازیی نێوان سیاسەتدانەرانی ڕێبەرانی جیهانی سێیەم و دەوڵەتەکانی دیکە لە سەر بنەمای هاوسەنگیی هێزی گشتگیر شرۆڤە بکەن. لە ناو هاوسەنگیی هێزدا ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە لە لایەن سیاسەتدانەران دەخرێتەڕوو ئەوەیە کە چۆن سیاسەت کاریگەری لە سەر دەوڵەت دادەنێ؟ یا چۆن هێزێکی دەرەکی دەتوانێت دەسەڵاتی دەوڵەتێک لە بەرانبەر هەڕەشەی دەوڵەتێکی دیکەدا بپارێزێت؟ بە واتایەکی دیکە لە ناو هاوسەنگی گشتگیردا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چۆن سیاسەت کاریگەری لە سەر مانەوەی «من» لە سەر تەختی دەسەڵاتدا دەبێت؟ یا چۆن هێزێکی دەرەوە

«دەسەڵاتی من» لە بەرانبەر ئەو هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە ڕووبەڕوویان بوومەتەوە دەپارێزێت؟ (David, ١٩٩٣: ٢٣٩)

ویڕای جیاوازیی سەرەکی نێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم، ویکچوونێکی بنچینەییش لە نێوانیاندا دەدیترێت. ئەم ویکچوونانە ئەوە دەردەخەن کە هەڕەشەی ناوخۆیی ئەوەندەی هەڕەشەی دەرەکی دەتوانن مانەوەی ڕێبەران لە دەسەڵاتدا تووشی کێشە بکەن. ئەڵبەتە کۆمەڵە دەوڵەتێک لە ناو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا هەن کە لە لایەن هێرشی دەرەوە و هۆکاری دەرەکی سەراوژێر کراون. نموونەی زەقی ئەو وڵاتانەی جیهانی سێیەم کە لە لایەن هێرشی دەرەکی ڕووخاون بریتین لە ئۆگاندا لە سەردەمی عەدلی ئەمین، کەمبۆدیا لە سەردەمی پۆل پوت و پاناما لە سەردەمی مانۆئێل نەدیجا و سەدان وڵاتی جیهانی سێیەم بە هۆی هەڕەشە و دوژمنانی ناوەخۆیی ڕووخاون. زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەوڵەتی خۆیان لە ناوەوە ڕووخاندووە. لە دوای ساڵی ١٩٤٥ی زایینی جەنگی ناوخۆیی دەوڵەتەکان لە چاو جەنگی نێوان وڵاتان پتر بوو. (Strong & Small, ١٩٨٠: ٩٢) بە تەنیا کۆدەتاکان لە جیهانی سێیەمدا بوونە هۆی گۆڕینی ٢٠٠ ڕژێم. لەو دیدگایەوە، گۆڕانی ئەم ڕژێمانە دوو شێوەی هەیە، گۆڕانی ڕژێمی بەزۆری یا گۆڕانی ڕژێم بە شێوەیەکی هاوبەش. لە سەر بنەمای ئەم ڕوانگەوە، هەموو ئەم گۆڕانانە بە هۆی ڕۆڵی تۆخی گروپەکانی ناوخۆیی دژ بە دەوڵەت کراون. بەڵام ڕێبەرانی وڵاتانی ناوخۆیی بە شێوەیەکی ناڕوون، لە بەرانبەر فشار و گرفتی ناوخۆیی زیاتر بەریان بە مانەوەیە لە سەر حکوومەت.

هۆکاری زۆر بۆ تەشەنەی هەڕەشەی ناوخۆیی لە جیهانی سێیەمدا هەن. بە پێچەوانەی وڵاتانی دەرەوەی بازنەی جیهانی سێیەم، بەشێکی زۆری دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم، لە ژێر کۆڵۆنیالیسمی هێزی دەرەکی دەرچوون و وڵاتگەلێکیان بۆ خۆیان دروست کرد کە پێشتر نەبوون. لەم چاوگەیە، دەوڵەتە دەستکردەکان بە پێی سنووری سروشتیی دانەمەزراون و لەبەر بەڵێنداریبوونی

سنوورەکان، ئەم دەوڵەتانە نەک هەر ڕێک و یەکانگیر نەبوون بەڵکو دەوڵەتگەلی ساختە بوون. بەردەوامی ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی لایەنە ناونەتەوەیی یا بانەتەوەییەکانی ناو ئەم دەوڵەتە دەستکردانە، زیاتر خۆیان لە پەیڕەوی سەرەکیی دەوڵەتەکە جیا بکەنەوە و لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی گروپی ناونەتەوەیی و بانەتەوەیی خۆیان کاریان دەکرد نەک لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی دەوڵەتەکە. لە جیاتی ناسە و پێناسەی خۆیان بە شوناسی وڵاتەکە کە هەڵقوڵاوی هەناوی دەوڵەت – نەتەوە بوو، خۆیان بە پرسی جیا لەو دۆخە دەناساند. بۆ نموونە شوناسی نەتەوەیی، دینی یا پۆلێنبەندییە قەومیەکانیان دەکردە پێناس. (Thomas, ١٩٨٢: ٢)

لەم بارەوە هینەبۆش و ئیحتیشامی لە کتێبی خۆیاندا لە ژێر ناوی *"سیاسەتی دەرەوە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین"*[١] لەبارەی دژایەتی نێوان شوناسی ناونەتەوەیی و بانەتەوەیی لەگەڵ شوناسی دەوڵەتی دەڵێن قوتابخانەی کۆنستراکتیڤیسم[٢] لەو باوەڕەدایە کە پەیوەندیی دەوڵەتەکان لە خۆرهەڵاتی ناویندا لە ژێر کاریگەری چۆنیەتی دروستبوونی شوناسە. شوناسی باندەوڵەتی و ناودەوڵەت لەگەڵ شوناسی دەوڵەتی لە پێشبڕکێ دایە و ودمدەری جوڵانەوەی باندەوڵەتین و تەسککەرەوەی ڕەفتاری دەوڵەتتەوەرن. (هینەبوش و احتشامی، ١٣٩٠: ١٨) لە ڕاستیدا ئەوەی بۆتە کۆسپ لە پێش بەهێزبوونی سیستەمی دەوڵەت – نەتەوە لە ناو وڵاتانی جیهانی سێیەم بە تایبەت لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین، قەڵشی قووڵی هەڵقوڵاوی پرسە سەپاوەکانی دەرەکین. بوونی سنووری بەڵێندار و ناسازگاری نێوان دەوڵەتەکان و شوناسی نەتەوەیی، بەو واتایەیە کە شوناسی ناونەتەوەیی و بانەتەوەیی پابەندی و سۆزیان بۆ دەوڵەتێکی تایبەت نابێت. (Thomas, ١٩٨٢: ٢٨)

---

[١] سیاست خارجی در کشورهای خاورمیانه، ریموند هینەبوش و انوشیروان احتشامی.

[٢] Constructivism

ڕەنگ بێ ڕەوایەتی لە نێو ڕێبەرانی جیهانی سێیەم لە چاو وڵاتانی دیکەدا، لاواز و ناپەسەند بێت. زۆر لە ڕژێمەکانی جیهانی سێیەم، پێگەی ڕەوایەتی سنوورداریان هەیە و بە زۆرداری، سەپاندن و بە زەبری هێزی ڕق دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان ئامرازی زەبر و زبر بە کار دێنن. ئەوان لە بەر داکشانی ڕەوایەتی بە شێوەیەکی بەردەوام لە لایەن گرووپگەلی ناڕازی تووشی هەڕەشە دەبن. لە بەر هۆکای دیکە ئەم هەڕەشەیە هەمیشە هەیە و پایەدارە. ڕێبەرانی ڕژێمەکانی ناو جیهانی سێیەم لە بەر قۆرخ-کردنی دەسەڵات و داهات لە چوارچێوەی گرووپی دەسەڵاتداردا، هەمیشە دەیانەوێت گرووپەکانی دیکە بێبەش بکەن. لە لایەکیتر یەکێک لە هۆکارەکانی هەڕەشەی هەمیشەیی بۆ سەر ڕژێم ئەوەیە کە لە لایەن گرووپەکانی ناوخۆیی بەردەوام هەناسەی دەوڵەت لە ژێر مەترسی دایە. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی دەسەڵاتدار زیاتر لە نوێنەرانی یەک لایەن و دین پێک دێت و حکوومەتێکی تاک لایەن دادەمەزرێت؛ نوێنەرایەتی[١] گرووپیتر و پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی ناکات. بۆیە ئەو پێکهاتانەی کە لە دەسەڵات دوور دەکرێنەوە بە تەمای وەدەستهێنانی سەرچاوەی ئەو داهات و دەسەڵاتە دەبن کە ڕژێم قۆرخی کردووە.

زۆربەی ڕژێمەکانی جیهانی سێیەم لەبەر ئەو خووە دیکتاتۆرانەی[٢] کە هەیانە، بە شێوەیەکی ناوەندیانە و تاکڕوویی بەڕێوە دەچن. هەر وەکماریدی نەحاس[٣] لە کتێبی خۆیدا لە ژێر ناوی "*سیستەمی دەوڵەت و چاڵەکانی شۆڕشی*" مۆدێلێک دەخاتەڕوو کە تێیدا، مۆدێلی ڕیبەریی زاڵ باشترین نموونەیە بۆ شرۆڤەی ڕێبەریی دیکتاتۆرانەی وڵاتانی جیهانی سێیەم. ئەو پێی-وایە کە ڕێبەری زاڵ بە پشت بەستن بە کارە تایبەتی و بنەجێبووەکانی خۆی

---

[١] Represent
[٢] Dictatorship
[٣] Maridi Nahas

بۆ زاڵبوون بە سەر دۆخی ناوخۆیی و دەرەکی، کە هەردووکیان وەک هەڕەشە دەردەکەون، بە دوای هاوسەنگییە لە نێوان تەنگاویی ناوخۆیی و کێشەی دەرەکی. (Nahas, ١٩٨٥: ١٧) بەڵام بە پێچەوانەی بزوتنەوەکانی ناسیۆنالیستی، بەشداریی سیاسی لەم وڵاتانەدا کارێکی بەدوورە و ناکرێت. هەر بۆیە گروپەکانی قەومی و مەزهەبی ناو ئەم وڵاتانە، بۆ گەیشتن بە دۆخی بەشداریێتی، دەست بە خەبات و دژایەتی لە دژی دەوڵەتی ناوەندی و تاکەڕەهەندی دەکەن.

لەبارەی گرتنەبەری بڕیاری تایبەت بە بڕیاری سیاسەتی دەرەکیش ئەم تاکەڕەهەندییە ڕاستە. زۆربەی بڕیارەکانی سیاسەتی دەروە تاکتەوەرییین و بە پێی بڕیاری شا، سوڵتان و ژەنەڕاڵی سەربازی دەگرترێنەبەر، یا لە خۆشبینانەترین دۆخدا لە لایەن هەندێک بژاردەی سیاسی دەکرێت. ئەڵبەتە ئەم کەمە بژاردانەی سیاسیش سەربەخۆییان نییە و بڕیاری نێو بژاردەکان نابێ لەگەڵ بۆچوونی ڕیبەری ڕژێم پێچەوانە بن. گرتنەبەری ئەم بڕیارانە، ڕێژەی وەڵامگۆییان لە بەرانبەر گەلدا کەمترە. بەو واتایەی کە پاشا، سوڵتان یا ژەنەڕاڵی سەربازی لە بەرانبەر گەل یا گروپی دیکەی نەتەوەیی وەڵامدەری و بەرپرسیاریێتی بە پێویست نازانن.

بەو دیدەی کە تێکهاڵاویی هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکی تایبەتمەندیی سەرەکی جیهانی سێیەمن، ڕێبەرانی جیهانی سێیەم و شۆڕشگێڕانی[١] ناوخۆیی وەک یەک بە دوای دۆزینەوەی پشتیوانیی دەرەکین بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیەکانیان. خواستی ئەوان بۆ یارمەتیدان، بە مەبەستی نەمانی هەڕەشە و پاراستنی ڕێبەرایەتیی ڕژێم لە هەڕەشە، لە لایەن وڵاتانی دەرەکی پەسەند دەکرێت. هەڕەشەی ناوخۆیی کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم شتێکی بەربڵاوە، ئامرازێکی لەبارترە بۆ پێشخستنی بەرژەوەندیی وڵاتانی دەرەکی. (David, ١٩٩٣: ٣٧٩) بە پێی لێکدانەوەی ئیحتیشامی کە هەر ئەم ڕوانگەیەی بۆ

---

[١] لێرەدا شۆڕش بە مانای (انقلاب) یا شۆڕشگێڕی نیە؛ مەبەست ئاشووب و تێکدانە. و

خۆرهەڵاتی ناوین وەک کۆمەڵەیەکی ناوچەیی جیهانی سێیەم داناوە، دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بە دوای پشتیوانی دەرەکی و سەرچاوەی پێویستن بۆ نەبەردی هێزی ناوچەیی. (احتشامی، ۱۳۹۰: ۲۱) لە بەرانبەر هەڕەشەی ناوخۆییش، گرێدراویی بە دەوڵەتەکانی دەرەوە بە تایبەتی دەوڵەتە گەورەکان بوونی هەیە. لە هەر شوێنێک کە بەرژەوەندی ڕژێمەکانی ناوچەیی وێکچوونی لەگەڵ بەرژەوەندیی لایەنگرە بەهێزەکانیان هەبێت لۆژیکی حکوومەت بەرەو لای یەکێتی لەگەڵ هێزێکی مەزن دەچێت و دەوڵەتەکان لەگەڵ پشتگیرانی خۆیان هاودەنگ دەبن بۆ ئەوەی پێش بە هەڕەشەی ناوخۆیی بگرن. هەرچەندە پشتبەستن بە وڵاتانی دەرەکی بە بێ تێچووی مەترسیدار نابێت. بەپێی دۆخی فەرهەنگیی وڵاتانی جیهانی سێیەم پشت بەستنی لە ڕادەبەردەری وڵاتانی جیهانی سێیەم بە وڵاتانی دەرەوە زۆر جار مەترسی تێچوونی ناوخۆیی هەیە. (احتشامی، ۱۳۹۰: ۳٦-۲۷)

هەروەها، لاوازیی سەربازیی لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، مەیلی دەوڵەتانی دەرەوە بۆ پشتیوانی و یارمەتیدانی هەڕەشەی ناوخۆیی لە بەرانبەر ڕژێمی دەسەڵاتداردا زیاد دەکات. زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ڕووی سەربازیی سنووردارن و کێشەی وەک کەمبوونی چەک و نەبوونی کەرەستەی لۆجستیکییان هەیە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتانی دەرەکی لە بەرژەوەندیی گرووپی ناڕازیی ناوەوە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دەسەڵاتدار کار بکەن و لە هەمان کاتدا تا ئەو جێگایەی کە دەتوانن لە دووری سنوورەکانی خۆیان بەردەوامی بە جەنگ بدەن.

ئەگەرچی شەڕ لە نێوان دەوڵەتەکان ڕوودەدات، بەڵام تێچووی ئەم جەنگ و مەترسیانەی کە جەنگ بۆ دەوڵەتەکان دەنێتەوە وای کردووە دەوڵەتەکانی دەرەکی بیر لە ستراتیژیەکی دیکە بۆ لاوازکردنی دەوڵەتەکان بکەنەوە. بە درێژایی مێژوو نموونەگەلێکی ئەم جەنگانە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەبینرێن.

بۆ نموونە کوبا سوپای خۆی بۆ شوێنێکی دوورتر نارد؛ هەڵبەت ئەم شێوازەی جەنگ زۆر کەمیابە. نموونەیەکی ڕوونتر کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕووی داوە ئەزموونی جەنگی میسر و سوریا و ئیسرائیلە لە ساڵی ١٩٦٧ و جەنگی ئێران و عێراق لە ساڵانی ٨٨-١٩٨٠ی زایینیە. بە سەرنجدان بەو تێچووە زۆر و زەوەندانە و مەترسی ئەگەری جەنگ لە سەر دەوڵەتانی دەرەوە، دەوڵەتە دەرەکییەکان بە هاوکاریکردنی گروپەکانی ناوەوەی دژبەر و هەروەها پشتیوانیکردنیان بۆ هەوڵی کۆدەتا لە دژی دەوڵەتی دەسەڵاتدار، ستراتیژیی کەمتێچووتر و کاریگەرتر بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانیان دەگرنەبەر. ئەم ستراتیژییە بۆ ئەوان تێچووی کەمتری هەیە لەچاو ئەوەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تووشی جەنگێک بن کە دیار نەبێ چەندە درێژە دەکێشێت و چەندە تێچووی سەربازی، مرۆیی و ئابووری تێدەچێت. ئەزموونی پشتیوانی و تەواوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناو هاوپەیمانی باکوور لە ساڵی ٢٠٠١ بە مەستی سەرکوتکردن و ڕمانی میرنشینی ئیسلامی تاڵیبان، نموونەیەکی دیارە کە دەتوانێت پشتیوانیی دەرەکی لە گروپێک یا چەند گروپێکی ناوەوەی دژبەر شرۆڤە بکات.

دەستتێوەردانی دەرەکی[١] بۆ هەڵکشانی کێشەی ناوخۆیی لە ناو کۆمەڵەیەکی ئاسایشییدا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕێت. خوێندنەوەکان دەریانخستووە کە دەستوەردانی هێزی دەرەکی لە کێشەی نەتەوەیی و ناوخۆییدا دەبنە دوو بەش. یەکەم، ڕۆڵی تێکدەر کە زیادبوونی بەری ئاستی گرژی، درێژبوونی تەمەنی ڕژێمی گرێدراو بە زلهێزەکان، زۆربوونی ڕەوتی پەناهەندەیی و کۆچ لە ناوەوە و بە درێژایی سنوور و ئەگەری توندوتیژی نێودەوڵەتی لە ناو وڵاتانی جیهانی سێیەم لەخۆدەگرێت. دووەم، ڕۆڵی ئاشتیانەیە کە هێزە گەورەکان بە یارمەتی دامەزراوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەتوانن بە شێوەیەکی ئاشتیانە

[١] External Intervention

کێشەی ناوخۆیی وڵاتانی جیهانی سێیەم لێک بکەنەوە و چارەی بکەن. ئەم یارمەتیانە لە سێ چوار ئاستدا شایانی لێکۆڵینەوەن:

١. دەوڵەتانی دەرەوە هاوکاریی پێشکەشی پێکهاتە دژبەرەکان دەکەن. ئەم یارمەتیانە زیاتر سەربازین. لەوانە یارمەتی لۆجستیکی، مەشقی هێزەکان، دەستەبەرکردنی پەناگە و یارمەتیدان بۆ هێرشکردن لە سنوورەکان؛
٢. یارمەتیی ئابووری بۆ نفووزی نەتەوەیی، کە کەمتر سەرنجی دراوەتێ؛
٣. زانستی کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی ئابڵۆقەکان لە دژی ئەو وڵاتەی کە گرووپە نەتەوەییەکە لەگەڵی لە شەڕدایە؛
٤. هەوڵدان و پشتگیری سیاسی و دیپلۆماتیک کە دەبێتە هۆی هاوگریی گەلەکۆمەکی بەهێزی پێکهاتەکانی نەتەوەیی. (kholsa, ١٩٩٩: ١١٤٥)

خشتەی ١: ڕێژەی دەستوەردانی وڵاتانی دەرەوە لە کێشەی نەتەوەیی

| جۆری پشتیوانی | پشتیوانیی دیپلۆماتیک | پشتیوانیی ئابووری | پشتیوانیی سەربازی |
|---|---|---|---|
| زلهێزەکان | ١٣٩ (%٥٩) | ٥٣ (%٢٣) | ٤٣ (%١٨) |
| هێزی ناوچەیی | ٥٨ (%٢٩) | ٢١ (%١١) | ١١٩ (%٦٠) |
| هاوسێیەکان | ٤٩ (%٢٠) | ٤٧ (%١٩) | ١٥١ (%٦١) |
| دەوڵەتەکانی ناوچەیی | ١٢ (%٢٨) | ٢٥ (%٥٨) | ٦ (%١٤) |
| هیتر | ٦٥ (%٣٦) | ٦٧ (%٣٧) | ٤٩ (%٢٧) |
| تێکڕا | ٣٢٣ | ٢١٣ | ٣٦٨ |

(kholsa, ١٩٩٩: ١١٥١)

لە ناو سێ لە سەر چواری دەستوەردانەکان لە خۆرهەڵاتی ناوین، گرووپەکانی نەتەوەیی %٦٠ یارمەتی سەربازی وەردەگرن. دەستوەردانی

سەربازی لە لایەن وڵاتانی دەرەکی بۆ زۆربەی کوردەکانی ئێران، تورکیا و عێراق، فەلەستینیەکان لە ئەردەن و لوبنان، شیعەکانی عێراق و لوبنان هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا خولسا پێیوایە کە ئاستی خوارتری یارمەتیەکانیش بە تایبەتی یارمەتیی سەربازی دەتوانێت نائەهوەنی ناوچەیی، بە مەبەستی هەڵکێشانی تێکدەرانە و درێژەپێدانی ماوەی پێکدادانەکانی ناوخۆیی لە پەنا هەڕەشەی بەرینبوونی کێشەی سنووریی دەوڵەتی، دروست بکات. ئەم بەرینبوونە دەتوانێت ڕەوتی ئاوارەیی لە ناوەوە بە درێژایی سنوور دروست بکات. ئاڵۆزیی نێوان گرووپی نەتەوەیی و دەوڵەتێکی دیکە دەتوانێت ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی جەنگ لە نێوان دەوڵەتەکان. (kholsa, ١٩٩٩: ١١٤٧)


بە شێوەیەکی ڕوون، هاوسەنگیی گشتگیر تیۆرێکە بۆ دیاریکردنی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی وڵاتانی جیهانی سێیەم. دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لە ڕێی هاوسەنگی نێوان کێشەی ناوخۆیی و پانتایی پڕمەترسی دەرەکی، بە لەبەرچاو گرتنی سەرچاوە و کەرەستەی بەردەست، لەم دوو پانتاییەدا کار دەکەن. بە کورتی گرینگترین تایبەتمەندییەکانی هاوسەنگیی گشتگیر بریتین لە:

- وڵاتانی جیهانی سێیەم بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشەی هاوبەش خەریکی هاوسەنگی دەبن؛
- دوو کێشەی سەرەکی، هەڕەشە لە مانەوەی دەوڵەتی دەسەڵاتدار دەکەن. هەڕەشەی ناوخۆیی و هەڕەشەی دەرەکی؛
- بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی ناوخۆیی بە پلەی یەکەم دێت و هەڕەشەی دەرەکی لە پلەیتردایە؛
- بە هۆی دەستکردبوونی وڵاتانی جیهانی سێیەم، زۆرێک لە گروپەکانی نەتەوەیی بە شێوەیەکی ناسروشتی کەوتونەتە ناو ئەم دەوڵەتانە و ئەم گروپانە توانای کاریگەریدانیان لە سەر مانی دەوڵەتی دەسەڵاتدار هەیە؛
- دەوڵەت نوێنەرایەتی گروپی زۆرینە دەکات و ڕۆڵی گروپی دیکەی نەتەوەیی - دینی لە پرۆسەی پێکهاتەی دەوڵەتیی بە هەند وەرناگیرێ؛

- لایەنی نەتەوەیی و دەوڵەتی دەسەڵاتدار بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانیان، داوای یارمەتی لە وڵاتانی دەرەوە دەکەن؛
- جەنگ واتای خۆی لە دەست دەدات و ئەگەری ڕوودانی جەنگ لە نێوان دەوڵەتانی جیهانی سێیەم کەمترە؛
- پشتیوانیکردن لە لایەنە نەتەوەییەکانی ناوخۆیی دژبەر، باشترین میکانیزمە بۆ ئەو وڵاتە دەرەکیانەی کە بەرژەوەندیان لە ڕووخانی ڕژێمی دەسەڵاتداردایە.

لە سەر بنەمای ئەوەی کە گوترا، ڕژێمەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە بەر پێکهاتە دەستکرد و ساختەییەکەی خۆیان و شلبوونەوەی سنوورەکانی دەوڵەت - نەتەوە، لە هەڕەشەی ناوخۆیی لە لایەن گروپی نەتەوەیی - دینی زیانگرترن لە چاو هەڕەشەی دەرەکی. گروپی نەتەوەییش پۆتانسێلی بەهێزیان بۆ تووش-کردنی ماک و شێوەی دەوڵەت لە جیهانی سێیەمدا هەیە. لایەنەکانی قەومی بە پشتبەستن بە ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی، توانایان هەیە دەوڵەت تووشی کێشە بکەن و دواجار ببنە هۆی ڕووخانی سیستەمی دەوڵەتی خاوەن دەسەڵات. بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدایە، ئەو تایبەتمەندییە ناسیۆنالیسمییە نەتەوەییانە چین کە توانای گرفتنانەوەیان بۆ دەوڵەتی ناوەندی هەیە؟ لە تەوەری دووەمدا هەوڵ دەدرێت ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی لە ناو چوارچێوەی تیۆریدا باس بکرێت کە چۆن ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی ڕووی سیاسی لە خۆ دەگرێت. هەروەها لە کۆتاییدا بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە لە بنەڕەتدا چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان چالاکیی گروپی نەتەوەیی و چالاویکردنی ئاسایشی ناوخۆیی دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا هەیە. لەم بارەوە وێنەی خوارەوە نیشاندەری ئاستی هەڕەشەیە لە ناو دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا و دەریدەخات کە چۆن دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم بە گرتنەبەری ڕوانگەی هاوسەنگیی هێزی گشتگیر وەڵامی هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکی دەدەنەوە.

وێنەی ٢: دەوڵەتانی جیهانی سێیەم و جۆرەکانی هەڕەشە؛ گرتنەبەری ڕوانگەی هاوسەنگیی گشتگیر بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشە لە لایەن دەوڵەتانی جیهانی




### ٢-٢- تەوەری دووەم: ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی و بەسیاسیبوونی پرسی نەتەوە

لە بارەی ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی تیۆری زۆر خراونەتەڕوو. لێرەدا هەموو وردەکاریەک لە بارەی ناسیۆنالیسم ناگونجێت؛ بەڵام بۆ چوونە ناو باسی چۆنیەتی بەسیاسیبوونی پرسی نەتەوە، تیۆری کۆنگەرا و تیۆری نوێگەرایان بە شێوەیەکی کورت بنکۆڵ دەکرێت. حەمید ئەحمەدی لە کتێبی *"قەومیەت و قەوم-گەرایی لە ئێران"*،[١] بە شێوەیەکی ورد پرسی تیۆریی لە بارەی ناسیۆنالیسمی قەومی کۆڵیوەتەوە. لە دیدی ئەو قەومیەتەکان[٢] لە ئێران لە دوو چاوگەدا شایانی

[١] قومیت و قومگرایی در ایران، حمید احمدی.

. . .زۆر لەو کتێبانەی کە لێرەدا ناویان بە کوردی هاتووە وەرنەگێڕدراونەتە سەر کوردی. و

[٢] لە نێوان پانئێرانیستەکانی ئێران کێشە لە سەر وشەی وەک قەومییەت و نەتەوە هەیە. پان-ئێرانیستەکان، ئێرانی بە نەتەوە دادەنێن و نەتەوەکانی دیکە بە قەومیەتێکی ژێر کۆمەڵەی نەتەوەی ئێرانی ناو دەبەن. ناسیۆنالیستە دژبەرەکانی وەک کورد و تورکیش خۆیان بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیا دادەنێن. و

باس و لێکۆڵینەوەن و یا وەک دیاردەیەکی ئامرازین. کۆنگەرایان لە سەر ئەوە پێداگری دەکەن کە قەومییەت و ناسیۆنالیسم دیاردەی کۆنن، ئامرازگەرایان (پێگەگەرایان[١] و نوێگەرایان[٢]) باوەڕیان وایە کە ئەم دیاردانە بەرهەمی چەرخی مۆدێرنن، بە تایبەت هی ئەم چەند سەدەی دوایی. چەمکی کۆنگەرایی زۆرتر بۆ باسکردنی ڕیشە و بەهێزکردنی هۆگریی قەومی بەکار هاتووە. داوای سەرەکی هەوادارانی قوتابخانەی کۆنگەرایی دوو شتە: یەکەم ئەوەیە کە نەتەوە و ناسیۆنالیسم دیاردەی کۆنن و دووەمیش سروشتین بۆیە جیهانگیرن. ئەوانەی کە لە سەر لایەنەکانی قەومییەت پێداگری دەکەن، باوەڕیان بە هەبوونی جۆرێک لە پەیوەندیی نێوان قەومییەت و خزمایەتی و پەیوەندیی قەومی و وەفاداری هەیە لە نێوان خەڵکێک کە بنەچەکەی هاوبەشیان هەیە و هەندێک جار چارەنووسی هاوبەشی ئەم جیهانە بۆ خۆیان وێنا دەکەن. (احمدی، ١٣٨٧: ١٤٣)

لە بەرانبەردا، قوتابخانەی نوێگەرا (پێگەگەرا، ئامرازگەرا، دۆخگەرا و سازەگەرا) دێنە گۆڕێ کە ئەم ڕێدۆزە بەردەوام بە هێنانەوەی نموونەی دژیەک ڕەخنە لە چەمکی کۆنگەرایی دەگرن. لەم نموونانەدا ئاماژە بە شتگەلێک دەدەن کە تێیدا هاوگریی قەومی بە درێژایی کات و بەپێی دۆخ و هەلومەرج گۆڕاوە. گۆڕانێک کە دەریخستووە ناکرێت ئەم وەفادارییە بە دیاردەی کۆن دابنرێت. لە دیدگای ڕەخنەگرانی کۆنگەرایی، شوناسناسیی قەومی جۆرێکە لە وەفاداریی پەراوێزکراو کە دەکرێت بۆ وەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی و ئابووری بە شێوازی ورد دروست بکرێن. تیۆریسیەنەکانی نوێگەرا، وەک مارکسیستەکان باوەڕیان وایە کە ناسیۆنالیسم بەرهەمی تێکۆشانی سەرمایەداریی مێژووییە. ئەندرسۆن[٣] قەومییەت و ناسیۆنالیسم وەک ئایدۆلۆژی چەرخی مۆدێرن وێڕای

[١] Situationalists
[٢] Modernists
[٣] William Anderson

مەرگی مەزهەبەکان و نەریتی پاشایی دادەنێت. هابسبام[1] لە ڕووی کۆمەڵایەتی، نەتەوە بە بوونەوەرێکی کۆن و نەگۆڕ نازانێت، بەڵکو بەتایبەتی دەیبەستێتەوە بە چاخە تایبەتییەکان و مێژووی هاوچەرخ. (احمدی، ١٣٨٧: ١٥٠-١٤٨)

ئەم دوو خاڵە گرینگە ئێمە دەباتە ناو تیۆرێکی دیکەی خوێندنەوەکانی نەتەوەیی، ئەویش تیۆری تەیاری ئێتنیکیە.[2] لە ڕاستیدا ئەوەی لە بەردەم لێکۆڵەرانی ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی و زانایانی کۆنگەرا دایە، لێکۆڵینەوەیە بۆ دۆزینەوەی هۆکاری سەرەکی سیاسیبوون و بە ئاسایشییبوونی ویستی کۆن و دەربڕینی ئەم ویستە بە شێوەی ڕەوت و کارگەلی ناسیۆنالیستی نوێ.

لە درێژەدا بە سەرنجدان بە دۆخی ناوچەیی و ناوخۆیی خۆرهەڵاتی ناوین، سەرتا ئەم بابەتە دەکرێتەوە و وا شرۆڤە دەکرێت کە لە بنەڕەتدا چۆن پرسی شوناس پۆتانسێلی سیاسیبوون لەخۆ دەگرێت. سیاسیبوونی پرسی نەتەوە زیاتر لە ڕێگای تەیاری نەتەوەیی دێتە ئارا. نەتەوەکان لە وڵاتەکانی چەند نەتەوەییدا[3] دەتوانن بۆ دەوڵەت یا لە دژی دەوڵەت کۆ ببنەوە و بۆ خەبات و خۆڕاگری لە پێناو ئامانجەکانی خۆیان کار بکەن. هەروەها، تەیاری ئێتنیکی یەکێکە لەو پاڕامێترانەی کە دەتوانێت سیاسیبوونی نەتەوەکان دەربخات. پێداگری لە گۆڕاوی کۆمەڵایەتی و ئابووری، پلورالیسمی فەرهەنگی، ڕکابەری لە پێناو سەرچاوەکان، ڕکابەری بژاردەکان، ڕوانگەی هەڵبژاردنی لێکدەرانە و پشتیوانی دەرەکی لە بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەو ڕێدۆزانەن کە دەتوانن خێرایی بدەنە سیاسیبوونی نەتەوە. کارکردن لە سەر هەموو ڕێدۆزەکانی باسکراو لە بەر دوو هۆکار کارەکە سەختتر دەکەن. یەکەمیان، هەندێک لە ڕێدۆزەکان بە گشتی لە ناو کەشی خۆرهەڵاتی ناویندا توانای کارییان نییە. لە بەر نەگونجان و نالەباری دۆخی خۆرهەڵاتی ناوین کارکردن بەم ڕێدۆزانە و کارکردن لە سەر

[1] Eric Hobsbawm
[2] Ethnic Mobilization
[3] Multi Ethnic

پرسی سیاسیبوونی نەتەوە لەم ناوچەیەدا ئاکامێکی نابێت و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هەڵە تێگەیشتن و نەبوونی وێنەیەکی ڕوون لە سەر ناسیۆنالیسم و پڕۆسەی سەربەخۆییخوازی و جوداخوازیی لە ناوچەکەدا. دووەمیان کارکردن لە سەر هەموو ئەم پرسانە لە ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە جێیان نابێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆکارانەی کە باسیان لێوە کرا و دۆخی ناوخۆیی و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بەم ڕێدۆزانە، بە شرۆڤەکردنی سێ ڕێدۆز باسی ئایدیای سیاسیبوونی بزوتنەوەگەلی نەتەوەیی دەکەین کە بریتین لە ڕکابەری لە سەر سەرچاوەکان، ڕکابەری بژاردەکان و پشتیوانی دەرەکی لە جوڵانەوەکانی نەتەوەیی.

### ٢-٢-١- گۆڕانی نەتەوە بۆ کارێکی سیاسی

پێش چوونە سەر ئەم بابەتە ئاماژەدان بەم خاڵە گرینگە، ئەویش ئەوەیە کە بە گشتی نەتەوە کاتێک دەبێتە شتێکی سیاسی کە دوو دیدگای سەرەکی پرسی نەتەوەیی (تیۆری کۆنگەرا و تیۆری نوێ) لەبەرچاو بگیرێن. لە ڕاستیدا نەتەوە زیاتر دەچێتە ژێر بابەتی تەیاریی نەتەوەیی گشتی. هەبوونی هەستی کۆن بۆ تەیار کردن بە تەنها بەس نیە. بەڵکو ڕوانگەی نوێگەرایانەی نەتەوەییش دەبێ بخرێتە سەری بۆ ئەوەی تەیاری ئێتنیکی لە هەناوی ئەم ڕێدۆزە بێتە دەرێ.

### ٢-٢-١-١- تەیاری ئێتنیکی

لە سەر تەیاری ئێتنیکی لە ناو ئەدەبیاتی زانستەکانی کۆمەڵایەتیدا ناکرێ بۆ مێژوویەکی دوور بگەڕێینەوە. بە شێوەیەکی کلاسیک، زانایانی زانستی سیاسی گرینگی زۆریان بە لایەنی نەتەوەیی تەیاری سیاسی نەداوە. نەک سیاسەتی نەتەوەییان بە تەواوی بچوک کردبێتەوە؛ بەڵام لێکۆڵەران بە زۆری وایان دەزانی کە سیاسەتی هاوگریی نەتەوەیی لەگەڵ پێشکەوتنی بەردەوام و بەرینبوونی نۆرمەکانی لیبرال دیموکراتیک ون دەبن. بە گشتی بۆ ئەوانی دیکەش پێش

دەیەی ١٩٦٠ی زایینی، نەتەوە دیادرەیەکی گوزەری یا فاکتەرێک بوو کە هیچ جۆرە کاریگەریەکی سەر سیستەمی سیاسی فەرمی نەبووە. هەندێک جار ئەم بەڵگانە لە تیۆرەکانی مارکسیستی بە ودم وەردەگیران کە شوناسی چینایەتی لە ڕێگای خەبات لە دژی سەرمایەداری شوناسێکی دیکە دروست دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا بە تایبەتی لە دەیەی ١٩٨٠ی زایینی هەندێکیتر ئەم بابەتەیان وەلا نا و تەنانەت لەبەر پێشکەوتنی دیمۆکراسی لیبرال، داکشانی خاڵە لاوازەکانی نەتەوەییان پێش بینی کرد. گلایەر و موینیان ئەمەیان بە "هیوا بۆ ژیانی لیبرال" ناو نا. (Vermeersch, ٢٠١١: ٣)

تەیاری نەتەوەیی پرۆسەیەکە کە تێیدا گروپە ڕێکخراوەکان لە دەوری تایبەتمەندییەکی وەک ڕەنگی پێست، زمان و نەریت و دەستوور، لە پێناو وەدەست هێنانی کارێکی کۆمەڵایەتی ڕێک دەکەون. دیاردەی تەیاری نەتەوەیی زیاتر لە دوای جەنگیی جیهانی دووەم ڕووی داوە. چونکە لەم سەردەمدا، تایبەتمەندیی بزوتنەوەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی ڕیشەیی و چۆنیی گۆڕاوە و بەرەولای سیاسیبوونی پرسی نەتەوە پێشڕەوی کردووە. هەروەها ئەم گۆڕانە چۆنییە کاریگەری لە سەر هەڵکشانی داواکاری سەربەخۆییخوازی، ویلایەتی-بوون و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەبووە. تەیاری نەتەوەیی دەتوانێت وەک هەوڵی هاوبەش و گشتیی واتا پەیدا بکات کە چۆن کۆمەڵە هۆکارێکی سازکەر و هاوبەشی نەتەوەیی، وەک ڕەنگی پێست و زمان پێوەرێکن بۆ ئەندامێتی خەڵک لە ناو بازنەیەکی نەتەوەیی. لە ناو لێکۆڵینەوەکاندا، سنووری تەیاری نەتەوەیی بریتین لە شیکردنەوەی ڕەفتاری گشتیی نەتەوەیی، حزبی نەتەوەیی جوداخواز، توێژینەوەی مێژوویی و پێکهاتەی بزوتنەوەی خۆسەر، خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی بە تێکەڵەیەک لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی، خوێندنەوەی کێشەی نەتەوەیی، جەنگ و جینۆساید. لە دیدی ئەدەبیاتی مرۆڤناسانە پێناسەیەکی گشتیتری تەیاری نەتەوەیی هەیە کە بریتییە لە: چالاکییەکانی سنووری نەتەوەیی یا بە شێوەیەکی گشتی، تەیاری نەتەوەیی لە

سەر ڕکابەرایەتی بۆ سەرچاوەکان و ئەو بنەما خۆماڵییەی کە بێبەشبوون لە ڕکابەرایەتی[١] دێنێتە ئارا، وەک هۆکاری ئەکتیڤ بوونی کێشەی نەتەوەیی ورد دەبێتەوە.

ئەم ئەدەبیاتە بەرینە ڕەگی لە ناو دەیەی ١٩٦٠ دایە و لە دەیەی ١٩٩٠ی زایینی گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینی، ئێستا دەکرێت نزیکەی چوار دیدگای تیۆری جیاوازی لە بارەی تەیاری نەتەوەیی دیاری بکرێن:

١. دیدگای "فەرهەنگگەرایان" کە پێداگری لە سەر پەیوەندییە بەهێزەکانی زەینی و نۆرمی ناو گروپە نەتەوەییەکان دەکەن بۆ دروستکردنی هێڵی تەیاری نەتەوەیی.

٢. دیدگای "نەتەوایەتی پەرچەکردار" دیدگای ئابووری بەکار دێنێت تاکو بڵێت هۆکاری سەرەکی تەیاری نەتەوەیی پەیوەندی بە یەکسانی نەتەوەیی و بێبەشییەکی ڕێژەیی هەیە.

٣. دیدگای "ڕکابەری" لە سەر ڕێبەرانی نەتەوەیی ورد بۆتەوە و لێکدانەوەی ژیرانە بۆ ناسنامەی ئەوان و تێکەڵبوونی نەتەوەییان بە خەبات بۆ سەرچاوەکانی دەسەڵات دەکات.

٤. پرۆسەی سیاسی، لە سەر ڕۆڵی پەرەگرتنی ڕێڕەوی سیاسی پێداگرە؛ پێکهاتووە لە بازنەی دامەزراوەیی و دەقی وتاربێژی سیاسی زاڵ. هەر یەک لە ڕوانگەکان بۆ دروستبوونی تەیاری نەتەوەیی کۆمەڵە هۆکارێکی جیاواز بە بەرپرسیار دادەنێن. (Vermeersch, ٢٠١١: ٥. Vol ٣)

هەر چۆنێک بێ لە ناو تیۆری تەیاری نەتەوەییدا ڕێدۆزی جۆراوجۆر هەن؛ لەوانە: پێداگری لە سەر سازەی کۆمەڵایەتی و پەرەدانی ئابووری وەک گۆڕاوی ڕوون و سەرەکی، پلورالیسمی فەرهەنگی وەک گۆڕاوێکی سەرەکی؛ ڕکابەری لە سەر سەرچاوەکان؛ تیۆری ڕکابەری بژاردەکان و لە کۆتاییدا تیۆری هەڵبژاردنی

[١] Competitive Exclusion

لێکدەرانە. لە هەموو ئەم قوتابخانە تیۆریانەدا هەوڵ دراوە هۆکار و شێوەکانی بە سیاسیبوونی پرسی نەتەوە لە سەردەمی نوێدا ڕوون بێتەوە. (احمدی، ١٣٨٧: ١٥٤) لە درێژەدا هەوڵ دەدرێت بە خوێندنەوەی تیۆری تیۆریسیەنەکانی تەیاری نەتەوەیی بە سیاسیبوونی نەتەوەکان لە سەردەمی نوێدا شی کردنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

## ٢-٢-١-٢- تیۆری ڕکابەریی لە سەر سەرچاوەکان

هەر وەک پێشتر گوترا، ڕیبەرانی ڕژێمەکانی جیهانی سێیەم لە بەر داڵدەدانی دەسەڵات و داهات لە ناو گروپی دەسەڵاتداردا، هەمیشە دەیانەوێت ئەم شتانە لە گروپەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا داببڕن. ئەم دۆخە چواچێوەیەک دێنێتە ئارا کە تێیدا ڕکابەری لە سەر سەرچاوەکان (بە تایبەتی دەسەڵات، داهات و تەنانەت کاری دەوڵەتی) مەیلی ململانێ لە نێوان نەتەوەکاندا دروست دەکات. بە دواداگەڕانی شوناسی نەتەوەیی وەک بنەمای هەوڵی گشتی کاتێک ڕوودەدات و دەپارێزرێت کە ئیمتیازی ئاشکرای پێوە بێت و بە پشتبەستن و وەدەست هێنانی شوناسی نەتەوەیی بتوانرێت ڕکابەرایەتی بکرێت. (Coughlan, ١٩٨٥: ٤١٤) ئۆلزاک[١] وەک شرۆڤەکاری نەتەوەیی لەو بڕوایەدایە کە ڕکابەرایەتی نەتەوەیی کاتێک دروست دەبێت کە گروپە نەتەوەییەکان بۆ وەدەست هێنانی هەمان سەرچاوە هەوڵ بدەن وەپێش گروپەکانی زۆرینە یا کەمینە بکەون. لە دۆخێکدا کە سنوورداری یا بێسنووری سەرچاوەکان لە ئارا دابێت، ئەم ڕکابەرایەتییە دەبێتە هۆی هەوڵدانی گشتی نەتەوەیی. (Olzak,١٩٨٣: ٥٦)

## ٢-٢-١-٣- تیۆری ڕکابەرایەتی بژاردەکان

تیۆریسیەنی وەک هانس کۆهن[٢] و بە شێوەیەکی ڕێکتر، ئەنتۆنی سمیت[٣] ڕۆڵی بژاردەکانیان لە جوڵانەوەکانی ناسیۆنالیستی شی کردۆتەوە. بە دیدی

[١] Susan Olzak
[٢] Hans Kohn
[٣] Anthony David Stephen Smith

سمیت ڕۆڵی ڕوناکبیرانی شار لە دروستبوونی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی گرینگیەکی زۆری هەیە. بەرینبوونی دامێنی کۆنترۆڵی دەوڵەت و ویستی زۆرتر بۆ ناوەندیبوون دەبێتە هۆی دروستبوونی دۆخی لەبار بۆ تەیاری ئایدۆلۆژی لە لایەن ڕوناکبیرانی زانستی. جۆن برویلی، ناسیۆنالیسم بە شێوازێکی تایبەت و سەرکەوتوانەی سیاسەتی مۆدێرن دەزانێت کە تێیدا ڕوناکبیران بۆ دەرهێنانی دەسەڵات لە دەستی چینی دەسەڵاتدار سوودی لێوەردەگرن. لە دیدی پۆل براس[١] بژاردە نەتەوەییەکان نەک هەر بە سوودوەرگرتن لە میراتی فەرهەنگی نەتەوە شوناسێکی نەتەوەیی جیا دروست دەکەن، بەڵکو لە ڕکابەریەکانیاندا بۆ بەدەستگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە نێو گروپەکانی نەتەوەییشدا درز دروست دەکەن. براس پێیوایە ئەدەبیاتی ڕابردوو سەرنجی تەواوی نەداوەتە ئەم خەبات و دابەشینانەی ناو گروپە نەتەوەییەکان. (احمدی، ١٣٨٧: ١٦٠)

گرینگی ئەم تیۆرە لەوەدایە کە ڕۆڵ و قورسایی جۆرەکانی فەرهەنگی، نۆڕمەکان و کاری گروپە نەتەوەییە تایبەتەکان نادیدە ناگرێت. براس پێیوایە بژاردەکانی سیاسی و ئابووری کە لە تایبەتمەندیی گروپی نەتەوەیی سوود وەردەگرن خۆیان پابەندی نۆڕمەکانی گروپ دەبن و ئەم پرسەش دامێنی هەوڵی ئەوان کورت دەکاتەوە. (Brass, ١٩٨٥: ١٦)

ئەڵبەتە ئەم چوارچێوە تیۆرییە بۆ خوێندنەوەی ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی و شێوەی سیاسیبوونی نەتەوە، سەرنجی نەداوەتە دوو ڕاستی. یەکەمیان، براس تەنها ڕۆڵی بژاردە نەتەوەییەکان دەبینێت و سەرنج ناداتە ئەو ڕاستیەی کە بژاردەی نانەتەوەییش لە تەیاری ململانێی نەتەوەییدا ڕۆڵی گرینگیان هەیە. دووەمیان، ڕۆڵی دەرەکی کە گرینگترین گۆڕاوی سەربەخۆیە لە دروستکردن و بزواندنی کێشمەکێشی نەتەوەیی نادیدە دەگرێت و پشکی ئەوان لە دروست-کردنی ناسیۆنالیسم و شوناسی نەتەوەیی نابینێت. (احمدی، ١٣٨٧: ١٦١)

[١] Paul R. Brass

لە سەر ئەوەی کە دەوڵەتی دەسەڵاتدار چەندە ڕۆڵی لە دروستبوون و تەیاری نەتەوەیی هەیە، پلورالیستە فەرهەنگییەکانی وەک جۆزێف فۆرنیڤاڵ[١] و ئێم. جی سمیت[٢] نەریتێکی دەوڵەت گەلاڵە دەکەن کە تێیدا دەوڵەت بە ئامرازی ئاشکرای چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتی سیاسی دادەنێن. لە دیدی ئەوان لە ناو کۆمەڵگای پلورالدا دەوڵەت ئامرازێکی سەرەکییە کە لە ڕێگەی ئەوەوە گروپێک دەسەڵاتی خۆی بە سەر گروپەکانیتردا دەسەپێنێت. بەم شێوەیە دەوڵەت گۆڕاوێکی سەربەخۆیە و گروپەکانی نەتەوەیی ململانێکار ڕاگیر دەکات و تەنانەت دروستیان دەکات.

فۆرنیڤاڵ و سمیت کۆمەڵگای پلورال بە جۆرە نەزمێکی کۆمەڵایەتی دادەنێن کە گروپی جۆراوجۆری کەلتوری لەخۆدەگرن؛ گروپگەلێک کە لە ناو یەک یەکەی سیاسیدا لە تەنیشت یەکتر دەژین، بەڵام لە ناو یەکتر ناتوێنەوە. گروپێکی فەرهەنگیی دەسەڵات داڵدە دەدات و بە کۆنترۆڵکردنی دەزگای دەوڵەت، دەسەڵاتی خۆی بە سەر تەواوی گروپەکانیتردا دەسەپێنێت. ئەم پێناسەیەی کۆمەڵگای پلورال بەپێی بنەمای خوێندنەوەی فۆرنیڤاڵ لەسەر کۆمەڵگای کۆلۆنیالی، کە بە هۆی داگیرکاریی (فتوحات) دروستبوون و کاریان بەپێی بەرژەوەندیی سەرمایەدارانی کۆلۆنیال ڕێکخرابوو و هەروەها لە سەر بنەمای شرۆڤەی سمیت لە سەر کۆمەڵگاکانی دوای کۆتاییهاتنی سەردەمی کۆلۆنیالیسم، ڕاوەستاوە. (احمدی، ١٣٨٧: ١٦٣)

ئەزموونی عێراقیش لە چوارچێوەی خوێندنەوی فۆرنیڤاڵ و سمیت شایانی لێکۆڵینەوەیە. وڵاتی دەستکردی عێراق لە ڕووی نەتەوەیی و دینی وڵاتێکی پلوراڵە کە بەپێی بەرژەوەندی و ڕێککەوتنی دەوڵەتی فەڕانسا و بەریتانیا لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی دروست بوو. گروپی نەتەوەیی عەرەب، کورد و تروکمان، گروپی دینی سوننی، شیعە و مەسیحی لە کەنار یەکتر دەژین،

---

١ Joseph Fournival
٢ Michael Garfield Smith

بەڵام لە ناو یەکتری ون نابن. بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیان، بە تایبەتی کورد و عەرەب، ڕووبەڕووی گرژی بۆتەوە. دەوڵەتی ناوەندیش هەمیشە بە سەپاندنی زۆرداری و سیاسەتەکانی ئاسیمیلانیستی، کەلتوری خۆی بە سەر گروپەکانیتری نەتەوەییدا دەسەپێنێت. لە ئاکامدا هەڵچوونی نەتەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوە لە وەها شێوازێکی حکوومەتداری و سەپاندنی کەلتور بە هێزی زەبر دروست دەبێت.

هەروەک لە تەوەری یەکەمدا گوترا، لە دوای جەنگی سارد و داڕمانی سۆڤیەت، کێشە نەتەوەییەکان بە نێودەوڵەتی بوون. بە نێودەوڵەتیبوونی کێشەی نەتەوەیی بە خێرایی لێکەوتگەلێکی لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا لێکەوتەوە. ئەو پرسەی کە لە ناو کێشە نەتەوەییەکاندا دێتەگۆڕێ ئەوەیە کە جگە لە پرسی مەعریفی ململانێی نەتەوەیی، فێنۆمێنۆلۆژی[1] (دەرکەوتەناسی) پشتیوانی دەرەکی بۆ دروستکردن و وروژاندنی هەستی نەتەوەیی و دواجار ململانێی نەتەوەیی جێی گرینگیدانە. هەڵبەتە ئەم پشتیوانییە دەرەکییە تەنها بۆ دروستکردن و بزواندنی هەستی نەتەوەیی و سازکردنی ململانێی نەتەوەیی نییە، بەڵکو پشتیوانی دەرەکی دەتوانێت لە قالبی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا بێت کە دەتوانن لە چارەسەری کێشمەکێشی نەتەوەیی بە سوود بن. ئەم پشتوانییە دەرەکیانە ڕەنگە ناوچەیی یا هێزەکانی دەرەوەی ناوچەیی بن یا لە قالبی ڕێکخراوی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا بن. بە تایبەت لە خۆرهەڵاتی ناوین، دەستوەردان و پشتیوانی سیاسی و سەربازی دەبێتە هۆی کاریگەریەکی زۆر لە دەرکەوتنی بزوتنەوەگەلی سەربەخۆییخوازیی و بەرینبوونەوەی هزری ناسیۆنالیستی نەتەوەیی.

[1] Phenomenology

سێ لە سەر چواری دەستوەردانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی ناویندا، زۆربەیان بە شێوەی سەربازی بوون. خولسا[١] لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئاستی خوارتری پشتیوانی بە تایبەتی یارمەتی سەربازی دەتوانێت بە زۆرکردنی تێکدەرانە و بەردەوامیدانی کێشەی ناوخۆیی لە تەنیشت هەڕەشەی پەرەسەندنی کێشەی سنووری دەوڵەتیی، نائەهوەنی ناوچەیی بهۆنێتەوە. ئەم پەرەگرتنە دەتوانێت ڕەوتی ئاوارەکان لە ناوەوە و دەوروبەری سنووری دەوڵەتی زۆرتر بکات. ئەم گرژیانەی نێوان گرووپی نەتەوەیی و دەوڵەت بە دوای پشتیوانی دەرەکیدا دێن کە دەتوانن ئاستی جەنگ و کێشەی خوێناوی ناوخۆیی زیاد بکەن. ئاکامی ئەم جەنگ و ناسەقامگیرییە لە ڕەهەندی ناوچەییدا دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی بەشداری ئەکتەرانی‌تری وەک ئەکتەرە گەورەکانی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی جۆراوجۆری ناوچەیی و نێودەوڵەتی. (Kholsa, ١٩٩٩: ١١٥٣)

**٢-٢-١-٤- پشتیوانیی نێودەوڵەتی و ڕاسانی شوناسە نەتەوەییەکان**

دەستوەردانی نێودەوڵەتی لە پرسی نەتەوەیی و دەرکەوتنی ناسیۆنالیسمی جوداخوازیی پێکهاتەکان لە خۆرهەڵاتی ناویندا ڕۆڵی زۆری هەبووە. کارڵ براون[٢] باوەڕی وایە کە ڕۆڵی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی - سیاسی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوین زۆر ڕوون و دیارن. چونکە هۆکارە ڕاکێشەرەکانی ستراتیژی و ئابووری ئەم ناوچەیە، هەر لە سەردەمی هێرشی ناپلیۆن بۆ میسر لە ساڵی ١٧٩٨، پاڵنەری دەستوەردانی نێودەوڵەتی لە ناوچەکە بووە. هەروەها براون یاداوەری دەکاتەوە کە لە دەستپێکی پەیدابوونی پرسی خۆرهەڵات لە لای کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوایی، هێزە مەزنەکان بەم گریمانەیە کاریان کردووە کە خۆرهەڵاتی ناوین زیاتر لە ناوچەکانی دیکە خاوەنی بەرژەوەندیی ستراتیژیکە. (احمدی، ١٣٨٧: ١٧٦)

[١] Deepa Kholsa
[٢] Carl L. Brown

نفووزی دەرەکی بۆ خۆرهەڵاتی ناوین لە ناو گۆڕانکاریی وەک شۆڕشی پێکهاتەکان[1] لە چاو شتی‌تر ئاشکراتر بووە. زۆرێک لە سەرۆک هۆزەکان، کە دواتر هەڵوێستی دژەدەوڵەتیان گرتەبەر، لە سەرەتادا لەگەڵ هێزەکانی دەرەوە لە پەیوەندیدابوون و لە لایەن ئەوانەوە پشتیوانیان لێدەکرا. تەنانەت لە مەیدانی کاری سیاسی ڕاستەقینە، ڕۆڵی دەوڵەتەکانی دەرەوە -بە تایبەتی زلهێزەکان لە لایەک و دەوڵەتەکانی ڕکابەری ناوچەیی لە لایەکی‌تر- لە پێشبردن و هاندانی ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی و کێشەی نەتەوەیی گرینگن. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کەشێک بۆ گوتاری سیاسی نێودەوڵەتی هاتە ئارا کە تێیدا ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیسم و مافی دیاری‌کردنی چارەنووس خولیایەکی بەهێزی بۆ زۆرێک لە پێکهاتەگەلی زمانی و دینیی ساز کرد. لە ژێر کاریگەری ئەم کەشە، ڕوناکبیران و بژاردەی سیاسیی پێکهاتەکان جۆرێک لە شوناسی دیاری‌کراویان بۆ خۆیان وێنا کرد؛ بەم شێوەیە بۆ جاری یەکەم ئەو گروپانەی پێی گرێدراوبوون مافی هەبوونی پێگەی نەتەوەیی و دەوڵەتیان هەبوو. (احمدی، ١٣٨٧: ١٧٨)

جۆرج ئەنتۆنیۆس[2] ئەم پرسەی بە تێبینی‌کردنی دەرکەوتنی ناسیۆنالیسمی عەرەبی لە ناو ئیمپڕاتۆری عوسمانی بە ڕوونی باس کردووە. ئەو دەریدەخات کە چۆن هێزەکانی ڕۆژئاوایی وەک ئەمریکا، فەڕانسا و بە تایبەتی ئینگلیز لە دەرکەوتنی جوڵانەوەکانی جودایی‌خوازانەی عەرەبی ڕۆڵیان هەبووە. ئەنتۆنیۆس بە دڵنیاییەوە دەڵێت جوڵانەوەی نەتەوەیی عەرەبی لە ساڵی ١٨٧٤ی زایینی کۆڕی ئەدەبی بە پشتیوانی ئەمریکا لە بەیروت دامەزراند. لە سەدەی بیستەم، هەردوو زلهێز ئەم هزرەیان بە هێز کرد. تەواوترین ڕوانگەی ئەم هزرە بریتی بوو لە قوتابخانەی ویلسۆنی[3] بۆ مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی پێکهاتەکان و

---

[1] Minority Groups
[2] George Habib Antonius
[3] Wilson School


چەمکی مارکسیست – لینینیستی نەتەوە و خۆبەڕێوەبەری کە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم هاتنە ئارا. ئەم هزرە کاتێک گرینگی پەیدا کرد کە ویلسۆن[1] سەرەک کۆماری ئەمریکا لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئەمانەی هێنایە ناو پەیڕەوە چاردە بڕگەییەکەی خۆی. قوتابخانەی ویلسۆنیی خۆبەڕێوەبەری هەموو نەتەوەکانی ناو سنووری ئیمپڕاتۆریەکانی ژێرکەوتووی ئەڵمان، ئۆتریش، عوسمانی و ڕووسیی هان دەدا و وای لە ویلسۆن کرد تاکوو بە شێوەیەکی واتایی و بەردەوام خوازیاری دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ عەرەب، ئەرمەنی و کورد بێت. هێزەکانی ڕۆژئاوایی وەک ئینگلیز، فەڕەنسا، ڕووسیا و دواتر یەکێتی گەلی سۆڤیەت و ئەمریکا پشتیوانیکردنی پەرەسەندنی هزری خۆبەڕێوەبەی و ناسیۆنالیسمی نەتەوەییان کردە بەشێک لە سیاسەتی خۆیان. ئەم هێزانە تۆوی هەستی ناسیۆنالیستییان لە ناوچەکاندا وەشاند. (احمدی، ١٣٨٧: ١٨٢)

بە سەرنجدانە ئەو هۆکارنەی باس کران، وا پێ دەچێت کە تەیاری نەتەوەیی و دەستوەردان و پشتیوانیی دەرەکی زۆرترین ڕۆڵیان لە سیاسی-کردنی پرسی شوناس و گەشەی هزری ناسیۆنالیستی نەتەوەمەدارانە هەبێت. تەیاری نەتەوەیی بە پشتبەستن بە هەندێک ڕێدۆزی جۆراوجۆر کە گرینگترینیان ڕکابەری لە سەر سەرچاوەکان و ڕکابەری بژاردەکانە، دەبنە هۆی ئەوەی کە چەمکی نەتەوە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵزانی ببێتە بابەتێکی سیاسی. هەروەها، پشتیوانی دەرەکیش (ناوچەیی و بانناوچەیی) بە وەشاندنی تۆوی خۆسەری و خۆبەڕێوەبەری، بۆتە هۆی ئەوەی سەرانی نەتەوەکان بۆ جیاخوازیی و سەربەخۆییخوازیی هان بدرێن. هەردوو هۆکار وەک هۆکاری ناوەکی و دەرەکی بە مەبەستی گەشەی هەستی سەربەخۆییخوازیی بۆ ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی تەواوکەری یەکترن. بەم شێوەیە لە نەبوونی یەکێک لە هۆکارەکان کێشەی نەتەوەییانە سەرکەوتوو نابێت و ئامانجی نەتەوەمەدارانە

[1] Thomas Woodrow Wilson

تووشی شکست دەبێت. وێنەی ژێرەوە دەتوانێت پەیوەندی نێوان هۆکاری دەرەکی و ناوەخۆیی بۆ بەسیاسی کردنی کێشەی نەتەوەیی شرۆڤە بکات.

وێنەی ٣: بە سیاسییبوونی کێشەی نەتەوەیی





## ٢-٢-٢- هاوسەنگیی گشتگیر و هەڕەشەی نوێ

تیۆری هاوسەنگیی گشتگیر، بە ناساندنی دوو جۆرە ئاستی هەڕەشە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، بیرۆکەی هاوئاستیی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ناو بازنەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا شرۆڤە دەکات. وڵاتانی جیهانی سێیەم لە دوولاوە دەکەونە بەر هەڕەشە. یەکەم، هەڕەشەی ناوخۆیی کە لە لایەن گروپی نەتەوەیی - دینی سەرهەڵدەدەن و هەڕەشەی دەرەکی کە دەوڵەتەکانی هەرێمی و بانهەرێمی لەخۆ دەگرێت. گروپی نەتەوەیی - دینی بۆ دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم بە پلە یەک دێن. لە ڕاستیدا لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم و ڕمانی جەمسەری خۆرهەڵات و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، گروپەکانی نەتەوەیی بە هۆی سەربەست کارکردنی هێزەکانی ناوچەیی بۆ چارەسەریی گرفتی ئاسایشیی ناوچەیی، بە نێودەوڵەتیبوونی کێشەی ناوخۆیی و گەشەکردنی ئاسان و بڵاوبوونەوەی جوڵانەوەی نەتەوەیی، دەتوانن دەوڵەتی ناوەندی

تووشی گرفت بکەن و ڕووبەڕووی هەڕەشەی بکەنەوە. بۆیە دەوڵەتەکان زۆرترین توانای خۆیان بۆ دروستکردنی هاوسەنگی بە مەبەستی نەمانی هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکی بە کار دێنن تا سەقامگیری و مانەوەی خۆیان بپارێزن. گروپەکانی نەتەوەیی بە سوودوەرگرتن لە تەیارکردنی سیاسی و پشتیوانی دەرەکی لە هەوڵی دروستکردنی فشارن بۆ سەر دەوڵەتی ناوەندی. زۆربەی جار ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی، بە پەنا بردن بۆ ڕکابەری بژاردەکان و ڕکابەری بۆ سەرچاوەکان و هەروەها بەهرەوەرگرتن لە یارمەتی دەرەکی لە هەوڵی گرفت نانەوەن بۆ دەوڵەتی ناوەندی. ئەم ڕەفتارەی گروپە نەتەوەییەکان دەتوانێت لێکەوتەی ئاسایشیی زۆری لە ئاستی ناوچەیی و بانناوچەیی هەبێت. بەرجەستەبوونی ڕۆڵی گروپە نەتەوەییەکان و کاریگەرییان لە سەر بازنەی ناوخۆیی و ناوچەیی ئەو توانایەیان پێدەدا تاکو پرۆسەی وەک هەڵوەشانەوە-خوازیی، خۆسەری و سەربەخۆییخوازیی بەرنەپێش. لە درێژەدا بە درێژی لە بارەی چۆنیەتی بەرجەستەبوونی ڕۆڵی گروپە نەتەوەییەکان لە ناو سیاسەتی ناوچەیی، کە دەبێتە هۆی گۆڕان و کاریگەریدانان لە سەر دەوروبەری (کۆمەڵەی ئاسایشیی ناوچەیی) خۆی و لێکەوتەی ئاسایشیی ئەم بەرجەستەبوونە، باس دەکرێت. وێنەی ژێرەوە بە کورتی ڕۆڵی گروپە نەتەوەییەکان و کاریگەریدانان و کاریگەریگریان لە سەر پانایيە جۆراجۆرەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی شی کردۆتەوە.

وێنەی ٤: کاریگەریی نێوان گروپە نەتەوەییەکان و بازنەی ناوچەیی




لە بارەی چۆنیەتی کاریگەریدانانی گروپە نەتەوەییەکان لە سەر کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین، ناسینی گشتی کۆمەڵەکانی ئاسایشیی گرینگە. چونکە بە دارمانی سۆڤیەت، سەربەستی هێزەکانی ناوچەیی زیاتر بوو و لە ئاکامدا ئاستێکی شیکارییتر بە ناوی کۆمەڵەی ئاسایشیی لە تەنیشت سیستەم و دەوڵەت دروست بوو. بوزان بە نیشاندانی نموونەیەکی دۆستایەتی و دۆژمنایەتی و گرێدراوی دوولایەنە لە هەوڵی ئەوەدایە بۆ هەر جۆرە بزاوت وپەیوەندییەک لە سەر بازنەی ناوچەیی لێکۆڵینەوە بکات. لەم ڕووەوە، بە

لێکۆڵینەوەی گۆڕاوی وەک دەوڵەت و گروپە نەتەوەییەکان کار لە سەر کۆمەڵەکانی ناوچەیی دەکات. نموونەی دۆستایەتی و دووژمنایەتی لە ناو بەستێنی کۆمەڵەیەکی ئاسایشیی ئەگەری زیاتر دەبێت. بۆیە ئەم نموونانە لە سەر پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی شایانی لێکۆڵینەوەن. بە دەرکەوتنی گروپەکانی نەتەوەیی وەک ئەکتەری نوێی ئاسایشیی ناوچەیی، ئەکتەرەکانی نادەوڵەتیش هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەتەکان کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵەی ئاسایشیی ناوچەیی دەبێت. بوزان بە نیشاندانی چوارچێوەیەکی دیاری ئاسایشی ناوچەیی لە هەوڵی ئەوە دایە سەربەخۆیی ڕێژەیی پەیوەندیی ئاسایشیی ناوچەیی لە ئاستی دەوڵەتی و سیستەمیدا بخاتە ڕوو. ئامانجێکی دیکەی بوزان لە نیشاندانی ئەم چوارچێوەیە پڕ کردنەوەی درزی نێوان دەوڵەت و ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتییە. ئەو پێیوایە، لە نێوان دەوڵەت و پێکهاتەی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی مەودایەکی قووڵ هەیە کە شێوەسیستەمی ناوچەییش توانای پڕکردنەوەی ئەم دەرز و کەلێنەی هەیە. لە ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتیدا پێ دەچێت ئاسایشی هەریەکە لە دەوڵەتەکان پەیوەندی بە ئاسایشی هەمووانەوە هەبێت. لێرەدا خوێندنەوەی ئاسایش کارێکی ناریالیستی دەبێت؛ چونکە گۆڕاوی ئاسایش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زۆرن. بۆ هەڵسەنگاندنی ئاسایشی هەر دەوڵەتێک لەبەرچاوگرتنی هەموو گۆڕاوەکان کارێکی سەخت و دژوار دەبێت. بۆیە ئەم کارە گەورەیە توێژەر و شرۆڤەکار بەرەو لای تێگەیشتنی ئاسایش نابات. بوزان دەڵێت لە ئاکامدا بۆ وەدەستهێنانی پێناسەیەکی شایانی تێگەیشتن بۆ بابەتەکانی لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە نابێت لە ڕادەبەدەر گەورەیان بکەین. (Buzzan, ٢٠٠٧: ٢٠٠)

### ٢-٢-٢-١- کۆمەڵەی ئاسایشی ناوچەیی

کۆمەڵەی ئاسایشیی لە دیدگای بوزان بریتییە لە هەندێک دەوڵەت کە تا ڕادەیەکی زۆر خواستی ئاسایشیی سەرەکییان هەیە. بە جۆرێک کە ناکرێت ئاسایشیی نەتەوەییان جیا لە یەکتر دابنرێن. ئەم لێکدراوی و گرێدراوبوونەی

نێوان ئەم کۆمەڵە دەوڵەتانە تا ئەو جێیەیە کە، سەرەڕای جیاوازی ڕێگا و ئامانجی جیاوازیان، لە دەورەی یەکتر کۆیان دەکاتەوە. ئەم بیرە ئاماژە بە گرێدراوبوونی دوولایەنەی توندوتۆڵ دەکات و لە هەر جۆرە کۆمەڵەیەکی دیکەی هاوسێیەتی جیای دەکاتەوە. (Buzan, ٢٠٠٧: ٢٠٣) ئەڵبەتە پانیەی ئاشیلی[١] تیۆرەکانی کۆمەڵەی ئاسایشیی ناوچەیی ئەوەیە کە لە بارەی دەرکەوتنی گروپی نەتەوەیی و دینی وەک بەرهەڵستکاری نوێی ناوچەیی نەدواوە. هەر وەک پێشتر گوترا، لە لایەک ڕەها کارکردنی هێزەکانی ناوچەیی و لە لایەکی دیکە بە نێودەوڵەتیبوونی پرسی شوناس، نەتەوە و دین، گروپەکانی نەتەوەییش لە ناو بازنەی ناوچەیی بەرەولای گەمەیەکی چالاکانە دەچن. ئەگەر بەپێی دیدی دەیڤید، پشتیوانی دەرەکی وەک گۆڕاوی سەربەخۆ کاریگەری لە سەر گۆڕاوی نێوەنجی، وەک گروپە نەتەوەییەکانی سەربەخۆخواز، هەبێت، دۆستایەتی و دوژمنایەتی نێوان دەوڵەتان دەتوانێت کاریگەری لە سەر ئەهوەنی کۆمەڵەیەکی ئاسایشیی ناوچەیی دابنێت، چونکە بەپێی گریمانەکە نموونەی دۆستایەتی و دووژمنایەتی نێوان دەوڵەتان لە ناو کۆمەڵەیەکی ئاسایشیی ناوچەییدا پێناسە کراوە. بە دەرکەوتنی گروپگەلی نەتەوەیی کە کاریگەرییەکەیان لە سەر کۆمەڵەی ناوچەیی لێڵ و نادیارە، چۆن ئەم گروپانە دەتوانن کاریگەری دابنێن؟ کەواتا گروپەکانی نەتەوەیی وەک ئەکتەرانی نوێی ئاسایشیی چۆن دەتوانن کاریگەری لە سەر بازنەی ئاسایشی دابنێن؟

زۆربەی کێشە و لێکگیربوونە نەتەوەییەکان، لە ناو وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕوویان داوە. ئەمەش لە بەر تایبەتمەندی کۆلۆنیالی، هاورداتی نموونەی

---

[١] مەبەست لە پانیەی ئاشیل، خاڵی لاوازە. ئاشیل لە فیلمی حەماسی ترۆی نیمایش کراوە کە لە ئیلیادی شاعیری یۆنانی هۆمێر وەرگیراوە. لەم فیلمەدا ئاشیل لە لایەن دایکی بە ئاوی پیرۆز شوراوە بۆیە هیچ شتێک کاری لێ ناکات. بەڵام لە کاتی شوشتن پانیەی پێی تەڕ نەبووە؛ بۆیە لە کاتی شەڕ تیرێکی بەر پانیەی پێی دەکەوێت و دەمرێت. و


حوکمڕانی ڕۆژئاوایی، لە بەرچاونەگرتنی نیگەرانیی ئاسایشیی ناوخۆیی و گرێدراوی توند بە ئابووری جیهانی بووە کە زۆربەی کێشە نەتەوەییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕوو دەدەن. ئەم تایبەتمەندییانە بۆ سرشتی بەردەوامی تێکهەڵچوون و کێشەی نەتەوەیی گرینگن؛ هەروەها کاریگەری تایبەتی لە سەر کۆمەڵەکانی ناوچەیی دادەنێن. (Kholsa, ١٩٩٩: ١١٥٦) ئەم تێکهەڵچوونانە بەردەوام دەتوانن، بە هەڵکشانی تێکدەرانە و درێژەپێدانی کاتی، گرفتی ناوخۆیی بنێنەوە و لە پەنای ئەم گرفتانەش دەتوانن هەڕەشەی بەرینبوونی کێشەی سنووریی بۆ دەوڵەت و نائەهوەنی ناوچەیی بهۆننەوە.

ئەم بەرینبوونە دەتوانێت ڕەوتی پەنابەرێتی لە ناوەوە و بە درێژایی سنووری دەوڵەت دروست بکات. گرژی نێوان گروپەکانی نەتەوەیی و دەوڵەتی گیرۆدەی ناو کێشە دەتوانێت ئاستی جەنگی نێوان دەوڵەتان هەڵکێشێت. زیادبوونی ئەم کێشە نەتەوەییانە لە ناو سیستەمی ناوچەییدا پەیامی خۆی هەیە. ئەم کێشانە دەتوانن ببنە هۆی بەشداریی ئەکتەرانی دیکە؛ لەوانەش ئەکتەری گەورە و دامەزراوەی جۆراوجۆری ناوچەیی و نێودەوڵەتی. ئەم هەلومەرجە دۆخێک دێنێتە ئارا کە ئاسایشی ناوچەیی خۆماڵی نامێنێت و دەچێتە ژێر کاریگەریی تەما و دیدگای هێزە گەورەکان. هیچ کێشەیەک بەبێ هاتنی زلهێزەکان چارە ناکرێت و ئەوە هێزە گەورەکانن کە دەتوانن لە مەیدانی ئاسایشیی ناوچەییدا دەستوەردان بکەن و سەرئەنجام دەبنە هۆی گرژیی نێوان هێزەکانی ناوچەیی و هێزە گەورەکانی جیهانی. (Kholsa, ١٩٩٩: ١١٥٧)


پێشوەچوون و سەرکەوتنی کێشەی نەتەوەیی لە ناو کۆمەڵەی ئاسایشییدا دەتوانێت، ئاستی توندوتیژی نێوان گروپە نەتەوەییەکان و دەوڵەتی ناوەندی هەڵکێشێت و ببێتە هۆی درێژبوونەوەی پرۆسەی کێشە. لە لایەکیتر، لە بەر حەزی ئەکتەرە گەورەکان لە پەنا ئەکتەرانی ناوچەیی ئاستی کێشە لە قەبارەی نەتەوەیی - دەوڵەت نامێنێتەوە و ڕەنگە ئاستی ناوچەیی ببێتە هاتنگەی هێزە گەورەکان و هێزە هەرێمییەکان. کەواتا لە کاتی بەردەوامیی خەباتی گروپێکی

نەتەوەیی سێ ئاستی کێشە لە ناو کۆمەڵەیەکی ئاسایشیی دەدیترێت. یەکەم، کێشەی نێوان گرووپی نەتەوەیی و دەوڵەتی ناوەندی. دووەم، کێشەی نێوان هێزەکانی هەرێمی بۆ لاوازکردن یا هاندانی گرووپی نەتەوەیی یا دەوڵەت. سێیەم، کێشەی نێوان هێزە گەورەکان و هێزەکانی ناوچەیی لە ناو کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی.


وێنەی ٥: پەیوەندیی بزوتنەوەکانی نەتەوەیی و ئاسایشی ناوچەیی




وێنەی ٦: جولانەوەی نەتەوەیی و کاریگەریی هێزی دەرەکی لە سەر سەقامگیری دەوڵەت




وێنەی ٧: پەیوەندیی گروپەکانی نەتەوەیی و ئاسایشی ناوچەیی




**کۆبەند**

لەم بەشەدا، ئاماژە درایە گرینگی ئەکتەرانی نادەوڵەتی لە ناو کۆمەڵەی ئاسایشیی ناوچەیی لە جیهانی سێیەمدا. ئەوەش گوترا کە لە دوای ڕووخانی سۆڤیەت و کۆتایی جەنگی سارد، ئیتر دەوڵەتەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە تەنیا ئەکتەری سەرەکی نین؛ هەروەها بەنێودەوڵەتیبوونی کێشە نەتەوەیی و شوناسییەکان و گرینگی پەیداکردنی گروپە نەتەوەییەکان لە ناو [سیستەمی] نێودەوڵەتیدا، گروپی نەتەوەیی و دینی وەک ئەکتەری نوێی سیستەمی نێودەوڵەتی سەریانهەڵدا. ستێڤن دەیڤید تیۆریسیەنی هاوسەنگیی گشتگیر،

دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەمی لە بەر چنینی نەتەوەیی مۆزاییکی، چەند نەتەوەیی-بوونی کۆمەڵگاکان، لەرزۆکیی سنوورەکانی دەوڵەت – نەتەوە لە بەرانبەر دوو هەڕەشە دادەنێت. هەڕەشەی یەکەم لە لایەن گروپە نەتەوەییەکانن کە لە ناو ئەو دەوڵەتانە بوونیان هەیە و هەڕەشەی دووەم دەرەکین. گروپە نەتەوەییەکان کە زۆرتر پشتیوانی هێزەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتییان هەیە، توانای گرفت نانەوەیان بۆ دەسەڵات و ئاسایشی دەوڵەت بە مەبەستی گەیشتن بە مافەکانیان هەیە. دەیڤید پێی وایە کە بە سەرنجدانی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، پەیڕەوانی ریالیسم و لیبرالیسم توانای شیکردنەوە و باسکردنی پانتایی ناوچەی جیهانی سێیەمیان نیە. لە بەر ئەوەی ریالیسم تەنیا دەوڵەت بە گەمەوانی سەرەکی ناساندووە. ئێستا لە تەنیشت دەوڵەت، ئەکتەرانی دیکە هاتوونەتە مەیدان کە ڕۆڵی ئەوان لە ناو کۆمەڵەیەکی ئاسایشیی جیێ بایەخە. گروپە نەتەوەییەکان بە پشتبەستن بە ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی دەیانەوێت ڕوانگەی هزری و سیاسیی خۆیان بە هێز بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ دەوڵەتی دەسەڵاتدار بکەونە ناو کێشە. ئەمە تەنیا ڕەهەندی بابەتەکە نیە؛ بەڵکو پشتگرتنی گروپگەلی نەتەوەیی لە لایەن وڵاتانی دەرەکیش زۆر جێی بایەخە. لە کاتی کۆکرانەوەی ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی و پشتیوانی دەرەکی تەیاری نەتەوەیی ساز دەبێت و لە کۆتاییدا دەوڵەتەکانی دەسەڵاتگەرای جیهانیسێیەم دەکێشنە ناو گێژاو. چالاکیی یەک یا چەند گروپ لە ناوەوەی سنووری دەوڵەت و لە ئاستی ناوچەییش جێی سەرنجە. بەو پێیەی کە ئەم گروپە نەتەوەییانە بە چالاکییەکانیان دەبنە هۆی هاتنی هێزەکانی دیکەی ناوچەیی و هێزە نێودەوڵەتییەکان؛ دەرکەوتەی ئەم دۆخە لە بەر سنووربەندیی ناسروشتی و دەستکردبوون ئەگەری ئەوەی هەیە نەتەوەیەک لەت کرابێت و لە نێوان دوو یا چەند وڵاتێکدا بڵاو کرابنەوە. لە کۆتاییدا کێشەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانێت پانتایی ئاسایشیی خۆی بخاتە ژێر کاریگەری.

# بەشی سێیەم:

# شرۆڤەی بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین

### ٣- پێشەکی

لە بەشی پێشوودا باسی ئەو بابەتە کرا کە بۆ ناسینی وڵاتانی جیهانی سێیەم، پرسی گروپی نادەوڵەتی و گروپە نەتەوەییەکان بایەخی زۆریان هەیە. چونکە ئەم گروپانە توانای ئەوەیان هەیە وەک ئەکتەرێکی ئاسایشیی چالاک لە ئاستی ناوچەکەدا ببنە کارەکتەرێکی گرینگ. هەروەها کۆمەڵە هۆکارێکی وەک پشتیوانیی دەرەکی لە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە ناو وڵاتانی پلۆرالدا دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆدەنگیی نەتەوەیی و ئەکتەری نادەوڵەتیی دەتوانێت دەسەڵات و ئاسایشی دەوڵەتی دەسەڵاتدار تووشی کێشە بکات و تەیاری نەتەوەیی سەرهەڵبدات و بە دوایدا تێکهەڵچوونی قەومی دروست بێت. هەروەها لە سەر ئەم پرسە باسی ئەوە کرا کە شوێنەوار و لێکەوتەی کێشەی نەتەوەیی بەپێی دەرئەنجام و بەڵگەی بەردەست لە شوێنە جیاکانی جیهان لە دوای جەنگی سارد چین و چۆن ئەم لێکەوتانە دەتوانن لە سەر بازنەی ئاسایشیی ناوچەیی کاریگەریی دابنێن. نیگای ئەم بەشە بۆ چۆنیەتی بە ئاسایشییبوونی خۆرهەڵاتی ناوینە و بە دوای ئەوەیە تاکوو لە دیدی ناوچەیی و دەوڵەتیی و ناوسیستەمیی، ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناویندا شرۆڤە بکات. هەروەها بەو پێیەی کە ڕۆڵی زلهێزەکان لە خۆرهەڵاتی ناویندا زۆر بەربەرینە، چۆنیەتی کاریگەری هێزە گەورەکان و پێکهاتەی نێودەوڵەتی لە سەر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینیش شی دەکرێتەوە. لە کۆتاییدا بەو پێیەی کە خۆرهەڵاتی ناوین پڕە لە نەتەوە و دینی جیاواز و جۆراوجۆر، شێوەی ئاسایشییبوونی شوناس لە خۆرهەڵاتی ناوین دەدرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

### ٣-١- تایبەتمەندییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین

دەتوانین ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بە خاوەنی نێودەوڵەتیترین کێشەی دونیا دابنێین. شوێندەستی بەرژەوەندیی دەرەکی بە پرسەکانی ئەم ناوچەیەوە

دیارە؛ ئەم دەستوەردانانەش لە ناو وڵاتانی ناوچەکەدا پەیوەندیی دیاریان بە پێکهاتەی دەسەڵاتەوە هەیە. ئەمڕۆکە هۆکارگەلێکی وەک لۆژیک و شێوەی بەشینەوەی دەسەڵات لە ناو کۆمەڵەی نێودەوڵەتییدا، ڕەوایەتی ڕژێمەکانی دەسەڵاتدار و چەقەی سوننەت - مۆدێرنیتە، بەردەوامی یا نەمانی حکوومەتەکانی ناوچەکە دیاری دەکات. لە هەلومەرجێکی وەها ئاڵۆزدایە کە هەڕەشەی دەرەکی لەگەڵ زیانەکانی ناوەخۆیی هاوئاهەنگ دەبێت و قەیران و کێشەی ناوچەیی دروست دەبێت. (مارتین، ١٣٨٢: ١٧) لە ڕاستیدا، بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین هیچ کات بێ کێشە نەبووە؛ ئاسایش لەم ناوچەیەدا هەمیشە لە لایەن هێزی دەرەکی[١] کە لە دەرەوەی کۆمەڵەی ئاسایشیی ناوچەکەدا بوون یا لە لایەن گروپەکانی ناوخۆیی، کە توانای کێشە نانەوەیان بۆ دەوڵەتی ناوەندی هەبووە، کەوتۆتە ژێر کاریگەری. ئەمە شێوەیەکی زۆر سادەی بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوینە. بە پەرەگرتنی جیهانیبوون و پێشڕەویی خێرای تەکنۆژیا و گەیاندنی گشتی، کێشەی جۆراوجۆریتر بۆ بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین دەرکەوتن. ئابوور، وزە، سەرچاوەکانی ژێرزەوی و ئاو، نەبوونی هاودەنگی لە نێوان ڕەوایەتی و دەسەڵات لە دەستی دەسەڵاتداران ئەو هۆکار و فاکتەرانەن کە بۆ پێناسەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین گرینگن. بەبێ تێگەیشتنێکی دروست و هەمەلایەنەی هەریەک لەو هۆکارانە، باس و شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین ناکرێت.

ڕەنگە بتوانین بڵێین، ریالیسم و لیبرالیسم و هەرکام لە پەیڕەوانیان (ریالیسمی نوێ و لیبرالیسمی نوێ)، ناچنە سەر خۆرهەڵاتی ناوین و لە باس و شرۆڤەی خۆرهەڵاتی ناویندا ناکام دەبن. گروپی یەکەم (ریالیستەکان) لە بەر ئەوە ناکامن چونکە پێیان وابوو هێزی سەربازی خاڵیی سەرەکییە لە هاوسەنگیی هێزدا و دەوڵەت تەنیا ئەکتەری سەرەکی پەیوەندیی نێودەوڵەتییە.

[١] External Powers

تەواوبوونی جەنگی سارد و هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت، ئەم ئەگەرەی بۆ ریالیستەکان ڕاگرت. گرووپی دووەم (لیبرالەکان) بە ڕەدکردنەوەی بۆچوونی ریالیستەکان لە سەر بنەمای ئەوەی کە دەوڵەت تەنیا ئەکتەری گرینگی چەرخی نێودەوڵەتییە، بە دەستهێنانی ئاسایشی لە ڕێگەی هاوکاری لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەزانی. کێشەی ڕێدۆزی لبیرالی ئەوەبوو کە هەوڵی دەدا بۆ ڕوون کردنەوەی پرسەکان بەهرە لە هۆکار و گۆڕاوی زۆر وەربگرێت. جۆراوجۆری و ئاڵۆزی گۆڕاوەکان ڕێگایەکی لە بەردەم هزروان و سیاسەت-دانەرانی لبیراڵ دانەدەنا بۆ ئەوەی بڕیار بدەن و گرینگترین گۆڕاو بۆ ڕوونکردن و خستنەڕێی هێڵی سیاسی هەڵبژێرن. لە کۆتاییدا لینور مارتین[١] پێشنیاری کرد تاکوو بۆ پێناسە و دیاریکردنی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین دەبێ پێداگری لە سەر پێنج ڕەگەز بکرێت، ئەو پێنج ڕەگەزانە بریتین لە توانای سەربازی، توانای ئابووری، هەبوونی سەرچاوەی ستراتیژی، ڕەوایەتی سیاسی و ڕەوایەتی دینی – نەتەوەیی.

لە دیدی باری بوزان ئەو ئەکتەرە سەرەکیانەی کە کاریگەرییان لە سەر ئاسایش هەیە و کاریگەریشی لێوەردەگرن دەوڵەتەکانن. بەڵام بە پەرەسەندنی جیهانیبوون و بایەخداربوونی پرسی نەتەوەیی، دەوڵەتەکانیش تەنیا ئەکتەری ناو مەیدانی ئاسایش نین. کارەکتەری دیکەی وەک ئەکتەرانی کلاسیکی لە ناو کۆمەڵەکانی ئاسایشیی ناوچەیی ڕۆڵی چالاکیان لە بواری ئاسایشدا هەیە. لەم بابەتەدا بە پێداگری لە سەر بۆچوونەکانی باری بوزان کە دەوڵەتی بە جەمسەرەی سەرەکیی ئاسایش لە ناو هەموو کۆمەڵەکانی ئاسایشی ناساندووە قسە دەکەین. دواتر بە پشتبەستن بە تیۆری لینور مارتین ڕەخنە لە بۆچوونی باری بوزان دەگرین. لە کۆتاییدا بە ودم وەرگرتن لە ڕێدۆزی سێیەمی ماریتن کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین شی دەکرێتەوە.

[١] Lenore G.Martin

**٣-٢- چییەتی ئاسایشی ناوچەیی**

گرینگترین ڕەگەزی ئاسایشی ناوچەیی کە لە دیدی باری بوزان جێی سەرنجە، تۆڕێکی بەرینی دەوڵەتەکانە کە وەک مەرجەعی سەرەکی ئاسایشە لە ناو شێوەسیستەمی ناوچەییدا. تێگەیشتنی ئێستا لەمەڕ نموونەی ئاسایشی ناوچەیی زۆر لاوازن بۆیە لێکۆڵینەوەیەکی بە نرخ (لە دیدگای‌تر) لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینی لە سەر ئاسایشی باشووری ئاسیا کرا و دەرکەوت کە هەڵبژاردنی کۆمەڵە وڵاتێکی دەرەکی تایبەت، وەک ناوچەی پەیڕەوکار، پێناسەیەکی دڵخوازانە بووە. (Khalilzad, ١٩٨٤: ٤٦) بۆیە بوزان، بە خستنەڕووی چوارچێوەیەکی دیاری ئاسایشی ناوچەیی،[١] بەتەمای ڕوون-کردنەوەی سەربەخۆیی ڕێژەیی پەیوەندیی ئاسایشیی ناوچەییە و ئاسایشی ناوچەیی دێنێتە ئاستی دەوڵەتی و سیستەمی. ئامانجی دیکەی بوزان لە گەڵالەکردنی ئەم چوارچێوەیە، پڕکردنەوەی درزی نێوان دەوڵەت و پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتییە. ئەو پێی‌وایە کە لە نێوان دەوڵەت و پێکهاتەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی مەودایەکی قووڵ هەیە کە شێوەسیستەمی ناوچەییش توانای پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و قەڵشەی هەیە. لە ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتی، گریمانە ئەوەیە کە ئاسایشی هەر یەک لە دەوڵەتەکان پەیوەندی بە ئاسایشی هەمووانەوە هەبێت.

بەم پێیە خوێندنەوەی ئاسایش کارێکی ناریالیستیانە دەبێت؛ چونکە گۆڕاوی زۆر لە واری ئاسایش، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەن و بۆ هەڵسەنگاندنی ئاسایشی هەر دەوڵەتێک، لەبەرچاوگرتنی هەموو گۆڕاوەکان کارێکی سەختە. بۆیە ئەم کارە گەورەیە، توێژەر بەرەولای تێگەیشتنی ئاسایش نابات. بە باوەڕی بوزان، تاکە ڕێگای تێگەیشتن لە ئاسایشی ناوچەکە ئەوەیە پێ‌بەپێ لە ئاستی شرۆڤەی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی تێبگەیت. چونکە خوێندنەوەی ئاسایش لە ناو هەر یەک لەم ئاستانەدا شایانی تێگەیشتنە و هەڵگری تایبەتمەندیی

[١] Regional Security

ئاسایشییە لە ناو هەر یەک لە ئاستەکاندا. بۆ زانینی پرسی ئاسایش، لێکۆڵینەوەی یەک ئاست بە تەنیایی بەس نیە و مانای تەواوی هەر یەک لە ئاستەکان، ئەو کاتەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئاستی‌تر دەخرێتەڕوو، ڕوون دەبێتەوە. ئاستی سەرویی (سیستەمی) و خوارویی (نەتەوەیی) ئاسایشیش لە ماوەی خوێندنەوەی ئاسایش‌تەوەردا کەوتە بەر لێکۆڵینەوە. بەلام ئاستی ناوانی یا ناوچەیی نەکەوتە بەر سەرنجی توێژەران. (بوزان، ١٣٧٨: ٢١٣)

### ٣-٢-١- کۆمەڵەی ئاسایشی و نموونەی ئاسایشی ناوچەیی

لە دیدگای بوزان کۆمەڵەی ئاسایشی، بریتیە لەو کۆمەڵە دەوڵەتانەی کە ویستی ئاسایشییان ئەوەندە زۆرە کە ئاسایشی نەتەوەییان بە جیا لە یەکتر نادیترێت. ئەم زنجیرەیی‌بوون و گرێدراوییەی نێوان ئەم کۆمەڵە دەوڵەتانە ئەوەندە زۆرە کە دەوڵەتەکان سەرباری ئەوەی ویستی جیاواز و دژبەیەکیان هەیە بەلام لە دەورەی یەکتر کۆیان دەکاتەوە. ئەم بیرۆکەیە، بە بایەخەوە ئاماژە بە گرێدراویی دوولایەنە دەکات و لە هەر جۆرە کۆمەڵەیەکی دیکەی هاوسێیەتی جیایان دەکاتەوە. کۆمەڵەکانی ئاسایشیی لە سەر گرێدراوی دوولایەنە لە بەرانبەر ویستی هاوبەش پێداگری دەکەن. (Buzan, ٢٠٠٧: ٢٠٣) بۆ نموونە، لە کاتی هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت، وڵاتانی عەرەبیی ڕۆخ کەنداوی فارس لە هاوپەیمانیەتییەکدا لە دژی ئەم هەڕەشەیە ڕاوەستان. هاوکات ئیسرائیلیش هاتە سەر ئەوەی کە لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراق ڕووبەڕوو بێتەوە. ئەگەرچی ویستی هاوبەش لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلدا نەبوو، بەلام خەیاڵی سەدام، وەک هەڕەشەیەکی ئاسایشیی، کە ببووە هۆی هەراسان بوونی وڵاتانی عەرەبی، هەڕەشەی لە ئیسرائیلیش دەکرد، بۆیە بووە هۆی پەرچەکرداری پێشگیرانە لە لایەن ئیسرائیل. لە ڕاستیدا، ئامانجی هاوپەیمانیی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسرائیل پێشگری‌کردن لە عێراق بوو و عێراقیش ببووە ویستی ئاسایشیی هاوبەش لە نێوان ئیسرائیل و هاوپەیمانیی عەرەبی.

بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش لە ناو شێوەسیستەمێکی ئاسایشیی ناوچەیی، بوزان چوار نموونەی گرێدراوی دوولایەنانە، نموونەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی، هاوسێیەتی و سەربەخۆیی ڕێژەیی، بە جیا دەخاتەڕوو. یەکێک لەو نموونانە، نموونەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی نێوان دەوڵەتەکانە. بە بڕوای بوزان، دەوڵەت پێکهاتەی سەرەکی بەهێزبوون یا دابەزینی ئاسایشیی ناوچەییە. بەو واتایەی کە دەوڵەت تەنیا کارەکتەری دابینکردنی ئاسایشی ناوچەییە. یەکەمین نموونە کە دەتوانێت بۆ ئاسایشی ناوچەیی کاریگەر بێت، نموونەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی نێوان دەوڵەتەکانە. ئەم نموونەیە لە دوولاوە جێی باسە. یەکەمیان نموونەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی لە سەر ئەو گریمانەیە وەستاوە کە دەوڵەتەکان لە پەیوەندییەکانی خۆیاندا کۆمەڵێک دۆستایەتی ڕاستەقینە و چاوەڕوانی پشتیوانی و پاراستن لەبەرچاو دەگرن. مەبەست لە دوژمنایەتی نێوان دەوڵەتانیش پەیوەندییێکە کە گومان و ترسی تێدا هەبێت. ئەو شتەی کە دەتوانێت ئەم دوو جەمسەرە لە یەکتر جیا بکاتەوە، مەودایییەکی بەرینە کە پێکهاتووە لە بێ لایەنی یا بێ جیاوازی کە تێیدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی یا ئەوەندە کزە کە نابیتە ژمار یا بە شێوەیەک تێکەڵاو بووە کە بۆ هیچ لایەک ناچێت. لە دیدێکیتر ئەم نموونەیە دەرئەنجامی هاوسەنگیی هێزی نێوان دەوڵەتەکانی پێکهێنەری کۆمەڵەیەکی ناوچەییە؛ چونکە دەوڵەتەکان بەپێی پێداویستی بزاوتی بەشینەوەی دەسەڵات هاوپەیمانێتییان دەگۆڕن. (بوزان، ١٣٧٨: ٢١٩)

بوزان دوو هۆکاری جوگرافیا و ستراکچەریی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی ئاسایشی داناوە. بە شێوەیەک کە پێکهاتەی سیاسیی ئانارشیک دەبێتە هۆی بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتەکان لە بەرانبەر گرفتی ئاسایشی. بەڵام تۆڕی گرێدراوێتی دوولایەنەی ئاسایشیی تا ڕادەیەکی زۆر لە بەر پێگەی جوگرافیایی هەموار دەکرێت. زۆرێک لە دەوڵەتەکان بڕیار لە سەر هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دەدەن. بەپێی دیدی خوارێ بۆ سەرێ، دروستبوونی

کۆمەڵەی ئاسایشی ڕیشەیان لە ناو هەڵوێست و پەرچەکرداری یەکەیەکەی وڵاتەکاندا هەیە. ئەم شتانە گۆیای چۆنیەتی دیدگای هەر دەوڵەتێکن بۆ دەوروبەری خۆیان و پەیوەندی بە ئاستی توندبوونی هەڕەشەی سەربازی و سیاسی هەیە و نزیکایەتیان لە ڕووی سنووردارێتی تێبینی ئاسایشییە. بە سەرنجدان بە دەرکەوتنی بەهێزتری هەڕەشە لە ماوەی نزیکدا هەڵوێست و پەرچەکرداری ئاسایشی لەگەڵ دراوسێکان دەبێتە سەرەکیاتی یەکەم. (بوزان، ١٣٧٨: ٢١٧) لە هەردوو شێوەدا، کۆمەڵەکانی ئاسایشی بەرهەمی کەشی ئانارشیکی نێودەوڵەتین. ئەوان گۆیای نموونەی سەقامگرتوون؛ بەڵام لە ڕووی سیستەمیی بەردەوام نین. ئەگەر هەلومەرجی دیکە بەرەو هەمواربوونەوە بڕوات، گرێدراویی ئاسایشیی زۆرتر لە نێوان دەوڵەتەکانی کۆمەڵەیەکی ئاسایشیدا دروست دەبێت.

دۆخی کۆمەڵەکانی ئاسایشیی هەموو دەم وەک نموونەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی و نموونەی گرێدراویی دوولایەنەی نێوان دەوڵەتەکانی پێکهێنەری کۆمەڵەی ئاسایشیی نابێت. هەندێک جار کۆمەڵەکانی ئاسایشیی تووشی کێشە دەبنەوە. یەکەمین کێشە ئەوەیە کە لە هەندێک ناوچەدا دەوڵەتەکانی ناوچەیی ئەوەندە لاوازن کە دەسەڵاتیان لە دەرەوەی سنوورەکان خۆ نانوێنێت. ئەم دەوڵەتانە زیاتر نیگای ئاسایشی ناوخۆییان هەیە و پەیوەندیی ئاسایشیی تەواوییان لەگەڵ کۆمەڵەی ناوچەییدا نیە. نموونەی بەرزی ئەم لاوازییە، هەندێک ناوچەی ئەفریقان. کێشەی دووەم لە کێشەی یەکەم ئاڵۆزترە. بوونی ڕاستەوخۆی هێزی دەرەکی لە ناوچەیەکدا ئەوەندە بەهێز بێت کە بزاوتی ئاسایشیی لە نێو دەوڵەتانی ناوچەییدا کپ بکاتەوە. ئەم دۆخە بە فشاری لە ڕادەبەدەر ناو دەبرێت. لەم دۆخەدا زۆربەی جار ژمارێکی زۆری هێزی سەربازیی زلهێزانی دەستتێوەردەر لە سەر ناوچەی ژێر فشار ورد دەبنەوە. ئەمەش لەگەڵ پرۆسەی سادەی دەستوەردانی هێزە گەورەکان لە کاروباری

کۆمەڵەکانی ئاسایشیی ناوچەیی جیاوازە. دەستوەردانی سەربازیی هێزە گەورەکان لە ناوچەیەکی ئاسایشیی دەبێتە هۆی دروستبوونی پڕۆسەی ئاسایشیی[1] ناوچەیی و فشاری لە ڕادەبەدەر دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان پەیڕەوی لە نموونەی گەورەتری ڕکابەریی دەوڵەتە گەورەکان بکەن و ڕەنگە بە لەناوچوونیان کۆتایی بێت. بۆ وێنە کۆلۆنیالیکردنی جیهانی سێیەم لە لایەن دەوڵەتەکانی ئەورووپایی نموونەیەکی بەرزی فشاری لە ڕادەبەدەر و دروست-بوونی پڕۆسەی ئاسایشیی ناوچەییە. (بوزان، ۱۳۷۸: ۲۱۹)

ئەو لاوازییەی کە لە شیکردنەوەی ئەم کێشە ئاسایشییانەدا هەیە ئەوەیە کە بوزان تەنیا دروستبوونی یەک پڕۆسەی ئاسایشیی ناوچەیی لە لایەن دەوڵەتەکانی پێکهێنەری کۆمەڵەی ئاسایشیی وێنا کردووە. لە کاتێکدا دروست-بوونی هەندێک گرووپی بانەتەوەیی و باندەوڵەتی کە مەبەستیان خەباتکردنە لە دژی دەستوەردانی زلهێزەکان، جۆرێکی‌تری ئەم پڕۆسەیە کە بەشێوەیەکی بانەتەوەیی و باندەوڵەتی دەکەونە کار. بۆ نموونە، سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و شەڕی ئەم گرووپە تیرۆریستییە وەک گرووپێکی بانەتەوەیی و باندەوڵەتی لە دژی هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین لە کاتی ئۆپەراسیۆنی قەڵغان و تۆفانی بیابان، یەکێک لە لێکەوتەکانی بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە بوو، وەک هێزێکی بالای دەستتێوەردەر لە ناو کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین.

بوزان لە وتاری بەناوبانگی خۆی لە ژێر ناوی "*خۆرهەڵاتی ناوین و پێکهاتەیەکی بەردەوام کێشەهێن*"[2] بە یارمەتیی کۆمەڵەکانی ئاسایشی کار لە سەر ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی نائەهوەنی لە خۆرهەڵاتی ناویندا دەکات. لە دیدی ئەو، ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناویندا هەمیشە بە شێوەیەکی سازەیی لە ژێر تیشکی هێزە گەورەکاندا بووە وەک گۆڕاوی جیهانی و دەوڵەتەکانی ناو بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین. بەو حاڵەشەوە، خۆرهەڵاتی ناوین ناوچەیەکی

---

[1] Security Dynamism

[2] خاورمیانه و ساختاری همواره کشمکشزا، باری بوزان.

سەرتاسەر کێشەهێن و گرژاوی بووە. لە بەر ئەوەی هەڕەشەی سەربازی و سیاسی وەک سەرچاوەی نزیک، کاریگەری زۆرتریان لە سەر وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین هەیە نەک هەڕەشەی دوورەدەستتر، بۆیە هەستی نائەهوەنی زیاتر لەگەڵ نزیکی و هاوسێیی هاوپێ دەبێت. بە تێگەیشتن لە ماکی هەڕەشەی نزیک، بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین لە چەند تایبەتمەندییەکی گرینگ پێک دێت:

- بەستێنی نێوان یەکەکانی پێکهێنەری خۆرهەڵاتی ناوین [واتا دەوڵەتەکان] و شێوازی هاوێر و جیاوازیی نێوان ئەم ئەکتەرانە، لە خۆرهەڵاتی ناویندا هەروا ئانارشیکە؛
- نموونەی دوژمنایەتی و دۆستایەتی [بەو واتایە کە پرسی ئاسایشیی لە خۆرهەڵاتی ناوین بە شێوەیەکە کە دەتوانێت ڕوانگەی کێشاوی و ڕژێمە نێودەوڵەتییەکانیش لەخۆ بگرێت]؛
- بەشینەوەی دەسەڵات لە نێوان یەکە سەرەکییەکان [واتا دەوڵەتەکان؛ بەو مانایەی کە نزیکایەتی لە نێوان کۆمەڵەی ئاسایشییدا هەیە]. (Buzan, ۲۰۰۰: ۱۸۹)

هەر چۆن بێت، کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین پێکهاتەیەکی پڕ لە کێشە و هەڵچووی هەیە. ماکی خۆرهەڵاتی ناوین لە ناو پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا زیاتر لە ڕیزی قەیران و کێشەی گشتگیر دایە. ڕێژەی ئەم کێشەیە ئاڵۆز و بەرینە. وەک هەموو شوێنەکانی دیکەی جیهانی سێیەم هەستی نائەهوەنی لە لای نوخبە و بژاردەی دەسەڵاتدار لە بەرانبەر گرووپەکانی ناوخۆیی زیاترە لە چاو دەوڵەتەکان و هەڕەشەی دەرەکی. ئەم کێشە و هەڕەشە ناوخۆیانە جۆرێکی نوێی پرۆسەی ئاسایشییان دروست کردووە.

### ٣-٢-٢- شرۆڤەی کۆمەڵەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین؛ ئاستی شرۆڤەی ناوچەیی

مێژووی پێکهێنانی کۆمەڵەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین بە شێوەیەکی ورد دیار نییە. دروستبوونی خۆرهەڵاتی ناوین بە واتای وێسفالیایی لەگەڵ دیاردەی کۆلۆنیالیسم هاوتا بووە. وڵاتی بەریتانیا و فەڕەنسا لە سەردەمی کۆلۆنیالیدا بە سەر خۆرهەڵاتی ناویندا زاڵ بوون. بەڵام ئاڵۆزیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە هیچ کات ئێران و تورکیا لە ناو پرۆسەی کۆلۆنیالیدا نەبوونە وڵاتی ژێر کۆلۆنیالی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان. لە کاتی دروستبوونی بزوتنەوەکانی دژە کۆلۆنیالی، هەڕەشەی دەرەکی لە بەرچاوی زۆر وڵاتدا بووە. ڕاستە کە کۆلۆنیالیسم کۆتایی پێهات بەڵام سێبەر و بوونی وڵاتانی کۆلۆنیالیستی بە شێوەیەکی بە هێز هەر هەبوو. لەو ڕووەوەیە کە ناکرێ سنوورێکی دیار لە نێوان کۆلۆنیالی و سەربەخۆیی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین دیاری بکرێت تاکوو لە سەر بناغەی ئەم سنوورە کۆمەڵەیەکی ئاسایشیی دیار دروست بکرێت. (بوزان، ١٣٧٨: ٣٦٣)

کاتی دروستبوونی کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ ساڵانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم دەگەڕێتەوە. بەستێنی ئەم دروستبوونە بریتیە لە کێشەی نێوان سعودییەکان و پاشای هاشمی، عێراق و میسر لە سەر ڕێبەرایەتی جیهانی عەرەب لە لایەک، لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیل و لە کۆتاییشدا سەرهەڵدانی ناسیۆنالیسمی عەرەبی لە لایەکیتر. (بوزان، ١٣٧٨: ٣٦٤) ڕوونە کە جەنگ و کێشە لە خۆرهەڵاتی ناویندا هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵەی ئاسایشیی بووە. ئاستی کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل کێشەی نێوان دەوڵەتی تا ڕادەیەک هەڵکشاند و بووە هۆی گشتگیربوونی کێشە لە نێوان تەواوی ئەکتەرە دەوڵەتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین و یەکەمین جریقەی دروستبوونی کۆمەڵەی ئاسایشیی لە خۆرهەڵاتی

ناوین لێدرا. ئەم کۆمەڵە ئاسایشییە پێکهاتبوو لە ٢٠ وڵات. بوزان ئەم ٢٠ وڵاتە دابەشی چوار ژێر کۆمەڵە[١] دەکات.

ئەلف) شامات: پێک دێت لە فەلەستین، ئیسرائیل، ئەردەن، لوبنان و سوریا؛

ب) کەنداوی فارس: پێک دێت لە وڵاتانی عەرەبی ڕۆخ کەنداوی فارس، ئێران، عێراق و کوێت؛

ج) مەغریب: پێک دێت لە ئەلجەزایر، مەغریب و تونس؛

د) ئەفریقا: پێک دێت لە سودان، جیبوتی و ئەریتێریا.

ئەڵبەتە لە بارەی ئەفریقا بۆچوونی جیاواز هەیە. بوزان پێیوایە ئەم وڵاتانەی کە لە ژێر کۆمەڵەی ئەفریقادان، بەزۆری عەرەبزمانن، ئەندامی یەکێتی [وڵاتانی] عەرەبین و هەمیشە لە ناو ململانێ و کێشەی بەردەوامدان، لە ناو کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین هەژمار دەکرێن. بەڵام ئەسیدل[٢] و بلێک[٣] ئەم بۆچوونەی بوزان وەلادەنێن و پێیان وایە کە ئەم وڵاتانە نابنە بەشێکی کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین. (ولدانی، ١٣٩٥: ٣١) لە لایەکیتر کلاپهام[٤] و تەیبی[٥] ئەم بۆچوونە پەسەند ناکەن و ژێر کۆمەڵەی چوارەم زیاتر لەوەی کە بە ژێر کۆمەڵەی خۆرهەڵاتی ناوینی دابنێن بە باکووری ئەفریقای هەژمار دەکەن. (Clapham, ١٩٩٦: ١٢٨)

پرسی نەتەوە و ئایین بە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین دادەندرێت. خۆرهەڵاتی ناوین لە ڕووی نەتەوەیی لە عەرەب و ناعەرەب پێک دێت. کێشەی نێوان عەرەب و تورکەکان لە سەردەمی عوسمانی ڕۆڵی نەتەوایەتی لە ناو ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین پێشان دەدات. ئەم

---

١ Regional Subset
٢ Acidel
٣ Blic
٤ Christopher Clapham
٥ Bassim Tibi

جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینیە دەتوانێت کێشەی دەوڵەتەکانی عەرەبی و ئیسرائیل لە سەر بنەمای توخمی نەتەوایەتی و کێشەی نێوان ئێران و دەوڵەتە عەرەبییەکان لە سەر بنەمای دین و نەتەوایەتی شرۆڤە بکات. (بوزان، ١٣٨١: ٣٦٤) تریپ[١] و چوبین[٢] بڕوایان وایە کە هەر جۆرە کێشەیەکی نێوان ئێران لەگەڵ یەکێک لە هاوسێیە عەرەبییەکان دەبێتە هۆی کێشەی گەورەتر لە نێوان ئێران و هەموو وڵاتانی عەرەبی. ئەم بۆچوونە لە بارەی ئیسرائیل و دەوڵەتەکانی عەرەبیش هەر ڕاستە. بۆیە عەرەبایەتی و ئیسلامێتی بیرۆکەی ڕکابەرن و لە هەمان کاتیشدا زۆر پێکەوە گرێدراون. (Trip, ١٩٩٦: ٤) نابێت ئەم خاڵە لە بیر بکرێت کە ناسیۆنالیسمی عەرەب و ئیسلام هەردووکیان دەبنە هۆی کزبوونی شوناسی یەکەیەکەی دەوڵەتەکان[٣] و ئەگەری خستنەڕووی شرۆڤەی ئاسایشیی زۆر بەرز دەداتە دەست. ئەوانە ڕۆڵی گرینگیان لە دانانی دامەزراوەی ناوچەیی (یەکێتی عەرەب،[٤] ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس،[٥] ئەنجومەنی هاوکاریی دەوڵەتەکانی عەرەبی) و تەنانەت بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی هاوگری و یێکایەتی دەوڵەتەکان هەیە.

ناسیۆنالیسمی عەرەبی[٦] زیاتر لەوەی کە ببێتە هۆی دروستکردنی بەستێنی هاوکاری و گرێدراوی لە نێوان وڵاتانی عەرەبی، بۆتە هۆی ڕکابەری و ململانێ بۆ گەیشتن بە ڕێبەرایەتی کۆمەڵگای عەرەبی. هەروەها ئەم بابەتە بۆ ئیسلام-گەراییش هەر ڕاستە. زۆربەی گروپەکانی ئیسلامگەرا دژایەتیەکی سەرلەبەری و تەواویان لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندییەکانی عەرەبی هەیە و بە زۆری بە دژبەرانی ناوخۆیی وڵاتانی عەرەبی دێنە هەژمار. (Karwan, ١٩٩٧) کۆی ئەم هەڵوێست و پەرچەکردارانە جوڵەی عەرەبی لە بەرانبەر ناعەرەب لە لایەک و عەرەب لە

[١] Charles Trippe
[٢] Shahram Chubin
[٣] Isolated States
[٤] League of Arab States
[٥] Gulf Council Cooperation (GCC)
[٦] Arab Nationalism

بەرانبەر عەرەب لە لایەکی دیکە ساز دەکات. بەڵام مشتومڕی عەرەب لە بەرانبەر ناعەرەب زیاترە لە چاو چەلەحانێی عەرەب لە بەرانبەر عەرەب و زۆرییش هەڵکشاوە. ئەڵبەتە شتی تایبەتیش هەیە؛ بۆ وێنە لە کاتی جەنگی ئێران و عێراق، وەک جەنگێکی سەرەکی لە نێوان عەرەب لەگەڵ ناعەرەبدا، سوریای عەرەبی لەگەڵ ئێرانی ناعەرەب بووە هاوپەیمان.[١] لە سەر کێشەی ئیسرائیل و عەرەب، سوریا و ئەردەن جگە لەوەی کە پشتیوانیان لە خەباتی فەلەستین لە دژی ئیسرائیل دەکرد بەڵام هەریەک بە جیا، هێرشیان کردە سەر فەلەستینیەکان. هێزی دەوڵەتی مەلیک حوسێنی پاشای ئەردەن لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی هێرشی کردە سەر هێزە پارتیزانەکانی فەلەستین و سێپتامبەری ڕەشیان هەڵاییساند، دواتر لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی لە ئەردەن بەرەو لوبنان دەریان کردن. ئەم ڕووداوانە کۆمەڵە هەڵوێست و پەرچەکرداریەکی لە پرۆسەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین دەرخست کە جەوهەرێکی دەستتێوەردەر و ئاڵۆزیان هەیە. ڕوونکردنەوە گشتییەکان لە بارەی کێشەیەک گشتگیر نین و نموونەی گرێدراویی ئاسایشیی دوولایەنە لە تێکەڵەی لاوەکی ناوچەیی وەرگیراوە. (بوزان، ١٣٨١: ٦٣٨)

هەروەک پێشتر گوترا، دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە نێو وڵاتانی عەرەبی، بووە هۆی دروستبوونی یەکەمین پرۆسەی ئاسایشیی عەرەبی. لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی[٢] لە ئێران، لە ناو خۆرهەڵاتی ناوین ئەم پرۆسە ئاسایشییە عەرەبیە بوو بە پرۆسەی ئاسایشیی ئیسلامی گشتگیر. دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسرائیل بووە هۆی سەرهەڵدانی هێزێکی شوناسیی بە ناوی ناسیۆنالیسمی عەرب و لە شێوەی نەتەوەیی و خۆراکی ناوخۆیی وڵاتێکی عەرەبەوە شێوەی باننەتەوەیی بەخۆوە گرت. هەندێک جار ئەم توخمە

[١] سەرانی شیعە مەزهەبی سوریا لەگەڵ ئێران هاولا بوون.
[٢] بەرانبەر ١٩٧٩ی زایینی

ناسیۆنالیستیە بە هێزیش دەکرا. بەم پێیە دروستبوونی [دەوڵەتی] ئیسرائیل لە ناوچەی [عەرەبی] لە لایەک و تۆکمەبوونی ناسیۆنالیسمی عەرەبی لە لایەکیتر، هۆکاری دروستبوونی یەکەمین پرۆسەی ئاسایشیی عەرەبی بوو لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین. (Barnett, ١٩٨٨: ١٢٢) خۆراگرییەکی توندی وڵاتانی عەرەبی هەر لە مەغریب تا عێراق و عەرەبستان، بە پشتبەستن بە توخمی کەلتوری و شوناسیی و تا ڕادەیەکی زۆر هاوبەشی دینی، توانیان لە دژی ئیسرائیل بوەستنەوە. لە لایەکیتر ئەم خۆراگرییە لە ناو بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی بووە هۆی مسۆگەربوونی ڕەوایەتی ناوخۆیی بۆ بژاردە دەسەڵاتدارەکان. ئەگەر ئەم هاوبەشییە شوناسی و دینییە لە نێو وڵاتانی عەرەبیدا نەبا ئەگەری ئەوە هەبوو هەندێک لەو ئەکتەرانە بەپێی بنەمای جوگرافی وەک مەغریب و یەمەن نەتوانن شێوازێکی جیای گرێدراوێتی بەرانبەر بگەرنەبەر. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە عەرەبایەتی و ئیسلامێتی دوو توخمن کە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە. ئەم پەیوەندییە بۆتە هۆی ئەوەی پرۆسەی ئاسایشیی سەرەتا لە خۆرهەڵاتی ناوین بەرینایی بگرێت، دەنا ئەگەر ئەم هاوبەشییە نەبا، ڕەنگ بوو دوو یا سێ کۆمەڵەی ئاسایشیی بچوکتری ناوچەیی لە ڕۆخ کەنداوی فارس، مەغریب و شامات دروست بووبان. (بوزان، ١٣٨١: ٦٣٩)

کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، بووە هۆی زنجیرە جەنگێکی گەورە و بچوک لە ساڵەکانی (١٩٨٢، ١٩٧٣، ١٩٦٩، ١٩٦٧، ١٩٥٦، ١٩٤٩، ١٩٤٨). ئەم پێکدادانە سەربازییانە لە سنوورەکانی ئیسرائیل و فەلەستین نەوەستان و لە چواردەوری ئیسرائیل ڕوویاندا و تەنانەت گەیشتە سنوورەکانی لوبنان. نەک هەر وڵاتی میسر، سوریا، لوبنان و ئەردەن گیرۆدەی ئەم جەنگە بوون بەڵکو وڵاتی دوورە دەستتری وەک ئێران، عێراق، عەرەبستانی سعودی، کوێت، لیبیا و تونس‌یش ڕاستەوخۆ بەشداری جەنگیان کرد. لێکەوتەکانی ناوچەیی[١] ئەم جەنگە جیاواز بوون؛ لە هەوراز و نشێوی بەختی میسر بۆ ڕێبەرایەتی جیهانی عەرەب

[١] Regional Implications

تاکوو کێشەنانەوە بۆ ئەم ڕێبەرایەتییە لە لایەن عەرەبستان و عێراق بۆ وەرگرتنی پێگەی ڕێبەرایەتی لێکەوتەی جۆراوجۆری ئەم جەنگە بوو. ( Tibi, ١٩٩٣) لە ناو ئەم کۆمەڵە ئاسایشییەی خۆرهەڵاتی ناویندا، ڕاستە کە جوڵەیەک لە دژی ئیسرائیل لە نێوان زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دروست بوو، بەڵام ئەم پرۆسە ئاسایشییە جەوهەری سەرەکی سیستەمی ئاسایشیی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوینی هەڵگرتبوو. یەکەمیان کێشەی نێوان عەرەب و ناعەرەب کە هەمان ئیسرائیل و عەرەب بوو و دووەمیان تێکهەڵچوونی عەرەب و عەرەب بوو کە هەمان کێشەی نێوان عەرەبستان و عێراق و کۆماری گەورەی عەرەبی بوو بۆ گەیشتن بە پێگەی ڕێبەرایەتی جیهانی عەرەب.

ژێر کۆمەڵەی دووەم و گرینگی ئاسایشیی لە کەنداوی فارس دروست بوو. دوای چوونەدەری بەریتانیا لە ناوچەکە لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی، سێگۆشەیەکی ڕکابەرایەتی لە نێوان وڵاتانی عەرەبی، ئێران و عێراق بە سەرپەرشتی عەرەبستانی سعودی دروست بوو. وڵاتانی عەرەبی دەوری کەنداوی فارس کە پێکهاتبوو لە عەرەبستانی سعودی، کوێت، بەحرێن، قەتەر، ئیمارات و عومان لە ساڵی ١٩٨١ ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداوی فارسیان وەک بەشدارییەکی لاوەکی ناوچەیی لە بەرانبەر جەنگی ئێران و عێراق (١٩٨٨-١٩٨٠) دروست کرد. ترسی ئەم دوو ئەکتەرە لە ناو ژێرکۆمەڵەی ناوچەیی بووە هۆی ئەوەی بە ئاشکرایی لەم بەستێنەدا ئەم کۆمەڵەیە لەبەرچاو نەگیرێت. (Tibi, ١٩٩٣: ١٧١) شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لێژایی پێکدادانی ئایدۆلۆژی لەگەڵ عەرەبستانی زیاتر کرد. لەبەر ئەوەی کە ئەم دوو وڵاتە هەردووکیان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا بە تەمای ڕیبەرایەتی جیهانی ئیسلامن، کێشەی عەرەبستان و ئێران بەردەوامی هەبوو؛ عەرەبستان و ئێران بە دەستبردن بۆ هەندێک هەڵوێستی مەزهەبگەرایانەی ئیسلامی، لە ناوچە جیاوازەکانی خۆرهەڵاتی ناوین لە هەوڵی کۆنترۆل کردنی یەکتری بوون. ئێران بە بەهێزکردنی گروپەکانی شیعی لە

لوبنان، بە دوای هاوسەنگیی هێزی عەرەبستان لە وڵات و دەوڵەتەکانی عەرەبی بوو؛ لە وەڵامدا عەرەبستان لە دوای دروستبوونی ئەو کەلێنەی دەسەڵات کە لە ناوچەکەدا ساز ببوو بە دروستکردنی وەهابیەت و بەهێزکردنی گرووپی تیرۆریستی وەک ئەلقاعیدە دەیویست هەم وەڵامی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بداتەوە و هەم لە هەوڵی داکێشانی باڵگرتنی ئێرانی شیعە بێت.

لە لایەکیتر، کێشەی نێوان دوو ئەکتەری سەرەکی عەرەب و ناعەرەبی کەنداوی فارس واتا ئێران و عێراقیش بە باسێکی گرینگی پرۆسەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین و ژێرکۆمەڵەی کەنداوی فارس هەژمار دەکرێن. ئەگەرچی جەنگی عێراق و ئێران لە سەر کێشەی سنوور و هەوڵی هێزخوازانە و ڕکابەرانە لە نێوان ڕێبەرانی هەردوو وڵات و کێشە لێکچووەکانی هەردوو وڵات لە سەر پێکهاتەی کورد دروست بوو؛ بەڵام بابەتی سەرەکی کێشەکە ڕکابەرایەتی کۆنی عێراق وەک وڵاتێکی عەرەبی سوننی و ئێران وەک وڵاتێکی ناعەرەبی شیعی بوو. کەمێک پێشتریش لە کاتی ئیمپراتۆری عوسمانی، شەڕی سەرەکیی لە نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و ئەورووپا نەبوو، بەڵکو جەنگ لە نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و ئیمپراتۆری سەفەوی بوو. کێشەی نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەوی لە سەر پایەی مەزهەبیش شایانی شرۆڤەیە. (Mcneill, ١٩٦٣: ٦٢٩)

کێشەی نێوان عێراق و ئێران و هەڵاییسانی ئاگری جەنگ لە نێوان ئەم دوو یەکە سەرەکییەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوینیش هەر لە سەر ئەم بنەمایە بوو. باوەڕی سەدام بە تایبەتی لە بارەی پەیوەندیی نێوان ئێران و گرووپەکانی شیعی تەواو بوو. ئەو [سەدام حوسێن] عێراقی وەک هێڵی پێشەوەی بەرگری لە بەرانبەر فارسەکانی ئێران دادەنا و خۆی وەک پارێزەری سوننی لە بەرانبەر ڕێژەی زۆری شیعەی وڵاتەکەی دادەنا. هەرچەندە کێشە و جەنگی عێراق لەگەڵ ئێران، بە کێشەی نێوان عەرەب و ناعەرەب و کێشەی شیعە و سوننە ناو دەبرێت، بەڵام لە دوای خەیاڵپەروەریی بەردەوامی سەدام و هێرشکردنە سەر کوێت، کێشەی عەرەب و عەرەب لە ناوچەی کەنداوی فارس دروست بوو.

هاوپەیمانێتیەک لە دەورەی عەرەبستان وەک وڵاتێکی عەرەب و خۆ بە ڕێبەرزانی وڵاتانی عەرەبی لە دژی سەدام وەک پارێزەری عەرەبی دروست بوو کە دواجار بە دەستتێوەردانی ئەمریکا و هێزەکانی نێودەوڵەتی سەدام تێک شکا.

ئەگەرچی کەنداوی فارس بە ناوەندی دووەمی کۆمەڵەی ئاسایشی لە خۆرهەڵاتی ناوین هەژمار دەکرێت، بەڵام سروشتی پڕۆسە ئاسایشییەکان لە ناویدا و تایبەتمەندییەکانی ئەم ژێرکۆمەڵەیە وەک ژێرکۆمەڵەی شامات و کێشەی عەرەب و ئیسرائیل نییە تاکوو بەشێکی گەورەی جوگرافیایی و وڵاتانی عەرەبی لە دەورە کۆ ببنەوە. وێڕای ئەوەش نزیکیی جوگرافی ئەم دوو ناوەندە بەو مانایە بووە کە لەگەڵ پڕۆسە ئاسایشییەکانی سەربەخۆی ناو هەر یەکەیان، خاڵی هاوبەشی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەیە و پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە و دەبێتە هۆی تێکهاڵانی زیاتری ئەم کۆمەڵە ئاسایشییەی ناوچەیی. (بوزان، ١٣٨١: ٦٤٢)

پڕۆسەیەکی هاوبەشی ئاسایشی کە لە نێوان کۆمەڵەی شامات و کەنداوی فارس هەبوو نیشانەی کێشەی نێوان عەرەب و عەرەب بوو کە محەمەد هووشی سادات[١] بە جەنگی *ساردی عەرەبی* ناوی دەبات. ئەم جەنگە لە دوای دروست-بوونی شەپۆلی دووەمی وشیاریی عەرەبی یا ناسیۆنالیسمی عەرەبی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٨٠ی زایینی بە مەبەستی یەکێتی و یەکپارچەیی عەرەبی دروست بوو. دەرکەوتنی سەرەکی ئەم وشیارییە، بە هۆی گەیشتنە دەسەڵاتی توندڕەوی ڕادیکاڵی بوو کە لە ڕێی کودەتا سەبازییەکان گەیشتە دەسەڵات و سەرەتای ئەم گۆڕانکارییە کودەتای ٢٢ ژوئییەی ١٩٥٢ ئەفسەرانی ئازاد بە ڕێبەرایەتی جەمال عەبدوناسر لە دژی سیستەمی پاشایەتی میسر بوو کە بووە

---

[١] دکتۆر محەمەد هووشی سادات، مامۆستای زانستەکانی سیاسیی زانکۆی تاران.

نموونەی بزوتنەوەی دیکەی بژاردە سیاسی و سەربازییەکان لە وڵاتانی‌تری عەرەبی. کۆدەتاکانی ١٩٥٨، ١٩٦٣ و ١٩٦٨ کە چەپگەرایان، ناسریستەکان و بەعسیەکانی لە عێراق هێنایە سەر کار بە نموونەی بەرین‌بوونی ئەم ڕەوتەی شەپۆلی دووەمی وشیاری عەرەبی دێتە ژمار. لە لایەکی دیکە ئەم وڵاتانە، ڕژێمی پارێزکار و پاشایەتی کلاسیکیی فیۆداڵ کە بە سازەیەکی ئابووری ڕانتی پێکهاتبوون و بریتی بوون لە کوێت، عومان، بەحرێن، ئەردەن و لوبنان، بە ڕێبەرایەتی عەرەبستانی سعودی لە بەرانبەر توندڕەویی ڕژێمەکانی شۆڕشی ناسریستەکان و ڕادیکاڵیستەکانی عەرەب وەستانەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی نیگەرانی، ترسی ڕوودانی ڕووداوی هاوشێوە لەم وڵاتانە و کەوتنی سیستەمی پاشایی کلاسیکی بوو. کێشمەکێش و کێشەی نێوان ڕژێمە ڕادیکاڵە سەربازییەکانی عەرەبی بە ڕێبەرایەتی جەمال عەبدوناسر و ڕژێمە پارێزکارە ناسەربازییەکان بە ڕێبەرایەتی عەرەبستانی سعودی بووە هۆی دروستبوونی جەنگی ساردی عەرەبی کە ئالێن کەی تریمبرگر[١] بە *شۆڕش لە سەرێ بۆ خوارێ* لە لایەن بیروکراتە سەربازییەکان لە ناو بازنەی سیستەمی نێودەوڵەتی ناوی دەبات. ئەم کێشەیە زیاتر لە لایەن ئەکتەرانی سەرەکی عەرەب لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا دروست بوو. دەتوانین لە سەر بنەمای مۆدێلی بوزان، ئەم کێشەیە بە جوڵەیەکی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوینی دابنێین و لە ڕووی نێودەوڵەتییش دەتوانین ئەم کێشەیە پێناسە بکەین و دواتر بە درێژی باسی لێوە دەکرێت. قڕە لە ناو عەرەب و عەرەب بە پشتبەستن بە هۆکاری شوناس، یەکێک لەو هۆکارانەیە کە توانای دروستکردنی پرۆسەیەکی ئاسایشیی لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە. لەم ڕووەوە هەم توخمی عەرەبایەتی و هەم توخمی ئیسلامایەتی لێرەدا لە بەرانبەر یەکتر ڕادەوەستن. ئەمەش یەکێک لە دەگمەنترین دیاردەکانە لە نێوان توخمی عەرەبایەتی و ئیسلامایەتی کە یەکتر ناگرنەوە.

---

[١] Ellen Kay Trimberger

به لێکۆڵینەوەی جیای هەر یەک لە پرۆسە ئاسایشییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین و سروشتی ژێرکۆمەڵەکانی شامات و کەنداوی فارس، ئەم خاڵە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم جولانە کاتی بەسەرچوونی دیاریکراویان هەیە؛ لە دوای دروستبوونی ڕەوتی نوێ لە خۆرهەڵاتی ناوین ئەم جولانانە ئیتر ناتوانن بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین ڕوون و شی بکەنەوە. بوزان هەوڵیدا بە کەلک وەرگرتن لە توخمی شوناس و دین و ڕۆڵی هەر یەکەیان، شیکاریەکی ئاسایشیی گشتی لە سەر خۆرهەڵاتی ناوین بکات. بەڵام ڕووداوی‌تر وایانکرد کە ئەم پارادایمە بۆ تێگەیشتنی ئاسایشی ناوچەکە ناکام بێت. ئەم ناکامیەش لە دوولاوە جێی تێبینیە. یەکەمیان ئەوەیە کە پلانی ڕێگای ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل کە لە لایەن ئەنوەر سادات[1] گەڵاڵە کرابوو، ئارمانی عەرەبی فەلەستینی ئاوەژوو کردەوە و بەشێک لە عەرەبەکانی وڵاتانی عەرەبی دڵسارد کرد. لە قۆناغی دووەمدا ماکی ڕاپەڕینی فەلەستینی زیاتر کردە شتێکی نەتەوەیی و ئیسلامی. لە ئاکامدا چوونی میسر [ئەنوەر سادات] و سوریا [حافز ئەسەد] بۆ ناو گفتوگۆ لەگەڵ ئیسرائیل و سازشی وڵاتانی عەرەبی کە خۆیان بە ڕێبەری جیهانی عەرەب دەزانی، کێشەی نێوان عەرەب و ناعەرەبی کوژاندەوە و پرۆسەی ئاسایشیی بە پشتبەستن بە ڕۆڵی نەتەوەیی بەرەو بێ هێوایی برد. دووەمیان، سەرەڕای وێکچوونی زۆر لە نێوان وڵاتانی عەرەبی، هەندێک وڵاتی عەرەبی وەک عێراق و کوێت، لە سەر ناوچەی نەفتیی هاوبەشی سەر سنووری ڕومێلە کێشەی قووڵ دروست بوون و دواجار جەنگی دووەمی کەنداوی فارسی لێکەوتەوە. ئەم کێشەیە، لۆژیکی عەرەبی تووشی شکان کرد و سەدام خۆی لە بەرانبەر هاوپەیمانی عەرەبی و

[1] ئەنوەر سادات سیاسەتمەدار و پیاوی سەربازیی میسر و سێیەمین سەرۆک کۆماری میسر بوو. لە ١٥ ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ بووە سەرۆک کۆمار و لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١ لە لایەن جیهادی ئیسلامی تیرۆر کرا.

جیهانی دیتەوە. دەستدرێژی سەدام بۆ کوێت و وەلامی هاوپەیمانی عەرەبی لە بەرانبەر سەدام، بووە هۆی پێشێلکردنی عەرەبایەتی.

بەپێی ئەم باسە، ڕۆڵی مەزهەب و نەتەوە لە دروستبوونی کێشە و پڕۆسە ئاسایشییەکان لە ناوچەی ئاسایشیی خۆرهەلاتی ناویندا ڕۆڵی شایستەیان هەیە. ئەم ڕۆڵە دەتوانێت ئاوەژوو بێتەوە و بەرەو پسان بچێت. لەگەڵ ئەوەی کە چوبین دەڵێ نەتەوە و مەزهەب وێک دەچن، بەلام ڕووداوە مێژووییەکان و دەرکەوتنی هێزە نوێیەکانی ناوچەیی و هەروا دەستوەردانی دەرەکی لە ناو ئەم کۆمەڵە ئاسایشییەدا، ئەم پارادایمەی تووشی کێشە کردووە. لە ڕوویەکیتر، باری بوزان بە پێداگرتن لە سەر ئەوەی ئەکتەرانی خۆرهەلاتی ناوین هەر ئەو دەوڵەتانەن کە لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینی بە شێوەی ویستفالیایی وەک دەوڵەت – نەتەوە[١] سەریان هەڵداوە، هەر ئەوان بە ئەکتەری سەرەکی مەیدانی ئاسایشیی دادەنێت. خاڵی لاوازی تیۆری کۆمەڵەکانی ئاسایشیی باری بوزان ئەوەیە کە لە ناو کۆمەڵەیەکی ئاسایشیدا توانای دروستبوونی ئەکتەری نوێ و گرینگی لە مەیدانی ئاسایشیی خۆرهەلاتی ناوین لەبەرچاو نەگیراوە. بە تێپەڕینی کات، گرووپگەلی نوێی بانەتەوەیی و بنەتەوەیی کە لە پشت سنوورەکانی دەوڵەت دروستببوون و یا دوور لە نەتەوە و دەوڵەت دروستبوون، وەک ئەکتەری نوێ لە مەیدانی خۆرهەلاتی ناوین پەیدا بوون. ئەم ئەکتەرە نوێیە نادەوڵەتیانە بە گێڕانی ڕۆڵی خۆیان وەک کارەکتەرێکی چالاک لە ناو جغزی ناوچەیی توانای ئەوەیان هەیە ئاسایشیی دەوڵەت تووشی کێشە بکەن. بۆیە، تیۆری باری بوزان لە قالبی کۆمەڵەیەکی ئاسایشیی ناوچەیی لە خۆرهەلاتی ناوین ڕووبەڕووی کێشە بۆتەوە.

[١] Nation State

### ٣-٢-٣- خوێندنەوەی ئاسایشی ڕەخنەیی

هالیدی[١] پێی وایە کە چاولێکردنی دەوڵەت وەک ئەکتەرێکی گرینگ لە مەیدانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا بە تایبەتی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین، تەنگایی خۆی هەیە و پێویستە گرینگییان پێ بدرێت. بێئاگایی لە ئایدۆلۆژیا و نیزامی باوەڕی، بە کەم زانینی هۆکارە ناوخۆییەکانی دەوڵەت و گۆمەڵگاکان، گوێنەدان بە ئابووری و گرینگیدانێکی تایبەت بە خستنەڕووی وێنەی هەڵە لە خۆرهەڵاتی ناوین، یەکێک لە ڕوانینەکانی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتییە کە تایبەتمەندییەکانی بریتین لە بێکۆتاییبوون و دووبارەبوونەوەی نموونەکان. (Halliday, ٢٠٠٥) هەروەها ڕۆڵی دەوڵەت وەک کارەکتەرێکی چالاک لە ناو مەیدانی ئاسایشیی و سیاسەتی دەرەکی، زیاد لە خۆی گەورە کراوە. شرۆڤەی سست و کزی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین هەڵقولاوی ئەم ڕاستیەن کە هەڵسەنگاندنێکی دروست لە سەر دەوڵەتێکی بە هێز و ڕەها نیە. ڕەنگە زۆر جار لە باس و قسەی سیاسیدا ڕۆڵی دەوڵەت زۆر بە پڕی بێتە بەر چاو. لە خۆرهەڵاتی ناویندا هەمیشە ئەم وتەیە هەبووە کە هێزەکانی بە ڕواڵەت سەربەخۆ لە لایەن دەوڵەتەکان کۆنترۆڵ دەکرێن. جا ئەم هێزانە ئەمپریالیست، کۆمۆنیست یا بە جۆرێک دەستتێوەردەر بن. ئەم شتە وەک بەرچەسپلێدانی تیرۆریسمە لە سەر نەتەوەگەرایی عەرەب، کورد و بونیادگەرایی ئیسلامی و هەموویان لە کاتێکدا بەوە تۆمەتبار کراون کە لە لایەن دەوڵەتەوەکانەوە کۆنترۆڵ کرابن. لە دەیەی ١٩٩٠ی زایینی کێشەی سەلەفییەکان بۆ دەوڵەتەکان شتێکی گشتی بوو. ئەوان دەیانویست دەوڵەتەکانیان لە بەرانبەر گروپەکانی مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەکانی لیبرال و دامەزراوەی نادەوڵەتی کە بە ئامرازی هێرشی فەرهەنگیی ڕۆژئاوا و جیهانیبوونی پیلانای دادەنران، بوەستنەوە. لە هەمان کاتدا ڕۆڵی دەوڵەت هەمیشە زیادەڕۆیی تێدا کراوە. (Halliday, ٢٠٠٥)

[١] Halliday

لینور جی مارتین بە ڕەخنە گرتنی هاوشێوە، لە سەر بنەمای ڕێدۆزی سێیەم کە خۆی دایناوە، ڕوویەکی نوێتری خۆرهەڵاتی ناوین نیشان دەدات. ئەو لەم ڕێدۆزەدا بە دڵنیاییێکی کەم بابەتی ڕەگەزە سەربازییەکان و بە دڵنیاییێکی زۆرتر هۆکارە ناسەربازییەکان و ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین پێناسە دەکات. هەر وەک پێشتر گوترا مارتین بە ڕەخنەگرتن لە ڕێدۆزی ریالیستی و لیبرالیستی، پێیوایە کە ئەم ڕێدۆزانە پێناسە و ڕوون کردنەوەیان بۆ خۆرهەڵاتی ناوین پێناکرێت. لە کۆتاییدا مارتین بە ناساندنی ڕێدۆزی نوێ و ڕێگەی سێیەم دەیەوێت پاڕادایمێکی نوێ بخاتەڕوو؛ لە سەر بنەمای ئەم پاڕادایمە بازنەی ئاسایشیی نوێی خۆرهەڵاتی ناوین شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی بۆ بکرێت. ئەم ڕێدۆزە پێکهاتووە لە پێنج گۆڕاوی بچوک بەڵام کۆک (گۆڕاوێکی سەربازی و چوار گۆڕاوی ناسەربازی).

ئاستی شیکاری ڕێدۆزی سێیەمی مارتین ڕەهەندی ناوچەییان هەیە و دەوڵەت وەک ئاستی شیکاری سیاسی دێتە مەیدان. بەو واتایە کە دەوڵەت لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی گشتی و لە خۆرهەڵاتی ناویندا بە شێوەیەکی تایبەت بە کارەکتەر و گەمەکەری ناوچەکە ناوزەد دەکرێت. ئەگەر هەڕەشەیەک هەبێت ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە کە وەک ئەکتەری سەرەکیە. ئەڵبەتە جیاوازییەکە ئەوەیە کە مارتین ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەکتەرانی نوێتریش لە خۆرهەڵاتی ناوین پەیدا بوونە و نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕۆڵی ئەوان لە بەر چاو نەگیرێت. ئەکتەرانی بانەتەوەیی چەکدار (گروپە کوردییەکان) یا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سەران و هێزەکانی بانەتەوەیی سیاسی ئیسلامیی ڕێکخراو و چالاک کراو، وەک گروپگەلی ئیسلامی، کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین خوازیاری دانانی حکوومەتی ئیسلامیین.[١] ئەم جۆرە ئەکتەرانە ڕۆڵێکی زۆریان لە ناو بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە. (مارتین، ١٣٨٩: ٤٠) وێکچوونی دەوڵەت وەک ئەکتەرێکی سەرەکی و گروپی بانەتەوەیی و قەومی

[١] Islamic States

لە خۆرهەڵاتی ناوین وەک ئەکتەرانی نوێی کۆمەڵەی ئاسایشیی لەم ناوچەیەدا کە ڕۆڵی چالاکانەیان لە ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە، یەکێکن لەو پرسە گرنگانەی کە مارتین ئاماژەی پێ دەکات و هەوڵی داوە کەلێنی تیۆرەکانی پێشتری کۆمەڵەی ئاسایشیی ئەم ناوچەیەی پێ پڕ بکاتەوە.

بەوپێیەی کە دەوڵەت بە ئەکتەرێکی سەرەکی کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین ناو دەبرێت، ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبنەوە لە ڕاستیدا هەڕەشەگەلێکن کە تووشی سێ توخمی خاک،[١] ڕژێم[٢] و کۆمەڵگا[٣] دەبنەوە. بە گشتی لە خۆرهەڵاتی ناویندا دەوڵەتەکان تووشی دوو هەڕەشە دەبنەوە؛ هەڕەشەی ڕەقەئامرازی[٤] و نەرمەئامرازی.[٥] هەڕەشەی ڕەقەئامرازی هەڕەشەی سەربازین و زیاتر هەڕەشە لە سێ پێکهاتەی خاک، ڕژێم و کۆمەڵگا دەکات. دەکرێت ئەم هەڕەشانە هەم هۆکاری ناوخۆیی و هەم هۆکاری دەرەکییان هەبێت. دەوڵەت بۆ ڕاگرتنی ئەم هەڕەشانە بەرەو هەڵبژاردەی سەربازی دەچێت. بەڵام بابەتی هەڕەشەی نەرمەئامرازی جیاوازە. دەوڵەتەکان بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی ناوەخۆ لە ئاستی ناوچەدا و بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان ناتوانن بە ڕێکاری سەربازی وەڵامی هەڕەشەکان بدەنەوە و هەوڵی ڕاگراتنیان بدەن. مارتین بە لەبەرچاوگرتنی چوار گۆڕاوی ناسەربازی کە توانای کاریگەرییان لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتەکان هەیە، دەڵێت ئامانجی گۆڕاوی نەرمەئامرازی، هەمیشە ئەو سێ پێکهاتەی دەوڵەت نین [خاک، ڕژێم و کۆمەڵگا]؛ بەڵکو ئەم گۆڕاوانە وێکچوونیان لەگەڵ یەکتر هەیە. ئەم گۆڕاوانە بریتین لە: ڕەوایەتی سیاسی، توانستی

---

١ Territory
٢ Regime
٣ Society
٤ Hard Thread
٥ Soft Thread

ئابووری، پێکەوە هەڵکردنی نەتەوەیی - دینی و دەست گەیشتن بە سەرچاوەی سروشتی و ستراتیژی.

ئەم گۆڕاو و هەڕەشانە وێک دەچن؛ هەڕەشە لە مەشروعییەتی سیاسی، هەڕەشەیە لە دژی حکوومەتیش و هەڕەشەی پێکەوە هەڵکردن[١] پێکەوەژیانی[٢] نەتەوەیی - دینیی کۆمەڵگا دەکاتە ئامانج. هەڕەشەی توانستی ئابووری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕژێم و کۆمەڵگا دەکاتە ئامانج؛ هەڕەشەی دەستگەیشتن بە سەرچاوەی ستراتیژی، دەگاتە توخمی خاک و گۆڕاوی توانستی ئابووری. لە بەر ئەم هۆیەیە کە دەکرێت حکوومەت، کۆمەڵگا و ڕژێمیش بکەونە ژێر کاریگەریی دەرئەنجامی هەڕەشەی نەرمەئامرازی. (مارتین، ١٣٨٩: ٤٣) هەڕەشەکانی سەرەوە لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت. ئەم وێکچوونەی[٣] کە لە نێوان گۆڕاوەکاندا هەیە، دەتوانن هەر سێ توخمی سەرەکی دەوڵەت تووشی کێشە بکەن. مارتین بە پێناسەی هەر یەکە لەو هەڕەشانە و چۆنیەتی وێکچوونیان لە هەوڵی ئەوەدایە تاکوو ڕێدۆزی سێیەمی خۆی وەک ڕێدۆزێکی تەواو، کە سەرەتا ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان و دواجار ئاسایشی ناوچەیی تووشی کێشە دەکات، بناسێنێت.

### ٣-٢-٣-١- توانستی سەربازی

دەوڵەتەکان بۆ خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی دەرەکی پێویستییان بە هێزی سەربازی هەیە. هەروەها ئەو گرووپە ناوخۆییانەی کە هەڕەشە لە ئاسایش دەکەن، وەک ئیسلامگەرایانی توندڕەو و گرووپی نەتەوەیی ناوخۆیی، دەیانەوێت دەسەڵاتی دەوڵەت لە ڕێگەی کۆدەتا بخەنە ناو گێژاو و هەروەها شۆڕش و ڕاپەڕین بکەن. بێ گوومان ئەم توانستە سەربازییە لە ڕێی توانستی ئابووری مسۆگەر دەبێت. هەروەها دابینکردنی ئاسایشی سەرچاوە

---

[١] Tolerance
[٢] Coexistence
[٣] Overlap

هەستیار و ستراتیژییەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی توانستی سەربازیی دەکرێت. بۆ نموونە عەرەبستانی سعودی بۆ پاراستنی سەرچاوە ستراتیژییەکانی وەک پاڵاوگە نەفتییە مەزنەکان و کارخانە گەورەکانی شیرینکردنی ئاو، پێویستی بە هێزی سەربازی تۆکمە هەیە. عەرەبستان بەشێکی گەورەی داهاتی نەفتیی خۆی بۆ کڕینی کەرەستەی سەربازی پێشکەوتوو تەرخان کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت لە لایەک هاوسەنگیی هێزی لەگەڵ ڕکابەرانی ناوچەیی خۆی بپارێزێت و لە لایەکیش سەرچاوە هەستیارەکانی بپارێزێت. (Mcnaugher, ١٩٩٥: ٣٥٠)

هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین لەگەڵ دۆخی جەنگ و گرتنەبەری هەڵوێستی هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە زیاتر بۆ پێشگیری کردنی پرسی مەشروعییەتی سیاسی[١] و پێکەوەژیانی نەتەوەیی – دینییە لە بەرانبەر کێشەکان. دەتوانین نموونەی بەرزی ئەم پێشگیری و تووش-بوونە لە قەیرانی کەنداوی فارس لە ساڵانی ١٩٩١–١٩٩٠ی زایینیدا ببینین؛ ئەو کاتەی ناردن و بنەجێبوونی هەزاران هێزی ڕۆژئاوایی لە بیابانەکانی عەرەبستان بۆ وەڵام دانەوەی هێرشی سەدام بۆ سەر کوێت، بووە هۆی گلەیی دژبەرانی پارێزکاری کلاسیکی عەرەبستان. (مارتین، ١٣٨٩: ٤٤) گروپە ئیسلام-گەراکانی عەرەبستان بوونی هێزی نێودەوڵەتییان لە ناو خاکی عەرەبستان بە کارێکی قەبووڵنەکراو زانی و لەگەڵ دەوڵەتی عەرەبستان و ئەو هێزە ڕۆژئاواییانەی کە لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندابوون کەوتنە شەڕ.

### ٣-٢-٣-٢- ڕەوایەتی سیاسی

ڕژێمێک کە لە ناوخۆدا پەسند بێت و ڕەوایەتی سیاسی هەبێت لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا دەستی باڵای دەبێت. ئەم ڕەوایەتییە لە کاتی جەنگدا دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵانی ناو کۆمەڵگا لە بەرانبەر کێشە و هێرشی دەرەکیدا

---

[١] Political Legitimacy

تەیارتر بن. لە دەرئەنجامدا دەوڵەت لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی ترسێکی نابێت. بەڵام کاتێک کە ڕەوایەتی سیاسی لە ناو تەواوی گرووپەکانی کۆمەڵگا تووشی لەرزین بێت و خەڵک باوەڕی بە سیستەمی دەسەڵاتدار نەمێنێت، گلەییەکانی ناوخۆییش هەڵدەکشێن و دوژمنانی دەرەکی بە هاوکاری[١] و پشتیوانیکردنی گرووپە هەڵچووەکانی ناوخۆ و بە بەکارهێنانی مەبەستدار لە جەنگی ناوخۆیی، هەڕەشە لە دەوڵەت دەکەن و هەوڵ دەدەن سەقامگیریی دەوڵەت تێک بدەن. ئەم دۆخە، بەستێنێک بۆ دراوسێکان دروست دەکات بۆ ئەوەی بتوانن خاکی خۆیان وەک پەناگەی شۆڕشکاران و پێگەی گرووپە ناڕازییەکان بە کار بێنن. وردترین نموونە بۆ ئەم دۆخە، ئەفغانستان و لوبنانە. کاتێک کە موسڵمانانی لوبنان ڕەوایەتی مارۆنیەکانی[٢] لوبنانیان خستە ناو گێژەو، جەنگی ناوخۆیی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٨٥، درێژەی کێشا و سوریا لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ سەقامگیریی لوبنان چووە ناو سنووری لوبنان. ئیسرائیل بە دروستکردنی هێڵێکی ئاسایشیی لە ساڵی ١٩٨٢ی زایینی چووە ناو کەرتی باشووری لوبنان. (مارتین، ١٣٨٩: ٤٥) یا کاتێک لە ئەفغانستان ڕەوایەتی ڕژێمی چەپگەرای کۆمۆنیستی دکتۆر نەجیبوڵا[٣] لە لایەن موجاهیدەکانی ئیسلام-گەرا[٤] تووشی مەترسی بوو، موجاهیدەکانی ئەفغانستان خاکی پاکستانیان وەک شوێنێک بۆ تۆکمەکردن، پشتیوانی و پێداویستیی خۆیان بە کار دەهێنا.

**٣-٢-٣-٣- پێکەوەژیانی نەتەوەیی - دینی**

گرووپەکانی نەتەوەیی - دینیی وەک گەمەکەر و کارەکتەری ئاسایشیی نوێ لە ناو بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین دێنە ژمار. ئەم کارەکتەرە نوێیانە

[١] Financial Support
[٢] Maronites
[٣] دکتۆر نەجیبوڵا ئەحمەدزەی (١٩٤٧/٨/٦-١٩٩٦/٩/٢٨) پزیشک و دیپلۆمات، حەوتەمین سەرۆک کۆماری ئەفغانستان بوو. دواجار دکتۆر نەجیبوڵا لە لایەن تاڵیبان لە کابوڵ لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕاکێشرایەدەر و لە سێدارە درا.
[٤] نووسەر ویستوویەتی ناوی گرووپەکە وەک خۆی بێنێت. و

ڕۆڵی بەهێزیان لە ناو کەشی ئاسایشیی ئەم ناوچەیەدا هەیە. کێشە و لێک-گیربوونی گرووپی نەتەوەیی - دینی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دەتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆ لە سەر ئاسایشیی نەتەوەیی وڵاتان و ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین دابنێت. بۆ نموونە گرووپە دینیەکانی قیبتی[١] لە میسر بەرەو گرژی و توندڕەوی چوون و بە دانانی بۆمب و هەڕەشە لە ئاسایشی میسر، زیانێکی گەورەیان لە ئابووریی گەشتیاری میسردا و کاریگەرییان لە سەر بەشێکی گەورەی توانستی ئابووریی میسر هەبوو. هەروەها پشتیوانی وڵاتانی دەرەکی لە گرووپە نەتەوەییە ناڕازییەکان بۆ خستنەژێر کاریگەریی دەوڵەتانی ڕکابەر هۆکارێکی گرینگە بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە گرووپەکانی نەتەوەیی ڕۆڵی چالاکانەیان لە واری ئاسایشدا هەیە. پشتیوانیی عێراق لە کوردی ئێران و پشتیوانی ئێران لە کوردی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی لەم جۆرە نموونانەیە. لە لایەکیتر، وردبوونەوەی گرووپێکی نەتەوەیی لە ناوچەی خاوەن سەرچاوەی ستراتیژی هۆکارێکی دیکەیە بۆ ڕۆڵی گرینگی گرووپە نەتەوەییەکان و کێشەنانەوە بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی. بۆ نموونە گرینگیدانی کوردەکان بە ناوچە نەفتیەکانی هەرێمی کوردستان، وای لە دەوڵەتی عێراق کرد تا لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی دەست بە گواستنەوەی کورد بکات لە شوێنە کوردستانیەکان و پرۆسەی تەعریبی[٢] ناوچەکانی کوردستان جێبەجێ بکات. (مارتین، ١٣٨٩: ٤٨)

### ٣-٢-٣-٤- توانستی ئابووری

دەوڵەتە تۆتالیتەر[٣] و سەڵتەنەتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ ڕازی کردنی دانیشتوان و کۆمەڵانی خەڵکی خۆیان ناچارن بۆ مەشروعییەتی دەسەڵاتی

[١] Copt
[٢] Arabization Process
[٣] Totalitarian States

خۆیان تێچوویەک بدەنە خەڵک. ئەم دۆخە کە پێی دەڵێن ئابووریی ڕانتیەر،[١] وا لە دەوڵەتان دەکات داهاتی نەفت بۆ زۆرکردنی شەرعییەتی دەسەڵاتی بەهێزی خۆیان و پێشگرتن لە دژایەتی و نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵک بە کار بێنن. ئەم کارە بۆ بەردەوامی و ڕاوەستانی ڕژێم و کۆمەڵگا بە پێویست و گرینگ دێتە بەرچاو. لە کاتێکدا کە دەوڵەتەکانی تۆتالیتاریسمی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بە سوودوەرگرتن لە ئابووریی ڕانتیەر خەریکی بەدەستهێنانی شەرعیەتن لە لایەن خەڵک، وڵاتانی پەرەسەندوو بە بەکارهێنانی خۆشگوزەرانی لە هەوڵی ڕەوایەتیدانە. بەڵام ئابووریی لاوازی دەوڵەت پێش لە کڕینی پێداویستی پێشکەوتووی سەربازیی دەگرێت تا لە بەرانبەر هەڕەشەی دەرەکی توانای پێشگیریی هەبێت. هەروەها ئابووریی لاواز دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی گشتی و دەکارخستنی بێکاران بێ توانا بێت و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی سەرەڕۆیی و گلەیی هاوڵاتیان لە بەرانبەر ڕژێمی دەسەڵاتدار و بە دوایدا کێشەی ناوخۆیی و داکشانی ڕەوایەتی ڕژێمی لێدەکەوێتەوە. (مارتین، ١٣٨٩: ٤٩)

### ٣-٢-٣-٥- دەستگەیشتن بە سەرچاوەی ستراتیژی

وڵاتانی خۆرهەڵات ناوین بەشێکی گەورەی نەفت و سووتەمەنیی فوسیلی جیهانیان لە دەست دایە. توانستی ئابووری هەر یەکە لە هێزە نەفتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین دەگرەوی ڕێژەی فرۆش و بازەرگانی نەفت و سووتەمەنییەکانی هایدرۆکاربۆنی، وەک سەرچاوەی ستراتیژی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین، دایە. داهاتی هەڵێنجراوی نەفت و بازەرگانی نەفت دەتوانێت کاریگەری لە سەر توانستی سەربازی دابنێت. بەم شێوەیە بە داهاتی فرۆشتنی نەفت و سەرچاوەکانی ستراتیژی، چەکی پێشکەوتوو و پیشەسازی سەربازی نوێ دەکڕدرێت. لە لایەکی دیکە، بە دەستهێنانی سەرچاوەگەلی ستراتیژی و

---

[١] Rentier Economy

فرۆشتن و بازەرگانیەکەی دەبێتە هۆی ڕازیکردنی گروپەکانی ناوخۆیی.[١] ئەگەر ئەم دۆخە نەڕەخسێت، بە دڵنیایی وڵات تووشی قەیرانی ناوخۆیی دەبێت. هەروەها دەگاتە داکشانی ڕەوایەتی ڕژێم و لە کۆتاییدا قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکی لێدەکەوێتەوە؛ لە هەلومەرجی قەیراناویشدا ئەم دۆخە ئاڵۆزتر دەبێت. بە سەرنجدان بەوەی کە هەندێک وڵات زیاتر دەستیان بە سەرچاوەی ستراتیژی و تایبەتی ڕادەگات، کەمبوونی سەرچاوەکان لە وڵاتانی دیکە دەبێتە هۆی قەیران. قەیرانی ئاو، ئاسایشیی خۆراک و چەکی نەفت کاریگەری زۆریان لە سەر ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین هەیە. بۆ نموونە لە بارەی قەیرانی ئاو، مارتین بە ئاماژەکردن بە پڕۆژەی ئاناتۆلی باشوور و بەردەوامی بەنداوسازی لە باشووری تورکیا [باکووری کوردستان] لە سەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات، لەو باوەڕەدایە کە دەبێتە هۆی کێشە لە نێوان سێ ئەکتەری تورکیا، عێراق و سوریا. چونکە لە دیدی سوریا و عێراق بەردەوامی پڕۆژەی بەنداوسازی دەبێتە هۆی هەڕەشەی توند لە سەر عێراق و سوریا. (مارتین، ١٣٨٩: ٥٠)

ڕاستە مارتین دەڵێت ڕێدۆزی سێیەم، پاڕادایمێکە لەبارەی خوێندنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین، بەڵام بە تێبینی هاوبەشی سیاسی، ئابووری و ئایدۆلۆژیی وڵاتانی ئەم ناوچەیە، دەتوانین وای دابنێین کە ئەم پاڕادایمە لە سەر هەموو وڵاتانی ناوچەکەدا جێبەجێ دەبێت و بۆ شیکاری دەوڵەکانی دیکە و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بەسوودە. گشتگریی ئەم پاڕادایم یا ڕێدۆزە کاتێک دەکرێت کە بۆ هەموو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین گونجاو بێت. بە کارایی کردنی ئەم مۆدێلە لە سەر وڵاتە جۆراوجۆرەکانی خۆرهەڵاتی ناوین دەتوانین ئەوە بزانین کە کارەکتەرانی سەرەکی ئەم ناوچەیە لە دۆخی لێکچوودا

[١] Internal Groups

هەڵوێستی جیاواز لە خۆیان نیشان دەدەن یا نا. هەروەها لە بەرانبەر هەڕەشەی سەربازی و ناسەربازیی بە کام ڕێگا (سەربازی یا ناسەربازی) وەڵام دەدەنەوە.

لە کۆتاییدا مارتین بەم ڕێدۆز و بە خوێندەنەوەیەی بابەتیانەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین دەگاتە دوو دەرئەنجامی گشتی. یەکەم، ناتوانین گرفتەکانی ئاسایشیی وڵاتانی ئەم ناوچەیە بە گرێدانی تەنیا یەک گۆڕاو (وەک توانستی ئابووری یا ڕەوایەتی سیاسی) چارەسەر بکەین. دووەمین دەرەنجامی هەڵێنجراو ئەوەیە کە ڕێچارەی گرفتی ئاسایشیی وڵاتانی ناوچەکە بە یەک دەوڵەت جێبەجێ ناکرێت و ناشکرێت هەموو دەوڵەتەکان گیرۆدەی بکرێن، بەڵکو هەندێ گرفتی باسکراو (گۆڕاوی پێنجینە) بە خودی دەوڵەتەکان چارە دەکرێن (وەک ڕەوایەتی سیاسی) و هەندێکی دیکە بە هاوکاری دەوڵەتەکانی پەیوەندار چارەسەریان هەیە (وەک بەشینەوەی ئاو). هەروەها مارتین هەندێ پێشنیار بۆ ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین و سەقامگیریی لەم ناوچەیە دەخاتەڕوو. گرینگترین خاڵی کلیلیی ئەم پێشنیارە، ئەوەیە کە دەبێت وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین گۆڕاوی ناسەربازی پەسند بکەن و لە گۆڕاوی سەربازی تێبپەڕن. ئەو پێیوایە کە «ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین تەنیا بە یەک گۆڕاو گرێ نەدراوە. ئەو کەسانەی کە بۆ ئەم ناوچەیە سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی سیاسەتن دەبێ ئەو تێبینییەیان هەبێ کە یەکەم، دەبێ بە شێوەیەکی ڕوون گرینگی تایبەت بدرێتە بابەتی ڕەوایەتی سیاسی، دووەم، پرسی ئاسانکاری و پێکەوەژیانی نەتەوەیی - دینی بە هەند وەربگرن، سێیەم، گرینگیەکی تایبەت بدەنە تەنگاییەکانی ئابووری و ناسەقامگیری ناوخۆیی، چوارەم، هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتی ناوچەیی لە ناو دەستووری کاری خۆیان دابنێن و پێنجەم، لە ڕێی کۆبوونەوە و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لە سەر پرسی سەرچاوەی ستراتیژیی وەک ئاو و نەفتدا سەر کەون.» (مارتین، ١٣٨٩: ٤٢٩) لە دیدی مارتین ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین دابین ناکرێت مەگەر ئەوەی کە هەموو ئەکتەرانی گرێدراوی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین، گرینگی تایبەتی بدەنە گۆڕاوی

ناسەربازی و لە ڕێگەی گفتوگۆ، لێکتێگەیشتن و هاوکاریی پرس و کێشەی نێوانیان چارەسەر بکەن. ئەمە وێنەیەکە کە مارتین لە ڕێی پێشکەشکردنی ڕێدۆزی سێیەم کە لە سەر بنەمای گۆڕاوی ناسەربازیی وەستاوە، ڕووی ئاسایشی نوێی لە خۆرهەڵاتی ناویندا خستۆتەڕوو. بەبێ لە بەرچاوگرتنی چەمک و شیکاریی باس کراو لە سەر گۆڕاوی ناسەربازی و حەزکردن بە ڕوانگەی سەربازی و چارەی پرسەکان لە ڕێی هێزی سەربازی و ڕەقەئامرازی، خۆرهەڵاتی ناوین تەناهی و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت.

### ٣-٣- شرۆڤەی سیستەمی ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین

پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر کۆمەڵەکانی ئاسایشیی بە تایبەتی لە سەر کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین دادەنێت. پێکهاتەی ئانارشیک و دەسەڵاتڕاکەری سیستەمی نێودەوڵەتی بۆتە هۆی ئەوەی کە سیستەمی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوین ڕووەو ئانارشیک-بوون و هەڵاتن لە دەسەڵات هەنگاو بنێت. نەبوونی مەرجەعێکی دیار بۆ دیاری-کردنی نەزم لە نێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم، پێکهاتەیەکی هاوشێوەی لە خۆرهەڵاتی ناویندا ساز کردووە. بەڵام ئەم کاریگەرییە دروستکراوەی سیستەمی نێودەوڵەتی چۆناوچۆن کاریگەری لە سەر سازەی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوین داناوە. ئەم دۆخەی خۆرهەڵاتی ناوین لە سەردەمی دروست-بوونی دەوڵەتەکانی وێستفالیایی[١] لە دوای ١٩٢٠ی زایینی هاوکات لەگەڵ دارمینی ئیمپراتۆری عوسمانی دروست بوو.

لە بەر ئەوەی خۆرهەڵاتی ناوین پەیڕەوی لە زنجیرەی دەسەڵاتی سیستەمێک دەکات، پێکهاتەی دەسەڵات لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی و شێوازی بەشینەوەی دەسەڵات تێیدا زۆر بە توندی ڕێسای ڕەفتاری ئەکتەرانی

---

[١] Westphalia States

خۆرهەلاتی ناوین دیاری دەکات و لە سەر سەرەکیات و هەڵبژاردنی ئەم ئەکتەرانە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبووە. بۆیە وڵاتانی ناوچەی خۆرهەلاتی ناوین هەمیشە هەوڵیان داوە لە چوارچێوەی سنوورە دیار و دەستنیشان-کراوەکانی ئەم پێکهاتەیەی دەسەلات لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا بزون. (روحی، ١٣٩٥: ١٤٧) لێکۆڵینەوەکانی مێژوویی سیاسەت و پەیوەندیی نێودەوڵەتی لە خۆرهەلاتی ناوین دەریانخستووە کە ئەم ناوچەیە زیاتر لە ناوچەکانی دیکە هەمیشە بە توندی لە لایەن سیاسەتی هێزە گەورەکاندا کوشراوە و گرێدراوی گەمەی زلهێزان بووە و تەنانەت پشتیوانی زلهێزەکان ڕۆڵی گرینگی لە پاراستنی ڕژێمەکان، ئاسانکاری و دەستگەیشتن بە یارمەتی دەرەکی لە ناوچەکەدا هەبووە. هۆکارەکانی ئەم کاریگەری وەرگرتنە لە سێ ئاستدا جێی شی کردنەوەیە:

١. **تیۆری گالتونگ:** هینەبوش بە شێوەیەکی دیار بۆ تێگەیشتنی ئەم ڕاستیەی کە بۆچی خۆرهەلاتی ناوین نەیتوانیوە پێگەی خۆی وەک گەمەکەرێکی گرینگ لە دونیادا بچەسپێنێت، بە ودموەرگرتن لە تیۆری پێکهاتەی ئەمپریالیسمی گالتونگ[١] بڕوای وایە کە دەوڵەتەکانی دەوروبەر لەوانە دەوڵەتەکانی خۆرهەلاتی ناوین لە ناو زنجیرەی جیهانیدا ژێردەست بوونە و گرێدراوی هێزی ناوەندین و پەیوەندییەکی کزیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. (Galtung, ١٩٧١: ٨١) لە سەر بنەمای ئەم مۆدێلە ئەمپریالیسم ناوچەی خۆرهەلاتی ناوینی، کە ڕۆژگارێک ئیمپراتۆریەکی بازەرگانی بوو، کردە دەوڵەتگەلی تاڕادەیەک لاواز و دەستکرد. ئەم شتە نەک هەر بووە هۆی کێشە و هەستی نائەهوەنی ئەم دەوڵەتانە لەگەڵ یەکتر، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی ئەم دەوڵەتانە هەروا بە دوای دۆزینەوەی پشتیوانیی دەرەکی

[١] Johan Galtung

و سەرچاوەی پێویست بن بۆ جەنگی دەسەڵاتی ناوچەیی. (هینەبوش، ١٣٩٠: ٤٤)

٢. **ناوەند و دەوروبەر:** هینەبوش لە کتێبی *سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین*[١] ئاماژە بە دوو بابەت دەدات. هەوراز و نشێوی هێزەکانی ناوەند و دەوروبەری ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین و پەیوەندیی ناوەند و دەوروبەر لە ئاستی ستراکچەرییدا. لە دیدی هینەبوش وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ دوو بەشی ناوەند (کاکڵ) عەرەبی و دەوروبەر (ناعەرەبی) دابەش دەبن کە هەر یەک لەم بەشانە لە قۆناغی مێژووییدا دەسەڵاتیان هەبووە. بەڵام لە بارەی پەیوەندیی نێوان ناوەند و دەوروبەر لە ئاستی ستراکچەرییدا دەڵێت بەپێی دروستبوونی چەند دەوڵەت – نەتەوەیەکی لاواز و چەندپارچەیی لە خۆرهەڵاتی ناویندا یەکەم بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان هێزە ناوەندییەکان (تەوەری) و چینە زاڵەکان (هێزە گەورەکان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین) دروست بوو. دەکرێت ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشانە لە هەوڵەکانی عەرەبستان بۆ زیادکردنی بەرهەم-هێنانی نەفت بە مەبەستی قەرەبووی قەیرانی ئابووری ڕۆژئاوا و هەوڵی وڵاتانی دەورەی کەنداوی فارس بە مەبەستی هاوسەنگیی هێزی ئێران و ڕووسیا وەک دژبەرانی ڕۆژئاوا ببینین. دووەم، دروستبوونی وڵاتگەلی چەندپارچە لە خۆرهەڵاتی ناوین بووە هۆی ئەوەی لە ئاستی جیهانیدا هەروا ژێردەست و لە پلەی خوارەوەدا بن. بۆیە بوزان ئاماژە بەوە دەکات کە جیهانی عەرەب شارستانییەکی نەریتیە کە لە دوای سەردەمی کۆلۆنیالیدا نەیتوانیوە هێشتاش خۆی وەک هێزێکی جیهانی دروست بکاتەوە. جیهانی عەرەب وەک وڵاتگەلی لاواز، دەچنە ژێر کاریگەری پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی. (روحی، ١٣٩٥: ١٥١)

[١] سیاست خارجی کشورهای خاورمیانه، هینەبوش.

**٣. ئابووریی سیاسی:** جگە لە ڕکابەریی سیاسی - سەربازی لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ یەکتر و چوونە ژێر کاریگەری دۆخی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، ئابووریی سیاسیش شتێکی گرینگە بۆ شرۆڤەی چوونە ژێر کاریگەری بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین لە ناو سیستەمی ئانارشیکی نیزامی نێودەوڵەتی. یەکەم، ئەمپریالیسم بە تێکەڵ-کردن و هاوتەریبکردنی ئابووریی ناوچەکە لە ناو سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیدا، گرێدراوی دوولایەنەی ئابووری لە ناوچەکەدا لە ناو برد؛ ناوچەکەی کردە ئابوورییەکی گرێدراوی کلاسیکی کە ڕوخساری سەرەکی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی بەرهەمی وەک نەفت و لۆکە گرێدراو بوو بە هاوردەکردنی کاڵای مەسرەفی و تەکنیکی. (روحی، ١٣٩٥: ١٥٠) بە جۆرێک کە قەبارەی بازەرگانی دەرەکی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین لەگەڵ یەکتر، هەمیشە کەمتر لە ٨%ی تەواوی بازەرگانی دەرەکی ئەوان بوو. (سریع‌القلم، ١٣٧٦: ٤٣٠) لە لایەکیش بە لەبەرچاوگرتنی ئامارەکانی بانکی جیهانی کە دەریدەخات کۆی هەناردەی نانەفتی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا بە ٢٦٠ ملیۆن کەسەوە کەمترە لە هەناردەی وڵاتی فینلەند کە ڕێژەی دانیشتوانی پێنج ملیۆن کەسە. (لطفیان، ١٣٧٦: ٦٠) دووەم، هێزەکانی ناوەند (تەوەر) دەست لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین وەردەدەن و ئامرازی جۆراوجۆری تەنبێکردن بە کار دێنن؛ ئابلۆقەی ئابووری لە دژی ئەو وڵاتانەی کە بە جۆرێک لە دیدی سیستەمی سەرمایەداری ناڕێکن و بە بۆچوونی وڵاتانی سەرەکی، گرێ دەخەنە ڕەوتی هەناردەکردنی وزە و دەستگەیشتن بە کەرەستەی خاو و دژایەتی بە کار دێنن. لە کاتی ڕووخانی موسەدیق[1] لە ئێران تا دروستبوونی دامەزراوەی

[1] دکتۆر محەمەد موسەدیق (١٣٤٥-١٢٥٨ ک.هـ) کەسایەتی سیاسی و مافزانی ئێران بوو. لە سەردەمی محەمەدڕەزا شای پەهلەوی بووە سەرۆک وەزیری ئێران. خۆماڵیکردنی پیشەسازی نەوتی ئێران لە سەر دەستی ئەو کرا.

وڵاتانی هەناردەکەری نەفت (ئۆپێک)،[1] جەنگی دووەمی کەنداوی فارس، جەنگی ناوەند و دەوروبەر لە سەر نەفت هەمیشە بابەتی سەرەکی سیاسەتی ناوچەکە بووە. (هینەبوش، ١٣٩٠: ٢٣)

جگە لە ڕەچاوی سێ ئاستی شیکاریی سەرەوە، باری بوزان لەو بڕوایە دایە کە هەوڵی بەردەوامی هێزەکانی ڕۆژئاوایی بۆ پێشگرتن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی خۆرهەڵاتی ناوین وەک هێزێکی گەورە هەمیشە هەبووە. لە سەردەمی ڕووخانی عوسمانی، هێزە گەورەکانی جیهانی بە پارچەپارچەکردنی سیستەمی دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین پێشیان لە دروستبوونی دەوڵەتی وەک عێراق و میسر وەک هێزی گرینگ و هەژموونی ناوچەیی و کۆبوونێکی مەزن گرت. (بوزان، ١٣٨١: ٦٦٨) زەڵمای خەلیلزاد[2] وەک بەرپرسی باڵای نووسینگەی ڕێنمایی سیاسەتی بەرگریی[3] وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە دوای تەواوبوونی جەنگی ١٩٨٨ی زایینی لە نێوان عێراق و ئێران بڕوای وابوو کە عێراق لە دوای جەنگی عێراق و ئێران بۆتە هێزێکی سەربازیی ناوچەکە و سەدام پێگەی بەهێزی بۆ داگرتنی هەژموونی خۆی لە کەنداوی فارسدا بەکار دێنێت. بۆیە «ئەمریکا بڕیاریدا ڕێگری لە هەژموونی هەر هێزێک لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بکات.» (khalilzad, ٢٠١٥: ٦٨)

**٣-٤- چۆنیەتی کاریگەری وەرگرتنی سیستەمی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوین لە ناو پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی**

زۆر زانای سازەگەرا لە بواری زانستی پەیوەندیی نێودەوڵەتی بڕوایان وایە کە لە ڕووی سیستەمییەوە، پێکهاتەی پەیوەندیی نێودەوڵەتی پێکهاتەیەکی ئانارشیکە. نەبوونی دامەزراوەیەکی ڕێکخەر لە سەر سازە بۆتە هۆی ئەوەی

---

[1] Organisation of the Petroleum Exporting Countries (OPEC)
[2] Zalmay Khalilzad
[3] Defense Policy Guidance (DPG)

دەوڵەتەکان لە ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتی حەز بە توندوتیژی و ناسەقامگیری لە ناو سیستەمدا بکەن. زۆرێک لە ریالیستەکان پێیان وایە گرینگترین تایبەتمەندیی سیستەمی نێودەوڵەتی ئانارشیسم، نەبوونی دامەزراوەی باڵادەستە بۆ دابینکردنی نەزم. لە ئەنجامی نەبوونی دامەزراوەی ڕێکخەر و تۆبزیی لۆژیکی هۆبزی،[١] دەوڵەتەکان حەزی پاراستنی دۆخی ئێستاییان لە ڕێی مانەوە و پشت بەخۆبەستن هەیە. لە هەمان کاتدا بە زیادکردنی هێز هەوڵی خۆپاراستن دەدەن. لە بەر ئەوەی تەمای دەوڵەتە دروستکەرەکانی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی دیار نییە، دەوڵەتەکان ناتوانن لە نییەتی ڕاستەقینەی دەوڵەتانی دیکە تێبگەن. بۆیە ئەوان لە ڕێگەی سەربازیی هێزی خۆیان زیاد دەکەن (هاوسەنگیی هێز) تا هیچ دەوڵەتێک نەتوانێت هێزی ئەوان لەق بکات و توخمە گرینگەکانی وەک خاک، ڕژێم و کۆمەڵگا ناسەقامگیر بکەن. لە ناو هەناوی دۆخێکی وەهادا پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی لە سەر سێ بنەما دەوەستێت. یەکەم، مەتەڵی دەسەڵات، دووەم، هاوسەنگییسازی و لە کۆتایشدا هاوپەیمانیسازی. ئەم سێ بنەمایە هەروا کاریگەری لە سەر پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا هەیە و پەیوەندیی نێوان وڵاتان ڕێک دەخات، سێبەریش دەخاتە سەر لۆژیکی کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین. گرینگترین دەرکەوتە پەیتەکانی ئانارشی لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا کە لە ژێر کاریگەری پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی دایە لە ناو ئەم سێ بنەمایە شاردراوەتەوە. بە پشکنینەوەی هەر یەک لەو بنەمایانە، دەتوانین لە کاریگەری سیستەمی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە سەر خۆرهەڵاتی ناوین تێبگەین. ئەم دەرکەوتانە لە سێ ئاستدا شایانی شرۆڤەن:

١. **مەتەڵی ئاسایش**: ریالیستەکان پێیانوایە کە مەتەڵی ئاسایش لە ناو سیستەمی ئانارشیکدا بە بەشێکی خۆیی سیستەم دێتە ژمار. لە سەر ئەم بنەمایە هەوڵی دەوڵەتێک بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆی، لەخۆڕا دەبێتە

[١] Thomas Hobbes

هەڕەشە بۆ دەوڵەتی‌تر. چونکە دەوڵەتەکان هەمیشە نیگەرانن لەوەی کە ئەگەر هەندێک دەوڵەت زیاتر هاوکاری وەرگرن و توانا ڕێکخراوەکانیان لە دژی ئەوان بەکاربێنن، ئەوا دۆخی مەتەڵی هێز لە نێوان دەوڵەتەکان دروست دەبێت. لەم کاتەدا هاوکاریی نێودەوڵەتییش سنووردار دەبێت. (روحی، ١٣٩٥: ١٢٦) چونکە لە خۆرهەڵاتی ناویندا هەستی نائەهوەنیی پەیوەندی بە نزیکایەتی و هاوسێیەتی هەیە و وڵاتان زیاتر لەوەی کە لە هێزە دوورەکان بترسێن، لە دراوسێکانیان دەترسن. (بوزان، ١٣٨١: ٦٣٤) بەم واتایە لە ناو بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناویندا، مەتەڵی ئاسایشی کەشێکی هێناوەتە ئارا کە بەهێزبوونی دەوڵەتێک، وەک هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتێک یا کۆمەڵە دەوڵەتێک تەماشا دەکرێت. بۆ وێنە، زیادبوونی توانستی سەربازی عەرەبستان و کڕینی کەرەستەی پێشکەوتووی سەربازیی ئەگەر بە لۆژیکی بەرگری‌کردن لە خۆشی بێت، دەبێتە هۆی هەراسانبوونی دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بە تایبەتی ڕکابەرەکانی ناوچەیی[١] عەرەبستان.

هەروەها بوزان بڕوای وایە کە نەک لە زۆرکردنی ڕێژەی هێز، بەڵکو بەپێی نموونەی دۆستایەتی و دوژمنایەتیش، دۆستایەتی گەمەکەرێکی ناوچەیی لەگەڵ یاریزانانی دیکەی ناوچەیی بە دڵنیایی دوژمنایەتی ئەکتەری سێیەمی لە پشتەوەیە. بۆ نموونە نزیکایەتی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل دەبێتە هۆی لاوازی ئێران و سوریا؛ نزیکایەتی ئێران و عەرەبستانی سعودی دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل. لەبەر ئەوە ئەگەر دەوڵەتێک لە ئاستی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین لە هەوڵی هەڵکشانی هێز دابێت، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی نائەهوەنی و تەنانەت دژەکرداری لە دژی وڵاتانی دیکە.

---

[١] Regional Rivals

٢. **هاوسەنگیسازی:** ئانارشیبوونی سیستەمی نێودەوڵەتی و نەبوونی متمانە لە نێوان وڵاتان، بەردەوامی دەداتە کێشەکان. هەر وەک ئەم دۆخە، لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینیشدا، ئانارشی و نەبوونی متمانە لە نێوان وڵاتانی ئەم ناوچەیە، کێشەی کردۆتە شتێکی هەمیشەیی و بەردەوام. ریالیستەکانی وەک والتز بۆ پێشگرتن لە دروستبوونی جەنگ لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە متمانەیان بە یەکتر نیە، سازوکارێکی بە ناوی هاوسەنگیی هێز داهێناوە کە بریتیە لە بە کارهێنانی هێز بۆ مەهارکردنی هێز. بوزان دەڵێت ئەگەرچی سەردەمی کێشەی هێز لە نێوان دەوڵەتەکاندا لە ناو کەشی نێودەوڵەتی تێپەڕیوە و دەوڵەتەکان لە دژی یەکتر ناکەونە سەر کێشەی هێز، بەڵام لە خۆرهەڵاتی ناوین شێوەی کلاسیکی هاوسەنگیی هێز هەروا هەیە. (لیک و مورگان، ١٣٨١: ٥٨) هاوسەنگیی هێز هەمان سیاسەتی نێودەوڵەتی کلاسیکیە کە لەو ڕێگایەوە خەریکی دابینکردنی ئاسایش دەبن. مانەوەی هاوسەنگیی هێز لە خۆرهەڵاتی ناوین وەک توخمێکی سەرەکی بۆ دابینکردنی ئاسایش، هەموو جۆرە کەشێکی هاوکاری لە نێوان وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناویندا لە ناو بردووە. لە کۆتاییدا بۆتە هۆی ئەوەی خۆرهەڵاتی ناوین هەروا پێکهاتەیەکی کێشە تێزاوی هەبێت. هینەبوش لە لایەک هاوسەنگیی هێز بە کلیلی نەزمی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی ناوین دادەنێت؛ بەڵام لە لایەکیتر بە هۆکارێکی ناسەقامگیریی خۆرهەڵاتی ناوینیشی دادەنێت. (هینەبوش، ١٣٩٠: ٥٣) بۆ نموونە نەزمی ناوچەیی لە دەیەی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ بە شێوەیەکی بنچینەیی پشتی بە هاوسەنگیی هێز بەستبوو. میسر لە ساڵی ١٩٥٥ی زایینی لەگەڵ چیکوسلۆڤاکیا بەڵێننامەی سەربازی واژۆ کرد و ئامانجی سەرەکی میسر لەم بەڵێننامەیە هاوسەنگیی هێز بوو لە بەرانبەر ئیسرائیل. عەبدولکەریم قاسم بە لکان بە ئەردەن و عەرەبستان، دەسەڵاتی ناسری ڕەتاند و تەنانەت لەشکری بۆ پاراستنی کوێت نارد. ڕژێمگەلی وەک سوریا و عێراق کەوتنە هاوسەنگی لە دژی هاوبیرانی

ئایدژلۆژیکی میسر و ڕێبەرایەتی ناسریان لە ناو ئۆردوگای توندڕەوان تووشی کێشە کرد. (هینەبوش و احتشامی، ١٣٨٢: ٨٧) ئەو خاڵەی کە لە بارەی هاوسەنگیسازی گرینگە ئەوەیە کە ئەم هاوسەنگیسازییەش لە ناوەوە (بۆ دروستبوونی سەقامگیری ناوخۆ و مانەوەی ڕژێم و دەسەڵات) و لە مەیدانی دەرەوەش لە بەرانبەر هاوسێیەکان جێی بایەخە. هەروەها جگە لەوەی کە هاوسەنگیسازی و یەکێتی و هاوپەیمانێتی هەندێک جار لە لایەن خودی ئەکتەرانی ناوچەیی دروست دەبێت، بەڵام زۆر جار لە لایەن ئەکتەرانی دەرەکیش ئەم هاوسەنگیسازییە بۆ دانانی ساقامگیری و بەرژەوەندییەکان لە چوارچێوەی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی لەبەرچاو بووە. بۆیە لەم ڕووەوە ڕەنگبێ لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی جیهان زۆر جیاواز بێت. (روحی، ١٣٩٥: ١٣٩) جگە لە هاوسەنگیسازی لە لایەن ئەکتەرانی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی ناوین، هاوسەنگیسازی لە لایەن ئەکتەرانی دەرەکی[١] بە تایبەتی ئەمریکا لە دوای جەنگی یەکەمی کەنداوی فارس لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی لە ناوچەکەدا دروست بوو. لە سەردەمی جەنگی سارددا، یەکێک لە گرینگترین سازوکاری هێزە گەورەکان لە ئاستی ناوچەیی بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناویندا سیستەمی هاوسەنگیی هێز بووە. لەو سەردەمدا لەو وارانەی کە دوو زلهێزەکە لەگەڵ یەکتر لە ڕکابەری و کێشمەکێش دابوون، هاوسەنگیی هێزیان بۆ بەڕێوەبردنی سیستەم بە کار دەهێنا و یەکتریان لە ناو گەمەیەکی پڕ مەترسی وەک ڕێگریکردن لە یەکتری ئابلۆقەدابوو و بە وریایی چاویان لە بزاوتی یەکتر و هێزە ناوچەییەکانی خۆیان بوو. بە جۆرێک کە لە ناو کێشەی ناوچەییدا، لە ترسی داهاتوو و لێکەوتە ئەگەرییەکان نە ڕێگەی سەرکەوتن نە ڕێگەی شکستیان بە دەستنیشانکراوەکانی خۆیان نەدەدا. (لیک و مورگان، ١٣٩١: ١٦)

[١] External Actors

کێشەی نێوان ئێران و عێراق لە ١٩٨٠ تا ١٩٨٨ لەم چوارچێوەیەدا پێناسە دەکرێت.

٣. **هاوپەیمانیسازی**: یەکێکیتر لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی هاوپەیمانیسازییە؛ لە خۆرهەڵاتی ناوین ئەو هاوپەیمانیسازی هەبووە. وڵاتانی ناوچەیی بۆ هاوسەنگیسازی سوودی زۆریان لەم ئامرازە وەرگرتووە. بۆ نموونە لە سەردەمی جەنگی سارد، لە سەنگەری ڕۆژئاوا، سوریا لە ژێر سێبەری پشتیوانی و ڕێگری، تەیاری هێزە موسڵمانەکانی لوبنانیان بۆ ساردکردنەوەی پلانی ئیسرائیل لە لوبنان بە کار دەهێنا؛ ئەم کارە نەک هەر دەبووە هۆی ئەوەی سوریا بگاتە ئاستێکی هاوسەنگیی کارای سەربازی لە بەرانبەر ئیسرائیل، بەڵکو بە دانانی پەیوەندییەکی ڕێگریکارانە تێچووی ڕوودانی جەنگێکی ئەگەریی لەگەڵ ئیسرائیل زۆرتر کرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، کۆمەڵە هاوپەیمانیسازییەک لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین لە دژی ئێران دروست بوون. وڵاتانی وەک عێراق، میسر، عەرەبستان و وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس هاوپەیمانیەکیان بەست تا لە دژی نفووزی ئێران و هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران بۆ ناوچەکە پێشگیری بکەن. لە بەرانبەردا ئێران لەگەڵ سوریا دەستیان دایە هاوپەیمانیەک بۆ ئەوەی بتوانن هەم نفووز بکەنە ناو کۆمەڵگای عەرەبی و هەم پێگەیەکیان بۆ خەبات لە دژی ئیسرائیل هەبێت. لە لایەکی دیکە، وڵاتانی دەوروبەر (ناعەرەب) بۆ پێشگری لە زۆرخوازیی سوریا و کۆنترۆڵی سوریا هاوپەیمانیەکیان دروست کرد. تورکیا و ئیسرائیلیش سوریایان بە دوژمن و هەڕەشەی هاوبەش زانی. تورکیا لەبەر ئەوەی سوریا مەشقی سەربازی بە پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K لە بیقاع دەکرد و ئیسرائیلیش لەبەر ئەوەی گۆیا سوریا بە تەمای شەڕە لەگەڵی، هەردووکیان هەندێک کاریان ئەنجامدان. بۆ نموونە تورکیا دەستی دایە دروستکردنی تۆڕی بەنداوی گەورەی بەنداوی

ئەتاتورک لە ناوچەی باکوور. دەتوانین لێکۆڵینەوەی جیای هەریەک لەم هاوپەیمانیانە لە ناو ئەو قالبەدا شی بکەینەوە کە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین لە جیاتی ئەوەی هاوپەیمانیی پێکەوەیی بۆ دوورکردنەوەی هەڕەشەی هاوبەش، کە کەوشەنی خۆرهەڵاتی ناوینی داوەتە بەر هەڕەشە، دروست بکەن، خۆیان لە دژی یەکتر بوونەتە هاوپەیمان و هێزی یەکتر هاوسەنگ دەکەن. ئەم کۆمەڵە هاوپەیمانێتییە دەبووە هۆی ئەوەی کە نەزمی ناوچەیی و خۆماڵی دروست نەبێت و بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین لە بەرانبەر هەڕەشەیەکی دەرەکی یا یەک ئەکتەری دەرەکی بە توندی زیان هەڵگرێت.

### ٣-٥- تاوتوێی پێکهاتەی نیزامی نێودەوڵەتی و کاریگەریی لە سەر خۆرهەڵاتی ناوین

سەردەمی دوو جەمسەری کاریگەری زۆری لە سەر خۆرهەڵاتی ناوین هەبوو. لە کاتی جەنگی سارد پێویستیەکانی سیستەماتیکی تا ئەندازەیەکی زۆر ڕەفتاری هێزە گەورەکانی لە ناو سیاسەتی ناوچەیی هەڵدەسووڕاند. ئەو پێویستیانە شێوە و پێکهاتەی کۆمەڵەی ئاسایشیان دیاری دەکرد. (پاپایانو، ١٣٨١: ١٨١) لە ماوەی جەنگی سارددا، هەردوو زلهێزی جیهانی لە خۆرهەڵاتی ناوین بۆ خۆیان لە هەوڵی پەیداکردنی هاوپەیمان بوون. سۆڤیەت لە ساڵەکانی یەکەمی کێشەی نێوان عەرەب - ئیسرائیل، پشتیوانی لەو دەوڵەتە عەرەبیانە دەکرد کە لە هێڵی پێشەوەی دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیلدا دابوون. ئەمریکا لە بەرانبەردا ئیسرائیل و ئەردەن و دواتر میسری لە خۆی نزیک کرد. (بوزان و ویور، ١٣٨٨: ١١٢) دوو ڕوانگەی‌تریش لە بارەی پشتیوانی دوو هێزەکە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین هەبوون؛ یەکەم، حکوومەتگەلی پاشایی و نەفتیی کە

لە ئەمریکا نزیک بوون و ڕوانگەی دووەم، وڵاتانی ڕادیکال[1] و ڕژێمگەلی هەڵقوڵاوی شۆڕشی عەرەبی[2] کە لە ژێر کاریگەری سۆڤیەتدا بوون. بەرەنگاربوونەوەی دوو زلهێز بە واتای بەرەنگاربوونەوەی دوو ڕوانگەش بوو. تا ئەو ئەندازەیەی کە ڕژێمە شۆڕشی و سەربازییەکان مەیلی گۆڕینی ڕژێم لە خۆرهەڵاتی ناوین و نزیکبوونەوە لە ڕوانگەی شۆڕشیان هەبوو، پاشایەتییە نەفتییەکان لە نزیکبوونەوەی ئەم ڕوانگەیە لە سنوورەکانی خۆیان هەراسان ببوون. ڕاستە جەنگی *ساردی عەرەبی* و کێشەی نێوان وڵاتانی عەرەبی لە خۆرهەڵاتی ناوین بەرهەمی کێشەی نێوان وڵاتانی ئەم ناوچەیە بوو، بەڵام لە ڕاستیدا دۆخی پێکهاتەی نێودەوڵەتی هۆکاری ئەم جۆرە کێشەیە بوو.

دابەشبوونی وڵاتانی عەرەبی بۆ دوو بەشی ڕادیکال و پاشایەتی لە ناو ڕەهەندی ناوچەییدا جێگەی باسە. بەڵام لە دیدی جیۆپۆلۆتیکی، ئەمریکا خۆرهەڵاتی ناوینی بۆ دوو کەرت دابەش کرد. وڵاتانی تەوەر وەک عەرەبستان، میسر و ئیسرائیل کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ئابووری و چەک پشتیوانی لێدەکردن و هاوڕای ئەمریکا بوون؛ وڵاتانی سەرپێچکار کە دژی بوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بوون و پێویست بو ئەمریکا دەستەمۆیان بکات. بۆیە ستراتیژی مەهار[3] لە ناو خۆرهەڵاتی ناوین و بلۆکبەندی بووە هۆی ئەوەی لەم ناوچەیەدا پێشگیری لە دروستبوونی پەیمانێکی ناوچەیی بکرێت و کەشی دوو جەمسەری باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشا. لە لایەکیتر، لە کاتی جەنگی سارددا کێشەی نێوان دوو زلهێز بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین زیاتر گرێدراوی زلهێزەکان بن. بە جۆرێک کە لە ناو ئەم کێشەیەدا لایەنی کێشەدار بە بەردەوامی داوای یارمەتی لە زلهێزان بکات. هەر یەک لە دوو زلهێزەکەش لە ترسی ئەوەی کە نەوەک زلهێزەکەی دیکە ئیمتیازی تایبەت وەدەست بێنێت

[1] Radical States
[2] Arabic Revolution Regimes
[3] Strategy of Inhibition

پشتیوانییان لە لایەنێکی خاوەن کێشە دەکرد. ئەم پرسە کێشەی ناوچەیی کردە کێشەی نێودەوڵەتی. تەنانەت لە ڕووی ناوخۆیی وڵاتانیش، ئەگەر دەسەڵاتدارەکان ڕەوایەتیان لە لای خەڵک نەبا، بژاردەکانی حکوومەتی دەگەڕانەوە لای هێزە دەرەکییەکان و لە هەوڵی ڕاکێشانی پشتیوانیی ئابووری و لۆجستیکی زلهێزان دەبوون. (استاین، ١٣٨٦: ١٥٩)

بە کورتی لێکەوتەی جەنگی سارد لە سەر کەشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین لە سێ ئاستدا کورت دەکرێتەوە: یەکەم، ئەکتەرانی خۆرهەڵاتی ناوین، بە سەر وڵاتانی پشتیوانی ئەمریکا و سۆڤیەت دابەش بوون. دووەم، لە ناو وردەسیستەمی خۆرهەڵاتی ناویندا، دەوڵەتەکان دابەشی سەر ڕادیکاڵ و میانەڕۆ ببوون و سێیەم، زۆرێک لە بابەتە ناوچەییەکانی وەک کێشەی عەرەب و ئیسرائیل، جەنگی ناوخۆیی لوبنان، دۆخی باکوور و باشووری یەمەن و دۆخی بیابانی ڕۆژئاوا بە شێوەیەک بە ڕکابەریی زلهێزانەوە گرێ درابوو. (حاجی یوسفی، ١٣٨٠: ١٠٨) لە خاڵی دووەمدا، ئەو دابەشبەندیەی کە حاجی یوسفی باسی دەکات جێگەی قسەیە و ڕەنگە دابەشبوونی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین لە کاتی جەنگی سارددا بۆ وڵاتانی میانەڕۆ و ڕادیکاڵ بە دوور بزاندرێت. لە بنەڕەتدا دابەشبەندیەکە هەڵەیە. دابەش‌بوونی وڵاتان لەو کاتدا بۆ ڕادیکاڵ و پاشایی (پارێزکار) وێچووترە. بەپێی بۆچوونی هووشی سادات، وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین لەو کاتدا بۆ ڕادیکاڵ و پاشایی دابەش ببوون. (هوشی سادات، ١٣٨٦) دارمانی سۆڤیەت، لە خۆرهەڵاتی ناوین هاوپەیمانانەکانی سنووردار کرد، بەڵام بۆ ڕکابەرانی ناوچەیی هەلهێن بوو. هەر چۆن بێت، دارمانی سیستەمی دوو جەمسەریی یارمەتیدەری سەربەخۆیی ناوچەکان بوو و هەڵکشانی دەسەڵاتی دایە هێزەکانی ناوچەیی. بەم شێوەیە بە ڕووخانی سۆڤیەت و گۆڕانی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی هاوسەنگییەکی نوێ پەیدا بوو. ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان لەگەڵ گۆڕانی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی نەگونجاند

تووشی زیان بوون. لە کۆتاییدا چارەیەکیان جگە لە سازان لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا نەبوو. تەنانەت گۆڕانی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی لە دوو جەمسەری بەرەو لای تاک جەمسەری، پەیام و لێکەوتەی ڕاستەوخۆی لە سەر خۆرهەڵاتی ناویندا هەبوو. یەکێک لەو لێکەوتانە، نموونەیەکی نوێی هاوکاری یا کێشەی نێوان ئەکتەرانی سیستەمی خۆرهەڵاتی ناوینی پێوە بوو. (روحی، ١٣٩٥: ١٥٤)

لەم دەلاقەوە، هەنسن[١] لە وەڵامی ئەوەی کە کۆتایی جەنگی سارد و هاتنی سیستەمی تاک جەمسەری چ کاریگەرییەکی لە سەر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین هەبووە، بڕوای وایە کە ڕەهەندەکانی سیستەمی تاکەجەمسەریی بریتین لە پەیوەندیی دەوڵەتەکان لەگەڵ دەوڵەتی تاکەجەمسەر و شێوەی کاریگەریی تاکەجەمسەری لە سەر ئەم پەیوەندییانە بەراورد ناکرێن.[٢] لە سەر ئەم بنەمایە، ئەم ڕەهەندانە لێکەوتەی جۆراوجۆریان لە سەر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا دەبێت. یەکەمیان ئەوەیە کە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی هێز جگە لە تاکەجەمسەر بوونی نییە تاکوو وڵاتانیتر ئەگەر حەزیان بە یەکسازیی کرد لەگەڵ هێزێکی گەورە بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشیی خۆیان پشتی پێ ببەستن؛ دووەم، هیچ هێزێکی گەورەیتر نیە تا دەوڵەتەکان لە دژی تاکەجەمسەر لەگەڵی ببنە هاوپەیمان؛ سێیەم، هێزێکی گەورەتر بوونی نیە تاکوو کاریگەری لە سەر ڕەفتاری دەوڵەتەکان دابنێت یا هەڵبژاردەی کێشەنانەوە لە بەرانبەر تاکەجەمسەر بخاتە ڕوو. لە کۆتاییدا، جەمسەری بەهێزتر میکانیزمی نێودەوڵەتی دیاری دەکات. (Hansen, ٢٠٠٠)

هینەبوش و ئیحتیشامی، لەبارەی دەرکەوتەی کاریگەریی کەشی تاکەجەمسەری لە سەر ڕەوتی گفتوگۆی عەرەب و ئیسرائیل لێکۆڵینەویان کرد و بڕوایان وایە کە گفتوگۆ لەگەڵ ئیسرائیل، یەکێکە لە دەرکەوتەکانی مەیل بە ڕۆژئاوابوون. بە جۆرێک کە لە دوای جەنگی سارد زۆر لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی

---

[١] Hansen
[٢] Unequal Relations

ناوین، ڕوانگەی جەنگیان لە بەرانبەر گفتوگۆ لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل دانابوو. لە دوای دارمانی سۆڤیەت، بە ڕازیبوون لە سەر گفتوگۆ، بە جۆرێک مەیلی تاکەجەمسەریان هەبوو. سوریا یەکێک لەو وڵاتانە بوو؛ ئەم وڵاتە لە دوای ڕووخانی سۆڤیەت پشتیوانی سەرەکی خۆی لە دەست دابوو، خۆی لە دۆخی پشت بەخۆبەستندا دیتەوە. بەم شێوەیە لە لایەک دەیویست بەرژەوەندییەکانی لە بەرانبەر هەر جۆرە پێکهاتنێک لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل بپارێزێت و لە لایەکیتریش لە لایەن ئەمریکا بە فەرمی بناسرێت. (هینەبوش و احتشامی، ١٣٨٢: ١٠٧) کاتێک سوریا گفتوگۆی عەرەب و ئیسرائیلی بە مەرجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی قەبووڵ کرد، لوبنانیش پەیڕەوی لە سوریا کرد. ئەردەن کە پشتیوانی لە سەدام، وەک دوژمنی عەرەبیی ئیسرائیل، دەکرد، بۆ کەمبوونەوەی تووڕەیی ئەمریکا بەشداری لە گفتوگۆی ئاشتی کرد. ڕێکخراوی ئازادی فەڵەستینیش[١] کە پشتگیری لە سەدام دەکرد هاتە ناو گفتوگۆی عەرەب و ئیسرائیل. ئەم دۆخە ئەوە دەردەخات کە هێزە گەورەکانی خۆرهەڵاتی ناوین لە دوای ڕووخانی سۆڤیەت، جگە لە دانپێدانان بە هێزی گەورە چارەیەکیان نەما. بۆیە یاسر عەرەفات بە ناچاری بەشداری لە گفتوگۆی ئۆسلۆ (١٣ سێپتامبەری ١٩٩٣) کرد و تێیدا مافی ژیانی بۆ ئیسرائیل قەبووڵ کرد. بەردەوامیی یارمەتی دارایی ئەمریکا بۆ میسر بووە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە بگاتە هەوادارانی ئەمریکا. بە واتایەکی سادەتر، گۆڕانی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی لە دوای دارمانی سۆڤیەت، سەرەکیات و هەڵبژاردەی ئەکتەرانی خۆرهەڵاتی ناوینی گۆڕی.

[١] Palestine liberation organization (PLO)

## ٣-٦- سیستەمی تاکەجەمسەری و لێکەوتەی ١١ی سێپتامبەر لە سەر خۆرهەڵاتی ناوین

لە ڕووی تیۆریی، سیستەمی تاکەجەمسەریی تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بۆ وێنە لە بنەڕەتدا وڵاتێکی بەهێز بەرپرسیارێتی ئاسایشی هەندێک وڵاتی بچوک و ئارەزوومەند، لە سنووری ناوچەیەکی ستراتیژی، دەگرێتە ئەستۆ کە لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی پێشبینی نەکراو دەبنەوە. لە بەرانبەردا وڵاتانی یەکگر نابێت لە هیچ جۆرە پشتیوانیەکی سیاسی و مادیی بۆ ئەو هێزە سڵ بکەنەوە تاکوو وڵاتەکە بتوانێت لە کاتی دەرکەوتنی هەڕەشە وەک زامنی دەرەکی، ئاسایشی ئەوان بە دەستی کراوە بێتە مەیدان. هەروەها سیستەمی باسکراو لە سێ ئاستدا لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیدان: یەکگری لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە، بەستنی بەڵێننامەی ئاسایشیی دوولایەنە لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە و هێزە سەرەکییەکە و دواتر، دامەزراندنی ناوەندێکی فەرماندەیی گشتگیری تۆڕی بەرگریی هاوبەش لە نێوان هێزی سەرەکی و هاوپەیمانانی ناوچەیی. (صیقل، ١٣٧٣: ١٤٠)

ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دامەزراندن و دانانی هەژموونی خۆی لە خۆرهەڵاتی ناویندا، لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی کەنداوی فارس خەریکی بەهێزکردنی پەیوەندیی بوو. لەم بارەوە هەوڵیدا بۆچوونی ئەرێنی سوریا و میسریش بەدەست بێنێت. ئەم جۆرە سیستەمە ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەدی دەهێنا. ئەم ئامانجانە بریتی بوون لە، زۆری و بەردەوام بوونی یارمەتی سەربازی، بەڵێننامەی دوولایەنە لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس و لە کۆتاییدا گرێدراویی زیاتری ئەم وڵاتانە بە ئەمریکا. دەرئەنجامی ئەم ئامانجە ئەوە بوو کە سیستەمێکی ئاسایشیی ناوچەیی خۆماڵی لە ناوەوەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین دروست نەبێت. ئەم پەیوەندییە ئاسایشییە دوولایەنانە لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی ناوچەیی لە ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس بە تایبەت کوێت و بەحرێن،

کاریگەری زۆری لە سەر ناوچەکە دانا. لەوانە دەتوانین ئاماژە بەم شتانە بکەین، لاوازیی وڵاتان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و گرێدراوییان بە هێزە گەورەکان، نەبوونی هەستی پێویست بۆ دانانی دکتۆرینی بەرگریی هاوبەشی چەندلایەنە، یا پشتبەستنی زیاتر بە هێزی دەرەکی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسەتی دەرەکی خۆیان و دواتر ڕەخساندنی کەشێکی بێمتمانەیی لە نێوان وڵاتانی ناوچە و قورستربوونی مەتەڵی ئاسایش. لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی سازدانی پەیوەندی ئەم دەوڵەتانە لەگەڵ ئەمریکا جگە لە یەکگری لەگەڵ زلهێزێکی جیهانی، مسۆگەرکردنی ئاسایش بوو. (صیقل، ١٣٧٣: ١٦٢) دوای ئەوەی تراژیدیای ١١ی سێپتامبەر ڕوویدا، سیاسەتی ئەمریکا وەک تاقەجەمسەر لە بەرانبەر خۆرهەڵاتی ناوین گۆڕا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە گرتنەبەری سیستەمی هەژموونیک، ویستی هەژموون و دەسەڵاتی خۆی لە سەر جیهان و خۆرهەڵاتی ناوین پەرە پێبدات. ئەم زنجیرە کارانە چەند تایبەتمەندییەکیان هەبوو: یەکەم، هێزەکانی دژەناوەند ئەگەری گەشە و نمۆیان نابێت؛ دووەم، لەم جۆرە سیستەمەدا هاوپەیمانیی سەربازی لە بەرانبەر هەژموونا دروست نابێت؛ سێیەم، کێشەنانەوەی هێز و ئەکتەرانی ناهاوسەنگ قەبووڵ ناکرێت؛ چوارەم، ئەگەری بەکارهێنانی سیاسەتی بردنەوە و دەرکردنی دۆڕاو[١] نیە؛ پێنجەم، سەرمەشقی کارکردنی نێودەوڵەتی، ڕکابەری و هاوکارییە نەک نەبەرد و بەرەنگاربوونەوە؛ شەشەم، دامەزراوەگەلی نێودەوڵەتیی ڕوایەتی دەدەنە دەسەڵاتی هەژموون و سنووورداری ناکەن؛ حەوتەم، پاراستنی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ هەژموون گرینگی ڕەها و ستراتیژی هەیە. (فیروزآبادی، ١٣٨٤: ٥٦)

---

[١] PLAY OFF

مایکل کریگ[1] باوەڕی وایە کە ئەمریکا دوای هێرشی ١١ی سێپتامبەر بە بەکارهێنانی ستراتیژی هەژموونی خۆی، لە لایەک توانی متمانەیەک لە جیهان بەدەست بێنێت؛ لە لایەکی دیکە، لە ڕێگەی ستراتیژی هەژموونی، دەستی گەیشتە میتۆدگەلی پێشدەستی و پێشگریکردن و ئەو توانایەی دایە ئەمریکا تاکوو بە سەر دوژمنانیدا زاڵ بێت. ئاسایش لەم ستراتیژییەدا بە واتای بە دواداگەڕانی هاوکارییە تەنیا بۆ دۆستان و هاوپەیمانانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لایەک و دوژمنانیشی وەک ئێران، سوریا و عێراق لە لایەکی دیکە. ئەمەش تایبەتگەرا دەبێت و وڵاتانی دووەم، لە سازوکاری ئاسایشیی بێبەش دەبن. لەم ستراتیژییەدا مافی ڕەوای بەرگری[2] لە خۆ نادرێتە هەموو ئەکتەرێک، مەگەر ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ ڕوانگەی سیاسی ئەمریکا و پێناسەی ئەمریکا لە هەڕەشەی ئاسایش هاوڕا بن. لە سەر ئەم پایە، ئێران، سوریا و عێراق مافی بەرگریکردن لە خۆیان نیە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو وڵاتانەی کە لە سەنگەری ئەمریکا دانە، بە بەکارهێنانی کەرەستەی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی، توانای توندوبەندکردنی خۆیان بۆ بەرگریکاری هەیە. هەر جۆرە بزاوتێکی وڵاتانی دژی ئەمریکا لە دیدی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک هەڕەشەیەک ناو دەبرێت. (Kraig, ٢٠٠٤)

ئەم ستراتیژییە کاریگەری خستۆتە سەر دیاردەی نەزم لە خۆرهەڵاتی ناوین و بە تایبەتی ژێرکۆمەڵەی ئاسایشیی کەنداوی فارس. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ژێر ئەم ستراتیژییە دوو ڕوانگەی هاوکاری و ناسازییان گرتەبەر. لە لایەک بە دروستکردنی یەکێتی و هاوپەیمانییەکان لەگەڵ بەشی ناوەندی سیستەمی کەنداوی فارس واتا عەرەبستان، ڕاستەوخۆ بووە هۆی تەشەنەکردنی ڕەفتاری نەسازانەی ئەم وڵاتەی لەگەڵ بەشی دەوروبەری کەنداوی فارس واتا ئێران و عێراق. لە لایەکیتر تێکۆشا تاکوو سیاسەتی

[1] Maicel Kraig
[2] Right of self-defense

نەرمەئامرازی و ڕازیکردن و سیاسەتی ڕەقەئامرازی و پێویست لە خۆرهەڵاتی ناوین پیادە بکات؛ گۆڕانی ڕژێمی سەدام لە سەر ئەم بنەمایە بوو. کۆمەڵە هۆکارێکی نەرمەئامرازی و ڕەقەئامرازی بوونە هۆی کەوتنی بەعسی عێراق. لە بارەی ئێران و سوریا ستراتیژیی لۆژیکی ڕازیکردن، هاندان بۆ دیمۆکراسی و دروستکردنی چاکسازی سیاسی گرتەبەر. (روحی، ١٣٩٥: ١٦٤) بەپێی دیدگای بوزان، ئەو بەربەستەی کە لە بەردەم نەزمی ناوچەیی ڕێگرە ئەوەیە کە، بوونی هێزە دەرەکییەکان ئەوەندە بەتوانا بێت کە دەرکەوتنی پرۆسەی ئاسایشیی لە نێوان دەوڵەتان سەرکوت بکات. بۆیە نەزمی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی ناوین نەک هەر خۆماڵی نیە بەڵکو لە ژێر کاریگەری زلهێزەکانی سیستەمی ئانارشیکی نێودەوڵەتی دایە.

### ٣-٧- سیاسەتی هاوسەنگیی دەریایی

چین و ڕووسیا وەک دوو هێزی جیهانی سەریان هەڵێناوە و دەیانەوێت لە سەر زۆر شوێنی جیهان کاریگەرییان هەبێت. گۆڕانی سیستەماتیکی پێکهاتەی نیزامی نێودەوڵەتی لە تاکەجەمسەری بۆ چەندجەمسەری خەریکی ڕوودانە و ئیتر ئەمریکا بە تاقە زلهێزی جیهان هەژمار ناکرێت. ( Mearsheimer & Walts, ٢٠١٦: ٧٠) ئەم گۆڕانە لە سیستەمی جیهانیدا، بە هاتنی چین و ڕووسیا بۆ مەیدانی ڕکابەری جیهانی جێی گرینگی پێدانە. چین وەک هێزێکی گەورەی جیهانی بە ڕوونی خەریکی هەستانە. گرێدراویی چین بە نەفت و ڕەوتی ئازادی وزە و بازەرگانی، وا لە چین دەکات بۆ گواستنەوەی وزە و کاڵا بە دوای ڕێگای ئەهوەنتردا بگەڕێت. چین لە ڕێگەی میانمار و دەریای باشووری چین گەیشتۆتە بەندەرەکانی پاکستان و دەیەوێت دەستی بگاتە ناوەندەکانی وزەی خۆرهەڵاتی ناوینیش. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ڕووسیا و ئەمریکا، چین کەمتر حەزی لە دەستتێوەردان و هاتنە ناو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینە؛ مەگەر ئەوەی کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئابووریی خۆی بێت. هەروەها چین زیرەکانە کەلک

لە ڕۆڵی ئەمریکا و ڕووسیا، و گەمەی ئەم دوو زلهێزە لە ناوچەکەدا بۆ سەقامگیری لە خۆرهەڵاتی ناوین، وەردەگرێت. (Cordesman, ٢٠١٦: ٢)

ڕووسیا وەک یەکێک لە زلهێزە گەورەکانی نوێ لە جیهان، بۆ بەرژەوەندی خۆی حەزی لە گەمە و دروستکردنی کەشی گەمەیە لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا. ڕووسیا قەبارەیەکی مەزنی توانستی سەربازی لە جیهاندا هەیە. ئەم وڵاتە بە هەبوونی سەرچاوە و توانای سەربازیی هەوایی و زەمینی، هاوکێشەی ئەرێنی لە ڕاست بەرژەوەندییەکانی خۆی بە تایبەتی لە سوریا بۆ خۆی لادا. لە لایەک توانی پشتیوانی لە ڕژێمی بەشار ئەسەد بکات؛ لە لایەکی دیکە توانی قەبارەی هاوکاریی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل بپارێزێت. پرسی ئێران و سوریا نەیتوانی پەیوەندیی ئیسرائیل و ڕووسیا لە خۆرهەڵاتی ناویندا کەم بکاتەوە. ئەم سەرچاوە و توانستانە تەنها لە ئاستی سەربازیی نین؛ بەڵکو ڕۆڵی ڕووسیا بۆ دروستکردنەوەی وێرانیەکانی شەڕی [حەوت ساڵەی] سوریا گرینگیی خۆی هەیە. لەم ڕووەوە، دەکرێت ئاماژە بەو پرسە بدرێت کە ڕووسیا لە خۆرهەڵاتی ناوین بە پشتبەستن بە دوو ڕۆڵی سەربازی و دروستکردنەوە توانیویەتی نفووز و دەسەڵات بۆ خۆی وەدەست بێنێت. (Cordesman, ٢٠١٦: ٣)

هەروەها ڕووسیا دەیەوێت پێش لە کێشەی نێوان ئیسرائیل و سوریا بگرێت. لە هەمان کاتدا بە وەدەستخستنی هەنگاوی سیاسی و سەربازی، دەیەوێت کۆتایی بە جەنگی سوریا بێنێت. ئەم کۆتایی هێنانە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ڕەوایەتی و پێگەی نێودەوڵەتی بە دەست بێنێت. ڕووسیا لە چەندین شوێنی سوریا، لەوانە لە تەرتووس، پێگە و سەنگەری سەربازیی هەیە. ئەمەش یەکەمین پێگەی هەوایی ڕووسیایە لە خۆرهەڵاتی ناوین. ئەم پێگەیە بۆ زیادکردنی پشتیوانی لە ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی و هاوپەیمانانی بەکار دێنێت. جگە لەوە ڕووسیا حەزی لە ئاوەدانکردنەوەی سوریایە. ئەمە تەنها ئاوەدان-کردنەوە ناگرێتەوە بەڵکو هەڵێنجان و بەهرەوەرگرتن لە پشکنینی گازیش لە سوریا ئەم هەلە ئابوورییەی بۆ ڕووسیا ڕەخساندووە. بە گشتی، کۆی ئەم

هۆکارانە (سەربازی، ئاوەدانکردنەوە و ئابووری) هەلێک بۆ ڕووسیا دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی وەک زلهێزێکی گەورە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین ڕۆڵ بنوێنێت. (Goldenberg & Heras, ٢٠١٨)

پەیدابوونی هێزە گەورەکانی جیهانی لە بەرانبەر ئەمریکا و ڕەخنەی زۆری ناوخۆیی لە نێو ئەمریکا لە سەر سیاسەتە ناوچەییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، وای لە زانایانی ئەمریکا کرد تاکوو بە خستنەڕووی ڕەخنە و گەڵاڵەکردنی دیدگای نوێتر، بتوانن پێگەی ئەم زلهێزە لە ناو سیستەمی جیهانی بپارێزن. مەرشهایمەر[١] و واڵتز[٢] وەک دوو ڕەخنەگری سیاسەتی ئەمریکا و دۆخی هەژموونی لیبرالیی ئەمریکا لە سەر ئەو بڕوایەن کە دەرکەوتنی وڵاتانی دیکە وەک زلهێز لە بەرانبەر ئەمریکا دەرئەنجامی کاری بێ پەروایانەی هەژموونی لیبرالیی ئەمریکایە. دەبێت لەم هەژموونەدا پێداچوونەوە بکرێت. واتا لە جیاتی ئەوەی کە ئەمریکا لە هەموو شوێنێک هێزی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی دیمۆکراسی و بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ بە کار بێنێت هەر کات کەوتە بەر هەڕەشە، دەبێت هێزی خۆی لە ڕێی هاوکێشەی هێزەکان لە ناوچە سەرەکیەکان بە کار بێنێت. واتا ئەمریکا لە ناوچە جیاوازەکاندا بە ستراتیژیی خۆی پێش بە هەژموون گرتن دەگرێت. چونکە، هەژموونبوونی ئەمریکا بۆ وڵاتانی ناوچەکە، کارێکی یەک شەوە نیە و هەروەها، واشنگتۆن بە سێرەگرتن لە چالاکییەکانی وڵاتانیتر کە هەوڵی هەژموونبوون دەدەن، بە وریایی هەنگاو دەنێت. (Mearsheimer & Waltz, ٢٠١٦: ٧١)

کەواتا ڕێگای باشتر بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە بتوانێت هێزی خۆی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان هاوسەنگ بکات. ئەم هاوسەنگیسازییە دەبێت لەو سەری دەریا بێتەدی. واتا لە جیاتی بەکاربردنی سیاسەتی هەژموونی لیبرالی، پێویستە

[١] John Mearsheimer
[٢] Kenneth N. Waltz

ئەمریکا ڕوانگەیەک هەڵبژێرێت تاکو هەژموون و زاڵبوونی خۆی لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا بپارێزێت و لە بەرانبەر هەر جۆرە هەژموونێک لە ئەوروپا، ئاسیای باکووری خۆرهەڵات و کەنداوی فارس بوەستێتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناو ئەم چوارچێوەیەدا، وڵاتانیتر (زیاتر هاوپەیمانەکانی) هان دەدات تاکوو لە هێزە گەشەسەندووەکانی ناوچە بکۆڵنەوە و لە کاتی پێویست کاری تێدا بکەن. ئەمە بە واتای ڕەهاکردنی پێگەی خۆی وەک یەکە زلهێزی جیهان و کشانەوە لە قەڵای ئەمریکا نیە. لە جیاتی ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هێزی خۆی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان تووشی ڕزین بکات، بە سوودوەرگرتن لە هاوسەنگیی-سازی لەو سەری دەریا، سەرەکیاتی خۆی لە ڕێگای هاوپەیمانانی دەپارێزێت. ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کەنداوی فارس، پێشگرتنە لە هاتنی هەژموونێک کە دەتوانێت بە ڕێگریکردن لە ڕێڕەوی نەفت، لەم ناوچەیە دەستوەردان بکات و بەم شێوەیە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئابووریی جیهان و هەڕەشەی ئابووری لە ئەمریکا. لەم کاتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکان بە گەڕانەوە بۆ لای هاوپەیمانەکانی، هەم ڕێگری لە هەژموونی وڵاتان دەکات و هەم هێزە ناوچەییەکانی [هاوپەیمانی] خۆی وەک هێڵی پێشەوەی بەرگری لە بەرژەوەندی خۆی بە کار دێنێت. ویلایەتە یەکگرتووەکان بە یارمەتیدانی هاوپەیمانەکانی دەتوانێت ئەوان لە بەرانبەر هەڕەشە دابنێت و پێش لە تەیارکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بگرێت. ئەگەر ئەم وڵاتانە نەتوانن لە بەرانبەر هەژموونی یەکێکیتر بوەستنەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت پشتیوانی خۆی بۆ بەهێزبوونی هاوپەیمانەکانی ناوچەیی بگەیێنیتە ئەوپەڕی هاوکاری. ئامانجی سەرەکی لە هاوسەنگیی‌سازی لە کەنار ئەوەیە کە ئەمریکا خۆی لە کێشەی دەروون‌ناوچەیی بەدوور بگرێت. بەڵام لە کاتێکدا کە هاوپەیمانەکەی نەتوانێت پێشگیری بکات، لەگەڵ ئەوەی کە هاوکاریی سەربازی و لۆجستیکی بۆ هەژموون‌نەبوونی یەکێکیتر هەیە، ئەمریکا لە کەنارەوە خۆی دەگەیێنیتە وشکایی. (Mearsheimer & Waltz, ٢٠١٦: ٧٢-٧٦)

لە بارەی خۆرهەڵاتی ناوین و کەنداوی فارس دەتوانین باسی پشتیوانییە بێ وچانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عەرەبستان بۆ هاوسەنگیی هێزی تورکیا و ئێران بکەین. ئەمریکا بە هەڵڕشتنی بەشێکی گرینگ لە چەکی خۆی بۆ عەرەبستان دەیەوێت کە یەکەم، خۆی لە کێشەی خۆرهەڵاتی ناوین دوور ڕابگرێت و بۆ پێشبردنی ئامانجی ناوچەیی خۆی، پێش لە تەیاری هێزی ئەمریکا بگرێت. دووەم، ئەمریکا بۆ هاوسەنگیی هێزی ئێران و سوریا و دژبەرانی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین، بە سوودوەرگرتن لە هاوپەیمانانی وەک عەرەبستان دێتە ناو کایە. ئەو پشتیوانی لە عەرەبستان و وڵاتانی هاوپەیمانی خۆی دەکات تاکوو هێزی ئێران و دژبەرانی دیکەی ئەمریکا تووشی گرێ بکات و هاوسەنگیی نەرێنی لە دژی ئێران بە عەرەبستان دروست بکات.

## ٣-٨- نێوان شوناس و ئاسایش، شرۆڤەی ئاسایشی شوناسە نەتەوەییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوین

پرسی شوناس[١] یەکێکە لەو پرسانەی کە لە دوای ڕووخانی سۆڤیەت و کۆتایی جەنگی سارد، بەرگی نێودەوڵەتی پۆشی. بابەتی شوناس بە خێرایی ڕەهەندی نێودەوڵەتیی بەخۆوە گرت و گرووپی نەتەوەیی و شوناسی توانیان ببنە یاریزانی نێودەوڵەتی. لە ناو کۆمەڵەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناویندا پرسی شوناس، دەورەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی تێپەڕاندووە. خۆرهەڵاتی ناوین لە بەر دیاردەی کۆلۆنیالیسم و دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوەی جیاواز لە سەر بنەمای سیستەمی وێستفالیایی، نەیتوانی هاوگریی شوناسی نەتەوەیی دروست بکات. پێکهاتەی پلۆرالی شوناسەکان لە ناو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین وەپشت گوێ خرا و دیاردەی دەوڵەت - نەتەوەش لە سەر بنەمای شوناسی نەتەوەیی دروست نەبوو. شوناسەکان لە ناو یەک وڵات کۆ کرانەوە و دەرئەنجامی

---

[١] Identity

دروستبوونی وڵاتەکان لە سەر بونیادی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان، بووە هۆی دروستبوونی شوناسە نایەکگرەکان لەگەڵ یەکتر لە ناو یەک وڵاتدا. بۆ نموونە خاکی عەرەبی لەتلەت کرا و بە سەر وڵاتی جۆراوجۆری عەرەبی دابەش بوو. لە ناو هەر وڵاتێکی عەرەبیدا، گروپی نەتەوەیی ناعەربی وەک کورد، تورکمان بە زۆرەملێ کەوتنە ناو سنووری یەک وڵات. کۆوەبوونی گروپی شوناسیی یەکنەگر لەگەڵ شوناسی زۆرینە، ئاستی کێشەی لە خۆرهەڵاتی ناویندا بە شێوەیەکی بەربڵاو زیاد کردووە. هەر شوناسێک لە هەوڵی ئەوەدایە سەربەخۆیی و ئازادی خۆی لە دەوڵەتی ناوەند بستێنێت. بەڵام دەوڵەتەکانی ناوەند بۆ ڕێگری لە هەڵوەشانەوەی وڵات هەر جۆرە بزاوتێکی ئازادیخوازانە و سەربەخۆییخوازییانەی شوناسی دیکە سەرکوت دەکەن. سەنتێزێک کە هەڵقوڵاوی بزاوتی سەربەخۆییویستی و سەرکوتکردنی بزوتنەوە نەتەوەییەکانە لە خۆرهەڵاتی ناوین، هۆکاری شکڵنەگرتنی شوناسی نیشتیمانییە [لەسەر بنەمای دەوڵەت] لە خۆرهەڵاتی ناوین. جگە لە ئێران و تا ڕادەیەک تورکیا کە تێیدا شوناسی نیشتیمانی [دەوڵەتی] شتێکی پێناسە کراوە، گروپی دیکەی نەتەوەیی لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا پێش ئەوەی خۆیان بە پێناسی قەومی بناسێنن بە فەرمی خۆیان بە دیاردەی نەتەوە دەناسێنن. وڵاتانی دیکەی عەرەبیی خۆرهەڵاتی ناوین بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمی کۆڵۆنیالی و ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتین، لە لایەک لە بەرانبەر شوناسی نیشتیمانی [دەوڵەتی] بێگانەن و لە لایەکی دیکە، پێداگری لە سەر شوناسی قەومی و نەتەوەیی خۆیان دەکەن. باسکردن لە سەر توخم و ئاڵۆزیی شوناسی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی ناویندا کاری ئێمە نیە و لە نێو ئەم گوتنەدا ناگونجێت. بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە لە چۆنیی و چۆنیەتیی کاریگەریی شوناسی نەتەوەیی لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا لە سەر پرسی ئاسایش بکۆڵدرێتەوە. بە شێوەیەکی بابەتی، دۆزی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوین پرسێکی زۆر ئاڵۆزە. دەوڵەتەکانی کۆڵۆنیالی بە پارچەپارچەکردنی ئەم نەتەوەیە بە سەر چوار وڵاتی

ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا، بۆ دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ سەربەستییان لە کورد ستاند. ئەگەرچی بەپێی کۆبوونەوەکانی نێودەوڵەتی و جاڕنامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان دروستکردنی وڵاتی [دەوڵەت] کوردستان لەبەرچاو گیرابوو، بەڵام دواتر ئەم ئەرکە لە بیر کرا. کێشەی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و شوناسی نەتەوەیی کورد، بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ڕووەو هەڵکشان ڕۆیی. حکوومەتی عێراق لە پارچەپارچەبوونی وڵاتەکەی هەراسان دەبوو بۆیە دەستی دایە سەرکوتکردنی دڕندانەی بزوتنەوە سەربەخۆیی-خوازەکانی کورد. لە لایەکی دیکە، کوردەکان بە وەرگرتنی هاوکاری لە وڵاتە گەورەکانی ناوچەیی و جیهانی، دەوڵەتی ناوەندییان تووشی گرفت کرد. دەرەنجامەکەشی ئەوە بوو کە یەکەم، کوردەکان لە هەرێمی کوردستان نەچنە ژێر باری شوناسی عەرەبی و عێراقی و وێڕای سیاسەتی عەرەباندن لە سەر شوناسی کوردایەتی خۆیان ڕاوەستن؛ دووەم، ئاستی توندی و زۆری سەرکوتکردن لە لایەن دەوڵەتی عێراق بۆ دەرچوون لە گرفتی سەربەخۆیی-خوازیی کورد زیاتر بوو؛ لە کۆتاییدا بووە هۆی ئەوەی شوناسی کوردستانی وەک چارەنەکراوترین بابەت، کە ئاستی کێشە و گرژی لە خۆرهەڵاتی ناوین هەڵکشاندوە، وەک خۆی بمێنێتەوە. لەم باسەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی دوو پرسیار بدەینەوە. یەکەم، بۆچی لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا کێشەی گروپەکانی نەتەوەیی هەیە؛ دووەم، چۆن ئەم کێشانە لە سەر بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین کاریگەری دادەنێن.

### ٣-٨-١- پۆلێنبەندیی نەتەوایەتی لە خۆرهەڵاتی ناوین؛ خستنەڕووی چوارچێوەیەکی دیار بۆ پێناسەی نەتەوایەتی

بە هۆی پلۆرالبوونی لەڕادەبەدەر و هەبوونی پێوەری جیاواز و زۆری شوناسە جۆراوجۆرەکان، شوناس و نەتەوە لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا بە یەکێک لە دژوارترین پرسی زانستی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت. پێناسەی ڕوون و کراوەی

شوناس و گروپی نەتەوەیی هاوکار دەبن تاکوو تێگەیشتنێکی ورد لە ماکی شوناس و گروپە نەتەوەییەکان بە دەست بێنین. هەر وەک ئەوەی لە درێژەدا باس دەکرێت، توێژەرگەلێک پێناسەی جیاوازیان بۆ شوناس کردووە. ئەم بەرینایییەی پێناسە لە نێو ماکی گروپی نەتەوەییش زاوە و بۆتە هۆی ئەوەی هەمیشە پێناسەی گروپی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی لێڵ بن. پرسیار لێرەدایە کە لە خۆرهەڵاتی ناویندا وێڕای هاوبەشی زۆری فەرهەنگی، زمانی و دینی، دەتوانین وشەی نەتەوە بدەینە پاڵ کام لایەن؟ ئایا گروپی نەتەوەیی پێوەری وەک زمان و دین لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن یا نا؟ ئایا ئەو عەرەبانەی کە لە سوریا و لوبنان دەژین، خاوەنی ڕیشەی زمانیی و بنەچەکەی جیاوازن لەگەڵ یەکتر؟ پێوەری دیار بۆ پێناسەی نەتەوە لە خۆرهەڵاتی ناوین چیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە، بەهەڵە تێگەیشتنەکانی پرسی نەتەوەیی لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا دەپشکنێتەوە. هەر بۆیە، پێش ئەوەی بچینە سەر کاریگەری نەتەوایەتی لە سەر ئاسایشی ئەم ناوچەیە، دەبێ بزانین سەرەتا شوناسی نەتەوەیی چییە و بە کێ دەڵێن گروپی نەتەوەیی. بە تێگەیشتنێکی ڕوون لەم چەمکانە، دەتوانین بگەینە پۆلێنبەندییەکی گشتی کە تێیدا، دەکرێت واتای نەتەوایەتی لە خۆرهەڵاتی ناوین و کێشەی ئەم ناوچەیە لە نێوان گروپە نەتەوەییەکاندا بدۆزینەوە.

شوناس پلە و شێوەی جۆراوجۆری هەیە و بە قەد ئەو دیاردانەی کە مرۆڤ لە ڕێیانەوە خۆی دەناسێت و دەناسێنێت، دەکرێت شوناست هەبێت. هەندێک شوناس ناسراوترن و بە گشتی، کەڵەشوناسەکان پێکدێنن. شوناس جۆراوجۆرن؛ بە واتایەکی دیکە دەتوانین شوناس وەک پێشگری دیاردەی وەک فەرهەنگ، قەومییەت، نەتەوە، دین، شوێنی دانیشتن، بەشی خوێندن، عێل، خێڵ و گەڕەک و شتی لەو جۆرە بە کار بێنین. بەڵام لەم نێوەدا هەندێکیان ناسراوترن و زۆرتر جێی باسن. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە شوناسی فەرهەنگی، شوناسی دینی، شوناسی نەتەوەیی و قەومی بکەین. (احمدی، ١٣٩٠: ٦٠)

لە سەر پێناسەی شوناسی نەتەوەیی، جیاوازیی دیدگای زۆر لە نێوان تیۆریسیەنەکاندا هەیە. ئەم جیاوازییە زۆرتر لە سەر دیاریکردنی پێوەری نەتەوەیە. بە واتایەکی دیکە، پێوەری دیاریکردنی نەتەوە دەتوانێت جۆری پێناسەی نەتەوە بگۆڕێت. بۆ نموونە، ئایا پرسی دین دەتوانێت ببێتە پێوەری پێناسەی نەتەوە یا نا؟ هەندێک لە سەر ئەو بڕوایەن کە دەکرێت دین بە پێوەرێک بۆ شوناسی نەتەوەیی لەبەرچاو بگیرێت و هەندێکیش لە سەر ئەو بڕوایە نین. ئایا دەکرێت سوننە مەزهەبەکان یا پەیڕەوانی دینی کەلیمی[١] بە لایەنی نەتەوەیی پێناسە بکرێن یا نا؟ هەر چۆن بێ ئانتۆنی سمیت[٢] گرووپی نەتەوەیی ئاوا پێناسە دەکات: جۆرێکە لە کۆبوونی فەرهەنگی کە لە سەر ڕۆڵی ئەفسانەی باپیران و بیرەوەری مێژوویی پێداگری دەکەن و لە سەر بنەمای یەک یا چەند جیاوازییەکی فەرهەنگی وەک دین، نەریت، زمان یا دامەزراوەکان ناسراون. لە ناو زانستەکانی کۆمەڵایەتی وشەی نەتەوایەتی و گرووپی ئەتنیکی وشەی نوێن و ناگەنە زیاتر لە سەدەیەک. ئەم خاڵە، بە تایبەتی، لە سەر واتای نوێی نەتەوەیی و گرووپی ئەتنیکی ڕاستە. خۆی مانای یەکەمی گرووپی نەتەوەیی لەگەڵ واتا مۆدێرنەکانی جیاوازن، بە جۆرێک کە گرووپی ئەتنیکی بە گرووپی نامەسیحی و نایەهودی دەگوترا و بە تەواوی ڕووی دینی و هەندێک جار نەژادیی هەبوو. لە مانا و پێناسەی نوێدا لە بەر هەبوونی گرووپی جۆراوجۆری کۆچ کردوو بۆ ئەمریکا، فەرهەنگ و بەستێن مانای نوێی بەو وشەیە دا و نەتەوەی بە مەیلی نەژادی، زمانی و فەرهەنگیی گرووپێکی تایبەتی وەک ڕەش-پێست، ئیرلەندی، ئیتالی، ئەڵمانی، پۆڵۆنی و گرووپی دیکە دانا. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە واژەی نوێی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی مێژووی ئەمریکا و بابەتی

---

[١] مەبەست لە دینی کەلیمی هەمان یەهودییە. ئەم وشەیە لە دوای سەدەی بیستەم درایە پاڵ یەهودییەکانی ئێران. و

[٢] Anthony David Stephen Smith

تایبەت بە خۆی گەیشتۆتە شوێنی‌تری جیهان و بە وشەی جیهانگر دادەنرێن. (احمدی، ١٣٩٠: ١٠٥-١٠٣)

بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی دکتۆر حەمید ئەحمەدی[١] دەگەینە ئەوەی کە پۆلێنبەندی چەمکی نەتەوایەتی لە خۆرهەڵاتی ناوین شتێکی ئەستەمە. لە بنەچەدا کام گروپ بە گروپی نەتەوەیی دادەنرێن و ئەم تێگەیشتنە لە سەر کام واتا و پێوەرێک وەستاوە هێشتا جێی پرسیارە. بۆ نموونە ئەحمەدی ڕەخنە لە ئاقاجانیان[٢] دەگرێت کە وێڕای هەبوونی ئامارێکی کەم بۆ دیاری‌کردنی ئاستی نەتەوەی لە بارەی ئێران، هیچ جۆرە پێناسەیەکی دیار، وەک پێناسەی گروپی نەتەوەیی، لە ئێران نەخراوەتەڕوو. ئەحمەدی ئاماژە بەوە دەکات کە جیاوازی لە نێوان تورکی ئازەری، فارس و عەرەبی ئێران، ڕیشەی دینیی نیە، بەڵکو هۆکاری جیاوازی و لێکنەچوونی زمانە. یا لە شوێنێکی‌تر، ئەحمەدی ڕەخنە لە ئیزمەن و ڕابینۆڤیچ دەگرێت کە نەتەوەیان لە خۆرهەڵاتی ناوین لە سەر بنەمای بنەچەکەی هاوبەش، زمان، نەریت، نیزامی باوەڕ و کاری دینی پێناسە کردووە. لە لێکۆڵینەوەی سوریا و لوبنان، زمانی هاوبەش وەک تایبەتمەندیی نەتەوەیی پێناسە دەکەن و دەڵێت قەبیلەی عەلەوی، دروزی و تەنانەت فەلەستینی نەک هەر بە عەرەبی دەئاخوون بەڵکو دەڵێن ڕیشەی هاوبەشی بنەچەکەییان، واتا عەرەبیان، هەیە. هەرچۆن بێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە خۆرهەڵاتی ناوین پۆلێنبەندیی ورد بۆ چەمکی نەتەوە سەخت و ئەستەمە و پێوەرێکی دیار بۆ لەبەرچاوگرتنی گروپە شوناسییە جیاوازەکان، کە وەک نەتەوە هەژمار بکرێن، نییە، بە سەرنجدانی گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین لە دوای ١٩٢٠ی زایینی و دانانی شوناسە جیاوازەکان لە ناو یەک دەوڵەتدا، ڕەنگە بکرێت

[١] دکتۆر حەمید ئەحمەدی مامۆستای زانستەکانی سیاسی زانکۆی تاران؛ ئەحمەدی زۆر جار لە جیاتی نەتەوەکانی ناو ئێران وشەی قەومی بەکارهێناوە و ئێران بە ناسیۆنالیتە و نەتەوە دادەنێت و گروپەکانی ناو ئێران بە قەوم ناو دەبات. و

[٢] ئەکبەر ئاقاجانیان شارەزای واری کۆمەڵەناسی و نەتەوەکانی ئێرانە.

پێناسەی بەسام تەیبی لە سەر نەتەوە لەم ناوچەیە بە ڕوونتری دیاری بکەین. بەسام تەیبی بڕوای وایە، زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی کە حەزیان لە لێکۆڵینەوەی پرسی خۆرهەڵاتی ناوینە، چەمکی نەتەوە وەک ئامرازی شیکاری بۆ وێناکردنی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی بێ کۆمەڵگای نیشتیمانی [دەوڵەتی] (یەکدەست) بە کاردێنن. (احمدی، ١٣٧٨: ٤٨-٤٣)

**٣-٨-٢- پرسی شوناس لە خۆرهەڵاتی ناوین**

شوناسی گشتی لەو وڵات و ناوچانەی کە شوناسی جۆراوجۆریان تێدایە و تووشی پارادۆکس، چەندجۆریێتی و جیاوازیی شوناسەکان بوونەتەوە زۆر باس هەڵگرن. چونکە نەبوونی پەیوەندییەکی کۆک لە نێوان ئەم شوناسانە دەتوانێت کێشە بۆ دەسەڵاتداران بنێتەوە. ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین وەک ناوچەیەکە کە تێیدا شوناسی ڕەنگاوڕەنگ و دژبەیەک لە تەنیشت یەکتر پێناسە دەکرێن. ئەم شوناسانە پێکدێن لە دوو دەستەی جیاواز. لە لایەک شوناسی بانەتەوەیی و لە لایەکی دیکە شوناسی قەومی و ناونەتەوەیی. لە نێوان ئەم دەستانە شوناسێک بە ناوی شوناسی نەتەوەیی خەریکە پێدەگات. بە بڕاوی زۆرێک لە توێژەران بەشێکی سەرەکی ناڕێکیی و قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوین، قەیرانی شوناسە.

مایکل بارنت[١] لە کتێبی "*دیالۆگ لە نێوان عەرەب*"[٢] و لە وتاری بەناوبانگی خۆی لە ژێر ناوی "*شوناس و یەکێتیەکان لە خۆرهەڵاتی ناوین*"[٣]، بە شێوەیەکی باوەڕهێنەرانە، وێڕای بەگرینگ زانینی شوناس و نۆڕمەکان لە دروستبوونی ڕەفتاری ئەکتەرانی خۆرهەڵاتی ناوین، تێگەیشتنی سیاسەت لە ناو جیهانی عەرەبی بەبێ وردبوونەوەی ئەم بابەتە بە تەواو نازانێت. (بارنت،

---

[١] Michael N Barrnett

[٢] دیالوگ بین اعراب، مایکل بارنت.

[٣] هویت و اتحادها در خاورمیانه، مایکل بارنت.

۱۳۹۰: ۲۷۵) بارنت و تێلهامی لە کتێبی *"شوناس و سیاسەتی دەرەکی"*[1] بەخستنەڕووی ئاستی جۆراوجۆری شیکاریی دەیانەوێت ئەوە بڵێن کە شوناسە ڕەنگاوڕەنگەکانی وەک ئەکتەرانی سەرەکی ئاسایش، چۆن هاتوونەتە ناو کایە و چۆن هەندێک لە ڕێبەران تەنگاو دەکەن و ئەوانیتریش تووشی ئەرک دەکەن. (Telhami & Barrnet, ۲۰۰۲)

هەروەها، لە ڕێگای شوناسی وێکنەچوو و هەندێک جار دژیەک لە ناو خۆرهەڵاتی ناوین سێ ئاستی (نەتەوەیی، بانەتەوەیی و ناونەتەوەیی) و نەبوونی پەیوەندییەکی ڕێک لە نێوان ئەم سێ جۆرە شوناسە، وێکنەچوونی ڕۆڵ و شوناس دروست دەبێت؛ کە بەرهەم و ئاکامەکەی بێ سەروبەریی دەبێت لە ناو بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین. لە ئاکامدا ئاستی خودیی شوناسی گشتی ساز نابێت. لە کۆتاییدا "ئێمە"یەکی هاوبەش لە سەر بنەمای تێگەیشتن و درکی بەرانبەر و هاوبەش لە بەرانبەر دیاردەکان لە خۆرهەڵاتی ناوین دروست نابێت.

**۳-۸-۳- پرسی شوناس لە ئاستی نەتەوەیی**

لە دیدی سمیت، شوناسی نەتەوەیی بریتیە لە «گروپێکی خاوەن خاکی مێژوویی، ئوستورەی مێژوویی و مافی هاوبەش و گرینگترین کارکردیشی لە کۆمەڵگای مۆدێرن، هاوێرکردنی نەتەوەیەکە لە نەتەوەیەکیتر بە پشتبەستن بە ئاگایی هاوبەش لە سەر چەمکی پێناسەکراوی گشتی.» (Smith, ۱۹۹۱: ۱٤-۱٥) ئەگەر بنەمای پێناسەی شوناسی نەتەوەیی ئەوە بێت، ئەوا شوناسی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی ناوین خەریکی پێگەیینە. لە خۆرهەڵاتی ناوین جگە لە ئێران و میسر کە خاوەنی نیشتیمانی مێژوویی و ئوستورەی هاوبەشی خۆیانن، وڵاتانی-تر تەنیا بە گروپی خاوەن ئاڵا ناوزەد دەکرێن کە لە نێوان شوناسی دەوڵەت و شوناسی نەتەوەکەیان جیاوازی هەیە. لە دیدی ستراکچەری وەک کاریگەری

[1] هویت و سیاست خارجی، تلهامی و بارنت.

کۆڵۆنیالیسم لە دروستبوونی شوناسی نەتەوەیی و لە دیدی ناوچەیی وەک کاریگەریی هۆکاری دینی و سوننەتی، شوناسی نەتەوەیی خۆرهەڵاتی ناوینی تووشی کێشە بووە.

بە بڕوای کومەرەسومی[١] پرسی شوناس لە خۆرهەڵاتی ناوین، هێشتاش هەر خەریکی گەیینە. زیاتر لە سەدەیەک بەسەر هەڵوەشانەوەی عوسمانیدا تێپەڕیوە، ڕوداوێک کە بووە هۆی پەیدابوونی زۆرترین وڵات لە خۆرهەڵاتی ناوین بە شێوەیەکی سەربەخۆ؛ بەڵام ئەم وڵاتانە هێشتا توانای پێناسە، وێنا و پاراستنی شوناسێکی نەتەوەیی گشتی و کۆکیان نیە. لە بەرانبەردا هەموو ئەم وڵاتانە لە پێکهاتەی نەتەوەیی، نەژادی، فەرهەنگی، دینی و زمانی جیاواز پێکهاتوون. بۆیە ئەو وڵاتانە نەیانتوانیوە بگەنە شوناسی نەتەوەیی و وێکنەچوونەکانیشیان لە ناو کۆمەڵەکانیان ڕەنگی دابێتەوە. وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین لە ڕووی ناوخۆیی و دانیشتوان ڕەنگاوڕەنگ و چەندجۆرن بۆیە ناکرێت شوناسێکی تایبەتی لە سەرەوەی بەسەردا بسەپێت. ئەم بۆچوونە بۆ گشت ناوچەکە ڕاستە. ناوچەکە بە گشتی ناتوانێت ناسین، پێناسە و دیاریکردن بۆ شوناسێک بکات کە زامنی چارەسەرکردنی کێشە و فرەفەرهەنگی و نەتەوەیی بێت. لە دیدی ئەو، پرۆسەی سایکس – پیکۆ،[٢] پرۆسەیەکی قەیرانهێنەر بوو؛ ئەم قەیرانەش بەردەوام دامێنی ناوچەکە دەگرێت. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی بووە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی نوێ کە لە ناوەوە نایەکانگیر و نا یەکگرتوو بوون. ئەم دەوڵەتانە بەپێی سنووربەندیی دەستکرد دانرابوون و لە ناوەوەدا هیچ جۆرە هەستێکی یەکایەتی و هاوگرییان نەبوو. دەوڵەتە نوێیەکان بە بێ کەمترین نیگەرانی و تێبینیکردنی گەل، جوگرافیا و مێژوو دروست کرابوون. لە ئاکامدا گروپی نەتەوەیی و قەومیی جۆراوجۆر لە ناو یەک دەوڵەت

[١] Ananda Kentish Coomaraswamy
[٢] Sykes–Picot Agreement

لە دەورەی یەکتر کۆ بوونەوە. هەروەها گروپێکی نەتەوەیی و قەومیش لە نێوان وڵاتە جۆراوجۆرەکانی تازە دروستبوودا کەرت بوو. لە سەر بابەتی یەکەم دەتوانین نموونە بە لوبنان بێنینەوە کە تێیدا قەوم و دینی جۆراجۆر لە ناو یەک یەکەی نیشتیمانی [دەوڵەتی] نوێدا کۆ کرانەوە. لە سەر بابەتی دووەم دەتوانین ئاماژە بە نەتەوەی کوردی دابەشکراو لە نێوان ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا بکەین. (Kumaraswamy, ٢٠٠٦: ٦٣-٦٥)

هەندێک کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی ناوین بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەی شوناسی نەتەوەیی، هەوڵیاندا ئەم بابەتە لە ڕێی دین، واتا گرینگترین و بەهێزترین هۆکار شوناسی تاک و کۆمەڵ،[١] چارەسەر بکەن. دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە لە بەر پێشینە مێژووییەکەیان نەیانتوانی دۆخێک بێننە ئارا کە تێیدا دابەشکردنی کار، تەتڵەی دین لە سیاسەت و نەتەوەگەرایی کە گرینگترین ئامرازی پێگەیینی شوناسی نەتەوەیین وەک دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئەوروپا دەستەمۆ بکەن. بژاردەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ پێناسە و دانانی شوناسی نەتەوەیی تووشی دۆخی تەواو جیاواز بوونەوە، بە پێچەوانەی ڕۆژئاوا، بژاردە دەسەڵاتدارەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی تووشی دوو هێزی زۆر گرینگی کۆمەڵایەتی وەک نەریت و دین بوونەوە و نەیانتوانی نفووزی هێزەکانی دەرەکی و باندەوڵەتی نادیدە بگرن. (قهرمانپور، ١٣٨١: ٢٩) بۆیە هەندێک جار دین و مەزهەب، نەژاد، نەتەوە و زمان دەبنە سەرچاوەی سەرەکیی بابەتی شوناسی نەتەوەیی. بەڵام پاش تێپەڕینی کات بە هۆی بەردەوامنەبوونی ئەم باسە، شوناس تووشی گرێ دەبێت. دەتوانین داستانی شکانی بزوتنەوەکانی ناسیۆنالیستی لە دونیای ڕۆژئاوادا لە بەر ئەم هۆکارە دابنێین. (قهرمانپور، ١٣٨١: ٣٤٠)

---

[١] Individual and Social Identity

**٣-٨-٤- پرسی شوناس لە ئاستی ناوچەیی**

ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین تووشی قەیرانێک بۆتەوە کە لە ئاستی ناوخۆیی ئەم وڵاتانە هەڵقوڵاوە و ناوچەکەشی گرتۆتەوە. قەیرانی شوناس یەکێکە لەو قەیرانانەی کە لە ناوەوەی وڵاتان هەستاوە و خزیوەتە ناو گشت ناوچەکە. ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە تا ڕادەیەک پرسی قەیرانی شوناسی تێدا نیە و [ئێمەی ئێرانیبوون] ی تێدا پێگەییوە. بەڵام ئەمە بۆ وڵاتانیتری خۆرهەڵاتی ناوین ڕاست نیە. بۆ نموونە وێڕای ئەوەی پلاسکۆ لە سەر دووربوونەوەی نەژادی، قەومی و دینیی کەنداوی فارس دەدوێت، پێیوایە کە دەکرێت باسی پەیوەندیی پڕ لە هەڵبەزودابەزی نێوان بازنە یەکگرتووە ناوەندییەکانی خەڵک و دەوڵەتەکان بکرێت. ئەو دەڵێت هێزەکانی ناوەکی و دەرەکی کاریگەرییان لە سەر گۆڕانکارییەکانی شوناس و دامەزراوەکانی سیاسی ناوچەکە دەبێت. (سیفزادە، ١٣٨٢: ٩٨) جگە لەوە، قەیرانی شوناس، کە بە نەبوونی شوناسی گشتیی هاوبەش لە ئاستی کۆمەڵگەیەکی سیاسی دادەنرێت، لە بەر گرێدراوێتی نەریتی (ناسازیی قەومی - نەتەوەیی و کێشەی دینی) و پێکهاتەی نوێ (کێشەی خاک، ڕکابەرایەتی ئابووری و پێکهاتەی دەسەڵات لە ناوچەکەدا) بازنەی ناوەوەی وڵاتانی ناوچەکەی تووشی قەیرانی بەردەوام کردووە. (سیفزادە، ١٣٨٢: ٢٥)

بە گوێرەی ئەم باسە پرسی شوناس لە ئاستی ناوچەیی لە پێنج خاڵدا جێی باسە. یەکەم، بووە هۆی ئەوەی وەفاداری خەڵک بۆ دەوڵەتێکی تایبەت لە جیهانی عەرەبدا لە شوێنێک کە نزیکە لە یەک نەتەوەی دیار، لەگەڵ شوناسی بەهێزی گەل لە ناو قالبی کۆمەڵگای گەورەتردا، وەک نەتەوەی عەرەب و ئۆمەتی ئیسلامی، کاڵ و سنووردار بێتەوە. لە سەر ئەو بنەمایە هەندێک جار سەرانی دەوڵەتەکان لە بەرانبەر داسەپاندنی هێزی باندەوڵەتی، بە توندی بەرگریان لە حاکمیەتی دەوڵەتی و شوناسی باننەتەوەیی پانعەرەبیسم کردووە. دەرئەنجامەکەی دروستبوونی جۆرێک لە پارادۆکس بوو لە نێو وڵاتەکانی ئەم

ناوچەیە و بووە هۆی سەرلێشێوانی بژاردەی دەسەڵاتدار، بۆ ئەوەی کە ئەرێنی-بوونی نەتەوەیی (پانعەرەبیسم) لەبەرچاو بگرن یا گرینگی بە بەرژەوەندی سیستەمی حاکمیەت بدەن لە نێو سیاسەتی دەرەوەدا. (Korani, ١٩٨٧: ٤٧-٧٤)

دووەم، بووە هۆی ئەوەی پایە و یەکپارچەیی سیستەمی دەوڵەت – نەتەوە لە خۆرهەڵاتی ناوین تووشی بەربەست بێت. واتا لە جیاتی ئەوەی خەڵک وەفایان بۆ دەوڵەتی خۆیان هەبێت، گرێدراوی شوناسی باننەتەوەیی و ناونەتەوەیی بوون. ئەم شتە نەک هەر لێکەوتەی وەک کێشەی بێ بنەمای سنوور و ململانێی بێ بنەمای نێوان دەوڵەتان و شوناسی نەتەوەیی و گرفتاریی نیزامی دەوڵەتی لە ناو بەستێنی شوناسی بزوێنی چەندلایی لێکەوتۆتەوە، بەڵکو بۆتە هۆی ئەوەی چەمکی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کە بەپێی پێویستیی ریالیسم بە بناغە و پێکهاتەی سیاسەتی دەرەوەیی وڵاتان هەژمار دەکرێت، لە خۆرهەڵاتی ناویندا تەماوی و نادیار بێت. (هینەبوش، ١٣٩٠: ٢٨)

سێیەم، بە بڕوای ئەوان شوناسی هاوبەشی عەرەبی و ئیسلامی لە ناو کاکڵی سیستەمی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناویندا، گرینگترین ماددەی سیستەمی وێستفالیایی واتا ڕێزلێنان لە سەروەری و سەربەخۆیی ئەوانی تووشی هەڕەشە کردووە. چونکە لە لایەک ئەم بژاردانە بۆ ڕاکێشانی کۆمەڵانی خەڵک کە خوازیاری شوناسی عەرەبی و ئیسلامیی بوون، ناچاربوون لە سەر سنووری ئەم دوو شتە بڕۆن. لە لایەکیش لە بەر هەبوونی نەتەوەی‌تر لە ناو زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین و هێزی شوناسی پانعەرەبی، هەوڵ بدەن بۆ زۆرکردنی هێزی خۆیان لە ناو سیستەمی ناوچەیی ئەم دوو شتە بە کار بێنن. سەردەمێک، وڵاتی وەک میسر، عێراق و سوریا هەریەکە داوای ڕێبەرایەتی جیهانی عەرەبی و پانعەرەبیسمیان دەکرد، بەڵام هەموو ئەو شتانە ئامرازێک بوون بۆ بەهێزکردنی کۆکایەتی ناوخۆیی و بەهێزکردنی وڵات لە ناوچەکە. (سیفزادە، ١٣٩٥: ١٨٨)

چوارەم، بە بڕوای هینەبوش، لە بەر هەبوونی ئەم شوناسە بانەتەوەییانە، جۆرە شێوازێکی تایبەتی حکوومەتداری لە جیهانی عەرەبدا دروست بووە کە ئەویش جێی سەرنجە. بە باوەڕی ئەو، زۆربەی دەوڵەتەکانی عەرەبی کاکڵێکی دەسەڵاتداریان پێکهێناوە و لەگەڵ شوناسی بانەتەوەیی (ئیسلام و عەرەبایەتی) و پەیوەندیی هۆزەکی، قەومی و فیرقەیی لێکیان گرێ داوە. ئەم شێوە حکوومەتدارییە لە جیهانی عەربدا بۆتە هۆی پەیدابوونی سەردەمێکی پووچ. بەو مانایەی کە دەوڵەت – نەتەوەسازی لە سەرێ بۆ خوارێ بەپێی بنەمای حاکمیەت بۆتە هۆی دابەزینی تەیاری کۆمەڵەکان و ناڕەزایەتی ئەوان لە سەر گرینگی‌نەدان بە ئایدۆلۆژیای بانەتەوەیی. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ناو سیستەمی وێستفالیاییدا تەیاربوونی کۆمەڵانی خەڵک بۆ دەوڵەت – نەتەوەسازیدا ڕۆڵی زۆری هەیە. دەتوانین ڕێسای سەرەوە بۆ زۆرێک لە وڵاتەکانی جیهانی عەرەب بە کار بەرین. ئالی سعوود لە لایەک بە گرێدان بە ئایدۆلۆژی ئیسلامی-گەرایی ڕادیکاڵ لە ئاستی ناوچەکە چالاکی دەکات و لە لایەکی‌تریش لە ڕێگەی پەیوەندیی وەهابییەکان لە ئاستی ناوخۆیی، خەریکی حکوومەتدارییە. (Hinnehbush, ٢٠٠٣: ٥٧)

پێنجەم، بە بڕوای هینەبوش لە جیهانی عەرەبدا، سنوورەکان ناتوانن ڕێگری لە نفووزی نموونەی وێسفالیایی بکەن؛ کاریگەریی ئایدۆلۆژیک بە ئاسانی هێڵی سنوور دەرباز دەکات، بۆیە دەوڵەتەکان لە بەرانبەر بزاوتی یەکتر زۆر هەستیارن و لە بەرانبەر جوڵانەوەی بان‌دەوڵەتیی وەک پان‌عەرەبیسم و پان-ئیسلامیسم خۆیان بە زیانگر دەزانن. هەر لە بەر ئەمە دەتوانین بڵێین شوناسی بانەتەوەییش هەم بۆ لای کێشە لار بوونەتەوە و هەم بۆ لای هاوکاری. هەروەها ڕکابەری دەوڵەتەکان بە مەبەستی ڕاستەڕێ‌کردن و پێناسەی بزوتنەوەی بانەتەوەیی ڕەنگە ببێتە هۆی کێشە لە ناوەوە یا لە نێوان ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە.

### ٣-٨-٥- پرسی شوناس لە خۆرهەڵاتی ناوین لە سەر ئاستی شرۆڤەی ستراکچەری

بەو پێیەی کە لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا، سیستەمی دەوڵەتەکان لە سەر بنەمای شێوازی سەپاندن لە لایەن دەوڵەتەکانی کۆڵۆنیالی بە تایبەت ئینگلیز و فەرانسە بووە، ئەم شێوازەی سەپاندن سەرەتا بووە هۆی ئەوەی کە لەم ناوچەیەدا سیستەمی دەوڵەتیی لە سەر بنەمای دۆخ و پێویستی ناوەخۆیی و خۆماڵی دروست نەبێت. دووەم جار بووە هۆی ئەوەی یەکانگری و تۆکمەیی لە نێوان دەوڵەت - نەتەوەدا دروست نەبێت. لێکەوتەی سەپاندنی ئەم شێوازە سیستەمە دەوڵەتییە لە لایەن دەوڵەتەکانی کۆڵۆنیالیی ڕۆژئاوایی لە چەند باسێکدا شیاوی تاوتوێ کردنە. یەکەم، ئەم شێوازە، قەوارەی قەیرانی شوناسی دەوڵەتە هاوچەرخەکانی لە ناوچەکەدا بەرینتر کردووە. لە جیاتی ئەوەی کە سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ناوین سروشتی و لە سەر بنەمای هیوا و خواستی خۆماڵی ناوچەکە دابنرێن و دیار بکرێن، بە شێوەیەکی سەپاوی و خۆویستی لە لایەن هێزەکانی ڕۆژئاوایی لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی خۆیان وێنا و دابەش کراون. ئەم شتەش سیستەمی دەوڵەتی مۆدێرنی لە خۆرهەڵاتی ناوین کردۆتە یەکەگەلی سیاسی؛ کە بۆتە هۆی ڕکابەرایەتی بەشێکی زۆر گرینگی ئەم دابەشکردنە. (Ayoob, ١٩٩٥: ١٣٣)

هینەبوش بۆچوونی وایە کە ئەم ڕەوتە نەک هەر ئەو توانایەی لەناو برد کە دەبووە هۆی یەکپارچەیی فەرهەنگیی لە قالبی ئۆمەتی ئیسلامی، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی هێڵەکانی ئابووری و پەیوەندیی وڵاتانی ئەم ناوچەیە لە قالبی ناوەند - دەوروبەر بەرەو ڕۆژئاوا بڕوات. (هینەبوش، ١٣٨٦: ٢٧١) بۆیە دەوڵەتەکانی عەرەبی و جوڵانەوەی پانعەرەبی، وەک میسر و سوریا لە دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ی زایینی بەدوای یەکێتییەک لە ناو قالبی پڕۆژەی کۆماری یەکێتی

عەرەبی بوون. عێراقیش بە جۆرە هەوڵێکی بیسمارکی[١] وێڕای توندوتیژی بە دوای چەسپاندن و پێوەنوسانی کوێت بە خاکی خۆی بوو. (هینەبوش، ١٣٨٦: ٢٧٧)

دووەم، ئەم شێوازەی ڕۆژئاوا بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی وەفاداری بۆ شوناسی ناونەتەوەیی زۆرتر بێت. یەکێک لەو لێکەوتە گرینگانەی کە لە دەرئەنجامی دانانی دەوڵەتە دەستکردەکان لە لایەن ئیستیعمار لە ناوچەکەدا ڕوویدا، بەردەوامیی وەفاداریی بۆ شوناسی ناونەتەوەیی (هۆز – مەزهەب) ڕابردوو بوو. شوناسگەلێک کە لە ناو سنوورە سەپاوەکاندا پەرتەوازە بوون؛ چونکە لەو سنوورە سەپاو و دەستکردانە ناڕازین بۆیە بە دوای نەتەوەیی-بوونن. ئەم دۆخە پەلی هاویشتۆتە ناو کێشەی نێوان دەوڵەتان. دەتوانین باشترین نموونە بە کورد بێنینەوە؛ ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان تێدایە، کوردیان بۆ ڕکابەریی بەینی خۆیان بەکار هێناوە. ڕوانگەی ئەم وڵاتانە بۆ کورد، زۆرجار بۆتە هۆی ململانێی نێوان دەوڵەتی و کێشەی نێوان ئەم چوار دەوڵەتە. (Gause, ١٩٩٢: ٤٤٦)

سێیەم، هێزی بەردەوامی شوناسی باندەوڵەتی وەک پانعەرەبیسم و پان-ئیسلامیسمن کە بە دوای یەکێتی ونبووی فەرهەنگیین. ئەم شوناسانە کە لە سەر بنەمای هاتنەسەرکاری دەوڵەتە ساختەکانی دەستی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا و لە ئاکامی سیاسەتی کۆلۆنیالی دروستبوون، پێناسەی شوناسێکی نەتەوەیی گشتی و کۆکی لە ناو دەوڵەتەکانی ناوچەدا ئەستەم کردووە. دەتوانین بڵێین هێزی ئەم شوناسە باننەتەوەییانە و نەبوونی دەوڵەت – نەتەوە لە خۆرهەڵاتی ناویندا، بە شێوەیەکی لۆژیکی بۆتە هۆی سازبوونی جۆرە سیستەمێکی ناوچەیی جیاواز و تەنانەت تایبەت بەخۆ. لە دیدی هەندێک کەس لە خۆرهەڵاتی ناوین، لە جیاتی ئەوەی کە جیهانی عەرەب ببێتە سیستەمێکی نێودەوڵەتی پێکهاتوو لە

[١] Otto Eduard Leopold von Bismarck

کۆمەڵانی سیاسی سەربەخۆ کە تێیدا سنووری نێوان ئێمە و ئەوان لێک جیا بکاتەوە، ڕەنگە وا باشتر بێت کە وەک کۆمەڵە یەکەیەکی خۆسەری شێوە نفووزگر سەیر بکرێت. (Hinnebich, ٢٠٠٣: ٦١)

### ٣-٨-٦- ئاستی شرۆڤەی ناونەتەوەیی

هەروەک گوترا، لە ناو ڕەهەندەکانی نەتەوەیی، ناوچەیی و ستراکچەریدا، پرسی شوناس لە خۆرهەڵاتی ناوین بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە حەزی کۆمەڵانی ناو دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە بۆ لای شوناسی دەوڵەتی و نیشتیمانی ناچێت و زیاتر بۆ لای شوناسی باندەوڵەتی وەک پانعەرەبیسم و پان-ئیسلامیسم دەڕوات. شوناسی ناونەتەوەییش یەکێکن لە لێکەوتەکانی سنووربەندیی هەڵقولاوی کۆلۆنیالی و ڕۆژئاوایی لەم ناوچەیەدا. لەگەڵ ئەوەشدا بە دیدی ڕیالیستیی، دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی ناویندا بوونی هەیە، بەڵام ژمارەیەک لە ئەکتەرانی ناونەتەوەیی وەک ئەکتەری ئاسایشی لە خۆرهەڵاتی ناویندا هەن کە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە چەمکی نیشتیمانی [دەوڵەتی] تووشی کێشە دەکەن. لە هەموو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین پێکهاتەی قەومیی زۆر هەن؛ بۆ نموونە کورد وەک گەورەترین پێکهاتەی خۆرهەڵاتی ناوینە.[1] لە ناو وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین، جگە لە کورد، کەمینەیتری نەتەوەیی وەک دروزی، تورکەمەن[2] و کەمینەیتری دینیی وەک عەلەویی، مەسیحی و یەهوودی هەن. (هینەبوش، ١٣٨٦: ٢٧٢) ئەم شوناسانە بە نیازی پاراستنی شوناسی خۆیانن. بۆیە ئەوان لە ناو کێشەی شوناس زیاتر لای ئەو شوناسانە دەگرن کە ڕێز لە مافی پێکهاتەی ئەوان دەگرن و سنووریکیان بۆ دانانێن. (هینەبوش، ١٣٨٦: ٢٩)

---

[1] زۆر جار کورد بە کەمینە ناو دەبرێت بەڵام کورد نەتەوەیەکی ٥٠ ملیۆنییە و خاوەنی زمان، فەرهەنگ، شارستانی، مێژوو، خاک، ئابوور و حکوومەتێکن بۆیە ناکرێت ئەوان وەک کەمینە ناو ببرێن.

[2] مەبەستی نووسەر تورکەمەنن کە دەکەونە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و لە ناوچەی تورکەمەن سەحرا دەژین، پێدەچێت لە ڕووی نەژادیی لەگەڵ تورکمان جیاواز بن. و

ئەو دەوڵەتانەی کە [پڕۆسەی] دەوڵەت - نەتەوەسازییان بە سەرکەوتویی تێپەڕاندووە، هەرچەندە کە قڕەی فیرقەییان تێدا کەمتر دەدیترێت، بەڵام هەروا ئەم بابەتە بە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتانە دادەنرێت. بۆ نموونە کاتێک کە نەتەوەسازیی لە تورکیا و ئێرانی ناعەرەب زۆرترین سەرکەوتنی پێوەبوو و نەتەوەی مۆدێرنی لە دەورەی کاکڵی قەومی و زمانی زاڵ و بڵاوی خۆی بە سەرکەوتوییەکی بەرچاو دروست کرد، بەڵام نەیانتوانی لە توانەوەی پێکهاتەکان بە ئاکام بگەن. تورکیا لەگەڵ گروپی دەروونەدەوڵەتی کورد لە جەنگ دایە و نە دەتوانێت ئەوان لەگەڵ شوناسی خۆی یەک بخات و نە مافی تەواویان دەداتێ و نە لێدەگرێت جیا ببنەوە. (روحی، ۱۳۹۵: ۱۹۰) بەڵام ئەو خاڵەی کە لێرەدا زۆر گرینگە ئەو کێشە و ململانێیەن کە ئەم جۆرە شوناسانەیان لە خۆرهەڵاتی ناویندا دروست کردووە. ئەم شوناسە ناونەتەوەیی و قەومیەتیانەی کە بە درێژایی سنوورەکان بە دوای یەکدا بڵاون، بوونەتە هۆی کێشەی ناوچەیی و کاریگەریان کردوە دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکتر گیرۆدەی کێشەی سنوور بن و بە هۆی پشتیوانی لە گروپی دژبەر، بە دەستتێوەردانی ناوخۆیی تاوانبار بکرێن. لە درێژەدا دەچینە سەر ئەوەی کە چۆن پرسی شوناس کاریگەری دەکاتە سەر ئاسایش.

### ۳-۹- شوناس و ئاسایش؛ شیکاری ئاسایشی خود و ئەویتر

پێشتر خوێندنەوەی کلاسیکی ئاسایشی لە سەر نۆرمی وێستفالیایی و نۆرمی دەوڵەتی نەتەوەیی وەستابوون و ئاسایش لە ئاستی دەوڵەتدا تاوتوێ دەکرا. (Jarvis & Holland, ۲۰۱۵: ۵۱) تا کۆتایی جەنگی سارد، ئامانج و کاری سەرەکی ئاسایش مانەوەی دەوڵەت و پاراستنی سنوور و خاک بوو. بەڵام پاش جەنگی سارد و دوای ئەوەی کە کێشەی نەتەوەیی و پرسی شوناس ڕەهەندی نێودەوڵەتی بە خۆوە گرت، جگە لەوەی کە پرسی دەوڵەت وەک مەرجەع و ئامانجی ئاسایش تووشی گومان و دڵدۆنگی بوو، زۆر توێژەر کەوتنە تاوتوێی

پرسی شوناس و چۆنیەتی کاریگەریی ئەم پرسە لە سەر ئاسایش. وێرای ئەوەش ئەوەی کە ئەو ئەکتەرانە درکی پێ دەکەن، شتی جۆراوجۆر و گرێدراون بە بۆچوونەکانی ئاسایشیی و هەڕەشە لە لایەن ئەکتەرانی دیکە. تەنانەت لە ڕوانگەی دەوڵەتتەوەردا، تێگەیشتن لە ئاسایش جیاوازە. (Mikail, ٢٠١٦: ٣٤٠) بۆ ڕوون بوونەوەی جیاوازیی تێگەیشتن و ڕۆڵی ناڕاستەوخۆی ئەکتەرە نوێیەکان لە سەر ئاسایش و جیاوازی شوناس، خوێندنەوەی ئاسایشیی پێوستیتریان گەرەک بوو. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێویستیانە دەبێ خوێندنەوەی ئاسایشی ڕچاوی ڕۆڵی شوناس و دروستبوونی شوناسی دەوڵەتی و نادەوڵەتیی بکات. ئەم ڕەچاوکردنە بە هۆی تێگەیشتنی زیاتر و ڕوونتری دیدگاکانی ئاسایشیی و هەڕەشە ئەنجام دەدرا. بە شێوەیەکی گشتی دوو دیدگای ئاسایشیی لە بارەی ئەوەی کە ئاسایش چۆن دەتوانێت بێتەئارا هەن.

١. کلاسیکی – ریالیسم، تەنیا لە ڕێگای جەنگ و سەرچاوەی ماددیی ئاسایش دابین دەکرێت. دەوڵەت ئامانج و مەرجەعی ئاسایشە.

٢. قوتابخانەکانی ڕەخنەیی نوێ دەریان خستووە کە ئاسایش خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی بەهێز نیە. ئاسایش بە دیاردەی وەک ئازادی، یەکسانی و مافی مرۆڤ دەستەبەر دەکرێت. (Jarvis & Holland, ٢٠١٥: ١٨)

لە دیدگای قوتابخانەی ڕەخنەیی ئاسایش، بەدەستهێنانی ئاسایش لە ڕێی جەنگ و لە ڕێگای سەرچاوەی ماددیی دابین ناکرێت. بەڵکو جگە لەوەی کە ئاسایش لە لایەن سەرچاوەی جۆراوجۆری ناماددیی وەک شوناس، کەلتور، باوەڕی هاوبەش دابین دەکرێت، گرینگی زۆر دەداتە ئەم سەرچاوە نامادیانە. (Jarvis & Holland, ٢٠١٥: ١١) ئەو شتەی کە لۆژیک، کەلتور و ستراکچەری کارکردیانەی ئانارشیکی سیستەمی نێودەوڵەتی دیار دەکات، تیۆری ستراکچەرالیستی ڕەشی دەکاتەوە. (Wendt, ١٩٩٩: ٣١٤) خاڵی گرینگ بۆ ڕەخنەگرانی ریالیستی ئەوەیە کە مەرجەعی ئاسایش کێیە؟ ئایا دەوڵەت مەرجەعی ئاسایش و ئامانجی ئاسایشە یا نا؟ ئەگەر ئامانجی ئاسایش دەوڵەت

نیە، مرۆڤ مەرجەع و ئامانجی ئاسایشییە؟ کێ ئامانجی ئاسایشە و چی بۆ بەرهەمهێنانی ئاسایش داوا دەکات؟ (Jarvis & Holland, ٢٠١٥: ١٠٥)

واتای شوناس لە ناو خوێندنەوەی ئاسایشییدا، لە سەر بنەمای جیاوازیی نێوان «خود»[١] و «ئەویتر»[٢] ڕاوەستاوە. (Abrams & Hogg, ١٩٩٩: ٢) بوزان بە پشتبەستن بەوەی کە پێکهاتەی مادیی هێز و ئاسایش داڕووخاوە و شێوەیەکی دیکەی ئاسایش کە لە سەر بنەمای شوناس وەستاوە پێیوایە کە بابەتی شوناس، لە یەک «خود» و لە یەک «ئەویتر» پێکهاتووە و «خود» تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ یەک «ئەویتر» پێناسە هەڵدەگرێت. (Buzan, ٢٠٠٥: ٥) وەنت[٣] لە باسیستراکچەری کۆمەڵایەتی کە لە سەر پەیوەندییەکانی دوژمن، ڕکابەر و دۆست وەستاوە، چەندین جار چەمکی «خود» و «ئەویتر» بە کار دێنێت. (Wendt, ١٩٩٩: ٣١٥) بوزان بۆ پێناسەی کراوەتری شوناس بە مانای «خود» و «ئەویتر»، لە ناو کەشێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزتردا باسی لێوە دەکات. لە دیدی بوزان، شوناس یا «خود» و «ئەویتر» پەیوەندی بە ئەکتەرانی گشتی وەک وڵاتەکان، نەتەوەکان، گرووپی دینی، گرووپی فشار و هەر شتێکی دیکەوە هەیە. لە ناو چنەی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا چەمکی «خود» لە چەمکی شوناسی گشتی «ئێمە»، کە لە ئەکتەرانی ئاستی گەورەتر پێک دێت، نزیکترە. لۆژیکی خود و ئەویتر کە لە ناخی شوناسدایە، لانیکەم لە ناو سیستەمەکانی نێودەوڵەتی پێشوو، بۆ جیهانێک دەبن کە زیاتر شێوەیەکی ریالیستییان هەبووە و تێیدا هاوکاری لە ئاستی جیهانی بە هۆی کەمبوونی هاوگریی دوولایەنە کارێکی سەخت بووە و هەڵایسانی جەنگ تێیدا ئاسانە. بەڵام بەپێی ڕوودانی گۆڕانکارییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی، پێناسەی «خود» لە

[١] Self
[٢] Other
[٣] A. Wendt

بەرانبەر «ئەویتر» جۆرێک مەیلی بەئاسایشییبوونی پەیوەندی دوولایەنە لەخۆ دەگرێت کە تەنیا بە پەرەسەندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز دەتوانرێت پووچەڵ بکرێتەوە کە تێیاندا ئەگەری دروستکردنی کێشەی ئەرێنی هەیە. (Buzan, ٢٠٠٥: ٦) کەواتا، دەکرێت قسە لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سیستەمی نێودەوڵەتی لە سەر بنەمای پەیوەندیی دوژمنان، ڕکابەران و دۆستان بکەین.

شوناسی کۆمەڵایەتی پێکدێن لە پێگەی نەژادی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، دینی و نیشتیمانی [دەوڵەتی]. ئەم شوناسانە لە کاتی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتر بە گرینگ دادەنرێن؛ بە گوێرەی هاموشکردن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە ئایدیاکانی خۆیان دەدوێن. بەپێی ئەو باسانەی کە کران، شوناس هەمیشە بەپێی دانانی زنجیرەیی [پێبەپێ و لە سەرێ بۆ خوارێ] لە نێوان لێکگیربوونی توندوتیژ یا ئاشتیانەی دوو جەمسەر دروست بوونە. (Mikaeil, ٢٠١٦: ٣٤٢) لە بارەی لێکگیربوونی توندوتیژی شوناسیی، دەتوانین نموونە بە وەچەکوژی نازییەکان بێنیەوە کە بە مەبەستی لەناوبردنی یەهودیەکان بە کاریان هێنا. لە بارەی جەمسەریەتی ئاشتیانە، ڤیۆر پێی وایە «ئەویتر» بۆ ئەوروپا، نە ڕووسە نە ئیسلامگەراییە، بەڵکو «ئەویتر»ی ئەوروپا، ڕابردووی ئەوروپایە. وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، وردەوردە مێژووی ڕکابەریی و جەنگیی خۆیان وەک «ئەویتر»ێک دەدیتەوە کە دەیانویست «خود»ی نوێیان (واتا یەکێتی ئێستای ئەوروپا)ی لە بەرانبەردا پێناسە بکەن. ئەم بزوتنە بێ هاوتایە، وای لێکردن تاکوو بەبێ دۆزینەوی دوژمنێکی دەرەکی، هەوڵی پەیوەندییەکی دوور لە ئاسایش لەگەڵ یەکتر بدەن. دەکرێت ئەم جۆرە ڕەفتارە ئاشتیانەیەی «خود» و «ئەویتر» لە بازنەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا پێناسە بکرێت. لە ڕەهەندی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناویندا، دەتوانین کێشەی گرژاوی نێوان «خود» و «ئەویتر» بە کێشەی نێوان عەرەب و ناعەرەب و موسڵمان و ناموسڵمان پۆلێن بکەین. هەروەها لە بارەی جەمسەریەتی ئاشتیانە

دەکرێت ئاماژە بە هاوکاری عەرەب و ناعەرەب وەک هاوکاری سوریا بۆ ئێران لە کاتی جەنگی عێراق – ئێران بکەین. دەستووری کاری گشتی شوناس ئەوەیە کە جەمسەرییەت، هەمیشە لەو سەری ناوەندی شوناس دایە. بۆیە دەتوانین وای دابنێین کە شوناس هەمیشە لەگەڵ جیاوازیی دێت. (Mikaeil, ٢٠١٦: ٣٤١)

بە سەرنجدان بە بۆچوونی وەندت، ناسین کارێکی نێوان زەینیە کە دەتوانێت بەرژەوندییەکان دیاری بکات. کەواتە شوناسی دەوڵەتێک یا گروپێکی قەومی، نەژادی بەرهەمی ئەو هەوڵانەیە کە بۆ دامەزراندنی شوناس لە ئاستی ناوخۆییدا دراوە. ئەوەی کە چۆن شوناس دروست دەبێت، باسێکی دیکەیە؛ بەڵام بە بۆچوونی وەندت شوناس لەگەڵ سیمبول، ئوستورە، باوەڕ، نەریت و فەرمیات دروست دەبێت کە دەرئەنجامیان بیری گشتیە. (Wendth, ١٩٩٩: ٣١٧) لە بەر گرینگی زۆری بابەتی شوناس لە ناو خوێندنەوەی نوێی ئاسایشیدا، ڕوانگەی کۆن و کلاسیکیی ئاسایش ئیتر وەڵامدەری پێویستییەکانی ئاسایشیی و شرۆڤە و شیکاری دۆخی ئاسایشیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی نییە. هەروەها، بە گرینگبوونی بابەتی وەک گروپی نەتەوەیی، شوناس و مافی مرۆڤ، خوێندنەوە نوێیەکانی ئاسایشیی کە پشتیان بە ڕوانگەی شوناس و مرۆڤ بەستووە، گرینگتر دەبن. خاڵی پشتپێبەستراوی تێگەیشتنەکان و مەرجەع و خاڵی هەڕەشە، ڕوانگە نوێیەکانن. واتا ئاڵوێری نێوان زەینی و تێگەیشتنەکان کە لە پرۆسەی دروستبوونی شوناس دەبینرێن ڕۆڵێکی گرینگیان لە ناو ئاسایش و هەڕەشەدا هەیە. خوێندنەوەی شوناس وەک هۆکاری دیاریکەری ئاسایشیی لە ناو خوێندنەوەی ئاسایشدا ڕۆڵێکی زەق و دیاریان هەیە. چونکە پێدەچێت لە ناو خوێندنەوەی نوێی ئاسایشیدا، ئامانجی ئاسایش «خود» بێت و هۆکاری هەڕەشە و ناسەقامگیری «ئەویتر» بێت. (Mcsweeny, ١٩٩٩: ١٠٣)

**٣-٩-١- شوناس و ئاسایش**

هەروەک شی کرایەوە، دیاردەی شوناس، تێگەیشتنی ئاسایش و هەڕەشەی لە ڕێگای «خود» و «ئەوی‌تر» شی کردەوە. «ئەوی‌تر» هەمیشە سەرچاوەی هەڕەشە و نائەهوەنیە و «خود» هەمیشە ئامانجی دیاری ئاسایشە. لە ناو خوێندنەوەی نوێی ئاسایشیدا، «خود» و «ئەوی‌تر» هەمیشە هۆکار و بەرهۆی ئاسایشن. بەڵام لە چەرخی ئێستادا دەبێ ئاگادار بین کە بەجیهانی‌بوون دوو پرسیاری لە واری ئاسایشیدا هەڵێناوە:

١. ئایا خوێندنەوەکانی ئاسایشیی هێشتا دەوڵەت بە مەرجەعی ئاسایش دادەنێن و دەوڵەتێکی دیکە بە هەڕەشە دادەنێن؟

٢. ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە بەرین‌بوونی چەمکی ئاسایش، بە هۆی تێگەیشتنی مرۆڤ و بە مەرجەع‌دانان و هەڕەشەدانانی شوناس، وەک پرسێکی ئاسایشی ڕووبدات؟ (Panic, ٢٠٠٩: ٢٩)

بابەتەکانی ئەمڕۆی ئاسایشی تا ئێستا وەڵامی ئەرێنیان بۆ پرسیاری دووەم داوەتەوە. لە ڕاستیدا خاڵی دووەم دەیەوێت چۆنیەتی گۆڕانی کێشە و دیاردەکان بۆ پرسگەلی جیهانی وەدەرخات و ڕۆڵی شوناسەکان، لایەنەکان و توخمەکانی نائەهوەنی شەن‌وکەو بکات. «ئەوی‌تر» هەمیشە هۆکاری نائەهوەنیە و هەڕەشە بۆ مرۆڤ دەنێتەوە. یەکێک لە کاریگەرییەکانی شوناسی دەوڵەتەکان و گروپی نەتەوەیی و نەژادی، لە ناو پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا لە سەر یەکپارچەیی خاک و سنوورەکانی زەینی کۆمەڵگاکانە. (Olzuk, ٢٠٠٩: ٦) دانانی ناوچەیەکی ئەهوەن هەمیشە بۆ بوونی وڵاتان پێویستە. بۆ ناسینی سازدەرانی شوناس وەک کەسانێک کە بەرژەوەندیی نیشتیمانی [دەوڵەتی] دیاری دەکەن، دانانی ناوچەیەکی کەلتوری هاوبەش بۆ ئاسایش لە ناو دەستووری کاری خۆیان دادەنێن.

لەگەڵ ئەوەشدا دروستکردنی شوناس دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرس و هەرەشەی ئاسایشی لە ڕێگای بەکارهێنانی نۆڕم و دانانی شوناسێکی هاوبەش

لە جیاتی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بە ئاراستەی پتەوکردنی ئاسایشی «خود» و گرفت نانەوە بۆ «ئەوی‌تر» بڕوا. بەم پێیە، چەمکی شوناس پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەکە وا نیشان دەدات کە ئەم ناوچەیە لە سەر ململانێ و هاوکاریی پایەدارە. بە نموونە بۆ تێگەیشتنی چەمکی ئاسایش لە سەر شوناس، بەستێنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری زیاتر لە سەر بنەمای کێشەی خۆیان بۆ تێگەیشتنی دروستی ئاسایش لە ناوچەکەدا دەخەنەڕوو. واتا بۆ تێگەیشتنی دۆخی ئاسایشی خۆیان و ناوچەکە، دەگەڕێنەوە سەر بەستێنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆیان و لە کێشەی سیستەمی ئاسایشی ناوچەیی خۆیان دەگەن. ئەم دۆخە هەم دەتوانێت سیستەمێکی ئاسایشی خۆماڵی لە ناوچەکەدا دروست بکات و هەم دەتوانێت بە سەرنجدان بە جیاوازییەکانی بەستێنی فەرهەنگی و مێژوویی، ڕێگری لە گشتاندنی تیۆر و خوێندنەوەی ئاسایشی دەرەوەی ناوچەی ئاسایشی خۆیان بکات. میکائیل[1] باوەڕی وایە کە بە وردبوونەوەی بەستێنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ناو تیۆرە کلاسیکی و کۆنەکان، ریالیسم بوونی نەبووە. میکائیل هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مێژوویی وەک هۆکاری کێشەی ئاسایشی، هەڕەشە و لێکگیربوون دەبینێت و پێی‌وایە چەمکی هەڕەشە، ڕاستیەکی زەینییە و دەتوانێت بە وردبوونەوە لە شوناسەکان درک بکرێت. تێگەیشتنی ستراکچەریی لە هەڕەشە، لە سەر بنەمای «خود» و «ئەوی‌تر»ە کە گرێدراوی باوەڕ و نۆڕم و گوتاری نەتەوەیی - قەومییە. (Mikaeil, ٢٠١٦: ٣٤٤)

بە کورتی لە ڕووی جیهانی، هەڕەشە و کێشەگەلی نوێی ئاسایشی وەک کۆچ، قاچاقی و تیرۆریسم سەریان هەڵداوە. ئەم هەڕەشانە لە لایەن دەوڵەت، وەک ئەکتەری کۆتایی واری ئاسایش، ساز ناکرێن؛ بەڵکو شوناس و نۆڕمەکان بە ئەکتەری نوێ دادەنرێن کە لە سەر بنەمای «خود» و «ئەوی‌تر» لە جغزی

[1] Hasan Elnur Mikail

ئاسایشیدا خەریکی یارین. «خود» ئامانجی سەرەکی ئاسایشە و «ئەویتر» بە سەرچاوەی هەڕەشە ناوزەد دەکرێت. شوناس دیاردەیەکی گرینگە کە وەک ئەکتەری ئاسایشی پێناسە کراوە. هۆکاری ئەم گرینگایەتییە پێناسەی ئاسایشە لە شوناس و هەڕەشەیە لە بەر «ئەویتر». لێرەدا بە شێوەیەکی بابەتی و دەروونسیستەمی، پرسی سەربەخۆیی کوردستان، دەتوانێت لە ناو ئەم چوارچێوەیە شیکردنەوەی بۆ بکرێت. لە دیدی دکتۆر ئیبراهیم موتەقی[١] مامۆستای زانستەکانی سیاسی زانکۆی تاران، کورد هیچ کات خۆی بە عەرەب دانانێت و شوناسی جودای هەیە. ئەوان هیچ کات خۆیان بە کوردی عێراقی دانانێن و شوناسی کوردبوونی خۆیان بە جودا لە شوناسی عێراقی پێناسە دەکەن. (متقی، ١٣٩٧) بۆ کورد، عێراقی بوون وەک «ئەویتر»ە و مەرجەعی هەڕەشە بۆ ئەوان «ئەویتر»ێکی بە ناوی عێراقییە. هەروەها، پێچەوانەی ئەم شتەش هەر ڕاستە. بۆ عێراقییەکان، شوناسی کوردیی وەک «ئەویتر» دەناسرێت و سەربەخۆیی کوردستانیش وەک هەڕەشەیە لەلایەن «ئەویتر». بۆیە هەر بزاوتێکی سەربەخۆییخوازیی لە لایەن کوردەکان، لە دیدی عێراقییەکان[٢] بە هەڕەشە دادەنرێت و دکتۆرینی ئاسایشی عێراقی لە هەوڵی پووچەڵ کردنەوەی ئەم هەڕەشە دایە. بەپێی خوێندنەوەی نوێی ئاسایشی، چەمکی «خود» و «ئەویتر» بار و بەستێنی واتایی هەیە، هەر جۆرە بزاوت و ڕاسانێک بۆ بەرجەستەکردنی «خود» لە بەرانبەر «ئەویتر» بە مانای

---

[١] دکتۆر ئبراهیم موتەقی مامۆستای زانستەکانی سیاسی زانکۆی تارانە و چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستی هەن. یەکێکە لەو کەسانەی کە بەڕاشکاوانە بەرگری لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکرد. هەڵوێستی بەڕێزیان لە سەر مافی کورد و سەربەخۆیی باشووری کوردستان وەک هەڵوێستی ڕێزداران دکتۆر ئەحمەد نەقیبزادە، دکتۆر هێرمیداس باوەند و دکتۆر سادق زیباکەلام بوو. ئەو هەمیشە دەیگوت سەربەخۆیی کورد درەنگ و زوی هەیە بەڵام فەوتان و سووتانی نیە. و

[٢] مەبەست لە عێراقیەکان عەرەبەکانی عێراقن. کوردەکانی باشووری کوردستان شوناسی عێراقیبوون بە خۆیانەوە نالکێنن و خۆیان بە عێراقی نازانن.

پتەوکردنی «خود» و هەڕەشەی «ئەویترە» و لە دەرئەنجامدا بەئاسایشی-بوونی کەشەکەی پێوەیە. بە شیکاری ڕەوتتوێژی کە لە بەشی داهاتوودا باس دەکرێت دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەر جۆرە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆییخوازانەی کوردی لە لایەن دەوڵەتی عێراق سەرکوت دەکرێت. چونکە لە دیدی دەروونسیستەمیدا، شوناسی کوردی بۆ عەرەبە عێراقییەکان (شیعە و سوننی) هەڕەشەیەکی بەهێزە. هەروەها بەپێی ئەم دیدگایە، وڵاتەکانی هەرێمی کە تایبەتمەندیی سەرەکییان، مۆزاییکیبوونی نەتەوەکانیانە [لە ناو خۆیاندا] و هەندێک نەتەوەی وەک کورد خاکەکەیان لە نێوان وڵاتانی (ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا) دابەش کراوە. لەم ڕووەوە ڕەنگە تووشی زیان ببنەوە، چونکە ئەم جۆرە سازبوونەی شوناس لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرسی شوناس لە ڕێگەی بەکارهێنانی نۆرم و دانانی شوناسێکی هاوبەش لە جیاتی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بۆ پتەوکردنی ئاسایشی «خود» و کێشە نانەوە بۆ ئاسایشی «ئەویتر» بێت.

**کۆبەند**

به پێی ئەو شتانەی باس کران، دەبێت بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین لە سێ ئاستدا شی بکرێتەوە بۆ ئەوەی دۆخی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین ڕوون بێتەوە و بناسرێت. ئەم سێ ئاستە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە و بەبێ یەکتر کار ناکەن. ئاستی ناوچەیی گرێدراوی سیستەمی نێودەوڵەتییە و ئاستی ناوخۆیی پەیوەندییەکی پتەوی بە سازبوونی چوارچێوەیەکی ئاسایشی لە خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە. بۆیە بۆ ناسینی بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین، زانینی هەر سێ ئاستە شیکارییەکە گرینگ و سەرەکییە. لەم بەشەدا سەرەتا ئەو خاڵە باس کرا کە ئەکتەری ئاسایشی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا کێیە؟ باری بوزان بەپێی کۆمەڵەی ئاسایشی ناوچەیی پێیوایە کە دەوڵەتەکان لە ناو بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناویندا تاکە ئەکتەری ئەکتیڤن. ئەو پڕۆسەیەک لەو

ناوچەیە وێنا دەکات و دەڵێت ئەم جوڵانە خۆماڵیە لە بەر هەبوونی زلهێزەکان تووشی کێشە دەبێت و هێزی دەوڵەتەکان وەک ئەکتەری سەرەکی ئاسایشی ناوچەیی دەکەونە ژێر تیشکی هێزە گەورەکان.

بوزان بۆ شیکاری بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین، ئەم ناوچەیە دابەشی چەند وردەسیستەمێک دەکات. یەکێکیان سیستەمی کەنداوی فارس و ئەویتر شاماتە. لە دیدی ئەو، لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا، نەتەوە و دین ڕۆڵی بەرچاویان لە سازدانی پەیوەندی و کێشەی ناوچەیی و تێگەیشتنی پرسی ئاسایشی هەیە. ڕوونیشی دەکاتەوە کە هەروەک کێشەی موسڵمان و ناموسڵمان، کێشەی عەرەب و ناعەرەب هەمیشە بەردەوامی هەبووە. لە ناو بازنەیەکی ئاسایشیی دینی و نەتەوەییشدا، ئەگەری نمۆی گرووپی بان یا بن-نەتەوەیی لە ناو قالبی دین یا نەتەوە دەگاتە ئەو پەڕی. خاڵێک کە بوزان لەبەرچاوی نەگرتبوو، ئەگەری پێگەیینی گرووپی نەتەوەیی و دینیی بوو وەک ئەکتەری ئاسایشییتر لە تەنیشت دەوڵەتەکان؛ هەر وەک ئەوەی کە مارتین ئاماژەی پێ دەکات. مارتین بۆ باسی ڕوخساری نوێی ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین، گۆڕاوێکی سەربازی و چوار گۆڕاوی ناسەربازیی دەناسێنێت و ئەم گۆڕاوانە لە ئاستی دەوڵەتدا شی دەکرێنەوە. مارتین پێیوایە کە لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا، ئاسایش پشتی بەم پێنج گۆڕاوە سەربازی و ناسەربازییانە بەستووە؛ یەکێک لەو گۆڕاوانە، گرووپی نەتەوەیی و دینییە. کۆکبوونی کۆمەڵایەتی یەکێک لەم هۆکارانەیە کە لە خۆرهەڵاتی ناویندا هاوکاریی پرسی ئاسایش دەکات. بە بۆچوونی ئەو، ئاسایش لەم ناوچەیەدا ساز نابێت مەگەر ئەوەی کە چوار گۆڕاوی ناسەربازیی بێنە ناو دەستووری کاری دەوڵەتەکان. لەبەرچاوگرتنی گۆڕاویتری ناسەربازی نیشانەی ئەوەیە کە مارتین ڕۆڵی مەزنی گۆڕاوی ناسەربازی لە ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین لەبەرچاو گرتووە.

بەپێی ڕەهەندی ستراکچەری، لە خۆرهەڵاتی ناوین سیستەمی نێودەوڵەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر دروستبوونی ئاسایش هەیە. ئەم ناوچەیە

پەیڕەوی لە سیستەمی نێودەوڵەتی دەکات و پەیڕەوی هەر ئاڵوگۆڕێکە کە لە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا بکرێت. کاریگەری ئەم ئاڵۆگۆڕییە لە سەر ناوچەکەدا ڕاستەوخۆ دەبینرێت. لەبەر ئەوەی کە خۆرهەڵاتی ناوین لە زنجیرەی [سەرێ بۆ خوارێ] هێزدا سیستەمێکی چاولێکەرە، پێکهاتەی هێز لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی و شێوەی بەشینەوەی هێز تێیدا ڕێسای ڕەفتاری ئەکتەرانی خۆرهەڵاتی ناوین دیاری دەکات و لە سەر سەرەکیات و هەڵبژاردەی ئەم ئەکتەرانە ڕۆڵێکی زۆر کارتێکەری هەیە. بۆیە وڵاتەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین هەمیشە هەوڵیان داوە لە چوارچێوەی ئەو سنوورە دیاریکراوەی کە پێکهاتەی هێز بۆیان دیاری دەکات بجولێنەوە. لە کۆتاییدا، وێڕای ئەوەی شوناسی ناونەتەوەیی و بانەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی ناویندا بوونیان هەیە و ئەوان وەک ئەکتەری نادەوڵەتی لە ناو بازنەی ئاسایشی ئەم ناوچەیەدا خەریکی چالاکی و گەمەن، پرسی شوناس کاریگەرییەکی تایبەتی لە سەر بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین هەیە.

لە بەر ئەوەی کە پرسی شوناس لە ناخی خۆی، باسی «خود» و «ئەوی-تر» دێنێتە گۆڕێ، لە دیدی زۆرێک لە هزرمەندانی شوناس وەک میکائیل و میکسونی، «خود» بە واتای مەرجەعی ئاسایش و «ئەوی‌تر» بە واتای مەرجەعی هەڕەشە ناو دەبرێت. کێشەی شوناس لە خۆرهەڵاتی ناوین زیاتر لە ناو ئەم بابەتەدا جێی باس کردنە. لە ڕووی هەرێمییەوە، کێشەی عەرەب و ناعەرەب لە سەر پنجی شوناس، بە خێرایی بە ئاسایشی دەبێت. لە ڕووی دەروون‌سیستەمیش، خوێندنەوەی دوایی، واتا ئەزموونی سەربەخۆیی‌خوازیی هەرێمی کوردستانیش شایانی باسە. لەو ڕووە کە بۆ کوردەکان، «ئەوی‌تر» وەک هەڕەشەیە و بە دوژمن دادەنرێت. لە دیدی عەرەبی عێراقیش کورد بە «ئەوی‌تر» دادەنرێت؛ ئەم ڕوانگەیەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر جۆرە چالاکیەک بۆ باش‌بوونی دۆخی هەردوولا، کەشەکە لە ناوچەکە و لە ناو

دەروونسیستەمدا بەرەو بە ئاسایشیبوون دەهاژوێت. کەواتا پرسی ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین، لە سێ لاوە جێی تاوتوێیە؛ لە ڕووی هەرێمی و کێشەی ئەکتەرانی دەوڵەتی و نادەوڵەتی، لە ڕووی دەروونسیستەمی و شوناسیی، پرسی خۆرهەڵاتی ناوین زۆر بە ئاسایشی بووە و هەر جۆرە بزاوتێک بۆ سەربەخۆییخوازیی یا باشتربوونی دۆخ، ڕەوشەکە زیاتر بەئاسایشی دەکات.

# بەشی چوارەم:

# مێژووی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ١٩٢٠ تا ٢٠١٧

## ٤- پێشەکی

لە بەشی پێشوودا بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین شی کرایەوە. ئەم شیکارییە لە سێ ئاستدا تاوتوێ کرا. ناوچەیەک کە لە کێشەی نێوان عەرەب و ناعەرەب، موسڵمان و ناموسڵمان پێک دەهات، شرۆڤە کرا. لە ئاستی شیکاری نێودەوڵەتیدا، هۆکاری کاریگەریی بازنەی نێودەوڵەتی لە سەر بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین و ڕێڕەوی گەشە و ڕۆڵی هێزەکانی نێودەوڵەتی لە سەردەمی جەنگی سارد تاکوو دوای چوونەدەری هێزی ئەمریکا لە عێراق تاوتوێ کرا. لە کۆتاییدا، بە شیکاری شوناس، پەیوەندیی نێوان شوناس و ئاسایش و ڕوانگەی نوێی بابەتی ئاسایشی شوناستەوەر درایە بەر باس.

لەم بەشەدا مێژوویەکی گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٠ تا ٢٠١٧ تاوتوێ دەکرێت؛ گۆڕانکارییەکان لە ناو بەستێنی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا لێکدەدرێنەوە. هەروەها لە سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکە و هێزە نێودەوڵەتییەکان لە بەرانبەر پرسی کورد لە هەرێمی کوردستان دەکۆڵدرێتەوە. لە بەر ئەوەی پرسی کورد پرسێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە بۆیە لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێت وێنەیەکی ڕوون و وردی گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر عێراق، وڵاتانی دەوروبەر و هێزە نێودەوڵەتییەکان بدرێتە بەرچاو.

### ٤-١- دروستبوونی دەوڵەتی عێراق

تەواوی خاکی عێراق لە سەردەمانی دوای پەیدابوونی ئیسلام و هێرشی عەرەبەکان بە تایبەتی لە سەردەمی ئەمەوی و خەلافەتی عەباسی تەعریب کراوە. لە ڕاستیدا عێراق وڵاتێکی تەواو دەستکردە و سنوورەکانی ناسروشتین و ناپایەدارە. بە درێژایی مێژوو خاکی عێراق جولانگەی زلهێزەکانی ئەو سەردەم بووە و بەپێی بەرژەوەندیی ئەوان ئاراستە کراوە. (کاکحمد، ١٣٩٧) لە سەرەتای مێژووی عێراق تا شۆڕشی ١٩٥٨ی زایینی ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی لێڵاوی لە

دەستی بەریتانیادا بوو، لەم دەورەیەدا، کاری فەرمی بەریتانیا لە شوێنێک کە پێشتر پێیان دەگوت بەینونەهرەین، سێ قۆناغی تێپەڕاند، یەکەم، داگیرکردنی سەربازی لە نۆڤەمبەری ١٩١٤ تا ١٩٢٠. لە ڕاستیدا لەو کاتەی سەربازانی هیندی لە بەسرا هاتنەخوار نە دەوڵەتی سەربازیی لە ئارادابوو نە ستراتیژیەکی درێژمەودا. قۆناغی دووەم لە ١٩٢٠ تا ١٩٣٢ی زایینی درێژەی کێشا. کۆمەڵەی نەتەوەکان سەرپەرشتی وڵاتی تازە دروستکراوی عێراقیان بە بەریتانیا سپارد. دەسەڵاتی هێزی بەریتانیا لە ناو ڕێکەوتننامەی ١٩٢٢ی زایینی دیاری کرا و پەرلەمانی عێراق لە ساڵی ١٩٢٤ ڕێکەوتننامەکەی پەسند کرد. سەرئەنجام قۆناغی سێیەم لە ساڵی ١٩٣٢ دەست پێکرا. کاری بەریتانیا بە تەواوی بەو بەڵێننامەیە گرێدرابوو کە لە ساڵی ١٩٣٠ بۆ بیست و پێنج ساڵیتر درێژ کرابوویەوە.

دروستبوونی وڵاتی عێراق، لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و بە لەبەرچاوگرتنی پەیمانی سایکس - پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ی زایینی شکڵی گرت. بەم شێوەیە خاکی باشووری ئیمپراتۆریی عوسمانی، کە بە درێژایی دوو ڕووباری گەورەی دیجلە و فوڕات بوو، کەوتە بن دەستی بەریتانیا و ئەوان بەپێی ئەو بەرژەوەندییانەی کە لە کەنداوی فارس و کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتدا هەیانبوو، وڵاتی دەستسازی عێراقیان دانا. داگیرکردنی خاکی باشووری ئیمپراتۆریی عوسمانی، دروستکردنی وڵاتەکە و سەرپەرشتیەکەی لە لایەن ئینگلیز کاریگەری لە سەر هەستی دانیشتوانی ئەم خاکە دانا. لە ئەپریلی ١٩٢٠ کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی ڕایگەیاند کە کۆنفڕانسی سان ڕیمۆ[١] عێراقی بە شێوەیەکی فەرمی خستە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیا؛ کەمێک پێشتر لە حوزەیرانی ١٩١٩ گروپێک لە ئەفسەرانی دەوڵەتی فەیسەل لە سوریا یادداشتێکیان بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە نارد و تێیدا خوازیاری دروست-

[١] San Remo Conference (١٩ Apr ١٩٢٠ – ٢٦ Apr ١٩٢٠)

کردنی حکوومەتێکی نیشتیمانی لە عێراق بوون. لە حوزەیرانی ١٩٢٠، لە تلعەفر لە هەرێمی کوردستان، شۆڕشێک لە لایەن یەکێک لەو ئەفسەرانە بە مەبەستی وروژاندنی موسڵ کرا؛ بەڵام تووشی شکست هات. دواتر مەلیک فەیسەل وەک پاشای عێراق لە سەر کورسی حکوومەتی عێراق دانیشت. دوای دروستکردنی سەڵتەنەت و دەستوور، کێشەیەکی زۆر گرینگ هەروا مایەوە؛ ئەویش ئەوە بوو کە سیاسەتدانەرانی ئەوروپایی دەیانویست کوردیش وەک ئەرمەنییەکان خۆسەریی نەتەوەیی یا سەربەخۆییەکیان پێبدرێت و لە ژێر دەسەڵاتی جۆرە سەرپەرشتیەکدا بن. (فب مار، ١٣٨٠: ٦٩) لێرەدا یەکەمین هەل بۆ کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوای سەربەخۆیی ڕەخسا. (یلدیز، ١٣٩١: ٣٩) ویلسۆن لە بەرنامەی ١٤ خاڵیی خۆی لە ژێر ناوی ئاشتی جیهانی، مافی خۆسەری و سەربەخۆیی نەتەوەکانی ناتورکی لە ناو ئیمپراتۆریی عوسمانی بە فەرمی ناسی و پێیوابوو کە پێکهاتەکانی ناتورک دەبێت هەلێکی تەواو بێ دەردەسەریان بە مەبەستی پەرەگرتنی خۆسەری بۆ هەڵکەوێت. ( Wilson's ١٤ points, ٨ Jan ١٩١٨) هاوتەریب لەگەڵ ئەوەی کە ئەم بابەتە لە ناو پێکهاتەکان لایەنگری هەبوو، لە نێو زلهێزەکانی دونیا کە پێکهاتبوون لە بەریتانیا، فەڕەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش دژبەری هەبوو. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد لە لای بەریتانیا درکی پێکرا و سەرنجی پێدرابوو. بەڵام نیگەرانیەک هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ڕێبەرایەتییەکی کۆک لە نێو کورددا نەبوو تاکوو لە پێناو ئامانجی گەورەتری وڵاتی کوردستان واز لە بەرژەوەندیی خۆی و هۆزەکەی بێنێت. بەریتانیا دڵنیا نەبوو کە شوناسێکی گشتگیری کوردی لە ناو هۆزەکان دروست ببێت. تورکیاش لە ترسی ڕووخانی زیاتری ئیمپراتۆرییەتەکەی، نیگەرانیی بەریتانیای زیاتر دەکرد. ( McDowall, ٢٠٠١: ١٣٢)

هەروەها، بەپێی دیپلۆماسیی هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩١٥ی زایینی وا داندرابوو کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەڕووخێت و ڕەنگە چەند دەوڵەتێکی

بچووک لە دەورەی وڵاتێکی بچووکی تورک لە ئاناتۆلی دروست بن. ئۆکتۆبەری ١٩١٥ ئارنۆڵد توینبی[1] لە ناو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا خوازیاری دروست-کردنی دەوڵەتی کوردستانی خۆسەر بووە تاکوو لە بەینونەهرەین ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کە ویلایەتی سنووری باکووری ڕۆژئاوا بۆ هیند دەیگێڕێت. یەکەمین کەس کە پەشنیاری دروستکردنی کوردستانی خۆسەری لە بەینونەهرەین کرد کەسێک بوو بە ناوی نۆئل، کە لە ١٩١٩ی زایینی پێشنیاری کرد سێ دەوڵەتی خۆسەری کورد بە ناوەندێتی سلێمانی، موسڵ و دیاربەکر دروست بکرێن و هەر سێکیان لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیا دابن. وەزارەتی دەرەوە حەزی لەم پرۆژەیە نەبوو، بەریتانیا دەیویست بە تەواوی لە کوردستان بچێتە دەرەوە. ئارنۆڵد ویڵسون لە بەغدا زنجیرەیەک دەوڵەتی بچووکی پاشکۆیی لە ناو بەینونەهرەین پێشنیار دەکرد. ئەم ستراتیژییە گشتییە پەیمانی سیڤەری[2] گەیاندە لووتکە. پەیمانێک کە فەڕەنسا و بەریتانیا لە کۆنفرانسی سان ڕیمۆ ئامادەیان کرد و لە ئاگۆستی ١٩٢٠ بە سەر پاش ماوەی دەوڵەتی عوسمانیدا سەپا. (فیلدهاوس، ١٣٩٥: ٥٩)

هەلومەرجی پێشهاتوو بۆ کورد پەیماننامەی سیڤەری پێوە بوو کە لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینی لە لایەن هێزە گەورەکان و حکوومەتی عوسمانی واژۆ کرا. دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەم پەیماننامەدا پێشبینی کرابوو. مادەی ٦٢ بە شێوەیەکی تایبەت، کۆمیسیۆنێکی بە ئەندامێتی فەڕەنسا، ئیتالیا و بەریتانیا دیاری کرد تا پێشنووسێک بۆ خۆسەریی خۆماڵی ناوچە کوردنشینەکان لە ڕۆژئاوای فورات، باشووری ئەرمەنستان و باکووری سوریا و بەینونەهرەین ئامادە بکەن. لە مادەی ٦٢ تەنانەت فرەتر لەوەش، وای دانا کە ئەگەر لە دوای ساڵێک پاش ئەم پەیماننامە، زۆربەی دانیشتوانی کورد لەم ناوچەیەدا داوای

[1] Arnold J. Toynbee
[2] Treaty of Sèvres ١٩٢٠

سەربەخۆیی بکەن و ئەم بابەتە پێشنیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان بگرێتەوە، تورکیا دەبێت لەم ناوچانە واز لە هەموو مافێکی خۆی بێنێت. مادەی ٦٤ لەم بارەوە دەڵێ:

...ئەگەر لە ماوەی یەک ساڵ دوای جێبەجێکردنی پەیماننامەی ئێستا [سیڤەر] گەلی کورد لەم ناوچانە بەپێی مادەی ٦٢ی بیانەوێت بە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوکان ڕابگەیێنن کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە خوازیاری سەربەخۆیی و جیابوونەوەنەن لە تورکیا و ئەگەر ئەنجوومەن تێبینی ئەوە بکات کە ئەم خەڵکە توانای ئەم سەربەخۆییەیان هەیە و پێدانی سەربەخۆیی پێشنیار بکات، تورکیا ڕازی دەبێت ئەم پێشنیارە جێبەجێ بکات؛ لە تەواوی ماف و داواکانی خۆی لە سەر ئەم ناوچانە چاوپۆشی بکات و دەست هەڵگرێت. مەرجی گشتی ئەم وازهێنانە بابەتی پێکهاتنی نێوان هێزە هاوپەیمانەکان و تورکیا بە جیا دەبێت. ئەگەر ئەم وازهێنانە ڕوویدا، هێزەکانی هاوپەیمان لە بەرانبەر لکاندنی خۆویستانەی کوردەکانی دانیشتووی ئەو بەشەی کوردستان کە تا ئێستا لە موسڵ دادەنیشن، هیچ جۆرە تانەیەک لەم دەوڵەتە کوردییە نادەن. ( Sevres (Agreement, Allies-Turkey, ١٠ Aug ١٩٢٠

لە سەرەتادا بەریتانیا دەیویست ناوچە کوردنشینەکان جودا بکاتەوە و سەربەخۆیان بکات. بەڵام لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٢١ لە قاهیرە کە بە سەرۆکایەتی چەرچیل[١] بە بەشداری سێرپێرسی کۆکس،[٢] سێر هێربێرت مسیۆئێل[٣] کۆمیسیۆنەری باڵای فەلەستین، گرترود بێل[٤] و فەرماندەکانی سەربازی ساز درا، لەبارەی عێراق پێویست بوو چوار ئامانجی سەرەکی بێننەجێ. هەڵبژاردنی حاکمی عەرەب، بڕیاردان لەبارەی ناوچە کوردنشینەکانی

[١] Winston Churchill
[٢] Percy Cox
[٣] Herbert Louis Samuel
[٤] Gertrude Margaret Lowthian Bell

بەینونەهرەین، چارەدۆزیی سەرەکی بۆ داکشانی تێچووی بەرگریی بەریتانیا و بڕیاردان لەبارەی بەستێنی بەرگری کردن لە دوای چوونەدەری سنووردارِی بەریتانیا. هەر لەم کۆنفرانسەدا یادداشتێک لە لایەن بەشی خۆرهەڵاتی ناوینی بەریتانیا ڕایگەیاند کە:

- ئێمە بە توندی لەو باوەڕەداین کە ناوچە کوردنشینەکان نابێت بچنە ناو دەوڵەتی عەرەبیی بەینونەهرەین، مەگەر ئەوەی کە بنەمای یەکێتی و نەتەوایەتی کورد تا ئەو جێیەی بکرێت لە لایەن دەوڵەتی مەلیک پتەو بکرێت. (Cairo conference, ١٩٢١, Clio visualizing history)
- ناوچە تەواو کوردنشینەکان نەخرێنە ناو وڵاتی عەرەبیی بەینونەهرەین و دەوڵەتی بەریتانیا بنەمای یەکێتی و نەتەوەیی کورد هان بدات. (فیلدهاوس، ١٣٩٥: ٦٠)

لەم کۆنفرانسەدا دۆزی کورد و خۆسەریی ئەوان بە سادەیی وەرگیرا. بە دیدی ئەم کۆنفڕانسە خودی کوردەکانیش لە ناوچەی داگیرکراوی عێراق لە لایەن بەریتانیا، کە سنووری باکووری [لەگەڵ تورکیا] هێشتا دیار نەبوو، نەیاندەتوانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن. (فیلدهاوس، ١٣٩٥: ٣١) وینستۆن چەرچیل لەم کۆنفڕانسەدا، کە لە سەر ڕۆڵی پاشایی بنەماڵەی هاشمی لە داهاتووی دەوڵەتی عەرەب ساز درابوو، گوتی ڕێبەرێکی عەرەب لە عێراقی نوێ هەستی کوردی نادیدە دەگرێت و پێکهاتەی کورد دەداتە بەر ستەم. بۆیە ویستیان حکوومەتێکی جیا لە ژێر سەرپەرشتی کۆمیسێری باڵای بەریتانیا بەڕێوە ببرێت. (یلدیز، ١٣٩١: ٤١) ئەڵبەتە جیا لە حاکمیەتی ڕاستەخۆی بەغدا. (فیلدهاوس، ١٣٩٥: ٣١)

سێرپرسی کۆکس کە کۆمیسێری باڵای بەریتانیا بوو لە عێراق، پێشتر بۆ لکاندنی خاکی کوردستان بە وڵاتی عێراق مەیلێکی تەواوی هەبوو. مەلیک فەیسەل هاشمیش پشتیوانی لێدەکرد. فەیسەل لە ژێر حاکمیەتی بەریتانییەکان

هێنرابووە سەر کار و نیگەرانی پتەوکردنی پشتیوانی و دەسەڵاتە لەرزۆکەکەی بوو لە عێراق. بۆیە بە هاوکاری کۆکس توانی بە چەرچیل بسەلمێنێت خاکی کوردنشین بە عێراق بلکێنێت. دواجار چەرچیل لە ئۆکتۆبەری ١٩٢١ خۆی بە دەست ئەو پیلانەدا و بە لکان و چەسپاندنی ناوچە کوردییەکان بە وڵاتی عێراق ڕازی بوو. چەرچیل پێیوابوو کە ڕاستە کوردەکان هەلومەرجی خۆسەرییان هەیە بەڵام دەبێت لە کۆبوونی نیشتیمانی عێراقدا بەشدار بن. لە پەیمانی یەکێتی کە لە ساڵی ١٩٢٢ لە نێوان بەریتانیا و عێراق واژۆ کرا، هێشتاش وا نیشان دەدرا کە بەریتانیا سوورە لە سەر خۆسەریی کورد و بەیانی هاوبەشی لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە بارەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە دیسێمبەری ١٩٢٢ بڵاو کردەوە کە تێیدا مافی کوردیان بۆ دروستکردنی حکوومەتێک لە ناو سنووری عێراق بە فەرمی دەناسی. (فیلدهاوس، ١٣٩٥: ٤٢)

لەو ناوەدا، پەیمانی بێبەهرەی سیڤەر، کە لە ئاگۆستی ١٩٢٠ لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی بەسترا بوو، بەستێنی دەوڵەتێکی بۆ کورد ڕەخساند و تێدا هاتبوو کە کوردەکانی تورکیا و عێراق دەتوانن لە ماوەی یەک ساڵدا، داوای ئەندامێتی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان بکەن. پەیمانی سیڤەر لە ڕێگای هەستانی ناسیۆنالیستیی کە بە ڕێبەرایەتی کەمال ئەتاتورک لە تورکیا سەرکەوت و بەو کۆنترۆڵە وردەی لە دوای پەیماننامەی لۆزان کە لە سەر ناوچە کوردییەکان کردی بە تەواوی کۆتایی پێهات، ئەم هەلومەرجە دۆخی کوردی لە پارێزگای موسل ئاڵۆزتر کرد. (فب مار، ١٣٨٠: ٧٩-٦٥)

ویلایەتی موسڵ و چارەسەری و لێکبوونەوەی کێشەی زەوی لە نێوان تورکیا و عێراقیش یەکێک لە خاڵە پرکێشەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو. حکوومەتی تازە وەسەرپێکەوتووی تورکیا بە ڕێبەرایەتی کەمال پاشا، هەرگیز نەچووە ژێر باری دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە ناو ئاناتۆلی و تاکوو ساڵی ١٩٢٦ی زایینییش وازی لە داواکاری خاوەندارێتی ناوچەی کوردنشینی بەینونەهرەین نەدەهێنا. (فیلدهاوس، ١٣٩٥: ٦٠) تورکیا بڕوای وابوو کە دەبێت

موسڵ بەشێکی خاکی تورکیا بێت. (یلدیز، ١٣٩٠: ٤٤) لە بەر ئەوە، بەریتانیا ناچار بوو بۆ ئەو بەشە ناوچە کوردنشینە کە لە ناو جغزی دەسەڵاتی خۆی دابوو، واتا موسڵ، بیرێک بکاتەوە. پرسی سەرەکی ئەوە بوو کە ئایا ئەم ناوچەیە، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن، دەبێت بدرێتە وڵاتی عێراق یا ببێتە ناوچەیەکی کوردنشینی خۆسەر، لانیکەم ببێتە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا. (فیلدهاوس، ١٣٩٥: ٦٠) بەڵام کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان دەیویست ئەم کێشەیە لێک بکاتەوە و چارەی بکات. بەم شێوەیە، سەرەتا موسڵ بووە بەشێکی وڵاتی تورکیا لە بەر ئەوەی عێراق هێشتا توانا و ئامادەیی بۆ کۆنترۆڵکردنی موسڵ نەبوو، بەڵام پێشنیاری کۆمیسیۆن مانەوەی موسڵ لە ناو عێراق بوو لە چوارچێوەی بەردەوامێتی سەرپەرشتی بەریتانیا لە سەر عێراق. بۆیە کۆمیسیۆن بەڵێنداری ئەوە بوو کە بەڕێوەبردنی موسڵ بدرێتە حکوومەتی خۆماڵی ناوچەیی، سیستەمی دادوەری و فێرکاری بدرێتە کوردەکان و زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی بناسرێت. لە سەر ئەم بنەمایە، پەیمانی یەکێتی نێوان بەریتانیا و عێراق چاک کرایەوە و سەرپەرشتی بەریتانیا لە سەر عێراق بۆ ماوەی ٢٥ ساڵی دیکە درێژ کرایەوە. تەنیا کاری ڕاستەقینە دوای ئەم بڕیارەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە بارەی زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٢٦ی زایینی خۆی نواند. کورد لە هەولێر و سلێمانی ڕێگەیان پێدرا کە فێرکاری سەرەتایی و چاپی کتێبەکانیان بە زمانی کوردی بێت، لەم ماوەیەدا کۆمەڵگای فەرهەنگیی کوردی، لە ساڵانی ١٩٢٦ و ١٩٢٧ لە ڕووی سیاسی بەرەوپێشچوونی بەخۆیە بینی؛ بەڵام بە ئۆپەراسیۆنی پۆلیسی ئاراستەکراو لە لایەن بەریتانیا پەراوێز خرا. (یلدیز، ١٣٩٠: ٤٤)

**٤-٢- دەرکەوتنی ڕێبەرانی کورد و سەرەتای خەبات بۆ سەربەخۆیی**

پێکهاتەی دەسەڵات لە ناوچەی کوردستان بە هۆی بوونی پیاوانی ئایینی دەسەڵاتدار بە ناوی شێخ و خان، شتێکی ئاڵۆز بوو. شێخەکان سەرۆکی

تەریقەت و فیرقەی تەسەووف بوون کە لە سەدەکانی سەرەتایی ئیسلام بە واتای عاریفانە لە سەر بنەمای ئیسلامی وەدەرکەوتن. شێخ پیاوێکی پیرۆز بوو؛ کاتێک کە تەریقەتی تەواو دەکرد دەبووە مورشید و ڕێنومای ڕووحانی. مورشیدبوون توانای گەرەک بوو. هەروەها سەیدەکان گرووپێکی زۆر بوون کە خۆیان بە نەوەی فاتیمەی کچی پێغەمبەری ئیسلام و خەلیفەی چوارەم دەزانی. سەیدێکی زۆریش تەریقەتیان بەجێ دەگەیاند و دەبوونە مورشید. بە درێژایی سەدەکان شێخێکی زۆر شۆڕ بوونەوە ناو کۆمەڵگا و دەسەڵاتی بنەماڵەییان دروست کرد. لە کوردستانی هاوچەرخ، دوو دەستەی سۆفی گرینگیان هەبوو کە بریتی بوون لە قادرییە کە بناغەدانەرەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە لە سەرەتاکانی سەدەی دوازدەیەم و نەقشبەندییە کە لە سەدەی سێزدەهەم دروست کران و محەمەد بەهائەدین لە سەدەی چواردەیەم هەندێک چاکسازی تێدا کرد. سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم کە نەقشبەندییە گەیشتە کوردستان، تەریقەتی قادری تاکە فیرقە بوو لە سنووری کوردستان. قادرییە فیرقەیەکی تەواو سوننەتگەرا بوو. پیاوێک لە نەوادەی دامەزرێنەرەکەی، کە مەزارەکەی لە بەغدا بوو، هەمیشە ڕێبەری تەریقەت بوو. ساڵی ۱۹۲۰ی زایینی ڕێبەری تەریقەت کە لە لایەن عوسمانییەکان ناسناوی نەقیبولئەشرەفی پێدرابوو، سەید عەبدوڕەحمان ناوێک بو کە کۆکس ئەو بە یەکەمین سەرۆکی دەوڵەتی عێراق دادەنێت. (فیلدهاوس، ۱۳۹۵: ٥٦)

شێخەکانی قادری سەدەگەلێک دەسەڵات و هێزی خۆیان تۆکمە کرد و دوای ئەوەی کە عوسمانییەکان لە چل ساڵی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم میرنشینە گەورەکانی کوردیان لە ناو برد، دەسەڵاتی ئەوان زۆرتر بوو، چونکە هۆزەکان کەوتنە جەنگ لەگەڵ یەکتر و شێخەکان بۆ نێوەنجیکردن دزەیان کردە ناویان. ئەوان هەندێک جار شۆڕشەکانی دژبەری عوسمانییەکانیان ڕێبەریی دەکرد. لە دەورەی دوای ۱۹۱۸ی زایینی چەند شێخێک بوون بە ئەکتەری گرنگی گەمەی سیاسی لە عێراق و ڕێبەری بزوتنەوەی ئازادیخوازیی

کوردیان وەئەستۆ گرت. هەندێک لەوانە بریتیبوون لە شێخ مەحمود بەرزنجی لە سلێمانی، شێخ ئەحمەدی خانەقا لە کەرکووک، شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە شەمزینان و شێخەکانی بارزان. (Chaliand, ١٩٩٤: ٢٠) جوڵانەوی سەربەخۆییخوازیی بە ڕێبەرایەتی شێخ عەبدوسەلامی بارزانی لە کوردستانی [تورکیا] و هەرێمی کوردستانی ئێستا دەستپێکرا و هەروەها دوو برا، شێخ ئەحمەد بارزانی و مستەفا بارزانی لە سەردەمی هاوچەرخ هەر ئەو ڕێگەیان درێژە پێدا. مستەفا بارزانی ڕێبەری نیشتیمانی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد [کوردستان ئێران] بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد نواند. دواجار توانی لە عێراق خۆسەریی بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠ی زایننی وەدەست بێنێت.

لە بنەڕەتدا دەوڵەتی بەریتانیا دەیویست ویلایەتی خۆسەریی لە ناوچەکانی کوردنشین لە ویلایەتی موسڵ دابمەزرێنێت، بە جۆرێک تاکوو بتوانێت ئەوان بە ناوەندەکانی بەڕێوەبەری عەرەب گرێ بدات، هەرچەندە پایداریش نەبێت. کێشەی ئەوان دۆزینەوەی ڕێبەرانی پەسەندکراوی خۆیان لە ناو کورد بوو. دواجار دەوڵەتی ئینگلیز لە ١٩١٨ی زاییني شێخ مەحمود بەرزنجییان وەک فەرمانداری سلێمانی هەڵبژارد. شێخ مەحمود حەفیدزادەی بەرزنجی ناسراو بە مەلیکی کوردستان کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ مەحمودی نەوەدەهی لە ساداتی بەرزنجە و سەرۆکی هۆزێکی کورد بو لە گەڕەکی کانی ئاسکانی شاری سلێمانی. (بورەکەیی، ١٣٧٨: ٤٠٢) شێخ مەحمود بەرزنجی و باوانی بە هۆی پەیوەندی و خزمایەتی لەگەڵ سەرۆکەکانی هۆزی هاوسێ و بە هۆی هەبوونی زەوی و زاری زۆر و زەوەند و لە ڕێی ئەو متمانە و پێگەیەی کە بە هۆی گرێدراوی لەگەڵ بەرپرسانی خاوەن متمانە هەیان بوو، شوێنگەی سیاسی لەباریان بۆ خۆیان ڕەخساندبوو؛ لەگەڵ ئەوەشدا، ئاستی خوێندنی کەم بوو، پەیوەندیی لەگەڵ ئەوروپاییەکان کز بوو و لە واری حکوومەتداریدا ئەزموونێکی

کەمی هەبوو. هەوڵی ئەو بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵاتدارێکی ڕەها و پانتایی دەسەڵاتی خۆی بگەیێنێتە دەرەوەی ئەو سنوورەی کە لە لایەن ئینگلیز بۆی دیاری کرابوو، بوونی ئەوی بۆ دەوڵەتی ئینگلیز کاڵ کردبۆوە و لە دەرئەنجامدا لە مانگی مایسی ١٩٢٠ لە کار لادرا. (فب مار، ١٣٨٠: ٨٠)

لەو کاتەدا، خەڵکی کوردستان هەروا پێداگرییان لە سەر قەبوڵنەکردنی حکوومەتێکی عەرەب دەکرد، لە لایەکیش هەوڵی تورکیا بۆ داگیرکردنی موسڵ لە ساڵی ١٩٢٢ زیاتر ببوو (یلدیز، ١٣٩١: ٤٤) پرسی کورد هەروا بە هەڵپەسێردراوی مایەوە. بەو چالاکییانەی کە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی لە سنوورەکان ئەنجامی دەدا، دۆخەکە خراپتر بوو. وێرای ئەوەی کە هەست دەکرا خەڵکی ئینگلیز مەیلی هاندانی هێزەکانی ئینگلیزیان بۆ سەرکوتکردن و هێرش و تاڵانی هێزەکانی تورک نیە، بەڵام سیاسەتدانەرانی پرسە درەکییەکان لە وایت هاڵ[١] بڕیاریان دا شێخ مەحمود بکەنەوە فەرمانداری سلێمانی، (فب مار، ١٣٨٠: ٨٠) تاکوو بتوانن هەوڵەکانی تورکیا پووچەڵ بکەنەوە. بەڵام شێخ مەحمود نەک هەر خۆی بە مەلیکی کوردستان دانا و حکوومەتێکی ساوای دامەزراند، بەڵکو هەوڵیدا تورکیا و بەریتانیاش تێکبەردا. لە کۆتاییدا بەریتانییەکان ویستیان شێخ مەحمود خۆی بە دەستەوە بدات، بەڵام بەرزنجی نەهاتەڕا و هەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ گەیشتەوە سەر دەسەڵات، ڕووبەڕووی بۆمبارانی هێزی هەوایی بەریتانیا بۆوە. ساڵێک دواتر، لە دوای هەڵبژاردنی پارلەمان لە ١٩٢٤ی زایینی نائارمییەکانی ناوچەی موسڵ بە بۆمبارانی بەربڵاو وەڵام درایەوە و بووە هۆی داگیرکرانەوەی دووبارە سلێمانی لە لایەن بەریتانیا. بەریتانیا بە داگیرکردنی سلێمانی نەوەستا و لە ساڵی ١٩٩٣٠ بە مەبەستی یەکێتیەکی دیکەی نێوان بەریتانیا و عێراق، بۆ کۆتایی پێهێنان بە لەژێردەستبوونی بەریتانییەکان و ڕێکخستەوەی پەیوەندییەکانی داهاتوو پەیماننامەیەک واژۆ کرا. لەم پەیمانەدا هیچ ئاماژەیەک بە کورد نەدرا. لە سێپتامبەری ١٩٣٠ شێخ مەحمود ڕێبەرایەتی

[١] White Hall

خۆنیشاندانە گەورەکانی گرتە دەست؛ بەڵام ئەم خۆنیشاندانانە بە توندی سەرکوت کران و لە سلێمانی سەربازەکان ڕاستەوخۆ ئاگری گولەیان بە ڕووی هاوڵاتیاندا کردەوە و گەلێکیان لێ کوشتن. سەرئەنجام شێخ مەحمود خۆی بەدەست حکوومەتی ناوەندیی بەغدا دا و تا مردن لە زیندانی ماڵ دەستبەسەر کرا. لە ساڵی ١٩٣٢ی زایینی عێراق سەربەخۆیی خۆی لە دەست بەریتانیا بەدەست هێنا؛ بەڵام ئەندامێتیەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان گرێدراو بوو بە قەبوڵکردنی بەڵێنی نێودەوڵەتی بە تایبەتی لە بارەی مافی مەدەنی و سیاسی کورد. لە ژێر ئەم مەرجانە پادشای هاشمی نەک هەر ئەو پشتیوانیە کەمەی واری فەرهەنگی و زمانیی کورد، کە لە عێراق ڕەخسا بوو، بە سەرگرانی قەبوڵی دەکرد، بەڵکو لە بەرانبەر بەشێک لەو یاسا سەرەکیانەی کە بە مەبەستی مسۆگەرکردنی مافی کورد لە عێراق ڕێک خرابوون، بێ دەنگ بوو. مردنی فەیسەل سەرەتایەکی نوێی دروستبوونی ململانێی نێوان حکوومەتی ناوەندی و خەباتگێرانی کوردستان بوو. (یلدیز، ١٣٩١: ٤٦-٤٤) لێرەدا دەتوانین زیانناسی بزوتنەوەی شێخ مەحمود بەرزنجی لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

- بەهێزبوونی وەفاداری عەشیرەیی کورد لە بەرانبەر نەتەوەگەرایی کوردی و نەبوونی بژاردە بۆ پشتیوانی لە شێخ مەحمود بەرزنجی؛
- نەبوونی دەسەڵاتی پێویست بۆ ڕێبەرایەتی بزوتنەوی سەربەخۆیی-خوازانەی شێخ مەحمود بەرزنجی؛
- نەبوونی سەرچاوەی ئابووری و بودجەی ناتەواو بۆ بەردەوامی بزوتنەوی سەربەخۆییخوازی؛
- نەبوونی پشتیوانی وڵاتانی وەک ئێران و تورکیا لە بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازی؛

– نەبوونی پشتیوانی بەریتانیا لە شێخ مەحمود لە بەرانبەر مەلیک فەیسەل هاشمی و حەزنەکردنی بەریتانیا بۆ پێشوەچوونی خۆسەری (بە سەرنجدانی بەڵێن و پەیماننامەکان).

## ٤-٢-١- مردنی فەیسەل و وەرزی نوێی بزوتنەوەی جوداخوازی

کۆتایی هاتنی کۆلۆنیالی، لە قۆناغی یەکەمدا عێراقی بردە ناو کێشەی دیکە. ئەم کێشانەی کە بە ڕۆیشتنی بەریتانیەکان لە دیوانی بەڕێوەبەری عێراق و سپاردنی بەرپرسیارێتی بە بەرپرسانی عێراق سەری هەڵدا، دۆخەکەی بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق، ئەستەمتر کرد. یەکەمین لێکەوتەی ئەم قۆناغە گوێزەرە سپاردنی بەرپرسیارێتی هەڵوەشانەوەی یەکێتییە سستەکەی عێراق بوو. ژمارەیەکی زۆری گرووپی نەتەوەیی و دینیش دیسان داواکاری خۆیان بۆ خۆسەری و داخوازی پشکی زیاتری دەسەڵات لە ناوەند هێنایەوە ئارا. یەکێک لەو داوایانە لە لایەن ئاشوورییەکان باس کرا کە پێشتر لە لایەن بەریتانیا پشتیوانیان لێ دەکرا. شیعەکان و کوردە ئێزیدییەکانیش هەندێک کێشەیان بۆ دەوڵەتی ناوەندی نابوویەوە و ئەوانیش داواکاری جۆراوجۆریان لە بارەی بەش و پشکیان هەبوو. زۆرخوازیی دەسەڵاتدارانی بەغدا لە لایەک و گرینگی نەدان بە ڕەوەندی ناڕەزایەتی گرووپە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەیی بووە هۆی پەیدابوونی قەیران. ئەم قەیرانانە بوونە هۆی ئەوەی عێراق لە هەوڵی بەخۆداچوونەوە لە بارەی چۆنییەتی ڕەفتاری لەگەڵ ئەکتەرانی ناونەتەوەیی و بەرنامەڕێژیی بۆ عێراق لە دوای کۆتایی هاتنی کۆلۆنیالی بێت. بەڵام لە ڕووی ناوچەیی، سەرهەڵدانی پرسی فەلەستین بووە هۆی ئەوەی دوو ڕوانگە لە نێو بژاردەکانی عەرەب پەیدا بن. دەستەی یەکەم پشتگیری نەتەوەگەرایانی عەرەب بوو کە بە زەقی خۆی لە ناو حزبی ئەخا دەدیتەوە و گرووپی دووەم، گرووپێک بوون کە لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوخۆیی وەزاڵە هاتبوون و پێیان وابوو کە بە چاکسازیی کۆمەڵایەتی و لە ڕێگای خەباتی کۆمەڵایەتی دەکرێت نایەکسانی

ئابووری و قەڵشی کۆمەڵایەتی لە عێراقی دوای بەریتانیا پڕ بکرێتەوە. حزبی ئەخا بە پڕکردنەوەی کەلێنەکانی خۆی لە ناو سوپادا، ویستی وەڵامێکی پتەو لە بەرانبەر بێسەروبەریی عێراق و سیاسەتی لاوازی حکوومەت لە بەرانبەر فەلەستین بداتەوە. بۆیە لە جوڵەیەکی شۆڕشگێڕانەدا، کۆدەتایەک لە ساڵی ١٩٣٦ لە لایەن بەکر سدقی ئەنجام درا کە بووە هۆی کەوتنی مەلیک غازی. نەتەوەگەرایانی عەرەب هاتبوونە سەر کار، بەڵام بەپێی ڕەهەندی ناوچەیی پرسی فەلەستین و لە ڕووی نێودەوڵەتیش فشاری ئینگلیز بۆ خێرا تووشکردنی عێراق لە جەنگی جیهانیی دووەم، لێکەوتەی ناوخۆیی زۆری پێوەبوو و هەستی دژەئینگلیزی لە عێراق زۆرتر دەکرد. بە هۆی ئەو پێش-هاتە، ئینگلیز جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٤١ عێراقی داگیر کرد و ئەو کەسانەی کە لە لایەن کۆدەتاچییەکانی حزبی ئەخا وەلانرابوون دیسان هێنانیەوە مەیدان. ڕەشید گیلانی وەلانرا و عەبدوڵا دیسان لە سەر کورسی حکوومەتی عێراق دانیشت. هەموو ئەم هۆکارە ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییانە بوونە هۆی ئەوەی بزوتنەوە خۆسەرەکان و هەستی ناسیۆنالیستی کوردی لە هەرێمی کوردستان ببوژێتەوە. هۆکاری ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ سەرەتایەکی نوێی خەباتی ئازادیبەخش بەم شێوەیەی خوارەوەن:

- کێشەی ڕۆژبەڕۆژ لە هەڵکشانی عێراق لە دوای سەربەخۆیی؛
- نارەزایی سەرلەبەریی پێکهاتەکانی دینی و نەتەوەیی لە شێوازی زۆرکردنی دەسەڵات؛
- گازندەی نەتەوەگەرایانی عەرەب و چاکسازیخوازان لە هەبوونی درزی کۆمەڵایەتی - ئابووری؛
- کۆدەتای حزبی ئەخا لە لایەن بەکر سدقی؛
- تیژبوونی پرسی فەلەستین؛

- ڕووداني جەنگی جیهانیی دووەم و مەیلی ئینگلیز بۆ هێنانی عێراق بۆ ناو جەنگ و دروستبوونی هەستی دژەئینگلیز؛
- ڕووداني کۆدەتای یەک لە دوای یەک تا شۆڕشی ١٩٥٨ی زایینی.

### ٤-٢-٢- دەرکەوتنی ڕێبەرایەتی کوردستان

لە دوای زنجیرە ئەزموون و هەوراز و نشێو، کورد بە هۆی ڕێبەرێکی بەهێز و کاریزماتیک بە ناوی مستەفا بارزانی توانی لە مەیدانی سیاسی ناوچەکە وەک ئەکتەرێکی کاریگەر دەرکەوێت. مستەفا بارزانی بە باوکی ناسیۆنالیسمی کورد دادەنرێت. (Bruinessen, ٢٠٠٠: ١١٦) ئەو لە ساڵی ١٩٠٣ی زایینی لە گوندی بارزان لە خانەوادەیەکی خەباتگێڕ، کە ڕابردووی چەند سەدەی خەباتیان بۆ سەربەخۆیی هەبووە، چاوی بە دونیا هەڵێناوە. ئەو کاتەی کە تەمەنی سێ ساڵ بوە لەگەڵ دایکی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی لە موسڵ زیندانی کراوە. باپیری ئەو، شێخ عەبدوسەلامی بارزانی ڕێبەرایەتی بزوتنەوەی ئازادیخوازیی گرتە ئەستۆ و دواجار لە لایەن عوسمانییەکان لە موسڵ لە سێدارە درا. کاتێک مستەفا بارزانی تەمەنی شانزدە ساڵ بوو خۆی گەیاندە جوڵانەوەی چەکداریی کوردی لە ناو ڕیزەکانی شێخ مەحمودی حەفیدزادەی بەرزنجی. ئەو لە قوتابخانەی ئایینی لە سلێمانی دەرسی خوێندبوو، حەزی لە ئەدەبیات بوو، جگە زمانی کوردی (زۆربەی زاراوەکان) بە سەر زمانی فارسی، عەرەبی و ڕووسیدا زاڵ بوو. لە ساڵی ١٩٢٥ وەک نوێنەری هۆزی بارزان بۆ دیداری شێخ سەعیدی پیران ناردرایە باکووری کوردستان [کوردستانی تورکیا]. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٦٣) مەلا مستەفا کوڕی شێخ محەمەدسدیق کوڕی شێخ عەبدوسەلام بارزانی لە دوای کوژرانی شێخ عەبدوسەلام دەستی بە خەبات کرد. بە خواستی سەران و گەورەکانی بارزان لە ساڵی ١٣٨٩ی کۆچی لە جێگای براکەی دانیشت و لە سەرەتادا بە یەکخستنی هۆزەکانی کورد سەرسەختانە لە سەر دژایەتی

ئەمپریالیسمی [ئینگلیز[١]] بەردەوام بوو. (بورەکەیی، ١٣٧٨: ٧٤١) ئەو بە درێژایی خەباتی لە ساڵی ١٩٣٢ فەرماندەیی پێشمەرگەکانی بارزانی وەئەستۆ گرت. خەباتی دلێرانەی مستەفا بارزانی بۆ شوناسی نەتەوەیی کورد، تا ئەوڕۆش وەک سەرچاوەیەکی شانازی کوردەکان دەناسرێت. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٦٣)

مستەفا بارزانی لە بەر ڕێکخستنی ئەم شۆڕشانە بۆ سلێمانی دوور خرایەوە. لەوێ تا خۆدەربازکردنی لە ساڵی ١٩٤٣ی زایینی لە ماڵی خۆی دەستبەسەر بوو. ئەو شۆڕشی کوردی لە ساڵی ١٩٤٣ دەست پێکرد و تا ساڵی ١٩٤٥، تا چوونی بۆ ئێران بە مەبەستی پشتیوانی لە کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لە مهاباد، درێژەی کێشا. ئەم هەوڵە نەترسانە لە ئێران، تەنیا بە پشتیوانی سۆڤیەت دەکرا کە لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەم، بە سەر هەندێک ناوچەی باکووری ئێراندا زاڵ بوو. بەڵام بە کۆتایی هاتنی جەنگ و سەرەتای جەنگی سارد، یەکێتی سۆڤیەت بۆ کشانەوە لە ئێران کەوتە ژێر فشاری هێزەکانی ڕۆژئاوایی. کریملین بە لەبەرچاوگرتنی پارێز و دانبەخۆداگرتن داخوازیی ڕۆژئاوای بەجێ گەیاند. کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لە مهاباد لەگەڵ ئەوەی تەمەنی پایەدار نەبوو، لە زۆرلا گرینگ بوو. بە تەمای ئەم کۆمارە بوو کە لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. لە دامێنی ئەو حزبە پارتی دیموکراتی کوردستان [عێراق] بە ڕابەرایەتی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی لە مهاباد لەدایک بوو.[٢] بارزانی دوای کشانەوی سۆڤیەت لە

---

[١] مەسعود بارزانی لە کتێبی خۆیدا، ئینگلیز بە ئەمپریالیسمی ئەو کات ناو دەبات. لە لاپەڕە ١١ی ئەم کتێبە، نووسراوە: "عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە ئەمپریالیسمی ئێنگلیز دروستی کردووە. بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕواننە: "بارزانی، مسعود، مبارزات آزادی-بخش مردم اقلیم کردستان و قیام مصطفی بارزانی، چاپ اول ١٣٩٣، نشر مترجم.

[٢] Party Democrat Kurdistan (PDK)

ساڵی ١٩٤٥ لە ئێران ڕۆییشت و چووە یەکێتی سۆڤیەت.[١] ئەو لە دوای ڕووخانی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لە مهاباد بەرەو مۆسکۆ ڕۆیشت و لەوێ چووە بەر خوێندنی سیاسی و سەربازی و گەیشتە پلەی ژەنەراڵی. (طبری، ١٣٦٦: ١٠٧) ئەو تا ڕووخانی پاشایەتی هاشمی لە عێراق لە لایەن عەبدولکەریم قاسم و گروپێکی ئەفسەرانی ئازاد لە ساڵی ١٩٥٨ لەوێ مایەوە. (یلدیز، ١٣٩١: ٤٨)

شرۆڤەی کاری مستەفا بارزانی لە ئاستی ناوچەیی جیاوازە لە کارەکانی ناوخۆیی لە عێراق. ڕوانگەی بارزانیی باوک لە مامەڵەی لەگەڵ سۆڤیەت وەک هێزێکی جیهانی لەبەرچاو نەگیرابوو. ئەو بە مەبەستی هاوکاری بۆ کۆماری کوردستان، نزیکایەتی زیاتری بۆ یەکێتی سۆڤیەت نیشان دەدا. ئەو داوای تانک و چەکی قورسی لە سۆڤیەت دەکرد؛ بەڵام تەنیا کەمە تفنگێک و دەزگای چاپی وەرگرت. لە هەمان کاتدا مۆسکۆ لە بەرانبەر داخوازییەکانی کورد هیچ جۆرە دڵسۆزیەکی لە خۆی نیشان نەدا. یەکێتی گەلانی سوڤیەت قارەمانی وەرگرتن و بەرگری لە مافەکانی کورد نەبوو. بەرژەوەندیی سەرەکی ئەم وڵاتە لە گەیشتنە نەفتی باکووری ئێراندا بوو. بەم دەرئەنجامە سۆڤیەت سوودی لە چالاکیەکانی کورد و ئازەرییەکان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان وەک ئامرازێک بۆ بەرژەوەندیی خۆی وەردەگرت. ئێران لە مانگی مایسی ١٩٤٦ بە پێدانی ئیمتیازی تایبەتیی نەفتی باکوور هاتەڕا. هێزەکانی ڕووسی کشانەوە پاش و کوردیان جێ هێشت. بە گەیشتنی هێزەکانی ئێران بۆ تەورێز بەشێک لە هۆزەکان ڕووی خۆیان گۆڕی و کۆماری کوردستان لە مهاباد کە لایەنگری لە سۆڤیەت دەکرد ڕووخا. لە کۆتاییدا ڕێبەری کۆماری کوردستان قازی محەمەد و برایەکانی لە سێدارە دران. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٦٤)

---

[١] شێوازی چوونی بارزانی لە مهاباد بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران، وەک یەکێک لە کارە سەرسامهێنەرەکانی پارتیزانی بە درێژایی چیاکان، لە بەشی زانستی سەربازیدا شایانی وانەدانەوەیە. (کاکحمد، ١٣٩٧)

دوای پەنابەربوونی بارزانی لە سۆڤیەت، هەندێک خوێندەواری کورد وەک ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغدا خوازیاری بەردەوامیدانی بزوتنەوەی سەربەخۆخوازیی کورد بوون. ئەوان خۆیان پێ ڕێبەری نوێی بزوتنەوی کوردیی لە عێراق بوو و دەیانویست بە پشتبەستن بە ناسیۆنالیسمی کوردی بگەنە تەواوی مافەکانیان. بەڵام کێشەی سەرەکیان ئەوە بوو کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پەیڕەویان لەوان نەدەکرد. هۆکارگەلێکی دەروونناسی، کۆمەڵناسی و سیاسی لە ناو ئەم بابەتە دایە. یەکێک لەم هۆکارانە، پەیڕەوی ڕەهای خەڵک لە بارزانی بوو نەک لە خەڵکی دیکە. ڕوناکبیرانی نوێ چارەیەکیان جگە لە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی نەدەدیت. ئەوان لە هەوڵێکدا ویستیان کارێک بکەن تا ئەو لە سۆڤیەت بێتەوە کوردستان و بزوتنەوە و هەستانی کورد ڕێگای خۆی بگرێتەوەبەر.

**٤-٢-٣- کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ی تەمووز و شۆڕشی عێراق**

دوای مردنی فەیسەل هاشمی، بەکر سدقی بۆ سەرکوتکردنی مەلیک غازی و سەرۆک وەزیرانەکەی یاسین هاشمی، بە هاوکاری حیکمەت دەستبەکار بوون و کۆدەتایەکیان لە دژی مەلیک غازی و کابینەکەی ئەنجام دا. ئەمە یەکەمین کۆدەتا بوو کە لە دوای دروستبوونی عێراق ڕووی دابوو. ڕووداوەکانی دوای کۆدەتا، دەریانخست کە ئەم کۆدەتایە بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی نائەهوەنی و ناسەقامگیریی لە ناوەوەی عێراق و کۆدەتای یەک لە دوای یەکی وەک کۆدەتای ڕەشید عالی گەیلانیش دامێنی عێراقی گرت. لە لایەکی‌تر، بەریتانیا بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ بنەماڵەی هاشمی و هەروەها پشتیوانیی دەوڵەتی بەکر سدقی لە ئەڵمانیا و ئیتالیا و نەچوونی عێراق بۆ لای بلۆکی هاوپەیمانان، بەستێنی بۆ هاتنەوەی دووبارەی هێزەکانی بەریتانیای خۆش کرد. لە ڕووی ناوخۆییش گازندەی شیعە و کورد لە هاوبەشیی حکوومەت، گلەیی سەرۆک هۆزە جۆراوجۆرەکانی عێراق لە پەسندکردنی

یاساکانی زەوی و زاری وەرزێریش بەشێکی زۆری نائەهوەنی و هەراهەرای دروست کرد. هەروەها بەردەوامی پاشایەتی هاشمی هۆکارێکیتری ناڕەزایی ناوخۆیی بوو. (فب مار، ١٣٩٥: ١١١) سەرئەنجام لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ عەبدوسەلام عارف لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم کە هەردووکیان ئەندامی باڵای دەزگای ئەفسەرانی ئەرتەشی ئازاد بوون، دەستیان بە کۆدەتا کرد، پاشایەتی هاشمییان سەروەگۆڕ کرد و شۆڕشی ١٩٥٨ یان نایەوە. (فب مار، ١٣٩٥: ٢٤٢)

کورد لە بەرانبەر ئەم شۆڕشە ڕوویەکی خۆشی نیشاندا و بە سەرەتای وەرزێکی نوێی عێراقیان ناو دەبرد. ئەوان باوەڕیان وابوو کە ئەم شۆڕشە سەردەمێکی نوێی لێکتێگەیشتنە لە نێوان کورد و عەرەب. لە بەندی (٣)ی ماددەی شۆڕشی قاسمدا پێداگری لە سەر یەکسانی کورد و عەرەب کرابوو. لەوبارەوە، مەسعود بارزانی لەو نامەیەی کە ساڵی ١٩٩٠ بڵاوی کردەوە، بەرگری لەم شۆڕشە کرد و بە بەستێنی دۆستایەتی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی عەربی دانا:

"...شۆڕشی ١٤ی تەموز بەرهەمی ئەو ڕەنج و تاڵییە بوو کە خەڵکی عێراق، بە کورد و عەرەب و خەڵکیتر، کێشابوویان تا بتوانن بگەنە خۆشی و ئازادی و لە بندەستی ڕزگاریان بێت. پشتیوانی لە ڕادەبەدەری خەڵک بۆ ئەرتەش و فەرماندەکانی شۆڕش وەک قەڵایەکی پۆڵایینی لێهات کە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕش کەس نەیدەوێرا ڕووبەڕووی بێتەوە. خێرایی سەرکەوتن و نەبوونی تەگەرە، ڕەسەنایەتی ئەم شۆڕشەی دەرخست. ڕێبەری شۆڕشی ١٤ی تەموز توانی ئاسۆیەکی بەرین بۆ خەڵکی عێراق بکاتەوە و پایە و بناغەیەک بۆ یەکێتی و برایەتی کورد و عەرەب و پێکهاتە نەتەوەیی و دینییەکان دابڕێژێت. شۆڕش لە ناوەوە و لە دەرەوە توانی کاری سەرەکی و بەبەر بکات. ڕێبەرایەتی شۆڕشی ١٤ی تەموز دۆزی کوردی بە هەند وەرگرت. لە بەندی سێیەمی دەستووری شۆڕش بە ڕاشکاوی هاتووە کە: «. . .کورد و عەرەب لە وڵاتی عێراق هاوبەشن...» ڕێبەرایەتی شۆڕش بە

باشی لە پرسی کورد گەیشتووە و پەی بەو گرینگییە بردووە کە لە مەیدان و سەنگەری شەڕی نەتەوەیی پرسی کورد چەندە کاریگەر بووە. ئەو بەم کارەی ئەو پەڕی گەورەیی نواند و ڕێزی نەتەوەی کوردی بۆ خۆی ڕاکێشا. بە جۆرێک کە نەتەوەی کورد بۆ پاراستن و چاولێبوونی شۆڕش بە گیان لەسەردەستی ئامادەی هەر جۆرە فیداکاری و گیانبازیەک بوون." (بارزانی، ١٣٩٣: ٩)

دوای سەرکەوتنی شۆڕش، دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی گشتی پێشوازییان لەم شۆڕشە کرد. جەمال عەبدوناسر سەرۆک کۆماری میسر پشتیوانی لە شۆڕش کرد و خێرا چووە سۆڤیەت تاکوو بەستێنی دروستکردنی پەیوەندیی نێوان سۆڤیەت و حکوومەتی بەغدا خۆش بکات. مۆسکۆ فەرمانیدا سوپای ڕووسیا لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا خەریکی مەشق و مانۆڕی سەربازی بن تا دەوڵەتی ئێران و تورکیا لە عێراق لە دژی قاسم کارێک نەکەن. لەو ناوەدا، هەندێک وڵات لە بەرانبەر ئەم شۆڕشە و بەندەکانی شۆڕش بە تایبەتی لە سەر پرسی کوردستان هەراسان ببوون. سەفارەتی بەریتانیا لە تاران لە نامەیەکی نهێنیدا سەفارەتی بەریتانیای لە ئیستانبۆڵ[١] لە دامەزراندن و دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە خاکی کوردستان ئاگادار کردەوە:

"...بڵاو بۆتەوە و دەڵێن کوردەکانی کوردستان دەیانەوێت لە عێراق جیا ببنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە ناوی کوردستان دابمەزرێنن. ئەگەر ئەم بابەتە ڕاست بێت، حکوومەتی تورکیا و دەوڵەتی ئێران نیگەران دەبن و ئەم کارە کاریگەری لە سەر دروستبوونی کوردستانی تورکیا دەبێت. هەروەها بۆ دەوڵەتی ئێرانیش مەترسی دەبێت و ئەم جارە جددی دەبن." (حمدی، ١٩٩٢: ٢٦٥)

---

[١] لە ناوەرۆکی نامەکەدا ئیستامبۆل [استامبول] نووسراوە کە مەبەست هەمان ئیستانبۆڵە [استانبول]. ...ئێستاش کورد زۆرجار بە ئەستەمبۆڵ ناوی دەبات. و

بە پشتیوانیی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی قاسم لە عێراق، نامەیەکی دیکە لە لایەن ئانکارا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ناردرا. لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا هاتووە:

"...ئەگەری ئەوە هەیە کە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە سەر دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی دانیشتن بکات تاکو بتوانێت لەو ڕێگایەوە خۆی و ڕووسیا پەیوەندی لە نێوان هەردوو لا دروست بکاتەوە... ." (حمدی، ١٩٩٢: ٢٦٧)

لەو ناوەدا بەریتانیا لەو دۆخەی کە لە عێراق دروست بووە لە داهاتووی کوردەکان نیگەران بوو. لە تەلەگرافێکی نهێنیدا سەفارەتی بەریتانیا لە ئانکارا هۆشداری لە بارەی هەواڵی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە ژێر دەوڵەتێکی عەرەبیی دایە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا و پلەدارانی باڵای بەریتانیای لە ئانکارا... .

"...وا پێ دەچێت تورکەکان نایانەوێت لە سەر پرسی کۆماری عێراق لە ناو سنوورەکانی ئەم وڵاتە خۆیان خەریک بکەن. لاپەڕەی بەڵگەی ژمارە ٣ی نامەی ٨٥٨ی ڕۆژی ٢٥ی مانگی تەموز. ئەگەری زۆر هەیە جارێکی دیکە تورکەکان لەم بارەیەوە پێداچوونەوە لە بۆچوونی خۆیان بکەنەوە. لە لایەکی دیکە، ئەگەر دەرکەوت کە مەترسی دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی هەبێت یا لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبی دابن، ئەم بابەتە وەک پەرچەکردارێکی لێدێت. چونکە دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی هەر جۆرە بۆچوون و دیدگایەکیان هەبێت بۆ تورکەکان یەک [.....][1] دەبێت. پێ ناچێت تورکەکان ڕێگا بدەن هۆزەکانی باکوور کە زۆربەیان تورکن، ببنە بەشێک لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی. (حمدی، ١٩٩٢: ٢٦٧)

[1] وەک گەف و هەڕەشە دەبێت. و

لە ڕووی نێودەوڵەتیی، شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق، نیگەرانی زۆری بۆ ئەمریکا نایەوە. پەیمانی بەغدا کە بە مەبەستی ستراتیژی ڕێگری لە نفووز و هەروەها ڕێگری لە پەرەخوازیی سۆڤیەت لە بەغدا لە لایەن وڵاتانی تورکیا، ئێران (پێش شۆڕشی ١٣٥٧)،[١] بەریتانیا و پاکستان واژۆ کرابوو، بە شۆڕشی قاسم و مەیلی قاسم بۆ لای جەمسەری سووڤیەت تووشی مەترسی بوو. سەفارەتی بەریتانیا لە واشنگتۆن لە تەلەگرافێکی نهێنیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئاوا دەڵێت:

"...حکوومەتی ئەمریکا هیچ ئاگادار نیە تاکو نیشانی بدات خەباتێکی ڕێکخراو لە دژی ڕژێمی عێراق خەریکی دروستبوونە و باوەڕی وایە کە خەڵک و هێزەکانی عێراقی لە دژی تورکیا دەوەستنەوە و ڕەنگە جوڵەی هێزی تورکیا لە سنووری ئێران و عێراق بێهودە بێت. بۆیە تا ئەو کاتەی حکوومەتی ئەمریکا ئاگایی زیاتری لە بارەی پڕۆژەی تورکیا هەبێت [....]، ئەگەر عێراق دەستوەردانی ئەم وڵاتەی پێناخۆشە، دەوڵەتەکانی هاوپەیمان لە سەر ئەو باوەڕەن کە کاتی لەبار بۆ ناچارکردنی تورکیا بۆ ئەم کارە نەهاتووە." (الأعظمی، ٥)

تورکیا لە بەر ئەوە دەترسا چونکە ئاگاداری یەکگرتنی نێوان شۆڕشگێڕانی عەرەب و کورد بوو، بە تایبەتی خودی بارزانی؛ چونکە لە دیدی ئەوان ئەگەری چارەسەرکردنی پرسی کورد هەیە و دروستبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ لە باشووری سنوورەکانی خۆشی ئەگەرێکی زیاتری هەبوو. تورکیا وای دادەنا کە ئامانجی سیاسەتی عێراق لەم کۆدەتایە لەناوبردنی پەیمانی بەغدایە. ئەم پەیمانەش هۆکاری ئاشتی و ئارامی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بووە. دیاری-کردنی ڕۆژی ١٤ی تەموز بۆ کۆدەتا کە ڕۆژی بەستنی پەیمانی بەغداشە باشترین بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئەوان لە وڵاتانی بێگانە فەرمانیان

---

[١] مێژووی ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندیان بە ئێرانەوە هەیە بەپێی مێژووی کۆچی هەتاوی نووسراون.

وەرگرتووە. (بارزانی، ١٣٩٣: ٣٧) بەڵام نیگەرانی تورکیا لە دروستبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی کوردستان بوو. تورکیا بە جووڵە لە ڕۆخ سنووری عراق، هێزەکانی خۆی ئامادە کرد. بەڵام دەوڵەتی سۆڤیەت بە پەلە هۆشداری دایە تورکیا و یاداوەری کرد کە دانانی هێزی سەربازی تورکیا لە سنووری عێراق بەرپرسیارێتی هەر جۆرە ئۆپەراسیۆنێکی دوژمنکارانە لە دژی عێراقی بە دواوەیە و تورکیا دەبێت ئەم بەرپرسیارێتیە هەڵبگرێت.

لە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ و ڕاگەیاندنی کۆماری عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی خۆی بۆ شۆڕش ڕاگەیاند و کۆمیتەی ناوەندی لە تەلگرافێکدا لایەنگری و پشتیوانی خۆی لە فەرماندەیی شۆڕش کرد و نەتەوەی کوردستانی هاندا تا پشتگیری شۆڕش بکەن و لە بەرانبەر هەر جۆرە وروژاندنێک بوەستنەوە و هەر کەسێک کە بیەوێت بە هەر ناوێک لە ناوەوە یا لە دەرەوەی عێراق کارێک بکات، ئەوا سەرکوتی دەکەن. (بارزانی، ١٣٩٣: ٤٠)

شۆڕشی ١٩٥٨ هەلی بۆ مستەفا بارزانی لەبار کرد تا بانگهێشتی بەغدا بکرێت. عەبدولکەریم قاسم زەمینەی بانگهێشتی ئەوی لە مۆسکۆ بۆ بەغدا ڕەخساندبوو. بارزانی دواجار هاتە بەغدا. بەڵام ئەم پێشوازییە زۆریش بە دڵی وڵاتانی هاوپەیمان نەبوو. وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا و بەریتانیا دەیانزانی کە پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی عێراق هەیە و ئەمەش بۆتە هۆی یەکگرتوویی لە عێراق و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرەیەکی نوێ لە ناوچەکە لە دژی ئەم سێ وڵاتە وەک هاوپەیمانی بلۆکی ڕۆژئاوا دروست دەبێت. لە لایەکی دیکە، یەکسانی نێوان کورد و عەرەب کە بەردەوام لە بەیانەکانی مستەفا بارزانی دەردەچوو، ببووە هۆی هەراسانبوونی ڕیشەیی حکوومەتەکانی ئێران و تورکیا. لە بەر ئەوەی ئەگەری دروستبوونی وڵاتی سەربەخۆی کوردستان هەبوو. کەواتا پەرچەکرداری ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە بەرانبەر گەڕانەوەی بارزانی لە سێ شت زیاتر نەبوو:

- پتەوکردنی بەرەی کۆمۆنیسم لە خۆرهەڵاتی ناوین و لەناوچوونی یەکێک لە کۆسپە ستراتیژییەکانی ڕێگر لە بەردەم هاتنی سۆڤیەت؛
- ترس لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە نزیک کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیا؛
- پشتیوانیی تەواوی سۆڤیەت بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی.

تەیموری بەختیار سەرۆک وەزیری ئەوسای ئێران لە ساڵی ١٩٥٨ لە بڵاوکراوەی تەرەقی لە ژمارەی ١٥-٨٣١ ڕۆژی ١٩٥٨/١٢/١٥ لە ژێر ناوی عێراق ناوەندی پلان و وروژاندنەکان لە دژی ئێران ئاماژە بەوە دەکات...

"...دۆخی کوردستان جێی متمانە نیە، حکوومەتی ئێران سەرنجی داوەتە خەباتی مستەفا بارزانی کە سەردانی قاهیرەی کردووە و ئێستاش لە بەغدایە. بۆ پرسی کورد بە هاوکاریی ڕووسیای سۆڤیەت خەریکی ڕاسانن." (بارزانی، ١٣٩٣: ٦٠)

دۆخی ناوخۆیی عێراق لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم لە بەستێنی ناوچەییدا زیاتر شیاوی شرۆڤەیە. عەبدوسەلام عارف و عەبدولکەریم قاسم کە هەردووکیان لە کۆدەتا لە دژی ڕژێمی پاشایەتی بەشدار بوون، ماوەیەک دوای کۆدەتا و شۆڕشی ١٩٥٨ی زایینی بۆچوونیان لەگەڵ یەکتر گۆڕا. ئەم جیاوازییە لە ناو بەستێنی ناوچەییدا بوو. هاوکات بە دروستبوونی پایەکانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە ڕۆژئاوای عێراق و هەروەها پەیدابوونی جەمال عەبدوناسر لە قاهیرە، دیدگایەک لە نێو نەتەوەگەرایانی عەرەب بە تایبەت لای عارف دروست بوو کە عێراق دەبێت ڕێگەی ناسر و نەتەوەگەرایی عەرەبی بگرێتەبەر. ئەم ڕوانگەیەی ناسر لە لایەن حزبی بەعس و نەتەوەگەرایانی عەرەبی عێراق پێشوازی لێکرا. بەڵام عەبدولکەریم قاسم هەروا لە سەر هێڵی دیمۆکراسی و کۆمۆنیستی خۆی پێداگری دەکرد. ئەم جیاوازییە بووە هۆی ئەوەی جەنگی دەسەڵات لە نێوان دوو

ئایدۆلۆژیای (ناسیۆنالیسمی عەرەب - کۆمۆنیسم) سێبەر بکات. ئەم دۆخە هاوپەیمان و دوژمنانی قاسمی دیاری کرد. لایەنگرانی نەتەوەگەرا لە ژێر ڕێبەرایەتی حزبی بەعس دژی قاسم بوون و لایەنگرانی دیموکراتیش لە ژێر ڕێبەرایەتی حزبی کۆمۆنیست لەگەڵ قاسمدا بوون. پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە ڕێبەرایەتی بارزانی، لە سەنگەری هاوڕایانی قاسمدا بوو و بەرگری لە بنەماکانی شۆڕشیی قاسم دەکرد. (بارزانی، ١٣٩٣: ٦٨) بە لەبەرچاوگرتنی پشتگیری تەواو و تۆکمەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حزبی کۆمۆنیستی عێراق و هەروەها عەبدولکەریم قاسم، پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵەیەکدا[١] لە سەر یەکێتی نەتەوەی کورد و عەرەب ڕوویێکی خۆشی نیشانی حزبی دژبەری قاسمدا."بە ڕای من [مەسعود بارزانی] هەڵەیەکی[٢] گەورە بوو کە هەردوو حزب کردیان." (بارزانی، ١٣٩٣: ٨٤) بەم شێوەیە ناکۆکی لە نێوان حزبی کۆمۆنیست و پارتی دیموکراتی کوردستان سەری هەڵدا و حکوومەتی بەغدا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی ئامادە دەکرد. حزبی بەعس سوودی لەم دۆخە وەردەگرت و ئەم کێشەیەی بە سەرەتای لاوازبوونی قاسم دانا. لە ئاکامدا مادەی سێیەمی کاتیی شۆڕش لە لایەن قاسم وەپاشگوێ خرا و ئەو بنەمایانەی کە بۆ چارەسەری پرسی کورد لەبەرچاوگیرا بوون، لە نێو کێشمەکێشەکاندا لە بیر کران.

لە دەرئەنجامدا بێ متمانەیی لە نێوان بارزانی و قاسم پەرەی سەند و هەر یەکە ئەوی‌تری بە هەڕەشە بۆ خۆی دەزانی. قاسم، بارزانی وەک هێزێکی، تا ڕادەیەک، دژی عەرەبە نەتەوەگەراکان هێنابوویەوە بەغدا. دوای ماوەیەکی کەم ترسی داواکاری سەربەخۆیی کوردستان، قاسمی داگرت. ڕێبەری کوردەکان

---

[١] مەسعود بارزانی لە کتێبی خۆیدا ئەم کارەی بە هەڵە ناو بردووە. بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە: بارزانی، مسعود، مبارزات آزادی‌بخش مردم کردستان و قیام مصطفی بارزانی، چاپ اول ١٣٩٣، نشر مترجم.

[٢] بارزانی بە ڕاشکاوی ناوی ئەم دوو حزبە ناهێنێت. بەڵام ڕەنگە مەبەستی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عێراق بێت.

هەر زوو لە بەرانبەر تێگەیشتنی قاسم کە خۆی بە ڕێبەری هەموو وڵات [عێراق] دەزانی بێ متمانە بوو. ئەو لە بەڵێنی بێکرداری قاسم لە بەرانبەر داوای کورد بە گومان بوو. (فب مار، ١٣٨٠: ٢٧١) ئەم بابەتە ئاشکرا بوو کە ئەفسەرانی ئازاد هیچ جۆرە خۆسەرییەکیان بۆ کورد نەدەویست. هەروەها، هەندێک قەڵشیش لە نێوان دیدگای کوردەکان، بە تایبەت لە نێوان ئەو کەسانەی کە پشتیوانییان لە حکوومەت دەکرد و ئەوانەی کە وەک بارزانی پشتیوانییان نەدەکرد، دروست بوو. دەستەی سەربازیی کوردی بارزانی ناسراو بە پێشمەرگە، هەرێمی کوردستانی لە زاخۆ تا سنووری ئێران خستە ژێر دەستی خۆی. دەوڵەت لە وەڵامدا، دەستی بە بۆمبەباران کرد بەڵام بێ سوود بوو. (یلدز، ١٣٩١: ٥٠)

درێژەی ئەم کێشەیە، ڕەوتی توندوتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی عێراقی توندتر کرد. حکوومەتی بەغدا دەستی بە هەندێک کار کرد، لەوانە ئەفسەر و فەرماندەکانی ئەرتەش بە تایبەتی لە پارێزگاکانی کوردستان بە ئاشکرایی پشتیوانییان لە خاوەن زەوی و دەرەبەگەکان[١] دەکرد تا لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان کار بکەن. ئەو شتەی کە هەستی عەبدولکەریم قاسمی وروژاند، چوونی بارزانی بۆ سۆڤیەت بوو کە لە ١٩٦٠/١١/٥ بە بانگهێشتی یەکێتی سۆڤیەت بە مەبەستی بەشداریکردنی بارزانی لە مەڕاسیمیساڵیادی بیرەوەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر ساز درابوو؛ بارزانی لە مۆسکۆ بە گەرمی پێشوازی لێکرا و بە دوایدا خرۆشچۆف[٢] پێشوازیەکی گەرمی لە بارزانی کرد. (بارزانی، ١٣٩٣: ١١٣) بارزانی لەم دیدارەیدا لەگەڵ خرۆشچۆف نیگەرانی خۆی لە کێشەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و

---

[١] لە دەقە فارسیەکەدا بە فیۆداڵ هاتووە؛ بەڵام بەو پێیەی کە سیستەمی فیۆداڵی، بەستێن و پێناسەی خۆی هەیە بەکارهێنانی بۆ کوردستان جێی باسە و لە وەرگێڕاندا خۆی لێلادراوە.
[٢] Nikita Khrushchev

حزبی کۆمۆنیست دەربڕی و داوای لە ڕێبەری شۆڕەوی کرد تا میکانیزمێک بۆ چارەسەری کێشەکان بگرنەبەر.

بەڵام ئەم شتە تەواو بووە جێی گومانی قاسم. عەبدولکەریم قاسم لە نەبوونی بارزانیدا دەستی بە دەستەسازی سەربازیی کرد بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بارزانی. قاسم دەستی بە هاندانی دوژمنانی بارزانی کرد. بەڵام بارزانی دوای گەڕانەوی توانی سەرکەوێت. ئەم جارە بارزانی کە لە سەکۆی هێزەوە قسەی دەکرد، ئۆلتیماتۆمی دایە قاسم و تێدا خوازیاری کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی زۆرداری و پێدانی خۆسەری کورد و ئازادیی دیموکراتیک بوو. ڕووداوەکان بە خێرایی دەهاتنە پێش. قاسم گوندی بارزانی بۆمبەباران کرد. ئەم شتە وای لە بارزانی کرد تا هەستانێکی گشتگیر ڕێک بخات. دوای ئەوە قاسم پارتی دیموکراتی کوردستانی لە بەغدا هەڵوەشاندەوە، [ئەندامانی] ئەو پارتە گەڕانەوە باکوور [کوردستان] و لەگەڵ بارزانی بۆ جەنگێکی هەمەلایەنە بە مەبەستی سەربەخۆیی یەکیان گرت. لە لایەکی دیکەش ئەو کوردانەی کە لە ناو لەشکری عێراقدا بوون هاتنەدەر و لە بەرژەوەندی بارزانی خۆیان تەیار کرد. (فب مار، ١٣٨٥: ٢٧٤)

لە ساڵی ١٩٦١ی زایینی، کوردەکان بە تەواوی لە دۆخی شۆڕشگێڕیدا دەژیان. مستەفا بارزانی پێگەی خۆی پتەو کرد. هێزەکانی بارزانی کە بە ١٥ هەزار کەس دادەنران بە بەکارخستنی تاکتیکی پارتیزانی هێزەکانی عێراقیان تووشی شکستی سەخت دەکرد و هەزاران مایلی خاکی کوردستانیان خستە ژێر دەستی خۆیان. لە ئاکامدا بە ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی هەرێمی کوردستان گەیشتە سەربەخۆییەکی دیفاکتۆ. قاسم بە مەستی یەکێتی عەرەبی عێراق لە بەرانبەر کورد، نەتەوەگەرایانی عەرەب و ئەو بەعسیانەی کە لە زیندان دابوون، ئازادی کردن. بەڵام ئەم کارە دەرەنجامی پێچەوانەی هەبوو، ئەوان توانیان دووبارە ڕێخستنی سازەیی بکەنەوە. ئەمجارە قاسم دوو دوژمنی هاوبەشی

هەبوون. نەتەوەگەرایانی عەرەب کە تازە لە زیندان ئازاد کرابوون و بەرهەڵستکارانی کورد کە لەگەڵ بەغدا لە جەنگ دابوون. (فب مار، ١٣٩٥: ٢٧٤)

**٤-٢-٤- نەتەوەگەرایانی عەرەب و چارەنووسی خەباتی کوردی**

زۆرترین ئەو گۆڕانکارییانەی کە پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە سەر خۆسەری و مافی کورد لە هەرێمی کوردستان بینییان، لە سەردەمی نەتەوەگەراکانی عەرەب و دواتر حکوومەتی حزبی بەعس بوو. زنجیرەی ئەم گۆڕانکارییانە لێکهاڵاو و بەپێی واقیعی ناوخۆیی و دەرەکیی عێراق بوون. لە دوای ئەو کۆدەتایەی کە حزبی بەعس لە دژی قاسم ڕێکی خست، نەتەوەگەراکانی عەرەب کە بە گشتی پشتیوانییان لە ناسیۆنالیسمی عەرەب و سیکۆلاریسم دەکرد، حکوومەتیان بە دەستەوە گرت. عەبدوڕەحمان عارف لە لایەن ئەنجومەنی باڵای شۆڕش وەک سەرۆکی دەوڵەت هەڵبژێردرا و ئەحمەد حەسەن بەکر وەک سەرۆک وەزیری کابینە دەستبەکار بوو. حزبی بەعس بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتی کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانی قاسم بە چڕی دەست-بەکار بوو؛ بە بەکارهێنانی دەزگای هەواڵگری و ئاسایش[1] لایەنگرانی حزبی کۆمۆنیستیان زیندانی کرد، یا لە سێدارەی دان. ئەم دۆخە، ڕقی سۆڤیەتی، کە لایەنگری حزبی کۆمۆنیستی عێراق و عەبدولکەریم قاسم بوو، هەستاند و بۆیە تەواوی قوتابیانی عێراقی لە سۆڤیەت دەر کرد و هاوکارییە سەربازی و ئابوورییەکانی سۆڤیەت بۆ عێراق گەیشتە نزمترین ئاست. نەبوونی هاوکارییەکانی سۆڤیەت بووە هۆی ئەوەی کە حزبی بەعس توانای سەربازیی خۆی لە دەست بدات و ئەم شتەش بوو بە یەکێک لە خاڵە لاوازە سەرەکییەکانی حزبی بەعس لە بەرانبەر کورد. لە سەر بابەتی سیاسەتی دەرەکی، حزبی بەعس

[1] جیهاز أمن و الاستخبارات

پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەمریکا سازدا و لە سەر پرسی کوێت و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی پێداچوونەوە کرا.

هەروەک لە بەشی پێشتر باس کرا، کورد هاوکاری حزبی بەعس بوون بۆ کۆدەتا بۆ ئەوەی بتوانن خۆسەریی خۆیان لە دوای کۆدەتا بەدەست بێنن. ئیبراهیم ئەحمەد یەکێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد بەرپرسی ڕەوتی گفتوگۆی نێوان کورد و حزبی بەعس بوو. هەر لە سەرەتاوە بابەتی وردی گفتوگۆ ئەوە بوو کە دەوڵەتی نوێ چەندە خۆسەریی دەداتە کورد بۆ ئەوی ئاشتی سەر بگرێت. بە تایبەتی بە تێبینی ئەوەی کە حزبی بەعس بە پێچەوانەی ڕژێمەکانی دیکە حەزی لە جۆرە یەکێتییەکی عەرەبی [لە ژێر چوارچێوەی یەکێتی عەرەب] بوو. بارزانی وێڕای پڕۆژەیەکی دیکە، خوازیاری پەسندکردنی مافی کورد، دامەزراندنی ناوەندی یاسادانان و جێبەجێکردن لە کوردستان، جێگری وەزیری کورد لە بەغدا، لۆژیۆنی کوردی لە کوردستان و دانانی کورد لە هەموو پۆستێک لە کوردستان بوو. بڕیار درا ناوچەکانی کوردنشین، سلێمانی، کەرکووک، هەولێر و هەندێک ناوچەی موسڵ و دیالە بگرێتەوە کە خاکی کوردستان بوون. ئەم خواستانە زیاتر لەو پەیماننامەیەدا بوون کە حزبی بەعس ڕێکی خستبوو. لەبەر ئەوەی کە ئامانجی حزبی بەعس نزیکی لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی (سوریا و میسر) بوو، بارزانی هۆشداری دا کە ئەگەر حزبی بەعس لە یەکێتی عەرەب نزیک بێتەوە، ئەوان خۆسەری زیاتر داوا دەکەن.[١] دوای ئەم دۆخە نێوانی کورد و حکوومەت زیاتر کولاوە. (الدره، ١٩٦٦: ٣٠٨) لە کۆتایی مانگی ئەپریلی هەمان ساڵ، هێزەکانی هەوایی و زەمینی لە کوردستان مۆڵیی بوون و لە سەرەتای مانگی حوزەیران تیمی گفتوگۆی کورد لە بەغدا دەورەیان گیرا و گیران. کوردەکان هەموو ناوچەکانی خۆیان کە

---

[١] کورد بە توندی دژی لکاندنی پێشگر و پاشگری وشەی «عەرەب» بە عێراق و دژی ناساندنی عێراق وەک نیشتیمانی عەرەبیە. ئەم دژایەتییە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا لە لایەن بارزانی باوک و لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن بارزانی کوڕ دەدیترێت.

هاوسنووری ئێران بوو لە ژێر دەستیان دابوو؛ بارزانی هاوکارییەکی بەرچاوی لە کوردەکانی ئێران وەرگرت. ئەم شتە وای کرد هێزەکانی بارزانی ئەو گەمارۆیە بشکێنن کە پێشتر حزبی بەعس بە سەری داسەپاندبوون. لە لایەکی دیکە، نە سوپای ئێران توانای کۆنترۆڵکردنی سنووری هەبوو و نە لەشکری عێراق. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هاوکاریی لە نێوان کوردی ئێران و عێراق بەهێزتر بێت. (فب مار، ١٣٨٠: ٢٨٥)

لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاگر بەستێکی پەسند کرد و گفتوگۆکان لە سەر خۆسەری دووبارە دەست پێکرانەوە. بەڵام هەر کە کورد پێداگری لە سەر کەرکووک و موسڵ لە ناو ناوچەکانی خۆسەری کرد، گفتوگۆکان گەیشتنە شکست. ڕژێمی بەعسی لە دوای شکستی گفتوگۆکان سیاسەتی سەرکوتکردنی کوردی لە ڕێی هێزی سەربازیی گرتەبەر و پرۆسەی بەعەرەبکردنی ئەم ناوچانەی دەست پێکردەوە. (یلدیز، ١٣٩١: ٥١) بەم پرۆسەیە، حزبی بەعس ئامادە نەبوو سیاسەتی بەرگریکردنی قاسم لە بەرانبەر کورد بگرێتەبەر، بۆیە ویستی داگیرکردنی خاکی باکوور [کوردستان] بگرێتەبەر و سیاسەتی عەرەباندنی ئەم زەویانەی پەرە پێدا. بەڵام تا وەرزی زستان کوردەکان وردەوردە زەویەکانیان کۆنترۆڵ کردەوە. لە لایەکیتر، ئەو میانەڕۆیانەی[1] کە لە ناو پێکهاتەی حکوومەت و لەشکری عێراقدا بوون، ئەم سیاسەتەی حکوومەتی بەعسیان لەلا پەسەند نەبوو. ڕژێمی بەعسی ئەحمەد حەسەن بەکر لە چارەسەری کێشەی کورد داهێزابوو؛ هەر ئەم شتەش بووە هۆی بەرەبەرە لاوازبوونی حکوومەتی عێراق. بەڵام کوردەکانیش نەیانتوانی بگەنە ئامانجی خۆیان و یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنیان ململانێی

[1] میانەڕۆکان دامەزراوەی شیعەی حزبی بەعس بوون. تالیب شەبیب و حازم جەواد شیعەی ناوچەی باشوور بوون کە بناغەڕێژی حزبی بەعس بوون... تالیب شەبیب یەکێک لەو نووسەرانەیە کە دانی بە تەعریب ناوە. (کاکحمد، ١٣٩١: ٤٦)

ناوحزبی و ناوخۆی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. (Kutschera, ١٩٧٩: ٢٥٣) کە دواتر بووە هۆی جودابوونەوە. ئەم لێکترازانەی ناوحزبی و هەڵکشانی کێشەکان چەند لێکەوتێکی لێکەوتەوە:

- دروستبوونی گروپێک کە هەمیشە لە لایەن دەوڵەت وەک کارتێکی فشار لە بەرانبەر بارزانی بەکار دەهات؛
- کۆکردنەوەی هێزێکی تۆکمە و شەڕوان لە لایەن بارزانی بۆ وەڵام دانەوەی پەلاماری دەوڵەت لە هەموو هەلومەرجێکدا؛
- نزیکایەتی جەلال تاڵەبانی لە محەمەدڕەزا شای پەهلەوی و عێراق.

یەکێک لە گرینگترین لێکەوتەکانی لەتبوونی حزبی، بڕیاری شای ئێران بوو لە هەمبەڕ خەباتی کوردی لە هەرێمی کوردستان. شای ئێران گروپی بە دەسەڵاتتر و بەهێزتری بارزانیی بە فەرمی ناسی و پشتیوانی لێدەکردن و پڕۆسەی گەیاندنی هاوکارییەکان بۆ ناوچەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری شا بوو. هەروەها شای ئێران حەزی لێبو خۆی بەستێنی جەنگ دیاری بکات و ئەو هاوکارییانەی کە دەگەیشتنە بارزانی مەرجدار بوون. لە مانگی مایسی ١٩٦٥ ئەو چەکە قورسانەی کە دەوڵەتی ئێران ڕێکیدەخستن لە ژێر چاودێری شا دەگەیشتنە کوردستان. (فب مار، ١٣٨٠: ٣٠١) تا ساڵی ١٩٦٥ بێ گومان بارزانی وەک بەهێزترین هێزی ڕابوون بۆ سەربەخۆیی دەرکەوت. ئەو لەگەڵ کوردە بە ئەمەکەکانی خۆی بەهێزتر لە جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد دەرکەوت. ئەو زاڵبوونی خۆی بە سەر پشتێنەی بەرینی ناوچەکە و باکوور پتەوتر کرد، و کاری بەڕێوەبردنی کوردستانی هێنابووە قۆناغی جێبەجێکردن و ئەنجومەنێکی پەنجا کەسی ئەندامی شۆڕش (وەک پەرلەمانێک) و بەڕێوەبەریی جێبەجێکردن (وەک کابینەیەک)ی دروست کرد. کۆنترۆڵ و چاودێری بارزانی شارە گەورەکانی (سلێمانی، کەرکووک، هەولێر و دهۆکی) نەدەگرتەوە بەڵام لە ڕاستیدا شارەکانی بچوکی دەوروبەری شارە گەورەکانی بە تەواوی دەگرتەوە. بەپێی سەرچاوەیەک، ناوچەی ژێر چاودێری بارزانی نزیکەی ٣٥٠٠٠ سیوپێنج

هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە و یەک ملیۆن دانیشتوو بووە. هەروەها ئەوە پێشمەرگەکانی بارزانی بوون کە سنوورەکانی ئێران و تورکیایان کۆنترۆڵ کردبوو. (Valeny, ١٩٧٠: ٢٤٩) بەم دۆخە ئەگەری شکانی ئاگربەست هەبوو. بارزانی و تاهیر یەحیا لە سەر پرسی خۆسەری و ئاسایشی گشتی کۆ بوونەوە. کوردەکان لە سەر گفتوگۆی یەکێتی عێراق و میسر و دامەزراندنی یەکێتی سوسیالیستی عەرەبی نیگەران بوون. لە مانگی ئۆکتۆبەر بارزانی نامەیەکی دایە دەوڵەت و خوازیاری بە فەرمی ناسینی مافی کورد بوو بەپێی بنەمای خۆسەری و ناسینی پێشمەرگە وەک هێزی ڕێکخراوی سنوور. لە کانوونی دووەمی ١٩٦٥ وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند کە تاکوو هێزەکانی کوردی چەک نەکرێن هیچ گفتوگۆیەکی دیکە ناکرێت و هیچ جۆرە خۆسەریەک نادرێتە کوردستان. (قف مار، ١٣٨٠: ٣٠٢)

لە ئەپریلی ١٩٦٥ هەر دوولا جارێکی دیکە کەوتنە ناو ململانێ و دوژمنایەتی، ئەم جارە پەیوەندیی لەگەڵ ئێران هاوسەنگییەکەی لە بەرژەوەندی کورد گۆڕی. ئەو چەکە قورسانەی شا ناردبوونی بوونە پشتیوانی هێرشی کورد؛ لە مانگی سێپتامبەر عێراق بە ئاشکرایی کەوتە ڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر بە ئێران. ئێران، عێراقی بەوە تاوانبار کرد کە لە ناو شەڕی کوردەکان هێرشی کردۆتە سەر گوندەکانی ئێران. عێراق، ئێرانی بەوە تاوانبار دەکرد کە پەنای داوەتە کورد، چەک و لۆجستیکی داوە بە کورد و خوازیاری ئەوە بوو ئێران سنوورەکانی خۆی بپارێزێت. لە مانگی ئەپریل و مەی ١٩٦٦، کارتەکان لە دژی دەوڵەتی عێراق هەڵگەڕانەوە. لە نەبەردێکی سەختی شاخی هەندرێن،[١] کوردەکان بە فەرماندەیی ئیدریس بارزانی سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا و لەشکری عێراقیان ناچار کرد لە دەروازەیەکی ستراتیژی کوێستانی بکشێتەوە

[١] ناوی شاخێکە لە هەرێمی کوردستان (ڕۆژهەڵاتی هەولێر).

و بەم شێوەیە خۆسەری بەردەستی خۆیان پاراست. سەرئەنجام ئەم ڕووداوە و بوونی میانەڕۆکان و سەرۆک وەزیرێکی ناسەربازیی، بەزاز کە کوردەکان باوەڕیان پێ‌بوو، پێکهاتنی ساڵی ١٩٦٦ واتا بە فەرمی ناسینێکی ئازادانەی مافەکانی کوردی بە دیاری هێنا. (Khaduri, ٣٥٨)

ئەم پێکهاتنە پرۆژەیەکی ١٢ ماددەیی بوو کە نەتەوەی کوردی لە ناو دەستووری هەمیشەیی بە فەرمی ناسی، کاروباری جێبەجێکاری لە کوردستان کردە کارێکی ناناوەندی، لە ناوچە کوردنشینەکان زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی ناسی، نوێنەرایەتی کوردی لە پەرلەمان و هێنانەوەی دووبارەی کوردەکانی بۆ ناو لەشکر و خزمەتگوزاری شاری مسۆگەر کرد و سوپاسی ئەو تێچووەی کرد کە بۆ بونیادنانەوەی عێراق درابوون. لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتنی کۆتایی هەرگیز جێبەجێ نەکرا. زۆر کەسی وەک دژە کوردەکانی ناو لەشکر و نەتەوەگەراکانی عەرەب ئەم پێکهاتنەیان لەلا پەسند نەبوو. ئەم پێکهاتنە بە کەوتنی کابینەی عەبدوڕەحمان بەزاز کۆتایی پێهات.

### ٤-٣- حاکمیەتی حزبی بەعس و گۆڕانی پرسی کوردستان

کۆدەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ ئەگەرچی کاری عەبدوڕەزاق نایف[١] بوو، بەڵام حزبی بەعس بە ئاسانی دەستی بە سەر دەسکەوتەکانی ئەم کۆدەتایە داگرت. ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حسین تکریتی دوو کەسایەتی گرینگی حزب بوون. حزبی بەعس لە ١٩٦٣ تا ١٩٦٨ گۆڕانکاری زۆری بە خۆیەوە بینی و بە سوود وەرگرتن لە پەندی ڕابردوو، توانی مانەوەی خۆی لە سەر حکوومەت مسۆگەر بکات و بە دوایدا تا چەندین ساڵ سەقامگیری بۆ عێراق

---

[١] عەبدوڕەزاق سەعید نایيف (١٩٧٨-١٩٣٤)، ئەندامی هێزی سەربازیی و سەرۆکی دەزگای زانیاری و ئاسایشی عێراق بوو؛ ڕۆڵی گرینگی لە کۆدەتای ١٩٦٨ی زایینی هەبوو. دوای کۆدەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ بووە سەرۆک وەزیر. بەڵام دوای چەند هەفتەیەک لە ٣٠ تەمووز لە لایەن بەعسیەکان لادرا و لە عێراق دەریان کرد. دواجار نایيف لە ساڵی ١٩٧٨ لە لەندەن تیرۆر کرا.

بگێڕێتەوە. هەروەها حزبی بەعس بە جددی لە سەر هەندێک پرس کاری کرد. یەکێک لەو پرسە گرینگانەی کە حزبی بەعس توانی لە سەری کۆک بێت و ڕێکاری کاریگەرتری بۆ بدۆزێتەوە، دۆزی کورد بوو. ئەڵبەتە بۆ گەیشتن بەم پێکهاتنە گرینگ و کاریگەرە، ناچار بوو دەست بۆ جەنگێکی پڕ تێچوو ببات.

جگە لە پرسی ناوخۆیی کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو، کێشەی ناوچەیی وەک دروستکردنی یەکێتی نێوان وڵاتانی عەرەبی و سەربەخۆیی تەواوی وڵاتانی عەرەب و کێشە لەگەڵ ئێران لە سەر ڕووباری سنووریی نێوان ئێران و عێراق[1] و هەروەها پشتیوانی لە بەرەی ئازادیخوازیی عەرەب لە خوزستان[2] گرفتیتری عێراقی بەعسی بوو. هەروەها ئێرانیش لە سەر پرسی کورد دەردەسەرساز بوو. ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتداریی شای پەهلەوی، پشتیوانی لە کورد دەکرد و چاودێری ڕاستەوخۆی هاوکارییە لۆجستیکی و سەربازییەکانی دەکرد. پرسی ناوخۆیی و پرسی ناوچەیی و دواتر پرسی نێودەوڵەتی کاریگەری لە سەر دۆزی کورد هەبوو. سیاسەتی دەرەوەی حزبی بەعس بە ڕێبەرایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەرەک وەزیرایەتی سەدام حوسێن، دوو بەشی سەرەکی بوو. لە هەردوو بەشەکەی سیاسەتی دەرەوە، کورد لە ناوەندی سەرنجی سیاسەتی دەرەوەی حزبی بەعس بوو. یەکەمین بەشی سیاسەتی دەرەوە، قۆناغی ڕادیکال بوو کە لە ساڵی ١٩٦٩ تا ١٩٧٣ درێژەی کێشا. بەشێکی هۆکارەکانی دیاریکەری ئەم جۆرە سیاسەتە بەرهەمی خودی ڕژێم بوو؛ هۆکاری دیکە لە لایەن جیرانەکانەوە بوو کە لە بەکارهێنانی ڕژێمێکی نوێ و لاواز نیگەران بوون.

---

[1] عەرەبەکان ئەم ڕووبارە بە شەتولعەرەب ناو دەبەن و ئێرانیەکانیش بە ئەروەندروود ناوی دەبەن. نووسەر بەپێی سەرچاوەکان ناتوانێت بە دڵی خۆی یەکێک لەو ناوانە هەڵبژێرێت. بەپێی دیکیۆمێنتی مێژوویی ناوی ئەم شوێنانە زیاتر پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە.

[2] سەدام حوسێن دواتر خوزستانی بە یەکێک لە ویلایەتەکانی عێراق ناو برد و ناوی ئەهوازی کردە ئەحواز. ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵایسانی جەنگی نێوان ئێران و عێراق بوو.

هەر لەم دەورەیەی سیاسەتی دەرەوەدا، کێشە لە سەر پرسی هەمیشەیی ئەروەندڕووود ڕوویدا و ئێران دەستپێشخەری بوو. لە شوباتی ١٩٦٩ دوای چەندین هەفتە قسەکردن لەگەڵ دەوڵەتی نوێ لە بەغدا، تیمێکی دانوستاندنی ئێرانی ڕایگەیاند کە عێراق بە بەڵێنەکانی خۆی لە ساڵی ١٩٣٧ پابەند نەبووە و خوازیاری کێشانەوەی هێڵی سنووری نێوان دوو وڵات بوو بە درێژایی هێڵی تالوێگ،[١] واتا خاڵی قووڵی ڕووبار. عێراق خۆی لادەدا. ئێران لە ١٩ی ئەپریل بە ئاشکرا پەیمانامەکەی ڕەش کردەوە و لە ٢٢ی ئەپریل بۆ کەشتیوانی لە ڕێرەوی ئەروەندڕوود بە بێ باجدان بە عێراق هەنگاوی نا. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٣١) بە تێبینی ئەو وێنانەی کە تەلەفزیۆنی ئێران لە سەردەمی شا بڵاو کرانەوە، لە کاتی تێپەڕینی بەلەم و کەشتیی ئێران لە سنووری ئاویی عێراق، سەربازەکانی عێراقی ئامادەباش بوون بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی لێنەکەوتەوە. (تلویزیون من و تو، مستند انقلاب ٥٧) ئەگەرچی عێراق کاردانەوەی سەربازی لە بەرانبەر ئەم شتە نیشان نەدا، بەڵام عێراق بە لای کاردانەوەی سیاسیدا کەوت. هەندێک ئێرانی لە عێراق دەرکران، جەنگی میدیایی دەست پێکرا و عێراق دەستی بە هاوکاری-کردنی دژبەرانی ڕژێمی شا، وەک تەیموور بەختیار سەرۆکی پێشووی دەزگای ئاسایشی ئێران،[٢] کرد. ئێران بە زیاتر بەردەوام بوونی لە سەر هاوکاریکردنی کورد، وەڵامی ئەم کارانەی عێراقی دایەوە. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٣١)

دۆزی کورد بۆ عێراق هەر لە سەردەمی عارف بە پرسێکی چارەنەکراو مایەوە. ئەو ئاشتەواییەی کە بەزاز لە ساڵی ١٩٦٦ی زایینی پەسندی کردبوو بێ سوود بوو. لە لایەکیتر هەڵوێستی پارتی دیموکرات لە سەر پرسی کوردستان

---

[١] (Thalweg) هێڵی تالوێگ بنەمای بەڵێننامەی ئەلجەزایرە کە سنووری نێوان ئێران و عێراقی لە سەر ڕووباری ئەروەند دیاری دەکرد، پێشتر ئەم هێڵە لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەروەندڕوود بوو؛ وەلانانی بەڵێننامە دوای شەش ساڵ لە لایەن عێراق بووە هۆی سەرهەڵدانی درێژترین جەنگی نێوان دوو وڵات لە سەدەی بیستەم.

[٢] (سازمان امنیت و اطلاعات کشور) ساواک، دەزگای زانیاری و ئاسایشی وڵات [ئێران] لە سەردەمی پەهلەویی دووەم لە ئێران.

و خۆسەری چڕتر ببوو. پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٦ حەوتەمین کۆنگرەی خۆی بەست و گروپێکی سیاسی پێنج کەسی هەڵبژارد لەو کەسانەی کە سازش ناکەن. بارزانیش سوودی لە هاوکارییە لۆجستیکی و سەربازیەکانی ئێران وەردەگرت. ئەم هاوکارییانە لەگەڵ نەتەوەگەرایی عەرەبی هاوئاهەنگ نەبوو. ڕژێمی نوێ ویستی لەگەڵ دژبەرانی بارزانی و پارتی دیموکرات کەسانی وەک ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی پەیمان ببەستێت و پشتیوانی لەوان بکات. ئەم شتە بووە هۆی نیگەرانی بارزانی و ئەگەری ئەوەی دانا کە لە نێوان ڕژێمی نوێ و پارتی دیموکرات پێکهاتن دروست نەبێت. دۆخەکە گرژ بوو؛ لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ دەوڵەت هێزی هەوایی خۆی بۆ بۆمبەبارانی وڵاتی کوردان بەکارهێنا. لە وەڵامدا کوردەکانیش هێرشیان کردە سەر دامەزراوە نەفتیەکانی کەرکووک. ئەگەرچی خەسارەتەکان سنووردار بوون بەڵام سەنتێزی ئەم تێزە و ئانتی تێز، هەر ئەوە بوو کە ئەگەر ڕژێمی نوێ داواکاری کوردەکان لەبەرچاو نەگرێت، سەرچاوەی بەشێک لە داهاتەکانی دەوڵەت ڕەنگە تووشی ڕاگرتن بێت. چوار لەشکری عێراق نێردرانە باکوور تا لەگەڵ هێزی جەنگاوەری پێشمەرگە شەڕ بکەن. لە ١٩٦٩ کوردەکان بەسوودوەرگرتن لە هاوکاریی سەربازی و لۆجستیکی ئێران توانای بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ هەر چوار لەشکرەکە هەبوو. لە هەمان کاتدا بۆ ماوەیەکی کەم ئێرانیش لەگەڵ هێزەکانی عێراق تووشی جەنگێکی سەخت بوو. ئەم هەلومەرجە وێڕای پرسی ڕووباری ئەروەند دۆخەکەی لە بەرژەوەندیی کورد گۆڕی و تەنانەت ئەوانی باڵا دەستتر کرد. رژێم ناچار بوو تا لە ساڵی ١٩٧٠ ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ بارزانی واژۆ بکات. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٣١)

### ٤-٣-١- ڕێککەوتنی ١١ی مارس و بە فەرمی ناسینی خۆسەریی کوردستان

کورد وەک پێکهاتەیەک، نیازی زمانی و کەلتوریی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە سەرەتای پەیدابوونی عێراق بە فەرمی ناسرابوو و لە ناو دەستووری ١٩٥٨

پەسند کرابوون. خۆسەریی کورد وەک بەشێکی هاوکێشەی سیاسی و یاسایی عێراق، لانیکەم بۆ بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە و لەو کات بەولاوە زۆر جار هاتۆتە سەر کاغەز و پەسەند کراوە. ئەگەر ئەو کاری پێ کرابا، ڕەنگ بوو لە زۆر کێشە پارێز کرابا. (یلدیز، ١٣٩١: ٥٢)

پەیمانی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ لە لایەن مستەفا بارزانی لەگەڵ سەدام حوسێن لە باکووری ڕۆژهەلاتی هەولێر واژۆ کرا. لە ١١ی ئاداری هەمان ساڵ پێکهاتن‌نامەیەکی ١٥ خاڵی بڵاو کرایەوە. ئەم ڕێککەوتن‌نامەیە خۆسەریی کوردی بە فەرمی ناسی (یەکەمین جار بوو ئەم واتایە بە فەرمی لە لایەن ڕژێمەکانی عێراق بە کار بێت). بەپێی ئەم پێکهاتنە، نوێنەرایەتی کورد بە گوێرەی ڕێژەی دەنگدەرانی کورد لە ناو دامەزراوەیەکی دەوڵەتی یاسادانان، دانانی جێگری سەرۆک لە ئاستی وڵات [عێراق]، تایبەت‌کردنی بەشێکی پەسندکراوی داهاتی نەفتی لە ناوچەی خۆسەریی کوردستان و بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی و عەرەبی وەک دوو زمانی فەرمی لە کوردستانی مسۆگەر دەکرد. بارزانییش لەناوبردنی چەکی قورسی هێزی خۆی و تێکەڵکردنی ئەم هێزانەی لە چوارچێوەی عێراق پەسند کرد. بڕیار درا پێش پێدانی سەربەخۆیی و خۆسەری، سەرژمێرییەک بکرێت بۆ دیاری‌کردنی ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی کوردی لێیە. گرینگتر لە هەموویان بڕیار درا پێش ئەوەی کە ئەم پێکهاتنە بگاتە قۆناغی جێبەجێ‌کردن، بۆ ماوەی چوار ساڵ دوا بخرێت. کشانەوەی ڕژێمی بەعس لە پشتیوانی‌کردنی کەمینەی کوردی دژبەر، نیشانەی پێکهاتن بوو؛ هەروەها پێنج کەسی لایەنگری بارزانی چوونە ناو ئەنجومەنی وەزیران. (ڤب مار، ١٣٨٥: ٣٣٤)

ئەم پێکهاتنەی کە هەر دوولا وایاندەزانی بەپێی لۆژیکی بردنەوە – بردنەوەیە، لە سەرەتاوە لە نێو کۆبوونەوەکانی ڕژێمدا باسهەڵگر بوو. لە لایەک حاکمەیەتی بەعسی پتەو دەکرد و بە دوژمنانی حزبی بەعسی دەگوت کە ڕژێم توانای سازکردنی پەیوەندی لەگەڵ دوژمنانی خۆی لە بەرەکانی دیکەدا هەیە. بەڵام زۆر کەس لە ناو حزبی بەعس پێیان وابوو کە باجەکە زۆر گرانە و

بەریشی کەمە. ئەوان دەیانگوت کە ئەم پێکهاتنە وا لە بارزانی دەکات دەسەڵاتی لە سەر ناوچەیەکی پان و بەریندا هەبێت؛ ئەم پێکهاتنە بۆتە هۆی بەفەرمیی ناسینی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر ئەم بەفەرمی ناسینە دەبێتە هۆی گەشە و بەهێز بوونیان لە کوردستان. لە لایەکی‌تر بەشێک لە کوردەکان ڕەخنەیان لەوە دەگرت کە ئەم پێکهاتنە و ڕاگەیاندنە خێرایەی کە بۆ دیاری-کردنی سازەی دەوڵەتی داهاتوو کە بڕیار وابووە لە کوردستان دروست بێت و ئەم دەسەڵاتانەی کە بڕیار وابوو بە کورد بدرێت، سەرکەوتوو نەبووە. لە هەمووی گرینگتر، دواخستنی درێژمەودای خواستی کۆتایی، دەرفەتی بە دەوڵەت دەدا تا پێگەی خۆی پتەو بکات و پێشێلی هەندێک خاڵی پێکهاتن بکات. ئەم پێکهاتنە بووە هۆی شتێکی تایبەت بۆ پێگەی حزبی بەعس. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٣٤)

ئەم پێکهاتنەی نێوان ڕژێمی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی نەگرت. هۆکاری جۆراوجۆر سێبەری بە سەر گرژییەکانی ڕژێم و بارزانی داکێشا. لە تەمووزی ١٩٧٠ پارتی دیموکراتی کوردستان محمد حبیب کریم سکرتێری گشتی خۆی وەک جێگری سەرۆک هەڵبژارد، بەڵام حزبی بەعس ئەوی لە بەر ئەوەی کە ئێرانی بوو پەسەند نەکرد. ئیدریس بارزانی لە ساڵی ١٩٧٠ لە هەوڵێکی تیرۆر کردن لە بەغدا دەربازی بوو. دوو هەوڵی دیکە بۆ تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی لە سێپتامبەری ١٩٧١ و ١٥ تەمووزی ١٩٧٢ دۆخەکەی قەیرانبارتر کرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕژێمی بە تەعریبکردنی ناوچە کوردییەکان تۆمەتبار کرد و ئەو کارەی بە گۆڕانی هاوسەنگیی کوردی بۆ عەرەبی ناوزەد کرد. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٣٩) بابەتی دژوار و سەرەکی، بێ هیوایی سەبارەت بە دۆخی کەرکووک بوو. لە ناو پێشنووسی بەیاننامەکەدا بابەتی کەرکووک و ئەو ناوچە نەفتییانەی کە دەکەونە ناوەوە یا دەرەوەی ناوچەی خۆسەری بە وردی تەفرەی تێکرابوو. (یلدیز،

١٣٩١: ٥٤) لە ڕەهەندی ناوچەییدا ڕژێمی بەعسی بە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندیی سەربازی و بەدەستهێنانی پشتیوانیی سەربازی لە لایەن سۆڤیەت، حزبی شیوعی عێراقی ناچار کرد لەگەڵی پێک بێت و ببێتە هاوپەیمانی. لە ناو ئەم پێکهاتن و پەیمانانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان نادیدە گیرا. بارزانی لە بەرانبەردا، بڕیاری دا لە ئێران نزیک بێتەوە. ئێران کە لە نزیک بوونەوەی سۆڤیەت و هاوکاریکردنی عێراق هەراسان بوو بڕیاری دا بەم پێشنیارە بۆ گۆڕینی هاوسەنگی لە بەرژەوندی هاوپەیمانی ڕۆژئاوایی خۆی بێتە دەنگ. لە ئاکامدا نیکسۆن[١] بڕیاری دا بودجەی ١٦ ملیۆن دۆلاریی بە مەبەستی هاوکاری-کردنی بارزانی تەرخان بکرێت. لە ساڵی ١٩٧٣ دۆخەکە توندتر بوو، پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە هەوڵی وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتری وەک لکاندنی ناوچەی کەرکووک بۆ دەسەڵاتی کوردی بوو. ئەم شتە بۆ بەغدا قورس بوو. ڕژێم هۆشداری دایە کورد بۆ ئەوەی ئەو خۆسەریەی کە حکوومەت بۆی دیاری کردون پەسندی بکەن بەڵام کورد ئەم پڕۆژەیان ڕەد کردەوە و لە ساڵی ١٩٧٤ی زایینی پڕۆژەی خۆسەریی کوردەکان لە لایەن ڕژێم وەلانرا و بەڵێنەکانی هەر دوولا لە پەیماننامەکەدا پێشێل کرا. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٣٩)

سەدام حوسێن مۆڵەتی دوو هەفتەی دایە بارزانی تا یاسای خۆسەریی لە ناوچەی کوردستان پەسەند بکات بەڵام بارزانی ڕەدی کردەوە. (یلدیز، ١٣٩١: ٥٥) ئەو کاتەی مستەفا بارزانی دیسان داخوازییەکانی خۆی بۆ خۆسەری دەربڕییەوە، لە سێپتامبەری ١٩٧٤ جەنگێکی خوێناوی سەری هەڵدایەوە. هێزەکانی عێراق کە بە تانک و فڕۆکەی جەنگی سۆڤیەتیی پڕچەک ببوون، گوندەکانی کوردستانیان خستە ژێر بۆمب و ئاگر. کوردەکان کەوتنە بەر شالاوی چەکی فسفۆڕ و چەکی قەدەغەکراوی ناپاڵم. بۆ یەکەم جار چەکی کیمیایی لە لایەن عێراق لە دژی خەڵک بە کار هات. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٦٨) دەوڵەت بە ناردنی هێزەکانی خۆی بۆ کوردستان، خوازیاری شەڕ بوو لەگەڵ

[١] Richard Milhous Nixon

کورد. ئەم هێزانە بە درێژایی جادەی هاملتۆن[١] مۆڵیی ببوون؛ بەڵام بە هۆی ئەو هاوکارییە سەربازی و لۆجستیکییە قورسانەی کە ئێران بە کوردەکانی دابوو، هێزەکانی بەعسی نەیاندەتونی بەرەو پێشتر برۆن. لە لایەکی دیکە سوریا، کە لەگەڵ حزبی بەعسی سەدام حوسێن کێشەی زۆری هەبوو، هاوکاری هێزەکانی کوردی دەکرد. سەدام خۆی لە نەوییایەتی دیت و ناچار بوو لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ ئێران پەیماننامەی ئەلجەزایر، کە بووە هۆی زیان بۆ کورد، پەسند بکات. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٣٩)

لەم ناوەدا، بە چوونی ڕژێمی بەعسی بۆ ناو بلوکی خۆرهەڵات، دۆزی کورد بووە بابەتێکی جێ حەزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێت نفووزی سۆڤیەت لە ناوچەکە کەم بکاتەوە و هەروەها بتوانێت سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە ئاسیای باشووری خۆرهەڵات بباتە پێش؛ هەروەها بە مسۆگەرکردنی هاوکاری جەنگی بۆ کورد لە دژی بەغدا سەرنجی ئەوان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئێران کە لە ناوچەکەدا یەکێک لە دینگە سەرەکییەکانی پاراستنی بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو، بە پرچەککردن و هاوکاریی هێزەکانی کورد، کە بە چرا سەوزی ئەمریکا بوو، توانی هاوسەنگی لە عێراقدا لە بەرژەوەندیی کورد بگۆڕێت. ئەم شتە کارتێکی بردنەوە بوو بۆ ئێران تاکوو بتوانێت سەدام کۆنترۆڵ بکات و هەروەها لە سەر بابەتی ڕووباری ئەروەند بگاتە چارەیەک. (یلدیز، ١٣٩١: ٥٩) پەیمانی ئەلجەزایر لە ١٩٧٥ی زایینی لە نێوان ئێران و عێراق، ئاسۆی جیاوازی هەبوو. سەدام کە خۆی بە چارەکەری دۆزی کورد دەزانی ناچار بوو بەم پەیمانە پێگەی خۆی پتەو بکات.

---

[١] لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨ و ١٩٣٢ بەریتانیەکان ڕێگایەکیان لە هەولێر بۆ حاجی ئۆمەران لە خاڵی سنووری پیرانشاری کوردستانی ئێران لێدا کە بە ڕواندوزدا تێدەپەڕی و بە جادەی هاملتن بە ناوبانگە. لێدەری ئەم جادەیە ئەندازیارێکی خەڵکی نیوزلەند بوو بە ناوی ئارچیبالد هاملتون (Archibald Milne Hamilton).

لە لایەکی‌تر، بە سەرنجدانی پشتیوانی ئیسرائیل لە کورد، وڵاتانی عەرەبی فشاریان خستە سەر سەدام تا زووتر پەیماننامەکە لەگەڵ ئێران واژۆ بکات. سەدام حوسێن دەیزانی کە هەرچەندە هێزی زەمینی ئامادەی هەیە بەڵام ڕەنگە لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئێران تووشی شکان بێت. لە لایەکی‌تر، هەرچەندە شا بە واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە هاوکارییەکانی بۆ کورد کەم کردەوە بەڵام لە هەمان کاتدا توانی لە سەر ڕووباری ئەروەند وەک سنووری نێوان عێراق و ئێران بگاتە ڕێککەوتن. هەروەها ئیتر شا لە بوون و نفووزی سۆڤیەت لە عێراق نیگەران نەبوو. شا لەم پەیمان‌نامەیەدا خۆی وەک ئەکتەری سەرەکی و پارێزەری کەنداوی فارس چەسپاند. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٥٠)

ئێران دوای پەیمانی جەزایر وازی لە پشتیوانی کردنی کورد هێنا. ئەو ئاگربەستە دوو هەفتەییەی کە ئێران بۆ بەرژەوەندی کورد باسی لێوە کرد هیچ سوودێکی نەبوو. کوردەکان لە ناو دەستەی دە هەزار کەسی بەرەوە سنوورەکان پاشەکشەیان کرد. لەشکری عێراق دەستی بە تۆڵەکردنەوەیەکی دڕندانە کرد و هەزاران کەسی بێ‌چەکی کوشت. عێراق ناوچەیەکی سەربازیی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردنشین، ئێران، تورکیا و سوریای بە بەرینایی ٦٠٠ مایل دروست کرد. (یلدیز، ١٣٩١: ٦١) سی هەزار کەسی کورد لە سنوور پەڕینەوە و چوونە ئۆردوگای پەنابەران لە ئێران. لێکەوتەکانی ئەم ڕۆیشتن و کۆچ کردنانە شکستی خەباتی کوردی لە هەرێمی کوردستان بوو. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٥١) لە ڕاستیدا، ئاشتەوایی لە نێوان گەورەهێزەکان، کوردی بێ‌پەنا و بێ‌هاوەڵ کرد. شەڕوانانی بارزانی بەبێ ئەوەی کە توانای بەردامبوونی شەڕی چەکدارییان هەبێت، بە بناغەیەکی تێکشکاو پەرێشان و وێڵ بوون. هەروەها زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کورد بۆ ناوچە عەرەب‌نشینەکانی باشووری عێراق گواسترانەوە. عەرەبە بەدەوییەکان گوندەکانی کوردیان داگیر کرد و سنووری نوێ بۆ ئەو پارێزگایە کوردیانە دانران کە زۆرینەی کوردی لێبوون. (یلدیز، ١٣٩١: ٦١)

کوردەکان دوای پەیمانی ١٩٧٥ زۆر گۆشەنشین ببوون. ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش گەیشتە بارزانی کوڕ، واتا مەسعود بارزانی. حزبی نوێی دیکە، کە ڕوانگەی چەپیان هەبوو و لەگەڵ هەڵوێستەکانی بارزانی ناتەبابوون، دروست بوون و لە لایەن سوریا پشتیوانیان لێ دەکرا. حزبی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان[١] بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی دروست کرا. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٥٣) یەکێتی نیشتیمانی بۆچوونی هەندێک لە ڕۆشەنبیران و هەندێک ناوچەی باشووری کوردستانی بۆ خۆی ڕاکێشا. شایانی ئاماژەیە بارزانی و تاڵەبانی هەر یەکەو ڕیشەیان لە ناو تەریقەتی دینی جیاوازدا هەبوو: بارزانی ڕیشەی نەقشبەندی[٢] هەبوو و ڕیشەی تاڵەبانیش بۆ تەریقەتی قادری دەگەڕایەوە.[٣] ململانێکانی ئەم ماوەیە کەمتر لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بوو، زۆرتر لە ناوخۆدا لە نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانی چڕ ببوونەوە. ڕژێمی بەعسی لە بەغدا سوودی لەم هەلە وەردەگرت و ئاستی کێشەی نێوان ئەم دوولایەنەی زیاتر دەکرد. (فب مار، ١٣٨٥: ٣٥٣)

### ٤-٤- جەنگی عێراق و ئێران

دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، سەدام لە لێکەوتەکانی دواتری ئەم ڕووداوە دەترسا. بە سوود وەرگرتن لە لاوازیی ئێران هێرشی کردە سەر ئەم وڵاتە. ترسی شۆڕشی ئیسلامی ئێران تەنیا هۆکاری هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران نەبوو؛ بەڵکو ڕژێمی بەعسی پێیوابوو کە لە ڕێکەوتننامەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایردا ئێران پتری بەرکەوتووە. هەروەها پرسی عەرەبی ئەهواز و خورەمشار و چاو لە نەفت بوونی ناوچە نەفتییە گەورەکان هۆکاری دیکەی ئەو جەنگە بوون.

---

[١] Party Union Kurdistan

[٢] ڕێگای نەقشەبەندی هەر لە سەرەتای پەیدابوونی لە کوردستان لە لایەن مەولانا خالیدی شارەزوری ڕوانگەی ناسیۆنالیستیی کوردی هەبووە و نیگایەکی کوردانەی بۆ دین هەبووە.

[٣] ئەم بابەتە تەواو مێژووییە و مەبەستی ڕوانگەی هزریی ئێستای ئەوان نیە.

سەدام وەک هەلێک سەیری گۆڕانکارییەکانی ناو ئێرانی دەکرد. ئەو وایدەزانی کە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و ئاژاوەکان هێزی سەربازیی ئێرانیان کز کردووە. ئەوە بوو کە لە سێپتامبەری ١٩٨٠ هێرشێکی چاوەڕواننەکراوی لە دژی ئێران کرد. عێراق لە سەرەتای شەڕەکەدا باڵادەست بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٢ هاوسەنگیی بەلای ئێراندا داکەوت. ئایەتوڵا خومەینی بە ڕەدکردنەوەی پێشنیاری ئاگربەستی سەدام، ڕایگەیاند کە تا کەوتنی سەردام جەنگ بەردەوام دەبێت. گەشەی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق زەنگی مەترسی بۆ دەوڵەتی ڕیگان[١] لێدا؛ واشنگتۆن بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێزی هەردوو دوژمنی مێژوویی، بە گۆڕینی گەلە سیاسەتێکی زیرەکانە و بەهێز، لای عێراقی گرت. عێراقی لە لیستی وڵاتانی لایەنگری تیرۆریسم دەرهێنا و قەرزی کشتوکاڵی و پیشەیی دووکارکردیی دابە عێراق. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان ئۆپەراسیۆنی ستانچی[٢] [خۆڕاگر] دانا تا وڵاتانی جیهان بخاتە ژێر گوشار بۆ ئەوەی فرۆشتنی چەک بۆ ئێران ڕابگرن. واشنگتۆن ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ عێراق لە ساڵی ١٩٦٧ی زایینی پچڕاندبووی، لە ساڵی ١٩٨٤ گرێیدایەوە. (Khalilzad, ٢٠١٥: ٦٦)

لەگەڵ بەردەوامی بوونی جەنگ، دۆخی ناوخۆی عێراق بەرەو پسان دەچوو. سەدام ناچار بوو لایەنەکانی ناڕازی ڕابگرێت یا ئیمتیازیان پێبدات. بۆ وێنە، دوای ئەوەی ڕۆڵی میانەڕۆکانی شیعە لە ناو حزبدا کەم ببوو، سەدام بڕیاری دا شیعەکان بێنێتە ناو کۆمیتەی ناوەندی حزب و فەرماندەیی ناوەندی. زۆربەی ئەندامانی نوێ خەڵکی شارەکانی زۆربە شیعەی نەجەف و کەربەلا بوون. ئەوان بۆ سەدام بە وەفاداری مانەوە و بوونە هۆی ئەوەی سەدام لە ناوەوە خۆڕاگر بێت. ڕێککەوتن لەگەڵ کورد بە درێژایی شەڕی ئێران و عێراق ئاسانتر بوو. جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ ڕاگرتنی جەنگ لەگەڵ سەدام ڕێکەوت و بووە هاوپەیمانی حزبی بەعس و لەگەڵ

[١] Ronald Wilson Reagan
[٢] Stanchion operation

هێزەکانی دەوڵەت لە دژی ئێران بەشداری جەنگی کرد. بەڵام ئەم ڕێکەوتنە تا ساڵی ١٩٨٥ زیاتری نەخایند؛ دواتر پەیوەندی نێوان تاڵەبانی و سەدام سارد بۆوە. (قب مار، ١٣٨٥: ٤٤٦) بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی مەسعود بارزانی بە درێژایی جەنگ ببووە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم ڕژێمی بەعس. بارزانی لە کاتی گەڕانەوەی لە ئەمریکا بۆ ئێران، دوای دیداری لەگەڵ وەزیری بەرگری ئەوکاتی ئێران و بەڵێننامەیەکی لەگەڵ ئێران بەست. ئەو بەبێ ڕاوەستان دۆخی ژیانی پەنابەرانی کوردی خۆش کرد و هاوکاری مادیی لە ئێران وەرگرت. (پشنگ، ١٣٩٤: ٢١٢)

مەسعود بارزانی هاوپەیمانی توندوتۆڵی لەگەڵ ئێران هەبوو. گرینگترین چالاکی هاوبەشی نێوان کوردەکان و ئێران لە ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری ١٩٨٣ لە پێنجوین بوو کە بۆ دروستکردنی پێگەیەک بۆ دەسەڵاتێکی کوردی لایەنگری ئێران داڕێژرا. بەجۆرێک کە بەغدا نەتوانێت دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە کوێستانییەکان بەرین بکات. سەدام بۆ پووچەڵکردنەوەی هەنگاوەکانی پارتی دیموکرات، بە ڕێککەوتن لەگەڵ تاڵەبانی هەوڵیدا تاکوو هاوسەنگی لە باکوور بەلای خۆی دابخات و ڕۆڵی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی لە تەنیشت سەربازانی عێراقی زیاتر بکات. جگە لەوە، ڕێکەوتننامە بۆ هەڵبژاردنی ئازادانە و نوێ بۆ ئەنجومەنەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن بەسترا و بەشە بودجەی زیاتری کە ٢٥٪ تا ٣٠٪ی کۆی بودجە بوو بۆی تەرخان کرا. بڕیار درا باڵی سەربازیی یەکێتی نیشتیمانی ببێتە بەشێکی لەشکری عێراق و ڕێگایان پێدرا بۆ پارێزگاریکردن لە باکوور چەکی سووک و قورس بەکار بێنن. پێدەچوو تاڵەبانی داوای کردبێت ناوچەی خۆسەری زیاتر بکرێت تا ناوچەکانی بەرهەم-هێنانی نەفتی کەرکووک و خانەقیش، کە لە نزیک سنووری ئێران بوون، بگرێتەوە. ئەمە ئیمتیازێک بوو کە حکوومەت لە دۆخی ڕێکەوتننامەی پێشوو بە توندی خۆی لێ لادەدا. ڕژێم لە بەرانبەر ئەم ئیمتازانە هیوای وابوو کە بە

بەکارهێنانی شەڕوانان وەرزێکی نوێ لە دژی ئێران بکاتەوە و بەرەی دژایەتی لەگەڵ پارتی دیموکرات پەرە پێبدات بۆ ئەوەی کاریگەری هاوپەیمانی ئێران و پارتی کەم بکاتەوە. ئەم کارانە بوونە هاوکار بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە کوردستان لە بەرژەوەندی حکوومەتی ناوەندی عێراق. ئەوان وردەوردە توانای هێرشی ئێران و هەڕەشەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لاواز کرد. بەڵام ئەم ڕێکەوتنانەی نێوان تاڵەبانی و سەدام تا ١٩٨٥ زیاتر درێژەیان نەکێشا. (فب مار، ١٣٨٥: ٤٥٢)

کۆمەڵە هاوپەیمانی و ڕێککەوتنێکی بێ ئاکامی نێوان (پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانی) لەگەڵ ئێران وای لە سەدام کرد تاکوو لە هێرشێکی ترسناکدا کوردەکان سەرکوت بکات. لە ساڵی ١٩٨٦ سەدام حوسێن لە ئاسۆی مەترسیداری ڕێککەوتنی نێوان هێزە یەکگرتووەکانی کورد هەراسان ببوو. (یلدیز، ١٣٩١: ٦٤) سەدام لە مارسی ١٩٨٧ (عەلی حەسەن مەجید[١])ی کوڕە مامی خۆی کردە سکرتێری گشتی حزبی بەعس لە ناوچەی باکوور [کوردستان]. بەپێی ئەم فەرمانە، سەدام دەسەڵاتێکی بێ سنووری لە ناوچەی کوردستان دایە کوڕەمامەکەی. فەرمانی ئەو دەبوو بەبێ ڕاوەستان لە لایەن هەموو دامەزراوە زانیارییەکانی وەک دەزگای زانیاری سەربازی (استخبارات[٢]) و هەموو هێزەکانی ئاسایشیی ناوخۆیی وەک سەرکردایەتی هێزی گەل (قیادە الجیش الشعبی) و فەرماندەکانی لەشکر لە ناوچەی کوردستان جێبەجێ کرابان. (یلدیز، ١٣٩١: ٦٤) لەم ماوەیەدا ئەلمەجید دڕندانەترین ئۆپەراسیۆنی جینۆسایدی مێژوویی ناسراو با ئەنفالی لە دژی خەڵکی بێ دەرەتانی کورد لە ناوچە نەفتاوییەکانی کوردستانی وەک کەرکووک ئەنجام دا و ئەوپەڕی ئەم کارە

---

[١] کوردەکان پێی دەڵێن عەلی کیمیایی. ئەو لە دوای کەوتنی بەعس بە تاوانی جینۆساید و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە سزای لە سێدارەدان گەیشت.

[٢] Intelligence

قێزەونە کیمیابارنکردنی هەڵەبجە، بادینان، شێخوەسان و بالیسان بوو. (کاک-حمد، ١٣٩١: ٧٤)

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠ی جولاّی ساڵی ١٩٨٧ بڕیارنامەیەکی پەسند کرد و خوازیاری ڕاگرتنی جەنگ بوو. ئێران ویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەپاشگوێ بدات و هێزەکانی خۆی لە ناوچە کوردییەکان ئاڵوگۆڕ پێ دەکرد. سەدام حوسێن ئەم کارەی ئێرانی دەدیت کە بە پشتیوانی کوردەکان دەکرا و هێرشەکانی خۆی لە جولای ١٩٨٨ زیاتر کرد. ئەو دەستی بە کاری دڕندانەی ئەنفال کرد. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٧٥) شایانی باسە گوتنی ئەنفال ڕیشەی لە ناو ئایەتێکی قورئان دایە کە ئاماژە بە دەسکەوتەکانی جەنگ دەکات. ئەم گوتنە لە لایەن دەزگای سەربازی بەعسی لە ئۆپەراسیۆنێکی زنجیرەیی هەشت قۆناغیدا بە کار برا کە لە بەهار و هاوینی ١٩٨٨ لە کوردستان کرا. ڕووی جیاوازی ئەم کارەی بەعس لە چاو کارە سەربازییەکانی دیکەی لە دژی کوردەکان و هۆی ناوپیسی ئەوان لە دونیای دەرەوە، بەکارهێنانی سیستەماتیکی چەکی کیمیایی لە دژی ئامانجە سەربازی و ناسەربازییەکان بوو. هەروەها هۆکاری سەرەکی وێرانکردن لە پڕۆژەی ئەنفالدا وێرانکردنی نزیکەی ٤٠٠٠ چوارهەزار گوند، گواستنەوەی نزیکەی یەک ملیۆن و نیو کەس و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵی خەڵکی سڤیل بوو. ئەمە لە کاتێکدایە کە هێشتاش ژمارەی وردتر بڵاو دەکرێنەوە، بۆچوونەکان وانیشان دەدەن کە زیاتر لە ١٨٠٠٠٠ سەد و هەشتا هەزار کەس بە هۆی ئەنفال کوژراون. (یلدیز، ١٣٩١: ٦٣)

هێرشی کیمیایی بەربڵاو و بێ بەزەییانە لە لایەن لەشکری عێراق لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کران. شاری هەڵەبجە و ناوچەی سێوسینان کەوتنە ژێر هێرشی کیمیایی سەدام. بە گشتی ٧٠٣ گوند لە ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن هێزەکانی عەلی کیمیایی وێران کران. گوندنشینان بۆ ناوچەکانی ژێردەستی هێزی پێشمەرگە هەڵاتن یا لەگەڵ خانەوادەکانیان بۆ شار و گوندیتر ڕاگوێزران

یا نێردرانە ئۆردوگای دەوڵەتی. جێی باسە، دەرکەوتە پزیشکییەکانی تیمی پزیشکیی نێودەوڵەتی نیشاندەری ئەوەن کە لەم هێرشانەدا گازی خەردەل بەکار هاتووە. ئەگەرچی تێکەڵەی چەکەکە بە ناڕوونی مایەوە. مەرگی خێرا لە چەند چرکەیەکدا دوای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم چەکە نیشانەی ئەوەیە کە شتێکی دیکەش تێکەڵی ئەم مادە کیمیاوییە کراوە. ئەو توێژینەوە جیایانەی کە لە لایەن پزیشکەکان کران دەریانخست کە ژمارەی مادده کیمیاییەکان بریتین لە خەردەل،[١] سارین،[٢] تابۆن[٣] و ڤی ئێکس.[٤] (یلدیز، ١٣٩١: ٧٤-٦٨)

جەنگی ئێران و عێراق لە دوای هەشت ساڵ، هاوکات لەگەڵ ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو، کۆتایی پێهات. ئێران دواجار بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە سەر بنەمای ئاگربەس پەسند کرد. وێڕای ئەوە، پشتیوانی ئەمریکا هۆکارێکی دیاریکەر لە دەرئەنجامی جەنگ نەبوو؛ لە تەمووزی ١٩٨٨ فڕۆکەیەکی سەفەربەری ئێرانی خستە خوارەوە. تاران هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەم هێرشە بەشێکە لە هەوڵە بە ئەنقەستەکانی ئەمریکا. لەم بارەوە خەلیلزاد لە درێژەی کتێبەکەیدا دەڵێت:

"...لە دیدی من، ئەم شتە کاریگەری دەروونی زۆری هەبوو، وای لە تاران کرد ئیرادەی بۆ جەنگ لاواز بێت. لە کاتێکدا کە هاوسەنگیی بە ئاشکرا بە لای عێراقدا گرانایی دەکرد، لە ئاکامدا ئایەتوڵا خومەینی بەبێ مەیلی ملی دایە پەسندکردنی ئاگربەس." (Khalilzad, ٢٠١٥: ٦٧)

### ٤-٥- جەنگی عێراق و کوێت و سەرەتایەک بۆ گۆڕانکاریی جیۆپۆلۆتیکی

واپێدەچوو کە سەدام حوسێن لە دەرئەنجامی جەنگ لەگەڵ ئێران ڕازی بوبێت، ئینجا خۆی لە بەرانبەر هاوبەشانی عەرەب بێمتمانە دەدیت. وێڕای

---

[١] Sulfur mustard
[٢] Sarin GB
[٣] Tabun GA
[٤] Methylphosphonothioate VX

ئەوەی کە لە کاتی جەنگ، وڵاتانی عەرەبی پارەیەکی زۆریان ڕژاندبووە ناو ئەم شەڕە، بەڵام بە کۆتایی هاتنی جەنگ ئیتر وڵاتانی عەرەبی دەورەی کەنداوی فارس دابینکردنی پارەیان بۆ عێراق لە بەرنامەی خۆیان بردە دەر. لە لایەکیتر کێشەی نێوان کوێت و عێراق کە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم سەری هەڵدابوو لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی دیسان ژییەوە و عێراق وڵاتی کوێتی داگیر کرد. دوو شتی سەرەکی بوونە هۆکاری دەستدرێژی عێراق بۆ سەر خاکی کوێت، یەکیان ئەوەبوو کە ڕێگای هەناردەی نەفتی عێراق پارێزراو نەبوو؛ عێراق لە هەوڵی ئەوەدابوو بتوانێت یەکێک لە تێرمیناڵەکانی نەفتی کوێت بکاتە هی خۆی بۆ ئەوەی هەناردەکردنی عێراق بە دڵنیایی بکرێت. دووەمیان ئەوەبوو کە عێراق زیاتر لە جاران چاوی لە حەوزە نەفتییە گرینگەکانی کوێت بوو. عێراق لە ساڵی ١٩٩٠ ڕایگەیاند کە ناوچە نەفتیەکانی ڕومێلە، کە کوێت بەکاریان دێنێت، دەبێت لە ژێر دەسەڵاتی عێراق بن. بۆیە داوای قەرەبووی بە بڕی ٤/٢ ملیارد دۆلار لە کوێت کرد. هەروەها عێراق دەوڵەتی کوێتی بەوە تاوانبار کرد کە بە زیادکردنی هەناردەی نەفت، بۆتە هۆی هاتنەخوارەوەی نرخی نەفت و بەم هۆیەوە بڕی ١٠ ملیارد دۆلار زیان وەبەر هەناردەی نەفتی عێراق کەوتووە. ئەوە بوو کە کێشەی خاک و ئابووریی نەفتی، عێراقی کێشایە ناو جەنگێکی نوێ.

وێڕای هۆشداری سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەر جەنگی عێراق دژ بە کوێت، سەدام بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە کوێت پارێزگای نۆزدەیەمی عێراقە لە ٢١ی ئابی ١٩٩٠ ئەوێی داگیر کرد. هێزەکانی بەرگریکاری کوێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەڵاتن؛ عێراق لە ماوەی کەمتر لە یەک هەفتە کوێتی بە وڵاتی خۆیەوە نووساند. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٧٧) بڵێسەی جەنگ بە توندی پەرەی دەسەند. کۆمەڵگای جیهانی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیە کگرتووەکان لە چەندین بڕیارنامەدا ئەم کارەیان ئیدانە کرد. لە ڕووی جیهانییەوە ڕۆڵی ئەمریکا وەک هێزی زاڵی جیهان ڕەنگی دابۆوە و بە یەکەمین هاتنی بۆ ناو خۆرهەڵاتی

ناوین کارنامەیەکی ئەرێنی بۆ خۆی تۆمار کرد. لە ئۆپەراسیۆنی قەڵغان و تۆفانی بیابان، ئەمریکا و ناتۆ توانییان ڕۆڵێکی ئەرێنی لە سیستەمی نوێی جیهانیدا بگێڕن. دوای جەنگ ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر عێراقدا گۆڕانێکی ڕیشەیی بە سەردا هات.

دوای ئاگربەسی نێوان ئێران و عێراق، سێ هەڵبژاردە لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەرانبەر عێراق لەبەرچاو گیران: یەکەم، سیاسەتی ڕاگیر-کردن لە بەرانبەر عێراق لە ڕێگەی بەهێزکردنی ئەمریکا لە کەنداوی فارس، پشتیوانی لە ئێران بە مەبەستی دروستکردنی هاوسەنگیی هێز[١] لە خۆرهەڵاتی ناوین لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئابلۆقەی سەر ئێران و پێدانی تەکنەلۆجیا و تەکنیکاتی پێویست بە ئێران، زیاتر جڵەوگرتنی زیادەڕۆیی ئێران و عێراق لە ڕێگەی هاوپەیمانەتی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی ناوچەیی بۆ ئەوەی ئابلۆقەکان لە دژی هەردوولا پتەوتر بن. (خلیلزاد، ١٣٩٥: ٦٨) دوای جەنگی کوێت و شکانی سەدام و بەهێزبوونی ئەمریکا لە کەنداوی فارس، بۆشی باوک[٢] سەرۆک کۆماری ئەوکات داوای لە خەڵکی عێراق کرد تا چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان بێت و سەدامی دیکتاتۆر وەلا بنێن. بۆش لە ١٥ شوباتی ساڵی ١٩٩١ لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا بۆ عێراقییەکان ئاخاوت و هانیدان بۆ ڕابوون: ڕێگەیەکی دیکەش بۆ ڕاگرتنی خوێنڕێژی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لەشکر و خەڵکی عێراق بارودۆخەکە بخەنە ژێردەستی خۆیان و هێزەکانی عێراق لە سەدام دوور کەونەوە و دواتر بەپێی بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

---

[١] بەرنامەداڕێژانی سیاسەتی بەرگری لە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا وایان وێنا کردبوو کە عێراق لە دوای جەنگی ئێران و عێراق بۆتە هێزێکی باڵادەستتر و ئەم شتە بووە هۆی هاتنی هەژموونێک لە ناوچەی خۆرهەڵاتیناوین. ویلایەتە یەکگرتوەکان دژی پەیدابوونی هەر هەژموونێکن لە ناوچەکە. بۆ خوێندنەوەی زیاتر بگەڕێنەوە بۆ: خلیلزاد، زلمی، فرستاده، ١٣٩٥، انتشارات عازم کابل.

[٢] George Herbert Walker Bush

جارێکیتر بگەڕێنەوە لای خانەوادەی نەتەوە ئاشتی دۆستەکانی جیهان. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٧٩)

دواتر خەڵکی ناڕازی لە بەسرا لە دژی سەدام ڕابوون. لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ڕابوونێکی چەکداری لە سەرتاسەری عێراق دەستپێکرا. سەدام هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕژێمەکەی حەوت پارێزگای لە دەست داوە و تەنیا پارێزگای ئەنبار بۆ ئەو بە وەفاداری ماوەتەوە. دۆخەکە لە کوردستان ئاڵۆزتر بوو. (خلیلزاد، ١٣٩٥: ٧١) ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی تێدەپەڕین. ڕاپەڕینی گەلی کوردستان بە چاودێری ڕاستەوخۆی مەسعود بارزانی لە ناوچەی (قاسمەڕەش) ڕێکخرا. بە دیدگای شکستی سەدام، زۆرێک لە جاشەکان[١] ئەمەیان بە هەل زانی تا لێی هەڵگەڕێنەوە. لە ئاکامدا هێزەکان و متمانەی پێشمەرگە چەندین بەرابەر بوو. ڕێبەرانی کورد گوتیان کە لەم ڕاپەڕینە مەزنە سەریان سوڕ ماوە. لە دیدگای سەربازی، کورد سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا. زیاتر لە ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار کەسی هێزی چەکداری عێراق وایان دەزانی کە وێڵ کراون. لە سلێمانی نزیکەی ٩٠٠ کەسی دەزگای زانیاری ڕژێم (موخابەڕات) لە یەک ڕۆژدا کوژران. (یلدیز، ١٣٩١: ٨٠) سەدام بێ بەزەییانە تۆڵەی لە خەڵکی کورد کردەوە. هێزەکانی عێراقی هاتنە ناو شارەکانی کوردنشین و دژبەرانی سەدامیان یەکسەر ڕەشەکوژ کرد. ملیۆنان کەسی کورد، کە هێشتا هێرشی کیمایییان لە بیر مابوو، بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا ڕۆیشتن. (خلیلزاد، ١٣٩٥: ٧١) ئێرانیش میوانداری کۆچبەرانی کوردی کرد و ئەوانی لە باوەشی خۆی گرت. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٧٩)

ڕوانگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئەم دۆخە سێ شت بوو: ئامانجگیری فڕۆکە شەڕکەرەکانی سەدام، تۆکمەکردنی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و شیعە و

---

[١] وشەی جاش لە ناو گوتە جەنگییەکانی نێوان کورد و عێراق، بەو کەسانە دەگوترێت کە لە کاتی شەڕدا لە بەرژەوەندی عێراق خیانەتیان بە کورد کرد... .

دروستکردنی ناوچەی ژێر پارێزگاری ئەمریکا لە کوردستان و باشووری عێراق. سەرئەنجام ویلایەتە یەکگرتووەکان بەپێی بڕیارنامەی ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیە کگرتوەکان بە دروستکردنی ناوچەی قەدەغەکرنی فڕین[١] لە کوردستان، بەپێی ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسایش، بەستێنی گەیاندنی هاوکاریی مرۆیی بۆ کوردەکان ڕەخساند. (خلیلزاد، ١٣٩٥: ٧٢) لە ١٣ی ئەپریلی ١٩٩١ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دوای ڕێکەوتننامەیەکی کاتی لەگەڵ تورکیا، ئۆپەراسیۆنی فریاکەوتنی بۆ ئەو ئاوارانەی کە ناوچە سنوورییەکان گیریان خواردبوو دەستپێکرد، بۆ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست بە هاوکاریی مرۆیی بکەن. ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسایش، بریتی بوو لە ئامادەکاری زەمینی و هەوایی کە ١٥٥٠٠ پانزدە هەزار و پێنجسەد تۆن کەرەستەی دەگرتەوە و لە لایەن ٢٠٠٠٠ بیستهەزار کەس لە ١٣ سێزدە وڵاتدا ڕێنوێنی بۆ دەکرا. (یلدیز، ١٣٩١: ٨٦) سێ ڕۆژ دواتر لە ١٦ی ئەپریلی ١٩٩١ بۆشی باوک لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە هێزی سەربازیی ئەمریکا دێتە ناو هەرێمی کوردستان و ئۆردوگای ئاوارەکان بە مەبەستی دروستکردنی سەرپەنا و خواردن بۆ ئاوارەکانی ناوچە سنوورییەکان، کە نێوان عێراق و تورکیا پەرت و بڵاوبوونە، دروست دەکەن.

> "...ئەمە شێوازێکی زۆر سادەیە: ئێمە دەبێت خواردن، دەرمان، بەرگ و سەرپەنای پێویست بۆ ئەو کوردانەی کە بە درێژایی کوێستانەکانی سنووری تورکیا و عێراقدا دەژین دابین بکەین، دەبێت کوردەکان هان بدەین تا بچنەوە ناوچەکانی کوردستان؛ کەشی ئەوێ هەوڵی هاوکاریە فراوانەکان ئاسان دەکات." (Freedman & Boren, ١٩٩٢)

لە پشت ئەم گۆڕانکارییانە هێڵی سەوزێک وەک سنووری نێودەوڵەتیی بۆ هەرێمی کوردستان داندرا کە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆکی دەگرتەوە.

---

[١] NFZ دوای ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی ناوچەی دژەفڕین لە پشت هێڵی ٣٦° دەرەجە بە مەبەستی پاراستنی کورد لە سەر عێراق هاتە جێبەجێکردن.

بەڵام شاری کەرکووک لە دەرەوەی ئەم سنوورە بوو. دەوڵەتی بۆش نەیدەویست کۆنترۆڵی نەفت لە دەست کوردەکان بێت چونکە کۆنترۆڵکردنی نەفت لە لایەن کوردەکان دەبووە ئامرازێکی ئابووری بۆ سازبوونی سەربەخۆیی کورد. (فـیـلـیـپس، ١٣٩٥ : ٨٠) بەم مەبەستە یەکەم پێگەی ئەهوەن لە شاری زاخۆ دروستکرا و هێزەکانی عێراقی بەپێی خێرایی دروست-کردنی ئۆردوگا ئەهوەنەکان پاشە کشەیان دەکرد و گەیشتنە ڕۆمادی لە ڕۆژهەڵات و دهۆک لە باشوور. عێراق تانەی فەرمی گەیاندە نەتەوە یەکگرتووەکان؛ دروستکردنی ناوچەی ئەهوەنی بە پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی عێراق ناوزەد کرد و بە هێرشی ئاشکرای بۆ سەر یەکپارچەیی عێراق دانا. لەگەڵ ئەوەشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا هۆشداریان دا کە فڕینی فڕۆکەکانی عێراق لە باکووری بازنەی ٣٦ دەرەجە قەدەغەیە و هێزە چەکدارەکانی عێراق ناتوانن بێنە ناوچەی پانی ٣٦ مایل بە ٣٦ مایل کە بە مەبەستی ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسایشی دانیشتوانی کورد دروست کراوە. (یلدیز، ١٣٩١: ٨٨)

سەدام حوسێن وایدەزانی کە بە ئازادکردنی کوێت جەنگ تەواو دەبێت و هەرێمی کوردستان بەبێ بەغدا ناتوانێت بگاتە ڕێچارەیەکی گشتی و بەردەوامی بداتە مانەوەی خۆی. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٨١) لە لایەکیتر پارتەکانی هەرێمی کوردستان ئاگایان لەو چاڵانە بوو کە بۆ سیاسەتی ناوچەی ئەهوەن هاتبوونە پێش. لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەوەی کە پێویستە بۆ ڕێککەوتن لە سەر خۆسەریی لەگەڵ سەدام حوسێن بێنە گفتوگۆ. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەر بنەمای بڕیارنامەی ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش پشتیوانی لەم ڕێکەوتنە کرد. گفتوگۆکان سەرەتا بە باشی دەچوونە پێش. پێشنیاری هەردوو حزبی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەدام بەرینکردنی پێکهاتەی فیدرالی عێراق بەپێی بنەمای دیمۆکراسی، پلورالیسم و دەسەڵاتی یاسا لە بەغدا بوو. لە کۆتاییدا تاڵەبانی لە

دوای گفتوگۆکان گوتی بەڵێنمان لە سەدام وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش (هەرێمی ناوخۆی حزبی بەعس) هەڵوەشێتەوە و هەڵبژاردنی ئازاد بکرێت. لە مەی ١٩٩١ مەسعود بارزانی ڕایگەیاند کە پڕۆژەی ئەو لە بەغدا لە سەر ئەوەی کە کەرکووک پایتەختی ئیداری هەرێمی کوردستان بێت سەرکەوتوو بووە. بەڵام لە کۆتاییدا گفتوگۆکان شکستیان خوارد و کێشەی نێوان ڕژێمی دەسەڵاتدار و پارتەکانی کوردستانی سەری هەڵدایەوە. سەدام بە چڕکردنی پڕۆسەی عەرەبیسازی ناوچە هەستیارەکانی کوردستان لەوانە کەرکووک و سنووردارکردنی کاری ئاسایشیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ناوچە کوردنشینەکان، وەڵامی شکستی گفتوگۆکانی دایەوە کوردەکان. (یلدیز، ١٣٩١: ٩١)

### ٤-٦- بەرەو هەرێمێکی خۆسەر

دوای بڕیاری کۆمەڵگەی نەتەوەکان لە سەر دروستکردنی ناوچەی قەدەغەکراوی فڕین لە کوردستان و باشووری عێراق، دۆخەکە بۆ هەرێمی کوردستان ڕوانگەی نوێی لێکەوتەوە. پێشمەرگەکان بەرپرسی پاراستنی ئاسایش بوون، بەڵام کوردستان کەلێنی ئیداری هەبوو. بەرەی کوردستانی کە پێکدەهات لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و شەش پارتی دیکە، بۆ هەڵبژاردنی حکوومەتێکی خۆسەر و پارلەمانی نیشتیمانی کوردستان دەست بەکار بوون. ڕۆژی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ خەڵکی کوردستان لە خاڵی دەستپێکی دیمۆکراسیەوە هاتنە سەر سندوقەکانی دەنگدان. ئەو دەرئەنجامەی کە لە سندوقەکان هاتەدەرێ بۆ زۆر لە چاودێرانی جیهانی سەرسوڕهێنەر بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان ٤٥٪ دەنگەکان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ٤٤٪ دەنگەکانی بە دەست هێنا. لە کۆتاییدا ئەم دوو پارتە توانییان حکوومەتێکی هاوپەیمانیی دروست بکەن کە لە سەر بنچینەی دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ بوو؛ دواجار بۆ کوردەکان دۆخێکی خۆسەری هاتە ئارا.

فیلیپس ئەم خۆسەرییە بە خۆبەڕێوەبەری ناو دەبات. هۆکاری ئەم ناو لێنانە ئەوەیە کە کوردستان لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمارێکی دیموکراتیک و فیدرال لە عێراقدا مافی خۆی دەپارێزێت. پارلەمانی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ زۆربەی یاساکانی عێراق، جگە لەو یاسایانەی کە لە دژی ستاندەری جیهانیی مافی مرۆڤن، ڕێککەوت. جیاوازیی نێوان یاساکانی عێراق بە بەراورد لەگەڵ یاساکانی هەرێمی کوردستان لەوەدابوو کە هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای لەدایکبوونی حکوومەتی کوردی، دیمۆکراسی کردە سەرمەشقی خۆی و هەرچۆن بێت لە هەوڵی ڕاهێنان و کارایی کردنی دامەزراوەی دیمۆکراسی بوو. لە سەر ئەم بابەتە ڕێبەری کاریزماتیکی کوردستان بەڕێز بارزانی لە یەکەمین وتارەکانی خۆی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی زایینی لە شاری کۆیە[١] خوازیاری دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتیک بوو لە سەر بنەمای دەنگی خەڵک. کوردەکان وێڕای هەلومەرجی نائاسایی هەستێکی بەڕواڵەت نائەهوەنیشیان هەبوو. ئەوان کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبرد، لە کاتێکدا هێزە چەکدارەکانی عێراقی تەنیا بازگەی ڕێگاکانیان لە دەست دابوو. هەروەها کوردەکان تێکۆشان تا لە ڕووی کەلتوریەوە، پرسی شوناس پتەو بکەن؛ نەوەی دوای ١٩٩٢ ئیتر عەرەبی نەدەزانی.[٢] کوردی بووە زمانی پێوەر لە ناوچەکانی کوردی و کوردستان گەڕێکی سەیری لە پرسی فەرهەنگی و زمان لە دوای ١٩٩٢ بە خۆیەوە بینی.

---

[١] شاری کۆیە یا کۆیسنجەق شارێکی مێژوویی و کەلتوریی هەرێمی کوردستانە و سەر بە پارێزگای هەولێرە.

[٢] یەکێک لە هەڵەکانی ناسیۆنالیسمی کوردی سڕینەوەی زووی زمانی عەرەبی بوو لە قوتابخانەکان. دەبوو کاتێک زمانی عەرەبی وەلانرابا کە لە ڕووی زانستی کاری زۆر لە سەر زمانی کوردی کرابا. یەکێک لە هۆکارەکانی بەرتەسک بوونی مەودای هزریی خوێندەوار و زانکۆییەکانی باشووری کوردستان ئەوەیە کە تەنیا بە زمانی کوردی دەخوێنن. و

لە حوزەیرانی ١٩٩٢ ئەحمەد چەلەبی کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی[١] دامەزراند. ئەم گروپە پێکدەهات لە شیعە، سوننی و کورد.[٢] چەلەبی بە ڕێکخستنی کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆن لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ ئەم شتەی خستەگەڕ. ئەم جارە دوو گروپی گەورەی شیعە کە زۆرینە بوون (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عێراق و حزبی دەعوەی ئیسلامی) هاتنە ناو کۆنفرانسەکە. شوێنی کۆنفرانسەکە لە ناوچەی پارێزراوی هەرێمی کوردستان بوو.

ئەم دۆخەی خۆبەڕێوەبەری تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ی نەخایاند و لەبەر هۆکاری ئابووری شکستی حکوومەتی عێراقی لێکەوتەوە. داهاتی نەفتی، کۆکردنەوەی باج و کێشەی خاک ئەو کێشانە بوون کە کوردستانی لە دۆخێکی خۆبەڕێوەبەری بەرەو دۆخێکی قەیراناوی برد و بووە هۆی دروستبوونی دژایەتی و کێشە. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٣٤) بەشێکی دیکەی ئەم دژایەتییە، جگە لە داهاتی نەفتی و پرسی ئابووری، ڕەگیان لە ناو پرسی هەژموونیکی هەر دوو پارتدا هەبوو، کە کاریگەری ڕابردوویان لە سەر بوو. (خانپور و دیگران، ١٣٩٢: ٢٠) بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی نێوان هەردوو پارت، هۆکاری کێشە و دژایەتی نێوان دوو پارتەکە لە سەر دەسەڵات ڕوون دەبێتەوە.

دۆستانی نێودەوڵەتی کوردستان دوای کۆکبوون بۆ دامەزراندنی حکوومەت لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی کەوتنەخۆ. بەڵام لە دوای ١٩٩٤ و هەڵکشانی ئاستی گرفتەکان بۆ جەنگی ناوخۆیی، بووە هۆی دڵساردبوونەوەی دۆستە نێودەوڵەتییەکانی کوردستان. لە بەرانبەردا ئێران، تورکیا، عراق و سوریا ئەم دۆخەیان بەکاردەهێنا و توانییان بۆ خۆیان کەلک لە جەنگی نێوان پارتە کوردییەکان وەرگرن. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٣٤)

---

[١] ناوێک کە لە کۆنگرەی نەتەوەیی هیندی گاندی و کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای ماندێلا بە ودم وەرگیرا بوو.

[٢] کوردەکان نەفرەتیان لە وشەی عێراق و عێراقیبوونە و حەزیان لە هیچ کونگرەیەکی عێراق نیە؛ بەڵام بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بە ناچاری دەچنە ناو ئەم بۆنانە.

لە لایەکی‌تر، لە ساڵی ١٩٩٥ کوردەکان لەگەڵ لکێکی لەشکری عێراق و بە پشتیوانی دەزگای ناوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی تیرۆرکردنی سەدامدا بوون؛ بەڵام بەرنامەکەیان سەری نەگرت. بە شکاندنی ئاگربەسی نێوان هەردوو پارت لە ساڵی ١٩٩٦، جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی، لەگەڵ ئێران و سوپای پارێزەرانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران چووە ناو هاوپەیمانیەک. لە تەمووزی ١٩٩٦ سوپای پاسداران بە هاوکاری حزبی یەکێتی نیشتیمانی هێرشیان کردە سەر پارتی دیموکرات و بارزانی لە بەرانبەر ئەم کارە بە چراسەوزی ئەمریکا بەرەو بەغدا ڕووی وەرگێڕا. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٣٥)

سەرۆک کۆمار کلینتۆن لە دیسەمبەری ١٩٩٨ ئۆپەراسیۆنی ڕێوی بیابانی سازدا بۆ ئەوەی بەرنامەی چەکی کۆمەڵکوژیی سەدام لە ناو ببات. (خلیلزاد، ١٣٩٥: ٨١) کلینتۆن موشەکی کروزی لە دژی سیستەمی بەرگری عێراق بەکارهێنا. دواجار پەیمانی ئاشتیی واشنگتۆن لە نێوان دوو پارت لە ١٧ی سێپتامبەری ١٩٩٨ واژۆ کرا. کاتێک بۆ هەڵبژاردنەکان لە هاوینی داهاتوو دیاری کرا و بەپێی بڕیارنامەی ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە بڕیاری هەردوولا هاتن و مانەوەی هێزەکانی ڕژێم لە کوردستان قەدەغە کرا. لە هەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە هەر جۆرە هێرشێکی سەربازی لە لایەن عێراق، لە لایەن ئەمریکا وەڵام وەردەگرێتەوە. بیل کلینتۆن کە سەدامی بە کەسێکی شەڕخواز دەزانی لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ بەپێی بەڵێنی هاوکاریی هێزی ئەمریکا بۆ هەردوو پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و گرووپەکانی عێراقی مادەی ئازادسازی عێراقی واژۆ کرد. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٣٧)

ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە دوای جەنگی کوێت سەرکەوتنی گەورەی خۆی نیشان دابوو، ڕۆژبەڕۆژ لە نفووز و بێ‌منەتی سەدام نیگەرانتر دەبوو.

بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپی و بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دوای ئۆپەراسیۆنی ڕێوی بیابان لەوە دڵنیا بوون کە نەک هەر سەدام لاواز نەبووە بگرە ترسناکتریش بووە. باسی سەرتایی ئەوەبوو کە ئایا سیاسەتی ڕاگرتنی سەدام سەرەکیات بێت یا کەوتن و گۆڕینی ڕژێمەکەی. بەڕێوەبەرانی باڵای کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگری لە سەر ئەو میکانیزمانەی کە بتوانێت ئەم ستراتیژییە وەدەست بێنێت تووشی گرفت ببوون. وەزارەت نیگەرانی بەردەوامی ناوچەی قەدەغە کراوی فڕین بوو. کارێک کە تێچووی پتر بوو لە سوودەکەی. ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانی، هەڵبژاردەی پشتیوانی و تۆکمەکردنی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی پێشنیار کرد. کۆشکی سپی دەستپێکردنی یەکلایەنەی ڕووخاندنی عێراقی لە سەردەست دانابوو. لە کۆتاییدا، ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانی پرۆژەی تاکتیکی سێ قۆناغی بۆ عێراق پێشنیار کرد. یەکەم بەکارهێنانی یاسای ئازادکردنی عێراق بە دیاریکردنی هاوکاریی تەواو بۆ ئۆپۆزیسیۆنی عێراق، کە پێشتر ئەم یاسایە لە کۆنگرە پەسند کرابوو. دووەم پرچەککردن و تۆکمەکردنی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی؛ هەنگاوی کۆتایی، دەست بەکاربوونی ڕاستەوخۆی سەربازی بۆ بەرگریی لە باشووری عێراق، داهێزانی سەدام و سازدانی ڕاپەڕین. (Khalilzad, ٢٠١٥: ١٠٠-١٠١)

## ٤-٦-١- هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و هاتنەدی خەونی خۆسەریی کوردستان

بەڕووودانی کارەساتی ١١ی سێپتامبەر و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان، هاوکاری نەکردنی عێراق بۆ خستنەڕووی بەرنامەی چەکی کۆمەڵکوژی خۆی، ئەمریکا عێراقی خستە ناو لیستی هەڕەشەکەرانی سەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکان. بۆش لە پرۆژەی ستراتیژی پێشدەستانەی خۆیدا ڕایگەیاند کە مافی هێرشکردنە سەر دوژمنانی داهاتووی هەیە پێش ئەوەی ئەوان بتوانن هێرش بکەنە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بۆش لەو

باوەڕەدا بوو کە لە ناوبردنی ڕژێمی بەعس و گۆڕینی عێراق بۆ مۆدێلێکی دیمۆکراسی لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا، بەعسیەکانی سوریا لاواز دەکات و هەندێک وڵاتی‌تری ناوچەکەش دەکوشێت، ئاستی ئاسایشی ئیسرائیل دەباتە سەرێ و لە بەرژەوەندی ئەمریکا دایە. کوردیش لە عێراق ئەم جۆرە نزیکایەتییەیان لەگەڵ ئەمریکا هەبوو.

لە سێپتامبەری ٢٠٠٢ لە کۆشکی سپی سێ ڕوانگە هەبوون. یەکەم، پێویستە عێراق لە چەک داماڵدرێت. دووەم، ئەگەر سەدام چەکی دانەنا، ئەمریکا سیاسەتی گۆڕینی ڕژێم تاوتوێ بکات. ڕاگیرکردن ئێتر هەڵبژاردەیەکی شایان نابێت. سێیەم، سیاسەتی گۆڕینی ڕژێم بەپێی حکوومەتی گشتگیر و نوێنەرایەتی لە عێراق دەبێت. هەڵبژاردەی توانمەندکردنی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق ڕێکاری سەرەکییە بۆ کەواندنی سەدام. بەڵام دەزگای زانیاری ناوەندی SIA و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەڵگەیان بەوە دەهێناوە کە عێراقییەکانی ناوەوەی ژێر دەسەڵاتی سەدام ڕەنگە حکوومەتی هەڵاتوانی عێراقی پەسند نەکەن. (خلیلزاد، ١٣٩٥: ١٥٨)

دوو سەرکردەی سەرەکی کورد، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ڕێبەرایەتی حزبی وایان دەکرد کە بنەمای حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان بەشێبۆوە. ئەو پێگانەی کە ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان دروستی کردبوون، وای لەو دوو ڕەوتە کردبوو تا لە سنووری دەسەڵاتی خۆیان شێوە حکوومەتێک دامەزرێنن. ئەم دوو حزبە ئەگەرچی ڕکابەری یەکتر بوون و تەنانەت هەندێک جار دوژمنی یەکتر بوون، بۆ دوای سەدام دیدگای هاوبەشیان خستەڕوو کە بریتی بوو لە مافی فیدرالی بۆ ناوچەی کوردستان لە ناو عێراق و مافی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بۆ ئەم ناوچەیە. (خلیلزاد، ١٣٩٥: ١٦٠) دواجار هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بووە هۆی کەوتنی سەدام. لە ١٩ی مارسی ٢٠٠٣ کە ئۆپەراسیۆنی ئازادسازیی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان

کەوتە واری جێبەجێکردن، هەموو پرسێکی عێراق لە دەورەی ستراتیژی ئەمریکا، بە تایبەتی لە عێراق و لە خۆرهەڵاتی ناویندا بە گشتی، دەخولاوە. جەنگ لێکەوتەی جۆراوجۆری وەک توندوتیژی، بەرزبوونەوەی هەژاری، نەخۆشی لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکە جۆراوجۆرەکان و زۆرتربوونی کەلێن و کێشە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان لە عێراقدا هەبوو. گۆڕانێکی گەورەی دیکە ئاڵوگۆڕی ئاستی دەسەڵات بوو؛ لێرەدا مەبەست لە دەرئەنجامی هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق ڕەهەندی سیاسی - کۆمەڵایەتییە.

یەکێک لە دەرئەنجامە سەرەتاییەکانی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، ڕووخانی سیستەمی کلاسیکی عێراق و دارمانی سیستەمی ناوچەی عەرەبی بوو. لە بابەت لەناوبردنی سیستەمی عێراق، دەکرێت بڵێین هێرشی ئەمریکا سیستەمی سیاسی کۆن و کلاسیکی وێران کرد و بووە هۆی گۆڕینی سیستەمی دەسەڵات لە عێراق. ئەم جەنگە وەک کونێکی ڕەش لە ئاسماندا بوو کە پێکهاتەی ڕژێمی پێشوی هەڵلووشی. لە کۆتایی ئۆپەراسیۆنی سەربازی تا ڕۆژی ٩ی ئەپریل هەموو هێزەکانی عێراق، وێڕای سەرۆکەکەیان [سەدام حوسێن]، خۆیان شاردەوە. ئەم جەنگە لە ڕەهەندی ناوچەیی کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان دانا.[١] پەیامێک کە لە دەرئەنجامی هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکان هاتە کایە، گۆڕانی هێزە سەرەکییەکانی سیاسی - کۆمەڵایەتی و ئەکتەرانی حکوومەتی بوو. لە دیدی هانی فارس ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە لە دوای سەردەمی جەنگ دروست بوون، پەیدابوونی پیاوی

[١] هانی فارس لە وتارێکدا، لە ژێر ناوی لێکەوتەکانی سیاسی - کۆمەڵایەتی جەنگی عێراق لە عێراق و ناوچەی عەرەبی، باسی گۆڕانی ئەکتەرانی سیاسی - کۆمەڵایەتی عێراق و لێکەوتەی ئەم گۆڕانە لە سەر دەوڵەتە عەرەبییەکانی خۆرهەڵاتیناوین دەکات. بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە: العراق و المنطقة بعد الحرب: قضايا اعادة الاعمار، في جريدة مستقبل الاعربى، السنه ٢٦، العدد ٢٩٥، ايلول/سبتمبر ٢٠٠٣.

بەرجەستەی سیاسیی شیعەی لە ناوەندی بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق لێکەوتەوە. (فارس، ۲۰۰۳: ۳۵) پەیامی‌تری جەنگ ڕەشبوونەوەی دەستووری کاتیی عێراق بوو کە لە ١٦ی تەمووزی ۱۹۷۰ دەرکرا بوو؛ تێیدا ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش هەڵوەشاوە و بەپێی فەرمانی ژمارە ۱٤۸۳ی ۲۲ی ئایاری ۲۰۰۳ ئەنجومەنی ئاسایشی هێزە نێودەوڵەتییەکان لە عێراق بەرپرسیارێتی دیاریکراویان لە بارەی حکوومەتی دوای جەنگی عێراق وەئەستۆ گرت.[١] (شعبان، ۲۰۰۳: ٦١) کوردیش بووە بەشێک لەم چوارچێوەیە.

دوای ڕووخانی سەدام سیاسەتی ئەمریکا لە بارەی دەوڵەتسازی هەروا لە هەڵبەز و دابەزدابوو. بارزانی و تاڵەبانی گوتیان کە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق دەیەوێت بەڕێوەبردنی کاتی عێراق وەک حکوومەت بناسرێت. کوردەکان نەیاندەویست ئەنجومەنی ڕێبەرایەتی ئۆپۆزیسیۆن وەک ئامرازێک بۆ دروست-کردنی بەڕێوەبەرایەتی کاتی عێراق بەکاربێنن. ئەوان دەیانگوت ئەم ئەنجومەنە دەوڵەتی کاتی پڕ دەکات لە ئیسلامگەرا. پێشنیاری ئەوان ئەوە بوو لە جیاتی کۆنفرانسی بەغدا، ئیدارەی کاتی عێراق دامەزرێنن؛ نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕۆڵ بنوێنن، بەو شێوەیەی کە کوردەکان دەیانەویست، بۆ ئەوەی هەموو هەڵە حاشاهەڵنەگرەکان نەکەونە ئەستۆی ئەمریکا و بەریتانیا. (خلیلزاد، ۱۳۹۵: ۱۷۹)

پرسی دەوڵەتسازی دوای ڕووخانی سەدام حوسێن، گرینگترین کاری دروستکردنی دەوڵەتێکی سەقامگرتوو بوو. تێکۆشانێک کە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەسایەتییە بە هێزەکانی عێراقی بۆ بڵاوکردنەوەی پێشنووسی دەستووری دەوڵەتی کاتی کرا، دەرئەنجامی ئەرێنی لێکەوتەوە. کوردەکان، بە

---

[١] عەبدولحوسەین شەعبان نووسەری عێراقی و چالاکی مافی مرۆڤ لە وتاری خۆیدا لە سەر داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکا لە دیدگای مافی نێودەوڵەتی دەدوێت. بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕاوننە: المشهد العراقي الراهن، الاحتلال و توابعة في ضوء القانون الدولي، في جريدة المستقبل العربي، السنة ٢٦، العدد ٢٩٧، نوفمبر ٢٠٠٣ ص ٦٠-٦٩.

چاودێری ڕاستەوخۆی بارزانی، ڕۆڵێکی گرینگیان لە پێشنووسی دەستووری کاتی نواند کە لە ٨ی مارسی ٢٠٠٤ ئەنجام درا. ئەم پێشنووسە وەک دەستووری کاتی عێراق بە پاراستنی دێمۆکراسی، فیدڕالیسم و ماف و ئازادیی تاک و کۆمەڵایەتی خرایەڕوو. ئەم پێشنووسە زمانی کوردی و عەرەبی بە زمانی فەرمیی عێراق دانا. بەپێی ویستی کوردەکان پێشنووسی دەستوور دەڵێت:

– سیستەمی فیدرالی لە سەر بناغەی واقیعی جوگرافی و مێژوویی و هاوێری دەسەڵاتەکان دانراوە نەک بەپێی ویستگەی نەژادی، قەومی، نەتەوەیی یا داننان بە تاوان؛ (www.cesnur.org /٢٠٠٤/iraq_tal.htm)

– ئەم یاسایانە ئەوەیان دیار کرد کە دەبێت بڕیارێک بۆ سنوورەکانی ناوچەی کێشە لەسەر بدرێت؛

– دەبێت حکوومەت بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو نایەکسانیەی کە ڕژێمی پێشوو، بە مەبەستی گۆڕینی دیموگرافی ناوچە تایبەتییەکانی وەک کەرکووک کردوویەتی، کار بکات. بە تایبەتی پێشنیاری دانانی ئەنجوومەنی خۆماڵی بۆ قەرەبووکردنەوەی گۆڕانی نادادپەروەرانە لە سنوورەکانی ئیداری بە زوترین کات کرا؛ (Ibid)

– هەروەها بەپێی ئەم پێشنووسە بە دەنگی نەرێی دوو لە سەر سێی سێ پارێزگا دەتوانرێت دەستوور ڤیتۆ بکرێت. زۆرینەی ڕەها مافی ڤیتۆیان دەدایە کوردەکان. کورد لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک زۆرینەی ڕەهایان هەبوو و ئامرازی فشاری نوێیان بۆ گوشار خستنەسەر حکوومەت بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان پەیدا کرد.

– پێشنووسی دەستوری کاتی بە شێوەیەکی تایبەت حکوومەتی هەرێمی وەک حکوومەتێکی ڕەوای کورد ناسی و پێشوازی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ناو دەوڵەتی نوێی فیدرالیدا کرد. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٤٠-١٣٩)

سیناریۆی سەرەتایی حکوومەتی کاتی یا ڕاگوزەر لە ساڵی ٢٠٠٥ سەرەتا لە عێراقدا دیار بوو. کوردیش داهاتوویەکی ڕوناکیان بۆ خۆیان پێشبینی دەکرد.

ئەوان لە ماوەی دوای ڕووخانی سەدام دانیان بەخۆداگرت. کورد ئەزموونێکی بالاتری زیاتر لە دە ساڵەیان بۆ پەرەسەندنی دامەزراوەگەلی دیموکراتیک و کۆمەڵگەی مەدەنی بە بەراورد لەگەڵ عێراق هەبوو. مسۆگەربوونی ئاسایش لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە بووە هۆی پێشکەوتنی کوردستان. کوردەکان بەو دەرفەتەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، بە دروستکردنی ناوچەی قەدەکراوی فڕین لە ساڵی ١٩٩١ وەک ئۆپەراسیۆنی چاودێری کوردستان ڕەخساندبوویان گەیشتنە ئەم قۆناغە. مەرجی پۆل برێمەر[١] بۆ پشتیوانی لە کورد یەکێتی و دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتیک بە بەشداری و هاوڕێیەتی کورد بوو. بەڵام ململنێکانی داهاتووی عێراق ئاسۆلەی هیوای تاریک کرد. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٤٠)

لە تەمووزی ٢٠٠٣ دوای دانانی حکوومەتێکی فیدرال و دیموکراتیک لە عێراق، بەشێکی زۆری کوردەکان جوڵانەوەی گشتپرسییان دانا. نوێنەرایەتی ئەم جوڵانەوەیە، داخوازیەکی لە سەر داواکاریی مافی سیاسی بە مەبەستی ڕیفراندۆمێکی فەرمی بۆ پێگەی سیاسی داهاتوو ڕێکخست. بە دوایدا، ڕیفراندۆمێکی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی نافەرمی لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ ڕیکخرا. دەنگدەران لەم گشتپرسیەدا کە تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی وەک کەرکووک، خانەقی و ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵی دەگرتەوە، دەنگی ئەرێیان دایە سەربەخۆیی. ئەم ڕیفراندۆمە کوردەکانی دانیشتووی بەغدا و عەرەبەکانی ناوەوەی نەدەگرتەوە. کوردەکانی لایەنگری سەربەخۆیی ٩٩/٨٪ دەنگەکانیان بەدەست هێنا. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٤١)

ئەم هەڵبژاردنە هاوتەریب لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردستان لە ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ کرا. لە

[١] Paul Bremer

هەڵبژاردنی پەرلەمانی نیشتیمانی کوردستان، ٤٠ کورسی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و ٣٨ کورسی بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دیاری کران. کورسیەکانی دیکە لە نێوان یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان،[١] حزبی شیوعی کوردستان و هەروەها پارتەکانی پێکهاتە[٢] نەتەوەییەکانی دیکەی وەک بزوتنەوەی تورکمان و مەسیحی دابەش کران. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٤١)

خشتەی ٢: دەرئەنجامی دووەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ساڵی ٢٠٠٥

| | ناوی لیستی لایەنەکان | کۆی گشتی دەنگەکان | % | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هاوپەیمانی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان | ١٥٧٠٦٦٣ | %٨٩.٥٥ | ١٠٤ |
| ٢ | هاوپەیمانی کۆمەڵەی ئیسلامیی هەرێمی کوردستان | ٨٥٢٣٧ | %٤.٨٦ | ٦ |
| ٣ | هاوپەیمانی زەحمەتکێشانی کوردستان و سەربەخۆکان | ٢٠٥٨٥ | %١.١٧ | ١ |
| ٤ | هاوپەیمانی دێمۆکراسی کرێکارانی کوردستان | ١١٧٤٧ | %٠.٦٧ | ٠ |
| ٥ | هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵگای کوردستان | ١٠٩٥٢ | %٠.٦٢ | ٠ |
| ٦ | هاوپەیمانی سەربەخۆ | ١٠٢٦٢ | %٠.٥٩ | ٠ |
| ٧ | پارتی چارەسەری دیموکراتی | ٩٠٨١ | %٠.٥٢ | ٠ |

[١] لکی ئیخوانولموسلمین لە کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٤ لە هەرێمی کوردستان دامەزرا. لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان لەگەڵ پارتە سکولارەکان دێتە ناو ڕکابەرایەتی هەڵبژاردن و لە پێکهاتەی کابینەکانی حکوومەت بەشدار دەبێت، بەڵام بە ڕواڵەت ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆنی هەیە.

[٢] لە دەقە فارسییەکەدا پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان بە کەمینە ناویان هاتووە، بەڵام لە وەرگێراندا لە جیانی کەمینە وشەی پێکهاتەی بەکار هاتووە. وشەی پێکهاتە یەکەمین جار لە لایەن سەرۆک مەسعود بارزانی لە ٢٠٠٥/٥/١٥ بەکار هات. (پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە ڕوانگەی سەرۆک بارزانی، ٢٠٢١، هەولێر: ڕۆکسانا، ل ٢١)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کوردستان | | | |
| ٨ | هاوپەیمانی گردبوونەوەی سەرۆکایەتی کۆمار | ٩٤٩٩ | %٠.٥٤ | ٠ |
| ٩ | بەرەی نەتەوەیی و یەکێتی عێراق | ٨٢٥٥ | %٠.٤٧ | ٠ |
| ١٠ | بزوتنەوەی دیمۆکراسیخوازانی کوردستان | ٦٦٩٠ | %٠.٣٨ | ٠ |
| ١١ | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ٥٥٠٦ | %٠.٣١ | ٠ |
| ١٢ | پارتی برایەتی نیشتیمانی عێراقی | ٣٤٢٢ | %٠.٢٠ | ٠ |
| ١٣ | بزوتنەوەی نیشتیمانی کوردستان | ٢٠١٨ | %٠.١٢ | ٠ |
| ١٤ | کۆی دەنگەکان | ١٧٥٣٩١٩ | %١٠٠ | ١١١ |
| ١٥ | دەنگی خاڵی | ٢٣٧٦٠ | | |

(www.kurdistan-parlimant.org)

هاوتەریب، کوردەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیشدا بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبوو. لەم هەڵبژاردنەدا، هاوپەیمانیی عێراق بە ڕێبەرایەتی ئەحمەد چەلەبی ٤٨%ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. هاوپەیمانیی دیموکراتی - نیشتیمانی کوردستان بە ٣٦%ی دەنگەکان مانۆڕێکی بەهێزی لە خۆ نیشان دا. لیستی ئەلعەراقییە بە ڕێبەرایەتی ئەیاد عەلاوی ١٤%ی دەنگەکانی وەدەست خست. لە بەرانبەردا کوردەکان پۆستی گرینگیان بەرکەوت. بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق، لە ساڵی ١٩٢٠ تا ساڵی ٢٠٠٥، کوردێک بووە سەرۆک کۆمار؛ جەلال تاڵەبانی وەک کوردێکی سکولار بە سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژێردرا. هۆشیار زیباری بووە وەزیری دەرەوەی عێراق و بەرهەم سالح بووە جێگری سەرەک وەزیر. جگە لەوانە شەش پۆستی سەرەکیتری کابینە لە لایەن کورد وەرگیران. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٤٣)

بەشێکی گرینگی خواستی کورد لە ناو پێشنووسی دەستوور، پەیوەندی بە دۆخی وزە و پشکی کورد لە سەرچاوەکانی وزە هەبوو. کورد لە چوارچێوەی

پێشنووسی دەستوور بەوە ڕازی بوو کە سەرچاوەکانی وزە لە عێراق بۆ هەموو عێراقە. بەڵام کوردەکان خوازیاری کۆنترۆڵی وەبەرهێنانی و بەرهەم-هێنانی نەفت و گازی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا بوون. ئێتر عێراقییەکان ویستی کوردیان لەمەڕ داهاتووی وزە ڕەدکردەوە و لە جیاتی چارەسەری ئەم کارە، ئاسۆی پەسندکردنی دەستوور لێڵ و تەماوی بوو. لەوبارەوە ماددەی ١٠٩ی دەستوور ئاماژە دەکات:

(...حکوومەتی فیدرالی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی بەرهەمهێنی نەفت و گاز، مەیدانە نەفتیەکانی ئێستا بەڕێوە دەبەن بەو مەرجەی کە داهاتەکەیان بە شێوەیەکی یەکسان و بەپێی ڕێژەی دانیشتوان لە هەموو وڵاتدا ببەشرێتەوە.) (Iraqi constitution)

شاری کەرکووک وەک پایتەختی ستراتیژی و مەعنەوی کوردستان هەژمار دەکرێت. بە گوتەی مستەفا بارزانی «کەرکووک هارتلەندی کوردستان واتا دڵی کوردستانە.» (کاکحمد، ١٣٩١: ٦٣) مەسعود بارزانی دەڵێت هیچ کوردێک ئامادە نیە سازش لە سەر کەرکووک بکات. لە بەرانبەردا عێراقیەکانیش لە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان خۆ دەپارێزن. دواجار کۆمیتەی پێشنووسی دەستوور مادەی ١٤٠ی دەستووری پەسند کرد. (دستور جمهوريه العراق، ٢٠٠٥) پێویست بوو ماددەی ٥٨ی پێشنووسی دەستووری کاتیی عێراق پەرەی پێدرابا و کاری جێبەجێکردنی هەڵبژاردن بەپێی ئەم یاسایە کاری پێکرابا، ئەم پێشنووسە ئامادەکاری جێبەجێکردنی بە تەواوی پەسند کرد. (ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری و ئەنجامدانی گشتپرسی لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کێشەلەسەر بەپێی خواستی هاوڵاتیانی ئەوێ) بە جۆرێک کە جێبەجێکردنەکە تا ٣١ی دیسێمبەری ٢٠٠٧ درێژە نەکێشێت. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٤٥)

ئەو ڕێفراندۆمەی کە بۆ دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕێکخرا، دەرئەنجامی دیار و هەستپێکراوی لێکەوتەوە و تێیدا عێراقیەکان وەڵامی ئەرێیان بۆ سیستەمی نوێ دا. تەنانەت هۆز و قەبیلەی عەرەبی سوننە کە دژی

هاتنی هێزەکانی ئەمریکا و شیعەکانی سەر دەسەڵات بوون هاتنە ناو ئەم پرۆسەیە. لەو کاتەی کە پێشنووسی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٧ خرایە دەنگدانی گشتی، کوردەکانیش بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان خەریکی ئامادەکردنی پێشنووسی دەستووری کوردستان بوون. پێشنووسی دەستووری کوردستان پەیوەندیی نێوان ناوچەی کوردستان و عێراقی وەک ناوچەیەکی فیدرالی نێو عێراق و حکوومەتی ناوەندی پێناسە کرد. ئەم پێشنووسە خاک و قەڵەمڕەوی کوردستانی، بە خستنەڕووی سنووری ناوخۆیی ناوچەکانی کێشەلەسەر، دیاری کرد. ماددەی دووەمی ئەم پێشنووسە لە سەر سێ بڕگە پێداگر بوو...

(...یەکەم، هەرێمی کوردستان بەشێکی جوگرافی - مێژوویيە کە پێکدێت لە پارێزگای دهۆک، بە سنووری ئێستاکەی و پارێزگای کەرکووک، سلێمانی و هەولێر [ئەربیل] و بەشی ئاکرێ، شێخان، شەنگال، تلکێف، قەرەقۆش و ناوچەی زومار و بەعشیقە و ئاسکی کەلەک لە پاریزگای نەینەوا و هەر دوو بەشی خانەقی و مەندەلی لە پارێزگای دیالە [و بەشی بەدرە و جەسان لە پارێزگای واست] بەپێی سنووری ئیداریی پێش ساڵی ١٩٦٨). دووەم، (...سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە پشت بەستن بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری نوێی عێراقی فیدرال دیار دەبن.) سێیەم، (...نابێت دابەشینیتر لە ناو سنووری کوردستاندا بکرێت. [سێیەم، ئەگەر ناوچە قرتاوەکانی کوردستان لە ڕێگای ماددەی ١٤٠ی دەستوور گەڕانەوە، دانیشتوانی ئەم ناوچانە مافی یەکسانیان دەبێت و ئەو دڵنیاییەی کە بۆ گەلی کوردستان هەیە بۆ ئەوانیش لە دەستووردا دەبێت.] (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٤٦)

ئەم پێشنووسەی دەستوور، بەپێی پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هێزە چەکدارەکان و پێوەری هاوڵاتی تایبەت بە خۆی، هەرێمی کوردستان لە عێراق جیاواز دەکات. هەروەها ڕایدەگەیێنێت کە هەرێمی

کوردستان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە هاتۆتە ناو یەکێتی عێراق لە سەر بنەمای فیدرالی و وەک بەشێکی یەکسان، هەر کات ئەم مەرجانە جێبەجێ نەکرێن دەتوانێت لە عێراق جیا بێتەوە. (مادەی شەشم پێشنویس قانون اساسی) گەلی هەرێمی کوردستان مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و بە ئیرادەیەکی ئازادانە سیستەمی فیدرالی ناوچەی کوردستانی لە چوارچێوەی عێراق هەڵبژاردووە، تا ئەو کاتەی عێراق بەڵێنداری جێبەجێکردنی سیستەمی فیدرال - دیموکراتیک، پەرلەمانی و پلورال و مافی تاک و کۆمەڵ بێت، هەروەک چۆن دەستووری فیدرالی لێی دواوە. (ماددەی هەشتەمی پێشنووسی دەستوور)

لەو کاتەی کە کورد خەریکی دیاریکردنی یاسا و دانانی دامەزراوەی کارگێڕیی کاروباری خۆیان بوون، عێراقیش لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ کەوتبووە ناو گێژاوی جەنگ و کێشەی ناوخۆیی نێوان گروپەکانی شیعە و سوننە. زۆربەی کێشەکان لە نێو ئەو خەڵکە نارازییەی سوننی دابوو کە پێشتر کاریان بۆ حزبی بەعس دەکرد؛ لە دوای پرۆژەی بەعسقڕان کە لە لایەن پۆل برێمەر گیرایەبەر، سوننەکان لەگەڵ حکوومەتی شیعەدا ناسازگار بوون. تەقینەوە و کاری توندوتیژیی ناوخۆیی، لەوە دەدوا کە کێشەی فیرقەیی دەتوانێت عێراق لە ناو خۆیدا قووت بدات. زۆرێک لە بەرپرسانی ئەمریکی کە لە عێراق بوون، جەنگی ناوخۆیی و هەڵوەشانەوەی عێراقیان پێشبینی کردبوو. بۆش لە ساڵی ٢٠٠٧ فەرمانی پتەوکردن و زۆرکردنی هێزەکانی لە عێراق بە مەبەستی لەکۆڵکردنەوەی قەیران و جەنگی ناوخۆیی عێراقی دەرکرد. ژەنەڕاڵ پەترایۆس[١] فەرماندەی نوێی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق بەڵێنی دا کە بە سەرکوتکردنی دژبەرانی عێراق خەونی سەرەکی خەڵکی عێراق کە ئاشتی و سەقامگیریی بوو بێنێتە دی. لە دوای سێپتامبەری ٢٠٠٧ گرووپێکی دیکەی دژبەران زیادبوو کە لە

---

[١] David Howell Petraeus

میلیشیاکانی شیعە پێک دەهات. ئەوان دژیی بوونی ئەمریکا لە عێراق بوون و ڕوانگەی خەباتی چەکداریان لە دژی هێزەکانی ئەمریکا پتەودەکرد.

یەکێک لە چاڵە گرینگ و ستراتیژییە نوێیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستەمۆکردنی ئاژاوەکانی شاری موسڵ بوو. موسڵ ببووە یەکێک لە پێگەکانی ئەهوەنی ئاژاوەگێڕانی ئەلقاعیدە. ژەنەڕاڵ ستانلی مەک کریستاڵ[١] گوتبووی کە موسڵ دڵی ئاژاوەگێڕانی ئەلقاعیدەیە و جێگایەکە کە ئەبوو موسعەب زەرقاوی کەسی ژمارە یەکی ئەلقاعیدەی لێیە. لە ساڵی ٢٠٠٤ ئاژاوەگێڕان هێرشیان کردە سەر موسڵ و توانیان دەستی بەسەردا بگرن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ستراتیژی دژەئاژاوەی پەترایۆس زیاتر بەری خۆی بداتە شاری موسڵ. بەڵام دەرئەنجامی ئۆپەراسیۆنی موسڵ لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ دڵخۆشکەر نەبوو. پێشمەرگە بۆ وەرگرتنەوەی موسڵ لە لایەن ئەمریکا نادیدە گیرا و پەترایۆس فەرمانیدا هەموو پێشمەرگەکانی کورد چەک بکرێن و لە موسڵ بچنە دەرێ.

ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق لە دیسێمبەری ٢٠٠٧ ڕێفراندۆمێکیان بۆ دۆخی کەرکووک پێشبینی دەکرد. بەڵام کاتی دیاریکراو لە دەست چووبوو؛ جارێکیتر نیگەرانیی کوردەکانی بۆ وەرگرتنەوەی سەرچاوەی سروشتیی خۆیان، وەدەستهێنانەوەی داهاتی نەفت، خاکی مێژوویی کوردستان، ڕۆڵی پێشمەرگە و دۆخی ناوچە کێشەدارەکان [ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە لە دەرەوەی هێڵی سنووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دانە] زۆرتر کرد. بەغدا داواکاری کوردەکانی لە سەر پارێزگاکانی سەلاحەدین، ئاکرێ، شێخان، حەمدانیە، تلکێف، تەلەعفەر و شەنگال لە پارێزگای نەینەوا ڕەد کردەوە. لەوانەش خانەقی بەو مەیدانە نەفتیانەی کە هەیبوو، خاڵێکی زۆر مەترسیدار بوو کە ئەگەری گرژینانەوەی هەبوو. لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەنجومەنی شاری خانەقی

---

[١] Stanley McChrystal

بەیانێکیان بۆ جیابوونەوە لە پارێزگای دیالە دەرکرد. دوای ئەوە زەرقاوی چالاکیی خۆی لەم پارێزگایە زۆرتر کرد. لە ساڵی ٢٠٠٧ دیالە بووە هاتنگەی [گرووپی] ئەلقاعیدە، ڕۆڵەکانی عێراق و میلیشیاتی شیعە. زەرقاوی دەیویست جەنگ لە نێوان کورد و هێزە چەکدارەکانی عێراقی هەڵایسێنێت. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٥٤)

لە ساڵی ٢٠٠٨ نوریی ئەلمالیکی بووە سەرۆک وەزیری عێراق. ئەو بە هەنجەتی جەنگ لە دژی ئەلقاعیدە و لە ناوبردنی ئەبوو موسعەب زەرقاوی، هێزی پێنجەمی عێراقی هێنایە خانەقی. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هیچ ئەندامێکی ئەلقاعیدە لەوێ نەبوو. بوونی هێزەکانی عێراقی لە خانەقی بووە هۆی دروست-بوونی یەکەمین تۆوی لێکگیربوونی نەتەوەیی و نەژادی لە عێراق. مەسعود بارزانی لە هەوڵی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بوو؛ بەڵام هێرشی هێزەکانی عێراقی، کارەکەیان دژوارتر کرد. نوریی ئەلمالیکیش بە بەهانەی پتەوکردنی پشتیوانی خۆی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ساڵی داهاتوو (٢٠٠٩) هێزی سەربازیی خەملاند. ئەم کارە بووە هۆی لەناوچوونی هاوپەیمانێتی کوردی و شیعی لە عێراق و بووە هۆی ئەوەی عێراق بکەوێتە ناو قەیرانی فیقرقەیی و نەژادی. زۆری نەمابوو لێکدانێکی تەواو لە نێوان کورد و هێزەکانی عێراقی ڕوو بدات کە بە نیوەنجیگری هێزەکانی ئەمریکا جەنگەکە دوور خرایەوە. لە هەمان کاتدا جۆرج دەبلیۆ بۆش[١] ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئەمریکا دەبێت تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ لە عێراق بچنەدەر.

دواتر بەرنامەی هەڵبژاردنی عێراق لە ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ دارێژرا. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە سەری نەگرت و بە پێچەوانەی دەستوور دانرا. ئەم هەڵواسینە بە سەرکەوتنی عەرەب و تورکمان دادەندرا؛ چونکە دەیانگوت کە ڕێژەی دەنگدەران لە کەرکووک لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان

[١] George W. Bush

دەستکاری کراوە. کۆمیتەی بەرنامەڕێژیی هەڵبژاردن بۆ بەکارهێنانی لیستی دەنگدەران بەپێی لیستی ساڵی ٢٠٠٤ کاری خۆی کردبوو.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخنەی لەم کارە گرت. چونکە دیموگرافیای کەرکووک لەبەر گەڕانەوەی کوردەکان بۆ ماڵەکانیان گۆڕابوو. ئەندامانی پەرلەمان لە دژی ئەم بابەتە دانیشتنەکەیان جێ هێشت. دوای توندبوونی وتووێژ، عەرەبەکان بە بەکارهێنانی لیستی دەنگدەرانی ساڵی ٢٠٠٩ و بە دانانی کۆمیتەیەک بۆ تێبینی لە سەر دەنگی گوماناوی هاتنەڕا. کوردەکان خەملاوەی نوێی نوێنەرایەتی ڕێژەییشیان دایە بەر ڕەخنە. کۆی کورسی پارلەمان لە ٢٧٥ بۆ ٣٢٥ کورسی زیاد کرا. بەڵام کورد لە ڕێی ئەم زیادکردنە زیاتر لە سێ کورسی بەرنەکەوت. بارزانی کورسی زیاتری داوا کرد و هۆشداری دا ئەگەر زیاد نەکرێت هەڵبژاردن بایکۆت دەکات. هاوپەیمانی کوردستان ویستی تەنها یەک لیستی هەبێت، کە بزوتنەوەی گۆڕانیشی دەگرتەوە. (فیلیپس، ١٣٩٥: ١٥٨)

دوای هەڵبژاردن لە مارسی ٢٠١٠ کێشە لە نێوان پارت و گرووپەکانی شیعە بۆ پێکهێنانی حکوومەت هەڵکشا. دواجار مەسعود بارزانی بە داهێنانێکی کارا، ڕێکەوتنی هەولێری داهێنا کە تێیدا ١٩ خاڵ بۆ حکوومەتی عێراق لەبەرچاو گیران. ئەم خاڵانە هەندێک شتی بۆ نیشاندانی نیگەرانیی سەرەکی کورد تێدابوو. عەلاوی مادەی ١٤٠ی دەستووری و مافی کوردی لە سەر پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و دابینکردنی بودجە بۆ پێشمەرگە لە لایەن حکوومەتی قەبووڵ نەکرد. کوردەکانیش وازیان لە هاوپەیمانی حاکمەیەتی یاسا هێنا و بە دوای هاوپەیمانیەکی نوێ واتا هاوکاریی کورد و شیعە لە عێراق بوون. لە ئاکامدا مالیکی لە دیسامبەری ٢٠١١ گەیشتە پۆستی سەرەک وەزیری.

دوای کشانەوەی هێزەکانی بیانی لە عێراق، لە سەردەمی نوریی ئەلمالیکی عێراق کەوتە ناو چاڵاوی جەنگی فیرقەیی. ئەو سەدان کەسی سوننی ئەندامی پێشوی حزبی بەعسی لە ڕیزی هێزەکانی ئاسایشی عێراقی دەرکرد. بۆ لە


ناوبردنی پڕۆژەی ڕێفراندۆمی پارێزگاکانی دیالە و سەلاحەدین هێرشی کردە سەر ئەم پارێزگایانە؛ دواتر هیچ یەک لە بەندەکانی بەشینەوەی دەسەڵاتی بەپێی ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ نەکرد. ئەو هەڕەشەی لە تاریق ئەلهاشمی، کە سوننە مەزهەب و جێگری سەرۆک کۆمار بوو، و ساڵح موتلەگ، کە سوننی بوو و جێگری سەرۆک وەزیر بوو، کرد. ئەم دوو کەسە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا و پێشوازییان لێکرا. هێزەکانی ئاسایشی عێراق بەرەو فەلوجە هێرشیان کرد و هەزاران کەسیان دەستگیر کرد. خەڵکی فەلوجە لە دژی ئەم کارەی هێزەکان، ئاڵای ڕەشیان بەرز کردەوە. هەوڵەکانی مالیکی تەنها لە ناو عەرەبدا نەبوو. ئەو دوای هێرشکردنە سەر فەلوجە، لە ئۆپەراسیۆنی دیجلە، فەرمانی هێرشی سەربازی بۆ دیالە و سەلاحەدین دەرکرد. کۆی ئەم کارانە بوونە هۆی ئەوەی مەسعود بارزانی ئەم کارانە وەک کارەکانی عەلی کیمیاوی ناو ببات.

لە حەوتی مارسی ٢٠١٢ نێچیرڤان بارزانی بووە سەرەک وەزیری هەرێمی کوردستان. دوای ٢٠٠٣ پەیوەندیی ئابووری نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەوپێش چوو. دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان یاسای نەفت و گازی پەسند کرد، تورکیا لە هەوڵی دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندییەکانی خۆی بوو لەگەڵ هەرێمی کوردستان. ئانکارا بە ئەسپایی گفتوگۆی لە سەر هاوکاریکردنی واری وزە دەست پێکرد. کانگای نەفتی عێراق بە سەد و چل ملیارد بەرمیلە نەفت دانراوە و توانای هەیە بگاتە ٢٠٠ ملیاردیش. گازیی سروشتی عێراق دەگاتە ١٢٧ تریلیۆن فووتی سێجا TFC. (www.eia.gov)

هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٢ میلیارد بۆشکە نەفت و ٢٢ تریلیۆن فوتی سێجا گازی هەیە و واداندراوە کە ئەم قەبارەیە بەرزتر بێتەوە. نەفت لە هەشت پارێزگای باکووردا هەیە و کوردەکان خاوەنی هەموو یا بەشێکی ئەو نەفتەن. مەیدانی گازی خوڕماڵ و چەمچەماڵ خاوەنی ١٠ تریلیۆن فووتی سێجای گازن. مەیدانی تەقتەق و تاوکە بە مەیدانی نوێ هەژمار دەکرێن. وێڕای قەدەغەکردنی

دەوڵەتی بەغدا، وەزارەتی سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان هەوڵی بەستنی بەڵێننامەی نەفتی لەگەڵ کۆمپانیاکانی تورکی، ئەوروپایی، کانادایی، ئەمریکی، چینی، هندی، ڕووسی، ئیماڕاتی و کۆمپانیای دیکەی وەک دێوە نەفتیەکانی ئیکسۆن مۆبیل، چورون گاز پرۆم، نەفت و توتاڵی فەڕانسی دا.

کۆمپانیای نەفتی نێودەوڵەتی نۆرڤێژ DNO یەکەم کۆمپانیا بوو کە لە کوردستان دەستی بە هەڵکەندن کرد و لەم ناوەدا کۆمپانیای ئینگلیزی – تورکیش GENEL ENERGY پێگەیەکی بەرزی لە مەیدانی تاوکە و تەقتەق هەبوو. قەبارەی کانگای ئەم کێڵگانە بەپێی ڕیزبەندیی ڕێژەی کانگاکان بە ٧٧١ ملیۆن بەرمیل و ٦٤٧ ملیۆن بۆشکە خەملاوە. (www.insightturkey.com) حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردنی لولەیەکی گواستنەوەی نەفتی لە ساڵی ٢٠١٣ تەواو کرد. یەکەم بەشی ئەم لولەیە، لولەیەکی ٢٠ ئینچی بوو کە لە تەقتەق بۆ خورماڵ ڕاکێشرا و توانای گواستنەوەی ٢٠٠ هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا هەبوو. لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ نەفت بە کوالێتی بەرز، نەفتی خاوی قورسی مەیدانی تاوکە بە لولەی نوێی گواستنەوە دەگەیشتە کۆگاکانی بەندەری جیهانی دەریای سپی ناوەڕاست لە تورکیا. (www.genelenergy.com)




هێلکاری ٢: گەشەی هەناردەی نەفتی کوردستان بە ڕێژەی هەر بەرمیلێک

(http://mnr.krg.org/index.php/en/oil/monthly-export-production-data)

کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا لە سەر سەچاوەکانی وزە و داهاتی سەرچاوەکانی وزە ئاستەنگێکی توندە لە بەردەم پێشوەچوونی پەرەسەندنی پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا. وەزارەتی وزەی هەرێمی کوردستان بەڵێنی ناردنی ٨٣%ی داهاتی نەفتی دایە عێراق. بەغدا بە نایاسایی لە قەڵەمدانی ئەم کارە، ئەمەی وەرنەگرت. وەزارەتی نەفتی عێراق، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لەبەر سەرپێچیکردنی لە کاری نەفتی عێراقی ئیدانە کرد و هەڕەشەی گرتنەبەری ڕێگای یاسایی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا کرد. نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە خوازیاری گفتوگۆین لەگەڵ بەغدا، بەڵام ئەوان بە ڕاگرتنی مووچە و مزەی کوردستان ئێمەیان خستۆتە سەرسوڕمان، ئێمە توانای پێدانی مووچە و بەرکەوتی کارمەندانی خۆمان بەبێ بەغداش هەیە و تا ئێستاش ئەوەمان کردووە.

لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا فرۆشتنی نەفتی کوردستان بەبێ گوێدانە بەغدا دەست پێکرا. بەپێی بۆچوونی نێچیرڤان بارزانی «...ئەو نەفتەی

هەناردەی دەکەین بە نرخی نێودەوڵەتی دەیفرۆشین، ئەگەر تورکیا خواستی کڕینی هەیە پێی دەفرۆشین ئەگەرنا بە وڵاتێکی دیکە دەفرۆشرێت.» دوو ڕۆژ دوای قۆناغی کۆتایی بەستنی بەڵێننامە لەگەڵ تورکیا وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بەڵێننامەیەکی بە مەبەستی دانانی دوو هێڵی بۆڕیی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران لە تاران واژۆ کرد. حکوومەتی کوردستان بە ناردنی نەفتی خاو بۆ ئێران و لە بەرانبەردا وەرگرتنی ٣ تا ٤ ملیۆن لیتر نەفتی پاڵاوتوو و گازی سروشتی لەگەڵ ئێران ڕێککەوت. (www.ecasb.com) بۆیە هەرێمی کوردستان و تورکیاش بوونە هاوبەشی ستراتیژیکی یەکتر. لە پەنا پەیوەندیی باشی بازەرگانی نێوان تورکیا و کوردستان، تورکیا دەیویست سەقامگیریی لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت.

**٤-٧- پەیدابوونی داعش، لەرزینی عێراق و ڕێگەخۆشبوونی سەربەخۆیی کوردستان**

به سەرنجدان بەوەی کە بە درێژایی مێژوو دەوڵەتی عێراق ناسەقامگیر بووە، بە گەیشتنە دەسەڵاتی شیعەکانی عێراق، ئیسلامگەرایانی سوننی عێراقیان کردۆتە مەیدانی جەنگ. سەرهەڵدانی داعش لە ڕۆژئاوای عێراق، ترس و دڵەڕاوکێی خستە ناو دەسەڵاتداران و خەڵکی عێراق. لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ موسڵ وەک دووەمین شاری گەورەی عێراق کەوتە بەر دەستی داعش و هێزەکانی عێراقی هەڵاتن. یەک لە سەر چواری بریگاردەکانی سەربازیی لەشکری عێراق توانای جەنگی خۆیان لە دەست دا. ( foreign policy, ١٠ july ٢٠١٤) دوای موسڵ، تکریت و تەلەعفەر لە هێرشێکدا کەوتن. دواتر داعش گەورەترین پاڵاوگەی عێراقیان لە باکووری ڕۆژئاوا گرت و بەرەو بەنداوی سەرەکی لە تەنیشت حەدیسە کە هێڵی ڕاستەوخۆی نەفتی عێراقی لێبوو، پێشڕەوییان کرد. بەعسی و سوننیەکانی عێراق کە بۆ داعش لەببەیکیان لێدابوو،

دوای ماوەیەک زانیان کە داعش، لە بەر جیاوازیی دیدگایان بۆ دین، گەفیان لێدەکات و لە ناویان دەبات. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٢٣٣)

بە دەستپێکردنی تاڵانوبڕۆی داعش، پێشمەرگەکانی کورد بە سەرکردایەتی مەسعود بارزانی لە هەوڵی پاراستنی سنوورەکانی کوردستاندا بوون. لە بەر ئەوەی لەشکری عێراق تووشی شکان بوو، پێشمەرگەکان توانییان خۆیان بگەیینە کەرکووک و سەرئەنجام تەواوی کەرکووک بخەنە ژێر دەستی خۆیان و دەستیان گەیشتە خانەقی و هەندێک بەشی دیالەش. ( DW.NE, ٢٠ jun ٢٠١٤) دوای تۆقین، هەڵاتن و شکستی لەشکری عێراق، لە حوزەیرانی ٢٠١٤ تەنیا پێشمەرگەی کورد کۆنترۆڵی ئەم ناوچانەیان (کەرکووک، دیالە، دوزخورماتوو) گرتبوە دەست. کۆنترۆڵکردنی کەرکووک لە دوای شکانی عێراق بە گرینگترین سەرکەوتنی کورد دێتە ژمار. کۆنترۆڵی ئەم شارە ئەگەری جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری بۆ ڕێگەدان بە ڕێفراندۆم بۆ داهاتووی ئەم شارە خۆش دەکرد. بەغدا کە لە بەر کەوتنی هەندێک لە شارەکان بە دەستی داعش داماو و شڵەژاو ببوو، نیگەرانی خۆی لە کۆنترۆلکردنی کەرکووک لە لایەن کورد دەردەبڕی. بە ڕاوەستانی هێرشی داعش بۆ لای سامەڕا، هێرش بەرەو لای ڕۆژئاوا[١] (کۆبانێ و حەسەکە) ڕووی دا و دواتر لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ شاری کوردی ئێزیدی، واتا شەنگال، کەوتە بەر شاڵاوی داعش. لێدانی ئێزیدییەکان یەکێک لە ئامانجەکانی داعش بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکینەکانی پاراستنی گەل سەر بە پارتی دیموکراتی نیشتیمانی و هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بە تێکوشانی زۆر و کریدۆرێکیان لە ڕێی ڕۆژئاوا تاکوو شاری دهۆک و زاخۆ کە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کوردستاندا بوو

[١] کوردستانی سوریا لە چاوی کوردستانی گەورەدا بە ڕۆژئاوا دادەنرێت و کوردەکان بەم بەشەی کوردستان دەڵێن ڕۆژئاڤا واتە ڕۆژئاوای کوردستانی گەورە.

کردەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ئێزیدییانەی کە ناوچە شاخاویەکاندا ئاوارە بوون بیانگەیێننە ناوچەیەکی ئارام. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٢٣٧)

پەیدابوونی داعش لە عێراق و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ڕاستیەکی گرینگی لە عێراق دەرخست. مەسعود بارزانی هێرشی داعش و کێشەی نێوان گروپەکانی شیعەی بۆ گەیشتنە دەسەڵاتی بە هۆکارێک بۆ لاوازبوونی عێراق زانی و دەریخست کە کوردستان دەبێت لەم دۆخەدا لە بیری دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا بێت. بارزانی پێشنیاری کرد گەلی کورد لە هەمەپرسیەکدا ئایندەی خۆیان دیاری بکەن. هاتنی ئەمریکا بۆ ناو بابەتی کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا لە ناو جەنگەی جەنگی داعشدا یەکێک لەو هۆیانە بوو کە دەیتوانی دۆخەکە بە شێوەیەکی دیکە بگۆڕێت. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لایەنگری یەکگرتوویی و یەکێتی عێراق و جەنگ لەگەڵ داعش بوو. ڕێکس تیلرسۆن[١] وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی بە مەترسیدار ناو برد و پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کە ئەوان پشتیوانی لە عێراقێکی یەکگرتوو و فیدرال دەکەن. (C.N.N. com, ٢٠١٧) بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دۆخەکەی لە بەرژەوەندی خۆی دەدیت و هەلی قۆستەوە و لە سەر پرسی ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووس پێداگریی کرد.

مەسعود بارزانی لە ٢ی تەمووزی ٢٠١٤ سەرەکیاتی داواکاری ڕیفراندۆمی بۆ پەرلەمانی کوردستان پێشنیار کرد. (www.ekurd.net) حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دواجار پرۆژەی خۆی بۆ بەغدا خستەڕوو. ئەم پرۆژەیە هەمان ئەو پرۆژەیە بوو کە لە مادەی ١٤٠ی دەستوور و ڕێکەوتننامەی هەولێردا هەبوو. گرینگترین ئەو شتانە، ناسینی کەرکووک وەک شارێکی کوردنشین و

---

[١] Rex Wayne Tillerson

پایتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغدا بوو. عێراق بە شێوەیەکی نافەرمی ڕازی بوو بەوەی کە ١٧%ی داهاتی نەفتی کوردستان بۆ حکوومەتی هەرێم بنێرێت؛ بەڵام دواتر تەنانەت ئەم پرۆژەیەش لە لایەن بەغدا دواخرا. دۆخەکە بۆ گشتپرسی ببوە شتێکی مسۆگەر و بارزانی ڕیفراندۆمی لە هەموو کوردستان جێبەجێ کرد و جگە لە دەنگی گەلی کورد دەنگی زۆرێک لە مەسیحی، تورکمانی هەولێر و کەرکووک و تەنانەت هەندێک عەرەبی عەشایەر و ڕووناکبیرانی عەرەبیشی لە کەرکووک بە دەست هێنا.

### ٤-٨- ڕیفراندۆمی ٢٥ی سێپتامبەری ٢٠١٧

مەسعود بارزانی لە ٢ی تەممووزی ٢٠١٤ قسەی کۆتایی دایە پەرلەمانی کوردستان. ئەو سەرەکیاتی گشتی پرۆژەکەی لەبارەی هەنگاونان بەرەو دیاری-کردنی مافی چارەنووس خستەڕوو. ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی بارزانی بە مەبەستی سەردانی جۆ بایدن[١] چووە کۆشکی سپی. دوای ئەم دیدارە بە گشتی لە سەر هەلومەرجی بەشداریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ناو حکوومەتی نوێی عێراق ڕایگەیاند کە «...ئێمە بۆ پێشوەچوونی پرۆسەی سیاسی هەلێکی دیکە دەدەینە بەغدا» وەک خاڵی دەستپێک، بەغدا دەبێت سنووری کوردستان و سەربەخۆیی ئابووریی ئێمە بە فەرمی بناسێت. هەر کات بەغدا لە جێبەجێکردنی داخوازییە سەرەکییەکانی کورددا سەرکەوتوو نەبوو، حکوومەتی کوردستان دەستی خۆی بۆ ئەنجامدانی گشتپرسیەکی دیاریکراو دەوەشێنێت. ئەگەر سەرەک وەزیر حەیدەر ئەلعەبادی توانای دروستکردنی حکوومەتێکی گشتگیری نەبێت، گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا لە سەر جیابوونەوە دەڕۆنە پێش نەک لە سەر بەشینەوەی دەسەڵات. (Gordon & Alissa, ٢٠١٤) لە دیدی کورد لە هەرێمی کوردستان، سەربەخۆیی پرۆسەیەکە هەر دەکرێت و ئەم ڕەوتە ڕۆژێک دەبێت بێتە سەر تەخت. (Karwan, ٢٠١٨) کوردەکان هیوای

[١] Joseph Robinette Biden

نەتەوەیی خۆیان هەروا پەروەردە دەکەن، دەکرێت بڵێین ئەوان بۆ پشتیوانی-کردنی سەربەخۆیی وەک باشترین ڕێگا بۆ ئاسایش و مافی سیاسی و فەرهەنگیی خۆیان کۆکن. لە دیدی کورد، سەربەخۆیی تەنها دۆخێکی سیاسی نیە، بەڵکو دۆخێکی بوونایەتی و نیشانەی بوونە. کوردەکان لەو بڕوایەدان کە سەربەخۆیی تەنیا ڕێگەی مسۆگەرکردنی دڵنیاییە بۆ ئاسایش و هەر کوردەکانیش دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و خۆیان بپارێزن. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٢٧٤-٢٧٣)

بە داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعش لە ١٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ وا پێدەچوو عێراق گەیشتبێتە سەر لێواری لە ناو چوون و شەڕخوازانی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ گەیشتن بە دەروازەکانی بەغدا لە بیاباندا لە پێشبڕکێ دابوون. پێشمەرگەکانی کورد کۆنترۆڵی خۆیان لە سەر کەرکووک پتەو کرد؛ بەڵام خەونی سەربەخۆیی ئەوان بە هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، داگیرکردنی شەنگال، هەڕشە لە سەر دهۆک و داگیرکردنی مەخموور، کە لە ٣٠ کیلۆمەتری هەولێر دابوو، دواخرا. (Supportkurd.org, ٢٠١٤) پێشمەرگە بۆ پەرەدانی زیاتری هێزی سەربازیی خۆی پێویستی بە کات بوو. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی و پاراستن پشتی بە ئەمریکا دەبەست. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٢٧٥) بەبێ یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەولێر تووشی مەترسی دەبۆوە. لە هەمان کاتدا، بە خۆڕاگری بەرچاوی پێشمەرگەکان لە بەرانبەر داعشدا لە ناوچە کوردییەکان، باڵادەستی و هاوسەنگیی کورد لە چاو عەرەب لە عێراق زیاتر هەستی پێدەکرا. هەر بەو پێوانە هومێدی گەیشتن بە سەربەخۆیی زیاتر هەڵدەکشا. سەربەخۆیی بە گشتی لە سەر چەند گریمانەیەک وەستا بوو: یەکەم، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت بەرگری لە حاکمیەتی نیشتیمان، خاک و هاوڵاتیانی خۆی بکات؛ دووەم، حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانای فرۆشتنی نەفت و گازی خۆی لە بازاڕەکانی جیهانیدا هەبێت؛

سێیەم، داهاتی فرۆشتنی وزە بایی کارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات و چوارەم، تورکیا وەک دۆست و هاوپەیمان بمێنێتەوە. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٢٧٥)

٢٥ی سێپتامبەری ساڵی ٢٠١٧ بۆ دەستپێکردنی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دیاری کرا. ڕاگەیاندنی ئەم کاتە شەپۆلێکی گازندە و دژایەتی لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستان پێوە بوو. ڕێژەیەکی کەمی دژبەرانی ئەم هەمەپرسیە پێیان وابوو کە شێواز و کاتەکە کێشەی بەدواوە دەبێت. هەروەها بەکارهێنانی مەبەستداری حزبی لەم ڕیفراندۆمە دەیتوانی زیان بە هەرێمی کوردستان بگەیێنێت. لە لایەکیتر کێشەی ناوخۆیی لە هەرێمیش ببوە جێی سەرنجی دژبەرانی دەرەکی. بە تایبەتی لاوازیی پێشوەبردنی سیستەمی دیموکراتیک لە سیستەمی بەڕێوەبەری هەرێم، هەڵکشانی دژایەتی سیاسی نێوان پارتەکان، ڕاگیرکردنی پارلەمانی نیشتیمانی کوردستان لە بەر کێشەی سیاسی بۆ ماوەی دوو ساڵ، کێشە لە سەر پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم کە بە سیمبولی سەرەک کۆماری کوردستان هەژمار دەکرێت، گەندەڵی ئابووری و قەرزی دەرەکی، نەبوونی ژێرسازیی پێویست بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ لە ناو کوردستان ئەو گرفتانە بوون کە لە دیدی دژبەرانی ڕیفراندۆم جێی تێبینی بوو. بەڵام لایەنگرانی ڕیفراندۆم لە ناوەوە لە وەڵامی نیگەرانیەکانی دژبەران، وێڕای قەبووڵکردنی کێشەکانی هەرێم، پێیان وابوو کە زۆر لە دەوڵەت - نەتەوەکان لە دوای ئەنجامدانی گشت پرسی بۆ سەربەخۆیی، ڕێکاری نوێیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات خستەڕوو؛ هەروەها ئەوان بە دانانی ژێرخانی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات سەرکەوتوو بوون. پێویستەی گەیشتن بە دۆخی خوازراو، وەرگرتنی سەربەخۆییە لە دەست عێراق؛ چونکە ئەوان پێیان وابوو عێراق ئەوانی خستۆتە ناو دۆخی ئابلۆقەی ئابووری. ڕێگەی دەرهێنانی سەرچاوەکانی سروشتی بەوان نادات و بۆتە هۆی هەڵکشانی گازندە لە ناو کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان و

بەشێک لەو کێشانەی کە دژبەرانی ڕیفراندۆم باسیان لێوە دەکرد ڕەگی لە ناو نەبوونی سەربەخۆییدا بوو.

لە هەمان کاتدا، وڵاتەکانی وەک ئێران و تورکیا کە بەشێک لە خاکی کوردستانیان تێدا بوو، دژبەرانی سەرەکی ئەم گشتپرسیە بوون. بە بڕوای ئەوان سەربەخۆیی وڵاتی کوردستان دەتوانێت سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە تێک بدات و کاریگەری و لێکەوتەی زیاناوی بۆ نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوین و ناوچەی جیۆپۆلۆتیکی خۆرهەڵاتی ناوینی پێوە بێت. ئێران بۆچوونی وایە کە بە بێ ڕێگەدانی بەغدا و بزاوت بۆ پێشێلکردنی دەستووری عێراق هیچ ڕیفراندۆمێک بۆ سەربەخۆیی ڕەوا نیە. (خبرگزاری فارس، ١٣٩٦) بەڵام بڕوای کوردەکان و تەنانەت زانایانی زانستەکانی سیاسی ئێران لەوانە دکتۆر ئەحمەد نەقیبزادە، دکتۆر سادق زیباکەلام، دکتۆر هێرمیداس باوەند و دکتۆر ئیبڕاهیم موتەقی ئەوە بوو کە گشت پرسی هیچ کێشەیەکی یاسایی نیە و ئەم پرسە مافی ڕەوای کوردە و تەنانەت لە وتارەکانیاندا هاتووە کە سەربەخۆیی کوردستان بە پێچەوانەی دیدی پیاوانی دەوڵەتی ئێران دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین. (نقیب زادە، ١٣٩٦) هەروەها بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لەو باوەڕەدا بوون کە لە دوای دروستبوونی حکوومەتێکی دیفاکتۆ لە ١٩٩١، هیچ کات کوردستان بۆ دراوسێکانی خۆی مەترسی دروست نەکردووە بەڵکو دانانی هێزی پێشمەرگە بۆتە هۆی سەقامگیری لە سنوورەکانی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کە ڕۆژی دەنگدانی ڕیفراندۆمیان دیار کرد بوو لە وەڵامی هەموو نیگەرانیەکانی دژبەرانی ناوخۆیی و دەرەکی، پێیان وابوو کە کارەکانی حکوومەتی بەغدا بۆنەتە هۆی ئەو پێشهاتانە. عێراق خۆی لە پێدانی پشکی ١٧٪ بودجەی کوردستان لادەدا، خۆی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی

کەرکووک بەپێی مادەی ١٤٠ی دەستوور لادا و دواتر نەبوونی لۆجستیک، یارمەتی و پێدانی چەک بە پێشمەرگە، کە پێگەیان لە ناو دەستووردا دیارە، بۆنەتە هۆی دووری نێوان هەولێر و بەغدا. (فیلیپس، ١٣٩٥: ٣٤٣) ئەمریکا وەک پشتیوانی سەرەکی هەرێمی کوردستان، خۆی لە پشتگیریی ڕیفراندۆم بوارد. ئەمەش ڕەنگە لە بەر دوو هۆکار بێت، یەکەم ئەمریکا دەیویست عێراق بە یەکپارچەیی و یەکگرتوویی بمێنێتەوە و هێزەکانی یەکگرتووی عێراق لە بەرانبەر داعش، کە گرفتی سەرەکی عێراق بوو، خۆڕابگرن. لە لایەکیتر، ئەگەر ئەمریکا پشتگیری لە ڕیفراندۆمی کوردستانی کردبا، سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر شوێنە وێکچووەکانی وەک کریمە و سکۆتلەندا تووشی پاڕادۆکس دەبوو. دواجار بەیانی ڕۆژی ٢٥ی سێپتامبەر زۆرینەی گەلی کوردستان بە پێشەوایەتی مەسعود بارزانی چوونە سەر سندوقی دەنگدان و خۆیان گەیاندە پرۆسەی ڕیفراندۆم. دەمی شێوانی ڕۆژی ٢٥ی سێپتامبەر، زیاتر لە سێ ملیۆن و سێ-سەدهەزار کورد و بەشێکی زۆری پێکهاتەیتر لەم ڕیفراندۆمەدا بەشدار بوون و ٩٣٪ ئەم خەڵکە دەنگی ئەرێیان دایە سەربەخۆیی کوردستان.

خشتەی ٣: دەرئەنجامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی

| هەڵبژاردە | دەنگەکان | ٪ |
|---|---|---|
| ئەرێ | ٢ .٨٦١ .٤٧١ | ٪٩٢ .٧٣ |
| نەخێر | ٢٢٤ .٤٦٤ | ٪٧ .٢٧ |
| دەنگی دروست | ٣ .٠٨٥ .٩٣٥ | ٪٩٤ .٧٦ |
| دەنگی بەتاڵ یا سپی | ٢١٩ .٩٩٠ | ٪٦ .٦٥ |
| کۆی دەنگ | ٣ .٣٠٥ .٩٢٥ | ٪١٠٠ |
| مافدار | ٤ .٥٨١ .٢٥٥ | ٪٧٢ .١٦ |

بەغدا دوای ڕیفراندۆم، داوای ڕادەستکردنی فڕۆکەخانەکانی نێودەوڵەتی لە هەولێر کرد و داوای ڕاگرتنی فڕینە نێودەوڵەتیەکانیشی کرد. ئێرانیش لە بن


سنووری هەرێمی کوردستان مانۆری سەربازیی دەکرد. تورکیا هێزەکانی خۆی لە سنوورەکانی باکوور دامەزراندبوو. تاران هەموو فڕینەکانی بەرەو کوردستانی قەدەغە کرد. هەر دوو وڵات وایاندەزانی کە ئەم ڕیفراندۆمە دەبێتە هۆی دروستبوونی مۆڕاڵی سەربەخۆییخوازیی و مافی چارەنووسی لە نێو کوردەکانی ناوەوەی وڵاتەکەیان. (Foreign policy, ٢٠١٧)

ئەگەرچی ئەم ڕیفراندۆمە، تەنیا ڕیفراندۆمێک نەبوو کە بە درێژایی مێژووی عێراق و بەتایبەت لە دوای ڕووخانی سەدام جێبەجێ کرابوو؛ پێشتریش لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕیفراندۆمێکی نافەرمی لە هەرێمی کوردستان ڕێکخرا. (Foreignpolicy, ٢٠١٧) دژبەرانی ڕیفراندۆم لەوانەش مەحمود عوسمان ئەم کارەی بە هەڵەی لێکنەدانەوە ناو برد. (Washington post, ٢٠١٧) لێکنەدانەوەکە ئەوە بوو کە وێڕای ئەوەی کە کۆمەڵگای جیهانی بە تایبەت ئەمریکا لەگەڵ هیچ جۆرە گرژیەکی ناوچەیی لە ناو سنووری وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین نەبوو، بارزانی لە سەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پێداگر بوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا و کۆمەڵگای جیهانی دەنگەکان وەرنەگرن و ڕێ لە دەرئەنجامی ڕیفراندۆم بگرن. (Foreign Policy, ٢٠١٧) بەغداش لە ئاسمان و زەوی کوردستانی ئابلۆقەدا. دوای دەرئەنجامی گشتپرسی پەرلەمانی عێراق ڕێگەی بە سەرەک وەزیری عێراق دا هێزەکانی عێراق بۆ ناوچە کوردییەکان ڕەوانە بکەن. لە کاتێکدا کە لە دوای گشتپرسی هێشتا شادی لە شەقامەکانی هەولێر دەگەڕا، ئەم خۆشیە ڕووبەڕووی جەنگی نێوان هێزەکانی عێراق و هێزی کوردی بۆوە. (The Guarding, ٢٠١٧) کێشەی نێوان بەغدا و هەولێر هەڵکشا و لە کۆتاییدا بە دەستوەردانی هێزەکانی عێراق، هەندێک لە شارەکانی کوردستان، کە لە کاتی داعش لە دەست عێراق چووبوونەدەر و وەدەست هێزەکانی کورد کەوتبوون، لەوانە کەرکووک و خانەقی، لە لایەن هێزەکانی عێراقی داگیر کرانەوە. (Washington post, ٢٠١٧)

**کۆبەند**

لەم بەشەدا، تاوتوێی مێژووییێکی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەر لە کاتی دامەزراندنی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ تا ڕێفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی هەرێمی کوردستان، کرا. سەرەتا باس لە پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی وەک پەیماننامەی سیڤەر، قاهیرە و لۆزان کرا. گوترا کە لە خۆرهەڵاتی ناویندا چەند پەیمانی نێودەوڵەتی لە سەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی هەبوونە و چۆن بوونە. دواتر ڕێژەی کێشەی نێوان دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٣ تا ٢٠١٧ باس کرا. ئاستی پەیوەندیی نێوان بەغدا و پارتە کوردییەکان لە هەڵبەزودابەزی زۆر بووە. هەروەک لە هێلکاری ژمارە (٣) دەبیندرێت، دەوڵەتی عێراق لە قۆناغێکی مێژووییدا پەیوەندییەکی گفتوگۆئامێزی لەیگەڵ پارتە کوردیەکاندا هەبووە و لە سەر دیاریکردنی چارەنووسی کورد گەیشتونەتە ڕێککەوتن. بەڵام زۆر جار، سەرکوتکردن، سیاسەتی عەرەباندن و هێرشی سەربازیی بۆ کوژاندنەوەی سەربەخۆخوازیی لە هەرێمی کوردستان بەکار هاتووە. ڕۆڵی هێزە ناوچەییەکانیش لەم بابەتەدا جێی سەرنجە. ئێران و تورکیا هەندێک جار هاوکاری پارتە کوردییەکان بوونە بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق، کە وەک هەڕەشەیەک بووە بۆ سەر ناوچەکە، تووشی گرفت بکەن. ئەم ئاستەی پەیوەندییە لە نێوان وڵاتانی ناوچە و پارتەکانی کوردستان لە ناو عێراق نموونەیەکی بەرزی هاوسەنگیی گشتگیرە لە ئاستی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی ناوین.

هێلکاری ٣: کاریگەریی هێزە دەوڵەتی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە سەر پرسی کوردستان




لە ڕەهەندی نێونەتەوەییشدا، بەپێی تیۆری ئاسایشیی بوزان، هەر چەندی کێشەی نێوان وڵاتانی هاوسێی عێراق لە سەر دۆزی کورد هەڵکشێت، هێزە جیهانییەکان بە ئەرکی خۆی دەزانن بێنە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین. پشتیوانیی جیهانی لە پارتەکانی کورد لە عێراق و هەڵکشانی ئاستی کێشە (عێراقی – کوردی و کوردی- ناوچەیی) وا لە هێزە نێودەوڵەتییەکان دەکات بێنە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەنگیی هێز لە نێوان هێزەکاندا دروست بکەن. هەروەها هاتنی هێزەکانی جیهانی بە مەبەستی دەستەمۆکردنی هێزەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بووە؛ چونکە هەر هێزێکی جیهانی بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەژموونبوونی هێزێک لە خۆرهەڵاتی ناوین هەراسان دەبێت. هەموو توانایەکیان بۆ داکشانی هێزی وڵاتێکی هەژموونخواز لەم ناوچەیەدا بەکاردێنن. ئابلۆقەی نەفتیی لە بەرانبەر بەغدا و کەواندنی ڕژێمی سەدام و بوونی هێزی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا لە خۆرهەڵاتی ناوین وێنەیەکی سەرەکی ئەم سازوکارەی هێزە جیهانیەکانە لە ناوچەکەدا. بەپێی تیۆری بوزان، وا پێدەچێت ئەم ئاستەی پەیوەندی و مامەڵەی (کوردی- عێراقی و کوردی- وڵاتانی ناوچەکە) و بەدوایدا هاتنی هێزە جیهانییەکان بۆ داهێنانی

نەزم لە خۆرهەڵاتی ناوین، دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەزمی خۆماڵی نەیێتە ئارا و پرسی ئاسایش و نەزمی ناوچەیی لەم ناوچەیەدا تووشی کێشە بێتەوە و زیاتر بچێتە ژێر کاریگەری کەشی دەرەوەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین.

# بەشی پێنجەم:

## لێکەوتەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە سەر بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین

**٥- پێشەکی**

لە بەشی پێشوودا باسی مێژووی گۆڕانکارییەکانی کوردستان و پەیوەندیی دەوڵەتی بەغدا لە ساڵی ١٩٢٠ی تا ٢٠١٧ زایینی لەگەڵ پارتە کوردییەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا. کێشەی نێوان بەغدا و کوردستان لە ناو قالبی دەروونسیستەمیدا نەماوەتەوە؛ واتا هێزە ناوچەیی و هێزە گەورەکانیش پشکیان لە پێشوەچوونی ئەم کێشانە هەبووە. هێزە ناوچەییەکان بە بەکارهێنانی پرسی کورد وەک هۆکارێکی نفووزکردن لە ناوچەکە، پێشگیرییان لە دروست-بوونی جوڵانەوەی نەتەوەیی لە ناو سنووری هێزە ناوچەکەییەکاندا کردووە. دواجار هاتنی ئەکتەر و زلهێزەکان بۆ دەستوەردان و بە مەبەستی دیاریکردنی نەزمی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین لە لایەک و لە لایەکی دیکە گوشار خستنەسەر ئەو وڵاتانەی کە لە بەرەی دژی زلهێزەکانن، لەگەڵ پارتەکانی کوردی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییان ساز داوە.

لەم بەشەدا لە سەر چارەنووسی پرسی هەرێمی کوردستان و کاریگەری ئەم پرسە لە سەر کەشی ئاسایشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین دەدوێین. سەرەتا کاریگەریی گۆڕاوەکان لە سەر پرسی سەربەخۆییخوازیی کوردەکان تاوتوێ دەکەین. پاش شرۆڤەیەکی تەواو، ڕێژەی کاریگەریی هەر گۆڕاوێک لە سەر پرسی سەربەخۆخوازیی کوردستان دەدرێتە بەر باس. هەروەها بە یارمەتی نەرمەئامرازی شیکاریی داتای «پریسم» و بە کێشانەوەی هێلکاری، کاریگەریی هەر یەک لە گۆڕاوەکان نیشان دەدرێت. دواجار بە سەرنجدان بەو ڕێڕەوانەی کە لە بەشەکانی پێشوودا گوتران، دوو پرۆسە لە داهاتووی نێوانماوەییدا (تا ساڵی ٢٠٣٠) لەبەرچاو دەگیرێت و لێکەوتەکانی ئەو پرۆسانەی کە کاریگەرییان لە سەر ئاسایشی ناوچەیی هەیە تاوتوێ دەکرێت. پێویستە ئەمەش بگوترێت کە پێناسەی ئەم پرۆسانە بە واتای پێشنیار بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان یا

هیچ شوێنێکی دیکە نیە. لە ڕاستیدا ئاماژەکردن بەم پرۆسانە بە واتای دڵنیایی لە پێشبینی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان نیە. بەڵکو ئەم پرۆسانە تەنها لە سەر بنەمای زموونتی گریمانە و گۆڕاوی دەستتێوەردەرن لە بارەی پرسی هەرێمی کوردستان و تەنیا لێکەوتە ئەگەرییەکانی ئەم پرۆسانە لە سەر ئاسایشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین تاقی دەکاتەوە.

پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و هەوڵی کورد بۆ جیابوونەوە لە عێراق لە ژێر کاریگەری گۆڕاوی جیاواز دایە. وێڕای ئەوەی کە هەوڵی زۆر بۆ لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی ئەم پرسە، بەپێی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی وەک شوناس و هەوڵی مێژوویی کورد بۆ دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ، دراوە بەڵام تاوتوێی ورد و گشتی دۆخی کوردستان وای نیشان دەدات کە خوێندنەوەی ئەم بابەتە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەندێک لە تایبەتمەندی و گۆڕاوەکان ناکرێت. سێ گۆڕاوی دەروونەدەوڵەتی، دەوڵەتی و باندەوڵەتی لەم دوو پرۆسەیەدا (کێشەی توندوتیژاوی و پرۆسەی ئاشتیانە) کاریگەرییان هەیە. ئەم گۆڕاوانە بریتین لە گۆڕاوی دەروونەدەوڵەتی (دۆزی کورد)، گۆڕاوی دەوڵەتی (عێراق) و گۆڕاوی دەرەکی (هێزەکانی ناوچەیی و بانناوچەیی). لە درێژەدا سەرەتا ئاستی شیکاری بەپێی گۆڕاوەکان دەبێت و پاشان ئاستی شیکاری پرۆسەکان شی دەکرێنەوە.

## ٥-١- گۆڕاوی ناودەوڵەتی، کوردی، عێراقی: سنوورداربوونی جیۆپۆلۆتیکی سەربەخۆیی کوردستان

دروستبوونی دەوڵەت لە قۆناغی یەکەمدا پتر لە هەر شتێک پێویستی بە ناوچەیەکی جوگرافی دیار و سنووری تا ڕادایەک ورد و لەباریی جیۆپۆلۆتیکی هەیە. هەرچەندە کورد لە هەرێمی کوردستان لە سنووری جوگرافی دیاریکراوی خۆیان دادەنیشن، بەڵام بۆ دروستکردنی دەوڵەت تووشی سنووردار‌بوونی جیۆپۆلۆتیکی بوونەتەوە، کە ئەمەش خاڵێکی گرینگە. لێرەدا مەبەست لە

جیۆپۆلۆتیکی سنووردار، نەبوونی کۆنترۆڵکردنێکی کاریگەر و یاساییە لە سەر ناوچەکانی کێشەلەسەر و تێکەڵبوونی پێکهاتەی فرە لەم ناوچانەدا، دەست نەگەیشتن بە ئاوی ئازاد و چواردەورگیرانی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەو هێزانەی کە دژی سەربەخۆیی کوردن کە بریتین لە چوار دەوڵەتی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا. بە وردبوونەوە لە سەر ئەو قورساییە سنوورداریییەی کە هەڵقوڵاوی دۆخی جیۆپۆلۆتیکییە دەردەکەوێت کە کورد بە ئازادی یا بە تەنگاویەکی کەمتر یا زیاتر بەرەو سەربەخۆیی دەبزوون. لە ڕاستیدا دۆخی جیۆپۆلۆتیکی کورد و سنوورداربوون گۆڕاوی سەرەکین کە بە شێوەیەکی ستراکچەری لە درێژمەودادا هەر جۆرە بزاوتێک بەرەو سەربەخۆیی کورد و دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی. (زیباکلام و عبداللەپور، ١٣٩٠: ٦٢) شوێنی بەستراوی جوگرافی کوردستان، گەورەترین ئاستەنگی پایەداری جیۆپۆلۆتیکیەکەیەتی. پێویستەی هەر جۆرە ئالۆوێرێک لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، ڕاکێشانی هاوکاری وڵاتانی دەوروبەرە بە تایبەت ئێران و تورکیا. زۆر لە پێداویستیەکانی کوردستان ئێستا لە دەرگاکانی سنووری ئەم وڵاتانەوە وەدەست دێت. سەرهەڵدانی هەر کێشەیەک لە پەیوەندیی نێوان کورد و ئەمریکا لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتەدا دەری خستووە کە ئەوان بە پێگەی باڵادەستیی خۆیان هەرچی بیانەوێت بەبێ دڵەڕاوکێ دەیسەپێنن. (کاویانی، ١٣٨٧: ٩٦)

ئەم شتە دەبێتە هۆی ئابلۆقە و دەورەدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان. لەم بارەوە، جەلال تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "نویە تسورشێر تسایتونگ"[١] دەڵێ «وێڕای ئەوەی کە دیاریکردنی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی مافی نەتەوەی کوردە، بەڵام جارێ باشترین ڕێگا فیدڕالیسمە[٢] چونکە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەگەر هاوسێیەکان سنوورەکانیان لە سەر ئێمە

---

[١] Neue Zeitung Tsvrshr ڕۆژنامەیەکی نێودەوڵەتیە کە لە سویس چاپ دەکرێت.
[٢] Federalism

دابخەن، ناتوانین لە سەر ڕێگەی خۆمان بەردەوام بین.» (راه مردم، ١٣٨٣) لە لایەکی‌تر، لە ڕووی جیۆپۆلۆتیکییەوە لەبارییەک بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەیە. لە بەر ئەوەی کوردستان هەندێک سەنگایی جیۆپۆلۆتیکی هەیە، دەتوانێت لە پرۆسەی سەربەخۆیی نزیکتر ببێتەوە. ئەم لەبارییە دابەشی چەند خاڵێک دەبن:

١. لە ناو کەشی جوگرافیایی خۆرهەڵاتی ناوین، کوردستان شوێنی گەیشتنەیەکی چەند پێکهاتەیەکی سیاسی[١] وەک ئێران، ئەرمەنستان، تورکیا، عێراق و سوریایە؛

٢. کوردستان لە نێوان چەندین ژیاری کۆنی وەک ئێرانی، تورک دایە؛

٣. کوردستان لە ڕووی پێکهاتەی سروشتی شوێنی بەیەکگەیشتنی سێ بەشی سروشتی قەفقاز، فەلاتی ئێران، فەلاتی شێوەدورگەی عەرەبستانە؛

٤. لە ڕووی شوناسی جیۆپۆلۆتیکی، کوردستان هارتلەندی[٢] خۆرهەڵاتی ناوینە؛

٥. سەرچاوەگەلێکی نەفتی لە کوردستاندا هەن. کەواتا لە ڕووی جیۆپۆلۆتیکی وزە، گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە؛

٦. گواستنەوەی نەفت و وزە لە دەریای خەزەر یا بەینونەهرەین بۆ دەریای سپی ناوەڕاست بە کوردستاندا تێدەپەڕێت؛

٧. کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە جیهان. (محمدی، ١٣٩٤: ٢٣١)


هەروەها لە بەر هەبوونی بەشێکی مەزنی مەیدانگەلی نەفت و گاز، هەرێمی کوردستان گرینگییەکی تایبەتی جیۆئیکۆنۆمیکی[٣] هەیە. نیوەی ناوچە نەفتی و گازییەکانی عێراق لە کوردستانن. چونکە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٧٪ی

---

[١] Political Systems
[٢] Heart land
[٣] Geo-economic

ڕووبەری ئەم وڵاتە لەخۆدەگرێت، لە دەستدابوونی نیوەی کانگای وزە لە ڕووبەرێکی کەمتر لە یەک لە سەر پێنجی ئەم وڵاتە، شوێنگەی ستراتیژیی ئەم ناوچە لە عێراق و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا بە ڕوونی دەردەخا.

نەخشەی ١: مەیدانەکانی نەفت و گاز لە هەرێمی کوردستان




(www.energy-pedia.com)

هەروەها نابێت لە بیرمان بچێت کە پارچەیەکی ڕۆژئاوای خاکی مێژوویی کوردستان لە ناو سوریا دایە و بەشی ڕۆژئاوای ئەم پارچەیە لە نزیک شاری کوردنشینی عەفرین لە کەناری دەریای سپی ناوەڕاستە. بە سەرنجدان بە

ڕووداوەکانی دوایی سوریا، کوردستانی سوریا کەوتە ژێر دەسەڵاتی کورد و ئەگەر گۆڕانکارییەکانی داهاتوو لە بەرژەوەندیی کوردەکانی سوریا تەواو بێت، ئەوا هەرێمی کوردستان لە ڕووی جیۆپۆلۆتیکی چەندئەوەندە بە هێز دەبێت و ڕێگەی دەرچوون لە تەسکایی جیۆپۆلۆتیکیەکەی چارەسەر دەبێت و بزاوت لە ڕێڕەوی سەربەخۆیی و گەیشتن پێی هاسانتر دەبێت.

هەرێمی کوردستان دوو جۆرە لەباربوونی دیکەی جوگرافی هەیە، ئەویش پێگەی هیدرۆپۆلۆتیکی و پێگەی ترانزیتییە. دۆخی تۆڕبەندیی ئاوی سەرزەویی عێراق بە جۆرێکە کە زۆربەی ڕووبارەکانی ئەم وڵاتە بە کوردستاندا تێدەپەڕن و دەگەنە باشووری عێراق. هەروا کوردستان لە ڕووی دۆخی هیدرۆپۆلۆتیک، لە چاو خاکی عێراق، پێگەی باڵادەستی هەیە. چوار ڕووباری بەردەوام و سەرەکیی دیجلە، زێی گەورە، زێی بچووک و سیروان بە تێپەڕینیان بە کوردستاندا بۆ تێراوکردنی لەوەڕگا و زەوی کشتوکاڵی گرینگیەکی زۆریان هەیە. گرێدراویی عێراق بە ئاوی ڕووی زەوی ئەوەندە زۆرە کە ئەگەر ئەم دوو ڕێڕەوە سەرەکییە لە بەشی ناوەند و ڕۆژئاوای عێراق لە کوردستان بەرەو باشوور نەبان، هەموو زەوییەکانی نیوەباشووری عێراق وەک بیابانی بێئاو و گیای ڕۆژئاواکەی لێدەهات. (گلی زوارە، ١٣٨٤: ٣٩)

لەبارتری، پێگەی ناوەندبوون و تڕانزیتییەکەیێتی؛ هەرێمی کوردستان لە شوێنێکدایە کە پەیوەستە بە بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی چەند وڵاتێک. هێڵی نەفتی، تڕانزیتی کاڵا، ناوچەی کشتوکاڵی و دانوستاندنی ئابووری کە لە ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوا و لە کوردستان بەرەو باشوور دەکرێت، بەم ناوچەیەدا تێدەپەڕن. تەواوی ڕێگەکانی پەیوەندیی زەوی و ئاسمانی عێراق بۆ تورکیا و ئەورووپا بە خاکی کوردستاندا دەڕۆن. لە واری هەناردەکردنی نەفت بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا لە دەریای ڕەش و دەریای سپی ناوەڕاست، بەشی گەورەی لولەکانی گواستنەوەی نەفت بە کوردستاندا دەڕۆن.

نەخشەی ٢: پێگەی ڕێگاکانی گەیاندن و تڕانزیتی و ڕووبارەکانی کوردستان




(www.CIA.gov)

### ٥-٢- شوناسخوازیی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازیی کورد

کورد تایبەتمەندیی خۆی هەیە؛ ئەمەش بۆتە هۆی تێگەیشتنی جیاوازی فەرهەنگی و شوناسیی ئەوان لە بەرانبەر زۆرینەی عەرەبی دانیشتووی عێراق. لە ڕاستیدا ئەوان بەپێی زمان، نەریت و بۆنەی جیاوازیان لە عەرەب، لە

دەرئەنجامی گۆڕانکاریی مێژوویی لە سەر توخمی جیاوازی شوناسی[١] لێک کۆ بوونەتەوە و شوناسی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتی و سیاسیی جیاوازیان پێکهێناوە. لە سەر ئەم بنەمایە، شوناسخوازیی نەتەوەیی کورد وەک بەستێن و بناغەی سازبوونی دەوڵەتی کوردستان و هەوڵیان بۆ چوونەدەر لە ژێر دەسەڵاتی بەغدا دەناسرێت. (نظری، ١٣٩٥: ٢٠١) ئەم شوناسخوازییەی خەباتی لایەنەکانی کوردی لە بەرانبەر بەغدا تا دەیەی ١٩٩٠ی زایینی و جودابوونەوەیەکی ڕێژەییان لە بەغدا لەو دەیە بەولاوە و کەمبوونەوەی هامووشۆی بەشە کوردییەکە لەگەڵ بەشی عەرەبی عێراقییش کاریگەری خۆی هەبوو و بووە هۆی هەڵکشانی توندی داواکاریی سەربەخۆیی. دوای سەقامگیربوونی ناوچەی ئەهوەن لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی کوردەکان خەریکی ژیانەوە و گەشەی شوناسی خۆیان، لە قالبی زمان، ئاڵا، سیمبولی نەتەوەیی و مێژوویی، بوون. نەوەی نوێ شوناسی کوردیی خۆی بە بەرزتر لە شوناسی عەرەبی و عێراقی دادەنێت و ئەمەش دەتوانێت بە بونیادی سەربەخۆیی ناوچەی کوردستان دابندرێت. (قاسمی، ١٣٨٩: ٤١) هەروەک دەرئەنجامی گشتیی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانیش دەریخست، کۆمەڵگای کوردی لە هەر دۆخێکدا بێت حەزی لە جیابوونەوەیە لە عێراق. بەوپێیە شوناسخوازیی نەتەوەیی وەک هۆکارێکی سەرەکی سەربەخۆخوازییە؛ کۆمەڵگای کوردی لە دۆخی گونجاودا ناتوانێت هەڵبژاردەیەکی دیکە لە جێی سەربەخۆیی دابنێت. بەو حاڵەشەوە لە دۆخێکدا کە تێچووی سەربەخۆیی هەڵکشێت، بە شێوەیەکی کاتی هەڵبژاردەی نێوەنجی دەبێتە سەرەکیاتی کورد.

دوای دانانی ناوچەی ئەهوەن لە هەرێمی کوردستان و فێرکردنی زمانی کوردی و بەفەرمیبوونی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکوومی، نەوەیەکی نوێی لاوان و ڕووناکبیرانی کورد بە هزری ناسیۆنالیستی و دوور لە کاریگەریی

[١] Identity factors

فێرکاری بەعسی و ناسیۆنالیستی عەرەبی – عێراقی، پەروەردە بوون. ئەم نەوە نوێیە شوناسی کوردی[1] خۆی بالاتر لە شوناسی نیشتیمانی عێراقی دادەنێت و ئەمەش دەبێتە هۆی بونیادی پاراستنی سەربەخۆیی ناوچەی کوردستان. لە ناو دەستووری نوێدا، زمانی کوردی وەک دووەمین زمانی فەرمی عێراق دادەنرێت و کوردەکان لە سەر پرسی زمان زۆر هەستیارن. لە کوردستان زانکۆ و کتێب بە زمانی کوردین؛ زۆرێک لە گەنجانی ١٤ تا ١٦ ساڵ کە لە کوردستان دەژین، زمانی عەرەبی تێناگەن. (جعفری‌نیا، ١٣٩٠: ٧٧) هەروەها ئەوان لە واری ئەدەبیاتدا کاری بە نرخیان کردووە. (کاک‌حمد، ١٣٩٧)

ئەم شوناس‌خوازییە بە گشتی پشتی بە ناسیۆنالیسمی کوردی[2] بەستووە. ناسیۆنالیسمی کوردی لە سەر بنەمای تایبەتمەندیی هەندێک شتی تا ڕادەیەک بەرچاو، کەسایەتی شاری یا گوندی، دینی یا سکولارە کە بەپێی ماکی کەشی سیاسی دیاری دەکرێت و ڕەنگە لە کات و شوێنی جوگرافیدا جیاوازیی هەبێت. (Watts, ٢٠٠٧: ٤٦٨) ناسیۆنالیسمی کوردی پەرچەکردارێک بوو لە بەرانبەر هەڵوەشانەوە و ڕووخانی عوسمانی و بە دوایدا پارچەکردنی کوردستان؛ لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم بە شێوەیەکی ڕوونتر وەدەرکەوت. ئامانجی ئەم ناسیۆنالیسمە ئەوە بوو کە چالاکیی سەربازیی و سیاسیی کورد ببێتە هۆی پتەوبوونی هێڵی بەرگریی کورد بۆ بە هێزکردن، بەرین‌کردن یا باشترکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکەدا. ناسیۆنالیسمی کوردی کە وەک بزوتنەوەیەکی سیاسیی دەرکەوت، خانەدانەکانی کورد ڕۆڵێکی گرینگیان لە ڕێنوێنی ئەم بزوتنەوەیە هەبوو. چالاکیی پارتگەلی کوردی کە باری ناسیۆنالیستییان هەبوو، لە سەر یەک پرس ورد ببوونەوە: پێداگری لە سەر سەربەخۆیی و گەیشتن پێی یا گەیشتن بە کەمێکی، واتا خۆسەری. (Ozuglo, ٢٠٠١: ٣٨٤-٣٨٧)

---

[1] Kurdish identity
[2] Kurdish Nationalism

**٥-٢-١- پشتبەخۆبەستن و سەربەخۆیی ئابووری**

هەرێم چەندە توانای ئابووریی پێویست و پشتبەخۆبەستن و سەربەخۆیی ئابووریی لە بەرانبەر بەغدای هەبێت و بتوانێت پێداویستیی نیشتیمانی و ئابووریی دەوڵەت و خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆی دابین بکات، ئەوا ڕۆڵی سەرەکی لە دۆزی کوردستاندا دەبێت. لەم بارەوە تایبەتمەندیی جۆراوجۆری وەک هەڵێنجان و هەناردەی نەفت، دانانی ژێرخانی ئابوورییەکی لەبار، دابین-کردنی سەرچاوەی دارایی دەوڵەت و گەل و دروستکردنی پەیوەندیی ئابووریی گونجاو لەگەڵ ئەکتەرانی دەرەکی، گرینگی فرەی هەیە. کورد لە کاتی وەرگرتنی خۆسەری لە دەیەی ١٩٩٠ی زایینی هەنگاوی بەرەبەرەی بۆ زیادکردنی توانا و پشتبەخۆبەستنی ئابووریی هەڵێناوە و بە تایبەتی لە کۆنترۆڵکردنی دەروازەکانی سنووریی و داهاتی گومرگی، ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی و بازەرگانی دەرەکی و هەروەها بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەفت بە تایبەتی لە یەک دەیەدا گەشەی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان لە دوای کەوتنی حکوومەتی سەدام چاویان لە وەدەستهێنانی بودجە بووە لە عێراق و توانیویانە نزیکەی ١٧٪ی بودجەی ساڵانەی عێراق بۆ خۆیان تەرخان بکەن. بەڵام ئەم بودجەیە لە دوای هەوڵی هەولێر بۆ هەناردەکردنی سەربەخۆیانەی نەفت لە ناوچە کوردییەکان لە لایەن دەوڵەتی عێراق ڕاگیرا و هەناردەی نزیکەی ٦٠٠ هەزار بەرمیلە نەفت لە ڕۆژێکدا بووە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی هەرێم لە ساڵەکانی دوای ٢٠١٤. (Dziadosz, ٢٠١٧)

هەرچەندە هەرێم سەرچاوەی وزەی گرینگی بۆ بەرهەمهێنان و دەست-خستنی داهات هەیە؛ لەوانەش سەرچاوە نەفتییەکەی بە نزیکەی ٤٠ چل ملیارد بۆشکە دادەنرێت، بەڵام توانای وەبەرهێنانی تەواوی لەم سەرچاوەیەی نیە. لەگەڵ ئەوەی کە کێشەی ئابووریی جۆراوجۆری هەیە و هۆکارگەلێک هەن کە دەبنە هۆی دروستکردنی قەیرانی ئابووریی لەم ناوچەیەدا؛ نەبوونی ڕەوایەتی

و یاسایینەبوونی هەناردەی نەفت لە دیدی بەغدا، ئەو نائەهوەنیەی کە داعش دایناوە و کێشە لەگەڵ عێراق لە دوای گشتپرسی ٢٠١٧، هاتنەخواری نرخی نەفت، ڕاگرتنی بودجەی هەرێم لە لایەن عێراق و هاتنی ئاوارەکانی سوریا و عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، لە پەنا گەندەڵی و هەڵەبەڕێوەبەریی، گرینگترین هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری بوون لە کوردستان. (Worldbankgroup, ٢٠١٥: ٢-٥) لە هەلومەرجی دوای گشتپرسی سەربەخۆیی، دۆخی ئابووریی کورد خرابتر بوو؛ چونکە کۆنترۆڵی کەرکووک لە لایەن عێراق و سەرکوتکردن و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنووریی و گومرگیەکان، داکشانی پشکی کورد لە بودجەی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ و داکشانی توانای بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەفت بە ڕێژەی زۆر لەو دۆخە نوێیەدا هەموویان بوونە هۆی دابەزینی هیواکان بۆ پشتبەخۆبەستن و سەربەخۆیی ئابووریی هەرێمی کوردستان.

### ٥-٢-٢- هێزی سەربازیی یەکپارچە، سەربەخۆ و ستراتیژی

کوردەکان بە درێژایی دەیەکانی دوایی توانیویانە لەباریی و توانای سەربازی و ئاسایشی خۆیان بەرز بکەنەوە. لە بەر ئەوەی هێزی سەربازیی گرینگیەکی باڵای بۆ مسۆگەرکردنی بزاوتی کورد بەرەو سەربەخۆیی هەیە، هەندێک هەوڵ بۆ یەکخستنی ئەو هێزە سەربازییانە هەیە کە بە سەر پارتە سەرەکییەکان دابەش بوونە. وێڕای ئەوەی کە بۆ ئاستی ستراتیژی لە ڕووی لۆجستیکی سەربازی پێویستیان بە زیادکردنی پیتاک و چەک هەیە؛ بۆیە لێرەدا هێزی سەربازی و ستراتیژیی کورد وەک هۆکاری سەرەکی دیاریکەری ڕێژەی سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنیان بۆ سەربەخۆیی گرینگە. بەڵام کێشەی سەرەکی لە ڕووی پێکهاتەی سەربازیی ئەوەیە کە هەندێک لە هێزەکانی پێشمەرگە سەر بە هەولێر و هەندێکیش سەر بە سلێمانین. بە تێڕوانین بە ناوەندیبوونی پارتەکان ئەوان هێشتا ناتوانن هێزێکی سەربەخۆ و یەکپارچە دامەزرێنن. ئەم

بابەتە وەک یەکێک لە پرسە سەرەکیەکانە کە هەوڵی کوردی بۆ سەربەخۆیی کز کردووە. (حمه، ٢٠١٧)

**٥-٢-٣- کێشەی ڕێبەرایەتی ناوخۆی کورد**

لە دۆخێکدا کە کۆکایەتی و هاوکاری گروپەکانی کورد بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی گرینگیەکی زۆری هەیە، تاوتوێی مێژووی ڕەوتە سیاسییەکان ئەوە دەردەخەن کە وێڕای پێداگریی هەموو ڕەوتەکان بۆ خۆسەری یا سەربەخۆیی، کێشەی ڕێبەرایەتی ئەوان بەردەوام ئاستەنگ و کۆسپ بووە بۆ ئەم مەبەستە. جەنگی ناوخۆی کورد لە دەیەی ١٩٩٠ نیشانەی قوڵایی کێشە و ڕکابەریی دوو ڕەوتی سەرەکی واتا پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانییە. هەرچەند لە ساڵانی دوای ٢٠٠٣ی زایینی هاوگری و هاوکاریی ناوخۆیی کوردی هەڵکشا و دەسکەوتی گرینگی پێوەبوو، بەڵام لە ساڵەکانی نزیک گشتپرسی ٢٠١٧ی زایینی کێشەی گەورە لە نێوان ئەم دوو ڕەوتە سەری هەڵدایەوە. لە ڕاستیدا وێڕای ڕووی ئارمانی و نەتەوەیی پرسی سەربەخۆیی، کێشەی زۆر لە نێو ڕەوتە کوردییەکان لە سەر هەندێک شتی وەک شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێم و دەوڵەتی سەربەخۆ، پرۆسەی سیاسی، شێوازی دابەشکردنی داهاتی نەفت و تەنانەت مەرجی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هاتنە پێش. لەم ساڵانەدا پارلەمان داخرا و کێشە لە سەر سەرۆکایەتی هەرێم و گازندەی حزبەکانی وەک یەکێتی نیشتیمانی و بزوتنەوی گۆڕان[١] لە سەر داهاتی نەفت بوونە هۆی بەرینبوونی توندی ململانێی لایەنە سیاسییەکان. (محمد احمد، ٢٠١٧)

گۆڕانکارییەکانی کوردستان لە دوای گشتپرسی سەربەخۆیی و وەپاش-خستنی ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی پارتە کوردییەکان تۆمەت بدەنە پاڵ یەکتر. لە وەها دۆخێکدا ترازان لە نێو ڕەوتەکان زۆر بوو؛ ئەم دۆخە لە داهاتووشدا

---

[١] Gorran-Movement for Change

وەک کۆسپێکی سەرەکی بۆ بەدواداچوونی داواکاریی سەربەخۆییخوازانە ڕەنگ دەداتەوە. لە سەر ئەو بنەمایەی کە ڕەوتی سیاسی و سیستەمی کوردی چەندە کۆک و ڕێککەوتوو بن یا دژ و ترازاو بن، لە سەر پرسە سەرەکی و ستراتیژییەکان، بە تایبەتی لە سەر بابەتی سەربەخۆیی و گۆڕاوی پەیوەندار بەو، ئەوا ڕۆڵی سەرەکی لە سەرکەوتن یا سەرنەکەوتن بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەیە. (Analysis, ٢٠١٧:٣ Policy)

## ٥-٢-٤- کەسایەتی و حەزی ڕێبەرایەتی کوردستان

لە بەر ئەوەی کە جوڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزوتنەوەکانی خوازیاری سەربەخۆیی پێویستییان بە ڕێبەری بەتوانا، بەئیرادە و بەهێز و خاوەن ڕەوایەتی هەیە، لە بارەی سەربەخۆیی کوردستانیش بوونی کەسێکی بەهێز و خاوەن ویستی تەواو بۆ جیابوونەوە کە ڕێبەرایەتی کوردی لە دەستدا بێت گرینگییەکی زۆری هەیە. لە بەرانبەردا نەبوونی ڕێبەری ڕەوا و بەهێز یا نەبوونی ویستی بەهێزی جیابوونەوە لە لایەن ڕێبەرایەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی دواخستن و سەرنەکەوتنی سەربەخۆیی. بۆیە لێرەدا ئاماژە بە کەسایەتی بەهێز و خاوەن ویستی تەواوی جیاخوازیی کە ڕێبەرایەتی کوردی لە دەستدا بێت گرینگیی زۆری هەیە. لە بەرانبەردا نەبوونی ڕێبەرێکی خاوەن ڕەوایەتی و بەهێز یا نەبوونی ویستی بەهێز بۆ جیابوونەوە لە لایەن ڕێبەرایەتی هەرێمدا دەتوانێت ببێتە هۆی دوورکەوتنەوە و سەرنەکەوتنی سەربەخۆیی. بۆیە لێرەدا ئاماژە بە کەسایەتی و ویستی ڕێبەرایەتی وەک گۆڕاوێکی کاریگەر لە سەر سەربەخۆیی کوردستان دەدرێت. لە ناو ڕەوتی گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ ناوەندێتی و ئیرادەی مەسعود بارزانی ڕۆڵێکی بەهێزی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەبوو، بەڵام بە لاچوونی ئەو لە سەر پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەگەری بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕێبەرێکی میانەڕۆتر پرۆسەی سەربەخۆیی ڕەنگە ڕێڕەوێکی جیاواز بپێوێت. ئەڵبەتە بە تێڕوانین بە ڕابردوو و هزری ئازادیخوازیی و متمانەی بارزانی لاچوونی ئەو لە پۆستی

سەرۆکایەتی کوردستان بە واتای لاوازبوونی ڕۆڵی ئەو نیە چونکە ئەو وەک مەرجەعێک و ڕێبەرێکی مەعنەوی هێز و ئیرادەی زیاتر لە جارانی هەیە.

### ٥-٢-٥- سەرکەوتنی کورد لە مەیدانی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە

کورد دوای چەند دەیە لۆبیگەریی سیاسی، لە سەر سەکۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی و نزیکەی بیست ساڵ ئەزموونی حکوومەت لە سەر خاکێک کە بەناو خۆسەرە و بەڵام لە واقیعدا جیاوازییەکی وەهای لەگەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە، شێوازی هاوسێیەتی بە سەرکەوتوویی تێپەڕاندووە و ڕێگەی دۆستایەتی لەگەڵ هێزە گرینگەکانی جیهان و ناوچەکەی زموونددووە. لە پەنا وەها ئەزموونێک، ئەو سەقامگیری و ئارامییەی کە لە کوردستان هەیە، ئەگەری سوودوەرگرتنی لە بازەرگانی و وتووێژی سیاسی، لەگەڵ هێزەکانی هاوسێ و گروپەکانی عێراقی ڕەخساندووە. هۆکارێکی بەرینبوونی دیپلۆماسیی کوردستان، پەیوەندییە لەگەڵ بەرپرسانی دینیی ئەورووپا (ڤاتیکان). لەم دواییەشدا بە پێشوازی لە ئاوارەکانی مەسیحی، کە لە ترسی توندڕەوانی دینیی ناوچەکانی ناوەندی عێراق پەنایان بۆ کوردستان هێنا بوو، ئاستی ئەم پەیوەندییە هەڵکشا. (محمدی، ١٣٩٥: ٢٤١-٢٤٠)

## ٥-٣- گۆڕاوی دەوڵەتی لە عێراق

دەتوانین چەند گۆڕاوێکی سەرەکی و کاریگەر لە سەر پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کە بریتین لە دەسەڵات و کۆکبوونی ناوخۆیی دەوڵەتی عێراق و هاوکاریی شیعە و سوننەکان لە بەرانبەر هەڵگەڕاویی کورد دابنێین.

### ٥-٣-١- شرۆڤەی ئاستی کۆکبوونی ناوخۆیی

پاراستنی یەکپارچەیی و حاکمییەت لە وڵاتانی جۆراوجۆر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەسەڵات و کۆکبوونی دەوڵەتەکان و کارایی حکوومەتەکانەوە هەیە. لە کاتێکدا دەوڵەتگەلی لاواز و ناکارا یا بە واتایەکی دیکە دەوڵەتگەلی

شکست خواردوو[١] دەبنە هۆکاری سەرەکی ڕووخان و هەڵوەشانەوەی وڵاتەکانیان؛ لە بەرانبەردا زۆربوونی دەسەڵات و کۆکبوونی دەوڵەتی ناوەندیی وەک فاکتەرێکی سەرەکی و دیاریکەرە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڵوەشانەوەخوازی. لە عێراقدا لاوازییەکانی دەوڵەت بە تایبەتی ناکارایی و سەرنەکەوتنی حکوومەتەکانی عێراقی لە پێشبردنی حوکمڕانی باش[٢] بۆتە هۆی ئەوەی جیابوونەوەخوازیی کوردیی بەهێز بێت. شکستی و کزیی دەوڵەت لە سەردەمی سەدام بووە هۆی هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی و دوای سەدامیش دەوڵەتی عێراق ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بۆوە. (بخیت، ٢٠١٣: ١٢١) هەروەها عێراق وڵاتێکی نایەکڕەنگ، چەندمەزهەبی، چەندنەتەوەیی و چەندکەلتورییە و نەتەوەی عێراق نەتەوەیەکی دروستکراو و ساختەیە کە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لە لایەن ئینگلیز دروست کراوە. ساختەبوون، وڵاتی عێراقی کشاندۆتە سەر لێواری هەڵدێر و نەخۆشی زۆری بەدواوە بوە لەوانە:

١. کێشەی سنوور و خاک لەگەڵ هەموو دراوسێکان جگە لە عەرەبستان، ئەم کێشە سنوورییانە لە بەر بەڵێنداریبوونی سنوورەکان بۆ سەرچاوەکانی ئاو، نەفت و گازیش پەلی هاویشتووە و بۆتە هۆی پەیدابوونی بەستێنی کێشە لەگەڵ هاوسێیەکانی عێراق؛

٢. سنووردرابوونی ڕێژەیی عێراق لە وشکانیدا بۆتە هۆی بەرتەنگبوونی جیۆپۆلۆتیکی عێراق؛

٣. وێکچوونی نەتەوەکانی سەر سنووری عێراق لەگەڵ نەتەوەکانی ئەو بەری سنوور لە وڵاتانی هاوسێ؛ وەک کوردەکان؛

٤. دروستبوونی پێکهاتەی وێکنەچووی نەتەوەیی، دینی، هۆز و تاییفەیی لە نێو خەڵکی عێراق، کە بە هۆی نەبوونی مێژوویەکی هاوبەشی ژیانی

---

[١] Failed states

[٢] Good Governance & Good government

ئاشتییانە بووە لەگەڵ یەکتر، هەست بە هاوچارەنووسی و هاوبەختی ناکەن؛ هەر بۆیە شتێک بە ناوی نەتەوەی عێراق هێشتا بوونی نیە.

هەوڵی هەریەک لە گروپەکان بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی عێراق و سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی. وێڕای ئەوەش هیچ کام لەم گروپانە بە تەنیایی ناتوانن حوکمی عێراق بکەن. بۆیە دژایەتی گروپەکانی دیکە لەگەڵ جیابوونەوەی کورد بۆتە کۆسپ لە بەردەم سەربەخۆیی کوردستان. (اخوان کاظمی و عزیزی، ١٣٩٠: ١٦١) تەنانەت بۆچوونی هەموویان لە سەر فیدرالیسمیش وەک یەک نیە. شیعە و کورد پشتیوانی لە فیدڕالیسم دەکەن؛ بەڵام سوننییەکان دژی فیدرالیسمن، بە تایبەتی دژی فیدڕالبوونی شیعەکانن. هەرچەند ئەوان لەگەڵ فیدرالی کوردەکان ڕاهاتوون و پەسەندیان کردووە، چونکە کوردەکان لە عێراق خاوەنی بەهێزترین و دامەزراوەییترین هێزی کۆمەڵایەتی، سەربازی، ڕێکخراوی سیاسی، ئابووری و ئیدارین. لە بەرانبەردا دەوڵەتی عێراق لە بنەڕەتدا هێزێکی سەربازی پشتبەستیان نیە و عەرەبی سوننە و عەرەبەکانیتر چارەیەکیان نیە جگە لە پەسندکردنی فیدڕالیسمی هەرێمی کورستان. بەڵام دۆخەکە لە باشوور بە تەواوەتی جیاوازە؛ ناوچە شیعەنشینەکان نزیکەی نیوەی خاکی وڵاتیان گرتووە و زۆرترین کانگا نەفتیەکانی عێراقی لە ناو خۆیدا هەیە. هەروەها تەنیا ڕێگەیەی گەیشتن بە ئاوە کراوەکان لە سنووری شیعەنشین دایە و بەشە نەفتەکەیتری عێراق لە کوردستان دایە. بۆیە سوننیەکان نیگەرانن لەوەی کە ناوچەی ناوەند نەفتی نیە، کراوەش نیە و گیریان خواردووە. (ازغندی و کرمی، ١٣٨٦: ١٨-١٧)

ئەگەری ئەوە هەیە کە خاڵی بەهێزی عێراق هاوکاری و هاویاریی گروپەکانی دینیی ناو ئەو وڵاتە بێت. عەرەبەکانی شیعە و سوننی لەگەڵ کوردەکان وەک دینگە و گروپی سەرەکیی کۆمەڵگەی عێراقن. لە سەر ئەم بنەمایە لە سەر پرسی ستراتیژی و سەرەکیی وەک سەربەخۆیی کوردەکان،

جۆری ڕوانگە و دەراوێژی سیاسەتەکانی شیعە و سوننە گرینگی زۆریان هەیە. لە ڕاستیدا ئەم بابەتە کە شیعە و سوننە لە سەر پرسی سەربەخۆییخوازیی کوردستان ڕوانگەی وێکچوو و هەڵوێستی نزیکیان هەبێت، یا لە بەرەنگاربوونەوەی کێشە سەرەکیەکان جیاوازیی ڕامانیان هەبێت، گرینگی زۆری هەیە و بە خاڵی سەرەکی و دیاریکەر بۆ سەربەخۆیی کوردەکان دێتە هەژمار. سیاسەت و حکوومەت لە مێژووی عێراقدا تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری ململانێ و چەلەحانێی دەستەی شیعە و سوننەدا بووە. لە ساڵانی دوای ۲۰۰۳ی زایینی پرۆسەی دەوڵەتسازی لە عێراق بە دەستی شیعەکان بووە و سوننەکان بەزۆری ڕوانگەیەکی نەرێنی و ڕەخناوی و تەنانەت بەرپەرچدانەوەی سەربازییان لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناوەندی گرتۆتەبەر. دروستبوونی داعش و خستە ژێر دەستی ناوچەکانی سوننەنشین لە ساڵانی دوای ۲۰۱٤ سەرەکیترین هەڵوێست بوو لە بەرانبەر دەوڵەتی شیعەتەوەر لە عێراق. لە کاتێکدا باڵادەست-بوونی شیعەکان لە پێکهاتەی دەسەڵاتی دیمۆکراسی عێراق تا ساڵانێکی دیکەش پێشبینی دەکرێت و بەردەوامی دەبێت، جۆری بەشداری و هاوکاریی سوننەکان لە دەسەڵات بۆ سەقامگیری و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کێشەی وەک سەربەخۆخوازیی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبێت. (Haddad, ۲۰۱٥: ۳)

لەگەڵ ئەوەشدا جەنگی فیرقەیی لە عێراق دوای هێرشی ۲۰۰۳ گەیشتە بەرزترین ئاست. گازندەکاران و گروپەکانی سوننی کە لە دەسەڵات لادرابوون، بە لە دەستدابوونی ئۆردوگایەکی دڵنیا لە ئەردەن و سوریا، توانییان هێرشەکانیان بۆ سەر عێراق توندتر بکەن. هێرشەکان تەنیا بۆ سەر سەربازانی ئەمریکی نەبوو بەڵکو بەشێکی زۆری خەڵکیشی ڕۆژانە دەکردە قوربانی. عێراق لە ساڵانی ۲۰۰٦ لەو پەڕی جەنگی ناوخۆییدا بوو. لە ڕووی سەربازییەوە کوردەکان پێکهاتەی سەربازیی خۆیان (پێشمەرگە) پاراست، شیعەکان سوپای مەهدی و (جیش المهدی) و سوپای بەدریان بە هێز کرد و هێزەکانی بەعسی – سوننەی دەرکراو لە دەسەڵات، لە بەرانبەر ئەمریکا بیرۆکەی ئەنجومەنی

وشیاریی گەلیان (الصحوه) دروست کرد کە ژمارەیان دەگەیشتە ٩٠٠٠٠ نەوەدهەزار کەس. (محمدی، ١٣٩٥: ٢٧١) کێشەی نێوان شیعە و سوننە لە سەرەتای دەسەڵاتی شیعە لە عێراق سەری هەڵدایەوە و ڕۆژانە شەپۆلی ئەم کێشە دینییە زۆرتر هەڵدەکشێت. دوای پەیدابوونی داعش هێزێک بە ناوی حەشدی شەعبی دروست کراوە کە ڕاستەوخۆ بودجە لە دەوڵەت وەردەگرێت و ڕۆڵی سەرەکی لە تێکدانی هاوکێشەکانی دوای ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ هەبوو. وا پێدەچێت کە تا ململانێ لە نێوان شیعە و سوننە لە عێراق لە هەڵکشان دابێت و جەنگی مەزهەبی زۆرتر گڕ بگرێت لەم دۆخەدا ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە بۆ کۆتایی هێنان بەم بەزمە ڕێگەیەکیان نیە جگە لە هەڵوەشانەوەی عێراق. چونکە ئەم هەڵوەشانەوە بە هۆی کوردستانەوە نیە، ئەم لێکگیربوون و ململانێیەی نێوان شیعە و سوننە لە بەرژەوەندیی کورد دایە و یەکێتی نێوان شیعە و سوننە زیان بە کورد دەگەیێنێت.

## ٥-٤- پێکهاتەی فیدرالیستیی عێراق

وێڕای وێکچوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سیستەمەکانی دیکەی فیدرالی، حکوومەتی ناوچەیی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە لە نموونە ناناوەندییەکانی دیکە جیاوازە. تایبەتمەندیی وەک کۆنایەتی زیاتری دیمۆکراسی لە چاو عێراق، ئازادی و پەیوەندیی دەرەکی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و ویلایەتەکانی وڵاتانیتر، هەبوونی هێزی سەربازی - بەرگریی بە ناوی پێشمەرگە[1] یا پارێزەرانی هەرێمی کوردستان، سەرەکیبوونی دەستوور و یاسای پارلەمانی لەچاو یاساکانی حکوومەت و پەرلەمانی عێراق، هەڵبژاردنی سێ دەسەڵات و لێککردنەوەی دەسەڵاتەکانی سێیانە لە یەکتری، توانای پەرلەمانی نیشتیمانی کوردستان بۆ ڤیتۆکردن و هەمواری یاساگەلی فیدرال ئەو

[1] Pishmarga

جیاوازیانەن کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچە خۆسەری و فیدرالەکانی دیکە هەیەتی. (محمدی، ١٣٩٥: ٢٧١)

مۆدێلی دەوڵەتی ناوچەیی[1] لە هەرێمی کوردستان نە دەچێتە چوارچێوەی مۆدێلەکانی کلاسیکی خۆسەری و نە لە ناو کۆمەڵەی مۆدێلە جۆراوجۆرەکانی فیدرالیسمی جیهانی پۆلێن دەکرێت. بەڵکو بە شێوەیەکی نێوانی لە نێوان فیدرالیسم و دەوڵەتی سەربەخۆ دایە و دەتوانین پێی بڵێین بانفیدرالی. (حافظنیا و دیگران، ١٣٨٩: ٢١٤-٢١١) بۆیە فیدرالیسم لە عێراق بەرەو دووربوونەوە لە حاکمیەتی یەکپارچە هەنگاوی ناوە و مەودای ئەم وڵاتەی لەگەڵ هەڵوەشانەوە کەم کردۆتەوە. دەسەڵاتی ویلایەتەکان تەنانەت لە دەسەڵاتی ویلایەتەکانی ئەڵمان زیاترە؛ ڕەنگە بتوانین بە سیتەمێکی نێوانفیدرالی و کۆنفیدرالی دایبنێین. بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو کەسانەی کە پێیان وایە دەکرێت عێراق وەک سیستەمی ئەڵمان بچوێندرێت، عێراق لە سەر ڕێڕەوی هەڵوەشانەوە بزاوتی کردووە. هەروەها ئەڵمان لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم بە پەسندکردنی سیستەمی فیدرالی هاوگری لەبەرچاو بووە و هەروەها گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیش لە عێراق ساز نەبووە. (ازغندی و کرمی، ١٣٨٦: ١٩-١٨)

بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە باس کران گۆڕاوی دەوڵەتیی لە عێراق ناتوانێت گۆڕاوێکی کاریگەر بێت لە سەر پرۆسەی سەربەخۆخوازیی کوردی. لە بەر ئەوەی کە عێراق بە درێژایی مێژوو هیچ کات بڕیاری خۆی لە دەستی خۆیدا نەبووە. لە ڕاستیدا عێراقیەکان هیچ کات نەیانتوانیوە بە دەستی خۆیان حکوومەتێک بێننە سەر کار یا حکوومەتێک لابدەن؛ ئەم شتە هەمیشە بە دەست-تێوەردانی بیانییەکان کراوە. ڕژێمی سەدامیش بە دەستتێوەردانی بیانیەکان هاتە سەر کار و بە دەستی ئەوانیش ڕووخا. حکوومەتی تازەی عێراقیش بەبێ دەستتێوەردانی ئەمریکاییەکان نەدەکرا. ئەم تایبەتمەندییە بۆتە هۆی ئەوەی هەستی دەوڵەتبوون یا هەستی گرێدراویی بە دەوڵەت هیچ کات لە ناو دەقی

[1] Regional Government

لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق دروست نەبێت و لە ڕووی شوناس حکوومەت هەمیشە گرێدراوی «ئەوی‌تر» بێت نەک «خۆی». دەرەنجامی ئەم شتەش ساز- نەبوون و پتەونەبوونی ڕوحی نەتەوەیی لەم وڵاتە و بێ متمانەیی لایەنە جۆراوجۆرەکان لە هەمبەر یەکتری بۆ دروست‌بوون و دابین‌بوونی ئاسایشیان بووە. ئەم شتە لە مێژووی عێراقدا بە هۆی دەسەڵاتی سوننە بووە و لە کۆتاییدا بۆتە هۆی توندوتیژیی سیاسی بۆ جۆرێک لە نەریتی بەردەوامی مێژووی سیاسیی عێراق. (پورسعیدی، ١٣٨٩: ١٩٢-١٩١)

## ٥-٥- گۆڕاوی بان‌دەوڵەتی، تێبینی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتانی دەوروبەر لە سەر سەربەخۆیی

بەو پێیەی کە وڵاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان پێکهاتەی کوردیان تێدایە، لە ئەگەری کاریگەریی بەهێزی سەربەخۆیی‌خوازیی کورد لە سەر ئاسایشی ناوخۆیی خۆیان نیگەرانن. تێبێنی ئاسایشیی ئەم وڵاتانە گۆڕاوێکی کاریگەرە لە سەر ڕوانگەی ئەوان بۆ پرسی کوردستان. لە ناو ئەم چوارچێوەیەدا هەرچەندی تێبینیەکانی ئاسایشیی هەڵکشێن هەڵوێستی نەرێنی و پەرچەکرداری ئەم وڵاتانە لە بەرانبەر سەربەخۆیی کورد هەڵدەچێت و دامرکانەوەی نیگەرانیەکانی ئاسایشی نیشتیمانی و ناوخۆیی دەتوانێت ڕوانگەی ئەم وڵاتانە هەموار بکاتەوە.

لە نێو وڵاتانی دراوسێ ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا هەر یەکە لە بارەی سەربەخۆیی کوردستان لە عێراق زیانی تایبەتی خۆیان هەیە. لەو ناوە پێدەچێ تورکیا زۆرترین زیانی ئاسایشیی لە بەرانبەر وڵاتی سەربەخۆی کوردستان بەر کەوێت. وڵاتی ئێران و سوریا هەریەکەی نیگەرانی تایبەت بە خۆی لەم بارەوە هەیە. ئەم نیگەرانی و خەسارەتانەی ئاسایشی بۆنەتە هۆی توندتربوونی پەرچەکرداری دەوڵەتەکانی دەوروبەر لە سەر سەربەخۆیی کورد. لە ئاکامدا ڕوانگەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە بۆتە کۆسپێکی گەورە لە پێش دروست‌بوونی

دەوڵەتێکی کوردی. لە ناو ئەم چوارچێوەیەدا، بۆ نموونە وێڕای پەیوەندیی گەرم لەگەڵ ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان هەر لەگەڵ هاتنەئارای باسی بابەتی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان ئەوان بە توندی دژایەتییان لەگەڵدا کرد و پەیوەندیەکی جیاواز لە نێوان هەولێر و ئانکارادا دروست بوو. ( Uyanik, ٢٠١٧: ٥)

**ئەلف) ئێران.** لەبەر ئەوەی بەشێکی خاکی کوردستان لە ناو ئێران دایە و ئێران بەشێکی بەرچاوی دانیشتووی کوردی لە قەڵەمڕەوی خۆیدا هەیە، لە بەرانبەر پرسی هەرێمی کوردستان هەست بە مەترسی دەکات. هەندێک پێیان وایە کە پڕۆسەی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکانی ئێران لەگەڵ کوردەکانی باشوور هاولا بن و بتوانن بە پشتیوانی دەوڵەتی نوێی کوردستان، لە دژی سیستەمی کۆماری ئیسلامی، دەست بە خەبات بکەنەوە. (Nader, ٢٠١٦: ٨) ئەحمەدی پێی وایە کە دۆزی کورد و پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران لۆژیکی فیرقەگەرایانەی نیە و زۆرێک لە کوردەکانی ئێران، پێش ئەوەی خۆیان بە شوناسی ئەتنیکی و نەژادی بناسێنن، خۆیان بە شوناسی نیشتیمانی ئێرانی دەناسێنن. لەبەر ئەوەی ئێران وڵاتێکی کۆنە و ناوی وەک نیشتیمانی مەحروسەی ئێران[١] و خاکی ئێرانی هەبووە و کۆنایەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵگەلێکی دوور و درێژ؛ لە بەر ئەوەی سنوورەکانی ئێران دەستکرد نەبوونە و ئێران وڵاتێکی سرووشتیە، پرسی پێکهاتە ئێتنیکییەکان لە ئێران بە شێوەیەکی سیاسی ئێستای جیهان، لە ئێراندا باو نیە. ڕاستە کە قەومەکانی ئێرانی لە دێرزەمانەوە لە ناو سنوورەکانی ئێران ژیاون، بەڵام دیاردەیەک بە ناوی شوناسی ئێتنیکی بەرجەستە نەبووە. ئێران کۆمەڵگایەک نەبووە کە لە نێوان گروپە بەربڵاوەکانی دینی، زمانی و نەژادیی

[١] ئەم واژەیە لە وشەی حەرەس، واتا پارێزگاری، وەرگیراوە. بە مانای خاکی ئێران دێت کە لە دوای سەردەمی ئیلخانیەکانی مەغۆل لە ئێران بڵاو بۆوە؛ گوتنێکی سیاسی و ئیداری بووە لە سەردەمی سەفەوی و قاجاری تا کۆتایی سەردەمی قاجاریش باو بووە.

هیچ جۆرە پەیوەندی و خاڵی هاوبەشیان پێکەوە نەبێت. بۆیە شوناسی ئێتنیکی نەک هەر لە ڕابردوودا زۆر خۆی نەنواندووە و نەبۆتە هۆی تەیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵکو نەبۆتە هاوئاستی شوناسی نیشتیمانیش و وەلاشی نەناوە. (احمدی، ۱۳۹۰: ۱۱۹)

لە ڕاستیدا، ئەو هەڵسەنگاندنەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕووی جیۆپۆلۆتیکی لە ناوچەکەدا هەیەتی، هەستی نیگەرانی پێوەیە. هەندێک نیگەرانن لەوەی کە عێراقی لەتلەت بوو دەتوانێت پێگەی ناوچەیی ئێران تووشی مەترسی بکات. هەندێکی دیکەش باوەڕیان وایە کە ئێران دەتوانێت لەگەڵ کوردستانێکی سەربەخۆ پەیوەندی بازەرگانی و فەرهەنگیی چاک دروست بکات. (Nader, ۲۰۱٦: ۹) ئێران یەکەم وڵاتی ناوچە بوو کە لە هەولێری پایتەختی کوردستان و سلێمانی نوێنەری فەرمی هەبوو و تێگەیشتننامەی هاوبەشی ژوری بازەرگانی و هاوکاریی بازەرگانی و گەشت لە نێوان پارێزگاکانی سنووری ئێران و تەنانەت لە نێوان دامەزراوەکانی ناوچەی ئازادی کیش و هەرێمی کوردستان واژۆ کرد. زیاتر لە ٤٠٠ چوارسەد کۆمپانیای ئێرانی لە باشووری کوردستاندا چالاکن؛ هەرێمی کوردستان بەشێکی کارەبای خۆی لە ئێران دابین دەکات. (کاویانی، ۱۳۸۷: ۹۸-۹۷)

کاکحەمەد[1] لە سەر ئەو بڕوایەیە کە دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ، نەک هەر گەفی بۆ سەر ئێران نیە بەڵکو دەتوانێت پۆتانسێلی بەهێزی پەیوەندی ئابووریی و فەرهەنگی هەبێت. ئەو دەڵێت واباشترە ئێران ڕوانگەی ئایدۆلۆجی خۆی بگۆڕێت بۆ ڕوانگەی مەیدانی شارستانێتی نەورۆز و لەگەڵ هاوپەیمانە سروشتی و مێژووییەکانی خۆی بێتە ناو مامەڵەیەکی سازکەر و باش. بەپێی ڕوانینی کاکحەمەد، ئێران لە جیاتی ترسی بێ بنەما دەبێت گوتاری

[1] محەمەد کەریمخان کاکحەمەد، دەرچووی بەشی زانستەکانی سیاسی زانکۆی تاران.

گفتوگۆی ژیاری نەورۆز بژێنیتەوە و چاوی دامەزراندنی بازاڕی هاوبەش و یەکگرتووی بازنەی نەورۆزی هەبێت. دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەتوانێت لە داهاتوودا ببێتە یەکێک لە هاوپەیمانەکانی بەهێزی ئێران لە بەرانبەر ڕکابەرانی مێژوویی هەر دوو نەتەوە. ئەو پێیوایە کە لە دوای گۆڕانکاریی جیۆپۆلۆتیکی ناوچەکە لە داهاتوودا ڕەنگە ئێران بۆچوونی بیرمەندانی وەک دکتۆر ئەحمەد نەقیبزادە و دکتۆر ئیبراهیم موتەقی لە سەر سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بێنێتە ناو دەستووری کاری خۆی. هەروەها دەڵێت کێشەی سەرەکی ئێران لە سەر یەکپارچەیی عێراق لاوازیی کۆمەڵناسی عەرەبی و عێراقییە. ئێران دەبێت ناسینی باشتری لە بارەی سەرەکیاتی عەرەب هەبێت و پێویستە بزانێت کە سەرەکیاتی ئەوان عەرەبایەتیە نەک شیعایەتی؛ وا پێدەچێت تەنانەت شیعەی بەهێزیش لە داهاتووی عێراق لە سەر کەنداوی فارس، ڕووباری ئەروەند و مەیدانە نەفتییەکان کێشە بۆ ئێران بنێنەوە. ئەو کات ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنی عێراقی عەرەبی شیعە پشت بە کورد دەبەستێت. (کاکحمد، ٢٠١٨) بەڵام ئێران پێیوایە کە هەر جۆرە گۆڕانێک لە دۆخی جوگرافی ناوچەکە، بەتایبەت لە بارەی کوردەکان، لە بەرژەوەندی ئێراندا نیە. لەو ڕووەوە هیچ شتێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی ئێران لە پاراستنی یەکپارچەیی عێراق گرینگتر نیە. چونکە گۆڕان لە دۆخی جوگرافی ناوچەیی یا لانیکەم گۆڕان لە سەقامگیری سیستەمی فیدرالی عێراق دەبێتە هۆی تیشکدانەوەی نائەهوەنی و پرۆژەی داواکاری لە چەشنی عێراق لە ناو ئێران. بۆیە بەرگری کردن لە عێراق وەک بەرگری کردنە لە دراوسێکانی عێراق و ئێران. (محمدی، ١٣٩٤: ٣٠٥)

لەم بارەوە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە بەرانبەر حکوومەتی هەرێم پەیڕەوی لەم ڕێسایانە دەکات:

١. دژی هەڵوەشانەوەی عێراق و دژی هەنگاوی سەربەخۆبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بن؛

٢. پاراستنی ئاستێکی پەیوەندی بۆ وەڵامگۆیی کوردەکان لە سەر ئاسایشی ناوچە و پرسی پەیوەندار بە ئاسایشی ئێران؛ لەوانە ئاسایشی سنوورەکان و چالاکیی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری کوردەکانی ئێران؛

٣. ڕێگریکردن لە هەرێمی کوردستان بۆ بوون بە بەرەی نوێ لە دژی ئێران و گۆڕانی ناوچەکە بۆ مەیدانی نفووز و چالاکیی ئەکتەرانی ڕکابەری ئێران بە تایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل؛

٤. ڕێگریی لە تەشەنەی ویستی نەتەوەگەرایانەی کورد بۆ کوردستانی ئێران.

**ب. تورکیا.** نیگەرانیی سیاسی - ئاسایشی تورکیا لە بەرانبەر هەرێمی کوردستان زیاترە لە چاو وڵاتانی دیکەی دراوسێی کوردستان. پرسی کوردستانی تورکیا لە سەد ساڵی ڕابردوودا یەکێک بووە لە پرسە سەرەکییەکانی تورکیا و ئەم شتە تورکیای تووشی قەیرانی توند کردووە. نیگەرانی سەرەکیی تورکیا لەم شتانە سەرچاوە دەگرێت:

١. زیادبوونی داواکاریی کوردەکانی تورکیا؛

٢. بوونی کوردستان بە پێگەی سەربازی دژبەرانی تورکیا pkk و هەڵکشانی ئەگەری ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە لایەن pkk؛ (محمدی، ١٣٩٥: ٢٨٨)

٣. کۆنترۆڵکردنی بێ مەرجی کەرکووک لە لایەن کوردەکان؛

٤. کەوتنە مەترسی دۆخی تورکمانەکانی[١] هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە کەرکووک، کە تورکیا پشتیوانییان لێدەکات؛ (کاویانی، ١٣٨٧: ٩٩-٩٨)

لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە پرسی ئاسایشی، تورکیا بەرژەوەندیی زۆری لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە. تورکیا لە هەرێمی کوردستان چاوی لەم شتانەیە:

---

[١] Turkman

١. نیگەرانی لە سەر دابەشینی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات؛ تورکیا نیگەرانە لەوەی کە بە دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێی دۆست و نزیکی ئەمریکا لە عێراق، گوشار بخرێتە سەر تورکیا و ڕێژەی وەرگرتنی ئاوی ئەو وڵاتە کەم بێتەوە؛ ئەمەش بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان گەفاویتر دەبێت چونکە کوردستان بە هەبوونی سەرچاوەی نەفتی خۆی بە دابەش-کردنی ئاو و پتەوکردنی ناسیۆنالیسمی کوردی بەرژەوەندی تورکیا تووشی مەترسی دەکات؛

٢. بەشداریی کارا لە بازاڕی هەرێمی کوردستان؛

٣. لە ئەگەری زاڵبوونی کورد لە کەرکووک یا سەربەخۆیی کوردستان هەناردەی نەفت و زۆرێک لە شمەک و کاڵایتری کوردستان لە ڕێی هێڵی ترانزیتی تورکیا دەبێت؛

٤. سەرمایەگوزاریی تورکیا لە کوردستانی عێراق. (محمدی، ١٣٩٥: ٢٨٩)

تورکیا بۆ دەستەمۆکردنی ئەم گرفتانە لە بارەی هەرێمی کوردستان هەندێک سیاسەتی گرتوونەتە بەر. ئەڵبەتە هەندێک جار ئەم سیاسەتانە خۆگر نین و ناتوانین بە دیاریکراوی بەڕوانگەیەکی بەردەوامی سیاسەتی دەرەوەی تورکیای دانێین. بەڵام وا پێدەچێت سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە بەرانبەر هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە بێت:

١. پێداگریی تورکیا بۆ لە ناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بە هەر شێوە و نرخێک؛

٢. کاری بەردەوام بۆ ڕێگریکردن لە هەر هەوڵێک بە مەبەستی هێنانە کایەی[١] دەوڵەتێکی کوردی لە هەرێمی کوردستان؛

٣. هەوڵی زاڵبوون بە سەر ئابووریی لە ناوچەکە و داهاتی بەدەستهاتوو بە هۆی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان؛

[١] Rising

٤. تێکۆشانی بەردەوامی تورکیا بۆ بەدواداچوونی ئەو ڕێسا و پرۆژانەی کە بە مەبەستی داگیرکردنی کوردستان دادەنرێن. (محمدی، ١٣٩٥: ٢٨٩)

هەروەها لە بەر هۆکاری جۆراوجۆر تورکیا دژایەتی دوور و درێژی خۆی لە بەرانبەر کوردی عێراق لە ناو سیاسەتی ناوخۆیی خۆی دوور کردۆتەوە. پێویستی و پێداویستیەکانی ئابووریی تورکیا، بە تایبەتی پێویستی بەردەوامی بە وزە لە هەرێمی کوردستان و نەبوونی متمانەی سیاسی لەگەڵ عێراق هۆکارگەلێکن تا تورکیا بە شێوەیەکی زیرەکانە ڕووبەڕووی پرسی هەرێمی کوردستان ببێتەوە. (Nader, ٢٠١٦: ٦) گرینگترین بەشی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە هەمبەر دۆزی کورد، لە ناوبردنی گروپی سەربازی PKK و هێرش-بردنە سەر عەفرین بوو لە ساڵی ٢٠١٨ لە ژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتون.

کاکحەمەد پێیوایە کە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەڵبەز و دابەزی زۆری هەیە؛ دەکرێت بە سیاسەتی شێواویش ناو ببرێت. هەروەها ئەو دەڵێت پرسی کوردایەتی لە تورکیا بنەجێ بووە و تورکیا تووشی گرفتی جددی دەکات. هەروەها پێویستی ئابووریی تورکیا بە هەرێمی کوردستان نیشانەی ئەوەیە کە تورکیا لە لایەک بە دوای بازاڕی ئابووریی لە هەرێمدا بگەڕێت و لە لایەکی-تریش چاوی لە سەرچاوەکانی هیدرۆکاربۆنی هەرێمە. هەروەها بەشێکی کەمی هەستانەوەی ئابووریی تورکیا بەهۆی سەرچاوەی فوسیلیی هەرێمی کوردستانە و ئەم هەستانەوەش لە کەلان شارەکاندا کاریگەرییەک لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە دادەنێت. ئەو پێیوایە کە سەقامگیریی ئابووریی لەم وڵاتە بەری سیاسەتەکانی ئابووریی ئەردۆگان بووە کە تا ساڵی ٢٠١٣ پەیوەندیی بازەرگانی و نەفتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبوو. ئەم سەقامگیرییە ئابوورییە ببووە هۆی زیاتر ڕازیبوونی خەڵک لە سیاسەتی ئابووریی تورکیا. (کاکحمد، ١٣٩٧)

**ج) عێراق.** لە دیدگای دەوڵەتی عێراق، جیابوونەوەی کوردەکان بە واتای گرفت نانەوەی ڕاستەوخۆیە بۆ دەسەڵاتی بەغدا. بەرژەوەندیی پاراودۆکسانە لە

نێوان هەولێر – بەغدا هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا پەیوەندیی ئابوورییش لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە. دۆخی ناوچەکانی کێشەلەسەر، هاوبەشکردنی بودجەی فیدراڵ و پەرەگرتنی مەیدانەکانی نەفتی لە هەرێمی کوردستان، کێشە لە سەر کەرکووک، ئەو شتانەن کە گرفتیان لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست کردووە. هەروەها بەغدا بە پشتبەستن بە هێزەکانی توندڕەوی حەشدی شەعبی توانی لە دوای ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ کەرکووک و هەندێک بەشی گرینگی ناوچەکانی دیکەی کوردستان داگیر بکات و ڕاستەوخۆ بە ڕوانگەی سەربازیی وەڵامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بداتەوە. بەڵام ئەم ڕووکردە سەربازییە هەمیشە ناتوانێت لە سەر پێ بێت؛ چونکە بەغدا گرفتی زۆری هەن. قەیرانی دارایی و ئابووری لە دوای جەنگ لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، ململانێی مەزهەبی و بەشینەوەی بەهێزی سیاسی، دەستوەردانی دەرەکی و گلەیی خەڵک لە دژی ئەم دەستتێوەردانانە، ئەو گرفتانەن کە دەتوانن عێراق بەرەو کزیی ببەن و خەفەی بکەن. (Nader, ٢٠١٦: ٤-٥)

**د) عەرەبستان.** ئەگەر وا دابندرێت کە هەڵوەشانەوەی عێراق دەبێتە هۆی دروستبوونی سێ ناوچەی کوردی، سوننی و شیعی لە عێراقدا یا وا دابندرێت کە هەڵوەشانەوەی عێراق دروستبوونی دوو وڵاتی کوردی و عەرەبی زۆرینە شیعەی لێدەکەوێتەوە، کاریگەری زۆر زیاتری لە سەر عەربستانی سعودی دەبێت. چونکە کوردستانی سەربەخۆ دەبێتە هۆی نەمانی یەکپارچەیی جیهانی عەرەب. دروستبوونی وڵاتی شیعە دەبێتە هۆی لاوازبوونی سوننیەکان و بە هێزبوونی ئێران و دانانی هیلالی شیعە. شیعەکانی عەرەبستانیش کە لە پارێزگای نەفتیین و لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا زۆرینەن، دەوروژێن و ڕەنگە داوای فیدرالیسم و تەنانەت هەڵوەشانەوەی عەرەبستان بکەن. بۆیە عەرەبستان کە یەکێکە لە هێزە گەورەکانی ناوچەکە و پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ ڕۆژئاوا بە تایبەتی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، وەک ئاستەنگێک دێتە بەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. بەڵام لە لایەکیتر، چونکە عەرەبستان دەکەوێتە ژێر

ناوچەی کەنداوی فارس، هەروەها لە ئاستی ڕێبەرایەتی جیهانی عەرەب دایە، لە بازاڕی نەفت ڕکابەری عێراقە، هەڵوەشانەوەی عێراق دەبێتە هۆی لاوازی عێراق و باڵادەستی عەرەبستان لە چاو وڵاتانی عەرەبی لە کەنداوی فارس؛ هەڵوەشانەوەی عێراق لە بەرژەوەندی عەرەبستان دایە. هەروەها هەڵوەشانەوەی عێراق و دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆ ڕەنگە ببێتە سەرمەشق بۆ کوردەکانی ئێران و ببێتە هۆی لاوازبوونی ئێران و ئەمەش لە بەرژەوەندی عەرەبستانە. بەپێی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عەرەبستان ئەگەر ئەمریکا پشتیوانی لە هەڵوەشانەوەی عێراق بکات ئەم شتە تا ڕادەیەک دژایەتی عەرەبستان لە بەرانبەر سەربەخۆیی کوردستان کەم دەکاتەوە. (محمدی، ١٣٩٤: ٣١٤)

٥) **ئیسرائیل.** یەکێک لەو پرسە سەرەکیانەی کە حەزی ئیسرائیلی بۆ پرسی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان ڕاکێشاوە، پرسی کوردە یەهودییەکانە.[١] بوونی یەهودییەکان لە عێراق بۆ سەدەکانی پێش زایین دەگەڕێتەوە؛ لە سەدەی حەوتی پێش زایین نەبوکەد نەسری پادشای بابل، یەهودییەکانی فەلەستینی شکستدا و ئەوانی بەرەو ناوچەکانی کوردستان ڕاونا. بە دوای ئەم کۆچە، ئایینی یەهودی لە ناو خەڵکی ئەم ناوچەیەدا بڵاو بۆوە. موساد[٢] لە دەیەی ١٩٥٠ بەشێکی گەورەی کوردە یەهودییەکانی لە ئۆپەراسیۆنی «عێزرا و نەهیما»[٣] بۆ ئیسرائیل گواستەوە و لە ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٧١، کۆچی لەم چەشنە ئەنجام دران. هاویۆ شیمۆن[٤] (حەبیب شیمۆن) سەرۆکی پێشوی دەزگای نیشتیمانی کوردە یەهودییەکانی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٣ی زایینی ژمارەی کوردە یەهودییەکانی کۆچ کردوو بۆ ئیسرائیلی بە ٩٠٠٠٠ نەوەد هەزار کەس ڕاگەیاند؛

---

[١] Kurdish Jews
[٢] Mossad
[٣] Operation Ezra & Nehemiah
[٤] Habib (Howyou) Shimon

هەرچەندە ئەم ڕێژەیە بە ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار کەسیش نووسراوە. کوردە جووەکان، لە ساڵی ١٩٩٤ بە مەبەستی ڕاکێشانی ڕای گشتی ئیسرائیل بۆ پشتگیری لە بزوتنەوەی سەربەخۆخوازیی کوردی و خەباتی ئەوان بۆ دیاری-کردنی چارەنووسی خۆیان، ئەنجومەنی دۆستایەتی ئیسرائیل و کوردستانیان دامەزراند. لەم ئەنجومەنەدا زۆرێک لە کەسانی ناسراو گەیشتنە پلەی باڵای حکوومەتی و یەکێک لەوانە ئیزاک مۆردخای[١] وەزیری بەرگری نەتەنیاهۆ (١٩٩٩-١٩٩٦) بوو کە جوویێکی خەڵکی کوردستانی ئێران بوو. هەر بۆیە ئیسرائیل بۆ پەیوەندی لەگەڵ پارتەکانی کوردستان و بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی خۆی لە نێو ئەواندا سوود لەم ئەنجومەنە وەردەگرێت. (محمدی، ١٣٩٤: ٣٢٧-٣٢٦) کوردستانی سەربەخۆ بەرژەوندیی زۆری بۆ ئیسرائیل دەبێت؛ هەر بۆیە ئیسرائیل لە کوردستان بە دوای زۆر ئامانج و بەرژەوەندی جیۆپۆلۆتیکییە. ئەم ئامانجانە بریتین لە:

١. **تێکدانی ئاسایشی بەشێک لە وڵاتەکانی دژی ئیسرائیل:** دروستکردنی هەڵگەڕانەوەی سیاسی و ئاسایشی لە وڵاتانی ناوچەکە بە مەبەستی لاوازکردنی هێزەکانی ناوچە و پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل لە سەرووی بەرنامە ستراتیژیکییەکانی ئیسرائیل دایە. لەم بارەوە سەربەخۆیی یا خۆسەریی کورد دەبێتە هۆی خواستی هاوچەشن لە ئێران، تورکیا و سوریا و ئەوان تووشی قەیرانی سەخت دەکات و لە عێراقیش دەبێتە هۆی داکشانی ڕۆڵی عەرەب بە تایبەتی سوننی و شوناسی عەرەبی عێراقی خەفە دەبێت.

٢. **هەڵوەشانەوەی عێراق:** عێراقی سەردەمی سەدام بە دوژمنی سەرەکی ئیسرائیل هەژمار دەکرا. سەدام بە واژۆکردنی هاوکاری بۆ بەشەکانی فەلەستینیی وێڕای وڵاتانی عەرەبی لە دژی ئیسرائیل و هێرشی موشەکی

[١] Yitzhak Mordechai

بۆ سەر ئیسرائیل و ئایدۆلۆژیای حزبی بەعس ئاسایشی ئیسرائیلی تووشی مەترسی کردبوو. بۆیە یەکێک لە ئامانجەکانی ئیسرائیل لە عێراق پێشگرتنە لە دروستبوونی دەوڵەتێکی بەهێز و یەکپارچە لە ڕووی سیاسی و سەربازی، کە دەبووە هۆی داکشانێکی زۆری هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل و تێکچوونی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە لە بەرژەوەندی ئیسرائیل.

٣. **کۆنترۆڵ و چاودێریی وڵاتانی ناوچە:** پێگەی ستراتیژیکی هەرێمی کوردستان بە هۆی دراوسێیەتی لەگەڵ ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا ئەو هەلەی داوەتە دەستی ئیسرائیل تاکو لەم ناوچەیەدا بە دروستکردنی پێگەی زانیاری و ئاسایشی لە هەرێمی کوردستان چالاکییەکانی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا کۆنترۆڵ بکات؛ لەوانەش تۆکمەکردنی سیستەمی ئاگادارکەرەوەی زانیاری لە سنووری هاوبەشی ئێران و ئازەربایجان لە ئاسیای ناوەڕاست بە خستنەڕێی سیستەمی زانیاری ئاسۆیی لە سنووری ئێران و کوردستان. هەروەها ڕەنگە ئیسرائیل لە سەر بنەمای جەنگی نایەکسان بە مەبەستی فشار خستنەسەر وڵاتانی ناوچەکە هەوڵ بدات هەندێک گروپی کوردی لە ڕووی مەشقی سەربازی و چەکدارکردن بە هێز بکات.

٤. **نەفت:** پەیوەندیی دوژمنکارانەی وڵاتانی عەرەبی، وەک زۆرترین بەرهەمهێنەرانی نەفت، لەگەڵ ئیسرائیل بۆتە هۆی ئەوەی کە دابینکردنی نەفت بۆ ئیسرائیل کارێکی قورس بێت. بۆیە ناچار بووە نەفتی خۆی لە وڵاتانی ناعەرەبی وەک سۆڤیەت دابین بکات. دوای قەدەغەکردنی فرۆشتنی نەفت بۆ ئیسرائیل لە لایەن سۆڤیەت، لە بەر هێرشکردنە سەر میسر لە ساڵی ١٩٦٧ی زایینی، ئێران گەورەترین دابینکەری نەفت بوو بۆ ئیسرائیل بەڵام لە دوای شۆڕشی ئێران ئەمەشی لە دەست چوو. بۆیە ئیسرائیل هەروا لە هەوڵی جێگرەوەیەکی لەبارە دایە لە جیاتی ئێران و بۆ ئەم

مەبەستە نەفتی کوردستان هەڵبژاردەیەکی شیاو دەبێت و لە هەرێمی کوردستان وێڕای دابینکردنی نەفتی پێویست پڕۆژەی بۆڕی نەفتی موسڵ بۆ حەیفاش دەکەوێتە کار.

٥. **هەڵوەشانەوەی عێراق بۆ چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی و مەزهەبی:** کورد لە کوردستان، سوننی لە ناوەند و شیعە لە باشووری عێراق و یا جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی کە وێڕای دژایەتی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا، دەوڵەتی کوردستان دەبێتە هاوپەیمانی ئەرمەنستان و ئیسرائیل. ئەم دەوڵەتە لە ناوەندی ململانێ و قەیرانی جیهانی ئیسلام دەبێت. لە ئاکامدا بەشێکی مەزنی ململانێ و قەیران لە فەلەستینەوە بەرەو عێراق دەگوازرێتەوە. ئەم بابەتە سەرنجی جیهان و دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ خۆی ڕادەکێشێت؛ ئەم دەوڵەتانە و دەوڵەتەکانی پشتگری فەلەستین لەوانەش ئێران، بەشێکی مەزنی تێچووی دیپلۆماسی خۆی بۆ دادەنێن و ناوەندێتی هەواڵ لە فەلەستین بۆ عێراق و کوردستان دەگواسترێتەوە. ئەمەش قورسایی هێرش لە سەر ئیسرائیل هێور دەکاتەوە و هەلێکی لەبار بۆ ئیسرائیل دەبێت بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بە هێز بکات. (محمدی، ١٣٩٤: ٣٣١-٣٢٧)

### ٥-٥-١- ڕکابەرایەتی ناوچەیی لە نێوان دەوڵەتەکانی دەوروبەر

هەرچەند هێزەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان بە تایبەت ئێران و تورکیا و دواتر سوریا ڕۆڵێکی گرینگیان لە سەر سەربەخۆبوون و سەربەخۆنەبوونی هەرێمی کوردستان هەیە، هێشتاش یەکێک لەو بابەتە گرینگانەی کە دەتوانێت هاوکاری و هاوگریی ئەم دەوڵەتانە لە سەر دۆزی کورد بخاتە ژێر کاریگەری خۆی، جۆری سیاسەت و ڕکابەرێتی و هاوکارییەکانیانە لە ئاستی ناوچەیی. هەرچەند ڕێژەی ڕکابەری و دژایەتییەکانی وڵاتانی دەوروبەری کوردستان لە ئاستی ناوچەیی لەگەڵ یەکتر هەڵکشێت، کوردەکان بۆ ڕۆڵگێڕی و بزاوت بەرەو سەربەخۆیی هەل و دەرفەتی زۆرتریان دەست دەکەوێت. لە

بەرانبەردا داکشانی ڕکابەرایەتی نێوان ئەم دەوڵەتانە و هەڵکشانی هاوکاری و هاوگریی نێوانیان لە سەر پرسە ناوچەییەکان دەتوانێت ببێتە هۆی هاوکاری و نزیکایەتی ئەوان لە بەرانبەر سەربەخۆخوازیی کورد لە عێراق.

بە درێژایی دوو دەیەی دوایی، کێشە و ڕکابەرایەتی وڵاتانی دەوروبەر، بە تایبەت ئێران، تورکیا و سوریا ڕۆڵی هەبووە لە خۆشکردنی بزاوتی کوردی بۆ سەربەخۆیی. لە ڕاستیدا کورد لە کێشە و ڕکابەرایەتی نێوان ئەکتەرانی ناوچەکە بۆ وەپێشبردنی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئەزموونی باشیان بە دەستهێناوە. لەو بارەوە هەوڵەکانی ئێران و تورکیا بۆ هەژموون و پەرەپێدانی پێوەندییەکانیان لەگەڵ لایەنە کوردییەکان لەلایەک؛ لەلایەکی‌تر دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و کێشە و ڕکابەرایەتییە ناوچەییەکانیان، بەتایبەتی لە سەر قەیرانی سوریا، کۆسپێکی جددی بوون لە بەردەم هاوکاریی ئەو وڵاتانە لەگەڵ یەکتر بۆ سنووردارکردنی ویستی سەربەخۆییخوازیی لە هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکارییەکانی تایبەت بە گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ نیشانیدا کە هەڵکشانی ئاستی هەرەشەی دروست-بوونی دەوڵەتی کوردستان دەتوانێت ببێتە هۆی داکشانی ئاستی کێشە و ڕکابەرایەتی لە نێوان دەوڵەتانی دەوروبەر و هاوکاری بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سەربەخۆخوازیی کورد. بابەتێک کە بووە هۆی زیان پێگەیاندنی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بە تایبەت تورکیا. (Ustun, ٢٠١٧: ٢٩)

### ٥-٥-٢- هەڵوێستی هێزەکانی نێودەوڵەتی لە سەر سەربەخۆیی کوردستان

سەربەخۆخوازیی کوردەکان جگە لە تایبەتمەندی و ڕوانگەی ناوچەیی تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە جۆری ئامانج و بەرژەوەندی و ڕوانگەی وڵاتانی گەورەوە هەیە. لە کاتێکدا کە کورد لە سەر سەربەخۆیی ڕووبەڕووی دژایەتی توندی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر بۆوە، گرینگی ئەم بابەتە دەردەکەوێت کە

ئایا گەورە هێزەکانی نێودەوڵەتی حەز یا توانای پشتیوانی کردنیان لە سەربەخۆیی کورد هەیە؟ لە دوو دەیەی دواییدا پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆی هەرێمی کوردستان گەشەیەکی بەرچاوی هەبووە؛ زۆرێک لە وڵاتان لە هەولێر نوێنەرایەتی دیپلۆماتیکیان هەیە و جۆرە پشتیوانێکیان لە کورد کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە ئیسرائیل هیچ وڵاتێک بە ئاشکرایی تەنانەت لە کاتی هەڵوێستوەرگتندا ئامادە نەبوو بۆ پڕۆسەی سەربەخۆیی لەم قۆناغەدا پشتیوانی لە کوردەکان بکات. لە سەر ئەم بنەمایە زۆربەی هێزە گەورەکانی جیهان لە کاتی ئەنجامدانی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ پێداگریان لە سەر بەردەوامبوونی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی یەکپارچەدا کرد. ئەم ڕوانگە نێودەوڵەتییە لە دواخستنی وەبەرهێنانی دەرەنجامی گشتپرسی کورد ڕۆڵی گرینگی هەبوو. پشتیوانی کردن لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە ناوچەکەدا نیگەرانی جددین لە سەر لێکەوتەکانی نەرێنی ئەم بابەتە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە. (Pichon, ٢٠١٦: ٧)

**ئەلف) ئەمریکا.** ڕەفتاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرانبەر پرسی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٧٥ نارێکی و پاڕادۆکسی تێدا بووە. تا ساڵی ١٩٩١ی زایینی و ڕاگەیاندنی ناوچەی قەدەغەکراوی فڕین، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی ڕوون و دیاری لە هەمبەر کوردستان نەگرتبووەبەر. ئەگەرچی سیناتۆرەکانی وەک جۆن مەکین[١] پشتگری ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بوون؛ بەڵام سیاسەتدانەرانی کۆشکی سپی لە ڕێفراندۆمی ٣ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی پێشوازیی زیاتریان لە عێراقی یەکپارچە و یەکگرتوو دەکرد و لە سەر دواخرانی ریفراندم بۆ کاتێکی دیکە پێداگر بوون. لەم بارەوە پەیوەندیی نێوان کوردستان و ئەمریکا هەندێک کەلێن و پۆتانسێلی هەیە:

[١] Joseph Robinette Biden

**کەلێنەکان.** بنەمای ستراتیژیی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوین بە جۆرێکە کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکیا و عەرەب لە سەرووتری کوردەکان دادەنێت. چونکە ئەم وڵاتە لە سیاسەتی دەرەکی خۆی پەیڕەوی لە جۆرێک ریالیسمی سیاسی کردووە. (کاویانی، ١٣٨٧: ٩٦) بەو مانایەی کە بنەمای ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کاری ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناویندا، دەوڵەتتەوەر بووە؛ هێزەکانی خۆرهەڵاتی ناوین وەک دەوڵەت دەتوانن بەرژەوەندیی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بێننەدی. لە لایەکیتر، وەلانانی پێکهاتەی سوننی لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ و گرتنەبەری سیاسەتی بەعسقڕان، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هێزی دژبەری ئەمریکا لە عێراق، ئەردەن و سوریا. ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەگەر پشتیوانی کردن لە سەربەخۆیی کوردستان بێنێتە ناو دەستووری کاری خۆی، ڕەنگە ببێتە هۆی هەستی دژەئەمریکایی کۆمەڵەی شیعە و سوننی لە عێراق و بەرەی دژبەرانی ئەمریکا لە عێراق زیاتر دەبێت. لێکەوتەکانی ئەم دژایەتییە زیاتریش دەڕوا و دەبێتە هۆی نزیکایەتی زیاتری تورکیا، سوریا و عێراق بۆ لای ڕووسیا. بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەمبەر دۆزی کورد بە ئەسپاییەکی زۆرتر کار دەکەن.

**پۆتانسێلەکان.** ڕێبەرانی کورد باش دەزانن کە سەربەخۆیی کوردستان و بە دەستهێنانی ئیمتیازی ناوچەیی وێڕای دژایەتی ناوچەییش بە پشتیوانی ئەمریکا دێتەدی؛ هەر لە بەر ئەم دژایەتیانە کورد ناتوانێت هاوپەیمانێکی هەرێمی لەم ناوچەیەدا بدۆزێتەوە؛ بۆیە حەزی لە دروستبوونی هاوپەیمانیە لەگەڵ هێزی سەرووی ناوچەیی بە تایبەت ئەمریکا. ئەم پەیوەندییە ڕاستیەکی جیۆپۆلۆتیکی کوردستانە؛ جگە لەوەش ئەم پەیوەندییە تاکلایەنەش نیە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پێی نیازی ئاسایشیی و ئەو ئامانجانەی کە لە خۆرهەڵاتی ناویندا هەیەتی، پێویستی بە پەیوەندی و هاوکاریی کوردستانە. (محمدی، ١٣٩٤: ٣٥٨) دوای چوونەدەری هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا، بوون

و دەسەڵاتی ئێران لە عێراق زیاتر بووە و ئەمەش شکستێکی بنچینەیی ستراتیژییەکانی ئاسایشی ئەمریکا بوو لە خۆرهەڵاتی ناوین. ئەمریکا پێویستی بە نویێ کردنەوەی بوونی خۆی لە عێراقدا هەیە و ئەم کارە لە ڕێگەی قورسایی و نفووز و بەرینکردنی ئاستی هاوکاری لەگەڵ کوردستان دێتەدی.

**ب) یەکێتی ئوروپا.** هێزەکانی ئەوروپایی لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لەگەڵ دروستبوونی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردیی دابوون؛ ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو کە بریتی بوو لە: دانانی بەربەستێک لە نێوان تورکەکانی ئاناتۆلی و تورکەمەنەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە قەفقاز، بە تایبەتی ئازەربایجان؛ دانانی بەربەستێک لە بەینی تورکە ناسیۆنالیستەکان و وڵاتانی خۆسەری ئازەربایجانی سۆڤیەت؛ دروستکردنی بەربەست لە نێوان تورکیا و تورکەکانی ئێران، داکێشانی دەسەڵاتی بەهێزی ئێران، تورکیا و عێراق بە تایبەتی لە بەر ئەوەی کە کوردستان زۆرترین سەرچاوەی ئاوی لە ناوچەکەدا هەیە. بەڵام لە کۆتاییدا ئینگلیز بە بەکارهێنانی کورد بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە عێراق و لەبەر ئەوەی سەرچاوەی نەفتی کەرکووکیش، کە لە ناو ناوچەکانی کوردنشین بوو، بە مەبەستی بەکارهێنانی هاوسەنگیی کورد لە بەرانبەر عەرەبی شیعەی عێراق پێشی بەم کارە گرت. (السن، ١٣٨٤: ٢٨-١٨)

یەکێتی ئەوروپا بۆ دروستکردن و پاراستنی ئاسایش لە ناوچەکانی دەوروبەری یەکێتی ئەوروپا، گرینگی داوەتە ئاسایش و سەقامگیری. ئەم ڕوانگە نیشانەی ئەوەیە کە ئەکێتی ئەوروپا حەزی لە پەیوەندیی نێوان ئاسایشی ناوچەکانی دەوروبەر و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپایە. ناسەقامگیری و نائەهوەنی لە ناوچەکانی دەوروبەر دەتوانێت پەل باوێتە ناوچەیتر و ببێتە هۆی ناسەقامگیری و نائەهوەنی و تەشەنە بکاتە ناوەوەی یەکێتی ئەوروپا؛ یەکێک لەو ناوچانە خۆرهەڵاتی ناوینە.

یەکێتی ئەوروپا بەردەوام گفتوگۆی سیاسی خۆی بە مەبەستی دروست-کردنی ئاشتی، سەقامگیری لە چوارچێوەی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ لەگەڵ

وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین ڕێک دەخات. لە لایەکی‌تر پەیوەندیی بازەرگانی و ئابووریی خۆی لەگەڵ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین پەرەپێداوە. یەکێتی ئەوروپا لە هەوڵی پەرەپێدانی بوونی خۆیەتی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە کاری ئابووری و هێنانی زۆرتری کۆمپانیا و دامەزراوەی ئابووریی ئەوروپایی گرتۆتەبەر. بەپێی نزیک‌بوونی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا هەبوونی کۆمپانیا ئابوورییەکانی ئەوروپایی بە بەراورد لەگەڵ کۆمپانیا ئابوورییەکانی ئەمریکا لە کوردستان بەرچاوترن. (محمدی، ١٣٩٤: ٣٥٠)

بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەوروپا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین دروست‌کردن و پەرەپێدانی ئاشتی و سەقامگیرییە لە ڕێگای مافی مرۆڤ، دیمۆکراسی و چالاکیی ئابووری. هەر لە سەر ئەم بنەمایە هەر جۆرە ناسەقامگیرییەک لەم ناوچەیەدا بە تایبەتی لە عێراق، نیگەرانی تەشەنەکردنی نائەهوەنی بۆ ئەوروپای لێدەکەوێتەوە. ئەم تەشەنەکردنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نیە؛ بۆ نموونە بە زیادبوونی ڕێژەی کۆچی ئاوارەکانی سووری و عێراقی بۆ ڕۆژئاوا، ئەوروپا ئاسایشی خۆی لە بەردەم هەڕەشەدا دیت و نائەهوەنی نوێی لە ناوەوەی ئەوروپا لێکەوتەوە، وەک دانانەوی بۆمب لە ناوچە پڕدانیشتووەکان و کاری تیرۆریستی جۆراوجۆر. هەروەها، ئەوروپا حەزی لە بەرزکردنەوەی بازاڕی ئابوورییە لە کوردستان؛ چونکە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی، ئاستی داخوازی بەرهەمی ئەوروپا لە بەرهەمی تورکیا زیاترە. ئەم باڵادەستیە لە هەموو بەشەکانی تەکنەلۆجیایی و فەرهەنگی بۆ ئەوروپا لە کوردستان لەبارترە. هەروەها چالاکیی گرووپی وەک PKK و PJAK[١] بەختی دەوڵەتی ئێران و تورکیای لە بەرانبەر بازاڕی یەکێتی ئەوروپا لە کوردستان بەرەو توانەوە بردووە.

---

[١] Party Jiyana Azad Kurdistan

هەر بۆیە ئەوروپا لە خۆرهەڵاتی ناوین لە ڕێگەی پەرەسەندنی پایەدار[١] و دروستکردنی حکوومەتی دیموکراتیک، بە دوای سەقامگیرییە لەم ناوچەیەدا. چونکە نائەهوەنی لەو ناوچانەی کە هاوسێی ئەوروپانە کاریگەریان دەبێت و دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی قاچاقی، کاری تیرۆریستی و نائەهوەنی لە ئەوروپا. بۆیە ئەوروپا پەیوەندیی ئابووریی باشی لەگەڵ کوردستان داناوە و بەدوای زیادکردنیشیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک گرفت هەڕەشە لە ئەوروپا دەکەن کە ئەویش سەرهەڵدانی جەنگە لە نێوان کورد و وڵاتانی دەوروبەر. ئەم جەنگە دەبێتە هۆی نائەهوەنی ناوچەکە و لێکەوتەی ئەو نائەهوەنیەش لە ناوەوەی سنوورەکانی ئەوروپا کاریگەریی دەبێت و ئەوروپا لاواز دەکات. لە بەر ئەوە خاڵی دژایەتی ئەوروپا ئەوەیە کە دژی هەر جۆرە تێکهەڵچوون و نائەهوەنییەکە لە خۆرهەڵاتی ناوین و ئەمە دەتوانێت بە خاڵێکی بەهێز بۆ کوردستان بێتە هەژمار.

کریستۆف نیکۆلای[٢] توێژەری ئاسایشی ناوخۆی ئەوروپا پێیوایە هەرچەندی ئاستی ململانێ لە خۆرهەڵاتی ناوین، بە تایبەتی لە کوردستان لە نێوان کورد و دەوڵەتەکانی دراوسێ لە دەوروبەری هەرێمی کوردستان زیاتر بێت، لێکەوتەی ئەم نائەهوەنیە لە ئەوروپا دەبینرێت. ئەم نائەهوەنیە لە ئەوروپا نەتیا ڕەهەندی ڕەقەئامێری نیە بەڵکو ڕەهەندی دیکەی ئەم نائەهوەنیە بوونی مافیاکانە لە ئەوروپا و قاچاقی کردن بە مرۆڤ و مادده هۆشبەرەکان دەگرێتەوە. ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین واتا ئاسایش لە ئەوروپا، بۆیە ئەوروپا لە خۆرهەڵاتی ناوین هەوڵی باش بۆ دروستکردنی سەقامگیری و ئاسایش دەدات. (Niquille, ٢٠١٨) لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک ناهومێدی لە سەر عێراق لە نێو سیاسییەکانی ئەوروپا دەدیترێت کە ڕەنگە دواجار لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بێت.

---


[١] Sustainable Development
[٢] Christoph Nicolae

**٥-٦- ڕەوایەتی نێودەوڵەتیی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بەرانبەر ماددەی پاراستنی سنوورەکان**

مەرجی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ و ڕەوایەتی مافی چارەنووس و جیابوونەوە لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا یەکێکن لەو هۆکارە گرینگانەی کە دەتوانن لە ڕووی سیاسی و نێودەوڵەتی کاریگەری لە سەر دۆخی هەرێمی کوردستان و هەوڵی کورد بۆ دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ دابنێن. لێرەدا بەستێن و چوارچێوەی بەڵگەئاسای ماف لە لایەک و شێوازی دیدگا و ڕەفتاری نێودەوڵەتی لە بەرانبەر شتی هاوشێوەی وەک ویستی جیابوونەوەی کەتەلۆنیا لە لایەکیتر دەتوانێت بۆ سەربەخۆیی کورد ڕەوایەتی بنێتەوە یا ڕەوایەتی لە ویستی جیابوونەوەی کورد لە عێراق بسەنێتەوە.

لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و ڕوانینەکان لە بارەی سەربەخۆییخوازیی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا ئاماژەی پێدراوە، سەربەخۆخوازیی هەرێمی کوردستان تەنیا لە کاتی سەلماندنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕژێمی دەسەڵاتداری عێراق یا باوەڕ پێهێنانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ هەبوونی تایبەتمەندیی لەبار، ڕەوا دەبێت. چونکە ڕێگەدان بە جیابوونەوەی تاکلایەنە لە هەلومەرجی واقیعی و ڕازی نەبوونی سیستەمی دەسەڵاتی وڵاتەکە ناکرێت. (عزیزی، ١٣٩٦: ٩٧) هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەبێ هەبوونی قەیرانێک، سەربەخۆیی ئەم جۆرە وڵاتانە بە ڕەوا نازانن.

هێلکاری ٤: کاریگەریی گۆڕاوی جۆربەجۆر لە سەر عێراق و دۆزی کورد




هێلکاری کاریگەری ناڕاستەوخۆی گۆڕاوەکان لە سەر بابەتی سەربەخۆیی-خوازیی کوردستان وای نیشان دەدات کە هێزەکانی بانناوچەیی لە بەرانبەر دۆزی کورددا کاریگەریی زیاتریان تێدەکرێت. شیکاری ئەم داتایەی سەرەوە دەریدەخات کە گۆڕاوی هێزەکانی بانناوچەیی کاریگەری زیاتریان بە بەراورد لەگەڵ هێزە ناوچەییەکان هەیە. چونکە نەزم و ڕێکایەتی ئاسایشی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوینیش دەچێتە ژێر کاریگەری کەشی نێودەوڵەتی و هێزە بان-ناوچەییەکان. لە ڕاستیدا ئەم گۆڕاوە زیاتر لە هەر شتێک ئایندەی سەربەخۆیی کوردستان دیاری دەکات. هەروەها ڕەوەندی ئەم کاریگەریدانانە ڕووەو هەڵکشانە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هێزەکانی ناوچەیی بە بەراورد لەگەڵ گۆڕاوی دیکە کاریگەرییان پترە. ئەم گۆڕاوە بە هۆی کاریگەریدانان لە سەر بازنەی ئاسایشیی خۆرهەڵاتی ناوین و دۆزی کورد، زۆر ڕەها نیە.

هێزەکانی ناوچەیی لە قۆناغی دوای هێزە بانناوچەییەکان دێن و توانای کاریگەرییان لە سەر دۆزی کورد هەیە. لە هەمان کاتدا، وڵاتانی ناوچەیی دەچنە ژێر کاریگەری هێزی بانناوچەیی. لە ئاستی دەروونسیستەمی، عێراق لە بەر تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی، هیچ جۆرە کاریگەرییەکی لە سەر کوردستان نیە. چونکە عێراق وڵاتێکی دروست کراوە و ساختەبوونیشی لە لایەن هێزەکانی

گەورە بووە. هەمیشە دەستتێوەردانی بیانیەکان لە عێراق بە ڕوونی دەبینرێت. لە بەر ئەوە، لە ڕووی دەروونسیستەمی، گۆڕاوی دەوڵەتی عێراق نابێتە بابەتێکی گرینگ لە سەر پرسی کوردستان و کەمتر کاریگەری دادەنێت و زۆرتر دەچێتە ژێر کاریگەری. بەڵام گۆڕاوی ناونەتەوەیی کوردی، لە ئاستی نێوان کاریگەریدانان و کاریگەریتێکردن دایە؛ بۆیە ڕەها نیە و زۆریش سەرسوڕهێنەرە. هەروەک لە وێنەی هێلکاریدا دیار کراوە، گۆڕاوی ناونەتەوەیی کوردی، توانای بە دەستهێنانی کاریگەریی زۆرتر یا لە دەستدانی کاریگەریی هەیە. هەر بۆیە، گۆڕاوی کوردی توانای کاریگەرگریکردنی لە پشتیوانی و ڕوانگەی نێودەوڵەتی و ڕکابەرایەتی هێزە ناوچەییەکان هەیە. ئەم نەبوونی ڕەهاییە و سەرسوڕهێنەربوونە دەریدەخات کە گۆڕاوی کوردی لە ئاستی نێوەنجی ئەم هێلکارییە دایە.

**٥-٧- پرۆسەکان؛ ڕێگای سەربەخۆیی لەگەڵ کێشەی گرژاوی**

لە پرۆسەی یەکەم[١] ڕۆڵی دەروونسیستەمی گرینگە؛ لەم پرۆسەیەدا وا پێشبینی دەکرێت کە کۆکبوون و هەماهەنگیی گروپەکانی کوردی لە بەرەو سەربەخۆییچوون و پتەوبوونی دەسەڵاتی بەغدا، هۆکاری کێشەی گرژاویین. کۆکبوونی ڕەوتە کوردییەکان تەنیا تایبەت نیە بە یەکێتی و کۆکبوونی گروپەکانی کورد، بەڵکو هەڵکشانی توانای سەربازی و ئابووریی، بەهێزبوونی پەیوەندیی دیپلۆماتیک و بازەرگانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش وەک هۆکاری کۆکبوونی ئەوان گرینگە. لە ڕووی ناوخۆیی عێراقیش، یەکێتیی شیعە و سوننی لە ناوەوە و دروستکردنی حکوومەتی یەکگرتووی نیشتیمانی کە پێکهاتبێت لە حزبی سوننی و شیعە، سەرکەوتن بە سەر کێشە و گرفتی ناوخۆیی و دەرەوە وەک گروپەکانی تیرۆریستی و کێشەی ئابووریی ناوخۆیی،

[١] Trends


ئاستی گلەیی خەڵک و دروستبوونی دۆخی خۆشگوزەرانیش وەک هۆکارێکی کاریگەر بۆ دەسەڵاتداری بەغدا هەژمار دەکرێن.

لە پڕۆسەی یەکەمدا ئەم خاڵە گرینگە کە ئەگەر هەرێمی کوردستان بەدوای سەربەخۆیی بێت و بەرەو پڕۆسەی دەوڵەتبوون بڕوا، لە دیدی دەوڵەتی بەغدا کە بە سەر گرفتەکاندا سەرکەوتووە و دەسەڵاتی خۆی پەلاوێژ دەکات، ئەوە بە واتای تێکدانی کۆکایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی عێراقە و هەر جۆرە چالاکییەکی پارتەکانی کوردی بۆ سەربەخۆیی ڕووبەڕووی دژایەتی توندی بەغدا دەبێتەوە. ئەگەر بزاوتی سەربەخۆیی بەرەو ئاقارێک بڕوات کە دژایەتی بەغدا بەهەند وەرنەگرێت ئەوا بەغدا ناچار دەبێت خۆی لە هەڵبژاردەی سەربازی و دیپلۆماسی نزیک کاتەوە و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هێرشی سەربازیی لە لایەن بەغدا و بەرگریکردن لە لایەن هەرێمی کوردستان. ماوەی پڕۆسەی کێشە[١] کورت نابێت؛ بەڵکو ڕەنگە پڕۆسەی کێشەی توندوتیژ درێژخایەن بێت. بەردەوامی ئەم پڕۆسەیە، ماهییەتی دەوڵەت لە ناو سیستەمی ئاسایشی ناوچەیی تووشی کێشە دەکات. بەڵام لە سەر لاپەڕەی سیستەمی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین نایسڕێتەوە و دەوڵەت هەروا وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لە ناو سیستەمی ئاسایشی ناوچەیی دەمێنێتەوە. لە بەر ئەوەی نەزمی ناوچەیی لە ناو سنووری خۆرهەڵاتی ناوین دەچێتە ژێر کاریگەری سیستەمی نێودەوڵەتی و ئەکتەرانی دەوڵەتی ڕۆڵێکیان لە دیاریکردنی نەزمی ناوچەیی نیە، کەواتا ڕەنگە گۆڕانێک لە ناو سیستەمی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناویندا ڕوو نەدات. چونکە لە سەرەتای پێگەیینی خۆرهەڵاتی ناوین، زلهێزەکان لەم ناوچەیەدا ڕۆڵی بەهێزیان لە پێکهاتەی سیستەمی ناوچەییدا هەبووە؛ لە بەر ئەم ڕۆڵگێڕانەی زلهێزان لەم ناوچەیەدا ئاسایشی خۆماڵی گونجاو بەپێی کەشی خۆرهەڵاتی ناوین دروست نەبووە بۆ ئەوەی لە کاتی لە ناوچوونی یەکێک لە ئەکتەرانی خۆماڵی، ئەکتەرانی

[١] Conflict Trend

دیکەی خۆجێیی بچنە ژێر کاریگەری و دەرەنجامەکەی ڕاستەوخۆ لە سەر ناوچەکە بدیترێت.

هێلکاری ٥: کێشەی گرژاویی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان




ئەم هێلکارییە دەریدەخات کە ئەگەر دۆخێک دروست بێت کە تێیدا گۆڕاوی ناونەتەوەیی و گۆڕاوی نیشتیمانی توانا و لەباریی باشیان هەبێت، پەیوەندیی نێوان ئەم گۆڕاوە بەرەو سەختی و کێشەی توندوتیژ دەچێت. ئەگەر گۆڕاوی ناونەتەوەیی بگاتە توانای ئابووری وەک هەڵێنجانی نەفت، پەرەسەندنی ژێرخانی ئابووری، خۆشگوزەرانی، لە واری سیاسیدا یەکگرتن لە نێوان پارتە کوردییەکان بێتە ئارا، دیپلۆماسی چالاکانەتر لەگەڵ جیهانی نێودەوڵەتیدا دروست بکەن، ئەگەر گۆڕاوی نیشتیمانی بە سەر ململانێی ناوخۆیی (سوننی – شیعی) زاڵ بێت و ماوەیەک دۆخی ناوخۆیی سەقامگیر بێت، هەردوو گۆڕاو حەزیان لە ڕەفتاری پڕ لە ململانێ و کێشەئاسا و گرژی دەبێت. دەتوانین ئەزموونی پەیوەندیی بەغدا و هەولێر بە نموونەی ئەم کێشە توندوتیژئاسایە بێنینەوە. لە کاتی ڕوودانی کێشەی توندوتیژئاسا، دەوڵەت بە وێنەی ئەکتەری سەرەکی ئاسایش، ڕۆڵی خۆی وەک ئەکتەرێکی ئاسایشی لە دەست نادات. بەڵام لە هەمان کاتدا، هەرێمی

کوردستان کە هێشتا پرۆسەی دەوڵەتبوونی تێنەپەڕاندووە و بە جۆرە ئەکتەرێکی تایبەتی ئاسایشی دادەنرێت، لە تەنیشت دەوڵەت بۆتە ئەکتەرێکی ئاسایشی لە ناو بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین.

## ٥-٨- لێکەوتەکان؛ چوونەژێر کاریگەریی بەستێنی ئاسایشی لە خۆرهەڵاتی ناوین

ئەو لێکەوتانەی کە کێشە خوێنبارەکان بە سەر ئاسایشی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوینیان داهێناوە، جۆربەجۆرن. یەکێک لەو لێکەوتانە چوونەژێر کاریگەری بەستێنی ئاسایشیە لە خۆرهەڵاتی ناوین. بەو پێیەی کە نەزمی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوین دەچێتە ژێر کاریگەریی سیستەمی نێودەوڵەتی و هەر جۆرە ناسەقامگیریەک لە بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین دەبێتە هۆی سەررێژی و بڵاوبوونەوەی ئەم نائەهوەنیە بۆ ناوچەکانیتر، لە کاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکی خوێناوی، هێزی دەرەکی ناخۆماڵی وەک هێزی هاوسەنگساز لە ناوچەکە پەیدا دەبن تاکوو بتوانن ئاستی توندیی ئەم کێشەیە کەم بکەنەوە. بوونی ئەکتەری دەرەکی لە ناو خۆرهەڵاتی ناوین بۆتە هۆی ئەوەی کە پرسی ئاسایش بە شێوەیەکی خۆماڵی دروست نەبێت و نەزمێکی ناوچەیی جیاواز لە ماهییەت و سروشتی بازنەی ئاسایشی ناوچەکە دروست بێت. لەلایەکیتر ئەگەری ئەوە هەیە کە دەوڵەتانی دەرەکی بە یارمەتیدانی گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ناوخۆیی و پشتگیریی ئەوان بە مەبەستی ئەنجامدانی کۆدەتا لە دژی دەوڵەت، ستراتیژیەکی کەمتێچووتر و کاریگەرتر بۆ پێشخستنی بەرژەوەندیەکانیان لە ناو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بگرنەبەر. ئەم ستراتیژییە بۆ ئەوان تێچووی کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ بێنە ناو جەنگێک کە دیار نیە چەندەی کات دەوێت و چەندە تێچووی سەربازی، مرۆیی و ئابووریی گەرەکە. هەر بۆیە، ڕەنگە هێزەکانی بانناوچەیی ئەگەر کێشەیان لەگەڵ یەکەیەکی ناوەندا هەبێت، بە پێدانی هاوکاریی هەمەلایەنە بە کوردەکان، لە هەوڵی لاوازکردن و کەواندنی بەغدا بن. ئەم ڕوانگەیە کاتێک پێشبینی دەکرێت

کە ڕکابەرایەتی ناوناوچەیی و ڕکابەرایەتی عێراق لەگەڵ هێزی دیکەی بان-ناوچەیی هەبێت.

**٥-٨-١- پرسی کۆچکردن**

هەڵکشانی کێشەی خوێنباری نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی بۆتە هۆی هاتنی هێزی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی لە هەر یەک لە لایەنەکان بە مەبەستی چارەسەری و لێککردنەوەی کێشەکان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین، بۆتە هۆی فراوانبوونی ئاستی گرژی لە ناوچەکە و بەرزبوونەوەی ڕەوتی ئاوارەکان و کۆچکردن لە ناوەوە و [کۆچکردن] بە درێژایی سنوورەکان؛ هەروەها بۆتە هۆی ئەگەری دژایەتی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم. کۆچی کوردان لە ناوچە کوردنشینەکان بۆ وڵاتانی هاوسێ هۆکارێکە کە دەتوانێت ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران، تورکیا و سوریا تووشی گرفت بکات و ئاسایشی ئەم وڵاتانە بخاتە ژێر قەیرانی پەنابەران. لەم ڕووەوە ئەگەر بەستێنی ئاسایشی یەکێک لە هێزەکانی ناوچە یا وڵاتانی جیران تووشی کێشە بێت، لە ڕووی سیستەمی پڕۆسەی ئاسایشی ناوچەیی، خۆرهەڵاتی ناوین تووشی قەیران دەبێت. لە سەر ئەم شتە خولسا بڕوای وایە کە ئەم کێشە بەردەوام و درێژخایەنانە بە هەڵکشانی تێکدەرانە و درێژەی کێشەی ناوخۆیی و هەڕەشەی کێشەی سنووری دەوڵەتی دەبنە هۆی نائەهوەنی ناوچەیی. ئەم بەرینبوونەوە دەتوانێت ڕەوتی پەنابەران لە ناوەوە و لە هێڵی سنوورە دەوڵەتییەکان بێنێتە ئارا. هەروەها ململانێی نێوان گروپە نەتەوەییەکان و دەوڵەت دەتوانێت ئاستی جەنگ لە نێوان دەوڵەتان بەرز بکاتەوە.

**٥-٨-٢- هەمیشەییبوونی سووڕی توندوتیژی لە خۆرهەڵاتی ناوین**

بەرزبوونەوەی کێشەی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لە سەر پرسی سەربەخۆیی، بۆتە هۆی زیادبوونی کێشەی خوێناوی و گرژیی لە ناوچەکە. بەم


شێوەیە ئەم کێشانە دەبنە هۆی ئەوەی گرژی ببێتە شتێکی ئاسایی و هەمیشەیی لە ناو خۆرهەڵاتی ناوین. دروستبوونی کەشی ئانارشی و ڕاکردن لە دەسەڵات کە کاریگەری لەو کێشە خوێناویانە وەرگرتووە بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوینی لەگەڵ کێشە لێکداوە و کێشەکانی کردۆتە شتێکی هەمیشەیی و بەردەوام. درێژبوونەوەی کێشەی نێوان بەغدا و هەولێر ئاستی کێشەی نێوان گروپی نەتەوەیی و دەوڵەتی عێراقی بەرزکردۆتەوە. لە لایەکی‌تر لە بەر حەزی ئەکتەرە گەورەکان و ئەکتەرانی ناوچەیی ئاستی کێشە لە قەبارەی گروپی نەتەوەیی – دەوڵەتی نەماوەتەوە و ڕەنگە ئاستی ناوچەیی ببێتە هێنگەی زلهێزەکان و هێزە ناوچەییەکان. کەواتا لە کاتی بەردەوامبوونی خەباتی گروپێکی نەتەوەیی دەتوانین سێ ئاستی کێشە لە ناو یەک کۆمەڵەی ئاسایشی ناوچەییدا ببینین. یەکەم، کێشەی نێوان گروپی نەتەوەیی و دەوڵەتی عێراق، دووەم، کێشەی نێوان هێزەکانی ناوچەیی بۆ لاوازکردن یا هاندانی گروپی نەتەوەیی یا دەوڵەت؛ سێیەم، کێشەی نێوان زلهێزان و هێزەکانی ناوچەیی لە ناو یەک کۆمەڵەی ئاسایشی ناوچەیی.

### ٥-٩- ڕێگای سەربەخۆیی بە میکانیزمی ئاشتییانە

گرینگی و سەرەکیبوونی پرۆسەی ئاشتیانە پەیوەندی بە ڕۆڵی زلهێزانەوە هەیە. ئەم خاڵە لەوێوە گرینگی پەیدا دەکات کە ڕەنگە ڕێکەوتنی بونیادنەری نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان بێتە دی و دواجار وڵاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بتوانن بە عێراق بسەلمێنن کە سەربەخۆیی کوردستان بە فەرمی پەسند بکات. ئەگەری ئەم پرۆسەیە لە بەر ئەوەیە کە فەلسەفەی بوونی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە سەر بنەمای ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ڕۆڵی زلهێزانەوە بووە. لێرەدا گریمانە ئەوەیە کە چونکە ماکی سەرەکی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین، جگە لە ئێران، بەپێی ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی و هێزەکانی گەورە بووە، کەواتا دەکرێت پرسەکانی خۆرهەڵاتی ناوینیش لە ڕێی وڵاتانی

نێونەتەوەیی و زلهێزەکان چارەسەر بکرێن. کەواتا یێکایەتی زلهێزەکان بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشە و دژایەتی نێوان وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین و کێشەی دەروون‌سیستەمی لەم ناوچەیەدا دەتوانێت ڕێکەرەوە بێت و لە ئاستی کێشە کەم بکاتەوە. بە شێوەیەکی بابەتی، ڕێککەوتنی وڵاتانی گەورە دەتوانێت ئاستی توندوتیژی کێشەی نێوان دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان کەم کاتەوە. ئەو کات ئەگەری چەند دۆخێک دێنە پێش: یەکەم، کێشەی نێوان کورد و عێراق دەگاتە کەمترین ئاست و شەڕی خوێناوی ڕوو نادات. دووەم، گروپگەلی نەتەوەیی لە ناو یەک دەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوین کە لەگەڵ لایەنەکانی نەتەوەیی و دینی بە شێوەیەکی نایەکگر لە ناو یەک دەوڵەتدا دەژین، وەک مۆدێلێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوخۆیی، سوود لەم دۆخە وەردەگرن. سێیەم، ناسەقامگیریی پەل ناهاوێتە ناوچەکانی دیکە؛ چونکە ماکی خۆرهەڵاتی ناوین لەگەڵ ناوچەکانی دیکە جیاوازە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕەوتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەکتەرانی ناعەرەبی دەرەکی (ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورپا و ئێستا ڕووسیا) ڕۆڵی گرینگ بۆ پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتەکانی عەرەبی بگێڕن بە جۆرێک کە دابەشبەندیی عەرەبی - ناعەرەبیی دەبێتە هۆی لێڵبوون لە جۆری سیاسەتی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە بەرانبەر دەوڵەتەکانی ناعەرەب.

هێلکاری ٦: ڕەوتی ئاشتییانە




**٥-١٠- لێکەوتەکان؛ پەرچەکرداری دەوڵەتەکانی عەرەبی**

یەکێک لە لێکەوتەکانی پڕۆسەی ئاشتییانە، چارەسەری و لێککردنەوەی کێشەکان لە لایەن هێزەکانی نێودەوڵەتی، ئەوەیە کە وڵاتانی سیستەمی ناوچەیی عەرەبی[١] تووشی کێشە دەبن. بەپێی دیدگای هینەبۆش، وڵاتانی کاکڵی خۆرهەڵاتی ناوین کە پێکدێن لە وڵاتانی عەرەبی، لە کاتی هەڵوەشانەوەی عێراقدا، ڕوانگەیەکی تەماویان دەبێت. بە بڕوای پیلکین هۆکاری سەرەکیی ئەم تەماویبوونە ئەوەیە کە وڵاتانی عەرەبی لە دوای کەواندنی سەدام لە لایەن ئەمریکا، دەستووری کاری ئاسایشی دیاریان لە بارەی وڵاتانی عەرەبی نەبوو. هەروەها ئەم دەستووری کارانە تووشی چەنددەستەیی و دابڕان بوون. ئەم چەنددەستەبوونە هێشتاش لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا هەیە. هاوپەیمانیسازی ناوەند لەگەڵ دەوروبەر (ناعەرەبی) پرسی ئاسایشی ناوچەی عەرەبی مژاوی کردووە. لە ئەگەری هەڵوەشانەوەی عێراق و لەتبوونی بۆ وڵاتێکی ناعەرەب و

[١] Arabic Regional Order

وڵاتێکی عەرەب[١] پرسی ئاسایشی ناوچەیی عەرەب دەخاتە بەر تیشک. عەرەبستان وڵاتێکە کە ترسی لە عێراقی سەقامگیر و یەکپارچە هەیە و لە سەر پرسی نەفت عێراق بە ڕکابەری خۆی دادەنێت، لە هەڵوەشانەی وڵاتێکی عەرەبی دەترسێت. لە دیدێکدا زیادبوونی دەوڵەتێکی ناعەرەب بە وڵاتانی ئێران، تورکیا و ئیسرائیل دەتوانێت ببێتە هەڕەشە. لە بەر ئەوەی خەونی ئۆممەتی عەرەبی بەرەو ئاوابوون دەڕوات. ئیتر کۆمەڵانی ناعەرەبی دانیشتوی وڵاتانی عەرەب، لەم ڕوانگەیە نزیک دەبنەوە. لە کۆتاییدا وڵاتانی عەرەبی لە بزربوونی شوناسیان زیاتر نیگەران دەبن. دواجار کێشەی نێوان ناعەرەب و عەرەب قووڵتر و ڕیشەدارتر دەبێتەوە و کێشە لە خۆرهەڵاتی ناوین لە چاو جاران هەمیشەیی‌تر دەبێت. بەڵام زیادبوونی دەوڵەتێکی ناعەرەب وێڕای وڵاتانی دیکەی دەوروبەر، ئەم هەلەش بۆ وڵاتانی عەرەبی دەڕەخسێنێت تاکوو بتوانن کێشەی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بە یارمەتی دەوڵەتی تازە سەرهەڵداوی کوردستان کۆکتر بکەن و کوردستان وەک ئامرازێک بۆ زۆرکردنەوەی نفووزی خۆیان لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا بە کار بێنن.

### ٥-١٠-١- دژایەتی ئیسلامگەرایان

لێکەوتەی دووەمی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە هاتن و نفووزی بەرچاوی زلهێزەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوین فراوانتر دەبێت. دەسەڵاتی کارای[٢] هێزەکانی ناوچەیی بۆ چارەکردنی کێشەکان نزم دەبێتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەکتەرانی سەرووی ناوچەیی بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ناوخۆیی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بێنە مەیدان. ئەو گرفتەی کە دەتوانێت لە

[١] بە لکاندنی کوردستان بە عێراق ناکرێت عێراقی ئێستای بەر لە هەڵوەشانەوە بە نیشتیمانی عەرەبی دابنرێت چونکە بەشێکی گرینگی ئەم وڵاتە بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی و زانستی خاکی مێژوویی کوردستانە.

[٢] Operational power

بەردەم نەزمێکی ناوچەییدا ببێتە کۆسپ ئەوەیە کە بوونی ڕاستەوخۆی هێزی دەرەکی لە ناوچەیەکدا ئەوەندە بە هێز بێت کە مانۆڕی ئاسایی بزاوتی ئاسایشی لە نێو دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا سەرکوت بکات. بۆیە نەزمی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی ناوین نەک هەر بەرەو خۆماڵیبوون نارِوات بەڵکو پرسی ئاسایش و نەزم لە خۆرهەڵاتی ناوین، دەچێتە ژێر کاریگەری سیستەمی ئانارشیکی نێودەوڵەتی. لەو ناوە هێزە ئیسلامگەراکان لە خۆرهەڵاتی ناویندا، سەرمەشقەکانی خۆیان دووبارە پێناسە دەکەنەوە و لە دژی هاتن و دەسەڵاتی هێزی ڕۆژئاوایی و دەرەکی لەم ناوچەدا وەجوڵە دەکەونەوە. بە بڕوای ئەبو ڕەبیع ئەم گوتارە ئیسلامیە چەمکسازیکراوە، هەڕەشەکان بە هەڵقولاوی کاریگەریی ڕەوتی نائیسلامی و بوونی هێزی ڕۆژئاوایی لە ناوەوە و لە دەرەوەی خۆرهەڵاتی ناوین دادەنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک کە باسی ئەوە دێتە ئارا کە کامە شت ئیسلامی و نائیسلامی دروست دەکات، ڕێکەوتنی زیاتر لە نێوان ئەکتەرانی ئیسلامی دروست دەبێت لە سەر ئەوەی کە ئەوان دژی چین یا لەگەڵ چین. هەندێک لەوان هاتنی ڕۆژئاوا و دەستوەردانی ئەوان لە ناوچەکە بە نائیسلامی پێناسە دەکەن. هەندێک لە ئیسلامگەراکان بە توندی ڕەخنە لە دامەزراوەکانی سیاسی – دینی (وەک پادشایی عەرەبستانی سعودی کە ڕێگەی بە هێزەکانی ئەمریکا داوە بێنە شوێنە پیرۆزەکان) و هێزە نەتەوەگەراکانی عەرەب دەگرن و بە نائیسلامیی دادەنێن. (Abu-Sulayman, ١٩٩٣: ١٦٠) لە هەمان کاتدا ئەم بۆچوونە لە سەر ئاسایش، بەو شێوەیەی کە چەمکسازیی زاڵ و باو لە دارولسەلام (وڵاتی ئاشتی) و دارولحەڕب (وڵاتی جەنگ) نیشانی دەدات، تەنیا بۆچوونێک نیە کە لە دەرەوە ئاراستە کرابێت. لە ڕاستیدا گوتاری ئیسلامگەرا هەڕەشەی سەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوینی بە «نائیسلامی» داناوە و نفووز و کاریگەرییەکان بە هەڵقولاوی ڕۆژئاوا دادەنێت. (Niva, ١٩٩٩: ١٦٨)

**٥-١٠-٢- ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی عەرەب**

لێکەوتێکی دیکەی ئەم جۆرە سەربەخۆخوازییە لە سەر بنەمای ڕێکاری ئاشتییانە ئەوەیە کە ئەکتەرە نادەوڵەتیەکانی عەرەب[١] لە ناو ئاسایشی گشتی عەرەبی گرینگ دەبن. بەو پێیەی کە لە جەنگی یەکەمی کەنداوی فارس هێزەکانی عەرەب گەیشتنە ئەوەی کە ئاسایشی نیشتیمانی عەرەبی، وەک شتێکی گرینگ و هەمەگیر ناتوانێت لەگەڵ کۆی وڵاتانی عەرەبی بێت؛ بۆیە بۆ دابینکردنی ئاسایشی عەرەبی، ئامانجی هاوبەش لە نێوان وڵاتانی عەرەبی نیە. بۆیە قەڵشی نێوان دکتۆرینی ئاسایشی نیشتیمانی عەرەبی لە چوارچێوەی تیۆر و کردار دەردەکەوێت. سەدام حوسێن وەک هێزێکی عەرەبی، دەستدرێژی کردە سەر وڵاتێکی عەرەبی (کوێت) و لەوێوە تەمای هەڕەشە بۆ سەر عەرەبستان هەبوو. ئەمە یەکەم جار بوو کە لە مێژووی یەکێتی عەرەب، وڵاتێکی عەرەب هێرش بکاتە سەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی. یەکێتی عەرەب و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس گەیشتنە ئەوەی کە هەڕەشە لە یەکێتی عەرەب، هەڕەشەیەکی ناعەرەبی نیە، بەڵکو دەکرێت هەڕەشەیەکی دەروونعەرەبییش بێت. چونکە ئەوان باوەڕیان وابوو کە هەر وڵاتێک پێویستییەکانی خۆی و سنووری ئاسایشیەکەی خۆی بە خۆی دیاری دەکات. وڵاتانی عەرەبی دەبێت بگەنە ئەو دەرەنجامەی کە نابێت هیچ دەستتێوەردانێک لە ئاسایشی وڵاتاندا بکرێت. گۆشەنشینیی یەکێتی و ئاسایشی عەربی و گرینگی پەیداکردنی یەکەیەکەی وڵاتانی عەرەبی بە شێوەیەکی دانەیی، لەجیاتی گرینگبوونی ئاسایشی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی، ڕووی کرداری ئاسایشی عەرەبی لە خۆرهەڵاتی ناوین تووشی گۆڕان کردووە.

بەڵام ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی عەرەب پەیڕەوییان لەم نموونەیە نەکرد. لە دیدی ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتییانە، توخمی عەرەبایەتی هێشتاش سەرەکیاتی

[١] Arabic Non State Actors

یەکێتیبەخشی نیزامی ناوچەیی عەرەبیە و ئەگەر دەوڵەتەکانیش خۆیان لەم سیاسەتە دوور بگرن، نەتەوەی عەرەب وەک ئەکتەری نادەوڵەتیی، ناتوانێت لە ئاسایشی گشتی و کۆمەڵانی عەڕەب دوور بێتەوە. بۆیە ڕووناکبیرانی عەرب و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بە چەمکسازی کۆمەڵایەتیتەوەر پشتیوانی لە ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب دەکەن. ئەوان ئاسایشی نەتەوەی عەرەب وەک ئامرازێک بۆ دروستکردن و سنووردارکردنی کرداری حکوومەتەکانیان بەکار دێنن. تەنانەت هەندێک جار، کێشە لەگەڵ حکوومەت ساز دەکەن.

کاتێک ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی عەرەب بۆ فشار خستنەسەر حکوومەتی خۆیان چالاکیەکانیان لەگەڵ چالاکیی هاوشێوە لە وڵاتێکی دیکەدا ڕێک دەخەن و دواتر لە سەری دەنووسن، لە سەر بەڵێنی خۆیان لە ناو سیستەمی ناوچەی عەرەبی بەردەوام دەبن. ڕووناکبیرانی عەرەب بە شێوەیەکی ڕێک و بەردەوام لە دەورەی یەکتر کۆ دەبنەوە تا کێشەکان تاوتوێ بکەن کە چۆن حکوومەتەکانیان ئەوانی نادیدە گرتووە و گوێ بەوان نادات. (Nasr, ۱۹۹۷: ۱۷)

لە سەر ئەم بنەمایە، ڕەنگە وڵاتانی عەرەبی، لە بەرانبەر هەڵوەشانەوەی عێراق هەڵوێستێکیان نەبێت و وەک هێرشی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ سەر عێراق لە ساڵی ۱۹۹۱ یا هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی ۲۰۰۳ی زایینی، لایەنگری لە هێزەکانی جیهانی بکەن، بەڵام ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان هیچ کات نایانەوێت دەوڵەتەکانی عەرەبی پارچەپارچە بن و هەڵوەشێنەوە. ڕەنگە ئەم گازندانەی هەڵوەشانەوە بگۆڕدرێن بچنە چوارچێوەی گرووپی پارتیزانیی دژبەری هەڵوەشانەوە یا میلیشیای سەربازی و هێرش بکەنە سەر دەوڵەتی سەقامگرتوو و سەربەخۆی کوردستان، یا خۆپێشاندانی گەورەی سەر شەقام لە هەموو وڵاتانی عەرەبی بکرێت. بۆیە بە پێچەوانەی ئەکتەرە دەوڵەتییەکانی عەرەب، ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان هەروا لە سەر بیری ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب کار بکەن.

**٥-١٠-٣- کاریگەریی جیۆپۆلۆتیکی**

ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت، ئەوا لە ناو وشکایی دادەبێت و ئەمەش بە هۆی گرێدراوێتی زۆری هەرێمی کوردستان بە ئێران و بەتایبەت تورکیا، لە لایەن دراوسێکانی تووشی پەرژین و ئابلۆقەی ئابووریی دەبێتەوە و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ جیهان لە دەست دەدات. ئەم شتانە کێشەی زۆر بۆ کوردستان دروست دەکەن و بەردەوامێتی حکوومەت تووشی گرفت دەکەن. ئەو کات کوردستان بۆ دەستگەیشتن بە دەریا و پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە، دەبێ دراوسێکانی خۆی ڕازی بکات بۆ ئەوەی ڕێگەی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی پێبدەن. ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی جادە و هێڵی پەیوەندیی وشکانی و داڵانی هەوایی لە سەر خاکی ئەوان و هەروەها سوودوەرگرتن لە هاوکارییەکانی ئەوانەوە دەبێت؛ ئەم کارەش زۆر ئەستەمە. هەروەها کوردستان دەبێت باجی زۆر بداتە وڵاتی ڕێگەدەر؛ ئەمەش دیسان کێشەی ئابووریی دوو ئەوەندە دەکات. کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا حاسێ بووە و هەر چوار وڵات دەگەنە دەریا و ئەمەش بۆ کوردستان هەلێکی گەورەیە؛ چونکە بۆ گەیشتن بە دەریا هەڵبژاردەی زۆری لە بەردەمە. (چوار هەڵبژاردە) ئەڵبەتە لە دوای ڕووداوەکانی سوریا و پرسی ڕۆژئاوای کوردستان و سەرنجی گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست لە لایەن کوردەکانی سوریا لە ناوچەی باب جێی تێڕامانە و دەتوانێت کلیلێکی گرینگ بداتە دەست دەوڵەتی کوردستان.

لە ئەگەری سەربەخۆیی، تەنیا وڵاتێک کە پێکهاتەی کوردی لێنیە ناوچە عەرەبنشینەکانە لە باشووری کوردستان. (ناوچەی عەرەبنشینی ئێستای عێراق کە لە کاتی سەربەخۆییدا دەبێتە وڵاتێکی جیا) لەو دیدگایەوە تووشی مەترسی هەڵگەڕانەوە نابێت و هەستیار نابێت و ئەم شتە لە کاتی پەیوەندی ئاشتیانەی نێوانیان بۆ کوردستان دەبێتە ئیمتیازێک.

بە تێڕوانین بە هاوبەشایەتی مێژوویی، سیاسی و فەرهەنگیی لەگەڵ ئێران، کوردستانی سەربەخۆ دەتوانێت ئەم وڵاتە ڕازی بکات تاکوو پەیوەندیی دەریایی بۆ کوردستان ساز بکات. لەبەر ئەوەی ئێران لە ناو ڕکابەرایەتی ئابووریدا لەگەڵ تورکیا لە کوردستان سوودی کردووە و ڕۆڵێکی گرینگ لە ئابووریی ناوخۆی کوردستان دەنوێنێت. هەروەها لە بەردەم دانانی ڕێگای هاتوچۆ بۆ کوردستان لە ئێران و پێدانی مافی ترانزیت بە کوردستان، داهاتێکی سەرڕێژ دەداتە ئێران. لە لایەکیتر، چوونەناو کوردستان لە لایەن ئێران، دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران ببێتە ڕکابەری توندی هێزە ناوچەییەکانی وەک ئیسرائیل و تورکیا و هێزە بانناوچەییەکانی وەک ئەمریکا و هەروەها کوردستان ببێتە خاڵی ستراتیژیی ئاسایشی ئێران.

بە سەرنجدان بە ڕکابەرایەتی ناوچەیی بە تایبەت ئێران، تورکیا و سوریا، کوردستان کەلکی لەم دۆخە وەرگرتووە. هەر هێزێکی ناوچەیی بۆ بەدەست هێنانی ئەوپەڕی سوودی ئابووریی، لە سەنگەری خۆی لە بەرانبەر کوردستان دەکشێتەوە و ڕێگای دەریایی خۆی بۆ کوردستان دەکاتەوە. بەڵام ئەم دۆخە بە یەکانگیری ئێران، تورکیا و سوریا تووشی کێشە دەبێت.

### ٥-١٠-٤- کاریگەریی دەروونی و زەینیی لە سەر ئەکتەرانی نادەوڵەتی

لە دوای ئەپریلی ١٩٩١ حکوومەتی دیفاکتۆی کوردستان خەریکی کاروباری خۆیەتی. حکوومەتی ناوچەیی کوردستان بە بەکارهێنانی تواناکانی خۆی و دەرفەتی ناوچەیی و جیهانی، بە خێرایی لە هەوڵی پەرەسەندنی دامەزراوەی سیاسی، ئیداری و یاسایی خۆی و دۆزینەوی شێوازێکی تەواوە بۆ دامەزراوەی حکوومەتی. نۆڕمی وەک دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ، مافی ژنان، سکولاریسم، ئازادی دیدگا و چالاکیی میدیایی ئازاد لە کوردستان زمووندراوە. کوردەکان خاوەنی درێژترین ئەزموونی حکوومەتدارین. لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی تا ئێستا دیدگای پەرەسەندن لە نێو بژاردەی ئاکادیمی ئەوان پشکووتووە. بەڵام ئایا

ئەگەری پەلاوێژی ئەم تایبەتمەندییانەی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکانی دیکە، بە تایبەتی ناوچە کوردستانیەکانی ئێران، تورکیا و سوریا هەیە؟

کاکحەمەد بە پێداگری لە سەر ئەوەی کە لە دیدی کۆمەڵناسی کوردی، بە گشتی کوردەکان حەزیان لە ئاسانکاری و خۆگونجاندنە و بە دوای وڵاتگریدا نین؛ بەڵکو ئەوان بە دوای نەهێشتنی ململانێن لە ئاستی ناوچەیی. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆی وروژاندنی پێکهاتەی کورد لە وڵاتانی هاوسێ دەتوانێت ببێتە مەیدانی گفتوگۆ بە شێوەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەری دۆزی کورد لە وڵاتانی دیکە. هەروەک ئەوەی پێش گەیشتن بە سەربەخۆیی ئەم ئەزموونەی داوە و پرسی کوردستانی لە ڕێی هەولێر - ئانکارا تاقی کردەووە. هەروەها لە کاتی خۆسەری لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا هەرێمی کوردستان لە جیاتی وروژاندن و ململانێ، پەیوەندیی ئابووریی ڕووەو گەشەی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بنەجێ کردووە. هەروەها کوردستان لە ناوچەکەدا بەدوای دروستکردنی کێشە نیە بەڵکو بە دوای وەدەستهێنانەوەی مافە لە دەستچووەکەیەتی لە دەوڵەتی بەغدا و نەهێشتنی ململانێیە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین. سەربەخۆیی کوردستان واتای سەقامگیری و ئاسایشی زیاترە لەم ناوچەیەدا نەک نائەهوەنی. (کاکحمد، ٢٠١٨)

بەڵام ڕەنگە ئەم سەربەخۆییە لە کوردستان ببێتە هۆی هەڵچوونی مافخوازی لە ناوچەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوین. ئەگەری ئەوە هەیە کە نەتەوەکانی دیکەش لە وڵاتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوین، ودم لە مۆدێلی سەربەخۆیی کوردستان وەرگرن و بەرەو خۆسەری و سەربەخۆیی بڕۆن. ئەم ڕایە گومانی تێدایە و بەڵگەی پێویست و پتەوی نیە. بۆ وێنە لە لایەن هەندێک کەس باسی ئەوە دەکرێت کە ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان سەر بگرێت، پرسی پەشتونستان لە باکووری پاکستان، بەلوچستان لە ڕۆژئاوای پاکستانیش دەوروژێت، ڕەنگە پاکستان لە باشووری ئاسیا ڕووبەڕووی بزوتنەوەی

سەربەخۆییخوازیی بێتەوە. ئەم ڕایە لە بەر دوو هۆکار لاواز دەبێت: یەکەم، سرووشت و ماکی نەتەوایەتی لە ناو پاکستان و وڵاتانی هاوسێ بە جۆرێک نیە کە بە دوای هەڵوەشاندنەوە بن؛ ئەوان خۆیان لە پاکستان بە جودا نازانن و خۆیان بە پاکستان گرێ داوە. بەڵام ئەم گرێدراوییە لە عێراق لە ناو کوردەکان و عێراقیەکاندا نیە. بە دیدی دکتۆر موتەقی کوردەکان هیچ کات خۆیان لە ناو عێراق پێناسە ناکەن. (متقی، ١٣٩٧) دووەم، هەروەک لە سەرەوە گوترا کورد لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی تا ئێستا، ئەزموونی دەوڵەتداریی خۆسەرییان لەگەڵ خۆیان هێناوە و لە ماوەی ئەم چەند دەیە، شێوەی حکوومەتدارییان تاقی کردۆتەوە، پەیوەندیی دەرەکی و ناوچەیی تایبەتیان هەیە و بەستێن و ژێرخانی پێویستیان لە ناو هەرێمی کوردستان دروست کردووە. بەم جۆرە، کام یەک لە نەتەوە دیارەکان لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین گەیشتوونەتە ئەم ئاستەی توانا و پێشکەوتنی ناوخۆیی تاکو بتوانن بە خستنەڕووی داواکاریی خۆسەری، ئاسایشی نیشتیمانی و ئاسایشی ناوچەیی وڵاتان لە ڕەهەندی ناوچەییدا تووشی گرفت بکەن.

## ٥-١٠-٥- هەڵکشان و بنەجێبوونی مۆدێلی فەرهەنگی بەشداریی لە وڵاتانی هاوسێ

لەو ڕووەوە کە ئەو وڵاتانەی خاکی کوردستانیان لە ناودایە، ترساوی داواکاریی خۆسەریی کوردین لە ناو وڵاتەکانیاندا. بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئەم وڵاتانە بنەمای سیاسەتی خۆیان لە بەرانبەر کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی خۆیان لە سەر بنەمای بەشداری فەرهەنگیی دادەنێن. پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و پێکهاتەکان پەیوەندییەکی یەکلایەنە و سنووردار نیە؛ بەڵکو ئەم پەیوەندییە بەرین دەبێتەوە و ڕوحی بەشداری لە نێو هەردولادا پەرە دەگرێت. لەم دۆخەدا، داواکاری پێکهاتە نەتەوەییەکان لەم وڵاتانەدا، لە ئاستی داواکاری و گازندەیان کەم دەکەنەوە و خەریکی پتەوکردنی ئاستی بەشداری لەگەڵ دەوڵەت دەبن. پتەوبوونی فەرهەنگی بەشداری لە نێوان دەوڵەت

و پێکهاتەکان دەبێتە هۆی ئەوەی ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتان پتر لە جاران بەهێز بێت و نیگەرانی دەوڵەت و ئەکتەرانی دەوڵەتی لە ناوەوە کەم دەبێتەوە. واتا، هەڕەشەی ناوخۆیی لە سەر وڵاتانی ناوچە کەم دەبێتەوە و هەڕەشەکان زیاتر لە دەرەوە پێناسە دەکرێن.

**کۆبەند**

لەم بەشەدا هەوڵ درا لێکەوتەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە سەر بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین شرۆڤە بکرێت. لێرەدا، تاوتوێی گۆڕاوی دژبەر و پاڕادۆکس و ئەگەرەکانی ئایندە کرا. بە تایبەتی لە سەر گۆڕاوەکانی دەروون‌دەوڵەتی، ناوچەیی و بان‌ناوچەیی ورد بووینەوە. هەروەها تەنگایی جیۆپۆلۆتیکی سەربەخۆیی کوردستان و هاتنەئارای گۆڕانی جیۆپۆلۆتیکی، بە هۆی بوون و چالاکییەکانی هێزگەلی دژەجیۆپۆلۆتیک، یەکێک لە بابەتە گرینگەکانی ئەم بەشە بوو. شوناس‌خوازیی نەتەوەیی و سەربەخۆیی‌خوازیی کورد و پشت‌بەخۆ بەستنیان، هێزی سەربازیی یەکپارچە، سەربەخۆ و ستراتیژیکی هەرێمی کوردستان وەک هۆکاری کاریگەری ئەم گۆڕاوانە لە قەڵەم دەدرێن. لە دیدگایەکی جیاواز، گرفتی ناوەخۆیی و کێشەی دەرەکیی کوردستان و لێکەوتەکانی سەربەخۆیی خاڵی جێی ڕامانی ئەم بەشە بوون. هەروەها دژایەتی ستراتیژیی ناوەوەی کورد گرینگترین بابەتی ئەم بەشەیە.

ئەم بەشە، گەیشتن بە ڕێگای سەربەخۆیی کوردی وەک پڕۆسەیەک سەیر کردووە. بەڵگەش بە سەرکەوتنی کورد لە بواری دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە دێنێتەوە. گۆڕاوە دەوڵەتییەکانی عێراق، شیکاری ئاستی هاودەنگی ناوەوەی عێراق، پێکهاتەی فیدڕالیستی عێراق، گۆڕاوی بان‌دەوڵەتی، تیبینی ئاسایشی ناوەوەی وڵاتانی دەوروبەر لە بارەی سەربەخۆیی، ڕکابەرایەتی ناوچەیی لە نێوان دەوڵەتەکانی دەوروبەر، هەڵوێستی هێزەکانی نێودەوڵەتی لە سەر سەربەخۆیی، ڕەوایەتی نێودەوڵەتی مافی چارەنووس لە بەرانبەر ماددەی

نەگۆڕینی سنوورەکان، سەربەخۆیی و کێشەی گرژاوی و سەربەخۆیی ئاشتەوایی، بابەتی سەرەکیی ئەم نووسینە بوون. بۆ هەر یەکەیان سیناریۆگەلێک لە قالبی لێکەوت، وەک نزیکترین ئەگەر، لەبەرچاو گیراون. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە، چوونە ژێر کاریگەریی بەستێنی ئاسایشی لە خۆرهەڵاتی ناوین، کۆچ و بەردەوام بوونی چەرخەی گرژیی لەم ناوچەیە، هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی، دژایەتی ئیسلامییەکان، ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی عەرەبی و هەڵکشان و بنەجێبوونی مۆدێلی بەشداریی لە وڵاتانی دراوسێ، بکەین. لە بەشی دەرەئەنجام و زمووندنی گریمانەکاندا جگە لە کۆبەندی گشتی توێژینەوەکە، دەستهاتەکان دەخرێنە ڕوو.

# دەرئەنجام و زمووندنی گریمانەکان

پرسی سەربەخۆیی‌خوازیی لە هەرێمی کوردستان، هەروا بە یەکێک لە نیگەرانیەکانی ناوچەکە دادەنرێت. لە دوای جەنگی سارد و بە نێودەوڵەتی‌بوونی پرسی نەتەوایەتی، لایەنە نەتەوەییەکان وەک ئەکتەرێکی دیاری نادەوڵەتی لە ناو مەیدانی ئاسایشی ناوچەییدا دەرکەوتن. ئەم ئەکتەرە نوێیانە بە گرفتنانەوە بۆ دەسەڵات و ئاسایشی دەوڵەت، لە هەوڵی هەڵوەشانەوەخوازی و سەربەخۆیی-خوازیی و لە پلەیەکی کەمتریشدا لە هەوڵی خۆسەرییدا بوون. لەم توێژینەوەیەدا بە پشتبەستن بە تیۆری هاوسەنگیی گشتگیری ستیڤن دەیڤید و تیۆری کۆمەڵەکانی ئاسایشیی باری بوزان هەوڵ درا ڕێژەی لێکەوتەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە سەر بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین تاوتوێ بکرێت.

لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە گرینگی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان، لە ناو کۆمەڵەکانی ئاسایشی ناوچەیی لە جیهانی سێیەم، درا. لە دوای ڕووخانی سۆڤیەت و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئیتر دەوڵەتەکان تاکە ئەکتەر نین. هەروەها بە نێودەوڵەتی‌بوونی کێشەی نەتەوەیی و شوناس و گرینگی پەیداکردنی لایەنەکانی نەتەوەیی لە ناو سیستەمی نوێی نێودەوڵەتیدا، گروپەکانی نەتەوەیی و دینی، وەک ئەکتەری نوێ دەرکەوتن. ستیڤن دەیڤید تیۆریسیەنی تیۆری هاوسەنگیی گشتگیر، لە بەر پێکهاتەی نەتەوەیی مۆزاییکی، چەندنەتەوەیی‌بوونی کۆمەڵگاکان، شلبوونەوەی سنوورەکانی دەوڵەت – نەتەوە، دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم لە بەرانبەر دوو هەڕەشە دادەنێت. هەڕەشەی سەرەتایی، گروپگەلی نەتەوەیی ناو دەوڵەتەکانن و هەڕەشەی دیکە بە هەڕەشەی دەرەکی دادەنێت. لایەنەکانی نەتەوەیی، کە زۆربەیان لەلایەن هێزەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی پشتیوانییان لێدەکرێت، بە مەبەستی وەدەست-هێنانی مافەکانیان، توانای گرفتنانەوەیان بۆ دەسەڵات و ئاسایشی دەوڵەت هەیە. دەیڤید بڕوای وایە کە بەپێی تایبەتمەندییەکانی جیهانی سێیەم، ریالیسم و

لیبرالیسم و پەیڕەوانیان، توانای شرۆڤە و شیکاری بازنەی ناوچەیی جیهانی سێیەمیان نیە. لە بەر ئەوەی ریالیسم تەنها دەوڵەت بە ئەکتەری سەرەکی دادەنێت؛ لە کاتێکدا لە تەنیشت دەوڵەت ئەکتەرانی نوێ هاتونەتە مەیدان و ڕۆڵیان لە ناو کۆمەڵەیەکی ئاسایشیدا جێی بایەخە. گروپە نەتەوەییەکان بە پشتبەستن بە ناسیۆنالیسم هەوڵ دەدەن ڕوانگەی هزری و سیاسی خۆیان پتەو بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە گرفتنانەوە بۆ دەوڵەت بەدوای مافەکانیان بکەون. ئەمە تەنیا ڕەهەندی ئەو بابەتە نیە؛ بەڵکو پشتیوانی کردنی دەرەکیش لە گروپە نەتەوەییەکان زۆر جێی بایەخە. بە جۆرێک لە کاتی ڕێکخستنی ناسیۆنالیسمی نەتەوەیی و پشتیوانی کردنی دەرەکی هاودەنگیی نەتەوەیی دروست دەبێت و لە کۆتاییدا دەوڵەتە دەسەڵاتگەراکانی جیهانی سێیەم تووشی گرفت دەکەن.

چالاکیی گروپێک یا چەند گروپێکی نەتەوەیی لە ناو سنوورەکانی دەوڵەت و لە ئاستی ناوچەییشدا جێی بایەخە؛ لە بەر ئەوەی چالاکییەکانی ئەم گروپانە دەبنە هۆکارێک بۆ هاتنی هێزیتری ناوچەیی و هێزی نێودەوڵەتی. دەرەنجامی ئەو دۆخە دەبێتە هۆی کاریگەریتێکردنی کێشەی نەتەوەیی لە سەر بازنەی ئاسایشی ناوچەیی. چونکە لە جیهانی سێیەمدا بە هۆی سنووربەندیی ناسروشتی و ساختە، ڕەنگە خاکی ئەتنیک یا نەتەوەیەک، لە نێوان چەند وڵاتێک لە یەکتر دابڕابێت. بۆیە کێشەی نەتەوەیی لە ناو دەوڵەتەکان دروست دەبێت و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر بازنەی ئاسایشیی خۆی دادەنێت. لە بەشی سێیەمدا بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵات ناوین لە چوار ئاستدا شی کرایەوە. پێویستبوو ناسینی بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین لە ناو سێ ئاستدا شی بکرێتەوە تاکوو دۆخی ئاسایشی ئەم ناوچەیە ڕوون بێتەوە. ئەم سێ ئاستە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە و بە بێ یەکتر کار ناکەن. ئاستی ناوچەیی گرێدراوی سیستەمی نێودەوڵەتییە و ئاستی ناوخۆیی پەیوەندییەکی

ڕوونی بە دروستبوونی ڕێسای ئاسایشی لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە. بۆیە بۆ ناسینی بازنەی ئاسایشیی ئەم ناوچەیە، ناسینی تەواوی ئاستەکانی شیکاریی گرینگ و سەرەکین.

لە بەشی سێیەمدا سەرەتا تاوتوێی ئەم خاڵە کرا کە لە بنەڕەتدا ئەکتەرانی ئاسایشیی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین کێن؟ بەپێی کۆمەڵەی ئاسایشی ناوچەیی، باری بوزان پێیوایە کە دەوڵەت تاقە ئەکتەری چالاکە لە ناو بازنەی ئاسایشی ناوچەیی. بوزان پڕۆسەگەلێک بۆ ئاسایش وێنا دەکات؛ بە جۆرێک کە پڕۆسەی خۆماڵی بە هۆی بوونی زلهێزەکان تووشی گرفت دەکرێن؛ دەسەڵاتی دەوڵەتەکان وەک ئەکتەری نوێی کۆمەڵەکانی ئاسایشی ناوچەیی دەچنە ژێر کاریگەری هاتنی زلهێزەکان. بوزان بۆ شیکردنەوەی بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین ئەم ناوچەیە دابەشی چەند وردەسیستەمێک دەکات. یەکێک لەو وردەسیستەمانە سیستەمی کەنداوی فارسە و ئەویتر سیستەمی شاماتە. لە دیدی بوزان، نەتەوە و دین ڕۆڵێکی گرینگیان لە دروستبوونی پەیوەندی و کێشەی ناوچەیی و تێگەیشتن و ناسینی پرسی ئاسایش لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە. ڕوونیشی دەکاتەوە کە بە هەمان ئەندازە کە کێشەی ناموسڵمان لەگەڵ موسڵمان هەیە کێشەی عەرەب و ناعەرەبیش لە ناوچەکەدا هەمیشە هەبووە. لە ناو بازنەیەکی ئاسایشی دینی و نەتەوەییدا، ئەگەری گەشەکردنی گرووپی بان یا ناونەتەوەیی لە ناو چوارچێوەی دین و نەتەوە دەگاتە پلەی هەرە بەرز. ئەو خاڵەی کە بوزان لە بەر چاوی نەگرتووە، ئەگەری پێگەیینی گرووپی نەتەوەیی - قەومی و دینیی وەک ئەکتەری ئاسایشی لە کەنار دەوڵەتدا هەیە، کە مارتین ئاماژەی پێدەکات.

مارتین بۆ باسکردنی ڕووی نوێی ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین، گۆڕاوێکی سەربازی و چوار گۆڕاوی نا سەربازیی دەناسێنێت. ئەم گۆڕاوانە لە ئاستی دەوڵەت شی دەکرێنەوە. مارتین پێیوایە کە ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناویندا پشت بەم پێنج گۆڕاوە سەربازی و ناسەربازییانە دەبەستێت کە یەکێکیان گرووپی

نەتەوەیی و دینییە. کۆک بوونی کۆمەڵایەتی لە خۆرهەڵاتی ناویندا یەکێک لەو هۆکارانەیە کە یارمەتی پرسی ئاسایش دەدات. بە بۆچوونی مارتین، ئاسایش لەم ناوچەیەدا دروست نابێت مەگەر ئەوەیکە چوار گۆڕاوی ناسەربازیی بێنە ناو دەستووری کاری دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین. لەبەرچاو گرتنی گۆڕاوەی دیکەی ناسەربازیی نیشانەی ئەوەیە کە مارتین ڕۆڵی مەزنی گۆڕاوی ناسەربازیی لە ناو ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناویندا لەبەرچاو گرتووە.

لە ڕەهەندی سازەییدا، لە خۆرهەڵاتی ناوین سیستەمی نێودەوڵەتی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر دروستبوونی ئاسایش هەیە. خۆرهەڵاتی ناوین پەیڕەوی لە سیستەمی نێودەوڵەتی دەکات و هەر گۆڕانێک لە پێکهاتەی نێودەوڵەتیدا دروست بێت، کاریگەری ئەم گۆڕانە لە سەر ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبیندرێت. لەبەر ئەوەی خۆرهەڵاتی ناوین لە ناو زنجیرەی دەسەڵاتدا سیستەمێکی پەیڕەوکارە، پێکهاتەی دەسەڵات لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی و شێوەی بەشینەوەی دەسەڵات تێیدا بە توندی ڕێسای ڕەفتاری ئەکتەرانی ئەم ناوچەیە دیاری دەکات و لە سەر سەرەکیات و هەڵبژاردەکانی ئەم ئەکتەرانە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەیە. هەر بۆیە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین هەمیشە هەوڵیان داوە لە ناو چوارچێوەی ئەو سنوورە دیار و ڕوونانە ببزون کە پێکهاتەی دەسەڵات لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا بۆیان دیاری دەکات. بەو پێیەی کە لە خۆرهەڵاتی ناوین شوناسی ناونەتەوەیی و بان-نەتەوەیی هەن و ئەوان وەک ئەکتەری نادەوڵەتی لە ناو بازنەی ئاسایشی ئەم ناوچەیەدا خەریکی یاری و کردارن، پرسی شوناس کاریگەریەکی تایبەتی لە سەر بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین هەیە. لە بەر ئەوەی پرسی شوناس لە ناوخۆیدا، باسی «خود» و «ئەویتر» دەکات؛ لە دیدی زۆرێک لە هزرمەندانی شوناس، وەک میکائیل و میکسۆنی، «خود» بە واتای مەرجەعی ئاسایش دێت و «ئەویتر» بە واتای مەرجەعی هەڕەشە ناو دەبرێت. لە ڕاستیدا، کێشەی

شوناس لە خۆرهەڵاتی ناویندا زیاتر بەم شێوەیە شایانی باسە. لە ڕووی ناوچەیی کێشەی عەرەب و ناعەرەب لە سەر بنەمای شوناس دەتوانێت بە خێرایی بەئاسایشی بکرێت.

لە ڕووی دەروونسیستەمی، خوێندنەوەی بابەتیانەی ئەم دواییە، واتا ئەزموونی سەربەخۆییخوازیی هەرێمی کوردستان شایانی باسە. لەو ڕووەوە کە بۆ کورد، «ئەویتر» وەک هەڕەشە و ڕکابەر ناو دەبرێت، لە دیدی عەرب و عێراقیەکانیش کورد بە «ئەویتر» دەزاندرێت؛ ئەم ڕوانگەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر جۆرە چالاکییەک بە مەبەستی باشترکردنی دۆخی هەردوولا، کەشەکە لە ناو ناوچەکە و دەروونسیستەمدا بەرەو ئاسایشیبوون دەبات. کەواتا پرسی ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوین لە سێ لاوە بۆ باس و تاوتوێکردن دەشێت، لە ڕووی ناوچەیی و کێشەی ئەکتەرەکانی دەوڵەتی و نادەوڵەتی، لە ڕووی پێکهاتەیی و ئەو کاریگەرییەی کە دەوڵەتەکان و هێزە گەورەکان لە سەر بازنەی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوینی دایدەنێن و لە ڕووی دەروونسیستەمی و شوناسی. بۆیە هەر جۆرە وروژاندنێک بۆ سەربەخۆییخوازیی یا باشترکردنی هەلومەرجەکە، دۆخەکە بە توندی بەرەو بەئاسایشیبوون دەهاژوێ.

لە بەشی چوارەمدا، بە شێوازی ڕەوتتوێژیی، گرینگترین گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینی تا ڕێفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ شرۆڤە کراوە کە تێیدا، باسی پەیماننامەی نێودەوڵەتییەکانی وەک پەیماننامەی سیڤەر، قاهیرە و لۆزان کرا. ڕێژە و چۆنیەتی کاریگەریی پەیماننامەکان لە سەر دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە سەر خاکی کوردستان هەڵکۆڵدرا. دواتر ڕێژەی ئاستی ململانێی نێوان دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٣ تا ساڵی ٢٠١٧ی زایینی باس کرا. ئاستی پەیوەندیی دەوڵەتی بەغدا و پارتەکانی کوردستان هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. عێراق لە قۆناغێکی مێژووییدا پەیوەندییەکی تاڕادەیەک باشی لە چوارچێوەی گفتوگۆ لەگەڵ پارتەکانی کوردستان هەبووە و لە سەر مافی چارەنووسی کورد لە

هەرێمی کوردستان گەیشتوونەتە هەندێک ڕێکەوتن. بەڵام زۆرجاریتر بە تایبەتی لە دوای بەهێزبوونی عێراق، جینۆساید، سیاسەتی عەرەباندن و هێرشی سەربازیی لە لایەن حکوومەتی بەغدا بە مەبەستی کوژاندنەوەی داوای سەربەخۆییخوازیی کوردەکان بەکار هاتووە. ڕۆڵی هێزە ناوچەییەکانیش لە سەر ئەم بابەت زۆر جێی تێڕامانە. ئێران و تورکیا هەندێکجار بە مەبەستی لاوازکردن و کێشە سازکردن بۆ عێراق، کە هەڕەشە بووە بۆ ناوچەکە، یارمەتی پارتە کوردییەکانیان دەدا. ئەم ئاستەی پەیوەندی لە نێوان وڵاتانی ناوچە و پارتە کوردییەکان لە ناو عێراق نموونەی دیاری هاوسەنگیی گشتگیرە لە ئاستی ناوچەیی لە ناو خۆرهەڵاتی ناویندا.

لە ڕەهەندی نێودەوڵەتیشدا، لە سەر بنەمای تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشیی بوزان، هەرچەندی ململانێی نێوان وڵاتانی هاوسێی عێراق لە سەر پرسی کوردستان هەڵکشابێت، وای لە هێزەکانی جیهانیی کردووە بێنە ناو خۆرهەڵاتی ناوین. پشتیوانی کردنی جیهانی لە حزبە کوردییەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئاستی ململانێی (عێراقی – کوردی و کوردی – ناوچەیی) هێزی نێودەوڵەتی بۆ ناوچەکە ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەنگیی لە نێوان هێزەکاندا دروست بکەن. لە لایەکیتر بوونی هێزی جیهانی بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی هێزەکان بووە لە خۆرهەڵاتی ناوین؛ چونکە هێزەکانی جیهانی، بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە هەژموونبوونی هێزێک لە خۆرهەڵاتی ناویندا نیگەرانن و هەر کارێک دەکەن بۆ خەفەکردنەوەی دەسەڵاتی وڵاتێک کە حەزی لە هەژموونایەتی بێت. ئابلۆقەی نەفتی لە بەرانبەر خۆراک و کەواندنی ڕژێمی بەعسی و هاتنی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا بۆ خۆرهەڵاتی ناوین، نموونەی بەرچاوی ئەم سازوکارانەی هێزە جیهانییەکانە لەم ناوچەیەدا.

بەپێی تیۆری بوزان، دەرئەنجامی گشتی ئەم ئاستەی پەیوەندییە و مامەڵەی (کوردی – عێراق و کورد – وڵاتانی ناوچەکە) و بە دوایدا بوونی هێزی جیهانیی

بە مەبەستی ڕەخساندنی نەزم لە خۆرهەڵاتی ناوین، دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەزمی خۆماڵی ناوچەیی و پرسی ئاسایش و نەزمی ناوچەیی لەم ناوچەیەدا، تووشی گرفت بێت و زیاتر بچێتە ژێر کاریگەریی کەشی دەرەوەی ناوچەکە. لە بەشی کۆتاییشدا بە میتۆدی زموونذن و گریمانە و هەروەها بەکارهێنانی نەرمەئامرازی شیکاریی داتای پریسم، گۆڕاوی جیاجیای پرسی کوردستان زمووندران. دەرکەوت کە گۆراوی نێودەوڵەتی و ناوچەیی ڕۆڵی زیاتریان لە پڕۆسەی سەربەخۆیی کورددا هەبووە، گۆڕاوی کوردی کاریگەریی زۆری لە ناو پڕۆسەی سەربەخۆییخوازیی کورد هەیە و گۆڕاوی ناوخۆیی واتا عێراق، لە پڕۆسەی سەربەخۆییخوازیی کوردستان ڕۆڵی هەبووە. ئاستی کاریگەریی هەر یەکە لەم گۆڕاوانە گۆیای ئەوەیە کە سەربەخۆییخوازیی کوردی چەندە چۆتە ژێر کاریگەریی گۆڕاوی نێودەوڵەتی، ناوچەیی و دەوڵەتی.

بە تێڕوانینی ئەم کۆمەڵە پڕۆسانە و کاریگەریی هەریەک لە گۆڕاوەکان، لە مامناوەندماوەدا (٢٠٣٠) دوو ڕەوتی ئەگەریی لە سەر پرسی سەربەخۆیی-خوازیی کوردستان دێنە بەرچاو. ڕەوتی کێشەی گرژاوی و ڕەوتی ئاشتییانە و ڕێککەوتنی هێزە گەورەکان و هێزە ناوچەییەکان. لە ڕەوتی گرژاویدا ئەم گریمانە هەیە کە ئەم پڕۆسەیە لێکەوتەی وەک جەنگی خوێناوی و توند لە نێوان دەوڵەتی ساختەی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرزبوونەوەی ڕەوتی کۆچکردن و کاریگەریی ئاسایشی کۆچکردن لە سەر ئاسایشی ناوچەکە و بوونی هێزە گەورەکان و بانناوچەییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوین بە مەبەستی چارەسەری کێشە و دواتر تێکچوونی پڕۆسەی ئاسایشی ناوخۆی بەدواوە بێت. لە ڕەوتی ئاشتییانەدا سەلمێندرا کە لەبەر ئەوەی دروستبوونی خۆرهەڵاتی ناوین بەرهەمی ڕێککەوتنی هێزە گەروەکان بووە، ڕەنگە پرسی کوردستان دووبارە لە لایەن هێزە گەورەکان و هێزە ناوچەییەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی پێ بێت. کەواتا ئەم دۆخە دەتوانێت لێکەوتگەلێکی لە سەر ئاسایشی ناوچەکە بە دواوە بێت؛ لەوانە دەتوانین نموونە بە هەڵوێستی وڵاتانی

عەرەبی، پەیدابوونی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی عەرەبی، کاریگەریی دەروونی - زەینی و بنەجێبوونی مۆدێلی فەرهەنگی بەشداریی لە نێو کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوین بێنینەوە. کەواتا ئەم توێژینەوەیە گریمانەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە دەسەلمێنێت کە سەربەخۆییخوازیی لە هەرێمی کوردستان بەپێی هەر پرۆسەیەک لێکەوتێکی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا بەدواوە دەبێت. ئاسۆی داهاتووی پرسی سەربەخۆییخوازیی و هەڵوەشانەوەخوازیی لە هەرێمی کوردستان، لە سەر بنەمای شیکاری پرۆسە و شیکاری گۆڕاوی دەستوەردەر تاکوو داهاتوویەکی مامناوەندماوە (٢٠٣٠) یا کێشەی گرژاوی و خوێناوی بە دواوە دەبێت یا بە ڕێککەوتنی هێزی ناوچەیی و بانناوچەیی لە سەر چارەسەر کردنی پرسی کوردستان دەکرێت. کاریگەریی هەر گۆڕاوێک لە سەر هەرێمی کوردستان، گرفت و توانای زۆری بۆ دۆزی کورد پێوەیە کە لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی بەرین تاوتوێ کرا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاسۆی داهاتووی کوردستان گرێدراوە بە ڕۆڵ و کاریگەریتێکردنی هەر یەک لەم گۆڕاوانە.

## پێشنیار لە ئاستی توێژینەوە

بەوپێیەی کە خۆرهەڵاتی ناوین هەمیشە ڕووبەڕووی قەیرانی جۆراوجۆر بۆتەوە و بەشێکی گەورەی ئەم قەیرانانە، قەیرانی ناوخۆیی و ململانێی نێوان ئەکتەرانی ناوچەیی بوونە، پێدەچێت کە نەمانی مۆدێلی کۆن و کلاسیکی خۆرهەڵاتی ناوین باشتر بێت و مۆدێلی نوێ لە سەر بناغەی یارمەتی، پەیوەندیی دوولایەنە لەگەڵ هاوکاری و گفتوگۆ دروست بێت. لە ڕاستیدا پرسی سەربەخۆییخوازیی کوردستان وەک پرۆسەیەک لە پێشڕەوی و گەیین دایە و ناکرێ خەفە بکرێت؛ بە واتایەکی دیکە بەرەو سەربەخۆییچوونی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٠ تا ئێستا بەردەوام بووە. لە دیدی زۆر لە ئەکتەرە دەوڵەتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین، ئەم سەربەخۆییە هەڕەشەیەکی بەهێزە بۆ هەڵوەشانەوەی

وڵاتان. دەوڵەت و هێزەکانی ناوچەیی هەوڵیان داوە لە بەردەم ئەم پرۆسەیە هەندێک ئاستەنگ دروست بکەن و دژایەتی بکەن. دەوڵەتەکانی ناوچەکە زیاتر لەوەی کە ئەم پرسە وەک مافێک و پۆتانسیێلی گرینگ بۆ زۆرکردنی ئاڵوێری بازەرگانی و ئابووری و وەک هەلێک ببینن، هەمیشە وەک هەڕەشەیەک ناوی دەبەن.

پێشوەچوونی مۆدێلی خۆرهەڵاتی ناوین لە جیاتی سیستەمی کلاسیکی ناوچەی عەرەبی و ئیسلامی لە لایەک دەتوانێت لە بەرانبەر چاڵی ئاسایشی ناوچەیی کارایی هەبێت و لە لایەکیتر، پرسی ئاسایش لە بابەتی دەوڵەتی دەکاتە بابەتی ناوچەیی. واتا «ناوچەییبوونی پرسی ئاسایش» لە خۆرهەڵاتی ناوین سیستەمی ناوچەیی عەرەبی هەمیشە ئەکتەری ناعەرەبی وەک هەڕەشە و هۆکارێکی نائەهوەنی ناسیوە و دەوڵەتەکانی ئیسلامگەرا و ئیسلامی، ئەکتەرانی ناموسڵمانیان بە سەرچاوەی هەڕەشە داناوە. واتا، هەمیشە گرفتی خۆرهەڵاتی ناوین لە ناوەوەی وڵاتان بووە. بۆ وڵاتانی عەرەب (ناوەند) وڵاتانی ناعەرەب (پەراوێز) هەڕەشە بوونە و بۆ وڵاتانی ئیسلامی، وڵاتانی نائیسلامیی هەڕەشەن. لەم دۆخەدا، نائەهوەنی و ناسەقامگیری لە خۆرهەڵاتی ناوین کارێکە کە ناکرێت خۆی لێلابدرێت و بەردەوام دەبێت. ئەم هەڕەشانە ڕیشەیان لە ڕابردوو دایە و تا ئەمڕۆش بەردەوامن. بەڵام لە ڕوانگەی خۆرهەڵاتی ناوینیدا، ڕوانگەی "ناوچەتەوەر" دروست دەبێت. ئەم ڕوانگەیە، جگە لەوەی کە ئاسایش بە کارێکی گشتی و ناوچەیی دادەنێت، باوەڕی وایە کە هیچ وڵاتێک لە خۆرهەڵاتی ناویندا ناتوانێت ببێتە هەڕەشە بۆ ئەوانیتر. لە بەر ئەوەی کە نائەهوەن بوونی ئەکتەرێک وەک نائەهوەنییە بۆ هەموو وڵاتێک و ئەکتەرە دەوڵەتییەکان. هەوڵی گشتیی دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین وای لێدێت کە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە بکەنە سەرەکیاتی دەستووری کاری خۆیان. ئاسایشی ناوچە، دێتە پێش ئاسایشی دەوڵەتی و ئاسایشی نیشتیمانی. لەودۆخەدا دەرکەوتنی ئەکتەری نوێی دەوڵەتی لە ناو خۆرهەڵاتی ناوین، نەک هەر ناتوانێت ببێتە هۆی نائەهوەنی

ناوچەیی لە ناو ناوچەکە، بەڵکو دەتوانێت توانستی ئاسایشی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین و بڵاوکردنەوەی هەستی هاوکاریی بەرگری، سەربازی، سیاسی، ئابووریی بێنێتە کایەوە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لە خۆرهەڵاتی ناویندا هیچ دەوڵەتێک بە هەڕەشە دانانارێت؛ بەڵکو هەڕەشە ماکێکی دەرەوەی ناوچەیی و بانناوچەیی دەبێت. لەو کاتەدایە کە هێزەکانی جیهانی ناتوانن کاریگەرییان لە سەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین هەبێت. لە ڕاستیدا لەم نیگایە، هێزەکانی جیهانی ناتوانن ڕێکخەر و نائەهوەنکەری ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بن؛ چونکە ئەم جۆرە نەزمە ناوچەییە (خۆرهەڵاتی ناوینی) سیستەمێکی خۆماڵی دروست دەکات.

لە لایەکیتر، ڕوانگەی کۆن و کلاسیکی نەزم و ئاسایش کە لە سەر بنەمای چەمکی بەرگریی نیشتیمانین و بە زۆریی پشت بە سیستەمی چەکداری و سەربازی دەبەستن، دەبێت جێگای خۆیان بدەنە چەمکی مۆدێرن کە لە سەر بنەمای ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان وڵاتان و ئەکتەرە دیارەکانی خۆرهەڵاتی ناوینن و پێشوازی لە ئاسایشی ناوچەیی دەکەن. هەروەها بە ناوچەیی بوونی ئاسایش وادەکات پەیوەندیی ئابووری کاریگەری لە سەر پەیوەندی سیاسی هەبێت و بە دوایدا بە سیستەمی ئاسایشی ناکلاسیک ڕێگە بۆ دروستبوونی خۆرهەڵاتی ناوینی نوێ خۆش دەبێت. کەواتا بە خۆرهەڵاتی ناوینبوونی ئاسایش و بە ناوچەیی بوونی ئاسایش، دەتوانێت سەقامگیری بۆ وڵاتانی ئەم ناوچەیە پێوە بێت. هۆکاری نائەهەونی ناوخۆییش لە ناو ببات و ڕێککەوتنی سیاسی و ئاسایشی فرە لە نێوان دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین دروست بێت. لێرەدا باشترین هەڵبژاردە بۆ دەوڵەتەکانی گرێدراو بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان و ئاسایشی ناوچەکە پەسندکردنی مافی چارەنووسی کوردە، کە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن و خاوەنی نیشتیمان، مێژوو، ژیار، فەرهەنگ، ڕێکخراوی سیاسیی مۆدێرن، دامەزراوەی دیمۆکراسی و پەرەسەندن و ڕێبەری

کاریزما (بارزانی)، ویستگای مێژوویی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ و کۆمەڵگایەکی لە گەشەبوونن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا وردبوونەوەی سەرەکی لە سەر ئەوە بوو لێکەوتەکانی سەربەخۆیی و هەڵوەشانەوەخوازیی لە هەرێمی کوردستان لە سەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین باس بکرێت. بە دڵنیایی خاڵیتر و پرسی دیکە لە بارەی هەرێمی کوردستان هەن کە بێ وەڵام ماونەتەوە. بەو هیوایەی کە توێژەران هەل بقۆزنەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە سەر ئەم پرس و پرسیارانە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بکەن.

# سەرچاوەکان

**فارسی**


ال شیرک، سوزان (١٣٨١)، **امنیت منطقەی آسیا پاسفیک موازنه قوا یا کنسرت قدرتها** در دیوید لیک و پاتریک مورگان.

احمدی، حمید (١٣٧٨)، **قومیت و قومگرایی در ایران**، افسانه و واقعیت، تهران: نشر نی.

احمدی، حمید (١٣٩٠)، **بنیادهای هویت ملی ایرانی**، تهران: مطالعات فرهنگی و اجتماعی.

اسلاگیت، پیتر (١٣٨٦)، **جنگ سرد در خاورمیانه**، ترجمەی احمد سلطانینژاد، تهران: دفتر مطالعات سیاسی.

اسمیت چارلز، (١٣٨٦)، **منازعه اعراب و اسرائیل**، تهران: روابط بینالمللی خاورمیانه.

اسمیت، مایکل (١٣٨١)، **منطقه و منطقەگرایی**، ترجمه سید محمدکمال سروریان، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.

اشتاین، یانیس کروس (١٣٨٦)، **جنگ و امنیت در خاورمیانه**، تهران: روابط بینالمللی خاورمیانه.

ایوب، محمد (١٣٩٦)، **خاورمیانه در آستانەی فروپاشی؟**، ترجمه شیدا سرمدی، تهران: آوند دانش.

آدلر، امانوئل و مایکل بارنت (١٣٨٩)، **چارچوبی برای بررسی همبودهای امنیتی**، ترجمەی علیرضا طیب، تهران: علمی و فرهنگی.

آزر، ادوارد ای، چونگ این مون (١٣٧٩)، **امنیت ملی در جهان سوم**، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.

بارزانی، مسعود (١٣٨١)، **مبارزات آزادیبخش مردم اقلیم کردستان و قیام مصطفی بارزانی**، ترجمەی احمد محمدی، سنندج: احمدی.

بارنت، مایکل (١٣٩٠)، **هویت و اتحادها در خاورمیانە**، فرهنگ امنیت ملی: هنجارها و هویت در سیاست جهانی، ترجمە محمدهادی سمتی، تهران، پژوهشکدە مطالعات راهبردی.

بوزان، باری (١٣٨٨)، **از جامعەی بین‌الملل تا جامعەی جهانی**، ترجمەی محمدعلی قاسمی، تهران، پژوهشکدە مطالعات راهبردی.

بوزان، باری (١٣٨٩)، **ایالات متحدە و قدرتهای بزرگ**، ترجمەی عبدالمجید حیدری، تهران: پژوهشکدەی مطالعات راهبردی.

بوزان، باری (١٣٨٩)، **مردم، دولتها و هراس**، ترجمە مجتبی عطارزادە، تهران: پژوهشکدە مطالعات راهبردی.

بوزان، باری (١٣٩١)، **چارچوبی تازە برای تحلیل امنیت**، ترجمەی علیرضا طیب، تهران: پژوهشکدە مطالعات راهبردی.

بوزان، باری و ویور الی (١٣٩٦)، **مناطق و قدرتها: ساختار امنیت بین‌الملل**، ترجمەی رحمان قهرمانپور، تهران: پژوهشکدە مطالعات راهبردی.

بیلگین، پینار (١٣٩٣)، **امنیت منطقەای در خاورمیانە**، ترجمەی عسکر قهرمانپور، تهران: ابرار معاصر.

تفالو، کریس (١٣٨٦)، **اتحادیەی عرب و مباحث سیاسی خاورمیانە امروز**، ترجمە آقایی، سید داوود و نفیسە درویش، تهران: سرای عدالت.

پشنگ، اردشیر (١٣٩٤)، **کُردها در میانە جنگ ایران و عراق**، تهران: مرز و بوم.

جعفری ولدانی، اصغر (١٣٨٨)، **چالشها و منازعات در خاورمیانە**، تهران، پژوهشکدە مطالعات راهبردی.

لیک، دیوید ای و پاتریک مورگان (١٣٨١)، **نظمهاي منطقەاي (امنیتسازي در جهاني**

**نوین)**، ترجمه جلال دهقانی فیروزآبادی، تهران: نشر مطالعات راهبردی.
حافظنیا، محمدرضا و کاویانیراد، مراد (۱۳۸۳)، **افقهای جدید در جغرافیای سیاسی**، تهران: سمت.
حقپناه، جعفر (۱۳۸۷)، **کُردها و سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران**، تهران: ابرار معاصر.
خسروی، غلامرضا (۱۳۹۰)، **چشم‌انداز عراق آینده، بررسی روندهای داخلی و خارجی**، پژوهشکده مطالعات راهبردی.
خلیلزاد، زلمی، (۱۳۹۵)، **فرستاده، از کابل تا کاخ سفید، سفر من در جهان آشفته**، ترجمەی هارون نجفیزاده، کابل: عازم.
روحی، مجید (۱۳۹۵)، **تراژدی منطقەگرایی در خاورمیانه، تبیین نظم و بینظمی در سیاست بین‌الملل خاورمیانه**، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبری.
زیبدی، حسن لطیف (۱۳۹۵)، **عراق در جستجوی آینده**، ترجمەی علی شمس، تهران: اندیشه- سازان نور.
السن، رابرت (۱۳۸۰)، **مسأله کرد و روابط ایران و ترکیه**، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: پانیذ.
صفیزاده، صدیق (۱۳۷۸)، **تاریخ کرد و کردستان**، تهران: آتیه.
طبری، احسان (۱۳٦٦)، **کژراهه؛ خاطراتی از تاریخ حزب توده**، تهران: امیر کبیر.
عبدالرحمان، سرور (۱۳۹٤)، **تاریخ اتحادیەی میهنی کوردستان**، ترجمه سامان سلیمانی، تهران: دات.
فلیپس، دیوید ال (۱۳۹۵)، **بهار کردی؛ نقشه جدید خاورمیانه**، ترجمەی آزاد حاجی آقایی، تهران: رامان سخن.

فیلدهاوس، دیوید، (١٣٩٥)، **کردها، اعراب و انگلیسی‌ها**، ترجمەی حسن افشار، تهران: نشر مرکز.
لوییس، برنارد (١٣٩٤)، **دین، سیاست و حکومت در خاورمیانه**، ترجمه علی باقری، تهران: علامه بهبانی.
لینور، مارتین (١٣٨٩)، **چهرەی جدید امنیت در خاورمیانه**، ترجمەی قدیر نصری، تهران: دانشگاه امام صادق.
محمدی، احد (١٣٩٤)، **تنگناها و پتانسیل‌های ژئوپولیتیکی استقلال سیاسی اقلیم کردستان**، سنندج: کانی کتێب.
محمدی، محمدرضا (١٣٩٠)، **ژئوپولیتیک اقلیم کردستان**، تهران: انتخاب.
مشیرزاده، حمیرا، (١٣٩٢)، **تحول در نظریه‌های بین‌الملل**، تهران: سمت.
مصطفی امین، نوشیروان (٢٠٠٦)، **تاریخ سیاسی کُردها**، سلیمانیه: بنکەی ژین.
هالیدی، فرد و بوزان، باری و هینەبوش، ریموند (١٣٩٠)، **خاورمیانه نو (نظریه و عمل)**، ترجمەی عسکر قهرمانپور، تهران: امیرکبیر.
هوشی‌سادات، محمد (١٣٩٤)، **تاریخ سیاسی اجتماعی خاورمیانه از عصر قدیم تا پس از عصر جدید**، تهران: دانشگاه تهران.
هینەبوش، ریموند و احتشامی، انوشیروان (١٣٩٠)، **سیاست خارجی کشورهای خاورمیانه**، ترجمەی عسکر قهرمانپور، تهران دانشگاه امام صادق.
یلدیز،کریم (١٣٩١)، **کُردها در عراق، گذشته، حال و آینده**، ترجمەی سیروس فیضی، تهران: توکلی.

**مقالات**

بوزان، باری (۱۳۸۱)، ***"خاورمیانه همواره ساختاری کشمکش‌زا"***، ترجمه احمد صادقی، فصلنامه سیاست خارجی، سال شانزدهم، شماره ۳، پاییز.
حاجی‌یوسفی، امیرمحمد (۱۳۸۰)، ***"خاورمیانه پس از ۱۱ سپتامبر با تأکید بر مناسبات اعراب و رژیم صهیونیستی"***، مجله سیاست خارجی، سال پانزدهم، زمستان.
حاجی‌یوسفی، امیرمحمد (۱۳۸۰)، ***"خاورمیانه در نظام بین‌الملل تک قطبی"***، نقد و بررسی کتاب، فصلنامه مطالعات خاورمیانه، پاییز.
حق‌پناه، جعفر (۱۳۸۷)، ***"مسأله کرکوک و چالش قومی- مذهبی در عراق جدید"***، فصلنامه راهبرد دفاعی، سال ششم، شماره ۲۰۰، تابستان ۸۷.
حق‌پناه، جعفر (۱۳۸۹)، ***"موازنه فراگیر، الگوی تحلیل نقش قومیت/ سیاست خارجی با تأکید بر خاورمیانه"***، فصلنامه سیاست، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره ٤۰، شماره ۲، تابستان.
دهقانی فیروزآبادی، سیدجلال (۱۳۸۸)، ***"تحول در نظریه‌های منطقه‌گرایی؛ مطالعات اوراسیای مرکزی"***، مرکز مطالعات عالی بین‌المللی، دانشکده حقوق و علوم سیاسی، شماره ٥، زمستان.
رسولی، الهام (۱۳۹۳)، ***"ماهیت اتحادها در خاورمیانه: قدرت یا هویت؟"***، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال هفدهم، شماره سوم.
صیقل، امین (۱۳۷۳)، ***"مفهوم امنیت در خلیج فارس از نظر ایالات متحده آمریکا"***، در مجموعه مقالات چهارمین همایش بین‌المللی

خلیج فارس، تهران، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی.
قهرمانپور، رحمان (۱۳۸٦)، ***"رویکرد اسرائیل به منطقه کردنشین اقلیم کردستان"***، فصلنامه مطالعات منطقه ای، اسرائیل - آمریکا شناسی، سال نهم، شماره ۱، زمستان ۸٦.
قهرمانپور، رحمان (۱۳۸۱)، ***"جهانی شدن و مسأله هویت در خاورمیانه"***، فصلنامه سیاست خارجی، سال شانزدهم، تابستان.
لطفیان، سعیده (۱۳۸۸)، ***"جنگ افزارهای کشتار جمعی در خاورمیانه"***، فصلنامه روابط خارجی، سال اول، شماره ۱، بهار.
هالیدی، فرد (۱۳۸٦)، ***"بحران در خاورمیانه"***، مجله شهروند امروز، دی ماه ۱۳۸٦.

**پایاننامه**

کاکحمد، محمد (۱۳۹۱)، **"بررسی مسأله کرکوک در تحولات سیاسی نظام فدرال عراق پس از سقوط صدام (۲۰۰۳-۲۰۱۳)"**، استاد راهنما: دکتر حاکم قاسمی، دانشگاه بین المللی امام خمینی (ره)، گروه علوم سیاسی.

**مصاحبه ها**

دکتر ابراهیم متقی، عضو هیأت علمی دانشگاه تهران، تهران: ۱۳۹۷.
دکتر احمد عبدالله ابومجید الموسوی استاد دانشگاه بغداد ، تهران: ۱۳۹۷.
محمدصدیق محمود (د. جگرخوین)، دانشجوی دکتری علوم سیاسی دانشگاه تهران، تهران: ۱۳۹۷.
محمد کریمخان کاکحمد، دانشآموخته دکتری علوم سیاسی دانشگاه تهران، تهران: ۱۳۹۷.
Interview with Christophe Niquille (۲۰۱۸)

**عربي**

حمدي، د. وليد (١٩٩٢) الكورد و كوردستان في الوثائق البريطانية؛ دراسة تاريخية وثائقية، القاهرة، مطابع سجل العرب.

الدرة، محمود (١٩٦٦)، القضية الكردية والقومية العربية في معركة العراق، الطبعة الثانية، بيروت: دار الطليعه.

دستور اقليم كردستان (٢٠٠٩)، www.perleman.org .

دستور جمهورية العراق (٢٠٠٥)، الدائرة الاعلامية، www.perleman.org .

**Latin**

Abrams, D., & Hogg, M. A. (١٩٩٩). Social Identity and Social Cognition, Oxford, England: Blackwell.

Arcan Esra (٢٠١٣) Ethnic Conflicts and the Role of the Media: The Case of Turkish Media, Italy: MCSER Publishin.

Atanassova, I. N. (١٩٩٩). The Impact of Ethnic Issues on the Security of South Eastern Europe. Report Commissioned by the NATO Office of Information and Press (June ١٩٩٩), especially Section, ٥.

Aydinley, Ersel and J.n. Rosenau. (ed), (٢٠٠٥) Globaliztion. Security and the Nation State, New York: State University of New York Press, ch.٤.

Barnett, Michael N. (١٩٩٨) dialogues in Arab politics: negotiations in Regional Order, New York, Columbia University press.

Battah, Abdalla (٢٠٠٠) Dialogues in Arab Politics: Negotiations in Regional Order by Michael N. Barnett, Middle East Institute, Middle East Journal, Vol. ٥٤, No. ٤.

Bedeski, Robert E (٢٠١٠) Identity Construction and Security Discourse by Rex Li, The University of Chicago Press on behalf of the College of Asia and the Pacific, The Australian National University, The China Journal, No. ٦٣.

Bianchini, Stefano (٢٠٠٣) Identity and Security in Former Yugoslavia, Cambridge University Press, Slavic Review, Vol. ٦٢, No. ١.

Bonfield Craig (٢٠١٤) Turkish Kurdish Energy Cooperation in the Iraqi Conundrum, CSIS Turkey Project.

Brown ME (١٩٩٦) The causes and regional dimensions of international conflict. Cambridge pp.٥٧١-٦٠٢.

Brown, Michael (١٩٩٣), Ethnic Conflict and International security, Princeton: N. J, ch٦.

Brown, Michael (١٩٩٥), The Perils of Anarchy, Contemporary Realism and International Security, MIT press.

Brass, R. Paul (١٩٨٥), Ethnic Groups and the State. London: Croom Helm, Pp. ٣٤١.

Bruinessen, Martin van (١٩٩٢) Agha. Shaikh and the state: on the social and political structure of Kurdistan, London, zed press.

Bruinessen, Martin van (٢٠٠٠) Kurdish ethno nationalism versus ationa-building statew, collected article, Isis press.

Bulloch, john and Harvey Norris (١٩٩٢) no friends but the mountains: Tragic History of The Kurds, Oxford, Oxford University press.

Buzan, Barry and Thomas Diez (١٩٩٩). The European Union and Turkey, Survival, ٤١:١, ٤١-٥٧.

Buzan, Barry and Waver, Ole, (٢٠٠٣), Regions and Powers: the structure of International Security, Cambridge: Cambridge University press.

Chaliand, Gerald, (١٩٩٣), A people Without Country: the kurds and kurdistan, New York: olive Branch press.

(٢٠١٤), Push for Kurdish Independence Divides Iraqi Chomani, Kamal, Kurds, Al-Monitor.

Clapham, Christopher (٢٠٠٠), failed states and non-states in modern international order, paper presented at conference of failed states, Florence, April ٢٠٠٠, ١٣ pp.

Cordesman, Anthony H (٢٠١٦), The Changing Security Structure in the Middle East, A Speech to the International Symposium on International Relations and Security at the Turkish War College, CSIS.

David, Steven, (١٩٩١), Choosing sides: Alignement and Realignment in the Third World, Baltimor: john Hopkings University press.

David, Steven, (١٩٩١), Explaining third World Alignment, World politics, No ٤٣.

Deng, F. M. (١٩٩٥). War of Visions: Conflict of Identities in the Sudan, Washington DC: Brookings.

Edmonds, C. J (١٩٧١) Kurdish Nationalism, Sage Publications, Ltd, ournal of Contemporary History, Vol. ٦, No. ١, Nationalism and Separatism.

Fox, Jonathan, (٢٠٠٤) Bringing Religion into IR, Palgrave, chap ٢.

Ghani, Ashraf and Lockhart Claire (٢٠٠٩) fixing the failed states, oxford university press.

International Relations. Cambridge: Cambridge University Press.
Jalali, Rita and Seymour Martin Lipset (١٩٩٣) Racial and Ethnic Conflicts: A Global Perspective, Academy of Political Science, Political Science Quarterly, Vol. ١٠٧, No. ٤.
Jarvis, L., & Holland, J. (٢٠١٥). Security: A Critical Introduction. Basingstoke: Palgrave Macmillan.
Jenne, Erin K, POLITICAL OPPORTUNISM AND ETHNIC MOBILIZATION: A Triadic Model for Predicting the Ethnicization of Politics in New States, Stanford University.
Kaplan, Robert (١٩٩٤) The coming anarchy, Atlantic Monthly, Feb, ٤٤-٧٦
Karwan, Ibrahim A (١٩٩٧) The islamist Imasse, Adelphi Paper ٣١٤, London, IISS.
Karwan, Ibrahim A, (undated) The withering away of the Arab states: Reflection on a premature memorial service, Dept. of Political Science, University of Utah, ١١ pp.
Khalilzad, Zalmay (١٩٨٤) security of south west Asia (security in southern Asia), Gower publishing LTD, Washington.
Khalilzad, Zalmay (١٩٩٧) The implications of the possible end of the arab Israeli conflict to gulf security, rand cooperation.
Khalilzad, Zalmay (٢٠١٦) The Envoy: From Kabul to the White House, My Journey Through a Turbulent World, st martin’s press, Washington.
Khosla, Deepa (١٩٩٩) Third World States as Intervenors in Ethnic Conflicts: Implications for Regional and International Security, Taylor & Francis, Ltd, Third World Quarterly, Vol. ٢٠, No. ٦.
Kirmanj, Sherko (٢٠١٤) Kurdish History Textbooks: Building a Nation-State within a Nation-State, Middle East Institute, Middle East Journal, Vol. ٦٨, No. ٣.
Kolosov BA (١٩٩٧) Treyvish A.I. Ethnic Areas of Contemporary Russia: A Comparative Analysis of the Risk of National Conflicts. Policy ٧.
Lawence, Quil (٢٠٠٨) invisible nation: how the kurds quest for statehood is shaping Iraq and the Middle East, New York: walker.
Logan, Darren (٢٠٠٩) Thoughts on Iraqi Kurdistan: present realities, future hope, Iran & The Caucasus, vol ١٣, no ١. pp. ١٦١-١٨٦.

Marquardt, Kyle L (٢٠١٧) Identity, Social Mobility, and Ethnic Mobilization: Language and the Disintegration of the Soviet Union, Comparative Political Studies ٢٠١٨, Vol. ٥١(٧).

Mc Dowall, David (٢٠٠١) A modern history of the kurds, London: I.B. Tauris, p ١٣٢.

Mc Dowall, David The land of kurds, The encyclopedia of Kurdistan.

Mc Lean, Wayne (٢٠١١) Regional Security Complex Theory and Insulator State, university of Tasmania.

Mc Sweeny, B. (١٩٩٩). Security, Identity and Interests: A Sociology of

Mearsheimer, John and Walt, Stephen, (٢٠١٦), The case for Offshore Balancing, Foreign Affairs, pp ٧٠-٨٣.

Mikail, Elnur Hasan (٢٠١٦) Identity in Security Studies, Open Journal of Political Science, ٦.

Miller, Eric and Toritsyn, Arcady, (٢٠٠٤) internal Threats & Alignment Theory, Security Studies, Routledge, vol ١٦. Winter.

Milton. J. Esman, (٢٠٠٤) An introduction to Ethnic conflict, Cambridge university: polity press.

Ministry of natural resource of KRG, (٢٠١٣) Oil production, Export and Consumption Report ٢٠٠٣-٢٠١٣.

Nader, Alireza and Larry Hanauer, Brenna Allen, Ali G. Scotten (٢٠١٦) Regional Implication of Independent Kurdistan, Rand http://www.rand.org/t/RR١٤٥٢.

Nonneman, Gerd. (٢٠٠٥) Analyzing middle east foreign policy, (ed), London: Routledge.

Olzak, Susan (١٩٨٣) Contemporary Ethnic Mobilization, Annual Reviews, Vol. ٩.

ON THE SECURITY OF SOUTH EASTERN EUROPE, NATO Office of Information and Press.

Özoğlu, Hakan (٢٠٠١) "Nationalism" and Kurdish Notables in the Late Ottoman-Early Republican Era, Cambridge University Press, International Journal of Middle East Studies, Vol. ٣٣, No. ٣.

Panić, B. (٢٠٠٩). Societal Security - Security and Identity. No. ١٣, Western Balkans Security (WBSO).

Posen, Barry (٢٠٠٣) The Security Dilemma and Ethnic Conflict, p. ٨٠ in Susan B. Martin: Form Balance of power to Balancing Behavior, in Andrew K.Hanami (ed) Pespectives on Structural Realism, New york: palgrave.

Rieker, Pernille (٢٠٠٠) Security, integration and identity change, Norwegian Institute of International Affairs.
Rubin, Michael, (٢٠١٦) Kurdistan rising? Considerations for Kurds, Their Neighbors, and the Region, American Enterprise Institute.
Ryu, Yongwook. (٢٠١١) Identity and Security: Identity Distance Theory and Regional Affairs in Northeast and Southeast Asia. Harvard University.
Sarkess etal, ٢٠٠٣: Fear on and Latin, Schafer, mark (١٩٩٩) Cooperative and Conflictual Policy Preferences: The Effect of Identity, Security, and Image of the Other, International Society of Political Psychology, Political Psychology, Vol. ٢٠, No. ٤.
Stavenhagen R (٢٠١٤) Ethnic conflicts and their impact on the international community. MHSN ٢٤:١٥٥-١٦٢. ٤.
Stavkakis, Peter J (١٩٩٥) Ethnic Conflict and International Security. By Michael E. Brown, Cambridge University Press, Slavic Review, Vol. ٥٤, No. ٢.
Stone, Marianne, (٢٠٠٩), Security according to Buzan: A Comprehensive Security Analysis, Columbia University, school of international and public affairs- New York, USA.
Tang, Shiping (٢٠١٠) The security dilemma and ethnic conflict: toward a dynamic and integrative theory of ethnic conflict, British International Studies Association.
Tang, Shiping (٢٠١٥) The Onset of Ethnic War: A General Theory, American Sociological Association, Sociological Theory Vol. ٣٣(٣).
Tibi, Bassim (١٩٩٣) Conflict and War in the Middle East, ١٩٦٧-٩١: regional Dynamics and the superpower, London: Macmillan.
Uyanik, Mehmet (٢٠١٧) Turkey and the KRG After the Referendum: Blocking the Path to Independence, CSIS Turkey Project.
Vermeersch, Peter, (٢٠١١), Theories of ethnic mobilization: overview and recent trends, Centre for Research on Peace and Development (CRPD), University of Leuven, CRPD Working Paper No. ٣.
Watts, Nicole F (٢٠٠٧) The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran by Denise Natali, Cambridge University Press, International Journal of Middle East Studies, Vol. ٣٩, No. ٣.
Wendt, A. (١٩٩٢). Anarchy Is What States Make of It. International Organization, ٤٦, ٣٩١.

Williams, P. (٢٠٠٨). Security Studies: An Introduction. New York: Routledge.

Woodrow Wilson's ١٤ points, delivered ٨ Jan ١٩١٨.

Z, Najafov (٢٠١٧) Internationalization of Ethnic Conflicts and Impact on Regional and International Security, Short Communication.

Zakaria, Fareed (١٩٩٢) Realism and Domestic Politics: A Review Essay, The MIT Press, International Security, Vol. ١٧, No. ١.

## Abstract

The end of the Cold War and the internationalization of ethnic issues, the process of independence and separatism in the world increased. Ethnic actors emerged as non-governmental actors in the security order played a significant role in the security of the various regions of the international system. The advent of new non-governmental actors in Third World countries, security studies passed the traditional approach to a critical approach. The emergence of new security actors has expanded critical security approaches. The Middle East as one of the Third World regions has faced various security challenges. The emergence of religious groups as new non-state actors such as al-Qaeda and ISIS has posed challenges to security in the Middle East.

The Kurdistan regional government (KRG) is also one of the other non-governmental security actors that plays a role in the Middle East. Since the establishment of Iraq in the ١٩٢٠s, the Kurds have followed the process of independence and separation from Iraq. The main question of this study is that what is the consequences of independence and distributiveness of the Kurdistan regional government on the Middle East security order? What is the type of these consequences? The main assumption is that independence at the Kurdistan region has consequences such as geopolitical influences in the Middle East region, the reaction of the Arab countries, the reaction of Islamists and Arab non-state actors, the internationalization of Kurdish nationalism, the institutionalization participation on internal political culture of Middle East countries, and the psychological and mental effects on other non-state actors. This research seeks to examine how the emergence of independence and separatism of the Kurdistan regional government through the research trend and then examine the implications of each trend.



**Key words**: Kurdistan, Independence, Iraq, security, .regional security, Middle East

# Consequences of the Kurdistan Region's Independence on Regional Security

By:
Hussain Ehsani

Translation by:
Mohamad karimkhan

ERBIL
٢٠٢١

From the encyclopedic publications of the Kurdistan Democratic Party (PDK)

## ناسنامەی پرۆژە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA